بەشی چوارەم بە ناونیشانی: شیكردنەوەی جوگرافی بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی خولەكانی پەرلەمانی كوردستان (١٩٩٢ - ٢٠١٣)، لە پێنج باس پێكهاتووە: لە باسی یەكەمدا شیكردنەوەی جوگرافی بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی خولی یەكەمی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان (١٩٩٢/٥/١٩) دەكەین. لە باسی دووەمیشدا شیكردنەوەی جوگرافی بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی (پەرلەمان) كوردستان (٢٠٠٥/١/٣٠) دەكەین. لە باسی سێیەمدا شیكردنەوەی جوگرافی بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی كوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥) دەكەین، لە باسی چوارەمیشدا شیكردنەوەی جوگرافی بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی كوردستان (٢٠١٣/٩/٢١) دەكەین، لە باسی پێنجەمدا گۆڕانی شیكردنەوەی جوگرافی بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی خولەكانی ئەنجومەنی نیشتمانی (پەرلەمانی) كوردستان (١٩٩٢ - ٢٠١٣) خستۆتە ڕوو.

لە سەر ڕۆشنایی ناوەڕۆكی توێژینەوەكە بە (٣٢) دەرئەنجام گەیشتوین، هەروەها بەمەبەستی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكانی ئایندە بە سەركەتویی، تا بەهۆیەوە بتوانین ڕووی دیموكراسی هەرێم گەشاوەتر بكەین (٢٠) پێشنیارمان بۆ لایەنی بەرپرس كردووە.

# بەشی یەکەم:

# چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

## باسی یەکەم: سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە:

## باسی دووەم: توێژینەوە ئەنجامدراوەکان:

# بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

لەم بەشەدا سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە ( سنوری دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان) دەستنیشان دەکەین، پاشان گوزەرێك دەکەین بە هەندێك لەو توێژینەوانەی کە لەم پسپۆڕییەدا لە کۆماری عێراقی فیدراڵ ئەنجامدراون، بۆ ئەم مەبەستەش، ئەم بەشەمان دابەشی دوو باس کردووە کە بریتین لە:

## باسی یەکەم: سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە:

مەبەست لە سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە، چوارچێوەی هەموو ئەو ڕووبەرە جوگرافییە دەگرێتەوە کە لە ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ دا ئازادکرا و پاشان لە ١٩ی ئایاری ١٩٩٢ دا یەکەم هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی (پەرلەمان) تێدا ئەنجامدراو دواتر یەکەم حکومەتی شەرعی و یاسایی هەرێمی کوردستانی لە ٤ تەمووزی١٩٩٢ لێ بەرهەم هات.

پاش ڕووخاندنی حکومەتی عێراق لە ٩ی نیسانی٢٠٠٣دا، کۆتای بە تەمەنی (٣٥) ساڵەی ڕژێمی بەعس و (٨٣) ساڵەی دەسەڵاتداری و باڵادەستی مەزهەبی سونی لە عێراقدا هێنرا، پاش نوسینەوەی دەستوری کاتی عێراق لە بڕگەی (أ)ی مادەی (٥٣)[(١)] دا، بە فەرمی دان بە سنوری حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نراوە وەك حکومەتی فەرمی لەو ڕووبەرە جوگرافیەی کە تا ڕێکەوتی ١٩ی ئازاری ٢٠٠٣ بەڕێوەی بردووە، لە پارێزگاکانی دهۆك و هەولێر و سلێمانی ونەینەوا و کەرکوك و دیالە پێکهاتبوون، پاشان ئەمە لە مادەی (١٤٣)[(٢)] دەستوری هەمیشەیی عێراقیشدا چەسپێندرا، ئەوەش هەمان ئەو ڕووبەرە جوگرافیەیە کە هەڵبژاردنی خولەکانی یەکەم تا چوارەمی پەرلەمانی کوردستانی تێدا ئەنجامدراوە و بە فەرمی لە سێ پارێزگا پێکهاتوە، ڕووبەرەکەی (٤٦,٨٦١)[(٣)]کیلۆمەتر چواگۆشەیە[(*)]و دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (٣٤°٢٢'٣٨" - ٣٧°٢٠'٤٤") باکور و هێڵەکانی درێژی (٤٢°٢٦'٢٥" - ٤٦°١٦'٠١") خۆرهەڵات[(٤)]. بڕوانە نەخشەکانی ژمارە (١، ٢).

## باسی دووەم: توێژینەوە ئەنجامدراوەکان:

لەم باسەدا ئاماژە بە هەندێك لەو توێژینەوە و نوسراوانە دەکەین کە لەم بەشە زانستییەدا نوسراون لە عێراقی فیدڕاڵدا (بە هەرێمی کوردستانیشەوە)، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم باسەمان دابەشی دوو تەوەر کردووە، بریتین لە:

### تەوەری یەکەم: نوسین و توێژینەوەکان لە دەوڵەتی عێراقدا:

نوسین و ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر ئەم بەشە زانستییە لە دەوڵەتی عێراقدا، نەبووە یان زۆر کەمبووە، ئەویش بەهۆی گرتنە دەستی دەسەڵات لە ڕێگای کودەتای سەربازی یان پشتاو پشتکردنی دەسەڵات لە باوانەوە. بەڵام لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و ئەنجامدانی چەندین هەڵبژاردنی و ڕاپرسی، ووردە ووردە توێژینەوە لەم بەشە زانستییەدا ڕووی لە زیاد بوونکرد، لە خوارەوە ئاماژە بە هەندێك لەو نوسین و توێژینەوانە دەکەین کە ئەنجامدراون، ئەوانیش:

---

(١) - مجلس الحكم، قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية، ٨ اذار٢٠٠٤، ص١١١و١١٣- ١١٤.

(٢)- جمعية الوطنية العراقية الانتقالية، الديباجة، جريدة الوقائع العراقية، العدد (٤٠١٢)، ٢٨ كانون الاول ٢٠٠٥، ص٣٢.

(٣)- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، نەخشەی ڕووبەری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە کیلۆمەتر،
- http: //www. krso. net/Default. aspx?page=article&id=٨١٧&l=٣, (٣٠November٢٠١٦) ,p١.

(*)- ڕووبەری خاکی هەرێمی کوردستان (٨٣,٨٢٧) کم٢، لەم ڕووبەرە (٥٢,٧٩٤) کم٢ کەدەکاتە (٦٢,٩٨٪) تێکڕای ڕووبەری خاکی هەرێمی کوردستان بە پێی مادەی (١٤٠) ی دەستوری هەمیشەیی عێراقی فیدڕاڵ بە ناوچەی ململانێ ناوی براوە و دەبوایە تا (٣١ی کانوونی یەکەمی٢٠٠٧) پاش ئاسایی کردنەوە دۆخی ئەو ناوچانە و ئەنجامدانی سەرژمێری، لە ڕاپرسییەکی دانیشتوانە ڕەسەنەکەیدا چارەنوسی کارگێڕی ئەم ناوچانە یەکلابکرایەتەوە، ئایا دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان یان نا؟، بۆ زانیاری زیاترو هۆکاری جێبەجێنەکردنی بڕگەکانی دەستوری عێراقی تایبەت بەم پرسە، بڕوانە: ئەحمەد ڕەفیق کەریم، ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسیدا، بلاْوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان- سلێمانی، ٢٠١٤، ل٣- ٥٤٢.

(٤)- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥.

**نەخشەی ژمارە (١)**

**شوێنی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە پێی هەرێمی کوردستان**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەرگرتن لە: ١- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، نەخشەی ڕووبەری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە کیلۆمەتر، ( http://www.krso.net/Default.aspx?page=article&id=٨١٧&l=٣)، (٣٠نۆڤەمبەری ٢٠١٦)، ل١.**

**٢- ئەحمەد ڕەفیق کەریم، ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسیدا، بلاّوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان- سلێمانی، ٢٠١٤، ل٦٥.**

**١-توێژینەوەی ئەکادیمی:**

**أ- یەکەم توێژینەوەی ئەکادیمی لەم بوارەدا لە لایەن د. فواد حەمە خورشید بەناونیشانی (جغرافية الانتخابات في الهند) لە ساڵی ١٩٩٩ دا ئەنجام دراوە. جگە لەوەی توێژەر لە ڕووی مێژووییەوە باسی لە پەرەسەندنی هەڵبژاردن لەو وڵاتەدا کردووە لە هەمان کاتیشدا لە سەر ڕۆشنایی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان شیکردنەوەی بۆ جیاوازی شوێنی ڕەفتاری دەنگدەران کردووە، ئەمە جگە لە دەستنیشاکردن و شیکردنەوە ئەو هۆکارە جوگرافیانەی کاریگەرییان لە سەر پرۆسەکە هەبووە[1].**

**ب- توێژەر مناف محمد السوداني لە یەکێك لە توێژینەوەکانی دا بە ناونیشانی (الانتخابات و الاحزاب السياسية التغير المكاني لنتائج انتخابات ٢٠٠٥و٢٠١٠ البرلمانية في العراق نموذجاً) ئەو پارتە ڕامیاریانە دەخاتە ڕوو کە بەشدارییان لە پرۆسەی هەردوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ٢٠٠٥ و٢٠١٠ کردووە، ئەمە جگە لە شیکردنەوەی ئەنجامەکان بە پێی جیاوازی شوێنی پارێزگاکانی عێراق، هەروەها شیکردنەوەی بۆ پەیوەندی شوێنی دەنگدان لە ڕوانگەی نەتەوەیی و مەزهەبیەوە کردووە[2].**

(١)- فؤاد حمة خورشيد، جغرافية الانتخابات في الهند، مجلة الجمعية الجغرافية العراقية، العدد (٤٦)، ٢٠٠٠، ص ٣٣٣- ٣٦٥.

(٢)- مناف محمد السوداني، الانتخابات والاحزاب السياسية التغير المكاني لنتائج انتخابات ٢٠٠٥ و ٢٠١٠ البرلمانية في العراق نموذجا، بدون رقم الطبعة، بدون اسم المطبعة، بغداد، ٢٠١١، ص٤- ١٨٣.

نەخشەی ژمارە (٢)

سنوری دەسەلآتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی سنوری پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان




سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەرگرتن لە: ١- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، نەخشەی ڕووبەری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە کیلۆمەتر، (http://www.krso.net/Default.aspx?page=article&id=٨١٧&l=٣)، (٣٠نۆڤەمبەری ٢٠١٦)، ل١.
٢- ئەحمەد ڕەفیق کەریم، ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسیدا، بلآوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان- سلێمانی، ٢٠١٤، ل٦٥.

ت- دکتۆر مجید حمید شهاب و توێژەر حیدر عبد الأمیر رزوق، توێژینەوەیەکیان بە ناونیشانی (التباين المكاني (الجغرافي) للمشاركة الانتخابية في محافظة كربلاء للدورتين الانتخابيتين ٢٠٠٥-٢٠١٠ البرلمانية (دراسة في جغرافيا الانتخابات) ئەنجامداوە، توێژەران گەیشتونەتە ئەو دەرئەنجامەی کە دەنگدانی دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکاندا لەژێر گوشاری تایەفەگەرێتی و نەتەوەپەرستی و مەرجەعیەتی ئاینی و هۆزگەرێتی (العشائرية)و ڕامیاری بووە. ئەمەش یەکناگرێتەوە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی(*)دا، دروستکردنی فشاریش لە سەر دەنگدەران بۆ ئەوە بووە کە حکومەت نەیتوانیوە هەستێت بە جێبەجێکردنی

---

(*)- ناوەڕۆکی سیستمی دیموکراسی خۆی دەبینێتەوە لە چەند خاڵێکدا: ١- جیاکردنەوەی دەسەلآتەکانی یاسادان و جێبەجێکردن و دادوەری، بنەمایەکی جێگیربێت لە دەستوری وولآتدا، دەسەلآت و تایبەتمەندی هەردەسەلآتێکیش بە ڕوونی دیار بێت و لە سەر بناغەی سەربەخۆبوون و هاوسەنگی لە نێوانیادا ئەم دەسەلآتانە دابەشکرابن. ٢- پلەبەندی یاساکان و ملکەچبوون بۆ یاسا بالآکان و گونجاندنیان لەگەڵ دەستوری وولآت، بە مانایەکی دی، پابەندبوون بەسەروەری یاسا. ٣- گەل سەرچاوەی دەسەلآتەکان و شەرعیەت بێت. ٤- ئاڵوگۆڕکردنی دەسەلآت لە سەر بناغەی ئاشتی دیموکراسی بێت، مافی گشت تاکەکان پارێزراوبێت لە پەنابردن بۆ پارێزگاریکردن لە مافەکانیان. ٥- مافی بەشداریکردن ڕەخسابێت بە بێ جیاوازی و دەستەبەری ئەم مافەش بکرێت. ٦- لەوەرگرتنی دەسەلآتدا هەڵبژاردن ڕێگای یەکەمین بێت. ٧- زەمینە خۆشکردنیان بۆ ژیانی فرەیی و ڕێگادان بەدەرکەوتن و کارکردنی ئاڕاستەی جیاواز لە کۆمەڵگادا: کەمال ڕەزا ئەحمەد، شیاوی سیستەمەکانی هەڵبژاردن، گۆڤاری دەنگدان، ژمارە (٨)، ساڵی٢٠٠٩، ل٦٤.

ئەرکی سەرشانی خۆی و دابینکردنی خزمەتگوارییە سەرەتاییەکان بۆ هاوڵاتیان، لەم ڕێگەیەوە کاریان بۆ بەدەستهێنانی دەنگی دەنگدەران کردووە [١].

ب- دکتۆر سری هاشم محمد صادق النعيمي توێژینەوەیەکی بە ناونیشانی (الانتخابات البرلمانية الاتحادية في العراق و افاقها المستقبلية) ئەنجامداوە، توێژەر باس لە ساختەکاری و ئەو گزییانە دەکات کە لە ١٦ هەڵبژاردنی سەردەمی پاشایەتیدا (العهد الملكي) ئەنجام دراوە ئەمە جگە لە ئاماژەکردن بە کەم و کورتییەکانی هەڵبژاردنی بەعسییەکان، پاشان باسی میکانیزم و لایەنە ئەرێنییەکانی هەڵبژاردنەکانی عێراقی فیدراڵ دەکات وەك هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان ( ٢٠٠٥ و ٢٠١٠ )و ڕاپرسی بۆ دەستور و هەڵبژاردنی پارێزگاکان ٢٠٠٩ و٢٠١٣[٢].

ج- توێژەران د. علية حسين علي الساعدي و خالد جاسم محمد توێژینەوەیەکیان بە ناونیشانی (دراسة ميدانية لانتخابات مجلس محافظة كربلاء المقدسة للدورتين٢٠٠٩ و٢٠١٣، دراسة في الجغرافيا السياسية)ئەنجامداوە، توێژەران گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی کە پاشەکشەیەکی گەورە لە دەنگدان بە پارتە لیبرالی و علمانییەکان لە لایەن دەنگدەرانەوە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە-کەدا بەدیدەکرێت، جگە لەوەی کە دابەشبوونی ناوەندەکانی هەڵبژاردن لە ساڵی٢٠١٣ دا نایەکسانی زیاتری پێوە دیار بووە بە بەراورد بە هەڵبژاردنی ساڵی٢٠٠٩[٣]دا.

ح- توێژینەوەیەکی تر لە لایەن توێژەران (م.م مناف محمد السوداني و د. عماد الشمري) بە ناونیشانی (تغير الخريطة الانتخابية في العراق بين انتخابات عامي ٢٠٠٥ و٢٠١٠ البرلمانية) لە ساڵی٢٠١١دا ئەنجام دراوە، توێژەران باسیان لە جیاوازی شوێنی دەنگی بەدەستهاتوی پارتە ڕامیارییە عێراقییەکان کردووە، بۆ نمونە پارتە شیعیەکان دەنگەکانیان لە ناوەڕاستی عێراق زیاترە و پێکهاتەی پارتە سوونیەکانیش زیاتر جەختیان لە سەر پارێزگای بەغداد و ناوچەکانی تری سێگۆشەی سونی کردبۆوە، دەنگ و کورسی پێکهاتەی یەکگرتوی عێراق (الائتلاف العراق الموحد)و هاوپەیمانی کوردستانی تا ڕادەیەك نەگۆڕبووە لە نێوان هەردوو هەڵبژاردنەکاندا، بەڵام بەپێچەوانەوە پێکهاتەی دەوڵەتی یاسا دەنگەکانی زیادی کردووە[٤].

خ- توێژەر ماجد صدام سالم توێژینەوەیەکی بە ناونیشانی (التباين المكاني في نسبة المشاركة للانتخابات (٢٠٠٥-٢٠١٠) دراسة في جغرافية الانتخاب) ئەنجامداوە، توێژەرلە توێژینەوەکەیدا بە چەند دەرئەنجامێك گەیشتوە، لەوانە: فاکتەرە جوگرافییەکان کاریگەرییان لە سەر ڕەفتاری دەنگدەران هەبووە، ئەمەش بەڕوونی لە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە سەر ئاستی پارێزگاکان بەدی دەکرێت، بەهای کورسییەکی پەرلەمانی زیاتر دەبێت بە بەشدارکردنی زیاتری دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکاندا و بە پێچەوانەشەوە[٥].

د- توێژەر صبار لهمود حسين توێژیینەوەیەکی بە ناونیشانی (التحليل الجغرافي لنتائج الانتخابات المحلية لمجلس محافظة القادسية ٢٠٠٥ والعوامل المؤثرة فيها، دراسة في جغرافيا الانتخابات) ئەنجامداوە، توێژەر لە توێژینەوەیەکدا شیکردنەوەی بۆ

(١)- مجيد حميد شهاب و حيد عبدالأمير رزوق، التباين المكاني (الجغرافي) للمشاركة الانتخابية في محافظة كربلاء لدورتين الانتخابيتين٢٠٠٥- ٢٠١٠ البرلمانية (دراسة في جغرافية الانتخابات)، مجلة اداب الكوفة، المجلد (١٩)، العدد (١)، ٢٠١٤، ص٩٨.

(٢)- سرى هاشم محمد صادق النعيمي، الانتخابات البرلمانية الاتحادية في العراق وأفاقها المستقبلية، الطبعة الاولى، تموزللطباعة والنشر والتوزيع- دمشق، ٢٠١٥، ص٧- ٢٧٧.

(٣)- علية حسين علي الساعدي و خالد جاسم محمد، دراسة ميدانية لانتخاب مجلس محافظة كربلاء المقدسة للدورتين (٢٠٠٩ و ٢٠١٣) دراسة في الجغرافيا السياسية)، مجلة جامعة كربلاء العلمية/انساني، المجلد الثالث عشر، العدد الثالث، ٢٠١٥، ص٢٤.

(٤)- مناف محمد السوداني و عماد الشمري، تغير الخريطة الانتخابية في العراق بين انتخابات عامي ٢٠٠٥- ٢٠١٠ البرلمانية،

- www. ihec. iq/ihecftp/Research.../joined- researchmonaf&emad. pdf ,١December٢٠١٦.

(٥)- ماجد صدام سالم، التباين المكاني في نسبة المشاركة للانتخابات (٢٠٠٥- ٢٠١٠) دراسة في جغرافية الانتخابات)،

- http: //: www. ihec. iq/ar/index. php/the_first_scientific_conferences. , ١December٢٠١٩,p١٩- ٢٠.

ئەنجامی بەدەست هاتووی پارت و لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژادنی ئەنجومەنی پارێزگای قادسیە کردووە کە ژمارەیان (٥٦) لیست بووە، هەموو ئەو هۆکارانەی دەستنیشانکردوە و ڕوونکردۆتەوە کە کاریگەرییان لە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکە هەبووە[١].

ژ- توێژەران دکتور قاسم شاکر الفلاحي و نوار جليل هاشم توێژینەوەیەکیان بە ناونیشانی (اثر العامل البشري في الانتخابات البرلمانية العراقية لعام ٢٠١٠) ئەنجامداوە، توێژەران پێیان وایە فاکتەرە دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری و ڕامیاری و ئایدۆلۆجییەکان کاریگەرییان لە سەر دروستکردنی هەڵوێستێکی دیاریکراو لای دەنگدەر و لە سەر کۆی ئەنجامی پرۆسەکەش هەبووە، بۆیە هانی پارتەکان دەدەن بۆ لەبەر چاوگرتنی ئەم فاکتەرانە لە هەڵبژاردنەکانی ئایندەدا[٢].

٢- تێز و نامەی زانکۆیی: چەند ماستەرنامە و تێزی دکتۆرایەك لەم پسپۆرییەدا لەساڵانی ڕابوردوودا ئەنجامدراون، لەوانە:

أ- توێژەر عبدالجليل عبدالفتاح الصوفي لە تێزی دکتۆراکەیدا بە ناونیشانی (جغرافيا الانتخابات في اليمن دراسة في الجغرافية السياسية)، لە ساڵی٢٠٠٢دا نوسیویەتی و پێشکەش ئەنجومەنی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدادی کردووە، توێژەر لە توێژینەوە-کەیدا بە چەند دەرئەنجامێك گەیشتوە، لەوانە: فاکتەرە جوگرافییەکان (سروشتی و مرۆیی) و فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەبووە، پێکهاتەی تەمەن- ڕەگەز کاریگەریان لە سەر ئەنجامی پرۆسەکە هەبووە لەبەر ئەوەی (٥٠,٣٦٪) دانیشتوان نەیان توانیوە بەشداری لە پرۆسەکەدا بکەن، ئەمە جگە لەوەی لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٤دا (٥١,٤٪) ئافرەتانیش بەشداری پرۆسەکەیان نەکردووە. هەروەها بە پێی هاوکێشە ئامارییەکان هاوکۆلکەی هاوپەیوەندی (معامل الارتباط) لە نێوان نەخوێندەوار و بەشداری ڕامیاری پێچەوانەیە، ئەمەش بەهۆی مەیلی هۆزگەرێتی و دەمارگیری ئاینییەوە بووە زیاتر وەك لە هۆشیاری ڕامیاری و مەیل و ئارەزوو بۆ پارتی ڕامیاری[٣].

ب- توێژەر شاكر ظاهر فرحان الزيدي لە ماستەر نامەکەی بەناونیشانی (جغرافية الانتخابات البرلمانية في العراق لعام٢٠٠٥، دراسة في جغرافية السياسية)نوسیوە و پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدادی کردووە لە ساڵی ٢٠٠٧دا، توێژەر ناوەڕۆکی توێژینەوەکەی لە (١٣) خاڵدا کورت کردۆتەوە لەوانە: فاکتەرە جوگرافییەکان ڕۆڵی کاریگەرییان لە دیاریکردنی هەڵوێستێکی دیاریکراو لای دەنگدەران هەیە، نەخشەی هەڵبژاردنی ڕامیاری هاوتەریبی پێکهاتەی ئتنی (الاثنية) گەلی عێراقە، دەنگەکانی لیستی کوردستانی بەگشتی لە ناوچەی چیا و نیمچە چیایەکاندا لە بەشی باکور و باکور خۆرهەڵاتی عێراقە، دەنگەکانی هاوپەیمانی عێراقی یەکگرتوو (الائتلاف العراقي الموحد) لە دەشتی نیشتەنی و بەرەی تەوافق (جبهة التوافق) لە هەرێمی بانی خۆرئاوادایە[٤].

ت- توێژەر وحيد انعام غلام الكاكائي ماستەر نامەیەکی بە ناونیشانی (جغرافية الانتخابات البرلمانية في محافظة ديالى للمدة من ٢٠٠٥-٢٠١٠، دراسة في الجغرافيا السياسية) نوسیوە و پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکانی کردووە لە ساڵی (٢٠١١)دا ، توێژەر بە چەند دەرئەنجامێك گەیشتوە لەوانە: فاکتەرە جوگرافی و ئابورییەکان کاریگەرییان لە سەر هەڵوێستی دەنگدەر هەبووە، هیچ ناوەندێکی هەڵبژاردن لە دەرەوەی پارێزگاکەدا لە هەڵبژاردنی٢٠٠٥ دا بوونی نەبووە، بە پێی

---

(١)- صبار لهمود حسين، التحليل الجغرافي لنتائج الانتخابات المحلية لمجلس محافظة القادسية ٢٠٠٥ والعوامل المؤثرة فيها، دراسة في جغرافيا الانتخابات،
- http: //: www. ihec. iq/ar/index. php/the_first_scientific_conferences.,١December٢٠١٩,p٢- ٢٢.

(٢)- قاسم شاكر الفلاحي و نوار جليل هاشم، اثر العامل البشري في الانتخابات البرلمانية العراقية لعام٢٠١٠،
- http: //: www. ihec. iq/ar/index. php/the_first_scientific_conferences. html+&cd=٢&hl=en&ct=clnk&gl=iqwebcache. googleusercontent. com/search?q=cache: ١l٦wbL- bkgYJ,١December٢٠١٩p٢٣.

(٣)- عبدالجليل عبدالفتاح الصوفي، جغرافية الانتخابات في اليمن دراسة في الجغرافية السياسية، اطروحة دكتوراه، غير منشور، كلية الأداب، جامعة بغداد، ٢٠٠٢، ص١- ٢٠٥.

(٤)- شاكر ظاهر فرحان الزيدي، جغرافية الانتخابات البرلمانية في العراق لعام ٢٠٠٥ (دراسة في جغرافية السياسية) رسالة ماجستير، غير منشور، كلية الاداب، جامعة بغداد، ٢٠٠٧، ص٢٣١.

ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ٢٠١٠دا دەنگە بەدەستهاتووەکانی تەوژمی ڕامیاری علمانی بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە، لە بەرامبەردا تەوژمی ئیسلامی دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە(١).

ب- توێژەر احمد حسن مجهول الحسناوي ماستەر نامەیەکی بە ناونیشانی ( إنتخابات مجلس محافظة المثنى للدورتين (٢٠٠٩ و ٢٠١٣) دراسة في الجغرافية السياسية)، لە ساڵی ٢٠١٥ دا نوسیوە و پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی ئادابی زانکۆی زیقاری کردووە، توێژەر باسی لە هەڵبژاردنەکانی هەردوو خولی ٢٠٠٩ و ٢٠١٣ ئەنجومەنی پارێزگای موسەنا کردووە و سیستەمی هەڵبژاردنەکان دەخاتە ڕوو و ڕێژەی بەشداری دەنگدەران و دەنگە دروستەکان و کۆتای ژنان دەستنیشان دەکات و شیکردنەوەی جوگرافی بۆ ئەنجامی پێکهاتە ڕامیاریەکان لە هەردوو خولەکەی هەڵبژاردن دەکات(٢).

## تەوەری دووەم: نوسین و توێژینەوەکان لە هەرێمی کوردستاندا:

بەو پێیەی باشوری کوردستان تا ئازاری ساڵی١٩٩١ لەلایەن حکومەتە عێراقییەکانەوە بەڕێوە بردراوە، ئەو هەڵبژاردنانەی ئەنجامدراون تەنها ڕووکەش بوون و خاڵی بوون لە تەواوی مەرجەکانی هەڵبژاردنێکی خاوێن، هیچ پەراوێزێکیش بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەم بوارەدا نەهێڵدرابۆوە، دوای ڕاپەڕینیش جگە لە هەڵبژاردنی ساڵی١٩٩٢، کێشە ڕامیاری و سەربازیی و ئابوری...هتد نێوان (پارتی ڕامیاری هەرێم - پارتی ڕامیاری هەرێم، حکومەتەکانی هەرێم- حکومەتی بەعس)، یارمەتی دەرنەبوون بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بەگشتی و هەڵبژاردنی پەرلەمانی بە تایبەتی لە ماوەی یاسایی خۆیاندا، بۆیە ئەو توێژینەوانەی کە لەم بوارەدا ئەنجامدراون لە پەنجەکانی دەست تێپەڕناکەن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەندێك لە توێژینەوەکان لە لایەن توێژەران و نوسەرانی بیانییەوە نوسراون یان ئەنجام دراون، ئەوانیش بریتین لە:

١- توێژینەوە و بلاّوکراوەکانی تایبەت بە هەڵبژاردن:

أ- روودهوف (Ruud Hoff)و میخیل لیزینبرك (Michiel Leezenberg)و پیتر مولەر (Muller Pieter) ڕاپۆرتێکیان لە سەر هەڵبژاردنی یەکەم خولی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان(١٩٩٢/٥/١٩) بە ناونیشانی (هەڵبژاردنەکانی کوردستانی عێراق (١٩) ی مایسی١٩٩٢ ئەزمونێکی دیموکراسی یانە) نوسیوە، بەگشتی پرۆسەکە بەسەرکەوتوو دەبینین لە ناوچەکەدا سەرەڕای خراپی دۆخی کوردستان لەو کاتەدا، بەلاّم سەرنج و تێبینیشیان لە سەر پرۆسەکە هەبووە لەوانە: ساختەکردنی مورەکەبی دەنگدان، کەمی ژمارەی بنکەکانی دەنگدان، ئەگەر چی بایەخ بە کەمە نەتەوەییەکان درابوو بەلاّم لە یاساکەدا (یاسای هەڵبژاردن-توێژەر) بەشێوەیەکی لاواز ئاماژەی پێکرابوو(٣).

ب- توێژەر بەدران ئەحمەد حەبیب توێژینەوەیەکی بە ناونیشانی (هەڵبژاردنەکانی کوردستان، ١٩ ئایار١٩٩٢) لە ساڵی ١٩٩٨ دا ئەنجامداوە، باسی میکانیزم و ڕێکەوتنەکانی نێوان پارتە کوردستانییەکان و دەنگی بەدەستهاتووی هەر پارتێك بە پێی شوێنی جوگرافیان دەکات و ناوی بەربژێرەکان دەخاتە ڕوو، ئەمە جگە لە خستنە ڕووی بەڵگە و دۆکیۆمێنتی تایبەت بەپرسی هەڵبژاردنەکە(٤).

ت- تیمێکی نێودەوڵەتی بە ناوی (المجموعة القانونية الدولية لحقوق الانسان) کە بە شێوەیەکی پراکتیکی چاودێری پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (١٩٩٢/٥/١٩) یان کردووە، لە ڕاپۆرتێکدا بەناونیشانی (انتخابات بلا

---

(١)- وحيد انعام غلام الكاكائي، جغرافية الانتخابات البرلمانية في محافظة ديالى للمدة من ٢٠٠٥- ٢٠١٠ دراسة في الجغرافيا السياسية، رسالة ماجستير، غير منشور، كلية التربية التربية للعلوم الانسانية، جامعة ديالى، ٢٠١١، ص١٧٤- ١٧٦.

(٢)- احمد حسن مجهول الحسناوي، انتخابات مجلس محافظة المثنى للدورتين (٢٠٠٩و ٢٠١٣) دراسة في الجغرافيا السياسية، رسالة ماجستير، غير منشور، كلية الاداب، جامعة ذي قار، ٢٠١٥، ص١- ٢٤٣.

(٣)- رودهوف و ئەوانی تر، هەڵبژاردنەکانی کوردستانی عێراق (١٩) ی مایسی ١٩٩٢ ئەزمونێکی دیموکراسیانە، و. صفوت رشید صدقی، بە بێ ژمارەی چاپ، لە بلاّوکراوەکانی لیژنەی سلێمانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان، بە بێ ناوی چاپخانە، ١٩٩٢، ل٩٨.

(٤)- بەدران ئەحمەد حەبیب، هەڵبژاردنەکانی کوردستان١٩ ئایار١٩٩٢ بەڵگەو دەستهاوێژ، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- هەولێر، ١٩٩٨، ل٥- ٢٠٦.

حدود) دۆخی هەڵبژاردنەکەیان خستۆتە ڕوو، مەکتەبی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاپۆرتەکەی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی بە ناونیشانی (انتخابات بلا حدود) لە بڵاوکراوەی ژمارە (٣٤)ی مەکتەبی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ناوەندی لە ساڵی ١٩٩٩دا بڵاوکراوەتەوە[١].

پ- عەبدولخالق محەمەد مستەفا لە پەرتوکێکدا بە ناونیشانی (هەڵبژاردنەکانی٢٠٠٥)، چۆنیەتی ئەنجامدانی بەڕێوەچوونی کردارەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ساڵی٢٠٠٥ لە عێراقدا خستۆتەڕوو[٢].

ج- توێژەران دکتۆر جەزا تۆفیق تالیب و م. ئەحمەد ساڵح پەرتوکێکیان بە ناونیشانی ( جوگرافیای هەڵبژاردن) لە زمانی عەرەبی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە لایەن دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتی نیشمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٩ بە چاپ گەیەندراوە، تایبەتە بە بوارەکانی جوگرافیای هەڵبژاردن[٣].

ح- محەمەد ڕەئوف توێژینەوەیەکی شیکاری بە ناونیشانی (هەڵبژاردن لە کوردستان ١٩٩٢-٢٠١٠)و لە ساڵی٢٠١٣ بەچاپ گەیاندوە، توێژەر بە چەند دەرئەنجامێك گەیشتوە لەوانە: بوونی کەم کورتی لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن و ئەنجامنەدانی پرۆسەکان لە کاتی یاسایی دیاریکراودا و بوونی هەژمونی ڕامیاری بەسەر پرۆسەکانی هەڵبژاردن و ئەنجامدانی ساختەکاری و بەکارهێنانی توندو تیژی دژ بە هاوڵاتیان و هەندێك پارتی ڕامیاری[٤].

خ- دکتۆر سەفین جەلال فتح الله لە پەرتوکێکدا بە ناونیشانی (جوگرافیای هەڵبژاردن) باس لە سیستەم و بنەماو مەرج و شێوازی ئەژمارکردنی دەنگ و بازنەکانی هەڵبژاردن و مێژووی هەڵبژاردن لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەکات و لە ساڵی٢٠١٧ دا بەچاپی گەیاندووە[٥].

د- توێژەر سلێمان مستەفا حەسەن لە پەرتوکێکدا بە ناونیشانی (کورد و یەکەم ئەزمون)باسی چۆنیەتی بەڕێوەچوون و ئەنجامدانی یەکەم ئەزموونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دەکات، لە ساڵی (٢٠١٧) بەچاپی گەیاندووە[٦].

٢- تێز و نامەی زانکۆیی:

لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا چەند ماستەرنامە و تێزی دکتۆرای زۆر کەم نوسراون، بریتین لە:

أ- توێژەر سەرهەنگ حەمید بەرزنجی نامەیەکی ماستەری بە ناونیشانی (انتخابات اقليم كوردستان العراق بين النظرية والتطبيق دراسة مقارنة) لە ساڵی٢٠٠١ دا نوسیوە و لە ساڵی٢٠٠٢ بەچاپی گەیاندووە، توێژینەوەی لە سەر هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان کردووە، بە چەند دەرنەنجامێك کۆتایی بە توێژینەوەکەی هێناوە لەوانە: توێژەر باسی لە کەموو کورتی لایەنی تیۆری (ڕوونکردنەوەی پێویست لە سەر چەمکی نهێنی دەنگدان لە کاتێکدا دەنگدان بە ئاشکرا ئەنجام دراوە...تاد)و پراکتیکی (ساختەکردنی ڕەنگی دەنگدان و لێپرسینەوە نەکردن لە ئەنجامدەرانی ئەم کارە ) پرۆسەکە کردووە[٧].

ب- جاسم محمد محمد على لە تێزی دکتۆراکەی بە ناونیشانی (الجغرافية الانتخابية لمجالس المحافظات في العراق (دراسة في الجغرافية السياسية)) نوسیوە، پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە لە ساڵی ٢٠١١دا،

---

(١)- المجموعة القانونية الدولية لحقوق الانسان، انتخابات بلا حدود تقرير حول انتخابات مايس١٩٩٢ في كوردستان العراق، ت. مكتب الدراسات والبحوث المركزي الحزب الديمقراطي الكوردستاني، الطبعة الاولى، دراسة رقم "٣٤"، ١٩٩٩، ص٣- ٢٠٠.

(٢)- عەبدولخالق محەمەد، هەڵبژاردنی٢٠٠٥، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، ٢٠٠٧، ل٧- ١١٠.

(٣)- محمد احمد عقلة المومنى، جوگرافیای هەڵباردن، و. د. جەزا تۆفیق تالیب و م. ئەحمەد محەمەد ساڵ، چاپخانەی حەمدی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای هەڵبژاردنی (ی ن ك)- سلێمانی، ٢٠٠٩.ل ٣-٦٧.

(٤)- محەمەد رەئوف، هەڵبژاردن لە کوردستان ١٩٩٢- ٢٠١٠، چاپی یەکەم ٢٠١٣، چاپخانەی ئاروـ سلێمانی، ٢٠١٣، ل١٦٢- ١٦٣.

(٥)- سەفین جەلال فتح الله، جوگرافیای هەڵبژاردن، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، ٢٠١٧، ل٧- ١٨٠.

(٦)- سلێمان مستەفا حەسەن، کورد و یەکەم ئەزموون، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٧، ل٥- ٦١١.

(٧)- سرهنگ حميد البرزنجي، انتخابات اقليم كردستان العراق بين النظرية والتطبيق دراسة مقارنة، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية - اربيل، ٢٠٠٢، ص٣٤٨.

گەیشتوە بە چەند دەرئەنجامێك لەوانە: فاکتەری جوگرافیا و پەرەسەندنە ڕامیارییەکان ڕۆڵیان لە دیاریکردنی ڕەفتارێکی دیاریکراو لای دەنگدەر هەیە، جگە لەوەی دابەشکردنی جوگرافی بۆ دەنگی بەدەستهاتووی پارت و لیست و پێکهاتە ڕامیارییە بەشداربووەکانی پرۆسەکە دەکات، ڕەخنە لە چۆنیەتی دابەشکردنی کورسییەکان بەسەر لیستە بەشدارەکان لە پرۆسەی ڕامیاریدا دەگرێت[1].

ت- توێژەر سەنگەر احمد حسین نامەیەکی ماستەری بە ناونیشانی (شیکردنەوەی جوگرافی بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان/٢٠٠٩و٢٠١٣، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسی) نوسیوە و پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدینی کردووە لە ساڵی٢٠١٥دا، توێژەر لە نامەکەیدا بە چەند دەرئەنجامێك گەیشتوە لەوانە: جوگرافیای هەرێم (لایەنە سروشتی و مرۆیی) کاریگەری لە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و دروست بوونی جیاوازی شوێنی دەنگدان و کۆی دەرئەنجامەکان هەبووە، ڕێکخستنی شوێنی هەڵبژاردنەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، پارتە خاوەن ئایدۆلیژییە ناسیۆنالیزمیەکانی هەرێم خاوەنی زۆرترین پاڵپشتی جەماوەرین، دوای ئەوانیش پارتە ئیسلامییەکان، بەکارهێنانی کۆتا لە هەڵبژاردنەکاندا جۆرێك لە نایەکسانی تێدایە، گۆڕانکاری لە پلەبەندی پارتەکاندا دروست بووە لە نێوان هەردوو هەڵبژاردنەکەدا[2].

پ- توێژەر سەرهەد شێخە حمد نامەیەکی ماستەری بە ناونیشانی (گۆڕانی نەخشەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق لە نێوان هەڵبژاردنی ساڵانی (٢٠١٠-٢٠١٤) دا، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای ڕامیاریدا) نوسیوە و پێشکەشی بەشی جوگرافیای کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی ڕاپەڕینی کردووە لە ساڵی ٢٠١٧دا، توێژەر بە چەند دەرئەنجامێك گەیشتووە، لەوانە:- هۆکاری نەتەوەی وخێڵەکی و ئاین ڕۆڵیان لە سەر ژمارەی کورسی پێکهاتەکان هەبووە، توێژەر پێشنیازی بەهەرێمکردنی عێراق دەکات بۆ هەردوو پێکهاتەی مەزهەبی شیعە و سونەکان[3].

(١)- جاسم محمد محمد علي، الجغرافية الانتخابية لمجالس المحافظات في العراق (دراسة في الجغرافيا السياسية) اطروحة دكتوراه، غير منشور، كلية العلوم الانسانية، جامعة السليمانية، ٢٠١١، ص١٩٤- ١٩٦.

(٢)- سەنگەر احمد حسین، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان/٢٠٠٩و٢٠١٣، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسی، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠١٥، ل١٦٧.

(٣)- سەرهەد شێخە حمد، گۆڕانی نەخشەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق لە نێوان هەڵبژاردنی ساڵانی (٢٠١٠- ٢٠١٤) دا، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای ڕامیاریدا، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ٢٠١٧، ل- ١٦٩.

# بەشی دووەم:

# کاریگەری هۆکارە جوگرافییەکان لەسەر هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکانی هەرێم

## باسی یەکەم: هۆکارە سروشتییەکان:

## باسی دووەم: هۆکارە مرۆییەکان:

## باسی سێیەم : هۆکارە ئابورییەکان:

## باسی چوارەم : هۆکاری ئایدیۆلۆجی(Ideology):

## بەشی دووەم: کاریگەری هۆکارە جوگرافییەکان لە سەر هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی هەرێم.

فاکتەرە جوگرافیاکان ڕۆڵیان لە بەهێز بوون ولاواز بوون و لە ناوچوونی گەلان و دەسەلاتداریتیەکانیشیان هەبووە، چونکە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر تەواوی چالاکییە ئابوری و ڕامیاری و کارگێڕی و زانستی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی...ەکان و تەنانەت لە سەر لایەنی فیزیکی و سایکۆلۆجی مرۆڤەکانیش. بۆیە هەرگیز مرۆڤەکان نەیانتوانیوە و ناتوانن بە یەکجاری خۆیان لە کاریگەری هەندێك لە فاکتەرە جوگرافییەکان ڕزگاربکەن.

هەر لە مێژەوە فەیلەسوفانی وەك هیرۆدۆت و هیبۆکرات و ئەفلاتۆن و ئەرستۆ...تاد. چالاکییە جەستەیی و ژیرییەکانی مرۆڤ و دروست بوون و بەهێزبوون لە ناوچوونی دەسەلات و ئیمپراتۆریەتەکانیان بە دیاردە جوگرافییەکانەوە بەستۆتەوە[(١)] هەموو هەڵسووکەوتێکی ڕامیاریشیان گێڕاوەتەوە بۆ ژینگە سروشتیەکە[(٢)]. هەڵگرانی ئەم بیروڕایەیان بە لایەنگری حەتمییەتی جوگرافی ناو نابوو، تا سەدەی ١٧ بیروباوەڕێکی باو بوو، ئەگەر چی لە ئێستادا لایەنگری ئەم بیروڕایە دەرکەوتوونەتەوە و بە لایەنگرانی حەتمیەتی جوگرافیای نوێ دەناسێنرێن[(٣)] .

لەم بەشەدا باس لە کاریگەری فاکتەرە جوگرافییەکان (سروشتی، مرۆیی، ئابوری) دەکەین لە سەر پرۆسەی هەڵبژاردن بەگشتی و لە سەر ڕەفتاری ڕامیاری دەنگدران و ڕادە و ڕێژەی بەشدارییان لە سەر پرۆسەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی هەرێم و ئەنجامی هەڵبژاردنەکان. بۆ ئەم مەبەستەش ئەم بەشەمان دابەشی چوار باس کردووە کە بریتین لە:

### باسی یەکەم: هۆکارە سروشتییەکان:

لەم باسەدا تیشك دەخەینە سەر هەندێك لەو هۆکارە سروشتییانەی کە کاریگەرییان لە سەر بەڕێوەچوون و ئەنجامی پرۆسەی هەڵبژاردن بەگشتی و پەرلەمانی کوردستان بە تایبەتی هەبووە، لێرەدا باس لە دوو هۆکاری سروشتی دەکەین کە لە هەموو هۆکارە سروشتییەکانی تر کاریگەرترن لە سەر پرۆسەکە، ئەوانیش بریتین لە:

#### تەوەری یەکەم: بەرزونزمی ڕووی زەوی:

شوێنی جوگرافیای هەرێمی کوردستان کاریگەری هەبووە لە سەر سیمای بەرزونزمی ڕووی خاکەکەی، ئەمەش دەرئەنجامی ئەو هۆکارە جیۆلۆجییانەیە کە یەك لە دوای یەك بەسەر ئەم پارچەیەی گۆی زەویدا هاتوون، ئەم جولانە بە جولەی ئۆرۆجینی ئالبی ناسراوە و زنجیرە چیای وەك چیاکانی ئالپ و تۆرۆس و هیمالایە... لێدروست بووە، کەواتە دەتوانین بڵێین ڕووی هەرێم بریتیە لە پێچی قۆقز (شاخ، بان، گرد، بەرزایی- تویێژەر) کە پێچ و دۆڵی ڕووچاڵیان دەکەوێتە نێوانەوە، ئەم پێچانە شێوە شۆڕبوونەوەیەکیان وەرگرتوە کە لە باکووری ڕۆژئاوای هەرێمەوە بەرەو ڕۆژهەلات دەچێ و پاشان بەرەو باشوری ڕۆژهەلات شۆڕ دەبێتەوە[(٤)].بەگشتی بەرزاییان لە نێوان (١٠٠- زیاتر لە ٣٠٠٠)[(٥)] مەترە لە ئاستی ڕووی دەریاوە، لە کەمترلە سێ پلەی بازنەکانی پانیدا، ئەمەش سەختی تۆبۆگرافیای ڕووی خاکی هەرێم دەردەخات. بڕوانە نەخشەی ژمارە (٣).

دەتوانین ڕووی خاکی هەرێم دابەش بکەین بۆ دوو تۆبۆگرافیای جیاواز، یەکەمیان بە زۆری چەمانەوە (شاخ، بان، گرد، بەرزایی- تویێژەر) و بڵندی و ڕکی (سەختی) چەماوەکان جیادەکرێتەوە بە ناوچەی چیاکان ناودەبرێن، دووەمیان بە نزمی و کەمی چەماوەکان و پەرش و بڵاویان جیادەکرێنەوە بە بان و گردەکان

---

(١)- عبدالله عطوي، الدولة والمشكلات الدولية دراسة في الجغرافيا السياسية، بدون رقم الطبعة، مؤسسة عزالدين للطباعة والنشر- بيروت، ١٩٩٤، ص١٨- ٢٠.

(٢)- سفين جلال فتح الله، بنچینەو بنەماکانی زانستی جوگرافیای سیاسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین- هەولێر، ٢٠١٤، ل٢٧.

(٣)- محمد محمود ابراهيم الديب، الجغرافيا الساسية منظور معاصر، مكتبة الانجلو المصرية، الطبعة الخامسة، مطبعة محمد عبدالكريم حسان- القاهرة، ٢٠٠٢، ص٣- ٢٧.

(٤)- عەبدوڵلا عامر عومەر، بەرزونزمی ڕووی زەوی هەرێمی کوردستان، جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق- هەولێر، ١٩٩٩، ل٤٩.

(٥)-هاشم یاسین حمد امین حداد و ئەوانی تر، ئەتلەس هەرێمی کورستانی عێراق و جیهان، چاپی یەکەم، تێ نوس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری- هەولێر، ٢٠٠٩،ل٤٠.

**نەخشەی ژمارە (٣)**

**لێژی ناوچەی لێکۆڵینەوە**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە فایلی (DEM ٣٠m)

ناو دەبرێن[1]، لەخوارەوە زیاتر لە سەریان دەدوێین:

**یەکەم: ناوچە چیاییەکان:** ناوچە چیاکان هەموو ئەو ڕووبەرە پێچ چەماوانە دەگرێتەوە کە بەرزاییان لە نێوان (١٠٠٠- + ٣٥٠٠) مەترە لە ئاستی ڕووی دەریاوە، بە پێی تایبەتمەندییەکانیان دەتوانین دابەشی بکەین بۆ دووبەش کە بریتین لە:

**١- ناوچەی چیاکان یان ناوچەی چیا بڵندەکان (High Mountain Area):**

ناوچەی باکور و هەرە دووری باکوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، چیاکانی ئەم ناوچەیە بڵند و سەرکەشن و بەرزاییان لە نێوان (١٥٠٠- +٣٥٠٠) مەتردایە. زۆربەی چیاکانی ئەم بەشە بە پێچی توند و کوڕ و ڕك ناسراون درز و شکانەوەی خشۆك و گەورەیان زۆرە، نزیکیان لە چەقی پاڵە پەستۆکە وایکردووە کە کەڤری چینەکان توشی تێکهەڵچون و تێکەڵی هاتون و لوتکەکانی سەختن و دامێنی چیاکانی ڕك و نشێون، زۆر جاران پێچەکان لێکنزیك دەبنەوە و بارستایی شاخەکانی فراوان دەبن، بەمەش دۆڵە جیاکەرەوەکان زۆر تەنگ دەبنەوە و کەڵکی کشتوکاڵیان کەم دەبنەوە، ئەوەی سەختی ناوچەکەی زیاتر کردووە، کاریگەری توندی هۆکارەکانی داماڵینە کە باران و بەفری زۆر و کەڵەکەبووی ترۆپکی شاخەکان ڕۆڵێکی سەرەکی لە کردارەکانی

(١)- شاکر خصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحية الطبيعية والبشرية، بدون رقم الطبعة، مطبعة شفيق، ١٩٧٣، ص٢٠.

داماڵین دەبینین، بەشێوەیەکی گشتیش شاخەکانی ئەم ناوچەیە ڕووتەن و بێ ڕووەکن تەنیا کەمێکیان نەبێ کە دارستانی بەڕووی کەم چڕ دایپۆشیون[1]. ڕووبەرەکەیان (١٠,٣٠٥) کم٢ و(٢٢٪) کۆی ڕووبەری قـەڵەمـــڕەوی حـــکومەتـــی هــــەرێـم پێکدەهێنێت[٢] .

٢- ناوچەی نیمچە چیاکان (Low Mountain Area): دەکەوێتە باشوری ناوچەی چیا بڵندەکان، بە هۆی دووریان لە چەقی پەستانەکە کەمتر چەماونەتەوە و بەرزاییان لە نێوان (١٠٠٠-١٥٠٠) مەترە، لە باکوری خۆرئاوا بۆ باشوری خۆرهەڵات درێژبوونەتەوە، دۆڵی ڕووچاڵی فراوانتر لە ناوچەی یەکەم چەماوە قۆقزەکانی لە یەکدی جیاکردونەتەوە و لە نێوان بەرزاییەکانیدا درێژبوونەتەوە، ئەمەش وای کردووە زۆر گونجاو بێت بۆ چالاکی کشتوکاڵی و نیشتەجێ بوونی مرۆیی، هەرچەندە وەك چەماوەکانی ناوچەی یەکەم توشی داماڵین هاتوون، بەلاَم بە ئاسانی دەتوانرێت زنجیرە چیاکانیان لێکجیابکرێنەوە[٣] .

پێچە قۆقزەکانی ناوچە چیاییەکان دەشتی ڕووبەر جیاواز لە خۆ دەگرن و زۆربەشیان بریتین لە پێچی قوپاو، وەك دەشتەکانی شارەزوور و سلێمانی و بازیان و ڕانیە لە پارێزگای سلێمانی و دەشتی هەریر (باتاس) لە پارێزگای هەولێر و دەشتی زاخۆ (سندی) لە پارێزگای دهۆك کە ڕووبەریان دەگاتە زیاتر لە (٧,٩٦٦)کم٢ و (١٧٪) ڕووبەری خاکی حکومەتی هەرێمی پێکهێناوە[٤]. هەروەها ژمارەیەك بانیش لەخۆ دەگرن زۆر جار بەهۆی لێکنزیك بوونەوەی پێچە قۆقزەکان و یەکگرتنیان بارستاییەکی فروان پێکدەهێنن، ئەگەر چی لە ڕووی کشتوکاڵەوە کەم بەرهەمن، بەلاَم بە لەوەرگایەکی باش دادەنرێن لەوانە: بانی پێنجوێن و بەرزنجە و چوارتا و پشدەر و کواندە[٥] .

دووەم: ناوچە بەرزایی و گردەکان: دەکەونە بەشی هەرە باشوری هەرێمەوە، لە پێچی چەماوەی نزم و دابڕاو لە یەکدی پێکهاتون و بەگشتی بەرزاییان لە (١٠٠٠) مەتر کەمترە ڕووبەری ئەم ناوچەیە (٢٨,٥٨٦)کم٢ و (٦١٪) ڕووبەری قەڵەمڕەوی دەسەلاَتی حکومەتی هەرێمی پێکهێناوە[٦]. چەند دەشتێکی تێدا درێژ بونەتەوە لەوانە دەشتی هەولێر (٢٩٧٥)کم٢ و دەشتی دیبەگە (١٢٨٠) کم٢.

دەتوانین کاریگەری تۆبۆگرافیا لە سەر پرۆسەی هەڵبژاردن بە گشتی و هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی هەرێمی کوردستان لەم خالاَنەی خوارەوە دا کورت بکەینەوە:

١- یاسای هەڵبژاردن و نەخشەکێشانی بازنەکانی هەڵبژاردن: چ بە دانانی یاسای نوێی هەڵبژاردن یان هەمواری یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێم، دەبێت ڕەچاوی تۆبۆگرافیای هەرێمی کوردستان بکرێت، چونکە بە پێی دابەشکردنی هەرێم بۆ بازنەیەکی هەڵبژاردن یان زیاتر، باشترە ڕەچاوی سەختی تۆبۆگرافیای هەرێم بکرێت و زۆرترین بنکە و وێستگەی هەڵبژاردن لە ناوچە چیا سەختەکاندا بکرێتەوە[*]؛ لە ئەگەری دەرکردنی یاسایەك بۆ دابەش کردنی ووڵات بۆ بازنەی تاك کورسی، ئەوا گرفت

---

(١)- عەبدوڵلاَ عامر عومەر، بەرزونزمی ڕووی زەوی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠.

(٢)- کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە نەخشەی ژمارە (٢).

(٣)- شاكر خصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحية الطبيعية والبشرية، مصدر سابق، ص٢٦- ٢٧.

(٤)- کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە نەخشەی ژمارە (٢).

(٥)- عەبدوڵلاَ عامر عومەر، بەرزونزمی ڕووی زەوی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣- ٥٤.

(٦)- کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە نەخشەی ژمارە (٢).

(*)- دەنگدەرانی پارێزگاکانی حکومەتی هەرێم (١٥,٧٢٪)ی کۆی دەنگدەرانی کۆماری عێراقیان پێکهێناوە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٣٠کانونی دووەمی ٢٠٠٥دا، بەلاَم بەرکەوتەی بنکەکانی هەڵبژاردن لەم سێ پارێزگایەدا (١٧,٧٥٪) ی کۆی بنکەکانی پارێزگاکانی عێراق بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەچاوکردنی سەختی تۆبۆگرافیای پارێزگاکانی هەرێم و درەنگ گەیشتنی هەڵبژێران بە بنکەکانی دەنگدان لە چاو پارێزگاکانی تری عێراق دا، بە پێچەوانەوە پارێزگای بەغداد (٢٦,١٤٪) ی کۆی دەنگدەرانی پارێزگاکانی عێراقی پێکهێناوە، بەلاَم (٢٥,٩٧٪)ی بنکەکانی دەنگدانی کۆماری عێراقی پێکهێناوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: شاكر ظاهر فرحان، جغرافية الانتخابات البرلمانية في العراق لعام ٢٠٠٥ دراسة في جغرافية السياسية، مصدر سابق، ل١٢١- ١٢٢.

و ئاستەنگی ڕاستەقینە دێتە پێش لایەنی تایبەتمەند بۆ دابەشکردنی هەرێم بۆ (١١١) بازنەی هەڵبژاردن یان زیاتر، بەتایبەت بەهۆی دووری و چڕی و سەختی و دابڕاوی ناوچە چیاییەکانەوە لە یەکتر.

٢- سەختی تۆبۆگرافیای ناوچە چیاییەکان کاریگەری لە سەر سەختی جموجوڵ و گواستنەوە و چالاکی مرۆیی و کەمی توانا بۆ گرتنەخۆی ژمارەیەکی زۆر لەدانیشتوان دەبێت ئەمە جگە لە کەمی ڕووبەری گونجاو بۆ نیشتەجێبوون، دواجار کاریگەری لە سەر کەمی ژمارەی دانیشتوانی ئەم ناوچانە دەبێت، بەڵام بە پێچەوانەوە ناوچە شارستانییە فراوانەکانی هەرێم ژمارەیەکی زیاتری دانیشتوان لەخۆ دەگرن، ئەمەش کاریگەری هەیە لە سەر گرنگی پێدانی زیاتری پارت و لیست و بەربژێرەکان لە چاو ناوچەی گوندە دورە دەست و پەرش و بڵاو قەبارە بچوکەکاندا. چونکە زۆرترین ژمارەی کورسی پەرلەمانی بەر ناوچە شارستانییە قەرەباڵغەکان بە دانیشتوان دەکەون و ئاسانتر دەتوانرێت کەمپینی هەڵبژاردن بۆ ژمارەیەکی زۆرتر لە دەنگدەران ساز بکرێت بە کەمترین تێچوونی کات و دارایی و جەستەیی.

٣- ڕێگای گواستنە و هۆکاری هاتووچۆ: سەختی تۆبۆگرافیای ئەم ناوچەیە، کاریگەری لە سەر جوڵە و چالاکی هاتوچۆ هەیە، چ لە نێوان خودی دانیشتوانی ئاواییەکانی ئەم ناوچانە لەگەڵ یەکدا، چ لەگەڵ دەوروبەریاندا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی و خراپی* ڕێگەوبانی قیرتاوکراو کەمووکورتی مەرجەکانی سەلامەتی تیایاندا، ئەمە جگە لە نەبوونی ڕێگای هاتوچۆی جیاواز و کەمی یان نەبوونی هۆکاری هاتوچۆی گشتی، درێژی ڕێگای چیایی لە هەرێمی کوردستاندا (١٩٥٦,١) کم، لە کۆی (٥٢٨١,٢) کم[١] لە ساڵی٢٠١٠ دا، ئەمەش (٣٧٪) کۆی ڕێگاکانی هەرێم پێکدێنێت، ئەگەر درێژی ڕێگاکانی هەرێم بەراورد بکەین بە درێژی ڕێگاکانی عێراق بە پێی ساڵ ئەوا ڕێژەی درێژیەکەی بەم جۆرەیە: (٩٪) لە ساڵی ٢٠١١ و (٨,٨) ساڵی ٢٠١٢، (٦,١٪) ساڵی ٢٠١٣[٢]، ئەم هۆکارانەی سەرەوە دەبێتە هۆی کەمی جوڵە لە ناوچە شاخاوییەکان بەگشتی و ناوچە شاخاوییە بڵندەکان بە تایبەتی، کە دوا جار کاریگەری لە سەر پرۆسەی هەڵبژاردن دەبێت، ئەگەر لە وەرزی زستاندا بێت ئەوا ئاستەنگەکان دەگەنە لوتکە. دەتوانین ئاستەنگەکان لەم خاڵانەدا بخەینە ڕوو:

أ- هەڵمەتی بانگەشە: سەختی تۆبۆگرافیا دەبێتە ڕێگر لە گەیشتنی هەموو بەربژێرەکان بۆ تەواوی ناوچە سەختەکان، بەمەبەستی ئەنجامدانی کەمپینی هەڵبژاردن، ئەمەش کاریگەری لە سەر دەنگی بەربژێر یان لیستەکانی هەڵبژاردن دەبێت بە تایبەت ئەوانەی لە ڕووی داراییەوە هەژارن، لە ئەگەری گەیشتنی بەربژێرە دەوڵەمەندەکان یان بەربژێری لیستە ڕامیارییە دەوڵەمەندەکان، ئەوا تێچوونێکی زیاتری ئابوری دەبێت و لە ئەگەرێکی وەهادا دوور نیە دەنگی ئەم ناوچانە بۆ بەربژێر و لیستە ڕامیارییە دەوڵەمەند و دەسترۆیشتوەکان بڕوات.

ب- ئامادەکردن و گەیشتنی کارمەندانی کۆمسیۆن و چاودێران و میدیاکاران: گەیشتنی کارمەندانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و چاودێران گرفتی ڕاستەقینەیان دێتە پێش (هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی ١٩٩٢/٥/١٩ بە نمونە)(**)، چونکە دەبێت بۆ چەند بنکەیەکی هەڵبژاردن ستافێکی تایبەت بنێرن، ئەمەش جگە لەوەی لە ڕووی مرۆییەوە زۆری تێدەچێت، گەیشتنیشیان بۆ ناوچەی مەبەست بڕێکی تری دارایی دەخاتە ئەستۆی کۆمسیۆن، ئەمەش بۆ

---

(*) سەرجەمی درێژی ڕێگاکانی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠١٠(٥٢٨,٢)کم بووە، لەم ژمارەیە (٢٤٦٥,٦) کە دەکاتە (٤٦,٦٪)ی ڕێگاکانی هەرێم، خراپ یان زۆر خراپن، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پلە بەندی ڕێگاوبانەکانی هەرێم لە ڕووی کوالیتییەوە بڕوانە:

- Minstry of Construction and housing/Kurdistan regional government,KURIDSTAN HIGHWAY MASTER PLAN,dar al- handasah shair and partner-london,٢٠١٠,p٢١.

(٢)- الجهاز المركزي للاحصاء، وزارة التخطيط، جمهورية العراق، مؤشرات النقل والاتصالات،

- http: //www. cosit. gov. iq/ar/٤٩ -٣٨ -٠٨ -٢٩ -٠٣ -٢٠١٣,٢٠February٢٠١٧.

(**) - وەك لە ڕاپۆرتی تیمی چاودێرانی بیانی روودهوف و میخێل لیزنبێرك و پیتەرموولەردا هاتوە " لەبەر کورتی ماوە و گیروگرفتی هاتوچۆ تەنها توانیمان لە ناوچەی (دهۆك) چاودێری ڕاستەوخۆی هەڵبژاردنەکە بکەین". رودهوف و ئەوانی تر، هەڵبژاردنەکانی کوردستانی عێراق (١٩) ی مایسی ١٩٩٢ ئەزمونێکی دیموکراسی یانە، سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

چاودێران (ناوخۆیی و نێودەوڵەتی)و میدیاکارانیش هەر دروستە، لە ئەگەری نەگەیشتنیشیان ئەوا دوور نیە کاریگەری نەرێنی لە سەر ئەنجامی پرۆسەکە هەبێت. ئەگەر ژمارەی بنکەکانی هەڵبژاردنی ناوچە چیا سەختەکان بۆ دەنگدەران هاوسەنگ(*) بێت بە ژمارەی بنکەکانی هەڵبژاردن بۆ دەنگدەرانی ناوچە شارستانییە گەورەکانی وەك هەولێر و سلێمانی و دهۆك، ئەوا لەم دۆخەدا لە سەر حسابی دووری دەنگدەرانی گوندەکانی ناوچە سەختەکان دەبێت، ئەمەش تێچوونێکی زیاتر (کات، دارایی، ماندووبوونی جەستەیی) دەکەوێتە سەر دەنگدەر، بۆ زانینی ژمارەی بنکە و بەرکەوتەی هەڵبژێر و دەنگدەر بۆ بنکەکان لە دوو تۆبۆگرافیای جیاواز، بڕوانە خشتەی ژمارە (١).

خشتەی ژمارە (١)

بەرکەوتەی ژمارەی هەڵبژێر و دەنگدەر بۆ بنکەکانی هەردوو قەزای سلێمانی و پێنجوێن لە دەنگدانی گشتی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)

| قەزا | ڕووبەر (کم٢) | ژمارەی هەڵبژێر | هەڵبژێر/ کم٢ | ژمارەی بنکە | بنکە/کم٢ | ژمارەیی وێستگە | وێستگە/ بنکە | هەڵبژێر/ بنکە | هەڵبژێر/ وێستگە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | ١,٥٥٩ | ٤٨٠,٩٥١ | ٣٠٨,٥ | ٢٠٤ | ٧,٦ | ١١٢٨ | ٥,٥ | ٢٣٥٧,٦ | ٤٢٦,٣ |
| پێنجوێن | ١,١٣٧ | ٢٣,٥٧٩ | ٢٠,٧ | ١٠ | ١١٣,٧ | ٥٧ | ٥,٧ | ٢٣٥٧ | ٤١٣,٦ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: ا- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، انتخابات رئاسة و برلمان اقليم كوردستان العراق٢٠١٣،
- http://www.ihec.iq/ar/index.php/elections-kurd٢٠١٣.html,١٨March٢٠١٧.
ب- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان .

ئەگەر بڕوانینە خشتەی ژمارە (١) دەبینین ڕووبەری قەزای سلێمانی (١,٥٥٩) کم٢، ڕووبەری قەزای پێنجوێن (١,١٣٧) کم٢، واتە ڕووبەری قەزای سلێمانی (١٣٧٪)ی ڕووبەری قەزای پێنجوێنە، ژمارەی هەڵبژێرانی پارێزگای سلێمانی (٤٨٠,٩٥١)ە، لە بەرامبەردا هەڵبژێری قەزای پێنجوێن (٢٣,٥٧٩)ە، واتە هەڵبژێرانی قەزای سلێمانی (٢٠,٤) ئەوەندەی هەڵبژێری قەزای پێنجوێنە، چڕی هەڵبژێرانی قەزای سلێمانی (٣٠٨,٥/کم٢)، بەڵام هەڵبژێرانی قەزای پێنجوێن (٢٠,٧کم٢) واتە چڕی گشتی هەڵبژێرانی قەزای سلێمانی زیاتر لە (١٥) ئەوەندەی چڕی هەڵبژێرانی قەزای پێنجوێنە. ژمارەی بنکەکانی قەزای سلێمانی (٢٠٤) بنکەی دەنگدانە، بەڵام ژمارەی بنکەکانی قەزای پێنجوێن (١٠) بنکەیە، واتە بنکەکانی قەزای سلێمانی (٢٠,٤) ئەوەندەی بنکەکانی قەزای پێنجوێنە، ژمارەی هەڵبژێران بۆ بنکەیەکی هەڵبژاردن تا ڕادەیەك یەکسانە و نزیکەی (٢,٣٥٧) هەڵبژێرە بۆ بنکەیەك، ژمارەی هەڵبژێران بۆ وێستگەیەك (٤٢٦,٣) بۆ قەزای سلێمانی، بەڵام ژمارەی هەڵبژێران بۆ وێستگەی لە قەزای پێنجوێن (٤١٣,٦). لێرەدا دەگەینە ئەو بڕوایەی کە نا بەرامبەرییەکی زۆر گەورە هەیە لە نێوان ژمارەی دانیشتوان و ژمارەی بنکەکانی دەنگدان لە نێوان هەردوو قەزاکەدا، بۆ نمونە دانیشتوانی قەزای سلێمانی بۆ قەزای پێنجوێن (١٥) ئەوەندەیە، بەڵام بنکەکانی دەنگدانی زیاتر لە (٢٠) ئەوەندەیە، لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە کۆمسیۆن مەبەستی بووە باڵانسێك دروست بکات لە نێوان بەرکەوتەی هەڵبژێر/بنکەکانی دەنگدان لە نێوان هەردوو قەزاکەدا بەنزیکەیی (٢,٣٥٧) هەڵبژێرە بۆ هەر بنکەیەك، ڕاگرتنی ئەم باڵانسە لە سەر تێچوونی زیاتری (کات، دارایی، جەستەیی) دەنگدەرانی گوندی ناوچە سەختەکانی قەزای پێنجوێن بووە، چونکە لە هەر (٧,٦)کم٢ لە پارێزگای سلێمانی بنکەیەکی هەڵبژاردنی بەردەکەوێت، لە بەرامبەردا هەر (١١٣,٧)کم٢ لە قەزای پێنجوێن یەك

---

(*)- بە پێی ستانداردی نێودەوڵەتی بەگشتی لە هەر بنکەیەك (٤- ٦)وێستگە هەیە، لە هەر وێستگەیەکیش دەبێت (٤٥٠- ٥٠٠) دەنگدەر دەنگبدەن، بۆیە لە دانانی وێستگەیەکی دەنگدان ڕەچاوی ئەم ستانداردە دەکرێت و دەبێت ئەو ژمارەیە تەواو بکرێت. دیدار لەگەڵ بەڕێز هاوڕێ تۆفیق بەڕێوەبەری گشتی نوسینگەی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، نوسینگەی کۆمسیۆن لە سلێمانی، ٦نیسان٢٠١٧. لەبەر بچوکی قەبارەی گوندەکانی کوردستان بەگشتی و کەمی ژمارەی دەنگدەر، ناچار دەبێت لە دەنگدەرانی چەندین گوند ئەو ژمارەیە دەستەبەربکرێت تا بنکە یەکی هەڵبژاردنیان بۆ دابنرێت.

بنکەی هەڵبژاردنی بەردەکەوێت، ئەمەش وادەکات دەنگدەرانی ئەم ناوچانە (١٥)ئەوەندە لە توانای جەستەی و دەروونی و کات و دارایی سەرف بکەن تا بتوانن دەنگ بدەن. ئەم ڕاستییە لەسەر ئاستی پارێزگاکانی تری هەرێمیش بەدی دەکرێت، هەڵبژێران بەکاتی جیاواز دەگەنە بنکەکانی دەنگدان، بۆ زانینی ڕێژەی گەیشتنی دەنگدەران بۆ بنکەکانی دەنگدان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢) .

خشتەی ژمارە (٢)

(٪) گەیشتنی دەنگدەرانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ بنکەکانی دەنگدان بە خولەك

| پارێزگا | کەمتر لە ١٥ خولەك | ١٥-٣٠ خولەك | زیاتر لە ٣٠ خولەك | (٪) |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٧٢ | ٢٧ | ١ | ١٠٠ |
| سلێمانی | ٧٦ | ١٩ | ٥ | ١٠٠ |
| دهۆك | ٨٥ | ١٣ | ٢ | ١٠٠ |

سەرچاوە: وزارة التخطيط والتعاون الانمائي- الجهاز المركزي للاحصاء وتكنولوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية ٢٠٠٤، بدون مكان نشر، بدون سنة النشر، ص٣٥٧.

ئەگەر بڕوانین لە خشتەی ژمارە (٢) بۆمان دەردەکەوێت کە (٨٥٪) دەنگدەرانی پارێزگای دهۆك بەکەمتر لە (١٥) خولەك دەگەنە ناوەندەکانی دەنگدان، تەنها (١٥٪)دەنگدەران (١٥)خولەك یان زیاتریان پێدەچێت، هەرچی دەنگدەرانی پارێزگـای سلێمانییە (٧٦٪)بە کەمتر لە (١٥) خولەك دەگەنە بنکەکانی دەنگدان، (٢٤٪) دەنگدەران بە (١٥)خولەك و زیاتر دەگەنە بنکەکانی دەنگدان، ڕێژەکان بۆ دانیشتوانی پارێزگای هەولێر زیاتر دادەبەزێت و (٧٢٪) دەنگدەران بە کەمتر لە (١٥) خولەك دەگەنە بنکەکانی دەنگدان، بەڵام (٢٨٪) بە (١٥) خولەك یان زیاتر دەگەنە بنکەکانی دەنگدان. لە سەر ئاستی گوند و شاریش جیاوازیەکە گەورەیە بڕوانە خشتەی ژمارە (٣) .

بە سەرنجدان لە خشتەی ژمارە (٣) دەبینین، جیاوازیەکی زۆر لە نێوان کاتی گەیشتنی دەنگدەرانی شارنشین و گوندنشینا-ندا هەیە بۆ بنکەکانی دەنگدان، بۆ نمونە ڕێژەی (٨١٪)ی دەنگدەرانی شارەکان بەکەمتر لە (١٥) خولەك دەگەنە بنکەکانی دەنگدان، ئەمەش کاریگەری هەیە لە سەر زوو گەیشتنی زۆرترین دەنگدەر بە کەمترین ماوە بۆ بنکەکانی دەنگدان و زیاتر بە قازانجی پارتە نوێخواز یان بەرنامە نوێیەکان یان بەربژێرە نوێخوازەکانی پارتە کلاسیکییەکان دەشکێتەوە، هەرچی دەنگدەرانی گوندنشینەکانە ڕێژەی (٥٨٪)ی دەنگدەران بە کەمتر بە (١٥) خولەك دەگەنە بنکە و وێستگەکانی دەنگدان، جگە لەوەی ڕێژەی (٢٤٪)ی دەنگدەران پێویستیان بە (١٥) خولەك یان زیاترە و ڕێژەی (١٨٪)ی دەنگدەران بە زیاتر لە نیو کاژێر دەگەنە بنکەکانی دەنگدان، ئەمەش جگە لەوەی کە ژمارەیان کەمە لە چاو دەنگدەرانی شارەکان، لە هەمان کاتیشدا تێچووی کات و دارایی و جەستەیی زۆریان دەوێت، ئەمەش ڕەنگە ئەگەری بەشداریکردنیان کەمتر بکاتەوە. لە ئەگەری دەنگدانیشیاندا ڕەنگە زیاتر دەنگ بدەن بە پارتە شۆڕشگێڕەکان یان بەربژێرانی ناسراو شۆڕشگێڕ یان ئەو بەربژێرانەی سەر بەهۆزەکەی خۆیانن یان پەیوەندی دۆستایەتی و جوگرافیا و خوێن هەیە لە نێوانیاندا.

ت- ئەنجامی هەڵبژاردنەکان: سەختی تۆبۆگرافیا و بوونی چیای سەرکەش و دۆڵی قوڵ و کەمی ڕووبەری زەوی گونجاو بۆ کشتوکاڵ و نیشتەجێبوون و نزمی داهاتی ئابوری و بژێویدانی ژمارەیەکی کەمی دانیشتوان بۆتە هۆی بچوکی قەبارەی گوندەکان، ئەمە جگە لە خراپی تۆڕەکانی هاتوچۆ، سەر ئەنجام تایبەتمەندییەکی داوە بە دانیشتوانی ئەم ناوچانە کە جیاوازە لە دانیشتوانی ناوچە دەشتاییەکان و ناوچە شارستانیە فراوانەکان ئەگەر بەرێژەیەکی کەمیش بێت، کە دواجار کاریگەری لە سەر دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەبێت بە تایبەت لەم ڕووانەی خوارەوە:

١- ژینگەی کۆمەڵایەتی: ژینگەی کۆمەڵایەتی ئەم ناوچانە تایبەتمەندییەکی دیاریکراوی خۆی هەیە، بەهۆی دابڕاوی ڕێژەیی لەگەڵ ژینگە شارستانییەکانی تری هەرێم، دۆخێکی کۆمەڵایەتی تایبەتمەندی پێبەخشیون، بەوەی کە هەستی هۆز و خێڵ

خشتەی ژمارە (٣)

(٪) گەیشتنی دەنگدەران بە پێی شارنشین و گوندنشین بۆ بنکەکانی دەنگدان بە خولەك

| دانیشتوان | کەمترە لە ١٥ خولەك | ١٥-٣٠خولەك | زیاتر لە ٣٠خولەك | (٪) |
|---|---|---|---|---|
| شارنیشن | ٨١ | ١٧ | ٣ | ١٠٠ (*) |
| گوندنشین | ٥٨ | ٢٤ | ١٨ | ١٠٠ |

سەرچاوە:وزارة التخطيط والتعاون الانمائي- الجهاز المركزي للاحصاء وتكنولوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية ٢٠٠٤، بدون مكان نشر، بدون سنة النشر، ص٣٥٧.

گەرێتی لە ئاستێکی بەرز دایە، کەمی ناوەندە فێرکاری و ڕۆشنبیریەکان، بە بەراوورد بە ناوچە شارستانییەکانی دی، ڕۆڵێکی زیاتری داوە بە سەرۆك هۆز یان ڕیش سپی لە سەپاندن یان پەسەندکردنی بیرێکی ڕامیاری دیاریکراو بە سەر خێڵ یان هۆزەکەیدا، کە ڕەنگە دواجار ئەمە ببێت بە بیروباوەڕی باوی گوندەکە یان ناوچەکە و کاریگەری لە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەبێت، جگە لەوەی چ بەهۆی پەیوەندی خوێن و خزمایەتی چ بە هۆی خێڵگەرای و هۆزگەرای، ڕەنگە بتوانرێت کاریگەرییان لە سەر یەکدی هەبێت لە نواندنی ڕەفتارێکی هاوشێوەی دەنگدان لە ڕۆژی هەڵبژاردندا، دەشێت هەر لە سەر ئەم بنەمایەش دەنگ بەو بەربژێرانە یان ئەو لیستە ڕامیارییانە بدەن کە بەربژێرێك یان زیاتری بەربژارکردووە کە لە هەمان هۆز یان خێڵن، ئەگەر چی بیروباوەڕە ڕامیارییەکانیشیان جیاواز بێت.

٢- نزمی ئاستی ڕۆشنبیری: یەکێکی ترە لەو هۆکارانەی کە ڕەنگە کاریگەری هەبێت لەوەی کەسانی بەتەمەن و نەخۆش و بە ساڵاچوان، یان ڕەگەزی مێ کەمتر بەشداری چالاکییە ڕامیارییەکان و پرۆسەی هەڵبژاردن بکەن، ڕەنگە کارکردن و دابینکردنی بژێوی ڕۆژانەیان پێ گرنگتر بێت لە چون بۆ بنکەکانی دەنگدان و بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردن بە تایبەتتر لەو وەرزانەی کە چالاکی کشتوکاڵی زۆرە یان وەرز و کەشی بەروبومێکی دیاریکراوە. لە ئەگەری بەشداریکردنیشیاندا ڕەنگە زیاتر مەیلیان بۆ پارتە شۆڕشگێڕ و پارێزگارەکان بێت وەك لە پارتە نوێ و گۆڕانخوازەکان.

دواجار ئەمانە کاریگەرییان لە سەر نواندنی ڕەفتارێکی دیاریکراوی دەنگدان لای دەنگدەرانی جوگرافیای ئەم ناوچانە دەبێت، هەر بۆیە دەبینین ناوچەی چیا سەختەکانی زۆنی (جوگرافیا- توێژەر) زەرد دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەن، لە زۆنی سەوز بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لە ناوچەی هەڵەبجە بە پارتە ئیسلامییەکان[1].لە دەڤەری بناری قەندیل و پشدەر بەو قەوارانەی کە نزیکن لە ئایدۆلۆجیای پارتی کرێکارانی کوردستان، ئەمە بۆ هەندێك ناوچەی ئاینی و نەژادە جیاوازەکانیش هەر وایە کە دەنگ بە بەربژێر و لیستی ئاینزاکەی خۆیان یان نەژادەکەی خۆیان دەدەن.

بەڵام هەرچی ناوچە نیمچە چیا و دۆڵ و بان و دەشتەکانە، کەمتر دەکەونە ژێر کاریگەرییەکانی سەرەوە، چونکە ڕووبەری زەویەکان فراوانترن و ئاواکارییەکان لە شێوەی شار و شارۆچکەی بەرفراواندان، ناوەندە ڕۆشنبیری و زانستییەکان زیاتر و قەبارە گەورەترن، ڕێژەی بەشداری دەنگدەران لە پرۆسەکانی هەڵبژاردندا بەرفراوانترە و دەنگدەر ئازادی زیاتریان هەیە لە دەنگدان و زیاتریش دەنگ بە پارتە نوێخوازەکان دەدەن، نەتەوە و نەژاد و ئاینزاکان فرە ترن بە بەراورد بە ناوچە چیاییەکان.

## تەوەری دووەم: ئاوهەوا:

توانا جەستەی و ژیریەکان و ڕادەی زیرەکی وچالاکییە جۆربەجۆرەکانی مرۆڤەکان تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستن بە ئاوهەواوە و تەنانەت هێز و شارستانی و پێشکەوتنی دەوڵەتەکانیش بەستراونەتەوە بە دۆخی ئاوهەواییانەوە[2]، ئاوهەوای هەر

(*)- لە ڕاستیدا ڕێژەکان دەکاتە (١٠١) نەك (١٠٠) دەشێت هەڵەیەکی چاپ بێت یان هەڵەیەکی بیرکاری بێت کە بەسەر وەزارەتی پلاندانان تێپەڕیوە (توێژەر).

(١)- دیدار لەگەڵ بەڕێز عبدالوهاب محمد، نوێنەری هەڵبژاردنی پارتی چارەسەر لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە ساڵی ٢٠١٣دا، بارەگای ئازادی کۆمەڵگا- سلێمانی، ٢١شوباتی٢٠١٧.

(٢)- امين محمود عبدالله، في اصول الجغرافيا السياسية، الطبعة الثانية، مكتبة النهضة المصرية، ١٩٨٤، ص٥١- ٥٢.

هەرێمێکی جوگرافی جیاوازە بە جیاوازی تایبەتمەندییەکانی هەرێمەکە و هەرێمەکانی دەوروبەری، بۆیە هیچ هەرێمێکی جوگرافی نیە کە ئاوهەواکەی تەواو وەك ئاوهەوای هەرێمێکی دیکە وابێت لە جیهاندا، ئاوهەوای هەرێمی کوردستان دەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕووبەرە ئاویەکانی دەوروبەری(دەریای سور، کەنداوی فارسی...تاد.) بە تایبەتتر دەریای ناوەڕاست، ئەمەش خەسڵەتی هاوینی ووشك و گەرم و زستانی سارد و باراناوی بە هەرێم بەخشیوە.

ئاوهەوای هەرێمی کوردستان زادەی چەند فاکتەرێکی سروشتی ناوخۆیی و دەرەکین لەوانە: تۆبۆگرافیای هەرێم، شوێنی ئەسترۆنۆمی، شوێن بە گوێرەی ووشکانی و ئاو، نەورایيەکانی کەش و هەوا و بارستە هەواییەکان. بۆیە لەسەر ئاستی ناوخۆش زیاتر لە هەرێمێکی ئاوهەوای هەیە،

ئەوەی تایبەتە بە ئاوهەوای ناوچەی لێکۆڵینەوەی بەشی هەرە باکور و باکوری خۆرهەڵات لە جۆری هەرێمی ئاوهەوای دەریای ناوەڕاست و هاوینی مامناوەند(Csb)، لە بەشی باشوری، هەرێمی ئاوهەوای دەریای ناوەڕاست و هاوینی گەرمە(Csa)، لە باشوری ئەم هەرێمە ئاو هەواییە، هەرێمی تری ئاو هەوایی هەیە لە جۆری ئاوهەوایی ئەستەبس(گەرمەسێر)ە(Bs)، لە هەرە باشوری ناوچەی لێکۆڵینەوە هەرێمی ئاوهەوایی بیابانی گەرم (Bw)[1] بوونی هەیە. بڕوانە نەخشەی ژمارە(٤).

بەڵام ئەوەی بابەتی توێژینەوەکەمانە و کاریگەرییان لە سەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکان هەیە، بریتین لە دوو ڕەگەزی ئاوهەوایی، ئەوانیش:

١- پلەکانی گەرما:

پلەکانی گەرمی هەرێمی کوردستان جیاوازە بە جیاوازی شەو ڕۆژ، مانگەکان، وەرزەکان، ئەمەش وادەکات تێکڕای پلەکانی گەرمی لە نێوان مانگەکان و وەرزەکانی هەرێمی کوردستاندا جیاواز بێت و سەرپەڕی پێوە دیار بێت. بۆ نمونە تێکڕای پلەی گەرمی ساردترین مانگی ساڵ کە مانگی کانوونی دووەمە لە هەرێمدا ( ٧°) سلیزییە، بەڵام تێکڕای پلەی گەرمی گەرمترین مانگی ساڵ کە مانگی تەمووزە بەرزدەبێتەوە و دەگاتە (٤٣)°سلیزیی، کەواتە جیاوازی نێوان ساردترین مانگ و گەرمترین مانگ لە هەرێمی کوردستاندا (٣٦)°پلەی سلیزییە[2] ، ئەم جیاوازییە فراوانە بۆ وەرزەکانیش هەر وایە.

بەڵام ئەوەی تایبەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە تێکڕای پلەی گەرمی لە وەرزی هاویندا لە نێوان (٢٨- +٣٢)° سەدییە، بەڵام لە وەرزی زستاندا لە نێوان ( کەمترە لە ٤ - +١٠ )°سەدییە[3]، بڕوانە نەخشەکانی ژمارە (٥، ٦).

لە هەندێك ڕۆژی زستاندا پلەکانی گەرما لە هەندێك ناوچەی هەرێم دا بۆ زیاتر لە (-١٥)ی سەدی دادەبەزێت، ئەمەش کاریگەری دەبێت لە سەر جوڵەی و تەندروستی هاوڵاتیان و زیان گەیاندن بە سەروماڵیان، هەر لەبەر ئەمەشە لەوەها دۆخێکی ناهەمواری کەش و هەوادا بە بڕیاری فەرمی پشوو لە داموو دەزگاکانی میری ڕادەگەیەندرێت.

باشترین پلەی گەرمی کە مرۆڤ هەست بە دڵخۆشی و ئاسودەیی بکات ( ١٨-٢٤°) سەدییە، لەم پلە گەرمییەدا مرۆڤ چالاکانە سەرجەم چالاکییەکانی ئەنجامدەدا [4] .

٢-دابارین:

لە هەرێمی کوردستاندا دوو هەرێمی ئاو هەوایی بەدیدەکرێت، جۆری یەکەمیان ناوچەی باکور و باکوری خۆرهەڵاتی هەرێم دەگرێتەوە و تێکڕای داربارین زیاترە لە (٥٠٠) ملم، بە هەرێمی ئاوهەوای دەریای ناوەڕاست (Cs) دەناسرێت، هەرچی هەرێمی دووەمە دەکەوێتە باشورو باشوری خۆرئاوای هەرێمی ئاوهەوایی یەکەم و کەمتر لە (٥٠٠) ملم بارانی لێدەبارێت و

---

(١)- هاشم یاسین حمد امین حداد و ئەوانی تر، ئەتڵەس هەرێمی کورستانی عێراق و جیهان، چاپی یەکەم، تێ نوس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری- هەولێر، ٢٠٠٩، ل٤٨.

(٢)- عەبدوڵلا غەفوور، جیۆگرافیای باشوری کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٤٨- ٤٩.

(٣)- هاشم یاسین حمد امین حداد و ئەوانی تر، ئەتڵەس هەرێمی کورستانی عێراق و جیهان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩-٥٠.

(٤)- ابراهيم بن سليمان الاحيدب، المناخ والحياه دراسة في المناخ التطبيقي، مكتبة الملك فهد- الرياض، ١٤٢٣هـ. ص١٠١- ١٠٢ و١٠٦.

**نەخشەی ژمارە (٤)**

**هەرێمە ئاوهەواییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە: هاشم یاسین حمد امین حداد و ئەوانی تر، ئەتڵەس هەرێمی کورستانی عێراق و جیهان، چاپی یەکەم، تێ نوس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری- هەولێر، ٢٠٠٩، ل٤٨.

هاوینی گەرم و زستانی کەمتر سارده و زۆر بەکەمی بەفری لێدەبارێت بە هەرێمی ئاوهەوایی نیمچە ووشك (گەرمەسێر) (WS) دەناسرێت[١].

لە هەرە باشوری ناوچەی لێکۆڵینەوە تێکڕای دابارین لە دەوروبەری (٣٠٠) ملم دەبێت و زیاتر لە جۆری بارانیشە، بەڵام تا بەرەو باکورو باکوری خۆرهەڵات بڕۆین بڕی دابارین زیاتر دەبێت و زیاترە لە (٨٠٠) ملم، بڕوانە نەخشەی ژمارە (٧). ئـــەگەر چی بەفر لە هەموو ناوچەی لێکۆڵینەوە دەبارێت، بەڵام ڕێژە و ڕۆژی کەوتنی جیاوازە، بۆ نمونە لە هەرە باشوری ناوچەی لێکۆڵینەوە ڕەنگە تەنها یەك ڕۆژ بکەوێت، بەڵام لە هەرە باکوری ناوچەی لێکۆڵینەوە زیاتر لە (١٢)[٢] ڕۆژ بەفر دەکەوێت و لە هەندێك ڕۆژدا، بە تەواوی چالاکی و جموجوڵی هاوڵاتیان دەوەستێنێت. بڕوانە نەخشەی ژمارە(٨).

پلەکانی گەرماو دابارین لە دیارترین ڕەگەزە ئاوهەواییەکان دادەنرێن کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لە سەر پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەردوو وەرزی زستان و هاویندا هەیە، بۆ نمونە لە ئەگەری ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە وەرزی زستاندا کاریگەری دەبێت لە سەر:

---

(١)- ئازاد نەقشبەندی، کەشوهەوای هەرێمی کوردستانی عێراق، جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق- هەولێر، ١٩٩٩، ل٧٨.

(٢)- هاشم یاسین حمد امین حداد و ئەوانی تر، ئەتڵەس هەرێمی کورستانی عێراق و جیهان، چاپی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١-٥٢.

نەخشەی ژمارە (٥)

تێکڕای پلەی گەرمای هاوینی ناوچەی لێکۆڵینەوە




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە هاشم یاسین حمد امین حداد و ئەوانی تر، ئەتڵەس هەرێمی کورستانی عێراق و جیهان، چاپی یەکەم، تێ نوس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری- هەولێر، ٢٠٠٩، ل٤٩.

أ- پرۆسەی بانگەشە: لە ئەگەری ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە وەرزی زستاندا کاریگەری لە دوو لایەنەوە دەبێت، ئەوانیش:

١- پارتەکان وەك پێویست ناتوانن کەمپینی بانگەشەی هەڵبژاردن لە شار و شارۆچکە و گوندەکانی هەرێم بکەن، مەگەرلە شوێنە داخراوەکاندا، ئەمەش کاریگەری دەبێت لە سەر بەشداریکردنی ژمارەیەکی کەمتری هاوڵاتیان و ئاشنا نەبـــوونی وەك پێویستی دەنگدەران بە بەرنامەی هەڵبژاردنی بەربژێر و لیستە ڕامیاریەکان. ئەمە جگە لە بەرزبونەوەی تێچوونی دارایی پرۆسەی بانگەشە، کەواتە هەڵبژێران وەك پێویست ناتوانن بەشداری کەمپینی هەڵبژاردنی پارتی لایەنگر بکەن و ڕەنگە وەك پێویست نەتوانن شارەزای بەرنامەی هەڵبژاردنی بەربژێر و لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن بەگشتی بکەن.

٢- سەرما و دابارین (بەفر، تەرزە، باران) هۆکارن بۆ سنوردارکردنی چالاکی بانگەشەی هەڵبژاردن و هۆکارەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن (ئاڵاو لۆگۆ، پۆستەر، لافیتە، بلندگۆ..)و دڕاندن و خراپکردنیان، ئەمەش جگە لە پیسکردنی ژینگە، کاریگەری نەرێنی هەیە لە سەر نەپێکانی ئەو ئامانجانەی کە بۆی بەکارهێنراون و زیانگەیاندنی ئابوری بە بەربژێر و لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن.

**نەخشەی ژمارە (٦)**

**تێکڕای پلەی گەرمی زستانی ناوچەی لێکۆڵینەوە**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە هاشم یاسین حمد امین حداد و ئەوانی تر، ئەتڵەس هەرێمی کورستانی عێراق و جیهان، چاپی یەکەم، تێ نوس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری- هەولێر، ٢٠٠٩، ل٥٠.**

**ب- ڕۆژی دەنگدان:**

**لە ئەگەری دابارین بەگشتی و بارینی بەفر بە تایبەتی و دابەزینی پلەکانی گەرما، کاریگەری لەسەر دابەزینی ڕێژەی بەشداری هەڵبژێران لە پرۆسەی هەڵبژاردندا دەبێت، چونکە کاریگەری ڕاستەخۆی لە سەر جوڵەی هۆیەکانی هاتووچۆ و نەگەیشتنی کارمەندانی کۆمسیۆن و چاودێران و میدیاکاران و هەڵبژێران بە بنکە و وێستگەکانی دەنگدان دەبێت، ئەمە جگە لە زیانە تەندروستییەکان، بۆ نمونە ڕێژەی بەشداری دەنگدەران لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان کە لە ١٩٩٢/٥/١٩ (وەرزی بەهار) ئەنجامدرا (٨٧,٤٪)[1]بووە، بەڵام ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان کە لە٢٠٠٥/١/٣٠ (وەرزی زستان) ئەنجامدرا دادەبەزێت بۆ (٨٤,٧٪)[2]، واتە بەشداری بەڕێژەی (-٢,٥٣٪) لە چاو خولی یەکەم دابەزیوە. دەتوانین بڵێین ڕەنگە یەکێك لە هۆکارەکان دۆخی ئاوهەوایی بوبێت لە ڕۆژی دەنگداندا، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤) و پاشکۆی ژمارە (١).**

(١)- سلێمان مستەفا حسەن، کورد و یەکەم ئەزمون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١.

(٢) - المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، ملخص لانتخابات برلمان اقليم كوردستان٢٠٠٥، غير منشور، بدون رقم الصفحة.

نەخشەی ژمارە (٧)

تێکڕای دابارین لە ناوچەی لێکۆڵینەوە




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە هاشم یاسین حمد امین حداد و ئەوانی تر، ئەتڵەس هەرێمی کورستانی عێراق و جیهان، چاپی یەکەم، تێ نوس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری- هەولێر، ٢٠٠٩، ل٥١.

بەڕوانین لە خشتەی ژمارە (٤) دەبینین لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا تێکڕای پلەی گەرمی لە نێوان (٨,٣-٩,٢)° سەدییە، ئەمەش بەواتای ساردی کەش و هەوای ڕۆژی هەڵبژاردن دێت و بەنزیکەیی (١٠°) سەدی لە خوار ئەو پلە گەرمییەوە کە مرۆڤ هەست بە ئاسودەی دەکات، جگە لەوەی لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم دابارین هەبووە بە ڕێژەی جیاواز و لە نێوان (٠,٣-٣٠) ملم بووە، ئەو دوو فاکتەرەی کە ئاماژەی پێکرا کاریگەری هەبووە لە دروستکردنی ئاستەنگ لە بەڕێوەچوونی پرۆسەکە بە شێوەیەکی ئاسایی.

لە ئەگەری ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن لە وەرزی هاویندا (هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمان لە ٢٥ی تەمووزی ٢٠٠٩ بەنمونە)، بەهۆی بەرزی پلەی گەرماوە دەبێتە هۆی:

١- سنوردارکردنی بەشداری هەڵبژێران و هەواداران لە کەمپینی پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردنی بەربژێر و پارتە دڵخوازەکان لە کاتی گەرمای ڕۆژ و دروست بوونی قەرەباڵغییەکی یەکجار زۆر لە کاتە فێنکەکان و دروست بوونی ئاستەنگ بۆ هاتوچۆی شۆفێران، گەشتیاران، ڕێبواران.

٢- بەشدارینەکردن لە پرۆسەی دەنگدان لە کاتژمێرە گەرمەکانی ڕۆژی دەنگدان (١٠ی پێشنیوەڕۆ - ٤ پاش نیوەڕۆ)، پاشان لەکاتە فێنکەکاندا قەرەباڵغییەکی زۆر لە سەر بنکە و ناوەندەکانی دەنگدان دروست دەبێت، لە ئەگەری درێژنەکردنەوەی ماوەی

## نەخشەی ژمارە (٨)

## ڕۆژانی کەوتنی بەفر لە ناوچەی لێکۆڵینەوە




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە: هاشم یاسین حمد امین حداد و ئەوانی تر، ئەتڵەس هەرێمی کورستانی عێراق و جیهان، چاپی یەکەم، تێ نوس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری- هەولێر، ٢٠٠٩، ل٥٢.

## خشتەی ژمارە (٤)

دۆخی کەش و هەوا لە ڕۆژی دەنگدان لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (٢٠٠٥/١/٣٠)

| پارێزگا | پلەی گەرما | | | کۆی باران/ملم | خێرایی با کم/کاتژمێر |
|---|---|---|---|---|---|
| | بەرزترین | نزمترین | تێکرا | | |
| دهۆك | ١٥,٧ | ٢,٦ | ٩,٢ | ٣٠ | - |
| هەولێر | ١٤,٥ | ٣.٨ | ٩,٢ | ١,٧ | ٢,٢ |
| سلێمانی | ١٢,٨ | ٣,٧ | ٨,٣ | ٠,٣ | ١ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە سودوەرگرتن لە: وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی، بەشی ئامار، زانیاری کەشناسی، ڕاپۆرتی بلاّونەکراوە، ٢٠١٨/٣/١٩، بە بێ ژمارەی ل.

دەنگدان، ڕەنگە ببێتە هۆی دابەزینی ڕێژەی بەشداری دەنگدەران لە پرۆسەکەدا، لە ئەگەری درێژکردنەوەی ماوەی دەنگدانیش ئەنجامدانی کاری نایاسایی بۆ زیادکردنی دەنگ بە دوور نازانرێت، بۆ زانینی دۆخی کەش و هەوا لە ڕۆژی هەڵبژاردن خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٥) .

خشتەی ژمارە (٥)

دۆخی کەش و هەوا لە ڕۆژی دەنگدان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)

| پارێزگا | پلەی گەرما | | | کۆی باران/ملم | خێرایی با کم/کاتژمێر |
|---|---|---|---|---|---|
| | بەرزترین | نزمترین | تێکڕا | | |
| دهۆك | ٣٧,٥ | ٢٧,٥ | ٣٢,٥ | ٠ | ١ |
| هەولێر | ٣٩,٥ | ٢٨,١ | ٣٣,٨ | ٠ | ١,٦ |
| سلێمانی | ٣٩ | ٢٦ | ٣٢,٥ | ٠ | ٠,٨ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە سودوەرگرتن لە: وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی، بەشی ئامار، زانیاری کەشناسی، ڕاپۆرتی بلاَونەکراوە، ٢٠١٨/٣/١٩، بە بێ ژمارەی ل.

بە تێبینیکردنی خشتەی ژمارە (٥) دەبینین تێکڕای پلەی گەرمی لە نێوان (٣٢,٥° - ٣٣,٨°) پلەی سەدییە، ئەمەش بە واتای بەرزی پلەکانی گەرما دێت لە ڕۆژی دەنگداندا، دواجار کاریگەری نەرێنی لە سەر بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدان دەبێت، چونکە تێکڕا نزیکەی (١١)°پلەی سەدی لە سەرو ئەو تێکڕا پلەی گەرمییەوەیە کە مرۆڤ (دەنگدەران) تێیدا هەست بە ئاسودەیی دەکەن.

## باسی دووەم: هۆکارە مرۆییەکان:

مەبەست لە هۆکارە مرۆییەکان، بریتیە لە هەموو ئەو هۆکارانەی کە پەیوەستە بە خودی مرۆڤ و هەموو ئەو چالاکییە جۆراوجۆرانەشی کە ڕۆژانە ئەنجامی دەدات، کاریگەریەکی زۆر گەورەی لە سەر بڕیاردانی ڕامیاری و هێزی دەوڵەت و پێگە نێودەوڵەتییەکەی هەیە[1].لەم باسەدا کاریگەری فاکتەرە مرۆییەکان لە سەر هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی هەرێم دەخەینە ڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم باسەمان دابەشی سێ تەوەر کردووە کە بریتین لە:

### تەوەری یەکەم: تایبەتمەندییەکانی دانیشتوان:

دانیشتوان گرنگترین پێکهاتە و بەنرخترین سامانی دەوڵەتە، چونکە دەرخەری ڕووی شارستانییەتی دەوڵەتە، داڕێژەرانی یاسا و سیستمی فەرمانڕەوایی و ڕۆڵی ڕامیاری دەوڵەتن، توانا و ڕۆڵی هەر دەوڵەتێك پەیوەستە بە تایبەتمەندییەکانی دانیشتوانەکەیەوە[2] .چونکە دانیشوان فاکتەرێکی زیندوو (عامل حيوي)ی دینامیکی جولاَوە لە ناو هەر یەکەیەکی ڕامیاریدا، هەر بۆیەش جوگرافیای ڕامیاری لە هەردوو ڕووانگەی ئەسنۆگرافی (وەچە، ئاین، زمان)و دیمۆگرافی (دانیشتوان، ژمارە، جۆر، چڕی، دابەش) گرنگی بە دانیشتوان دەدەن[3] .

دانیشتوان کاریگەری گەورەی لە سەر پرۆسەی هەڵبژاردنی هەر یەکەیەکی ڕامیاری هەیە، چونکە بەشێك لە دانیشتوان بە دروستکردنی کۆمسیۆنی تایبەت بە هەڵبژاردنەکان هەڵدەستن، پرۆسەکەش بۆ دانیشتوانی یەکەیەکی ڕامیاری دەکرێت، بەشێك لە دانیشتوان دەنگدەرن و بەشداری پرۆسەکە دەکەن و بەشێکی تریش لە دانیشتوان بەربژێرن وەك نوێنەری خۆیان دەنێردرێن بۆ ئەو پۆستە یان ئەو پۆستانەی هەڵبژاردنەکەی بۆ بەڕێوەدەبرێت (سەرۆك، پەرلەمان، ئەنجومەنی پارێزگا...تاد.)، پاشانیش ئەو حکومەتەی پێکدێت یان ئەو دەسەلاَتەی پێکدەهێنرێت لە لایەن ژمارەیەکی کەمی دانیشتوانە (بەربژێرە سەرکەوتوەکان) فەرمان ڕەوایی دانیشتوان (گەل) دەکەن، ئەو بەرنامەیەشی کە جێبەجێی دەکەن کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر تەواوی

(١)- قاسم الدويكات، الجغرافيا السياسية، الطبعة الاولى، مطبعة مركز الكتاب الاكاديمي- عمان، ٢٠١١، ص١٥١.

(٢)- طه عبدالعليم رضوان، الجغرافيا السياسية المعاصرة، بدون عدد الطبعة، مكتبة الانجلو المصرية- القاهرة، ١٩٩٨، ص٢٣٥.

(٣)- حسام الدين جاد الرب، الجغرافيا السياسية، الطبعة الاولى، الدار المصرية اللبنانية- القاهرة، ٢٠٠٩، ص١٧٣.

دانیشتوانی یەکە ڕامیارییەکە دەبێت. ئەنجامدان و ئەنجامی پرۆسەکە لە خولێك تا خولێکی تر تەنانەت لە یەك خولی هەڵبژاردنیش بە پێی ناوچە جوگرافییە جیاوازەکان دەکەوێتە سەر تایبەتمەندییەکانی دانیشتوان کە بریتین لە:

یەکەم: قەبارەی دانیشتوان:

قەبارەی دانیشتوان بە سەرچاوەی هێزی دەوڵەتان دادەنرێت لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و یەکێکە لەو هۆکارە کاریگەرانەی ڕۆڵی لە سەر هەڵسوکەوتی دەوڵەتان لە شانۆی جیهاندا هەیە[1]. ئەفلاتۆن پێی وابوو قەبارەی دانیشتوان ڕۆڵی لە دروستکردنی حکومەتی دەستوری و دەسەلاتێکی جێگیر هەیە، هەروەها ئەرستۆ پێی وابوو هۆکارێکە کاریگەری لە سەر گۆڕینی سیستمی فەرمانڕەوایی هەیە[2] .

حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەنگە یەکێك بێت لە حکومەتە ناوازەکانی جیهان کە داتایەکی دروست و باوڕپێکراوی لەبەردەستا نەبێت سەبارەت بە قەبارەی دانیشتوانی هەرێمەکەی، ئەویش لەبەر کۆمەڵێك فاکتەر کە بریتین لە:

١- ئەنجامنەدانی سەرژمێری گشتی لە ساڵی ١٩٨٧ەوە.

٢- کۆچی بەردەوامی کوردستانیان بەگشتی و لاوان بە تایبەتی بۆ هەندەران لە ساڵی ئەنجامدانی سەرژمێریەکەوە (١٩٨٧) تا ئێستا.

٣- هاتنی سەدان هەزار دەربەردەری عێراقی لە پاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە ساڵی٢٠٠٣.

٤- هاتنی دەیان هەزار ئاوارەی سوری لەپاش سەرهەڵدانی جەنگی ناوخۆیی لە کۆماری سوریا لە ساڵی ٢٠١١ەوە.

ئەم هۆکارانە وایان کردووە داتایەکی ورد و باوەڕپێکراو لە بەردەستی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نەبن، ژمارەی دانیشتوانی هەرێم کە بە پێی ژمارەدانان و گەمارۆسازی (الحصر والترقیم) لە ساڵەکانی ٢٠٠٩ و ٢٠١٠ ئەنجام دراون یەك لە دوای یەك (٤,٦٩٨,٧٩٠)و (٤,٩٠٩,٨٨٤) کەسن، بەڵام ژمارەی دانیشتوانی هەرێم بە پێ کۆبونی خۆراك بۆ هەر دوو ساڵی ٢٠٠٩ و ٢٠١٠ یەك لە دوای یەك (٤,٠٢٥,٧٥٠)و (٤,١٣٨,٢٩٧) کەسن، بڕوانە خشتەی ژمارە (٦) .

خشتەی ژمارە (٦)

دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە پێی ژماردن و گەمارۆسازی و کۆبوونی خۆراك بۆ ساڵانی ٢٠٠٩ و ٢٠١٠.

| پارێزگا | ساڵ | | | | جیاوازی نێوان ساڵانی ٢٠٠٩-٢٠١٠ | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٢٠٠٩ | | ٢٠١٠ | | گەمارۆسازی | | کۆبوونی خۆراك | |
| | ژماردن و گەمارۆسازی | کۆبوونی خۆراك | ژماردن و گەمارۆسازی | کۆبوونی خۆراك | ژمارە | (٪) | ژمارە | (٪) |
| دهۆك | ١,١٧٧,٧١٤ | ٩٦١,٨٨٠ | ١,٢٣٤,٤٩٩ | ١,٠٠٥,١٩٠ | ٥٦,٧٨٥ | ٤,٨٢ | ٤٣,٣١٠ | ٤,٥ |
| هەولێر | ١,٧١٧,٢٨٤ | ١,٤٢٨,٦٧٧ | ١,٨٢٠,١٢٠ | ١,٤٦٢,٦٥٠ | ١٠٢,٨٣٦ | ٦ | ٣٣,٩٧٣ | ٢,٣٧ |
| سلێمانی | ١,٨٠٣,٧٩٢ | ١,٦٣٥,١٩٣ | ١,٨٥٥,٢٦٥ | ١,٦٧٠,٤٥٧ | ٥١,٤٧٣ | ٢,٨٥ | ٣٥,٢٦٤ | ٢,١٥ |
| سەرجەم | ٤,٦٩٨,٧٩٠ | ٤,٠٢٥,٧٥٠ | ٤,٩٠٩,٨٨٤ | ٤,١٣٨,٢٩٧ | ٢١١,٠٩٤ | ٤,٥ | ١١٢,٥٤٧ | ٢,٨ |

سەرچاوە: وەزارەتی پلاندانان/دەستە ئاماری هەرێمی کوردستان، ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی،

-http://www.mop.gov.krd/index.jsp?&lng=ku,١٤June٢٠١٧,p.٢-٣.

وەك لە خشتەی ژمارە (٦) دەبینین، جیاوازیەکی زۆر لە ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێم لە یەك ساڵدا هەیە، ئەوەمان پێدەڵێن ڕێژەی زیاد بوونی دانیشتوانی هەرێم (٢,٨٪)، بەڵام لە سەر ئاستی پارێزگاکان جیاوازە و بەرزترین ڕێژە بەر

(١) - محمد محمود ابراهیم الدیب، الجغرافیا السیاسیة منظور معاصر، مصدر سابق، ص٥٦٧.

(٢) - فتحي محمد ابوعیانة، الجغرافیا السیاسیة، بدون عدد العطبعة، دار المعرفة الجامعیة، ١٩٨٣، ص٧٢- ٧٣.

پارێزگای دهۆك دەكەوێت (٤,٥٪)و لە هەولێر (٢,٣٧٪)و لە سلێمانی ( ٢,١٥٪) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ كۆمەڵێك هۆكاری رۆشنبیری و كلتوری و ئابوری، هەر لەبەر ئەوەشە قەبارەی خێزان لە پارێزگای سلێمانی بچوكە چ لەسەر ئاستی هەرێم، چ بەراورد بە پارێزگاكانی تری هەرێم و عێراق. بڕوانە خشتەی ژمارە (٧) .

خشتەی ژمارە (٧)

قەبارە خێزان لە پارێزگاكی هەرێم و عێراقدا لە ساڵی ٢٠٠٩دا.

| پارێزگا | قەبارەی خێزان |
|---|---|
| دهۆك | ٧ |
| هەولێر | ٥,٢ |
| سلێمانی | ٤,٩(*) |
| تێكرای پارێزگاكانی عێراق | ٦,٧ |

سەرچاوە:جمهورية العراق- وزارة التخطيط، التعداد العام للمباني والمساكن والمنشات والاسر سلسلة تقارير الترقيم و الحصر، بدون اسم مطبعة، بدون سنة الطبع، ص٢٥.

ڕێژەی سەدی گەشەی ژماردن و گەمارۆسازیی لە هەرێم لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠١٠) جیاوازە و بەرزترە لە ڕێژەی سەدی گەشە بە پێی كۆبوونی خۆراك بە جۆرێك لەسەر ئاستی هەرێم (٤,٨٢٪) لە پارێزگای هەولێر (٦٪)ە، لە پارێزگای سلێمانی (٢,٨٥٪)ە، لە پارێزگای دهۆك (٤,٨٢٪)ە، هۆكاری زیاد بوونی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ بە پایتەخت بوونی هەولێر و بوونی دامەزراوەكانی سەرۆكایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەكان و پەرلەمان و قونسوڵ و نوێنەرایەتی وڵاتە بیانیەكان و بەشێك لە كۆمپانیا ناوخۆیی و جیهانییەكان، ئەمانەش وادەكەن زۆرترین هەلی كار بەردەست بێت و زۆرترین هاوڵاتی بخاتە سەر كار، هەرچی پارێزگای دهۆكیشە بەهۆی بوونی دەوازەی ئیبراهیم خەلیل لە نێوان كۆماری توركیا و هەرێم جموجوڵێكی بازرگانی بەرفراوانی تێدایە، ئەوەی تایبەتە بە پارێزگای سلێمانی چ بە هۆی هەڵكەوتەی جوگرافی و چ بە هۆی نەبوونی هیچ یەكێك لە دەسەڵاتەكانی هەرێم چ بە هۆی سیستمی كارگێڕی هەرێم و نەبوونی لامەركــەزی كارگێڕی كاریگەری هەبووە لە سەر دۆخی ئابوری پارێزگاكە، سەرەڕای ئاریشە ڕامیاری و كارگێڕیەكانی خودی پارێزگاكە، ئەمانەش هۆكاربوون بۆ ڕاكێشانی كەمترین هاوڵاتیانی پارێزگاكانی تری عێراق و دەرەوەی عێراق.

بەگشتی ئەم داتایانە سەروەی پشتی پێنابەسترێت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكان، بەڵكو كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكانی عێراق تۆماری دەنگدەرانی تایبەت بەخۆی هەیە كە پێش هەر هەڵبژاردنێك نوێ دەكرێتەوە[1] بەڵام دەكرێت داتاكانی كۆبوونی خۆراك وەك بنەمایەك بەكاربهێنرێت بۆ زانینی ڕێژەی زیادبوونی دانیشتوان و زیاد بوونی ڕێژەی هەڵبژێران لە لایەن كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكانەوە.

زیاد بوونی قەبارەی دانیشتوان كاریگەری لە سەر پرۆسەی هەڵبژاردن هەیە لەم ڕووانەی خوارەوە:

١- نوێكردنەوەی تۆماری دەنگدەران و مافدان بە بەشداریكردنی ژمارەیەكی زیاتری هەڵبژێران لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، ئەمەش پێویستی بە ئامادەكردنی پێش پرۆسەكانی هەڵبژاردن دەبێت وەك كردنەوەی ژمارەیەكی زیاتری ناوەندی تۆماری دەنگدەران و بنكە و وێستگەی دەنگدان، بە پێچەوانەشەوە.

---

(*)- یەكێك لەهۆكاری بچوكی قەبارەی خێزان لە پارێزگای سلێمانی درەنگ خێزان دروستكردنە بۆ نمونە ناوەندی پێكهێنانی خێزان لە پارێزگای سلێمانی (٢٧,١) ساڵییە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لای لاوانی پارێزگای هەولێر دادەبەزێت بۆ (٢٥,٩) ساڵ و لای لاوانی پارێزگای دهۆك دادەبەزێت بۆ (٢٢,٨) ساڵ. جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، معدل الزواج والطلاق الخام و متوسط العمر عند الزواج لسنة ٢٠١٣، بدون رقم الصفحة.

(١)- وەزارەتی پلاندانان، دەستە ئاماری هەرێمی كوردستان، ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی،

- http: //www. mop. gov. krd/index. jsp?&lng=ku,١٤June٢٠١٧,p. ٢- ٣.

٢- ژمارەیەکی زیاتری بەربژێرەکان نوێنەرایەتی دانیشتوان دەکەن، ئەمەش وا دەکات ژمارەیەکی زیاتر لە بەربژێرەکان ململانێی هەڵبژاردن بکەن و ژمارەی لیستە ڕامیارییەکانی بەشداری پرۆسەکە زیاتر دەبن.

٣- پرۆسەکە کاتی زیاتر و تێچووی دارایی زیاتری دەبێت (١).

دووەم: گەشەی دانیشتوان:

زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان، کاریگەری لە سەر هێزی دەروونی هەیە و ئەمەش کاریگەری لە سەر هێزی دەوڵەت هەیە، چونکە ژمارەی دانیشتوان بە واتای زیندویەتی دەوڵەت دێت، ئاماژەیە بۆ دڵنیایی نەتەوەیی و هەستکردن بە دڵنیایی (٢). بۆیە لە ئەگەری زیادبوونی دانیشتوان (سروشتی، ناسروشتی) پێویستی بە تازەکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و هەنگاوەکانی تری ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن دەبێت. بۆ نمونە ڕێژەی زیاد بوونی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی (٢٠١١-٢٠١٢) دا (٣٪) بووە (٣)، لە ئەگەری بەردەوام بوونی بەم ڕێژەیە ئەوا لە هەر خولێکی هەڵبژاردندا بەربژێران بە ڕێژەی زیاتر (٣٪) ڕێژەی بەربژێرانی پێشوو مافی بەشداریکردنیان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا دەبێت.

سێیەم: دابەش بوونی ژینگەی جوگرافی دانیشتوان:

دابەش بوونی ژینگەی جوگرافی دانیشتوان بەمانای دابەشبوونی دانیشتوان دێت بە گوێرەی شارنشین و گوندنشین، تایبەتمەندییەکانی هەریەکەیان لەم ڕوانەوە دەردەکەوێت کە بریتین لە:

١-شارنشین: دانیشتوانی شارنشین بەهۆی دۆخی تایبەتی شارەکان لە ڕووی ئاستی ڕۆشنبیری و زانستی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و بەرزی هۆشیاری ڕامیاری، دید و تێڕوانییان بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن جیاوازترە لە دانیشتونی گوندنشینان، ئەمەش وا دەکات هەردوو ڕەگەز بەشێوەیەکی کاراتر بەشداری پرۆسەی دەنگدان بکەن و دەنگ بەو لیستە ڕامیاری و بەربژێرانە بدەن کە کاردەکەن بۆ بەرزترکردنەوەی ئاستی دارایی و زانستی و ڕۆشنبیری و خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانییان، جگە لەوەی زیاتر ئارەزووی دەنگدان بە پارتە نوێخواز(*) و بەربژێرە لاوەکان و بەرنامە نوێییەکان دەکەن(٤) ئەمە لە کاتێکدایە عێراق بە یەکێك لە وولاتە گەنجەکان دادەنرێت لە جیهاندا، چونکە نزیکەی نیوەی ژمارەی دانیشتوانەکەی تەمەنیان لە ژێر (٢١) ساڵییەوەیە(٥).

شارنشینانی هەرێم (٧٩٪)ی کۆی دانیشتوانی حکومەتی هەرێم پێکدەهێنن(٦). شارنشیان ڕۆڵی یەکلا کەرەوەیان لە سەرکەوتنی لیستێکی دیاریکراو و بەدەستهێنانی زۆرترین ڕێژە لە دەنگ و کورسی پەرلەمانی هەیە، ئەوەیش بەهۆی بەرزی ڕێژەی دەنگدەران و یەکلاییکردنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە. ئەگەر بڕوانین پاش ئەوەی لیستی گۆڕان بەشداری هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمان دەکات لە کاتێکدا هێشتا مۆڵەتی فەرمیشی لە حکومەتی هەرێم وەرنەگرتوە توانی (٤٤٥,٠٢٤)(٧) دەنگ بەدەستبهێنێت و ببێت بە لیستی ژمارە دوو لە کوردستاندا، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانیشدا

---

(١)- دیدار لەگەڵ بەڕێز هاوڕێ تۆفیق بەڕێوەبەری گشتی نوسینگەی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، سەرچاوەی پێشوو.

(٢)- محمد ازهر سعید السماك، الجغرافیا السیاسیة اسس و تطبیقات، بدون رقم الطبعة، دار الكتب للطباعة والنشر- الموصل، ١٩٨٨، ص١٤٤.

(٣)- دەستەی وەبەرهێنان- هەرێمی کوردستان، ڕاستی وەبەرهێنان،

- http: //www. kurdistaninvestment. org/downloads. html,٠١March٢٠١٧. p. ١.

(*)- بزوتنەوەی گۆڕان لە ناوەندی قەزای سلێمانی لە هەڵبژاردنی ٢١ی ئەیلولی٢٠١٣توانی (٤٨,٦٪) ی سەرجەمی دەنگەکان بە دەستبهێت، یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، ناوەندی سیاسی و جەماوەری یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان- سلێمانی، بەشی هەڵبژاردنی ناوەند، ڕاپۆرتی بلاونەکراوە. بە بێ ژمارەی ل.

(٤)- دیدار لەگەڵ بەڕێز هاوڕێ تۆفیق بەڕێوەبەری گشتی نوسینگەی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، سەرچاوەی پێشوو.

(٥)- نەتەوەیەکگرتوەکان، پرۆفایلی عێراق،

- http: //www. uniraq. com/index. php?option=com_k٢&view=item&layout=item&id=٢١٨٥&Itemid=٦٥٩&lang=ku,٢٧June٢٠١٧.

(٦)- وەزارەتی پلاندان و بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوەیەکگرتوەکان، بوونیاتنانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژێرخانی کۆمەڵایەتی- ئابوری، بە بێ شوێنی چاپ، کانونی یەکەمی ٢٠١٢، ل٣٨.

(٧)- پەرلەمانی کوردستان، مێژووی هەڵبژاردن خولی سێیەم ٢٠٠٩، =

ژمارەی دەنگەکانی زیاتر دەبێت و دەبێت بە (٤٧٦,٧٣٦)[١] دەنگ، ئەمەش بە واتای زیاد بوونی دەنگەکانی بە نزیکەی(١,١٪) ی دەنگەکانی خولی پێشووتر دێت.

٢- گوندنشین: بە هۆی دۆخی تایبەتی گوندنشینان لە نزمی ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابوری بە بەراورد بە دانیشتونی شارنشین، گوندنشینان کەمتر بەشداری پرۆسە ڕامیاریی و هەڵبژاردنەکان دەکەن بە تایبەتتر ڕەگەزی مێ، زیاتر سەرقاڵی ئیش و کاری ڕۆژانەی خۆیانن، لە ئەگەری بەشداریکردنیشیاندا، زیاتر ئارەزووی دەنگدان دەکەن بەو بەربژێر و لیستە ڕامیارییانە دەکەن کە مێژینەیەکیان لە خەباتدا هەیە و لای گوندشینەکان ناسراوترن، ئەمە جگە لەوەی زیاتر لە ژێر کاریگەری هۆز و خێل و ئاین و ناسیاوی و فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکانی دی دەنگدەدەن وەك دەنگدان بە بەرنامەی لیستە ڕامیارییەکە. گوندشینەکانی هەرێم بە پێی ئاماری ساڵی ٢٠١٢، (٢١٪) دانیشتوانی هەرێم پێکدەهێنن لە (٥,٣٠٨) گونددا نیشتەجێبوون، (٩٪)ی هێزی کاری هەرێمیان خستۆتە کار[٢] .

چوارەم: چڕی دانیشتوان:

چڕی دانیشتوانی هەرێم جیاوازەو چونیەك نیە، ئەمەش پەیوەستە بە دۆخی ژینگەی سروشی و فاکتەری مرۆیی بەتایبەتتر ڕامیاری دوژمنکارانەی پیادەکراوی حکومەتە یەك لەدوایەکە عێراقیەکان لە خاپورکردنی گوند و سوتماککردنی خاك و کیمیابارانکردنی گوند و شار و شارۆچکەکانی هەرێم، بڕوانە نەخشەی ژمارە (٩).

بەگشتی ناوچە تۆبۆگرافییە سەختەکان ژمارەی دانیشتوانیان کەمترە وەك لە ناوچەی دەشت و تۆبۆگرافیا کەم سەختەکان، ئەمە جگە لە توانای بەرهەمهێنانی خاك و گەشەسەندنی بەرهەمهێنان و بەدەرکەوتنی خاڵی بەیەکگەیشتنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و کڕین و فرۆشتن[٣] کاریگەری هەیە لە سەر دابەشبوونی دانیشتوان، سەرەڕای ئەوەی لە کۆتایی ساڵانی ١٩٨٨دا گوندەکانی هەرێم ڕوخێنران و لە ئۆردوگا زۆرەملێکان یان لەشارە گەورەکانی هەرێم نیشتەجێکران، بڕوانە نەخشەی ژمارە (١٠).

بۆ نمونە گوندەکانی پارێزگای سلێمانی پێش وێرانبوون لە ساڵی ١٩٧٧دا (٢,٥٢٧) گوند بووە بەڵام پێش ڕاپەڕین تەنها (١٨) گوند لە پارێزگاکەدا ماوە، باقی گوندەکانی تر کە ژمارەیان (٢,٥٠٩) گوند بووە وێران و خاپورکراوە، ئەمەش دەکاتە (٩٩,٣٪)ی کۆی گوندە خاپورکراوەکانی پارێزگاکە. بڕوانە خشتەی ژمارە (٨) .

پێنجەم: پێکهاتەی دانیشتوان:

مەبەستمان لە پێکهاتەی دانیشتوان بریتین لە:

١- پێکهاتەی تەمەن: مەبەست لە پێکهاتەی تەمەن دابەشکردنی تەمەنی دانیشتوانە بۆ سێ گروپی تەمەن، ئەوانیش منداڵ (٠-١٥)ساڵ، هێزی کار (١٦- ٦٥) ساڵ، بەساڵاچوان (+٦٥) ساڵ، هەرچی گروپی تەمەن منداڵە بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن ناکات، بەڵام ژمارە و ڕێژەیان، بەرچاو ڕوونی دەدات بە کۆمسیۆنی باڵای تایبەت بە پرۆسەی هەڵبژاردن و لیستە ڕامیارییەکان بۆ چۆنیەتی خۆی ئامادەکردنیان بۆ بەشداری پێکردن و بە دەستهێنانی دەنگیان لە هەڵبژاردنەکانی ئایندەدا، بەڵام هەرچی گروپی دووەمە(زۆرینەی ڕەهایان) مافی بەشدارییان لە پرۆسەی خۆبەربژێرکردن لە ناو لیستی تردا یان وەك لیستی سەربەخۆ هەیە، سەرەڕای ئەوەی مافی بەشداریکردنیان لە پرۆسەی دەنگدان و یەکلایی کردنەوەی ئەنجامی پرۆسەی دەنگدانیان هەیە، بێگومان

- http://perleman.org/Default.aspx?page=page&c=Parliament-History٢٠٠٩,٢٧july٢٠١٩.

(١)- پەرلەمانی کوردستان، خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان،

- http://perleman.org/Default.aspx?page=page&c=xol٤,٢٤july٢٠١٩.

(٢)- وەزارەتی پلاندان و بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوەیەکگرتوەکان، بوونیاتنانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژێرخانی کۆمەڵایەتی- ئابوری، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨ و٥٠.

(٣)- محەمەد شوانی، ئەنترۆپۆلۆژیای دانیشتون، چاپی یەکەم، ئاودێر بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٨٨.

نەخشەی ژمارە (٩)

ناوچە كیمیابارانكراوەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە




سەرچاوە: كاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە هاشم یاسین حمد امین حداد و ئەوانی تر، ئەتڵەس هەرێمی كورستانی عێراق و جیهان، چاپی یەكەم، تێ نوس بۆ چاپەمەنی و كاری هونەری- هەولێر، ٢٠٠٩، ل٦٥.

ئەم توێژەی تەمەن، زیاتر حەز لە گۆڕانكاری و دەنگدان بە پارت و بەربژێری نوێ دەكەن، ئەگەر چی دۆخی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و زانستی و ئابوری ڕۆڵی گەورەی هەیە لە نواندنی ڕەفتارێكی دیاریكراوی دەنگدان لای ئەم گروپە، بەڵام هەرچی گروپی بەساڵاچوانە، زیاتر ئارەزووی دەنگدان بە بەربژێر و لیستە ڕامیارییە نەگۆڕ و پارێزگارەكان دەكەن. لە هەرێمی كوردستاندا ساڵانە (١٤٠,٠٠٠) منداڵ لە دایك دەبن[١]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هەر خولێكی هەڵبژاردن زیاتر لە (٥٥٠,٠٠٠)[*] هەڵبژێری نوێ مافی بەشداریكردنیان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا دەبێت.

٢-پێكهاتەی جۆر: مەبەستمان لە دابەشكردنی دانیشتوانە بە پێی ڕەگەز (ژمارەی نێر بەرامبەر بە ١٠٠ مێ)، بەهۆی جەنگی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی كورد لە شەست و حەفتاكانی سەدەی ڕابوردوو پاشان جەنگی هەشت ساڵەی (ئێران- عێراق)و پاشتر جینۆسایدكردن ( ئەنفال و كیمیابارانكردن)و ئاوارە بوونی ژمارەیەكی زۆر لە ڕەگەزی نێر بۆ دەرەوەی كۆماری عێراق و پاشتر ڕاپەڕینی گەلی كوردستان و سەختی دۆخی ئابوری و شەڕی ناوخۆ (براكوژی) ڕۆڵێكی كاریگەری گەورەی لە سەر

(١)- حكومەتی هەرێمی كوردستان، چوارچێوەی ستراتیجی پاراستنی كۆمەڵایەتی، بە بێ ژمارەی چاپ و شوێنی چاپ، ٢٠١٦، ل٥.

(*)- دەشێت ساڵانە ئەم ژمارەیە زیاد بكات، ئەویش پەیوەستە بە ژمارەی دانیشتوان.

### نەخشەی ژمارە (١٠)

### ئۆردوگای زۆرەملێکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە هاشم یاسین حمد امین حداد و ئەوانی تر، ئەتڵەس هەرێمی کوردستانی عێراق و جیهان، چاپی یەکەم، تێ نوس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری- هەولێر، ٢٠٠٩، ل٦٤.

### خشتەی ژمارە (٨)

### ژمارەی قەزا و ناحیە و گوندە وێرانکراو و ئاوەدانکراوەکان لە پارێزگاکانی هەرێم لە نێوان ساڵانی (١٩٧٧ - ٢٠٠٩)

| وورده‌کاری | هەولێر | | | سلێمانی | | | دهۆک | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | قەزا | ناحیە | گوند | قەزا | ناحیە | گوند | قەزا | ناحیە | گوند |
| کۆی گشتی ساڵی ١٩٧٧ | ٧ | ٢٥ | ١٤٩٧ | ١٠ | ٢٤ | ٢٥٢٧ | ٥ | ١٧ | ١٣٧٩ |
| وێران بوو دوای ساڵی ١٩٧٧ | ٢ | ١١ | ١٢١٢ | ٤ | ١٨ | ٢٥٠٩ | - | ٤ | ١٠٣١ |
| ماوە لە پێش ڕاپەڕین | ٥ | ١٤ | ٢٨٥ | ٦ | ٦ | ١٨ | ٥ | ١٣ | ٣٤٨ |
| ئاوەدانکردنەوە دوای ڕاپەڕین | ٤ | ١٧ | ٩٠٥ | ١٠ | ٥٥ | ٢٢٥٧ | ٢ | ٩ | ٥٦٨ |
| کۆی گشتی ئێستا | ٩ | ٣١ | ١١٩٠ | ١٦ | ٦١ | ٢٢٧٥ | ٧ | ٢٢ | ٩١٦ |

سەرچاوە: لیستی کوردستانی (لیستی هاوبەشی یەکێتی و پارتی)، بەرنامەی لیستی کوردستانی نوێبوونەوە و ئاوەدانی، بە بێ شوێنی چاپ و ساڵی چاپ، ل٣١.

کۆچکردنی ژمارەیەکی زیاتری هاوڵاتیانی هەرێم هەبوو بە تایبەت لە ڕەگەزی نێر، ئەمەش کاریگەری هەبوو لە سەر کەمبوونەوەی ژمارەی دەنگدەرانی هەرێم.

ڕەگەزی نێر زیاتر ئارەزووی بەشداری پرۆسەی دەنگدان دەکەن، لە ئەگەری بەشداریکردنیشیاندا، زیاتر ئارەزووی دەنگدان بە بەربژێر و لیستە ڕامیارییە توندەڕەوەکان دەکەن بە بەراورد بە ڕەگەزی مێ، کە زیاتر ئارەزووی دەنگدان بەو بەربژێر و لیستە ڕامیارییە ئاشتی خوازەکان یان لیستی پارت و هاوپەیمانێتیە مەدەنییەکان دەکەن، ئەگەر چی ڕێژەی بەشداریکردنی ئافرەتان لە کاری سیاسیدا لە ژێر ڕێژەی ویستراوە (هاوتای ڕەگەزی نێر)، لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا تەنها (٦) ئەندام پەرلەمانی ڕەگەزی مێ بونە پەرلەمانتار، ئەمەیش دەیکردە (٥,٧٪)ی پەرلەمانتارانی ڕەگەزی نێر[1].

٣-پێکهاتەی ئەسنۆگرافی: مەبەستمان لە پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانە کە بریتین لە (کورد و تورکمان و عەرەب، کلدانی سریانی ئاشوری و ئەرمەن)، بە گەڕانەوە بۆ سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ڕێژەی پێکهاتەی ئسنۆگرافی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەم جۆرەی خوارەوە بووە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٩) .

خشتەی ژمارە (٩)

پێکهاتەی ئسنۆگرافی ناوچەی ئۆتۆنۆمی (سێ پارێزگاکەی هەرێم) لە ساڵی ١٩٧٧دا

| ژمار/ڕێژەکەی | عەرەب | کورد | فەیلی | تورکمان | ئەرمەن(*) | سریانی | هی تر | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ١٤٠,٠٤٢ | ١,٣٠٢,٣٥٤ | ٢٧٠ | ١٠,٣٦٠ | ١,٠٥٣ | ٢١,٤٨٥ | ٥,٠٢٤ | ١,٤٨٠,٤٨٨ |
| ڕێژە (٪) | ٩,٤٦ | ٨٧,٩٧ | ٠,٠٢ | ٠,٦٩ | ٠,٠٧ | ١,٤٥ | ٠,٣٤ | ١٠٠,٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە سوودوەرگرتن لە: مركز التطوير الامني/مديرية الامن العامة، التعداد القومي للسكان، مطبعة مديرية الامن العامة، بدون سنة الطبع، ص٥.

پاش ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ زۆرینەی عەرەبەکان هەرێمی کوردستانیان جێهێشت، بەڵام پاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس ژمارەیەك لە عەرەبەکان بە ناوی دەربەدەر (النازحين)(**) جارێکی تر ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردەوە.

نەتەوەی کورد کە زۆرینەی ڕەهای دانیشتوانی هەرێم پێکدەهێنێت، دەنگەکانیان دابەش دەبن لە نێوان بەربژێرو لیستە ڕامیارییە کوردییەکاندا، هەرچی دەنگدەری پێکهاتەی تورکمانەکانیشە زیاتر دەنگ بە پارتە تورکمانیەکانی بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن (پشکی کۆتای تورکمان) دەدەن(***)، ئەمە بۆ کلدانی و سریانی و ئاشوری و ئەرمەنیەکانیش هەر دروستە بەڵام

---

(١)- ابو سالار، تركيبة المجلس الوطنى لاقليم، جريده خەبات، العدد(٦٣٥)، ٢٥/ايلول١٩٩٢، ص٢.

(*)- پەیدابوونی ئەم ئایینزایە بۆچەرخی یازدەیەمی زایینی و چەرخەکانی دوایی دەگەڕێتەوە، ئەم ئاینزاییە بە زۆری لە نێوچەکانی باکوری کوردستان بلاْوبۆتەوە و لە چەرخی حەڤدەدا بووە بە ئاینی ڕەسمی شوێنی بنەڕەتیان باکوری کوردستانە، بەڵام لەبەر هۆکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی ناچاربوون ڕوو لەباشوری کوردستان بکەن، شوێنی سەرەکیی نیشتەجێبوونیان قەزای ناوەندی زاخۆ و ناحیەی باتێل...تاد.، ژمارەیان لە (١٥٠٠) کەس کەمترە، لە خولی دووەمی پەرلەمانەوە یەك کورسی کۆتا بۆ ئەرمەنەکان تەرخانکراوە، لە خولی دووەم دا بایزار ملکو اوهان سرکيس و لە خولی سێیەم دا ئارام شاهين داود باکويان و لە خولی چوارەم دا يروانت نيسان مارکۆس بطرس نوێنەری سەرکەوتوی ئەرمەنەکان بوون. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەرمەنیەکانی هەرێم و شوێنی جوگرافیایان، بڕوانە: ا- عەبدوڵلا غەفور، جوگرافیای کوردستان، چاپی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٩٤. ب- عەبدوڵلا غەفور، جیۆگرافیای باشوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٩.

(**)- بۆ زانینی ژمارە و ڕێژەی دەربەدەری عەرەب بۆ پارێزگا ئازادکراوەکان هەرێم، بڕوانە: ئەحمەد ڕەفیق کەریم، ڕەهەندەکانی پشت ئاوارە و دەربەدەر لە نێوان ساڵانی ١٩٦٨- ٢٠١٥ لە هەرێمی کوردستان لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای ڕامیاریدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین، ژمارە ٧، ٢٠١٦، ل١٠٥٧- ١٠٩٠.

(***)- ئەگەر بڕوانین لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، سەرجەمی دەنگی لیستە مەسیحیەکانی هەرێم (٢٠,٤٨٣) دەنگ بووە و دەکاتە ڕێژەی (١,١٪) ی کۆی دەنگە هەژمارکراوەکانی هەرێم، ئەمەش دەکاتە بەهای (١,٢) کورسی بەگشتی و (١,١) کورسی نەتەوەی کورد بەڵام (٦) کورسییان بەرکەوتوە، پێکهاتەی تورکمانیش بە هەمانشێوە (٢٩,٤٤٧) دەنگیان بە دەستهێناوە دەکاتە ڕێژەی (١,٦٪) کۆی دەنگە هەژمارکراوەکانی هەرێم، ئەمەش دەکاتە بەهای (١,٧) کورسی بەگشتی و بەهای (١,٦) کورسی نەتەوەی کورد، بەڵام (٥) کورسییان بۆ تەرخانکراوە. ئەمە بۆ هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانیش هەردروستە بۆ نمونە سەرجەمی دەنگی پێکهاتەی کلدان و سریان و ئاشوری و ئەرمەن(١٣,٤٩٩) دەنگ بووەو دەکاتە ڕێژەی (٠,٧٪) ی دەنگە هەژمارکراوەکانی هەرێم، ئەمەش دەکاتە بەهای (٠,٧٦) کورسی پەرلەمان بەگشتی و (٠,٦٩) کورسی نەتەوەی کورد بەڵام (٦) کورسییان بەرکەوتوە، لیستەکانی پێکهاتەی تورکمانیش بە هەمان شێوە (١٠,٨٨٩) دەنگیان بە دەستهێناوە و دەکاتە ڕێژەی (٠,٥٥٪) کۆی دەنگە هەژمارکراوەکانی هەرێم، ئەمەش دەکاتە بەهای (٠,٦) کورسی بەگشتی و بەهای (٠,٥٦) کورسی نەتەوەی کورد، بەڵام (٥) کورسییان بۆ تەرخانکراوە. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر بەرکەوتەی دەنگی لیستە بەشداربووەکان بڕوانە: أ- پەرلەمانی کوردستان، مێژووی هەڵبژاردن خولی سێیەم٢٠٠٩، سەرچاوەی پێشوو. ب- پەرلەمانی کوردستان، مێژووی خولی چوارەم پەرلەمانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو.

پێکهاتەی نەتەوەی عەرەبی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان بەهۆی نەگواستنەوەی کۆبوونی خۆراك و لاوازی و بەشدارینەکردنی لیستی عەرەبی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی هەرێم، تا ئێستا بەشدارییەکی ئەوتۆیان نەبووە چ لە بەشداری چ لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی هەرێم. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە تا ئێستا هیچ کورسییەکی کۆتا بۆ نەتەوەی عەرەب تەرخاننەکراوە لە پەرلەمانی کوردستان. بەڵام لە ئەگەری مانەوە و گواستنەوەی کۆبوونی خۆراکیان بۆ هەرێم ئەوا دەتوانن چ وەك لیست چ وەك دەنگدەر بەشێوەیەکی زۆر کارا لە بەرژەوەندی نەتەوەکەی خۆیان بەشداری هەڵبژاردنەکانی هەرێم بکەن و ململانێیەکی سەختی لیستە کوردییەکان بکەن.

٤- پێکهاتەی ئاینی: مەبەستمان لە ئاینزاکانی هەرێمی کوردستانە کە بریتین لە ئاینی (ئیسلام بە هەردوو مەزهەبی سونە و شیعەوە، مەسیحی، ئێزیدی، سابیئەی مەندانی، کاکەیی، شەبەك، زەردەشتی ...تاد.)، دین کاریگەری دوو لایەنەی لە سەر پرۆسەی هەڵبژاردن هەیە، بە تایبەت:

أ- ڕۆڵی هەیە لە قەدەغەکردنی دەنگدان بە لیستێکی دیاریکراو، وەك لیستێکی علمانی، ئاینزایەکی تر، لیستێکی تری مەزهەب جیاوازی هەمان ئاین.

ب- ڕۆڵی هەیە لە کۆکردنەوەی دەنگ بۆ بەربژێرێك یان لیستێکی دیاری کراو، ئەویش بە بەکارهێنانی دەق و تێکستە ئاینیەکان و مەستکردنی دەنگدەرانیان بە لێخۆشبوون و بەهەشت و نازو و نیعمەتەکانی لە ئەگەری دەنگدان بە بەربژێر و لیستی مەبەست، ئەمە جگە لەوەی هەر ئاینزاییەك دەنگ بە بەربژێر یان لیستی ئاینییەکەی خۆی دەدات بۆ نمونە لیستە ئیسلامییەکان زۆرینەی دەنگی ناوچەی هەڵەبجە بە دەستدەهێنن، لە دۆخی ئاسایی دا لیستە کریستیانەکان زۆرینەی دەنگی مەسیحییەکانی عەینکاوە و قەزاو ناحیەکانی پارێزگای دهۆك و نەینەوا بەدەستدەهێنن، ئێزیدیانی قەزا و ناحیەکانی پارێزگای دهۆك و نەینەوا دەنگ بە نوێنەر و بەربژێری خۆیان دەدەن، هەربۆیە پارتە ڕامیارییەکانیش توانیویانە سود لە جیاوازی ئاینی و تەنانەت جیاوازی مەزهەبی یەك ئاینیش وەربگرن، ئەویش بە بەکارهێنانی بەربژێر و کەسایەتی ئاینی و ئاینزای جیاواز بۆ ناو لیستەکانیان، ئەگەر چی لە ئایدۆلۆجیا و دیدیگا و ستراتیجی پارتەکە یان لیستەکە زۆر لە ئاینیشەوە دوور بێت. سەرەڕای ئەوەی حکومەتی هەرێم بە یاسا مافی داوە بە کۆمەڵە نەتەوەیی و ئاینییەکانی هەرێم بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانیان لە کاتی دیاریکردنی سنوری یەکە کارگێڕی و بازنەکانی هەڵبژاردندا. بۆ نمونە یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەك لە پێناسەکەیدا هاتوە"حزبێکی سوشیال دیموکراتی گەلی کوردستانی عێراقە، لە پێشەوەدا نوێنەری کرێکاران و ڕەنجدەرانی بیرو بازوی کۆمەڵ تێدەکۆشێت لە پێناو تەواوکردنی ئەرکەکانی ڕزگاری نیشتمانی و سیستەمی دیموکراسی سکۆلار...تاد."[1] بە لیستی ژمارەی (١٠٢) بەشداری هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستانیان کرد، لە لیستەکەدا چەندین کەسایەتی ئاینی (مەلای ئاینی)ی تێدابوو لە وانە بەربژێری ژمارە (٥٧)و بەربژێری ژمارە (٥٩)، جگە لە بوونی ئاینزای تری وەك مەسیحی [2].

## تەوەری دووەم: فاکتەری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی:

کاریگەری ئەم فاکتەرە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا لەم ڕووانەوە دەردەکەوێت:

یەکەم: فاکتەری ڕۆشنبیری: وەك دەزانین سێ ئاستی ڕۆشنبیری هەیە، ئەوانیش: ڕۆشنبیری سەرەتایی (Parochial Culture) لەو کۆمەڵگا سەرەتاییانەدا هەیە کە گەشەکردنیان زۆر کەمە و تیایدا ئاڕاستەکانی هاوڵاتی بەرامبەر بە پرسە سیاسیەکان زۆر کەمە، خەڵك شتێکی ئەو تۆ دەربارەی ئامانج و مەبەستە سیاسیەکان نازانن و ناتوانن هیچ حکومێکی ئەوتۆ بدەن و هیچ کاریگەرییەکیان لە سەر کۆی سیستەمی سیاسی نیە. ڕۆشنبیرییەکەیان ناوچەییە و لە سەر ئاستی گوند و خێزان و

---

(١)- ئەنجومەنی سەرکردایەتی- یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پێناسە،

- http: //www. pukpb. org/kurdi/Penase,١٣March٢٠١٧.

(٢)- دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەربژێرەکانی لیستی ١٠٢ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ پەرلەمانی کوردستان٢٠١٣، ژمارە٢٠، ٢٠١٣، ل٢- ١٣.

کۆمەڵی ئیتك و عەشیرەتە...تاد. هەرچی ڕۆشنبیری پاشکۆیەتییە (The subject culture) ناتوانێت ڕۆشنبیرییەکی نیشتمانی بنیات بنێت، تاك هۆشمەند دەبێت بە سیستمی سیاسی و ئەو کارانەی کە دەیکات کە جاری وا هەیە تاك خۆشی دەوێت یان ڕقی لێیەتی ئەمەش هەستێکی سیاسی سادەیە بەچالاکی سیاسی، دامەزراوەکان وەلأمیان زۆر کەمە بەرامبەر پێداویستیەکانی تاکەکان، تاکەکان ناتوانن بەشداری کارا لە سیستەمی سیاسی بکەن چونکە باوەریان وایە هیچ نرخێك بۆ ڕۆڵیان دانانرێت.

هەرچی ڕۆشنبیری بەشداریکردنیشە (Paritcipation Culture) پێچەوانەی هەردوو جۆری پێشترە، هاوڵاتیان وا دەبینن کە دەرفەتی بەشدارییان لە ژیانی سیاسی و سیستمی سیاسیدا زۆرە، چونکە هاوڵاتی لە ئاستێکی بەرزی هۆشیاریدایە بەرامبەر کاروباری سیاسی و ڕۆڵی کاریگەر دەگێرێت و کاریگەر دەبێ لە سەر سیستمی سیاسی دەتوانن ئەو سیستمە بگۆڕن و هەمواری بکەنەوە لە ڕێگەی کاروچالاکی جۆراوجۆر و چالاکی کاری سیاسیان، ئەمەش لە ڕێگەی بەشداری سیاسی وەك هەڵبژاردن و خۆپیشاندان و ناڕەزای دەربڕین و بەشدار لە حزبی سیاسی و پێکهێنانی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری...تاد.[١]

تاکی ڕۆشنبیر بەشداری کارای لە پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدانداا هەیە، چونکە بە ئەرك و مافی دەزانێت و جگە لەوەی ڕەفتارێکی شارستانی-شی هەیە لە کاتی دەنگداندا، ناکەوێتە ژێر کاریگەری دەرەکی وەك دەنگ فرۆشتن و میدیا و هۆز و عەشیرەت و خێڵ و ئاین و مەزهەب و سۆز...تاد.

دووەم: فاکتەری کۆمەڵایەتی:

ئەم فاکتەرە کاریگەری هەیە لە سەر:

١-نواندنی ڕەفتارێکی دیاریکراوی هەڵبژاردنی وەك یەك[*]، ئەگەر تاکەکانی کۆمەڵگاکە دواکەوتوو بێت و کۆمەڵگا کۆمەڵگایەکی پیاو سالاری بێت. ڕەگەزی مێ لە هەرێمی کوردستاندا بە ڕێژەی (١١٪) بەشدارن لە هێزی کار لە ساڵی ٢٠١٤ دا، ئەمەش زۆر نزمترە لە هێزی کاری مێینە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە ڕێژەکەیان (١٨,٨٪)ە، باکوری ئەفریقا کە ڕێژەکەیان (٢٣٪)ی ە، ئەنجومەنی وولأتانی کەنداو کە ڕێژەکەیان (٣١٪)ە[٢]. واتە ڕێژەی (٨٩٪)ی ڕەگەزی نێری هەرێم، هێزی کارن و داهاتن، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ناچارکردنی ڕەگەزی مێ بۆ نواندنی ڕەفتاری دەنگدانی وەك ئەوانەی سەرچاوەی داهاتیانن (ڕەگەزی نێر). توندوتیژی و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و نا سەقامگیری و بێهێزی دام و دەزگاکانی دەوڵەت کاریگەرییان لە سەر ڕۆڵی ئافرەتانی عێراق هەیە لە دووبارە بوونیادنانەوەی وولأتدا[٣] .

٢- ئاستی ڕێژەی بەشداریکردن: دەنگدان لە کۆمەڵگا دواکەوتوەکاندا زیاتر چاولێکەرییە، وەك لەوەی لە هۆشیارییەوە بەشداری پرۆسەکە بکات. بە پێی ڕاپۆرتی پەرەپێدانی مرۆیی نەتەوەیەکگرتوەکان لە عێراقدا لە ساڵی ٢٠١٤ دا تەنها (١٩٪) عێراقیەکان بەشدارن لە شێوەیەك لە شێوەکانی چالاکی کۆمەڵایەتی یان ڕامیاری وەك کۆکردنەوەی واژۆ و بەشداربوون لە خۆپیشاندان و گردبوونەوە[٤] .

---

(١)- عوسمان عەلی وەیسی، بەشداری سیاسی بەهاو ڕەهەندەکانی لە کۆمەڵگای سیاسیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، ٢٠٠٧، ل١٩- ٢٢.

(*)- پێشی دەوترێت پێرەوی لە گروپە مەرجەعیەکان: مەبەست لێی کۆمەڵێك کەسایەتی و گروپن کە هاوڵاتیان لە کاتی بڕیاردان پێرەویان لێدەکەن، بۆ هاوڵاتیان گروپی مەرجەعی جۆراوجۆر هەیە، نزیکترین گروپە مەرجەعیەکان بۆ مرۆڤ لە سەرەتای لە دایکبووندا بریتین لە: دایك و باوك، پاشان مامۆستایان، مامۆستایانی زانکۆ و ڕێبەرانی سیاسی، زانایان، ڕۆشنبیران و تەنانەت گروپی وەکو ئەنجومەنەکان، یانەکانی فکری و حزب و چاپەمەنیەکانی ڕامیاری، بەم شێوەیە گروپە مەرجەعیەکان دەتوانن ببنە هۆی بەشداری زیاتر، یاخود پرۆتستۆکردنی هەڵبژاردن، یان هەڵبژاردنی پالێوراوێکی دیاریکراو: حەسەنی سیلانی نەردستانی، چۆنیەتی گۆڕانی ڕادەی دەنگدەر لە هەڵبژاردندا، گۆڤاری هەڵبژاردن، ژمارە (٣و٤)، بەهاری٢٠٠٧، ل٨.

(٢)- حکومەتی هەرێمی کوردستان، چوارچێوەی ستراتیجی پاراستنی کۆمەڵایەتی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩.

(٣)- نەتەوەیەکگرتوەکان، پرۆفایلی عێراق، سەرچاوەی پێشوو.

(٤)- نەتەوەیەکگرتوەکان، سەبارەت بە عێراق،

- http: //www. iq. undp. org/content/iraq/ku/home/countryinfo/,١٥February٢٠١٧.

٣- دەنگدان بە بەربژێرێك یان لایەنێكی دیاریكراو: پارتەكانی كۆمەڵگا دواكەوتوەكان دەتوانن سود لە بەربژێری هۆزە دیارەكان ببینین لە كۆكردنەوەی دەنگی هۆزەكە بۆ لیستەكانیان.

### تەوەری سێیەم: فاکتەری ڕامیاری و کارگێڕی و ئاسایش:

دۆخی ڕامیاری وولات و دێرینی و ئایدۆلۆجیا و دۆخی ناوخۆیی و بەرنامەی هەڵبژاردنی پارتەكە، ڕادە و جۆری ڕایەڵەیان لەگەڵ پارتە ناوخۆیی و پارتەكانی دەرەوەی یەكە ڕامیارییەكانی دی و تەنانەت دەزگا جۆربەجۆرەكان (هەواڵگری، ئابوری...)ی وولاتانی دی بارودۆخی جۆراوجۆری (ئابوری، ڕامیاری، ئاسایش...تاد.) دانیشتوانی یەكە ڕامیارییەكە و كاریگەرییان لە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەكان هەیە لەوانە:

یەكەم: هۆكاری ڕامیاری: كاریگەریەكەی لەم دوو دۆخەی خوارەوە هەیە:

١- هۆكاری ڕامیاری ناوخۆیی: هۆكاری ڕامیاری ناوخۆیی كاریگەری لە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنی هەر یەكەیەكی ڕامیاری هەیە، جۆر و بەرنامەی پارتەكە و دێرینی و خەباتەكەی و جۆری خەباتەكەیی و ژمارەی شەهیدەكانی و داستان و جەنگاندنی دژی داگیركەران و كەسایەتی سەركردەكەی و ژمارەی ئەو جارانەی كە فەرمان ڕەواییان كەوتۆتە دەست و بڕ و ژمارە و ڕێژەی جێبەجێكردنی بەرنامە هەڵبژاردنەكانیان لە كاتی گەیشتنیان بە دەسەڵات و ژمارە و جۆری ئەو خزمەتانەی كە پێشكەشی هاونیشتمانانیان كردووە و ڕادەی سەركەوتنی فەرمان ڕەوایی و چەسپاندنی یاسا، ڕۆڵیان دەبێت لە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەكان.

٢- هۆكاری ڕامیاری دەرەكی: لە دوو ڕوانگەوە كاریگەری لە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەكان دەبێت، كە بریتین لە:

أ- پشتگیری ڕاستەوخۆی پارت و دەوڵەتە دەرەكییەكان (ڕامیاری، كۆمەكی دارایی، هەواڵگری سەربازی...تاد.) لە بەربژێر یان لیستێكی دیاریكراوی هەڵبژاردنی وولاتێكی تر یان هەرێمێكی تر، بە تایبەت ئەو پارتانەی كە هاو ئایدیۆلۆجیای ڕامیاری یان ئاینی یان مەزهەبین یان بەرژەوەندی ئابوری لە نێوانیاندا هەیە یان لە ڕووی جوگرافیاوە هاوسنورن و پەیوەندی مێژینەیان هەیە، بەمەبەستی سەركەوتنیان و پاشتر پاراستنی بەرژەوەندیی پارت یان حكومەتە دەرەكییەكان. پارێزگاری لە بەرژەوەندییان دەكەن لە ئەگەری سەركەوتن و دەرچوونیان لە هەڵبژاردنەكان.

دەكرێت دەستێوەردانە دەرەكییەكان بەشێوەی ڕاستەوخۆ بێت، لە گۆڕین و دەستكاری كردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەكان لە ڕێی تیمی تایبەتی شارەزا و پسپۆڕ لە پرۆسەی هەڵبژاردن (هێرشی سایبریانی).

ب- دەستتێوەردانی ناڕاستەوخۆ لە ئەنجامی هەڵبژاردنەكان: دەشێت دەست تێوەردانەكە لە ڕێگەی لێدوانێك یان هەڵسوكەوتێكی دیاریكراو لە كاتیكی دیاریكراو بێت، بە تایبەت لە كاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا، دەشێت كاریگەری لە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەكان هەبێت.

دووەم: فاكتەری كارگێڕی: لە دوو ڕوانگەوە كاریگەری لە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەكان دەبێت:

١- كۆمسیۆنی تایبەت بە پرۆسەی هەڵبژاردنی یەكە ڕامیارییەكە: لە ڕێگەی كۆمسیۆنەوە دەتوانرێت گەمە بە ئەنجامی هەڵبژاردنەكان بكرێت لە خزمەتی پارتی دەسەڵاتدار یان نەتەوەیەكی دیاریكراو بە تایبەتی لەو یەكە ڕامیاریانەی كە یاسا سەروەر نیە تێیدا لەم ڕێگایانەی خوارەوە:

أ- جریماندرینگ و مالاپۆرشنمێنت (Gerrymandring) (Malapportionment) .

ب- لیستی تۆرماری دەنگدەران: دەشێت ئەم لیستە خاوێن نەبێت و ناوی چەند بارەی تێدا بێت یان ناوی بە شێوەیەكـــــ نایاسایی بۆ زیادكرابێت(*) یان دەگونجێت كوژاندنەوەی ناو بۆ مردووەكان ئەنجام نەدرابێت.

---

(*)- كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێم، لە هەنگاوی یەكەمی پاككردنەوەی تۆماری دەنگدەران (ئەو تۆماری دەنگدەرانەی كەچوار خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران و یەك ڕاپرسی لە سەر دەستوری هەمیشەیی عێراق و سێ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكانی عێراق و سێ هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان و دوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكانی هەرێم و پرۆسەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆی هەرێمی لە سەر ئەنجامدراوە) لە ٨ی ئابی٢٠١٨، هەستا بە بڵاوكردنەوەی سێ لیست كە هەزارەها ناوی لەخۆگرتبوو كە گوایە سڕكردنی ناو بۆ ناوی دوبارە و تەمەنی ئەوكەسانەی كە (٩٠) ساڵ و زیاترن و ئەو دەنگدەرانەی

لە هەندێك کاتدا کۆمسیۆن لەبەر هۆکاری ڕامیاری یان ئاینی و مەزهەبی یان نەژاد و نەتەوەیی...تاد. ناوی بەربژێران یان لیستی نەتەوەیەکی دیاریکراو یان گروپێکی مرۆیی یەکەیەکی کارگێڕی یان یەکەیەکی جوگرافیای دیاریکراو تۆمارنەکەن و بێ بەشیان دەکەن لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان. بەمەش ئەنجامەکان لە بەرژەوەندی بەربژێر یان لیستێك یان هاوپەیمانییەتێکی ڕامیاری یان نەتەوە، ئاین، نەژاد..تاد.ێکی دیاریکراو دەشکێتەوە(*).

ت- دەکرێت پارتێکی دیاریکراو لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بێبەش بکەن. ئەمەش لە سەر ڕاسپاردەی پارتی دەسەڵاتدار دەبێت یان موجەمالەکردنی دەوڵەتێکی دەرەکی (دراوسێ). وەك بێبەشکردنی لیستی هیوا لە بەشداریکردنی لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٥/ ٧ / ٢٠٠٩) بە بیانوی نزیکی بیروباوەڕیان لە ڕێکخراوی پارتی کرێکارانی کوردستان، بە پاساوەی ئەوەی ڕێکخراوی پەکەکە ڕێکخراوێکی قەدەغەکراوە لە هەرێم دا.[١]

پ- کۆمسیۆن دەتوانێت سزای هەر کیانێك یان پارتێك یان بەربژێرێکی دیاریکراو لە بەر هۆکاری ڕامیاری یان نەتەوەیی(**)یان ئاینی...تاد بدات. بە پێچەوانەشەوە دەکرێت چاوپۆشی بکات لە لیستێك یان بەربژێرێك لە کاتی ئەنجامدانی سەرپێچی لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا یان ئەنجامدانی کاری نایاسایی لە ڕۆژی دەنگداندا.

ج- دەگونجێك کۆمسیۆن ڕێگری بکات لە بەشداریکردنی چاودێرانی لیستە ڕامیارییەکان یان چاودێرانی ڕێکخراوە نا میرییەکان یان بیانیەکان یان ڕاگەیاندکارەکان بەمەبەستی گزی کردن لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بۆ لایەنێکی دیاریکراو.

ح- کۆمسیۆن دەتوانێت لە ڕێی کارمەندانی کۆمسیۆنەوە ساختەکاری ئەنجام بدات و کارتە بەتاڵەکانی دەنگدان لە بەرژەوەندی لایەنێك بەکاربهێنن. یان دەستکاری ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بکات، چ لە وێستگەی دەنگدان، چ لە بنکەی سەرەکی کۆمسیۆن. وەك دەستکاریکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە لایەن دەستەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان و سڕینەوەی دەنگی چەند بنکەیەکی دروستی هەژمارکراوی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامانجی هاوتاکردنی لەگەڵ دەنگی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەسەر داوا و ڕاسپاردەی سەرکردایەتی هەردوو پارتی ناوبراو. ئەمیر ئاراین گەورە ڕاوێژکاری هەڵبژاردن و سەرۆکی تیمی یەکخراو بۆ یارمەتی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە نەتەوەیەکگرتوەکان سەبارەت بە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق دەڵێت"بەرژەوەندی لیستەکان سەرەوە بۆ خوارەوە لە ململانێیەکی سەختدایە" [٢].

---

ناویان هەیە و هیچ بنکەیەکیان بۆ دەستنیشاننەکراوە بەم جۆرە (ناوی دووبارە زیاتر لە (٣٢,٠٠٠) کەس، ناوی تەمەن (٩٠) ساڵ و بەرەو ژوور زیاتر لە (٤٨,٠٠٠)، دەنگدەرانی بێ بنکە زیاتر لە (٩٠٠٠) کەس بەم پێیە زیاتر (٨٠,٠٠٠) کەس سڕکردنی ناویان بۆ کراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، کۆمسیۆن ناوە سڕکراوەکان بلاّودەکاتەوە،

- http: //www. khec. krd/Details. aspx?jimare=٤٢٨,٨august٢٠١٨.

(*)- وەك نەگەڕانەوەی تۆماری دەنگدەرانی (٦٠٠,٠٠٠) دەنگدەری پێکهاتەی کورد بۆ پارێزگای کەرکوك. البعثة الدولية للانتخابات العراقية، تقيم الدولية للانتخابات مجلس النواب العراقي، ١٥كانون الاول٢٠٠٥،

-http://www.ihec.iq/ar/index.php/library_electoral.html,٢٧February٢٠١٧.p.٨.

(١)- دیدار لەگەڵ بەڕێز عبدالوهاب محمد، نوێنەری هەڵبژاردنی پارتی چارەسەر لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە ساڵی ٢٠١٣دا، سەرچاوەی پێشوو. پارتی چارەسەر لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و هەڵبژاردنەکانی دواتر دوورخرایەوە، پاش ئەوەی تورکیا داوای لە ئەمەریکا کرد ڕێگە نەدرێت بە بەشداریکردنی پارتی چارەسەر لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر چۆنیەتی دورخستنەوەی پارتی چارەسەر لە هەڵبژاردنەکانی عێراق و هۆکارەکانی پشت دوورخستنەوەی لە هەڵبژاردنەکان، بڕوانە: هاوکارحسین، ئەمەریکا و تورکیا داوایان لە کۆمسیۆنکردووە پارتی چارەسەر لە هەڵبژاردنەکان دوربخاتەوە، ڕۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە (٤٠٣)، ٢٠١٣/١١/١٩، ل٦.

(**)- هەر بەهۆی یاسای هەڵبژاردنی کۆمسیۆنەوە بوو کە بازنەکانی هەڵبژاردنی لە یەك بازنەوە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق لە ٢٠٠٥/١/٣٠ کرد بە فرە بازنە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥/١٢/١٥، ئەمەش بووە هۆی کەم بوونەوەی ژمارەی کورسی لیستە کوردییەکان لە (٧٧) کورسییەوە بۆ (٥٨) کورسی لە کۆی (٢٧٥) کورسی پەرلەمانی، واتە ڕێژەی کورسییەکانی کورد لە (٢٨٪) دابەزی بۆ (٢١٪) کورسی تەنها لە ماوەی کەمتر لە ١١ مانگدا.

(٢) - نوسینگەی ڕاگەیاندنی یونامی، چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەمیر ئاراین گەورە ڕاوێژکاری هەڵبژاردن و سەرۆکی تیمی یەکخراو بۆ یارمەتی هەڵبژاردن، گۆڤاری لە پێناو عێراق نەتەوەیەکگرتوەکان لە عێراق ٢٠١٥، بە بێ ژمارە، ٢٠١٥، ل٢٣.

خ- دەگونجێت كۆمسیۆن بەهۆی ڕەچاونەكردنی پێوەرەكانی دابەشكردنی بنكە و وێستگەكانی دەنگدان لە نێوان بازنە یان ناوچەكانی هەڵبژاردن بیەوێت كار لە ئەنجامی هەڵبژاردنەكان بكات. بێگومان لەو بنكە و وێستگانەی كە ژمارەیان كەمە جگە لەوەی دەبێت دەنگدەر ڕێگایەكی دوور ببڕێت، فەرەباڵغییەكی زۆریش لە سەر بنكە و وێستگەكانی دەنگدان دروست دەبێت، بۆ نمونە لە هەڵبژاردنی خولی یەكەم لە قەزای ئاكرێ لە كاتژمێر چواری پاشینوەڕۆ بنكە هەبووە كەمتر لە (١٠) دەنگدەری لێ بووە، بەڵام لە سلێمانی لە كاتژمێر شەشی ئێوارە سەرەی دوور و درێژ نەماوە، لە هەندێك بنكە لە پارێزگا گەورەكانی هەرێم دەنگدەر (٥) كاتژمێر چاوەڕێ بووە تا توانیویەتی دەنگ بدات، لە هەندێك بنكەی دی سەدان دەنگدەر تا نیوە شەو و داخستی بنكەكانی دەنگدان لە ڕیزدا بوون و نەیان توانیوە دەنگ بدەن[1].

د- دەشێت كۆمسیۆن لە ڕێگەیەكی ترەوە بیەوێت ئەنجامی هەڵبژاردنەكان بگۆڕێت، وەك نە ناردنی پێداویستی دەنگدان بۆ بنكە و وێستگەكانی دەنگدان بە پێی پێویست وەك كارتی دەنگدان و سندوقی دەنگدان و مەرەكەبی دەنگدان[*] و مۆر.

هەر لەبەر ئەم هۆكارانەش بوو لە ١١ئۆكتۆبەری ٢٠١٦ موقتەدا سەدر رابەری ڕەوتی سەدر داوای لە هاوڵاتیانی عێراق كرد بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندانی ملیۆنی دژی گەندەڵكارانی عێراق و دژی تەزویراتی كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكانی عێراق كە بێ لایەن نەبووەو پۆستەكانی دابەش كراوە بەسەر پارت و گروپە جیاجیاكاندا.

تا ئێستا سێ دەستە یان كۆمسیۆن هەستاوە بە ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان، خولی یەكەم لە لایەن دەستەیەكی تێكەڵەوە (میری، نوێنەری بەرەی كوردستانی) هەڵبژاردنەكە بەڕێوەبرا هەڵبژاردنی خولی دووەم لە لایەن كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان بەڕێوەبرا لە سەر ڕاسپاردەی فەرمانی ژمارە (١٤٨٣) لە ٢٠٠٣ و بڕیاری ژمارە (١٥١١) لە ٢٠٠٣ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، بە فەرمانی ژمارە(٩٢) دەسەڵاتی كاتی هاوپەیمانان پێكهێنرا[2]، ئەنجومەنی كۆمسیاران لە (٩) ئەندام پێكهاتبوو، هەڵبژاردنی خولی سێیەم لە لایەن كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكانی عێراق بەڕێوەبرا كە لە ساڵی٢٠٠٧ پێكهاتبوو، كۆمسیۆنێكی تەواو حزبی و مەزهەبی بوو، هەرچی هەڵبژاردنی خولی چوارەم، لەلایەن كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژارنەكانی عێراق بەڕێوەبەرا كە لە ساڵی٢٠١٢ پێكهات.

٢- بەكارهێنانی دەسەڵات (یاسادانان، جێبەجێكردن، دادوەری) بۆ دروستكردنی كاریگەری لە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەكان لەم ڕووانەوە:

أ- یاسادانان: دەسەڵاتی یاسادانان دەتوانێت لە ڕێی ئەو دەستورەی كە دایدەنێت و سیستمی سیاسی و كارگێڕی و ئایدۆلۆجی دەوڵەتی پێدەستنیشان دەكات كاریگەری هەبێت لە سەر دارشتنی دەقی وەها كە لەبەرژەوندی دەسەڵات و ئایدۆلۆجییە ڕامیاری و ئاینییەكەی بێت یان لێدان و دورخستنەوەی هەموو ئەو پارت و كەسایەتییانە بێت كە دژی ئایدۆلۆجیەتی ڕامیاری و ئاینی دەسەڵاتن یان لەگەڵی نین، هەروەها دەسەڵاتی یاسادانان دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە پێدانی دەسەڵات بە كەسایەتیەكی دیاریكراو بۆ بڕیاردان لە دیاریكردنی ڕۆژی هەڵبژاردن یان پێكهێنانی پەیكەری كۆمسیۆن یان سەندنەوەی متمانە لێی یان دیاریكردنی شێوازێكی دیاریكراوی هەڵبژاردن كە لەبەرژەوەندی پارتی دەسەڵاتدار بێت.

---

(١)- المجموعة القانونية الدولية لحقوق الانسان، انتخابات بلا حدود تقرير حول انتخابات مايس ١٩٩٢ في كوردستان العراق، مصدر سابق، ص٧٠- ٧١.

(*)- بەهۆی خراپی جۆر (كوالێتی) مەرەكەبی دەنگدان، دەستەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان بە بەیانی ژمارە (١١٠) لە ١٩٩٢/٥/١٦، بڕیاری دا بە دواخستنی هەڵبژاردن لە١٩٩٢/٥/١٧ بۆ١٩٩٢/٥/١٩ تا پێداویستە گرنگەكانی هەڵبژاردنی ئامادەدەكرێن، ئەویش بە ئامانجی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێكی خاوێن و دور لە گومان، بڕوانە پاشكۆی ژمارە (٢).

(٢) - أ- مجلس الامن، القرار ١٤٨٣٢٠٠٣،

- http: //www. un. org/arabic/docs/SCouncil/SCRes٠٣. htm,٢٧February٢٠١٧,p١- ٩.

ب- مجلس الامن، القرار١٥١١٢٠٠٣،

- http: //www. un. org/arabic/docs/SCouncil/SCRes٠٣. htm,٢٧February٢٠١٧,p١- ٥.

ج- سلطة الائتلاف المؤقتة، امر سلطة الائتلاف المؤقتة رقم ٩٢ مفوضية الانتخابات العراقية المستقلة، بدون اسم مطبعة و بدون مكان الطبع، ٢٠٠٤، ص٨١- ٨٦.

ب- جێبەجێکردن: دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە دوو ڕێگەوە دەتوانێت کاریگەری لە سەر ئەنجامی هەبێت، ئەوانیش:

١- هاندان: دەشێت پارتی دەسەڵاتدار یان بەربژێرەکانی، ماڵ و موڵکی گشتی بەکاربهێنێت لە پێناوی کۆکردنەوەی دەنگی دەنگدەران ئەمەش بە دوو شێوە دەبێت، یان مەعنەوەییە وەك پێدانی پۆستی کارگێڕی، بەرزکردنەوەی نازناوی زانستی، سەربازی، کارگێڕی...تاد. بە هاوڵاتیان و فەرمانبەران یان کەسایەتی ئاینی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی. دەگونجێت دەسەڵات نەرمی بنوێنێت بەرامبەر بە دانیشتوان لە چاوپۆشیکردن لە سەرپێچییە یاساییەکان لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا. وەك لابردنی کامێرای چاودێری توند ئاژۆیی تیژڕەوی شۆفێر لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن یان سەرپێچیکردنی یاساکانی دی هاتوچۆ، یان دروستکردنی بینای بێ تاپۆ و ئەنجامدانی زیادەڕۆیی لە سەر موڵك و ماڵی گشتی یان لێدانی بیری ئیرتیوازی.

دەشێت هاندانەکە مادی بێت وەك دامەزراندن(*)، حکومەتی هەرێم لەم ڕووەوە یەکێکە لەو حکومەتە دەگمەنانەی کە ڕێژەی کار لە کەرتی گشتیدا زیاترە لە کەرتی تایبەت (٥٣٪بەرامبەر٤٧٪)[١].بەخشینەوە خانو و زەوی و دەمانچە و پارە و چارەسەری پزیشکی و بەنزینی ئۆتۆمبێل و خانەنشینکردن...تاد. بەمەبەستی هاندنی خەڵك بۆ بەشداری و دەنگدان بە پارتی دەسەڵات. لە نێوان هەردوو ساڵی (٢٠١٢- ٢٠١٤)دا ژمارەی خانەنشینی لە هەرێم دا (٤٤٤,٣٥٠) بووە بە (٦٨٠,٠٠٠) خانەنشین، (٢٣٥,٦٥٠) خانەنشین زیادی کردووە و ئەمەش دەکاتە بە ڕێژەی (٥٣٪) لەماوەی تەنها دوو ساڵدا، ساڵی ٢٠١٤دا کۆی تێچووی خانەنشینی لە هەرێمی کوردستاندا دەخەملێنرا بە (١,٢) ترلیۆن دیناری عیراقی ئەمەش ( ٢,٨٪)ی بەرهەمی ناوخۆیی پێکدێنێت بە بەرهەمی نەوتیشەوە، ئەمەش بەرزە بە بەراورد بە ووڵاتانی تر[٢]، ئەمە جگە لەوەی دەیان هەزارکەس لە هەرە دەوڵەمەندەکانی هەرێم دەیان ملیار دینار پارەی بێمەرج لە حکومەتی هەرێم وەردەگرن(**) و (٧٥٪)ی سودمەندانی هەرێم لەبەرزترین ئاستەکانی داهاتن[٣]، هەر لەبەر ئەم هۆیانەشە کشتوکاڵکردن لە هەرێمدا بەردەوام لە پوکانەوەدایە بە جۆرێك کشتوکاڵ سەرچاوەی سەرەکی بووە بۆ (٣٥٪) دانیشتون لە ساڵی٢٠٠٠ دا، ئەم ڕێژەیە دادەبەزێت بۆ (٢٣٪) لە ساڵی ٢٠٠٧دا[٤].

یان دەشێت هاندانەکە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و پڕۆژەبێت بە دارایی حکومەت بۆ بەرژەوەندی حزبی و بە دەستهێنانی دەنگ بۆحزبی باڵا دەست لە جوگرافیای هەژمونی خۆیدا، لە ماوەیەکی دیاریکراو پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان یان لە هەمان ساڵدا کە هەڵبژاردنەکانی تێدا ئەنجام دراوە. بۆ زانیاری لەسەر پڕۆژەکانی پارێزگای سلێمانی و گەرمیان و ناوچەکانی تر لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٥- ٢٠١٤)، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٠) .

ئەگەر بڕوانین لە خشتەی ژمارە (١٠)، زۆرترین پڕۆژەکانی تەمەنی حکومەتی هەرێمی کوردستانی یەکگرتوە لە پارێزگای سلێمانی و دەوروبەری لەو ساڵانەدایە کە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی تێدا ئەنجام دراوە، لەوانە ساڵی ٢٠١٣ (هەڵبژادرنی خولی

---

(*)- بە پێی بەڵگەنامەیەکی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابوری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین/ ژمێریاری بە ژمارە (٥١٩٢) لە ڕێکەوتی٢٧ی تەموزی ٢٠٠٩ ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی پێشمەگەری/٣ی کردووە بڕی (١٩,١٥٧,٥١٣,٥٠٠) دینار بە تخصیصات لە سەر بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ی بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی پێشمەگەر/٣ دانراوە بۆ مەبەستی خانەنشینکردنی (٥٥,٠٠٠) کەس کە (١,٧٦٢) کەسیان لە مورید و مەنسوبەکانی شێخ عبدالقادری چوێسەن، لە ١انیسانی٢٠٠٩وە مووچەکانیان بۆ هەژمارکراوە بە پێی نوسراویان ژمارە (٥٠٧٠) لە ٣تەمووزی٢٠٠٧دا، وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابوری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی/ بودجەی ئاسایی بە ژمارە (١٦٧٠٨) لە بەرواری ٢٣تەمووزی ٢٠٠٩ ئەم نوسراوەی ناردووە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی/ ژمێریاری، واتە دوو ڕۆژ پێش هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمان، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ناوەڕۆکی فرمانەکە بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٣). هەندێك لە موریدەکان تەمەنیان لە نێوان (٩- ١٢) ساڵیشیدا بووە و هەریەکەشیان پارچەیەك زەوییان پێدراوە، : بابلیسك، ئاشکرابوونی فەزاحەتەکانی سەروبەندی هەڵبژاردن، کاتێك بەرهەم ساڵح سەرۆکی لیست بوو،
- http: //www. bablesk. com/Detail. aspx?id=١٢٦٥٠&LinkID=٢,١٤February٢٠١٧.

(١)- حکومەتی هەرێمی کوردستان، چوارچێوەی ستراتیجی پاراستنی کۆمەڵایەتی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

(٢)- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥و٤١.

(**)- بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دابەشکردنی پارە بێمەرجە دابەشکراوەکانی حکومەتی هەرێم بەسەر چینە جیاوازەکانی دانیشتون لە ساڵی٢٠١٢دا، بڕوانە: WORLD BANK GROUP، هەرێمی کوردستانی عێراق چاکسازی ئابوری لە پێناو بوژاندنەوەی هاوبەش و پاراستنی نەداران، بە بێ شوێنی چاپ و بە بێ ساڵی چاپ، ل١٦٨.

(٣)- حکومەتی هەرێمی کوردستان، چوارچێوەی ستراتیجی پاراستنی کۆمەڵایەتی کاتی چاکسازی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

(٤)- وەزارەتی پلاندان و بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوەیەکگرتوەکان، بوونیاتنانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژێرخانی کۆمەڵایەتی- ئابوری، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠.

خشتەی ژمارە (١٠)

ئەنجامدانی پرۆژەی جۆراوجۆرلە پارێزگای سلێمانی و گەرمیان و ناوچەکانی تر لە نێوان ساڵانی ( ٢٠٠٥ – ٢٠١٤)

| پرۆژەی هەمەجۆر | ساڵ | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٦ | ٢٠٠٧ | ٢٠٠٨ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٠ | ٢٠١١ | ٢٠١٢ | ٢٠١٣ | ٢٠١٤ | کۆ |
| تەواونەبوو | ٣٢ | ٢١ | ٢٩ | ١٤٤ | ٢٥٥ | ٢١١ | ٢١٤ | ٤٩٢ | ١٣٣٥ | ٢١٦ | ٢٩٤٩ |
| تەواوکراو | ٨١٩ | ٢٤٤ | ٣٨٥ | ٦٣٣ | ٦٥٣ | ١٤١ | ١١٣ | ١٣٣ | ٦٦٠ | ٣٧ | ٣٨١٨ |
| کۆ | ٨٥١ | ٢٦٥ | ٤١٤ | ٧٧٧ | ٩٠٨ | ٣٥٢ | ٣٢٧ | ٦٢٥ | ١٩٩٥ | ٢٥٣ | ٦٧٦٧ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەرگرتن لە: حکومەتی هەرێمی کوردستان/وەزارەتی پلان دانان/دەستەی ئاماری هەرێم/ بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئاماری ئەو پرۆژانەی هاتونەتە داتا و زانیاری ئاماری سلێمانیەوە لە پارێزگای سلێمانیدا ئەنجامدراوە، ڕاپۆرتی بلاّونەکراوە، ل١١.

چوارەم) بە پلەی یەکەم دێت و (١٩٩٥) پرۆژەی جۆراوجۆری تێدا ئەنجام دراوە (تەواوبوو و تەواو نەبوو) پاشا ساڵی ٢٠٠٩ (هەڵبژاردنی خولی سێیەم) بە پلەی دووەم دێت و (٩٠٨) پرۆژەی تێدا ئەنجام دراوە پاشان ساڵی ٢٠٠٥ (هەڵبژاردنی خولی دووەم) لە پلەی سێیەم دێت و (٨٥١) پرۆژەی تێدا ئەنجام دراوە، لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە دارایی حکومەتی هەرێم بەکاردەهێنرێت بۆ بەدەستهێنانی دەنگی دەنگدەران ئەویش بە ئەنجامدانی پرۆژەی جۆراوجۆر لە نزیك وادەی هەڵبژاردنەکان یان لەو ساڵەی کە هەڵبژاردنەکانی تێدا ئەنجام دەدرێت زیاتر لە هەر ساڵێکی تری ئاسایی کە هەڵبژاردنی تێدا ئەنجام نادرێت.

٢- سزا: سزادانی پارتی نەیار یان لیستی نەیار بە چاوسورکردنەوە و هەڕەشەلێکردن لێی چ مەعنەوی بێت وەك هەڕەشەکردن بە دروستکردنی کەیسی تیرۆرستی یان تۆمەتبارکردنی بەقاچاخچێتی (مرۆڤ و شوێنەوار، چەك، مادەی هۆشبەر) یان ڕاگرتنی تەواوی خزمەت گوزارییەکان یان بەشێکی وەك ڕاگرتنی کۆبوونی خۆراك، سوتەمەنی دانیشتوان بەگشتی یان ناوچەی بالاّدەستی ئۆپۆزسیۆن، یان گواستنەوەی ڕاژەی فەرمانبەران لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دوورتری جوگرافی یان وەزارەتێك بۆ وەزارەتێکی تر یان ناچارکردنی هاولاّتی بە جێهێشتنی شوێنی نیشتەجێبوونی و ڕاگواستنی بۆ ناوچەیەکی دی. یان دەگونجێت سزادانەکە کۆتایی هێنان بێت بە ڕاژەی خزمەتە فەرمییەکەی. بەمەبەستی دەستهەلگرتن لەبیر و باوەڕە ڕامیاری و نەتەوەیی و ئاینی...هتد. ئەمە بۆ سزادانی کۆمسیاران و ئەندامانی کۆمسیۆنی بالاّی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیش هەر ڕاستە، وەك دورخستنەوەی ١٦ بەڕێوبەری کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەکارەکانیان لە لایەن سەرۆکی وەزیرانی پێشوی عێراق (نوری مالکی) بە بیانوی کەمی توانایان[1] یان هێنانی دەستی دەرەکی بەمەبەستی گەمەکردن بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان.

ت- دادوەری: دەسەلاّتی دادوەری دەکرێت لە دوو ڕووەوە ڕۆڵی هەبێت

١-سەروەر بوونی یاسا: دەشێت هەموو هەوڵی دەسەلاّتی دادوەری بۆ سەروەرکردنی یاسا بێت لە یەکە ڕامیاریەکە، چ لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردن چ پاش پرۆسەی هەڵبژاردن.

٢- پێشێلکردنی یاسا: دەکرێت دەسەلاّتی دادوەری وەك چەکێکی کوشندە و تۆقێنەر بەکاربهێنرێت چ بۆ سزادانی لیست و بەربژێر بێت لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا، چ بۆ دروستکردنی تۆمەتی جۆراوجۆر بێت بۆ قەدەغەکردنی چالاکی پارتێکی دیاریکراو یان چاوپۆشیکرن لە کارە نایاساییەکانی لیستێکی دیاریکراو، یان سزادن و زیندانی کردنی سەرکردە و ڕێبەرانی پارتی نەیار.

---

(١)- المدى برس، "استبعاد"المالكي لـ١٦ مديرا من المفوضية والمواطن تؤكد: نخشى تعطيل الاجهزة الاكترونية،

- http: //www. almadapress. com/ar/news/٢٩٨٩٢,١٣March٢٠١٧.

سێیەم: فاکتەری ئاسایش:

خراپی دۆخی ئاسایش فاکتەرێکی زۆر گرنگە بۆ دروستکردنی گرفت چ لە ڕۆژانی بانگەشە و چ لە ڕۆژانی دەنگداندا [1]، ئەم فاکتەرە لەم دوو هۆکارەی خوارەوە کاریگەری لە سەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکان دەبێت:

١- هۆکاری ناوخۆیی: ڕادەی تەبایی ڕامیاری نێوان پارتە ڕامیارییەکان، کاریگەری دەبێت لە سەر پرۆسەی هەڵبژاردن و ئەنجامەکەی، پێچەوانەکەشی ڕاستە لە ئەگەری بوونی کێشەی ڕامیاری نێوان پارتە ڕامیاریەکان یان پارتێکی ڕامیاری و دەسەڵات، ئەوا دەشێت پارتی ئۆپۆزسیۆن و نەیار پەنا بۆ بڕاردەی توندو تیژی بەرێت چ لە ڕۆژانی ئامادەکاری بێت بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن چ لە ڕۆژانی بانگەشەی هەڵبژاردن وەك ئەنجامدانی زنجیرەیەك تەقینەوە لە شاری دهۆك و زاخۆ لە ١٩٩٢/٥/١٧دا [2]، چ لە ڕۆژی هەڵبژاردندا بێت ئەمە و جگە لەوەی دەتوانێت هەڕەشە لە دەنگدەران بکەن بە نانەوەی پشێوی و تێکدانی ئاسایش چ بە بەکارهێنانی چەك بێت یان ئەنجامدانی تەقینەوە لە شوێنە گشتییەکان یان تەقاندنەوەی ناوەند و بنکەکانی دەنگدان یان کوشتنی کارمەندانی کۆمسیۆن.

٢- هۆکاری دەرەکی: هەرێمە ڕامیارییەکانی دی یان دەسەڵاتی ناوەند یان وڵاتانی دەرەکی دەتوانن ڕۆڵیان لە بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن هەبێت چ لە پرۆسەی ئامادەکاری چ لە ڕۆژی هەڵبژاردندا بەمەبەستی بەشدارینەکردنی هاوڵاتیان لەپرۆسەی دەنگدان و سەرنەکەوتنی پرۆسەکە، یان بڵاوکردنەوەی ترس و دڵە ڕاوکێ لای دەنگدەری ناوچەیەکی دیاریکراو کە بنکەیەکە سەرەکی و هەمیشەیی پارتێکی دیاریکراوبن، بۆ نمونە، بۆردومانکرد و تۆپبارانکردنی ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن وڵاتانی ئێران وتورکیا، بە بێ ئەوەی حکومەتی فیدراڵ هیچ هەڵوێستێکی فەرمی و کردارەکی هەبێت لە دژی پێشێلکردنی سەروەری خاك و گەل و دەسەڵاتەکەی، بۆ نمونە تەنها لە ساڵی٢٠٠٧دا کۆماری تورکیا (١٦٩) جار بۆردوومانی ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان کردووە و چەندین هاوڵاتی سیڤیلیان شەهیدکردووە، سەرەڕای بنیاتنانی سەربازگەیەکی زۆر گەورەی سەربازی دی بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە باشیك بە تەواوی کەل و پەلی جەنگی و کەرەستەی سەربازی و چەکی قورس و پێشکەوتوو [3].

## باسی سێیەم: هۆکارە ئابورییەکان:

ئەم هۆکارە کاریگەری لە سەر ئەنجامی پرۆسەی هەڵبژاردن هەیە لەم ڕووانەی خوارەوە:

یەکەم: گواستنەوە و گەیاندن: کاریگەری لە سەر دۆخی ئابوری و زانستی و هۆشیاری و کۆمەڵایەتی...تاد تاکەکان هەیە، ئەمەش دواجار ڕەنگدانەوەی لە سەر هێز و مانەوەی یەکە ڕامیارییەکە دەبێت، ئەوانیش دابەش دەکەین بۆ دووبەش کە بریتین لە:

١-گواستنەوە: مەبەستمان لە گواستنەوە جۆرەکانی گواستنەوەیە (ووشکانی، ئاوی، ئاسمانی)و هۆیەکانی گواستنەوەیە (ئۆتۆمبێل و شەمەندەفەر، گواستنەوەی ئاوی ناوخۆیی و دەریایی و فرۆکە...تاد.) یە، جۆراوجۆری و پێشکەوتنی ڕێگاکان و هۆیەکانی گواستنەوە کاریگەری لە سەر گواستنەوەی مرۆڤ و شمەك لە شوێنێکەوە بۆ شوێنی مەبەست هەیە، بە کەمترین کات و

---

(١) - الامم المتحدة، نشرة معلومات الامم المتحدة لانتخابات٢٠٠٥،

- http: //www. ihec. iq/content/file/other_reports/٢٠٠٥_election_fsheet_ar. pdf,٢٥April٢٠٠٩,p. ٦.

(٢)- المجموعة القانونية الدولية لحقوق الانسان، انتخابات بلا حدود تقرير حول انتخابات مايس ١٩٩٢ في كوردستان العراق، مصدر سابق، ص٦٢. دەشێت پەنا بریێتە بەر تیرۆرکردنی بەربژێرەکان، وەك تیرۆرکردنی سێ بەربژێری هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان شاری موسڵ و ناوچەی عامریە و مەندەلی لە٣١ی کانونی دووەمی ٢٠٠٩دا، مرکز انباء الامم المتحدة، الممثل الخاص لامين العام في العراق يدين اغتيال ثلاثة مرشحين لانتخابات مجالس المحافظات،

- http: //www. un. org/arabic/news/story. asp?NewsID=١٠٥٨٩. WVO٠gvu١٧lU,٢٨June٢٠١٧.

(٣)- الجهورية التركية- وزارة الخارجية، رد الناطق باسم وزارة الخارجية تانجو بيلغيتش على سؤال حول القرار الصادر عن جامعة الدول العربية بخصوص العناصر الأتراك المتواجدين في معسكر بعشيقة/زليكان من أجل تدريب المتطوعين العراقيين،

- http: //www. mfa. gov. tr,٨February,٢٠١٧.

تێچونی دارایی و ئاسانکاری گەیشتن، بە تایبەت لە پرۆسەی هەڵبژاردندا کاریگەی لە سەر دەستگەیشتنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە تەواوی ڕووبەری یەکە ڕامیاریەکە و ئەنجامدانی ئامادەکاری پێویست بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە دەبێت، ئەمە جگە لەوەی دەنگدەرانیش دەتوانن بەشدارییەکی کارایان لە پرۆسەکە و دەنگدان بە بەربژێر و لیستی دڵخواز هەبێت. سەرەڕای ئەوەی ڕۆڵی دەبێت لە نەمان یان کەمکردنەوەی ئاستەنگی گواستنەوە و گەیاندن چ بە هۆی سەختی تۆبۆگرافیاوە بێت، چ بەهۆی سەختی ئاو هەواوە بێت.

ئەوەی تایبەتە بە حکومەتی هەرێم تەنها ڕێگای ئۆتۆمبێلی (قیر، چەورێژ، خۆڵی) هەیە، ڕێگا قیرتاوکراوەکان ئەگەر چی ڕێژەکەیان کەمن بڕوانە خشتەی ژمارە (١١) و نەخشەی ژمارە (١١)، زۆرینەشیان تەواوی مەرجە ئەندازەییەکانیان تێدا جێبەجێنەکراوە، تۆڕی ڕێگاوبانەکانی هەرێم بەخێرایی تێك دەچێت، ئەمەش کاریگەری هەیە لە سەر توانای جوڵەی دانیشتوان و قەبارەی گواستنەوە، ژمارەی گوندەکانی هەرێمی کوردستان (٥,٣٠٨) گوندە و پەرتەوازەن لە یەکتری و ناتەباییەکی ڕوون لە نێوان خزمەتگوزارییە دابینکراوەکان لە نێوان شارەکان و گوندەکاندا هەیە، گوندەکان (٢١٪) دانیشتوانی هەرێمی کوردستانیان پێکهێناوە لە ساڵی ٢٠١٢دا، نیوەی ئەم گوندانە (١٠٠) کەس یان کەمتریان تێدا نیشتەجێ بوون و لە کۆچی بەردەوامدان بەرەو شارەکان[١]، لە ئەگەری بەشداریکردنیان لە پرۆسەی هەڵبژاردن دەبێت ڕێگایەکی دوور ببڕن و ئەمەش تێچوونێکی زۆری دارایی و ئەرك و ماندووبوونێکی جەستەیی زۆری دەوێت.

خشتەی ژمارە (١١)

درێژی و (٪)ی ڕێگاکان بە پێی پارێزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٠دا

| پارێزگا | ڕێگای سەرەکی | | ڕێگای ناوەندی | | سەرجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | درێژی (کم) | (٪) | درێژی (کم) | (٪) | درێژی (کم) | (٪) |
| هەولێر | ٧٧٧,٣ | ٣٨,٢ | ١١٢٤,٥ | ٣٤,٦ | ١٩٠١,٧(*) | ٣٦ |
| دهۆك | ٥٥٩,٦ | ٢٧,٥ | ٨٥٢,٤ | ٢٦,٣ | ١٤١٢,٠ | ٢٦,٧ |
| سلێمانی | ٦٩٨,١ | ٣٤,٣ | ١٢٦٩,٤ | ٣٩,١ | ١٩٦٧,٥ | ٣٧,٣ |
| سەرجەم | ٢٠٣٤,٩(**) | ١٠٠ | ٣٢٤٦,٢(***) | ١٠٠ | ٥٢٨١,٢(****) | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە سودوەرگرتن لە:

-Minstry of Construction and housing/Kurdistan regional government,KURIDSTAN HIGHWAY MASTER PLAN,dar al- handasah shair and partner-london,٢٠١٠,p١٥.

هەرچی تایبەتە بە هۆیەکانی گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان جگە لە هۆکاری ووشکانی (ئۆتۆمبێل) هیچ هۆکارێکی تری گواستنەوە بەکار نایەت، هەرێم لەم ڕووەوە زۆر هەژارە، سەرەڕای نەبوون یان لاوازی هۆکاری گواستنەوەی گشتی وەك ترام و پاص...تاد. بە تایبەتتر لە ناوچە چیا سەخت و دوورە دەستەکاندا. مەرجیش نیە هەموو خێزانێك خاوەنی ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان بن.

(١) - وەزارەتی پلاندان و بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوەیەکگرتوەکان، بوونیاتنانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژێرخانی کۆمەڵایەتی- ئابوری، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.

(*)- سەرجەمی درێژی ڕێگای هەولێر دەکاتە (١٩٠١,٨) کم، نەك (١٩٠١,٧) کم، وەك لە خشتەکەی وەزارەتی ئاودانکردنەوە و نیشتەجێکردن ئاماژەی پێکراوە (توێژەر).

(**)- سەرجەمی درێژی ڕێگای سەرەکی (Highway) لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستاندا (٢٠٣٥) کم، نەك (٢٠٣٤,٩) کم، وەك لە خشتەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و ئاماژەی پێکراوە، (توێژەر).

(***)- سەرجەمی درێژی ڕێگای لاوەکی (Secondary) لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستاندا (٣٢٤٦,٣) کم، نەك (٣٢٤٦,٢) کم وەك لە خشتەی وەزارەتی ئاوەدانکردنە و نیشتەجێکردن ئاماژەی پێکراوە، (توێژەر).

(****)- سەرجەمی درێژی ڕێگاکانی کوردستان دەکاتە (٥٢٨١,٣) کم، نەك (٥٢٨١,٢) کم، وەك لە خشتەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ونیشتەجێکردنی ئاماژەی پێکراوە (توێژەر).

نەخشەی ژمارە (١١)

ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی ٢٠١٢دا




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە هاشم یاسین حمد امین حداد و ئەوانی تر، ئەتڵەس هەرێمی کوردستانی عێراق و جیهان، چاپی یەکەم، تێ نوس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری- هەولێر، ٢٠٠٩، ل٧٦.

ئەو هۆکارانەی سەرەوە کاریگەرییان لەسەر ئامادەکارییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بۆ پێش ڕۆژی دەنگدان دەبێت جگە لەوەی کاریگەرییان لەسەر کامپینی هەڵبژاردن و ڕێژەی بەشداری دەنگدەران و ئەنجامی پرۆسەکە دەبێت.

٢- گەیاندن: مەبەستمان لە هەموو جۆرەکانی گەیاندنە لە ڕێگای تەل و بێتەلەوە (Telecommunicaions)[١]، هۆکارێکە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاك لە ڕووی زانستی و ڕۆشنبیری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت چۆنیەتی بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، جگە لەوەی هۆکارێکە لە ڕێگایەوە لیست و پارتەکان بەربژێرەکانی خۆیان بە دەنگدەرانیان دەناسێنن و پەیام و بەرنامەی هەڵبژاردنی خۆیانیان بەهۆیەوە دەگەیەننە دەنگدەرەکانیان، ئەمەش کاریگەری لە سەر ڕێژەی بەشداری دەنگدەران لە پرۆسەی هەڵبژاردن و چۆنیەتی بەشداریکردن لە پرۆسەکە و ئەنجامی پرۆسەکە دەبێت.

ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان لە کاتێکدا بوو کە دەیان ساڵ بوو شۆڕشی پێنجەمی گەیاندن[*] لەجیهاندا ڕووی دابوو، ئەمەش کاریگەری هەبوو لە سەر گەیشتنی زانیارییەکان بە ئەو پەڕی خێرایی بە هاوڵاتیان و دەنگدەران، لە

(١) - عبد علي الخفاف، جغرافية النقل والاتصالات والتجارة، الطبعة الاولى، دار الفكرللطباعة والنشر والتوزيع- عمان، ٢٠٠٠، ص٢٥٥.

(*)- شۆڕشی پێنجەمی گەیاندن بریتییە لەو شۆڕشە تەکنەلۆجیایەی لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابوردوودا سەری هەڵدا وەك بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و مانگی دەستکرد و تۆڕی ئینتەرنێت...تاد. لە گواستنەوەی داتاکان و وێنە و دەنگ و لە نێوان وولاتان و کیشوەرەکان بە ئەو پەڕی خێرایی. حسن عماد مکاوي، تکنولوجيا الاتصال الحديثة في تصر المعلومات، الطبعة الثانية، مطبعة المدنى- القاهرة، ١٩٩٧، ص٥٢.

هەرێمی کوردستاندا بە دەیەها دەزگا و دامەزراوەی تایبەتی (بینرا و بیستراو خوێندراو) هەن، کە خاوەندارێتییان دەگەڕێتەوە بۆ میری و پارتەکان و تەنانەت کەرتی تایبەتیش. بۆ نمونە لە هەرێمی کوردستان لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠١٣ دا ( ١٠٣) ڕادیۆ (٦٥٠) ڕۆژنامە و گۆڤار لە لایەن سەندیکای ڕۆژنامەنوسانەوە تۆمارکراون.

دووەم: هەژاری و بێکاری:

دوو هۆکاری کاریگەرن، لە سەر ڕێژەی بەشداری و ئەنجامی پرۆسەی هەڵبژاردن، لە خوارەوە زیاتر لە هەر یەکەیان دەدوێین:-

١- هەژاری: دۆخێکە تاك تیایدا ناتوانێت نزمترین ئاستی پەسەندی خۆشگوزەرانی دەستەبەربکات[١]، نەخۆشییەکی کوشندەیە لە کۆمەڵگادا، زۆرینەی کات هاوتەریبە لەگەڵ نەخوێندەواریدا (بە پێی شیکاری بانکی نێودەوڵەتی لە ساڵی ٢٠١٢دا، سێیەکی خوێندکارانی کوڕان و (٤٠٪)ی خوێندکارانی کچانی هەرێم پێش ئەوەی بگەنە قۆناغی ئامادەیی وازیان لە خوێندن هێناوە)[٢]، نزمی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگا (هۆشیاری سەرەتایی)، وا لە دەنگدەران دەکەن بە نەرێنی بڕواننە پرۆسەی هەڵبژاردن و وانابینن هیچ لە گرفتی ئابوریان چارەسەر بکات، بۆیە بەشداریکردن و بەدەستهێنانی ماڤی دەنگدانیان بەگرنگ نازانن، لە ئەگەری بەشداری بوونیشیدا ڕەنگە دەنگەکەی لە لایەن پارت و لیستە دەوڵەمەندەکانەوە بکڕدرێت.

٢-بێکاری: بەپێی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە توانای کارکردنی هەبێت و ئارەزووی کارکردن بکات و بە دوای کاردا بگەڕێت و ڕەزامەند بێت پێی لە بەرامبەر پێدانی کرێیەکدا، بەلاّم هەر کاری دەستناکەوێت[٣]. دەشێت هۆکاری مرۆیی (زۆر بوونی دانیشتوان و هێزی کار، جەنگ، بڕینی کۆمەکە داراییەکانی حکومەت بۆ کەرتی کار، دابەزینی بەهای دراو، هۆکاری ئاسایش، بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا لە بری مرۆڤ، هاتنی کرێکاری بیانی...تاد.) یان هۆکاری سروشتی (ڕووداو و کارەساتە سروشتییەکان، دۆخی ئاوهەوا، کۆتایی هاتنی دەرامەتە سروشتییەکان...تاد.) بەرپرس بن لە بڵاوبوونەوەی بێکاری.

بێکاری لە هەرێمی کوردستاندا لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی دیکە جیاوازە، ئەوەیش بەهۆی دۆخی کارگێڕی و ئابوری و کۆمەڵایەتی...هتد، تەنانەت لە گروپێکی تەمەن بۆ گروپێکی تری تەمەنیش بۆ هەر دوو ڕەگەز جیاوازە، بۆ نمونە، ڕێژەی بێکاری لە ساڵی ٢٠١٢دا لە گروپی تەمەن (١٥- ٢٤) ساڵ بۆ ڕەگەزی مێ (٤٨،٩٪)ە، بەلاّم بۆ ڕەگەزی نێر ڕێژەکە دادەبەزێت بۆ (١٢،٨٪)، ڕێژەکە لە گروپی تەمەن (٢٥-٣٤) ساڵ زیاتر دادەبەزێت بۆ(٢٠،٢٪) بۆ ڕەگەزی مێ و (٣،٨٪)بۆ ڕەگەزی نێر، جگە لەوەی بە پێی ژینگەی جوگرافیاش ڕێژەی بێکاری دەگۆڕێت، بۆ نمونە لە گوندەکان بێکاری دەگاتە (٦،٦٪)، بەلاّم لە ناوچە شارستانییەکاندا ڕێژەکە بەرزدەبێتەوە بۆ (٧٪)[٤].

---

(١)- سمية التنير، الفقر والفساد في العالم العربي، دار الساقي، الطبعة الاولى، ٢٠٠٩، ص٤٦.

(٢)- أ- حکومەتی هەرێمی کوردستان، چوارچێوەی ستراتیجی پاراستنی کۆمەڵایەتی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١. ب- وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، کۆمپانیاکانی دابینکردنی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت،

-http: //motac. gov. krd/ku/News/١٢٠٠,١٤February.٢٠١٧

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە یاسای ساڵی ژمارە (١٩) ی ساڵی٢٠١١ بەرپرسە لە پێشکەوتنی مۆڵەتەکانی خزمەتگوزارییەکانی گەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا بە باشترین تەکنەلۆجیای سەردەم. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر بواری گەیاندن و مەرجەکانی، بڕوانە: وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، ڕێنماییەکانی بواری گەیاندن لە هەرێمی کوردستان،

-http: //motac. gov. krd/ku/News/١١٤٩,١٤February.٢٠١١٧

ئەمە جگە لەوەی (١٢٧) کەناڵی تەلەفزیۆن لە ئێستادا لە پەخشدان و لەو ژمارەیە (٣٤) کەناڵی ئاسمانین، سیامەند کەریم، سیستەمێکی نوێ بۆ کەناڵە ناوخۆییەکان دانرا،

-http: //www. rudaw. net/mobile/sorani/kurdistan/١٣٠٢٢٠١٧٢٧,١٥February.٢٠١٧

(٣) - رمزي زكي، الاقتصاد السياسي للبطالة، مجلة عالم المعرفة، العدد٢٢٦، بدون اسم المطبعة- الكويت، اكتوبر١٩٩٨، ص١٥.

(٤)- حكومة اقليم كوردستان، وزارة التخطيط، بناء القدرات في هيئة احصاء اقليم كوردستان من خلال جمع البيانات،

بێکارەکان یان ڕۆڵێکی لاوازیان دەبێت لە بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن یان دەنگ لە دژی پارتی دەسەڵاتدار دەدەن کە لەو دۆخەی نالەبارە ئابورییەی خوڵقاندویەتی یان هەژاری ناچاریان بەفرۆشتنی دەنگەکانیان دەکات و ئەمەش کاریگەری دەبێت لە سەر پاشەکشەی دیموکراسی و پرۆسەی هەڵبژاردن و پەرۆشی دەنگدەران بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن و دروست بوونی کێشەی راميارى لە نێوان پارتە بەشداربووەکانی پرۆسەکەدا، پاشتر سەردەکێشێت بۆ کێشەیی ناوخۆیی (رامیاری، ئابوری، ئاسایش، کۆمەڵایەتی...تاد) لەو یەکە رامیارییەدا.

## باسی چوارەم: هۆکاری ئایدیۆلۆجی (Ideology)[*]:

ئایدیۆلۆجیا: بریتیە لە کۆمەڵێك بیروباوەڕی هاوشێوە، دەشێت کەمێکیش لەیەکتری جیاواز بن، بە مەبەستی ئەنجامدانی کاری رامیاری رێکخراو[1].یان چەند ئامانج و بیروباوەڕێکە کە زیاتر لە رێبازێکی سیاسیدا خۆی دەنوێنێت، دەتوانرێت ئایدۆلۆجی وەك تێڕوانینێکی سەراپاگیر و شێوازی ئاراستەکردنی رێبازێکی دیاریکراو لە قەڵەمبدرێت، بەکردەوە بنەماکانی ئایدیۆلۆجییەکی تایبەت لە لایەن چینی دەسەڵاتداری کۆمەڵگەوە دادەڕێژرێت و بە پێی قورسایی ئەو چینە، بەسەر توێژ و ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگادا دەگشتێنرێت. مەبەستی سەرەکی لە پشت هەر ئایدیۆلۆجیەکەوە بریتیە لە گۆڕان لە کۆمەڵگادا لە رێگەی پرۆسەیەکی فکری ستانداردەوە، هاوکات ئایدیۆلۆجی سیاسی دوو رەهەندی سەرەکی هەیە، یەکەمیان ئامانجەکانە، واتە کۆمەڵگا دەبێت چۆن کاربکات یاخو بە چ شێوەیەك رێکبخرێت، دووەمیان شێوازەکان، واتە باشترین رێگە بۆ گەیشتن بە رێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵ بەشێوەیەکی نایاب[2].

زیاتر لە سەدەیەکە گەلی کورد لەوە هۆشیار بۆتەوە مافی ئەوەی هەیە خاوەنی دەسەڵات و بوونی خۆی بێت و هەست بەوە دەکات سنوری جوگرافی و زمان و مێژووی تایبەت بە خۆی هەیە و لە نەتەوەکانی دەوروبەری جیادەکاتەوە، لە ئەنجامی شۆکی ئیمپریالیزم و لە هەمانکاتدا بیری پێشکەوتوو باڵادەستی رۆژئاوا سێ جۆر ئایدیۆلۆجی تێدا دروست بوو، ئایدیۆلۆجی نەتەوەی و ئیسلامی رامیاری و شانبەشانی ئەم دوو ئایدیۆلۆجیایە، ئایدیۆلۆجیایەکی تر کە بیری مارکس رابەرایەتی دەکرد [3] .

مێژووی دروست بوونی پارتی رامیاری لە باشوری کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی دووەمی سەدەی رابوردوو، لەو کاتەوە تا ئێستا دەیان پارتی رامیاری دامەزراون، دید و ئاراستە و تێڕوانین و ئایدۆلۆجیای رامیاری و شێوازی خەباتیان دژی داگیرکەران جیاواز بووە، هەر پارتە لە قۆناغ و تەمەنی خۆیدا کۆمەڵێك لە هاوڵاتیان و هەوادارانیان لە دەور کۆبۆتەوە کە هاوبیر و هاودید و هاو ئایدیۆلۆجیایان بووە. بۆ روونکردنەوەی زیاتری ئایدیۆلۆجیای پارتە رامیارییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەم باسە دابەشی دوو تەوەر دەکەین:

### تەوەری یەکەم: پارت و کۆمەڵە رامیارییەکانی هەرێم:

شانبەشانی پارچەکانی دیکەی کوردستان، لە باشوری کوردستانیش پارتی رامیاری دروست بوون، ئامانجیان رزگاربوونی گەلی کورد و خاکەکەی بووە لە چنگی داگیرکەران (تورك، بەریتانی، عەرەب)و بەدەستهێنانی مافە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی

-http://www.mop.gov.krd/resources/Investment٢٠٪Projects/PDF/Rand_phase_٢/PhaseII-Data-Arabic.pdf,١٩july٢٠١٩,p.٢٩-٣٠.

(*)- ئایدیۆلۆجی وەك چەمك و زاراوە نوێیە و دەرکەوتن و بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی فەرەنسی، کاتێك جڤاتی پیشەسازی بلاوبوویەوە و خوێندەواری پەرەی سەند، بوارێکی وەها رەخسا خەڵکی لەو گروپانەدا کۆبوونەوە کە هاوبیروباوەڕ بوون و پاشان ناونران پارت، ئەو پارتە رامیارییانەی لە ئەوروپادا دروست بوون لە سەرەتای سەدەی بیستەم بە ئایدیۆلۆجییەکی رامیارییەوە خۆیان پەیوەست دەکرد، ئایدیۆلۆجییە گرنگەکانیش ئەمانە بوون : لیبرالیزم (Liberalism)، کۆنسێرفاتیزم (Conservatism)، سۆسیالیزم (Socialism) : رەیدار لاشۆن، گەلە ئایدیۆلۆژیای سیاسی هاوچەرخ، و. ئاسۆس کەمال، بە بێ ژمارەی چاپ، بە بێ ناوی چاپخانە- ستۆکهۆڵم، ١٩٩٩، ل٦.

(١)- اندرو هيود، مدخل الي الايديولوجيات السياسية، ترجمة محمد صفار، الطبعة الاولى، المركز القومي للترجمة، ٢٠١٢، ص٢١.

(٢)- هاوکار حسێن، فەرهەنگی پۆڵەتیکس، بە بێ ژمارەی چاپ، لە بلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٤١٢- ٤١٣.

(٣)- ئازاد قەزاز، روحی کورد لە بن دەستی ناسیونالیزم، ئیسلامیزم و مارکسیزم دا، چاپی یەکەم، چاپەمەنی پەیوەند، ٢٠٠٨، ل١٩ و ١١٩.

گەلی کوردو دروستبوونی قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردی بووە، لەو پارتانەش: کۆمەڵە (جمعیة) کوردستان١٩٢٢، کۆمەڵەی برایەتی١٩٢٧، پارتی هیوا ١٩٣٧، پارتی شیوعی عێراق ١٩٤٤، پارتی ڕزگاری ١٩٤٥، لیژنەی ئازادی ١٩٤٥، پارتی دیموکراتی کورد١٩٤٦[١]، یەکێتی نیشتمانی کوردستان ١٩٧٦، بزوتنەوەی گۆڕان ٢٠٠٩...تاد. تەمەن و خەباتی پارتەکان جیاواز بووە، هەندێکیان هەر زوو هەڵوەشاونەتەوە و دابەش بوون یان یەکیانگرتوە لەگەڵ پارتی ڕامیاری تر یان ناوەکەی گۆڕاوە یان جۆری خەباتەکەی گۆڕاوە یان قەدەغەکراون لە لایەن حکومەتە عێراقییەکانەوە، هەندێکی تریشیان بەردەوامن لە ژیانی ڕامیاری خۆیان، دروست بوون و پێکهێنانی پارتی ڕامیاری نوێش لە هەرێمی کوردستان بەردەوامە.

ئامانجی هەر پارتێکی ڕامیاری گەیشتنە بە دەسەلات، تا لە ڕێگەیەوە بەرنامە ڕامیارییەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن و کاربکەن بۆ بلاوکردنەوە و چەسپاندنی ئایدیۆلۆجی پارتەکە (ڕامیاری، ئاینی...تاد.)، هەر لەبەر ئەوەشە لە سیستەمە دیموکراتییەکاندا پارتەکان پەنا دەبەنە بەر هەڵبژاردنەکان.

لە هەرێمی کوردستاندا دەیان پارتی ڕامیاری بوونیان هەیە، ئەوەی مەبەستمانە ئاماژەی پێ بکەین ئەو پارتە ڕامیاریانەن (عێراقی، کوردستانی) کە لەپاش ڕاپەڕینەوە بەشداری پرۆسەی ڕامیارین و بەشداری خولەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانیان کردووە، چ بە تەنها چ لەگەڵ پارتی ڕامیاری تردا هاوپەیمانییان پێکهێناوە و بە یەك لیستی هەڵبژاردن چونەتە نێو پرۆسەکەوە.

## تەوەری دووەم: پارتە ڕامیارییە کاریگەرەکان لە سەر گۆڕەپانی هەرێمی کوردستان:

مەبەست لە هەموو ئەو پارتە ڕامیارییانەیە کە سەرکەوتووبوون لە بەدەستهێنانی کورسی پەرلەمانی، لە هەڵبژاردنە یەك لە دوایەکەکانی پەرلەمانی کوردستاندا، دەشێت تاك یان پارت یان هاوپەیمانێتی لە پشت پێکهێنانی لیستێکی هەڵبژاردن بوبێتن، ئەوانیش بریتین لە:

١- پارتە ڕامیارییە علمانییەکان:

أ- پارتە نەتەوەییەکان یان نیشتمانییەکان:

١- پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ك): پارتێکی دیموکراتی نیشتمانییە، لە ١٦ ئابی ١٩٤٦ بە سەرۆکایەتی (مەلا مستەفا بارزانی) دامەزراوە، سەرەتا ناوی (پارتی دیموکراتی کورد) بوو لە کۆنگرەی سێیەمدا لە ١٩٥٣/١/٢٦ لە شاری کەرکوك بەسترا بڕیاردرا ناوی حزب بکرێتە (پارتی دیموکراتی کوردستان) لە دروست بوونیەوە تا ئێستا ١٣ کۆنگرەی بەستوە.

٢- یەکێتی نیشتمانی کوردستان (ی.ن.ك): حزبێکی سۆشیال دیموکراتی گەلی کوردستانی عێراقە[٢].لە ١٩٧٥/٦/١دا، لە یەکەم بەیاننامەیەیدا بە فەرمی (ی.ن.ك.) ڕاگەیەندرا لە چەند ڕێکخراوێك پێکهاتبوون ( کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان، بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، هێڵی گشتی (ی.ن.ك))[٣]، سێ کۆنگرە لە ساڵەکانی١٩٩٢، ٢٠٠١، ٢٠١٠[٤]و پێنج پلینیۆمی لە ساڵەکانی ١٩٨٥، ١٩٨٧، ٢٠٠٧، ٢٠٠٩، ٢٠١٣ [*]بەستوە.

---

(١)- عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكوردية في نصف قرن١٩٠٨- ١٩٥٨، الطبعة الثانية، دار سردم للطباعة والنشر- السليمانية، ٢٠٠٧، ص١٢٩- ٣٠١.

(٢)- یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پێناسە،

- http: //www. pukpb. org/kurdi/puk,٧April٢٠١٧.

(٣)- یەکێتی نیشتمانی کوردستان بانکی زانیاری، یەکێتی نیشتمانی کوردستان،

- http: //pukinfob. com/?page_id=٨٥٧,٢٣June٢٠١٧.

(٤)- ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەرگی دووەم، چاپی سێیەم، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران- سلێمانی، ٢٠١٦، ل٩٤١- ٩٦٢.

(*)پلینیۆم (کۆبوونەوەی فراوان) لە برگەی یەکەمی مادەی نۆیەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی کۆنفرانسی دووەم وسێیەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەران پێناسەی پلینۆم دەکات بەوەی" کۆبوونەوەیەکی فراوانە دەگیرێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئیش و کاری کۆمیتەی سەرکردایەتی یان دارشتنی تاکتیکی نوێ و پڕکردنەوەی سێیەکی ئەندامانی سەرکردایەتی یان دیارکردنی کاتی بەستنی کۆنفرانس"بە پێ برگەی سێیەمی هەمان مادە "پلینۆم ساڵی جارێك...تاد." دەبەسترێت، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر پلینیۆم و دەسەلاتەکانی و پلینیۆمەکانی ( ی. ن. ك ). بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٢- ٢٣٠.

٣- یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان (YNDK) :

ڕێکخراوێکی نەتەوەیی سیاسی جەماوەری و یەکێتییەکی ئارەزوومەندانەیە بۆ تێکۆشەران و نیشتمانپەروەرانی کوردستان، هاوبیری خەباتی لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان و یەکێتی خاکەکەی و ئازادی گەلەکەیەتی[١]، لە ساڵی ١٩٩٥ دامەزراوە.

٤- پارتی دیموکراتی تورکمانی کوردستانی:

پارتێکی تورکمانیە، لە لایەن سکرتێری پارتی یەکێتی تورکمانی عێراق (دڵشاد بکر چاویشلی) ەوە لە ساڵی ١٩٩٧ دروستکرا، پاش ئەوەی دەستی لە پارتی یەکێتی تورکمانی عێراق هەڵگرت[٢].

٥- بەرەی تورکمانی عێراق:

بەرەیەکی تورکمانییە لە یەکگرتنی پارتی تورکمان ئایلی و پارتی نیشتمانی تورکمانی و بزوتنەوەی تورکمانی سەربەخۆ لە هەولێر لە ٢٤نیسانی ١٩٩٥ دروستبوو، ئامانجیان پارێزگاریکردنە لە مافی تورکمانەکانی عێراق لە چوارچێوەی یەکپارچەیی خاك و گەلی عێراق دا[٣].

٦- پارتی چاکسازی تورکمانی:

دروست بوونی ئەم پارتە دەگەڕێتەوە بۆ جیابونەوەی ژمارەیەکی زۆر لە تورکمانەکانی پارێزگای هەولێر لە بەرەی تورکمانی لە نیسانی ٢٠٠٥دا بە سەرکردایەتی عەبدولقادر بازرگان[٤] .

٧- پارتی بەیت نەهرەینی دیموکراتی (حزب بيت النهرين الديمقراطي):

پارتێکی سیاسیە دیموکراتی ئاشوریيە دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ بەستنی یەکەم کۆنگرەی خۆی لە ئەمەریکا لە ١٩٧٦/١١/١دا، تێدەکۆشێت بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی گەلی ئاشوری و دادی کۆمەڵایەتی و مافی ژنان و یەکسانی لە ئەرك و ماف دا لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا و بەدیهێنانی حکومەتێکی دیموکراتی فیدراڵی فرەیی لە عێراق و پاڵپشتیکردنی حکومەتی هەرێم و گەلی کورد لە خەباتی نەتەوەیی تا گەیشتن بە مافی چارەی خۆنوسین[٥] .

٨- بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری - بزوتنەوەی ئاشوری( الحركة الديمقراطية الاشورية- زوعا - Assyrian Democratic Movment) :

ڕێکخستنێکی سیاسی دیموکراتی نەتەوەیی نیشتمانییە، هەڵگری هیچ سیفاتێکی مەزهەبی نیە، باپەندە بە بیروباوەڕی سەرکردایەتی و کاری بە کۆمەڵ و پاڵپشتیکردن لە بۆچونی زۆرینە لەگەڵ مافی کەمینەکان، لە ١٢ نیسانی ١٩٧٩ لە کۆنفرانسێکی نهێنی لە چەند دانیشتنێکی نهێنی لە کەرکوك و موسڵ و بەغداد دامەزراوە، لە تێکڕای خولەکانی پەرلەمان نوێنەریان هەبووە، لە ساڵەکانی ١٩٩٢ و ١٩٩٧ و ٢٠٠١٥ و ٢٠٠٦ گۆنگرەیان بەستوە[٦]، لە خولی یەکەم بە ناوی لیستی مۆر و لە خولی دووەم بە ناوی ئاشورییەکان لەگەڵ پارتە کوردییەکانی تردا هاوپەیمانێتێکیان پێکهێنا و بە ناوی لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان و لە خولی سێیەم و چوارەم دا بە ناوی لیستی ڕافیدەین بەشداربوون لە پێکهێنانی پەرلەمانی کوردستان.

---

(١)- یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەم، بە بێ شوێنی چاپ، بە بێ ساڵی چاپ، ل٢٩.

(٢)- biz türkmeniz، نشوء المؤسسات التركمانية و نمونها،

- http: //www. bizturkmeniz. com/ar/index. php?page=article&id=٩٩٩٤٩,٤August٢٠٠٧.

(٣)- سحر العزاوي، في ذكرى تأسيسها: ملف خاص عن الجبهة التركمانية العراقية،

- http: //kirkuknow. com/arabic/?p=١٨٤٧,٤August٢٠١٧.

(٤)- biz türkmeniz، نشوء المؤسسات التركمانية و نمونها، مصدر سابق.

(٥)- حزب بيت نهرين الديمقراطي، المناهج والنظام الداخلي لحزب بيت نهرين الديمقراطي،

- http: //bet- nahrain. org/index. php?option=com_content&view=section&layout=blog&id=٧&Itemid=٤١,٣٠June٢٠١٧.

(٦)- الحركة الديمقراطية الاشورية- زوعا، شعار الحركة الديمقراطية الاشورية

- https: //www. zowaa. org/about٪٢٠us. htm,٣August٢٠١٧.

٩- پارتی دیموکراتی کلدان:

یەکەم پارتی نەتەوەیی کلدانییە لە سەر ئاستی جیهان، دروست بوونی دەگەڕێتەوە بۆ بەستنی یەکەم کۆنگرە لە ١٥ئۆکتۆبەری ١٩٩٩، لە ٢٠٠١ مۆڵەتی فەرمی لە حکوومەتی هەرێم وەرگرتوە، ئەبلحەد ئەفرام ئەمین سکرتێری گشتی پارتەکەیە(١).

١٠- ئەنجومەنی میللی کلدانی سریانی ئاشوری: پارتێکی مەسیحییە لە ١٥مایسی٢٠٠٧ لە شارۆچکەی کرملیس لە دەشتی نەینەوا دامەزراوە(٢)، لە لایەن شمس الدین کورکیس سەرۆکایەتی دەکرێت. لە خولی سێیەم توانی سێ کورسی لە کۆی پێنج کورسی بە دەستبهێنێت و لەگەڵ پارتی بەیت نەهرینی دیموکراتی و پارتی نیشتمانی ئاشوری و ئەنجومەنی نەتەوەیی کلدانی لیستی گردبوونەوەی گەلی کلدانی سریانی ئاشوریان پێکهێنا لە ٤ ئەیلولی٢٠١٣دا(٣).

١١- پارتی ڕۆڵەکانی نەهرین (ابناء النهرين):

پارتێکی مەسیحیە، لە٢٠١٣/١/٢٤ دامەزراوە، لەلایەن کالیتا شابا حجی سەرۆکایەتی دەکرێت، خاوەنی یەك کورسی پەرلەمانییە لە کۆی پێنج کورسی کلد و سریان و ئاشورییەکان لە خولی چوارەمی پەرلەمان، نوێنەرەکەیان سرود سليم متى يوسف ە.

ب- پارتە سۆسیالیستەکان:

١- پارتی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان:

حزبێکی نەتەوەیی و نیشتمانی ڕیفۆرم خوازە، تێدەکۆشێت لە پێناو کۆمەڵگایەکی دیموکرات و هێنانە دی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بە دەستهێنانی مافی چارەنوس بۆ گەلی کورد، لە ١٩٧٦/٨/٨ بە ڕابەرایەتی شەهید (سیدا صالح یوسفی)(٤) دامەزراوە تاسالی ٢٠١١ شەش کۆنگرەی بەستوە.

٢- حزبی زەحمەت کێشانی کوردستان:

پارتێکی چەپی کوردستانییە، لە پێناو بڕیاردانی مافی چارەنوسی بۆ سەربەخۆی کوردستان، بنیادنانی سیستمێکی دیموکراسی، بەدیهێنانی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی تێدەکۆشێت(٥) .لە ١٩٨٥/١٢/١٢ دامەزراوە، نۆ کۆنگرەی بەستوە و لە هەموو خولەکانی پەرلەماندا بەشداری هەڵبژاردنەکانی کردووە چ بە لیستی تەنها چ بە هاوپەیمانێتی.

٣- حزبی شیوعی کوردستان- عێراق:

بەشێکە لە بزافی دیموکراسی چەپ و سۆشیالیستی نوێخواز لە جیهاندا، یەکێتییەکی ئارەزوومەندانەی ئەو تێکۆشەرانەیە کە مارکسیزم ڕێنیشاندەریانە هەموو تواناکانیان بۆ گەل و نیشتمان و مافی بڕیاردانی چارەنوس و دۆزی چینی کرێکار و ڕەنجدەران و کۆمەڵگای کوردستان تەرخان دەکەن، ئەم ڕێکخراوە لە یەکەمین گۆنگرەی حزبی شیوعی عێراقدا لە ساڵی ١٩٤٥دا بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندێتی نەتەوەیی، بەناوی لقی کوردی حزبی شیوعی عێراق ڕاگەیەندراوە، مافی دانانی بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆی پێدراوە، پاشان بووە بە لقی کوردستان، لە ئایاری ١٩٦٦ یەکەمین کۆنگرەی خۆی بەست و دواتر لە سێیەمین کۆنفرانسی

(١)- بطريكية بابل للكدان، منجزات السيد ابلحد افرام امين عام الحزب الديمقراطي الكلداني علي الصعيد العام،

- http: //saint- adday. com/?p=٥١٩٨,٤August٢٠١٧

(٢)- المجلس الشعبي الكلداني السرياني الاشوري، بيان لمناسبة الذكرى العاشر لتأسيس المجلس الشعبي الكلداني السرياني الاشوري (اليوبيل البرونزي)

-http: //baretly. net/index. php?topic=٦٥٩٨٩. ٠,٤August٢٠١٧ -

(٣)- التجمع الكلداني السرياني الاشوري، اعلان قائمة الكلداني السرياني الاشوري في مقر المجلس الشعبي بمدينة دهوك،

.http: //www. ishtartv. com/viewarticle,٤٩٩١٣. html,٤August٢٠١٧ -

(٤)- حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان- عێراق پەسەندکراوی کۆنگرەی شەشەم (هەولێر ٥- ٢٠١١/٥/٧)، بە بێ شوێنی چاپ، ساڵی چاپ، ل١٣.

(٥)- حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان پەسەندکراوی نۆیەمین کۆنگرە لە (٤- ٥) ئایاری ٢٠١٧، بە بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٧، ل٢٥.

حزبدا لە کانوونی یەکەمی ١٩٦٧دا گۆڕدرا بۆ (ڕێکخراوی هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعی عێراق) لە ئایاری ١٩٦٩دا کۆنگرەی یەکەمی خۆی بەست، تا ساڵی ٢٠١٦ شەش کۆنگرەی بەستوە[١].

٤- پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان (PKRK)

پارتێکە هەڵگری بیری سۆشیالیستییە دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ بەستنی یەکەم کۆنفرانسی لە ٢٨/١-١/٢/١٩٩٥، لە ئامانجەکانە ستراتیژیەکانی بەدەستهێنانی مافی چارەنوس بۆ گەلی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی نیشتمانی سەربەخۆ و ئازادە، ئەمە جگە لە پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی سۆشیالیست کە تیایدا ئازادی، یەکسانی، دیموکراسی، دادی کۆمەڵایەتی بەرقەرار بێت، تا ساڵی ٢٠١٧ دوو کۆنگرە و دوو کۆنفرانسی بەستوە[*]،

ب- پارتە لیبراڵەکان:

بزوتنەوەی گۆڕان: ڕێکخراوێکی سیاسی خاوەن کەسایەتی مەعنەوییە، لە کۆبوونەوەی ئارەزوومەندانەی ئەو هاوڵاتیانە پێکدێت کە لە دەوری بەرنامەی سیاسی و دەستوری ناوخۆی بزوتنەوەی گۆڕان کۆبوونەتەوە[٢]. لە ساڵی ٢٠٠٦ لە ناو ڕێکخستنەکانی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) سەری هەڵدا بە ناوی ڕیفۆرم، کە ئامانجی چاکسازی و دژایەتی گەندەڵی بوو، لە لایەن نەوشیروان مستەفا ڕابەرایەتی دەکرا، دوای ئەوەی لە ئەندامێتی مەکتەبی سیاسی و جێگری سکرتێری گشتی وازی هێنا، بۆ یەکەمین جار بەشداری هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کرد، لە ١/٥/٢٠١٠ مۆڵەتی فەرمی لە حکومەتی هەرێم وەرگرت[٣].

٢- پارتە ڕامیارییە ئاینییەکان:

هەموو ئەو گروپە ئاینییانە دەگرێتەوە کە کاری ڕامیاری دەکەن و ڕێکخستنێکی تایبەت بەخۆیان هەیە، ئەوانەی کار بۆ سەرخستنی ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوە ئاینییە ئەکەن هەمان ئایدۆلۆجی ئاینی یان مەزهەبییان هەیە، سەرکردەیەکی ئاینی ڕابەرایەتییان دەکات، ئامانجیان گەیشتنە بە دەسەڵات چ لە ڕێگای توندوتیژی یان لە ڕێگای ئاشتی و شارستانییەوە، بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئایدیۆلۆجیی ئاینەکەیان بەسەر کۆمەڵگادا لە ڕێگای هێز (دەستور، یاسا، بڕیار، دەسەڵات، دارایی، چەك) ەوە. ئەوانیش بریتین لە:

پارتە ڕامیارییە ئیسلامییەکان: هەموو ئەو گروپە ڕامیارییانە دەگرێتەوە ڕێکخستنێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، هزری ئیسلام یان مەزهەبێکی دیاریکراوی ئیسلام بنەمای کاریانە، مەبەستیانە بگەنە دەسەڵات چ لە ڕێگەی چەك (خۆیان ناوی دەبەن بە جیهاد)، چ لە ڕێگەی ئاشتی (هەڵبژاردن)، بەمەبەستی بە یاساکردنی شەریعە و چەسپاندنی لە کۆمەڵگادا.

لە هەرێمی کوردستاندا چەندین پارتی ڕامیاری ئیسلامی هەن بەشداری هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی کوردستانیان کردووە، لەوانە:

١- بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان/عێراق: بزوتنەوەیەکی ئیسلامی گشتگیرە لە سەر پەیڕەوی ئەهلی سوونە و جەماعە، تێدەکۆشێ بۆ گەڕانەوەی بنەماکانی ئیسلام بۆ نێو کۆمەڵگای کوردەواری و هێنانەدی مافە ڕەواکانی گەلی کوردلە ساڵی ١٩٨٤ دەستی بە جیهاد و خەباتی چەکداری دژی ڕژێمی بەعس کردووە، لە ساڵی ١٩٨٧ دا ڕاگەیەندرا، (مەلا عوسمان عبدالعزیز) ڕابەرایەتی دەکرد، [٤] لە کۆنگرەی (٨) دا دابەش بوون بۆ سێ پارتی ڕامیاری[١]. تا ئێستا (١١) کۆنگرەی بەستوە.

---

(١) - حزبی شیوعی کوردستان، بەڵگەنامەکانی شەشەمین کۆنگرەی حزبی شیوعی کوردستان- عێراق، بە بێ ناوی چاپ، ٢٠١٧، ل١٦٣و١٧٩و١٨٠.

(*)- بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ دەبێت لە دۆخی ئاسایی دا هەر دوو ساڵ جارێك کۆنگرە ببەستێت، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دید و سەرنجی ئەم پارتە لە مەڕ پرسە سیاسی و نەتەوەی و نیشتمانییەکانی کوردستان و پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەی یەکەم بڕوانە: پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، ڕاپۆرتی سیاسی و پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی کرێکارن و ڕەنجدەرانی کوردستان پەسەندکراوی کۆنگرەی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، ٢٠١٣، ل٦- ٧٢.

(٢)- بزوتنەوەی گۆڕان، دەستوری ناوخۆی بزوتنەوەی گۆڕان پەسەندکراوەی کۆنگرەی یەکەم، بە بێ ژمارەی چاپ، بە بێ شوێنی چاپ، هەولێر، ٢٠١٣، ل٣.

(٣)- محەمەد فاتیح، حزب و ڕێکخراوە سیاسیە عێراقییەکان١٩١٠-٢٠١٠، بەبێ ژمارەی چاپ، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران- سلێمانی،٢٠١٢، ل٢٢٥.

(٤)- بزوتنەوەی ئیسلامی، پەیڕەوی ناوخۆی بزوتنەوەی ئیسلامی پەسەندکراوی کۆنگرەی یازدە، ٢٠١٦ز، بە بێ شوێنی چاپ، بە بێ ساڵی چاپ، ل٢-٤.

٢- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان: حزبێکی (ئیسلاحیی) نیشتمانییە، لە پێناو کۆمەڵگایەکی گەشەسەندو و دەسەلاتێکی دادپەروە بە مەرجەعیەتێکی ئیسلامیانە تێدەکۆشێت، لە٦ شوباتی١٩٩٤ دامەزراوە[٢]، تا ئێستا (٧) کۆنگرەی.

٣- کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق: پارتێکی ئیسلامییە، بۆ پیادەکردنی بەرنامەی ئیسلام لە کوردستان و عێراق دا و چەساپاندنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان، تێدەکۆشێت[٣]، پاش کۆنگرەی (٨)ی بزوتنەوەی ئیسلامی وەك پارتێکی نوێ لە ٣١ ئایار٢٠٠١ ڕاگەیەندرا[٤]. لە سەرەتادا باوەڕی بە خەباتی چەکداری هەبوو، پاش پرۆسەی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس دەستبەرداری چەك بوون و بەشدارن لە پرۆسەی سیاسی و کارگێڕی حکومەتی هەرێم دا، تا ئێستا (٣) کۆنگرەی بەستوە.

---

(١)- مسعود عبدالخالق، مەوسوعەی جودی بۆ چەمك و زاراوەکانی سەردەم، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، تەفسیر بۆ بلاوکردنەوە ڕاگەیاندن، ٢٠٠٨، ل٦١١.

(٢)- یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەی حەوتەمی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان،
-http://www.yakgrtw.net/ku/peyrrew-prrogram,٢٦july٢٠١٩.

(٣)- کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان/ عێراق، پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان/عێراق پەسەندکراوی کۆنگرەی سێیەم ٢٠١٥ی زاینی- ١٤٣٦ کۆچی، بە بێ شوێنی چاپ، بە بێ ساڵی چاپ، ل٤.

(٤)- حەسەن بارام، مەوسوعەی پارتە سیاسیەکانی کوردستان و عێراق ١٩٠٨- ٢٠٠٥، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەهەند- سلێمانی، ٢٠١٢، ل٣٣٣.

# بەشی سێیەم:

## ڕێکخستنی شوێنی (التنظيم المكاني) هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی خولی (یەکەم – چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢ -٢٠١٣):

باسی یەکەم: دابەش بوونی جوگرافی هەڵبژێر (الناخب) لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی خولی ( یەکەم – چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢- ٢٠١٣)

باسی دووەم: دابەشبوونی جوگرافی دەنگدەر لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی خولی ( یەکەم – چوارەم) پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢- ٢٠١٣):

باسی سێیەم: دابەشبوونی جوگرافی بنکەکانی هەڵبژاردن لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی خولی ( یەکەم – چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢- ٢٠١٣):

باسی چوارەم: لیستە بەشداربووەکان و سەرکەتووەکان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی خولی ( یەکەم – چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢- ٢٠١٣)

## بەشی سێیەم: ڕێکخستنی شوێنی (التنظيم المكاني) هەڵبژاردنە پەرلەمانییـەکانی خولی (یەکەم – چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢ -٢٠١٣)

لەم بەشەدا ژمارە و ڕێژە و دابەش بوونی جوگرافی هەڵبژێر و دەنگدەران و ناوەندی تۆماری دەنگدەران و بنکە و وێستگەکانی هەڵبژاردن بە پێی پارێزگاکانی هەرێم دەستنیشان دەکەین و لێیان دەدوێین و ڕادەی گۆڕانکارییەکانیان دەستنیشان دەکەین و لە هۆکارەکانی پشت گۆڕانکارییەکان دەدوێین، هەروەها ژمارە و ڕێژەی لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی هەرێم و ژمارە و ڕێژەی لیستە سەرکەوتووەکان بۆ پەرلەمانی کوردستان دەستنیشان دەکەین و دەخەینە ڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم بەشەمان دابەشی چوار باس کردووە کە بریتین لە:

### باسی یـەکـەم: دابـــەش بوونی جـوگرافی هەڵـبژێر (الناخـــب) لە هەڵبژاردنـــە پەرلەمانییـــەکانی خولـــی ( یەکەم – چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستـــان (١٩٩٢- ٢٠١٣):

لەم باسەدا ژمارە و ڕێژەی هەڵبژێر و ژمارەی دانیشتوانی هەر پارێزگایەك دەخەینە ڕوو بۆ هەر خولێکی هەڵبژاردن، پاشان ڕادەی گۆڕانکاری نێوان خولەکان دەستنیشان دەکەین و شرۆڤەیان بۆ دەکەین، هەروەها ڕێژەی هەڵبژێری هەر پارێزگایەك بۆ تێکڕای هەڵبژێری هەرێم دەستنیشان دەکەین بۆ هەر خولێك و جیاوازی گۆڕانکارییەکان لە نێوان خولەکان دەستنیشان و ڕاڤە دەکەین، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم باسەمان دابەشی پێنج تەوەر کردووە کە بریتین لە :

#### تەوەری یەکەم: دابەشبوونی جوگرافی هەڵبژێر لـە هەڵبژاردنـی خولی یەکـەمی ئـەنجومەنی نیشتمانـی کوردستان ( ١٩ /٥ / ١٩٩٢ ):

بە پێی خاڵی یەکەمی مادەی (٢١)ی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UDHR)ی ساڵی ١٩٤٨"هەموو کەسێك مافی بەشداریکردنی لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی وڵاتەکەی هەیە چ ڕاستەخۆ بێت چ لە ڕێی ئەو نوێنەرانە کە ئازادانە هەڵیدەبژێرێت"، هەروەها لە خاڵی (٣)ی هەمان مادە دا هاتووە" ویست (ئیرادە)ی گەل سەرچاوەی دەسەڵاتی حکومەتە و ئەم ویستەش لە هەڵبژاردنێکی خاوێن و خولیدا بەرجەستە دەبێت هەروەها دەنگدان دەبێت نهێنی یان هاوشێوەکەی بێت کە تیایدا ئازادی دەنگدان مۆسگەر بکرێت"[(١)] هەروەها لە پەیمانی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسیەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان (ICCPR)و ڕێکەوتنامەی ئەوروپایی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی ئەنجومەنی ئەوروپا (ECHR)و دەروەستەییە پەسەندکراوەکان لە کۆنفرانسی ڕێکخراوی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپا (OSCE)و بەڵگەنامەی کۆپنهاگنی ساڵی١٩٩٠، تێکرا جەخت لە ڕۆڵی سەرەکی هەڵبژاردن لە پاراستنی مافی هاوڵاتیان و بەشداریکردن لە دەسەڵاتی وڵاتەکەیان دەکەنەوە[(٢)]، لەبەر ڕۆشنایی خاڵەکانی سەرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی هەموو ئەو کەسانەی مەرجی یاساییەکانی هەڵبژاردن (دەنگدان)یان تێدایە مافی هەڵبژاردنی هەیە لە پرۆسەیەکی ئازاد دا.

لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بە بڕیاری بەرەی کوردستانی ئەم مافە بۆ هەموو کوردستانیان کە مەرجەکانی هەڵبژاردنیان تێدا بەرجەستە بووە فەراهەم کراوە، هەموو ئەو کەسانەی کە مەرجەکانی دەنگدانیان تێدابەرجەستە بوو و لە دایك بووی ١٩٧٤/٥/١٩ و پێشتر بوون مافی دەنگدانیان هەبوو[(٣)]، ئەمە جگە لە کردنەوەی بنکەکانی هەڵبژاردن لە زۆرینە ناوچە ئازادکراوەکانی هەرێمی کوردستان، تەنانەت بۆ کوردستانیانی ئاوارەی کەرکوکیش لە

---

(١)- الامم المتحدة/حقوق الانسان/ مكتب المفوض السامي، الاعلان العالمي لحقوق الانسان،
http: //www. ohchr. org/AR/UDHR/Pages/UDHRIndex. aspx,٢٥August٢٠١٧. no page number.

(٢)- ڕێکخراوی ئاسایش و هاریکاری ئەورپا، هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردن، و. باوکی هانی، گۆڤاری هەڵبژاردن، ژمارە (١٦)، کانوونی یەکەمی ٢٠١١، ل٢٧.

(٣)- المجموعة القانونية الدولية لحقوق الانسان، انتخابات بلا حدود تقرير حول انتخابات مايس ١٩٩٢ في كوردستان العراق، مصدر سابق، ص٦٦.

ناوچە ئازادکراوەکانی هەرێم دا. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر پشك و بەرکەوتەی دابەش بوونی دەنگدەرانی هەرێم بەسەر پارێزگاکاندا، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٢) و نەخشەی ژمارە (١٢) .

**خشتەی ژمارە (١٢)**

**ژمارە و (٪) دانیشتوان و ژمارە و (٪) هەڵبژێر/دانیشتوانی هەر پارێزگایەك و هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی (١٩/٥/١٩٩٢)**

| پارێزگا | دانیشتوان | | ژ. دەنگدەری پێشبینیکراو (هەڵبژێر) | هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگا | | (٪) هەڵبژێر/هەڵبژێری هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ. | (٪) | | (٪) | جیاوازی (٪) لەگەڵ تێکرا | |
| دهۆك | ٣١٣,٥٠٠(*) | ١٢,٨٦ | ١٧٨,٠٠٠ | ٥٦,٧٨ | ١١,١٨ | ١٦,٠١ |
| هەولێر | ٩٦٣,٧٠٠ | ٣٩,٥١ | ٣٤٠,٠٠٠ | ٣٥,٢٨ | -١٠,٣٢ | ٣٠,٥٧ |
| سلێمانی | ١,١٦١,٧٠٠ | ٤٧,٦٣ | ٤٥٠,٠٠٠ | ٣٨,٧٤ | -٦,٨٦ | ٤٠,٤٧ |
| کەرکوك | - | - | ١٤٤,٠٠٠ | - | - | ١٢,٩٥ |
| کــــۆ | ٢,٤٣٨,٩٠٠ | ١٠٠ | ١,١١٢,٠٠٠ | ٤٥,٦ | - | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەسوود وەرگرتن لە: أ- سلێمان مستەفا حەسەن، کورد و یەکەم ئەزموون، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، ٢٠١٧، ل١٦١و٤٧٧. ب- جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٩٢، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٩٢، ص٣٦.

بە ڕەچاوکردنی خشتەی ژمارە (١٢)و نەخشەی ژمارە (١٢)، بۆمان دەردەکەوێت دانیشتوانی پارێزگای دهۆك (٣١٣,٥٠٠) کەسە، ڕێژەی(١٢,٨٦٪)ی کۆی دانیشتوانی هەرێمی پێکهێناوە، (١٧٨,٠٠٠) هەڵبژێریان بۆ خەملاندوە و دەکاتە ڕێژەی (٥٦,٧٨٪)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە، ئەم پارێزگایە ڕێژەی (١١,١٨٪) هەڵبژێری لە تێکرای هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێمی زیاتر بەرکەوتووە، ڕێژەی (١٦,٠١٪) کۆی هەڵبژێری هەرێمی پێکهێناوە، ڕێژەی (٣,١٥٪) لە ڕێژەی دانیشتوان ئەم پارێزگایە بۆ کۆی دانیشتوانی هەرێم زیاترە.

دانیشتوانی پارێزگای هەولێر (٩٦٣,٧٠٠) کەس بووە، (٣٩,٥١٪)ی کۆی دانیشتوانی هەرێمی پێکهێناوە، (٣٤٠,٠٠٠) هەڵبژێری بۆ خەملێندراوە و ڕێژەی (٣٥,٢٨٪)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگاکەی پێکهێناوە، ڕێژەی (-١٠,٣٢٪) هەڵبژێر کەمتر بۆ ئەم پارێزگایە تەرخانکراوە ئەگەر بەراورد بکرێت بە ڕێژەی هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم، هەر بۆیەش هەڵبژێری ئەم پارێزگایە تەنها (٣٠,٥٧٪)ی کۆی هەڵبژێری هەرێمی پێکهێناوە، ئەمەش بە ڕێژەی (-٨,٩٤٪) لە ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگاکە/دانیشتوانی هەرێم کەمترە.

---

(*)- دەستەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی پشتی بەم هەژمارکردنەی دانیشتوان بەستوە کە لە لایەن بەڕێوبەری ئاماری پارێزگای دهۆك خەملێندراوە و ئامادەکراوە (دانیشتوانی پارێزگای دهۆك بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ (٢٩٣,٣٠٤) کەس بووە، ئەنجامی سەرژمێری گەماڕۆسازی دانیشتوانی کوردی گەڕاوە پارێزگاکە بۆ ساڵی ١٩٨٩ لەگەڵ زیادبوونی خەملێندراو (٦,٥٩٤) کەسە، ژمارەی دانیشتوان گەڕاوە لە تورکیا و ئێران بە پێی گەماڕۆسازی (٥٣,٧٤٣) کەسە، زیاد بوونی دانیشتوانی پارێزگای دهۆك تا ساڵی ١٩٩٢ (بە پێی خەملاندنی زیادبوون بە ڕێژەی ٣,٣٪ (٤٥,٥٠٨) کەسە، سەرجەم دەکاتە (٣٩٩,١٤٩) کەس، ژمارەی دانیشتوانی ئاکرێ و شێخان بۆ ساڵی ١٩٩٢ (١٨٧,٠٧٣) کەسە، ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای دهۆك کە لە کۆمەڵگاکانی (دیاربەکر و موشە و مێردین) ( باکوری کوردستان - توێژەر) بوون لە ساڵی ١٩٩٢دا (٢٠,٠٤٣) کەس بوون، سەرجەم دەکاتە (٦٠٦,٢٦٥) کەس بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دەستنوسی بەڕێوەبەری ئاماری پارێزگای دهۆك بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٤). خۆ ئەگەر ئەم زیاد بوونەی دانیشتوان بۆ پارێزگای دهۆك دروست بێت، بۆ پارێزگاکانی تری هەولێر و سلێمانیش لایەنی کەم هەمان ڕێژەی زیاد بوون دروستە، لەکاتێکدا دانیشتوانی پارێزگا دهۆك نزیکەی ( ٣/١ ) دانیشتوانی پارێزگای هەولێر و (٤/١) دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی بووە.

**نەخشەی ژمارە (١٢)**

**(٪) دانیشتوان و هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم و (٪) هەڵبژێر/هەڵبژێری هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (١٩٩٢/٥/١٩)**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە: داتای خشتەی ژمارە (١٢).**

**دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی (١,١٦١,٧٠٠) کەسە، (٤٧,٦٣٪) کۆی دانیشتوانی هەرێمی پێکهێناوە، (٤٥٠,٠٠٠) هەڵبژێر بۆ ئەم پارێزگایە خەملێندراوە، ڕێژەی (٣٨,٧٤٪) کۆی دانیشتوانی پارێزگاکەی پێکهێناوە ، بە ڕێژەی (-٦,٨٦٪) هەڵبژێری کەمتر بۆ ئەم پارێزگایە تەرخانکراوە بە بەراورد بەرکەوتەی هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم، ڕێژەی (٤٠,٤٧٪)ی کۆی هەڵبژێرەکانی هەرێم بەر ئەم پارێزگایە کەوتووە، ئەمەش بە ڕێژەی (-٧,١٦٪) لە کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە/دانیشتوانی هەرێم کەمترە.**

**هیچ زانیارییەك سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك لە هەرێمدا نیە، چ ئاوارەی ناو شاری کەرکوك چ نیشتەجێی قەزاکانی تری پارێزگاکە کە لە پارێزگای کەرکوك دابڕێنراون و خراونەتە سەر پارێزگاکانی تری هەرێم و عێراق. لە ئەگەری نەزانینی ژمارە دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك (ئەو ناوچانەی کە دەستەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی بە ناوچەی کەرکوك ناوی بردووە) ئەوا نازانین بەرکەوتەی هەڵبژێر/دانیشتوانی ئەم ناوچەیە چەندە و چەندی دانیشتوانەکەی پێکهێناوە، بەڵام دەستەی باڵا (١٤٤,٠٠٠) هەڵبژێری بۆ ئەم ناوچەیە خەملاندووە ئەمەش (١٢,٩٥٪)ی کۆی هەڵبژێرانی هەرێم پێکهێناوە.**

**لە سەر ڕۆشنایی داتاکانی خشتە ژمارە (١٢)، دەگەینە چەند ڕاستییەك:**

١- بەهۆی ئەنجامنەدانی سەرژمێری گشتی لە لایەن بەرەی کوردستانی، تەواوی پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەوێتە ژێر پرسیاری ڕاستەقینەوە، چونکە:

أ-بەرەی کوردستانی و دەستەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان هیچ تۆمارێکی دەنگدەرانیان لەبەر دەستتدا نەبووە تا بزانن لە ڕووی یاساییەوە چەند هەڵبژێر مافی دەنگدانی هەیە، دیارە ئەمەش بە هۆی نوێیی کارگێڕیکردنی ناوچە تازە ئازادکراوەکانەوە بووە لە لایەن بەرەی کوردستانییەوە کە تەنها نزیکەی (١٤) مانگ بووە ڕاپەڕین لەم ناوچانە ئەنجام درابوو، هیچ پەیوەندییەکی کارگێڕی و ڕامیاری و دیبلۆماسی لە نێوان ڕژێم و بەرەی کوردستانیشدا نەبووە تا میری هاریکاری دەستەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کردبێت بە پێدانی داتای دروست لە سەر دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێم و دروست کردنی تۆماری دەنگدەران.

ب- نەزانراوە چەند مەڵبەند (بنکە)ی هەڵبژاردن پێویستە تەرخان بکرێت بۆ هەر پارێزگایە، نەزانراویشە هەر بنکەیەك چەند وێستگەی بۆ تەرخانبکرێت.

ت- نەتوانراوە بە پێی شوێنی جوگرافی هەڵبژێر، بنکەی دەنگدانی بۆ تەرخانبکرێت، کە تەنها مافی هەبێت لەو بنکە دیاریکراوەدا دەنگ بدات.

پ- ڕەچاوی کات نەکراوە بۆ دەنگدانی هەڵبژێر، نەزانینی ژمارەی هەڵبژێر هۆکاری نەبوونی بەرچاو ڕوونی بووە بۆ بەرکەوتەی کات بۆ هەر هەڵبژێرێك. ئەمە جگە لەوەی دوور لە هەموو پێوەرێکی زانستی و ڕەچاوکردنی کات ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە هەڵبژێر بە خەملاندن تەرخانکراوە بۆ بنکەکانی هەڵبژاردن، بۆ نمونە ئەو ژمارە هەڵبژێرە خەملێندراوەی کە بۆ بنکەی هەڵبژاردنی قوتابخانەی بودەیش لە پارێزگای دهۆك تەرخانکراوە گەیشتۆتە (١٨,٧٧٤)[1] هەڵبژێر. ئەگەر ڕەچاوی کات بکەین بۆ ئەوەی هەڵبژێرەکان بتوانن دەنگ بدەن، پێویستی بە زیاتر لە (٤٠) وێستگەی هەڵبژاردن بووە، ئایا لەو بنکەیەکدا (٤٠) وێستگەی هەڵبژاردنی بۆ تەرخانکراوە؟ بێگومان نەخێر، هەر بنکەیەك لە یەك وێستگەی هەڵبژاردن پێکهاتووە.

٢- سەرەڕای ئەنجامنەدانی پرۆسەی سەژمێری، دۆخی ڕامیاری و ئاسایش و ئابوری لە دۆخێکی یەکجار سەختدا بووە، ئەمەش کاریگەری هەبووە لە سەر ئاوارەبوون و دەربەدەربوونی دانیشتوان چ دانیشتوانی هەرێم بۆ وولاّتانی دراوسێ و هەندەران، چ دانیشتوانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی تری هەرێم و وولاّتانی دراوسێ.

٣- بەرژەوەندی ڕامیاری لە نێوان هەندێك ئەندامانی دەستەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، فاکتەرێکی تری کاریگەر بووە لە سەر دابەشکاری نایەکسانی ژمارەی هەڵبژێرەکان بۆ هەر پارێزگایەك، بۆ نمونە، تێکڕای هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگای دهۆك (١١,١٨٪)ی لە تێکڕای هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم زیاترە، لە بەرامبەردا تێکڕای هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگای هەولێر بە ڕێژەی (-١٠,٣٢٪) کەمتری بۆتەرخانکراوە بەراورد بە هەرێم، پارێزگای سلێمانیش بە هەمان شێوە بەڕێژەی (-٦,٨٦٪) کەمتری بۆتەرخانکراوە بەراورد بە هەرێم، ئەمەش کاریگەری هەبوە لە سەر:

أ- تەرخانکردنی ڕێژەی هەڵبژێر بۆ پارێزگای دهۆك بە ڕێژەی (١١,١٨٪) زیاتر لە پارێزگاکانی تر، واتە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ بەرزبوونەوەی دەنگدان لەم پارێزگایە بە بە هەمان ڕێژە، ئەمەش زیاتر لە بەرژەوەندی ئەو لایەنە ڕامیارییە بووە کە پارێزگای دهۆك جێ هەژموونی بووە.

ب- تەرخانکردنی ڕێژەی (-١٠,٣٢٪) هەڵبژێر بۆ پارێزگای هەولێر واتە کەمتر بەشداری پێکردنی دەنگدەرانی ئەم پارێزگایەلە ڕێژەی یاسایی و ئاسایی خۆی و کەمتر بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆیاندا لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان.

ت- تەرخانکردنی ژمارەی هەڵبژێری کەمتر بۆ پارێزگای سلێمانی، واتە بەشداریکردن لە دیاریکردن و هەڵبژاردن بە ڕێژەی (-٦,٨٦٪) کەمتر لە ڕێژەی یاسایی خۆیان. ئەمەش کاریگەری هەبووە لە سەرکەوتنی کەمتری ژمارەی نوێنەری هەڵبژێردراوی ئەو پارێزگایە بە هەمان ڕێژە.

---

(١)- بەدران ئەحمەد حەبیب، هەڵبژاردنەکانی کوردستان١٩ ئایار١٩٩٢ بەڵگەو دەستهاوێژ، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.

ئەگەر تێکڕای هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم بکەین بە پێوەر دەبوو پارێزگای دهۆك (١٤٢,٩٥٦) هەڵبژێری بەربکەوتبایە نەك (١٧٨,٠٠٠)، دەبوو پارێزگای هەولێر (٤٣٩,٤٤٧) هەڵبژێری بەر بکەوتبایە نەك (٣٤٠,٠٠٠)، دەبوو پارێزگای سلێمانی (٥٢٩,٧٣٦) هەڵبژێری بەربکەوتبایە نەك (٤٥٠,٠٠٠) هەڵبژێر.

ئەمانەش کاریگەرییان لە سەر بەشداریکردنی کەمتری دەنگدەرانی ئەم پارێزگایانە هەبووە بەراورد بە دەنگدەرانی پارێزگای دهۆك یان دەنگەکانی پارێزگای دهۆك و لاسەنگکردنی پێگەی هەڵبژاردنی پارتە بالاّ دەستەکانی پارێزگاکانی تر بەرامبەر بە پارتی بالاّدەست لە پارێزگای دهۆك.

٤- بەرەی کوردستانی و دەستەی بالاّی سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ئەزموونی هاوشێوەی پێشتریان نەبووە، بۆیە شڵەژاوی و نا ڕێکییەك بە پرۆسەکەوە دەبینرێت، یەکێك لە هۆکاری ئەنجامدانی بە پەلە پروزکێی پرۆسەکە دەگەڕێتەوە بۆ کێشانەوەی دام ودەزگا کارگێڕییەکانی میری لە ناوچە ئازادکراوەکان لە ٢٦ئۆکتۆبەری ١٩٩١[١]دا، بەمەش بۆشایی یاسایی و کارگێڕی دروست ببوو، بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە کارگێڕییە دەبوو بەرەی کوردستانی بڕیاری هەڵبژاردنی بدایە، بۆیە بە ناچاری تەنها لە ماوەی (٤٢) ڕۆژدا بڕیاری لە ئەنجامدانی پرۆسەکەدا و پرۆسەکەشی جێبەجێکرد.

## تەوەری دووەم: دابەشبوونی جوگرافی هەڵبژێر لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان( ٢٠٠٥/١/٣٠):

پاش تێپەڕینی نزیکەی (١٣) ساڵ بەسەر هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی١٩٩٢دا، هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنەکە لە لایەن کۆمسیۆنی بالاّی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئەنجامدرا بە هاریکاری و هەماهەنگی تیمی تایبەتی هەڵبژاردنی نەتەوەیەکگرتوەکان[*]، بۆ یەکەمین جار بوو پرۆسەیەکی هەڵبژاردن لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسەوە لە عێراقدا ئەنجام بدرێت، ئەم هەڵبژاردنە هاوکات بوو[**]لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق (الجمعية الوطنية العراقية) لە ٣٠کانوونی دووەمی ٢٠٠٥دا، لەم خولەی هەڵبژاردندا (٢,١١٣,١٨٦)[٢] کەس کە لە دایك بووی (١٩٨٦/١٢/٣١) یان پێشتر بوون مافی دەنگدانیان هەبوو[٣] لە هەر سێ پارێزگاکەی حکومەتی هەرێمدا، بەم جۆرەی خوارەوە، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٣)و نەخشەی ژمارە (١٣).

بە ڕوانین لە خشتەی ژمارە (١٣) و نەخشەی ژمارە (١٣)، دەبینین ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای دهۆك (٥٦٢,٠٠٠) کەس بووە و ڕێژەی (١٥,٧٦٪)ی دانیشتوانی هەرێمی پێکهێناوە، پارێزگای دهۆك (٤٠٤,٣٢٠) هەڵبژێری بەرکەوتوە، واتە ڕێژەی(٧١,٩٤٪) کـــۆی

---

(١) - پەرلەمانی کوردستان، مێژووی هەڵبژاردن،

- http: //www. kurdistan- parliament. org/Default. aspx?page=page&c=Parliament- History,١٩Octorber٢٠١٧.

(*)- بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە (١٥٤٦) نەتەوە یەکگرتوەکان هاریکاری پێشکەش دەکەن بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ پرسی هەڵبژاردن، لە سەر داوای ئەنجومەنی فەرمان ڕەوای عێراق و دەسەلاّتی کاتی هاوپەیمانان داوای هاریکار لە تیمی هەڵبژاردنی نەتەوەیەکگرتوەکانیان کرد بەمەبەستی سەرخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ٥٦ فەرمانبەر لە تیمی نەتەوە یەکگرتوەکان لە عێراق کاریان کرد بۆ سەرخستنی پرۆسەکە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الامم المتحدة، نشر معلومات الامم المتحدة لانتخاب ٢٠٠٥،

- http: //www. ihec- iq. com/ftpar/regulation٢٠٠٥/other/٢٠٠٥_election_fsheet_ar. pdf,٢٨August٢٠١١,p. ٢,٣.

(**)- لە برگەی (ب) مادەی (٥٧) ی یاسای بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدا هاتووە"هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە سەرانسەر عێراقدا و ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە هەمان وادەی هەڵبژاردنەکان (مەبەست لە هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقە - توێژەر) ئەنجام دەدرێن بە جۆرێك لە ڕێکەوتی ٣١کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ تێپەڕ نەکات، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر یاسای بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوە دا بڕوانە: دەسەلاّتی کاتی هاوپەیمانان لە عێراق، " یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لە قۆناغی گواستنەوە" ٨- ٣- ٢٠٠٤،

- http: //www. cpa- iraq. org/democracy/TAL- Kurdi. pdf,١٧April٢٠٠٩,p. ٢٤.

(٢) - المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق، ملخص لانتخابات برلمان اقليم كردستان٢٠٠٥، مصدر سابق، بدون رقم الصفحة.

(٣)- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق، نظام رقم (٢) لسنة ٢٠٠٤ (تسجيل الناخبين)،

- http: //www. ihec. iq/ar/index. php/prosedur٢٠٠٤. html,٣٠September٢٠١٧,p. ١.

**خشتەی ژمارە (١٣)**

**ژمارە و (٪) دانیشتوان و ژمارە و (٪) هەڵبژێر/دانیشتوانی هەر پارێزگایەك و هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی (٣٠/١/٢٠٠٥)**

| پارێزگا | دانیشتوان | | ژ. هەڵبژێر | هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگا | | (٪) هەڵبژێر/هەڵبژێری هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ. | (٪) | | (٪) | جیاوازی (٪)لەگەڵ تێکرا | |
| دهۆك | ٥٦٢,٠٠٠ | ١٥,٧٦ | ٤٠٤,٣٢٠ | ٧١,٩٤ | ١٢,٦٨ | ١٩,١٣ |
| هەولێر | ١,٣٤٥,٠٠٠ | ٣٧,٧٢ | ٧٩٥,٢٢٠ | ٥٩,١٢ | ٠,١٤- | ٣٧,٦٣ |
| سلێمانی | ١,٦٥٩,٠٠٠ | ٤٦,٥٢ | ٩١٣,٦٤٦ | ٥٥ | ٤,٢٦- | ٤٣,٢٤ |
| کـــــۆ | ٣,٥٦٦,٠٠٠ | ١٠٠ | ٢,١١٣,١٨٦ | ٥٩,٢٦ | - | ١٠٠ |

**سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەگرتن لە: المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق، ملخص لانتخابات برلمان اقليم کردستان٢٠٠٥، غير منشور، بدون رقم الصفحة.**

**نەخشەی ژمارە (١٣)**

**(٪) دانیشتوان و هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم و (٪) هەڵبژێر/هەڵبژێری هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (٣٠/١/ ٢٠٠٥)**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە: داتای خشتەی ژمارە (١٣).**

دانیشتوانی پارێزگاکە بە ڕێژەی (١٢,٦٨٪) زیاترە لە تێکڕای بەرکەوتەی هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم، ئەگەر ئەم ڕێژەیە بکەین بە داتا (٥١,٢٦٧) هەڵبژێری زیاتر لە هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم بەر کەوتوە، ئەمەش هەڵەیەکی زۆر زەقە چونکە بە پێی داتای دەستەی ئاماری هەرێم ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەتەمەنی(١٨)ساڵ زیاترن بۆ ساڵی ٢٠٠٥ (٤٨,٢٪)ی دانیشتوانی پارێزگاکەیان پێکهێناوە، ئەگەر ئەم ڕێژەیە بکەین بە بنەما دەبوو ژمارەی هەڵبژێری پارێزگای دهۆك (١٩٤,٨٨٢) هەڵبژێر بوایە نەك (٤٠٤,٣٢٠)، تەنها یەك هۆکار هەبوە بۆ زیادبوونی ژمارەی هەڵبژێر لەم پارێزگایەدا، ئەویش زیادکردنی دەنگی پارتی باڵادەست بوە لەو پارێزگایەدا.نەك هەر بۆ ساڵی ٢٠٠٥، تەنانەت بۆ ساڵی ٢٠٠٧، ژمارەی ئەو کەسانەی لە سەرو تەمەنی ١٨ساڵ بوون (٤٨,١٩٪)کۆی دانیشتوانی پارێزگاکەیان پێکهێناوە.

دانیشتوانی پارێزگای هەولێر (١,٣٤٥,٠٠٠) کەسە، ڕێژەی(٣٧,٧٢٪)ی کۆی دانیشتوانی هەرێمی پێکهێناوە، (٧٩٥,٢٢٠) هەڵبژێرن و ڕێژەی (٥٩,١٢٪)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگاکەیان پێکهێناوە، ئەمە نزیکە لە تێکڕای دەنگدەر/دانیشتوانی هەرێم و تەنها بە ڕێژەی (-٠,١٤) کەمترە، بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەین بە داتاکانی دەستەی ئاماری هەرێم بۆ دانیشتوانی ساڵی ٢٠٠٥، ئەو کەسانەی کە لە تەمەنی هەڵبژێردان (٥٣,٨٪) ی کۆی گشتی دانیشتوانیان پێکهێناوە نەك (٥٩,١٢٪)، بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەین بە ڕێژەی تەمەنی دەنگدەر لە ساڵی ٢٠٠٧ی وەزارەتی پلاندانانی هەرێم، بۆمان دەرئەکەوێت ڕێژەی دەنگدەر لەم پارێزگایەدا (٦١,٥٦٪) ئەمەش بەواتای ئەوە دێت بە ڕێژەی (٢,٤٤٪) لە ڕێژەی هەڵبژێری داتاکانی (الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات) بۆ ساڵی٢٠٠٥ زیاترە و بە ڕێژەی (٧,٧٦٪) زیاترە لە ڕێژەی هەڵبژێری دەستەی ئاماری هەرێم بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی (١,٦٥٩,٠٠٠) کەسە، ڕێژەی (٤٦,٥٢٪) دانیشتوانی هەرێمی پێکهێناوە، لەم ژمارەیە (٩١٣,٦٤٦) هەڵبژێربوون و ڕێژەی (٥٥٪) کۆی دانیشتوانی پارێزگاکەیان پێکهێناوە، بەڵام لە سەر ئاستی هەرێم بە ڕێژەی (-٤,٢٦) لە ڕێژەی هەڵبژێر/دانیشوانی هەرێم کەمترە. بەڵام بە پێی داتاکانی دەستەی ئاماری هەرێم بۆ ساڵی ٢٠٠٥ ئەو کەسانی لە تەمەنی هەڵبژێریدان ڕێژەی (٥٧,٧٣٪) ی کۆی دانیشتوان پێکدەهێنن. هەروەها بە پێی داتاکانی ساڵی٢٠٠٧ی وەزارەتی پلاندانانی هەرێم ڕێژەی (٥٦,٧٪)[1]ی کۆی دانیشتوانیان پێکهێناوە و بە ڕێژەی (١,٧٪) لە دەنگدەری پارێزگاکە زیاترە، ئەمەش دەکاتە (١٥,٥٣١) دەنگدەر.

پارێزگای دهۆك بە ڕێژەی (١٩,١٣٪) هەڵبژێری هەرێمی پێکهێناوە، بە ڕێژەی (٣,٣٧٪) لە ڕێژەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە بۆ دانیشتوانی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٥ دا زیاترە، پارێزگای هەولێر ڕێژەی (٣٧,٦٣٪) هەڵبژێری هەرێمی پێکهێناوە، ئەمەش لە ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگاکە بۆ دانیشتوانی هەرێم زۆر نزیکە، پارێزگای سلێمانی ڕێژەی (٤٣,٢٤٪) هەڵبژێری هەرێمی پێکهێناوە، بەڕێژەی (-٣,٢٨٪) لە ڕێژەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە بۆ دانیشتوانی هەرێم کەمترە. ئەمە بە واتای ئەوە دێت لەم پارێزگایەدا دانیشتوانی خوار تەمەنی (١٨) ساڵی زیاترە لە تەمەنی هەڵبژێر (١٨ ساڵ و بەرە ژوورتر)، بێگومان ئەمەش بەهۆی کەم هەژمارکردنی دانیشتوانی ئەم پارێزگایەوە بووە، ئەمە کاریگەری هەبووە لە سەر کەمبوونی ژمارەی هەڵبژێر بەرامبەر بە ژمارەی هەڵبژێری پارێزگاکانی تری هەرێم، کە دانیشتوانەکانیان زیادکراوە و لە بەرامبەریشدا هەڵبژێریش زیادی کردووە.

ئەگەر تێکڕای هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم بکەین بە پێوەر، دەبوو هەڵبژێری پارێزگای دهۆك (٢٣٣,٠٤٢) هەڵبژێر بوایە نەك (٤٠٤,٣٢٠) هەڵبژێر.هەڵبژێری پارێزگای هەولێر (٧٩٧,٠٤٧) هەڵبژێر بوایە نەك (٧٩٥,٢٢٠)، هەڵبژێری پارێزگای سلێمانی (٩٨٣,١٢٤) هەڵبژێر بوایە نەك (٩١٣,٦٤٦) هەڵبژێر.

## تەوەری سێیەم: دابەشبوونی جوگرافی هەڵبژێر لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥):

پاش تێپەڕینی چوار ساڵ و نزیکەی حەوت مانگ، خولێکی دی هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە سنوری قەڵەم ڕەوی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە لە ڕێکەوتی ٢٥ی تەمووزی ٢٠٠٩دا ئەنجامدرا،

(١)- وەزارتی پلاندانان، دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی- ٢٠٠٧،

- http: //www. mop. gov. krd/detail. aspx?page=statisticsbysubjects&c=sbsPopulation&id=٤٢٤,٣٠March٢٠٠٩.

**لەم هەڵبژاردنەدا هەموو ئەو کەسانەی مەرجەکانی دەنگدانیان تێدا بەرجەستەبوو و لە دایك بووی ٣١ کانونی یەکەمی ١٩٩١[١] و ڕێکەوتی پێشتر بوون مافی دەنگدانیان هەبوو، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٤) و نەخشەی ژمارە (١٤).**

**خشتەی ژمارە (١٤)**

**ژمارە و (٪) دانیشتوان و ژمارە و (٪) هەڵبژێر/دانیشتوانی هەر پارێزگایەك و هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)**

| پارێزگا | دانیشتوان | | ژ. هەڵبژێر | هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگا | | (٪) هەڵبژێر/هەڵبژێری هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ. (٢) | (٪) | | (٪) | جیاوازی (٪) لەگەڵ تێکڕا | |
| دهۆك | ٩٦١,٨٨٠ | ٢٣,٨٩ | ٥٢١,٣٠٦ | ٥٤,٢ | - ٧,٥٣ | ٢٠,٩٨ |
| هەولێر | ١,٤٢٨,٦٧٧ | ٣٥,٤٩ | ٨٩٦,٦٨٣ | ٦٢,٧٦ | ١,٠٣ | ٣٦,٠٨ |
| سلێمانی | ١,٦٣٥,١٩٣ | ٤٠,٦٢ | ١,٠٦٧,٢٥٩ | ٦٥,٢٦ | ٣,٥٣ | ٤٢,٩٤ |
| کـــۆ | ٤,٠٢٥,٧٥٠ | ١٠٠ | ٢,٤٨٥,٢٤٨ | ٦١,٧٣ | - | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە سودوەگرتن لە: أ- وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی،

- http://www.mop.gov.krd/index.jsp?sid=١&id=٢٧١&pid=٢٧١,١٧July ٢٠١٧,p.٣.

ب- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، ملخص لانتخابات برلمان اقليم كوردستان٢٠٠٩، غير منشور، بدون رقم الصفحة.

**بە ڕوانین لە خشتەی ژمارە (١٤) و نەخشەی ژمارە (١٤)، ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای دهۆك (٩٦١,٨٨٠) کەس بووە و (٢٣,٨٩٪) کۆی دانیشتوانی هەرێمی پێکهێناوە، (٥٢١,٣٠٦) هەڵبژێر لەم پارێزگایەدا هەبوە و ڕێژەی(٥٤,٢٪) کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە پێکهێناوە، ڕێژەی (-٧,٥٣٪) هەڵبژێری کەمتر لە تێکڕا هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێمی بەرکەتووە. ڕێژەی (٢٠,٩٨٪) هەڵبژێری هەرێمی پێکهێناوە، ئەمەش ڕێژەی (-٢,٩١٪) لە کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە/دانیشتوانی هەرێم کەمترە.**

**دانیشتوانی پارێزگای هەولێر (١,٤٢٨,٦٧٧) کەس بووە، ڕێژەی (٣٥,٤٩٪) کۆی دانیشتوانی هەرێمی پێکهێناوە، لەم ژمارەیە (٨٩٦,٦٨٣) هەڵبژێرن و ڕێژەی (٦٢,٧٦٪) کۆی دانیشتوانی پارێزگاکەیان پێکهێناوە، ڕێژەی (١,٠٣٪)ی لە تێکڕای هەڵبژێر/ دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێم زیاترە و ڕێژەی (٣٦,٠٨٪)ی کۆی هەڵبژێری هەرێمی پێکهێناوە، بەڕێژەی (٠,٥٩٪) لە تێکڕای دانیشتوانی ئەم پارێزگایە/دانیشتوانی هەرێم زیاترە.**

**دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی (١,٦٣٥,١٩٣) کەسە، ڕێژەی (٤٠,٦٢٪)ی دانیشتوانی هەرێمی پێکهێناوە، (١,٠٦٧,٢٥٩) هەڵبژێرن و (٦٥,٢٦٪) کۆی گشتی دانیشتوانی پارێزگاکەیان پێکهێناوە، ئەمەش بە ڕێژەی (٣,٥٣٪) زیاترە لە تێکڕای هەڵبژێر بۆ دانیشتوانی هەرێم، ڕێژەی (٤٢,٩٤٪) کۆی هەڵبژێری هەرێمی پێکهێناوە و بە ڕێژەی (٢,٣٢٪)ی کۆی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە بۆ دانیشتوانی هەرێم زیاترە.**

**بەگشتی ژمارەی دەنگدەرانی پارێزگاکانی هەرێم بەرزە، ئەمەش جێگەی گومانە چونکە بە پێی داتای بلاوکراوەی حکومەتی هەرێم ئەوانەی تەمەنیان لە(١٨) ساڵ زیاترە (٥٦,٤٦٪)ی کۆی دانیشتوانی هەرێم پێکدەهێنن بۆ ساڵی ٢٠٠٩، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت ڕێژەی ئەو کەسانەی کە مافی دەنگدانیان هەیە لە هەرێم دا (٥,٢٧٪)ی زیاترە لە داتای بلاوکراوەی هەرێم. ئەگەر لە سەر ئاستی پارێزگاش وەربیگرین دەبینین بەم جۆرەیە: پارێزگای دهۆك (٥٢,٠٥٪)، پارێزگای هەولێر (٥٥,٦٢٪)، پارێزگای سلێمانی (٦٠,١٢٪)[٣]. واتە گۆڕانکاری لە ڕێژەی دەنگدەری هەژمارکراو بۆ پارێزگاکان بەم جۆرەیە: پارێزگای دهۆك (-٢,١٥٪) پارێزگای هەولێر (-٧,١٤٪)، پارێزگای سلێمانی (-٥,١٤٪).**

---

(١)- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، اجراء تحديث سجل الناخبين لاقليم كردستان٢٠٠٩،

- http: //www. ihec- iraq. com/ar/index. php/proseduer٢٠٠٩. html,٧February٢٠١٨,p. ٢٨.

(٢)- وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی، سەرچاوەی پێشوو.

(٣)- دەستەی ئاماری هەرێم، ڕاپۆرتی پێشبینی دانیشتوانی هەرێم کوردستان بۆ ماوەی (٢٠٠٩ -٢٠٢٠)ڕاپۆرتی بلاونەکراوە،٢٠١٤، ل-١٢- ١٤.

**نەخشەی ژمارە (١٤)**

**(٪) دانیشتوان و هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم و (٪) هەڵبژێر/هەڵبژێری هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە: داتای خشتەی ژمارە (١٤).**

**ئەگەر پێوەری هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم بکەین بە بنەما دەبێت ژمارەی هەڵبژێری پارێزگای دهۆك (٥٩٣,٧٦٩) هەڵبژێر بێت نەك (٥٢١,٣٠٦) هەڵبژێر، ژمارەی هەڵبژێری پارێزگای هەولێر (٨٨١,٩٢٣) هەڵبژێر بێت نەك (٨٩٦,٦٨٣) هەڵبژێر، ژمارەی هەڵبژێری پارێزگای سلێمانی (١,٠٠٩,٤٠٥) هەڵبژێر بێت نەك (١,٠٦٧,٢٥٩) هەڵبژێر.**

## تەوەری چوارەم: دابەشبوونی جوگرافیای هەڵبژێر لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)

**پاش تێپەڕینی نزیکەی چوار ساڵ و دوو مانگ بەسەرهەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی فەرمی و دانپێدانراوی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢١ ئەیلول ٢٠١٣ لە**

**لایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئەنجامدرا، لەم هەڵبژاردنەدا هەموو ئەو کەسانەی مەرجەکانی دەنگدانیان(*) تێدا بەرجەستە ببوو، مافی دەنگدانیان هەبوو، بڕوانە خشتەی ژمارە(١٥) و نەخشەی ژمارە (١٥) .**

**وەك لە خشتەی ژمارە(١٥) و نەخشەی ژمارە (١٥) دەبینین، ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای دهۆك (١،١٥٨،٦٣٣) کەس بووە، ڕێژەی (٢٤،٤٪)ی کۆی دانیشتوانی هەرێمی پێکهێناوە، (٦١٢،٩٢٢) هەڵبژێر لەم پارێزگایەدا هەبووە، (٥٢،٩٪)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگاکەیان پێکهێناوە، ڕێژەی (-٦،٣٧٪) کەمتر لە تێکرای هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێمی بەرکەوتووە، ڕێژەی (٢١،٧٨٪) هەڵبژێری هەرێمی پێکهێناوە و ڕێژەی (-٢،٦٢٪) کەمتر هەڵبژێر بەر ئەم پارێزگایە کەوتووە ئەگەر بەراوردی بکەین بە ڕێژەی دانیشتوانی**

**خشتەی ژمارە (١٥)**

**ژمارە و (٪) دانیشتوان و ژمارە و (٪) هەڵبژێر/دانیشتوانی هەر پارێزگایەك و هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)**

| پارێزگا | دانیشتوان | | ژ. هەڵبژێر | هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگا | | (٪) هەڵبژێر/هەڵبژێری هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ. | (٪) | | (٪) | جیاوازی(٪)لەگەڵ تێکرا | |
| دهۆك | ١،١٥٨،٦٣٣ | ٢٤،٤ | ٦١٢،٩٢٢ | ٥٢،٩ | ٦،٣٧- | ٢١،٧٨ |
| هەولێر | ١،٦٥٧،٦٨٤ | ٣٤،٩٢ | ١،٠٠٣،٩٦٠ | ٦٠،٥٦ | ١،٢٩ | ٣٥،٦٧ |
| سلێمانی | ١،٩٣١،٥٦٠ | ٤٠،٦٨ | ١،١٩٧،٥١٧ | ٦٢ | ٢،٧٣ | ٤٢،٥٥ |
| کۆ | ٤،٧٤٧،٨٧٧ | ١٠٠ | ٢،٨١٤،٣٩٩ | ٥٩،٢٧ | - | ١٠٠ |

**سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە: المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، ملخص لانتخابات برلمان اقليم كوردستان٢٠١٣، غير منشور، بدون رقم الصفحة. ب- دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە بێ ناونیشان، ڕاپۆرتی بڵاونەکراوە، بەبێ ژمارە ل.**

**ئەم پارێزگایە/دانیشتوانی هەرێم. دانیشتوانی پارێزگای هەولێر (١،٦٥٧،٦٨٤) کەس بووە و ڕێژەی (٣٤،٩٢٪)ی کۆی دانیشتوانی هەرێمی پێکهێناوە، (١،٠٠٣،٩٦٠) هەڵبژێر لەم پارێزگایەدایە هەبووە و ڕێژەی (٦٠،٥٦٪)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە پێکهێناوە، بە ڕێژەی (١،٢٩٪) هەڵبژێر زیاترە لە بەرکەوتەی هەڵبژێری/دانیشتوانی هەرێم، بەڕێژەی (٣٥،٦٧٪) هەڵبژێری هەرێمی پێکهێناوە، ئەمەش بە ڕێژەی (٠،٧٥٪) لە ڕێژەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە/دانیشتوانی هەرێم زیاترە.**

**دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی (١،٩٣١،٥٦٠) کەس بووە، (٤٠،٦٨٪)ی کۆی دانیشتوانی هەرێم پێکهێناوە، (١،١٩٧،٥١٧) هەڵبژێرلەم پارێزگایەدا هەبووە، ڕێژەی (٦٢٪) کۆی دانیشتوانی پایزگاکەی پێکهێناوە، بە ڕێژەی (٢،٧٣٪) لە ڕێژەی هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم زیاترە، (٤٢،٥٥٪) هەڵبژێری هەرێمی پێکهێناوە، بەڕێژەی (١،٨٧٪) لە ڕێژەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە بۆ دانیشتوانی هەرێم زیاترە.**

---

(*)- ئاماژە بە لە دایك بووی هیچ ڕێکەوتێك نەکراوە بۆ دەنگدان، بەڵام وەك لە مادەی دووەدا کە تایبەتە بە شیاوی دەنگدەردا هاتووە، " پێویستە مەرجە یاساییەکانی تێدا بەرجەستەبێت تا بتوانێت بەشداری پرۆسە هەڵبژاردن بکات، ئەوانیش بریتین لە: ١- ڕەگەزنامەی عێراقی هەبێت و دانیشتوی هەرێم بێت. ٢- ژیر بێت. ٣- (١٨) ساڵی تەواو کردبێت. ٤- تۆمارکرابێت لە تۆماری دەنگدەرانی تایبەت بە هەرێم دا. "بەم پێیە دەبێت دەنگدەر لە دایك بووی ١٩٩٥/٩/١٩ و پێشتر بووبێت. المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، نظام تحديث سجل الناخبين والعرض والطعون لانتخابات رئاسة و برلمان اقليم كوردستان- العراق رقم (١) لسنة٢٠١٣،

-http: //www. ihec. iq/ihecftp/system- kurd٢٠١٣/sys١. KURD. pdf,٢٠December٢٠١٣,p. ٢ .

بەڵام وەك لە ڕاپۆرتی وەرزانەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆ هەڵبژاردنەکان کە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران نێردراوە، ئاماژە بەوە کراوە هەموو ئەو کەسانەی کە لە دایك بووی ساڵەکانی ١٩٩٣ و١٩٩٤ و١٩٩٥ بوون مافی دەنگدانیان هەبووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو ئەو کەسانەشی کە لە دایك بووی٢٠-٩/- ١٩٩٥/١٢/٣١ بوون مافی دەنگدانیان هەبووە، هەموو ئەوانەش ناگەنە تەمەنەی ١٨ ساڵی بۆ هەڵبژاردنی تایبەت و ئەوانەشی لەدایکبوی ١٩٩٥/٩/٢٢ بەرەو سەروتر بۆ هەڵبژاردنی گشتی ١٨ساڵیان تەواو نەکردووە. المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، التقرير الفصلي للمفوضية العليا المستقلة للانتخابات للمدة من ٢٠١٣/٨/١- ٢٠١٣/١٠/٣١.

- http: //www. ihec. iq/ar/index. php/bord. html,٢٣july ٢٠١٧,p. ٣.

نەخشەی ژمارە (١٥)

(٪) دانیشتوان و هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم و (٪) هەڵبژێر/هەڵبژێری هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە: داتای خشتەی ژمارە (١٥).

## تەوەری پێنجەم: گۆڕانی دابەشبوونی جوگرافی هەڵبژێر لە هەڵبژاردنی خولی (یەکەم - چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢ -٢٠١٣):

لەم تەوەرەدا گۆڕانکارییە دیموگرافیەکانی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان و ڕێژە و ڕادەی گۆڕانی هەڵبژێران دەخەینە ڕوولە ماوەی هەڵبژاردنی هەر چوار خولەکەی پەرلەماندا، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٦) .

بە سەرنجدان لە خشتەی ژمارە (١٦) دەبینین ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای دهۆك لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا، (٣١٣,٥٠٠) کەس بووە، بەڵام لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا، بووە بە (٥٦٢,٠٠٠) کەس، لەماوەی (١٣)ساڵدا (٢٤٨,٥٠٠) کەس زیادی کردووە، واتە تێکڕای گەشەی ساڵانە (٤,٥٩٪)، زیادبوونی دانیشتوان بەردەوام دەبێت و لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا، دەبێت بە (٩٦١,٨٨٠) کەس، لەماوەی (٤) ساڵدا (٣٩٩,٨٨٠) کەس زیادی کردووە، تێکڕای گەشەی ساڵانە (١٤,٣٨٪)، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا، دانیشتوانی ئەم پارێزگایە دەبێت بە (١,١٥٨,٦٣٣) کەس، لەماوەی (٤) ساڵدا (١٩٦,٧٥٣) کەس زیادی کردووە، واتە تێکڕای گەشەی ساڵانە (٤,٧٦٪) بووە. تێکڕای گەشەی ساڵانەی ئەم پارێزگایە لە ماوەی توێژینەوەکەدا (٦,٤٢٪)بووە.

دانیشتوانی پارێزگای هەولێر خولی یەکەمدا، (٩٦٣,٧٠٠) کەس بووە، لە هەڵبژاردنی خوولی دووەمدا، دەبێت بە (١,٣٤٥,٠٠٠) کەس، لەماوەی (١٣) ساڵدا (٣٨١,٣٠٠) کەس زیادیکردووە، تێکڕای گەشەی ساڵانە (٢,٦٪)، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا، ژمـــارەی

## خشتەی ژمارە (١٦)

### گۆڕانە دیمۆگرافیەکانی خولەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢ -٢٠١٣)

| | دهۆک | | | | هەولێر | | | | سلێمانی | | | | هەرێم | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | خولەکانی هەڵبژاردن | | | | خولەکانی هەڵبژاردن | | | | خولەکانی هەڵبژاردن | | | | خولەکانی هەڵب | | |
| | ١٩٩٢ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٣ | ١٩٩٢ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٣ | ١٩٩٢ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٣ | ١٩٩٢ | ٢٠٠٥ | ٠٩ |
| ژمارە | ٣١٣,٥٠٠ | ٥٦٢,٠٠٠ | ٩٦١,٨٨٠ | ١,١٥٨,٦٣٣ | ٩٦٣,٧٠٠ | ١,٣٤٥,٠٠٠ | ١,٤٢٨,٦٧٧ | ١,٦٥٧,٦٨٤ | ١,١٦١,٧٠٠ | ١,٦٥٩,٠٠٠ | ١,٦٣٥,١٩٣ | ١,٩٣١,٥٦٠ | ٢,٤٣٨,٩٠٠ | ٣,٥٦٦,٠٠٠ | ,٧٥٠ |
| زیادبوون | - | ٢٤٨,٥٠٠ | ٣٩٩,٨٨٠ | ١٩٦,٧٥٣ | - | ٣٨١,٣٠٠ | ٨٣,٦٧٧ | ٢٢٩,٠٠٧ | - | ٤٩٧,٣٠٠ | ٢٣,٨٠٧- | ٢٩٦,٣٦٧ | - | ١,١٢٧,١٠٠ | ٧٥٠ |
| ڕێژەی گەشەی دانیشتوان* (٪) | - | ٤,٥٩ | ١٤,٣٨ | ٤,٧٦ | - | ٢,٦ | ١,٥٢ | ٣,٧٩ | - | ٢,٧٨ | ٠,٣٦- | ٤,٢٥ | - | ٢,٩٧ | ٣,٠٨ |
| ی بۆ هەرێم | ١٢,٨٦ | ١٥,٧٦ | ٢٣,٨٩ | ٢٤,٤ | ٣٩,٥١ | ٣٧,٧٢ | ٣٥,٤٩ | ٢٤,٩٢ | ٤٧,٦٣ | ٤٧,٥٢ | ٤٠,٦٢ | ٤٠,٦٨ | - | - | |
| ژمارە | ١٧٨,٠٠٠ | ٤٠٤,٣٢٠ | ٥٢١,٣٠٦ | ٦١٢,٩٢٢ | ٣٤٠,٠٠٠ | ٧٩٥,٢٢٠ | ٨٩٦,٦٨٣ | ١,٠٠٣,٩٦٠ | ٤٥٠,٠٠٠ | ٩١٣,٦٤٦ | ١,٠٦٧,٢٥٩ | ١,١٩٧,٥١٧ | ١,١١٢,٠٠٠* | ٢,١١٣,١٨٦ | ,٢٤٨ |
| زیادبوون | - | ٢٢٦,٣٢٠ | ١١٦,٩٨٦ | ٩١,٦١٦ | - | ٤٥٥,٢٢٠ | ١٠١,٤٦٣ | ١٠٧,٢٧٧ | - | ٤٦٣,٦٤٦ | ١٥٣,٦١٣ | ١٣٠,٢٥٨ | - | ١,٠٠١,١٨٦ | ٠٦٢ |
| (٪) | - | ٦,٥١ | ٦,٥٦ | ٤,١٣ | - | ٦,٧٥ | ٣,٠٥ | ٢,٨٧ | - | ٥,٦ | ٣,٩٦ | 2.92 | - | ٥,٠٦ | ٤ |
| وانی پارێزگا | ٥٦,٧٨ | ٧١,٩٤ | ٥٥,٢٣ | ٥٢,٩ | ٣٥,٢٨ | ٥٩,١٢ | ٦٢,٧٦ | ٦٠,٥٦ | ٣٨,٧٤ | ٥٥ | ٦٥,٢٦ | ٦٢ | ٤٥,٦ | ٥٩,٢٦ | ٧٣ |
| لەگەڵ تێکڕا | ١١,١٨ | ١٢,٦٨ | ٦,٥- | ٦,٣٧- | ١٠,٣٢- | ٠,١٤- | ١,٠٣ | ١,٢٩ | ٦,٨٦- | ٤,٢٦- | ٣,٥٣ | ٢,٧٣ | - | - | |
| (٪) | ١٦,٠١ | ١٩,١٣ | ٢٠,٩٨ | ٢١,٧٨ | ٣٠,٥٧ | ٣٧,٦٣ | ٣٦,٠٨ | ٣٥,٦٧ | ٤٠,٤٧ | ٤٣,٢٤ | ٤٢,٩٤ | ٤٢,٥٥ | ١٠٠* | ١٠٠ | ٠ |
| بەراورد بە ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگا بۆ هەرێم | ٣,١٥ | ٣,٣٧ | ٢,٩١- | ٢,٦٢- | ٨,٩٤- | ٠,٠٩- | ٠,٥٩ | ١٠,٧٥ | ٧,١٦- | ٤,٢٨- | ٢,٣٢ | ١,٨٧ | - | - | |

**سەرچاوە: سەرچاوە:کاری توێژەر بە بەسوود وەرگرتن لە: أ- سلێمان مستەفا حەسەن، کورد و یەکەم ئەزمون، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، ٢٠١٧، ل١٦١و٤٧٧. ب- جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٩٢، مطبعة**

---

*- بەم یاسایەی ڕێژەی سەدەی گەشەی دانیشتوان دەدۆزرێتەوە ($r=(\sqrt[t]{\frac{pt}{po}}-1)*100$)، (r)= ڕێژەی گەشە، t= ژمارەی ساڵەکان، pt= ژمارەی دانیشتوان لە سەرژمێری کۆتایی، po= سەرژمێری دانیشتوان لە سەرژمێری پێشوو. ) سەرچاوە: بيان علي حسين، سكان مدينة السليمانية (دراسة جغرافية) رسالة ماجستير (غير منشور)، قدمت الى كلية الاداب جامعة بغداد، ٢٠٠١، ص ٥٢.

*- ئەم داتایە پارێزگای کەرکوکیشی لەگەڵە کە (١٤٤,٠٠٠) هەڵبژێریان بۆ تەرخانکردووە.

*- پارێزگای کەرکوك هەژمار نەکراوە، لەبەر ئەوەی تەنها لە خولی یەکەم بەشداری کردووە و لە خولەکانی تردا بەشداری پێنەکراوە، بۆیە ناتوانرێت بەراورد بکرێت بە خولەکانی تری پەرلەمان و جیاوازی گۆڕانکارییەکان دەستنیشان بکرێت، ئەمە جگە لەوەی تەنها دووبنکەی دەنگدان لە کۆی (١٦) بنکەی دەنگدان لە دەرەوەی پارێزگای سلێمانی بوون.

الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٩٢، ص٣٦. ت- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق، ملخص لانتخابات برلمان اقليم كردستان٢٠٠٥، غير منشور، بدون رقم الصفحة. پ- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، ملخص لانتخابات برلمان اقليم كوردستان٢٠٠٩، غير منشور، بدون رقم الصفحة. ج- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، ملخص لانتخابات برلمان اقليم كوردستان٢٠١٣، غير منشور، بدون رقم الصفحة. ح - وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی،

- http://www.mop.gov.krd/index.jsp?sid=١&id=٢٧١&pid=٢٧١,١٧July ٢٠١٧,p.٣.

خ- دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕاپۆرتی بڵاونەکراوە، بەبێ ژمارە ل.

دانیشتوان دەبێت بە (١,٤٢٨,٦٧٧) کەس، لەماوەی (٤) ساڵدا (٨٣,٦٧٧) کەس زیادی کردووە، تێکڕای گەشەی ساڵانە (١,٥٢٪) بووە، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا، ژمارەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە دەبێت بە (١,٦٥٧,٦٨٤) کەس، لەماوەی (٤) ساڵدا (٢٢٩,٠٠٧) زیادی کردووە، تێکڕای گەشەی ساڵانە (٣,٧٩٪) بووە، تێکڕای گەشەی ساڵانە لەم پارێزگایە لە ماوەی توێژینەوەکەدا (٢,٦٢٪) بووە.

ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا (١,١٦١,٧٠٠) کەس بووە، لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا، دەبێت بە (١,٦٥٩,٠٠٠) کەس، لەماوەی (١٣) ساڵدا (٤٩٧,٣٠٠) کەس زیادی کردووە، تێکڕای گەشەی ساڵانە (٢,٧٨٪) بووە، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا، دانیشتوانەکەی دەبێت بە (١,٦٣٥,١٩٣)کەس، لەماوەی (٤) ساڵدا (-٢٣,٨٠٧) کەس کەمی کردووە، ڕێژەی تێکڕای گەشەی ساڵانە (-٠,٣٦٪) بووە، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا ژمارەی دانیشتوانەکەی دەبێت بە (١,٩٣١,٥٦٠) کەس، لەماوەی (٤) ساڵدا (٢٩٦,٣٦٧) کەس زیادی کردووە، تێکڕای گەشەی ساڵانە (٤,٢٥٪) بووە. تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە ماوەی توێژینەوەکەدا (٢,٤٥٪)بووە

ژمارەی دانیشتوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا، (٢,٤٣٨,٩٠٠) کەس بووە، لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا بووە بە (٣,٥٦٦,٠٠٠) کەس، لەماوەی (١٣) ساڵدا (١,١٢٧,١٠٠) کەس زیادیکردووە، تێکڕای گەشەی ساڵانە (٢,٩٧٪) بووە، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا، دانیشتوان دەبێت بە (٤,٠٢٥,٧٥٠) کەس، لەماوەی (٤) ساڵدا (٤٥٩,٧٥٠) کەس زیادی کردووە،تێکڕای گەشەی ساڵانە (٣,٠٨٪) بووە، بەڵام لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا دانیشتوان دەبێت بە (٤,٧٤٧,٨٧٧) کەس، لەماوەی چوارساڵدا (٧٢٢,١٢٧) کەس زیادی کردووە، ڕێژەی گەشەی ساڵانە (٤,٢١٪) بووە. تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە ماوەی توێژینەوەکەدا (٣,٢٢٪) بووە.

ئەگەر ڕەچاوی تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوان بکەین دەبینین:

١-تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە پارێزگای دهۆك تەواو نارێکە و بەرزوونزم دەکات بەجۆرێك کەمترین تێکڕای گەشە ساڵانە لە نێوان هەڵبژاردنی خولی (یەکەم - دووەم) (٤,٥٩٪)ە، بەڵام لە نێوان هەڵبژاردنی خولی( دووەم- سێیەم) (١٤,٣٨٪)ە، ئەمەش هیچ گومانێك ناهێڵێتەوە لە زیاد بوونی ناسروشتی دانیشتوان، بێگومان هۆکارەکەش هەڵبژاردن و ڕامیارییە. هەر وەك چۆن بەڕێوەبەرایەتی ئاماری ئەم پارێزگایە لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بە کۆمەڵێك پاساوی زۆر لاواز ژمارەی دانیشتوانی لە (٣١٣,٥٠٠) زیادکردووە بۆ (٦٠٦,٢٦٥) واتە زیادکردنی ژمارەی دانیشتوان بە ڕێژەی (٩٣,٤٪)، کەچی پاش ( ١٣) ساڵ لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە ٢٠٠٥/١/٣٠ ژمارەکە دەبێت بە (٥٦٢,٠٠٠) واتە (٤٤,٢٦٥) کەس کە دەکاتە (٧,٣٪) کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە بەراورد بە دانیشتوانی پارێزگاکە لە ساڵی١٩٩٢ دا کەمی کردووە، ئەمەش تێپەڕاندنی لۆجیك و زانست و واقعی زیادبوونی دانیشتوان هەرێمی کوردستانە!

٢- تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی پارێزگای دهۆك لە ماوەی توێژینەوەکەدا (٦,٤٢٪)، ئەمەش زیادبوونێکی نا سروشتییە کە لەم پارێزگایەدا ڕوویداوە و لەگەڵ وایی (واقعی) تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی هەرێم و کۆمەڵگای کوردی یەکناگرێتەوە، بێگومان هۆکاری ڕامیاری لە پشت ئەم زیادبونە ناسروشتییەوە بووە. ئەم سەرپەڕییە لە تێکڕای گەشەی ساڵانەی پارێزگاکانی تری هەرێمدا بەدی ناکرێت، بە پێچەوانەوە سەرپەڕی لە تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە، کاریگەری لەسەر زیادبوونی تێکڕای گەشەی دانیشتوانی هەرێمیش هەبووە و ڕێژەکەی لە سنوری یاسایی و ئاسایی تێپەڕاندوە و بووە بە (٣,٢٢٪).

٣- تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی پارێزگای هەولێریش لە کەمبوون و زۆربووندایە بە جۆرێك لە نێوان هەڵبژاردنی خولی (یەکەم - دووەم) تێکڕای گەشەی ساڵانە (٢,٦٪)، بەڵام لە نێوان هەڵبژاردنی خولی(دووەم - سێیەم) تێکڕای گەشەی ساڵانە دەبێت بە (١,٥٢٪)، لە نێوان هەڵبژاردنی خولی ( سێیەم - چوارەم) جارێکی تر تێکڕای گەشەی ساڵانە دانیشتوان بەرزدەبێتەوە و دەبێت بە (٣,٧٩٪)، بە گشتی تێکڕای گەشەی ساڵانەی ئەم پارێزگایە لە سنوری ئاساییدایە، بەڵام جیاوازی تێکڕای گەشەی ساڵانە

نێوان خولەکان فراوانە، بۆ نمونە جیاوازی تێکڕای گەشەی ساڵانە لە نێوان خولەکانی (دووەم - سێیەم) و (سێیەم - چوارەم) (٢,٢٧٪) ئەمەش جێی گومانە، بۆیە گومان دەکرێت فاکتەری ڕامیاری و هەڵبژاردن لەپشت ئەم گۆڕانکارییانەوە بن.

٤- تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لە نێوان هەڵبژاردنی خولی ( یەکەم - چوارەم) گۆڕانی ناسروشتی و سەرپەڕی و دوور لە لۆجیك و زانست و زیادبوونی گەشەی دانیشتوانی بەخۆوە بینینوە بە جۆرێك لە نێوان هەڵبژاردنی خولی( یەکەم - دووەم)، تێکڕای گەشەی ساڵانە (٢,٧٨٪) بووە، بەڵام لە نێوان هەڵبژاردنی خولی (دووەم - سێیەم) دانیشتوان بەرەو کەمی چووە و لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا، دانیشتوانی ئەم پارێزگایە (-٢٣,٨٠٧) کەس کەمتر بووە بەراوورد بە دانیشتوانی پارێزگاکە لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا، واتە تێکڕای گەشەی ساڵانە (-٠,٣٦٪) ئەم داتایانە تەواو جێی گوومانە، بەرەچاوکردنی دۆخی ئاینی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی...تاد. بەهیچ پێوەرێکی زانستی ناشێت و نابێت دانیشتوانی پارێزگایەکی هەرێمی کوردستان بە بێ ئەوەی هیچ دۆخێکی نەخوازراو (کارەساتی سروشتی، کارەساتی مرۆیی) ڕوویدابێت بەرەوکەمبوونەوە بچێت و کەم بکات، لە کاتێکدا چ بەهۆی فاکتەری ئابوری یان ڕۆشنبیری، وارسی مردووەکان وەك پێویست مردووەکانیان لە دەزگا پەیوەندیدارەکانی میری تۆمار ناکەن لەدایك بوونیش بەردەوام بووە، ئیتر چۆن دەبێت دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی کەم بکات؟ بەڵام لە نێوان هەڵبژاردنی خولی (سێیەم - چوارەم) دانیشتوانی ئەم پارێزگایە (٢٩٦,٣٦٧) کەس زیادی کردووە و تێکڕای گەشەی ساڵانە (٤,٢٥٪)، بۆیە ئەم داتایانە جێگەی باوەڕنیە و بە ویستی ڕامیاری گۆڕانکاری لە داتاکاندا کراوە.

٥- نارێکی و سەرپەڕی تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتون لە سەر ئاستی هەرێمیش ڕەنگدانەوەی هەبووە، بە جۆرێك ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە نێوان (٢,٩٧٪- ٤,٢١٪)ە، ئەمەش بە مانای جیاوازی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان دێت لە خولێك بۆ خولێکی تری هەڵبژاردن بەڵام لە نێوان ماوەی توێژینەوەکە (٣,٢٢٪) بووە، ئەمەش بەمانای زیادبوونی تێکڕای گەشەی دانیشتوان دێت لەسەر و ڕاستی دۆخی تێکڕای گەشەی  ساڵانەی هەرێمەوە.

دانیشتوانی پارێزگای دهۆك لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا ڕێژەی (١٢,٨٦٪) دانیشتوانی هەرێم پێکهێناوە، لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا دا ڕێژەکە دەبێت بە (١٥,٧٦٪) پاشان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ڕێژەکە زیاد دەکات و دەبێت بە (٢٣,٨٩٪)، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا ڕێژەکە بەردەوامە لە زیاد بوون و دەبێت بە (٢٤,٤٪). بێگومان ئەم داتایانە پرۆسەی زیادبوونی دانیشتوانی پارێزگای دهۆك دەخاتە ژێر پرسیارەوە، زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای دهۆك لە سەر حسابی کەمبوونی ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگاکانی تربووە.

لە پارێزگای هەولێر دانیشتوان لەکەمەوە بەرەو کەمبوونی بەردەوام هەنگاوی ناوە بۆ نمونە لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا دانیشتوانی ئەم پارێزگایە ڕێژەی (٣٩,٥١٪) کۆی دانیشتوانی هەرێمی پێکهێناوە، بەڵام لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا ڕێژەکە دادەبەزێت بۆ (٣٧,٧٢٪) ولە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا جارێکی تر  ڕێژەکە دادەبەزێت بۆ (٣٥,٤٩٪)و لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا ڕێژەکە بۆ (٣٤,٩٢٪) دادەبەزێت، ئەم داتایانە تەواو جێی گومانن. ناشێت ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر لە ماوەی (٤) ساڵدا لە (٣٥,٤٩٪) دابەزێت بۆ (٣٤,٩٢٪)ی کۆی دانیشتوانی هەرێم، لە کاتیکدا سروشتی پایتەختەکانی وڵاتانی ئاسیاو خۆرهەلأتی ناوەڕاست وایە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ فراوان دەبن و دانیشتوانەکانیشیان زیاد دەکات.

ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لە نێوان هەڵبژاردنی خولی (یەکەم – چوارەم)دا بەردەوام لە کەمبوونەوەدا بووە بە جۆرێك لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا (٤٧,٦٣٪)ی کۆی دانیشتوانی هەرێمی پێکهێناوە، بەڵام لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا ڕێژەکە بۆ (٤٧,٥٢٪) دادەبەزێت، پاشتر لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ڕێژەکە بۆ (٤٠,٦٢٪) دادەبەزێت و دواتر لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا ڕێژەکە دەبێت بە (٤٠,٦٨٪)، ئەم داتایە تەواو جێ گومانە ناشێت لە ماوەی (٨) ساڵدا دانیشتوانی پارێزگایی سلێمانی لە ڕێژەی (٤٧,٥٢٪) کۆی دانیشتونی هەرێم ببێت بە (٤٠,٦٨٪).

لە پارێزگای دهۆك لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا (١٧٨,٠٠٠) هەڵبژێر هەبووە، لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا و پاش (١٣) ساڵ دەبێت بە (٤٠٤,٣٢٠) هەڵبژێر، واتە(٢٢٦,٣٢٠) هەڵبژێر زیادی کردووە، تێکڕای گەشەی ساڵانەی هەڵبژێر (٦,٥١٪)، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا، ژمارەی هەڵبژێر دەبێت بە (٥٢١,٣٠٦)، لە ماوەی چوارساڵدا (١١٦,٩٨٦) هەڵبژێر زیادی کردووە، تێکڕای گەشەی ساڵانە بەرزدەبێتەوە بۆ (٦,٥٦٪)، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا، ژمارەی هەڵبژێر دەبێت بە (٦١٢,٩٢٢) هەڵبژێر و لەماوەی (٤) ساڵدا (٩١,٦١٦) هەڵبژێر زیادی کردووە و تێکڕای گەشەی ساڵانە (٤,١٣٪) بووە.

تێکڕای گەشەی ساڵانەی هەڵبژێر لەماوەی توێژینەوەکەدا لە پارێزگای دهۆك (٦,٠٦٪) ئەمەش سەرپەڕییەکی گەورەی پێوە دیارە و دوورە لە تێکڕای گەشەی ساڵانەی هەڵبژێری پارێزگاکانی تری هەرێم، جگە لەوەی لەسەر ئاستی هەرێمیش بەرزترە. خۆ ئەگەر بەراورد بکرێت بە تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی هەرێم، دیسان سەرپەڕییەکی زۆری پێوە دیارە.

ژمارەی هەڵبژێر لە پارێزگای هەولێریش لە گۆڕانی بەردەوام دابووە، بە جۆرێك لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا (٣٤٠,٠٠٠) هەڵبژێر بووە، بەڵام لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا دەبێت بە (٧٩٥,٢٢٠) هەڵبژێر، لەماوەی (١٣) ساڵدا (٤٥٥,٢٢٠) هەڵبژێر زیادیکردووە، تێکڕای گەشەی ساڵانە (٦,٧٥٪) بووە، بەڵام لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ژمارەی هەڵبژێر دەبێت بە (٨٩٦,٦٨٣) هەڵبژێر، لەماوەی (٤) ساڵدا (١٠١,٤٦٣) هەڵبژێر زیادیکردووە، تێکڕای گەشەی ساڵانە (٣,٠٥٪)بووە، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا ژمارەی هەڵبژێر دەبێت بە (١,٠٠٣,٩٦٠) هەڵبژێر، لە ماوەی (٤) ساڵدا (١٠٧,٢٧٧) هەڵبژێر زیادیکردووە، تێکڕای گەشەی ساڵانە (٢,٨٧٪) بووە.

لە پارێزگای سلێمانی لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا (٤٥٠,٠٠٠) هەڵبژێر هەبووە، بەڵام پاش (١٣) ساڵ دەبێت بە (٩١٣,٦٤٦) هەڵبژێر، لەو ماوەیەدا (٤٦٣,٦٤٦) هەڵبژێر زیادی کردووە، تێکڕای گەشەی ساڵانە (٥,٦٪) بووە، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ژمارەی هەڵبژێر دەبێت بە (١,٠٦٧,٢٥٩) هەڵبژێر، لەم ماوەی (٤) ساڵدا (١٥٣,٦١٣) هەڵبژێر زیادی کردووە، تێکڕای گەشەی ساڵانە (٣,٩٦٪) بووە، بەڵام لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا ژمارەی هەڵبژێر دەبێت بە (١,١٩٧,٥١٧) هەڵبژێر، لەماوەی (٤) ساڵدا (١٣٠,٢٥٨) هەڵبژێر زیادی کردووە، تێکڕای گەشەی ساڵانەی هەڵبژێر (٢,٩٢٪) بووە، بڕوانە خشتەی ژمارە(١٦)

لە سەر ئاستی هەرێمیش لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا ژمارەی هەڵبژێری خەملێندراو (١,١١٢,٠٠٠) بووە، بەڵام لە هەڵبژاردنی خولی دووەم دا و پاش (١٣) ساڵ دەبێت بە (٢,١١٣,١٨٦)، لەم ماوەیەدا (١,٠٠١,١٨٦) هەڵبژێر زیادی کردووە، تێکڕای گەشەی ساڵانە (٥,٠٦٪) بووە، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ژمارەی هەڵبژێر دەبێت بە (٢,٤٨٥,٢٤٨) هەڵبژێر، لەماوەی (٤) ساڵدا (٣٧٢,٠٦٢) هەڵبژێر زیادی کردووە، تێکڕای گەشەی ساڵانە (٤,١٤٪) بووە، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا ژمارەی هەڵبژێر دەبێت بە (٢,٨١٤,٣٩٩) هەڵبژێر، لەماوەی (٤) ساڵدا (٣٢٩,١٥١) هەڵبژێر زیادیکردووە، تێکڕای گەشەی ساڵانە (٣,١٦٪) بووە، ئەوەی جێگای تێڕامانە جیاوازییەکی یەکجار زۆر لە نێوان گەشەی ساڵانەی زیاد بوونی هەڵبژێر لە نێوان پارێزگاکاندا هەیە، تەنانەت لە نێو خودی یەك پارێزگاشدا لە خولێك تا خولێکی تری هەڵبژاردندا.

لێرەدا ئەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ژمارە و ڕێژەی هەڵبژێری پارێزگاکان هاوتا نیە لەگە زیابوونی ڕێژەی دانیشتواندا، بۆ نمونە لە پارێزگای دهۆك جیاوازی نێوان ڕێژەی زیادبوونی هەڵبژێر بۆ ڕێژەی زیادبوونی دانیشتوانی نێوان دووخولی یەك لە دوای یەك بەم جۆرەیە (١,٩٢٪)، (-٧,٨٢٪)، (-٠,٦٣٪)، لە پارێزگای هەولێر (٤,١٥٪)، (١,٥٣٪)، (-٠,٩٢٪)، لە پارێزگای سلێمانی(٢,٨٢٪) (٤,٣٢٪)(-١,٣٣٪)، لە سەر ئاستی هەرێمیش (٢.٠٩٪) (١.٠٦٪) (-١.٠٥٪) لێرەدا ئەگەینە ئەو بڕوایەی ژمارەی هەڵبژێری ڕاگەیەندراو بەردەوام لە گۆڕانکاریدا بووە، جیاوازی فراوانی ڕێژەکان، گومانێکی زۆر هەڵدەگرێت، بۆیە تەنها شرۆڤەیەکی بۆ دەکرێت، زیادکردنی دەنگ و بەرژەوەندی ڕامیاری لە پشت ئەم گۆڕانکارییانەوە بوون.

ڕێژەی هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگای دهۆك لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا (٥٦,٧٨٪) بووە، ئەمەش (١١,١٨٪) زیاتر بووە لە تێکڕای هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم، لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا ڕێژەی هەڵبژێر/دانیشتوان بۆ (٧١,٩٤٪) بەرزدەبێتەوە،

ئەمەش کاریگەری دەبێت بۆ بەرزبوونەوەی بە ڕێژەی (١٢,٦٨٪) لەچاو تێکڕای هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ڕێژەی هەڵبژێری پارێزگاکە دادەبەزێت بۆ (٥٥,٢٣٪)، لە بەرامبەریشدا بە ڕێژەی (-٦.٥٪) کەمتر دەبێت بۆ تێکڕای هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا جارێکیتر ڕێژەکە زیاتر دادەبەزێت و دەبێت بە (٥٢,٩٪)، ئەمەش کاریگەری دەبێت بۆ زیاتر دابەزانینی بە ڕێژەی (-٦,٣٧٪) لەچاو تێکڕای هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم، لێرەدا پرسیارێکی سادە دروست دەبێت، جگە لە گەمەکردن بە داتاکان بۆ بەرژەوەندی حزبی و هەڵبژاردن و گرتنەدەستی دەسەڵات دەبێت چ فاکتەرێکی تر لە پشت کەمبوونەوەی ڕێژەی هەڵبژێری ئەم پارێزگایەوە بێت تەنها لەماوەی (٤) ساڵدا واتە لە نێوان هەڵبژاردنی خولی(دووەم - سێیەم) ڕێژەی هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگاکە لە (٧١,٩٤٪) دادەبەزێت بۆ (٥٥,٢٣٪) لە کاتێکدا لە هەڵبژاردنی خولی دواتریشدا (چوارەم) ئەم ڕێژەیە هەرچەندە دابەزیوە، بەڵام نزیکە لەم ڕێژەیە و (٥٢,٩٪) بووە.

ڕێژەی هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگای هەولێر لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا (٣٥,٢٨٪) بووە، بەراوورد بە تێکڕای هەڵبژێر/ دانیشتوانی هەرێم بە ڕێژەی (-١٠,٣٢٪) کەمتر هەڵبژێر بەر ئەم پارێزگایە کەوتووە، لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا ڕێژەی هەڵبژێر دەبێت بە (٥٩,١٢٪) لە بەرامبەری ئەم زیاد بوونەدا، ڕێژەکە بۆ تێکڕای هەڵبژێر/دانیشتوان هەرێم بەزدەبێتەوە بۆ (-٠,١٤٪)، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ڕێژەی هەڵبژێر بەرزتر دەبێتەوە دەبێت بە (٦٢,٧٦٪)، ئەمەش کاریگەری دەبێت بۆ بەرزبوونەوەی زیاتر لەچاو تێکڕای هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم بە ڕێژەی (١,٠٣٪)، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا ڕێژەی هەڵبژێر/پارێزگاکە دادەبەزێت بۆ (٦٠,٥٦٪)، لە چاو تێکڕای هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم، ڕێژەکە بەرزتردەبێتەوە دەبێت بە (١,٢٩٪) .

ڕێژەی هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا (٣٨,٧٤٪) بووە، ئەمەش بەڕێژەی (-٦,٨٦٪) لەچاو تێکڕای هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم کەمترە، لەهەڵبژاردنی خولی دووەمدا، ڕێژەی هەڵبژێر بەرزدەبێتەوە بۆ (٥٥٪)، بەڵام لە چاو تێکڕای هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم گۆڕانێکی کەمی بەسەردا دێت و جیاوازیەکە دەبێت بە (-٤,٢٦٪)، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ڕێژەی هەڵبژێر بەرزتر دەبێت و دەبێت بە (٦٥,٢٦٪)، ئەمەش کاریگەری دەبێت بۆ زیادبوونی بەڕێژەی (٣,٥٣٪)ی تێکڕای هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا، ڕێژەی هەڵبژێر/پارێزگاکە دەبێت (٦٢٪)، بە ڕێژەی (٢,٧٣٪) بەرزترە لە چاو تێکڕای هەڵبژێر/دانیشتوانی هەرێم،

لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە:

١- هیچ هاوسەنگییەك لە نێوان ژمارەی هەڵبژێری پارێزگایەك تا پارێزگایەکی تر نیە، بەردەوام ئەم ڕێژانە لە گۆڕاندا بووە، لە کاتیکدا دۆخی ڕامیاری و ئابوری و سەربازی و کۆمەڵایەتی ئەم پارێزگایانە وەك یەکن یان زۆر نزیکن لەیەکەوە.

٢- هیچ هاوسەنگییەك لە نێوان ژمارەی هەڵبژێری پارێزگایەك لە خولێك تا خولێکی تری هەڵبژاردن نیە، بۆ نمونە ڕێژەی هەڵبژێری پارێزگای دهۆك لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا (٧١,٩٤٪) کۆی دانیشتوانی پارێزگاکەی پێکهێناوە، بەڵام بۆ هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ئەم ڕێژەیە دەبێت بە (٥٥,٢٣٪) واتە ڕێژەی (-١٦.٢٦٪) هەڵبژێری پارێزگاکە کەمی کردووە، ئەمە بۆ پارێزگای سلێمانیش هەر دروستە بۆ نمونە لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا ڕێژەی هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگاکە (٥٥٪)ە، بەڵام لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ڕێژەکە دەبێت بە (٦٥,٢٦٪) واتە بە جیاوازی (١٠,٢٦٪) ئەمەش زۆر دوورە لە ڕاستییەوە، چونکە ناکرێت دەنگدەری پارێزگایەك لەماوەی تەنها (٤) ساڵدا ئەو گۆڕانە گەورانە چ لە زیاد بوون و چ لە کەمبوونی هەڵبژێر بەخۆیەوە ببینێت لە جێگیری بارودۆخی هەرێمدا (سروشتی، مرۆیی) .

ئەگەر بڕوانین لە ڕێژەی هەڵبژێری پارێزگای دهۆك لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا (١٦,٠١٪)ی تێکڕای هەڵبژێری هەرێمی پێکهێناوە، ئەمەش زیاترە لە تێکڕای دانیشتوانی پارێزگاکە/دانیشتوانی هەرێم بە ڕێژەی (٣,١٥٪)، لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا ڕێژەی هەڵبژێر دەبێت (١٩,١٣٪)، ئەمەش بە ڕێژەی (٣,٣٧٪) زیاترە لە ڕێژەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە/دانیشتوانی هەرێم، لە

هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ڕێژەی هەڵبژێر بەرزتر دەبێتەوە دەبێت بە (٢٠,٩٨٪) جیاوازی لەگەڵ ڕێژەی دانیشتوانەکەی/ دانیشتوانی هەرێم دادەبەزێت بۆ (-٢,٩١٪)، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا ڕێژەی هەڵبژێری ئەم پارێزگایە زیاتر دەبێت و دەبێت بە (٢١,٧٨٪) بەڵام هێشتا کەمترە لە ڕێژەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە/دانیشتوانی هەرێم بە ڕێژەی (-٢,٦٢٪) .

هەڵبژێری پارێزگای هەولێر لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا (٣٠,٥٧٪) کۆی هەڵبژێری هەرێمی پێکهێناوە، بە ڕێژەی (-٨,٩٤٪) کەمترە لەچاو دانیشتوانی پارێزگاکە/دانیشتوانی هەرێم، لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا ڕێژەی هەڵبژێری دەبێت بە (٣٧,٦٣٪) کۆی هەڵبژێری هەرێم، بە ڕێژەی (-٠,٠٩٪) کەمترە لە چاو ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگاکە/دانیشتوانی هەرێم، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ڕێژەی هەڵبژێری ئەم پارێزگایە دەبێت بە (٣٦,٠٨٪)ی کۆی هەڵبژێری هەرێم، بە ڕێژەی (٠,٥٩٪) کەمترە لە ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگاکە/دانیشتوانی هەرێم، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا ڕێژەی هەڵبژێر دادەبەزێت بۆ (٣٥,٦٧٪)ی کۆی هەڵبژێری هەرێم، بەڵام هێشتا بە ڕێژەی (٠,٧٥٪) زیاترە لە ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگاکە/دانیشتوانی هەرێم.

هەڵبژێری پارێزگای سلێمانی لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا (٤٠,٤٧٪) کۆی هەڵبژێری هەرێمی پێکهێناوە، ئەمەش بەڕێژەی (-٧,١٦٪)ی ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگاکە/دانیشتوانی هەرێم کەمترە، لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا ڕێژەی هەڵبژێر دەبێت بە (٤٣,٢٤٪)، ئەمەش بە ڕێژەی (-٤.٢٨٪) لە چاو ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگاکە/دانیشتوانی هەرێم کەمترە، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ڕێژەی هەڵبژێری پارێزگاکە دەبێت بە (٤٢,٩٤٪) بەڵام بەڕێژەی (٢,٣٢٪) لەچاو دانیشتوانی پارێزگاکە/دانیشتوانی هەرێم زیاترە، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا ڕێژەی هەڵبژێری پارێزگاکە (٤٢,٥٥٪)ی هەڵبژێری هەرێم پێکدەهێنێت، ئەمەش بەڕێژەی (١,٨٧٪) لە ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگاکە/دانیشتوانی هەرێم زیاترە. بڕوانە خشتەی ژمارە(١٦).

ئەگەر بڕوانین ڕێژەی هەڵبژێری هەر پارێزگایەك بۆ تێکڕای هەڵبژێری هەرێم بەردەوام لە گۆڕاندا بووە، پارێزگای دهۆك خول لەدوای خول ڕێژەکەی زیاد بووە بە جۆرێك بریتیبوە لە (١٦,٠١٪)، (١٩,١٣٪)، (٢٠,٩٨٪)، (٢١,٧٨٪)، بەڵام پارێزگای هەولێر لە خولی یەکەمدا (٣٠,٥٧٪) بووە بەڵام لە خولی دووەدا بەرزدەبێتەوە بۆ (٣٧,٦٣٪)، لە خولی سێیەمدا دادەبەزێت بۆ (٣٦,٠٨٪)، لە خولی چوارەمیشدا بەردەوم دەبێت لە دابەزین و دەبێت بە (٣٥,٦٨٪)، ئەمە بۆ پارێزگای سلێمانیش هەر دروستە، لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا ڕێژەکەی (٤٠,٤٧٪)ە، بەڵام لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا بەرزدەبێتەوە بۆ (٤٣,٢٤٪)، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەم دادەبەزێت بۆ (٤٢,٩٤٪)و لە خولی چوارەمدا زیاتر دادەبەزێت دەبێت بە (٤٢,٥٥٪). جگە لە هۆکاری هەڵبژاردن و ڕامیاری، هیچ هۆکارێکی تر ڕۆڵی نەبووە لە گۆڕانی ڕێژەی هەڵبژێری پارێزگاکانی هەرێم.

## باسی دووەم: دابەشبوونی جوگرافی دەنگدەران لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی خولی ( یەکەم – چوارەم) پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢- ٢٠١٣)

لەم باسەدا لە ژمارە و ڕێژەی دەنگدەران بە پێی شوێنی جوگرافییان بۆ هەر خولێکی هەڵبژاردن دەدوێین و پاشان لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان ڕێژەی زیادبوون و گۆڕانکارییان دەستنیشان دەکەین و شرۆڤە دەکەین، بۆ ئەمە مەبەستەش ئەم باسەمان دابەشی پێنج تەوەرکردووە کە بریتین لە:

### تەوەری یەکەم: دابەشبوونی جوگرافی دەنگدەران لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (١٩٩٢/٥/١٩):

لەم تەوەرەدا باس لە دەنگدەرانی پارێزگاکانی هەرێم دەکەین لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستاندا، ژمارە و ڕێژەی بەشداربوان دەستنیشان دەکەین چ لە سەر ئاستی پارێزگاکان و چ لە سەر ئاستی هەرێم، پاشانیش جیاوازی ڕێژەی بەشداربوان لە سەر ئاستی هەر پارێزگایەك و کۆی پارێزگاکانی هەرێم دیاری دەکەین، بەراوردی ڕێژەی بەشداربووانی هەر پارێزگایەك بە ڕێژەی دانیشتوانی هەر پارێزگایەك/کۆی دانیشتوانی هەرێم دەکەین، پاشانیش ڕێژەی بەشداری دەنگدەرانی هەر پارێزگایە/دەنگدەرانی هەرێمدا دیاری دەکەین، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٧) و نەخشەی ژمارە (١٦).

**خشتەی ژمارە (١٧)**

**ژمارە و (٪) هەڵبژێر و دەنگدەران/دانیشتوانی پارێزگاکان و هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (١٩٩٢/٥/١٩)**

| پارێزگا | ژ. دانیشتوان | (٪) دانیشتوان/هەرێم | ژ. هەڵبژێر | (٪) هەڵبژێر/هەرێم | (٪) هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگا | جیاوازی ڕێژە لەگەڵ تێکرا | دەنگدەر/پارێزگا | | | (٪) دەنگدەر/دانیشتوانی پارێزگا | جیاوازی (٪) دەنگدەرانی پارێزگا/تێکرا | (٪) دەنگدەر/هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژمارە | (٪) | (٪) جیاوازی لە گەڵ تێکرا | | | |
| دهۆك | ٣١٣,٥٠٠ | ١٢,٨٦ | ١٧٨,٠٠٠ | ١٦,٠١ | ٥٦,٧٨ | ١١,١٨ | ١٩٨,٣٥٢ | ١١١,٤٣ | ٢٤,٠٣ | ٦٣,٢٧ | ٢٣,٤٢ | ٢٠,٤١ |
| هەولێر | ٩٦٣,٧٠٠ | ٣٩,٥١ | ٣٤٠,٠٠٠ | ٣٠,٥٧ | ٣٥,٢٨ | -١٠,٣٢ | ٣٣٥,٨٢٧ | ٩٨,٧٧ | ١١,٣٧ | ٣٤,٨٤ | -٥,٠١ | ٣٤,٥٥ |
| سلێمانی | ١,١٦١,٧٠٠ | ٤٧,٦٣ | ٤٥٠,٠٠٠ | ٤٠,٤٧ | ٣٨,٧٤ | -٦,٨٦ | ٣٤٩,١٦٤ | ٧٧,٦ | - ٩,٨ | ٣٠ | -٩,٨٥ | ٣٥,٩٢ |
| کەرکوك | -(*) | - | ١٤٤,٠٠٠ | ١٢,٩٥ | - | - | ٨٨,٦١٠ | ٦١,٥٣ | -٢٥,٨٧ | - | - | ٩,١٢ |
| کـــــۆ | ٢,٤٣٨,٩٠٠ | ١٠٠ | ١,١١٢,٠٠٠ | ١٠٠ | ٤٥,٦ | - | ٩٧١,٩٥٣ | ٨٧,٤ | - | ٣٩,٨٥ | - | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەسوود وەرگرتن لە:أ- سلێمان مستەفا حەسەن، کورد و یەکەم ئەزمون، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، ٢٠١٧، ل١٦١و ٤٧٧.ب- جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٩٢، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٩٢، ص٣٦.

ئەگەر بڕوانین لە خشتەی ژمارە (١٧)و نەخشەی ژمارە (١٦)، لە پارێزگای دهۆك (١٩٨,٣٥٢) دەنگدراوە لە کۆی (١٧٨,٠٠٠) هەڵبژێر واتە ڕێژەی دەنگدان (١١١,٤٣٪) بووە، ڕێژەی بەشداریکردن (٢٤,٠٣٪) لەچاو تێکرای دەنگدەران/هەڵبژێرانی هەرێم زیاترە، ئەمە و جگە لەوەی لە پارێزگاکەدا (٥٦,٧٨٪) هەڵبژێر هەبووە، بەڵام (٦٣,٢٧٪) دەنگیان داوە، ئەگەر دەنگدەرانی ئەم پارێزگایە (١٠٠٪) دەنگیان بدایە هێشتا (٦,٤٩٪)ی هەڵبژێرەکان بە نایاسایی دەنگیان داوە، جگە لەوەی بە ڕێژەی (٢٣,٤٢٪) لە سەر ئاستی دەنگدەر/دانیشتوانی هەرێم زیاتر دەنگیان داوە، ڕێژەی دەنگدەری ئەم پارێزگایە (٢٠,٤١٪) کۆی دەنگدەرانی هەرێمی پێکهێناوە. واتە ڕێژەی دەنگدەری ئەم پارێزگایە بە ڕێژەی (٧,٥٥٪) زیاتر لە ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگاکە/دانیشتوانی هەرێم. تەنها یەك هۆکار هەیە بۆ بەرزی ڕێژەی بەشداریکردن ئەویش ئەنجامدانی کاری نایاسایی بێ سنور و ڕێکخراو بووە لە پارێزگاکەدا، دەنگدان لەم پارێزگایە ڕێژەی (١١,٤٣٪) زیاتر بووە لە ڕێژەی (١٠٠٪)ی دەنگدانیش.

لە پارێزگای هەولێر (٣٣٥,٨٢٧) دەنگدەر، (٩٨,٧٧٪) هەڵبژێرەکان دەنگیان داوە، ئەمەش زیاترە بە ڕێژەی (١١,٣٧٪) تێکڕای دەنگدەران/هەڵبژێرانی هەرێم، (٣٥,٢٨٪) دانیشتوانی پارێزگاکە هەڵبژێر بوون، ئەوانەی کە دەنگیانداوە (٣٤,٨٤٪)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگاکەیان پێکهێناوە، بەڵام هێشتا بە ڕێژەی (-٥,٠١٪)لە ڕێژەی دەنگدەر/پارێزگاکانی هەرێم کەمترە، دەنگدەر ئەم پارێزگایە (٣٤,٥٥٪)ی کۆی دەنگدەری هەرێمی پێکهێناوە، ئەم ڕێژەیەش کەمترە بە ڕێژەی (-٤,٩٥٪)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە/ دانیشتوانی هەرێم.

(*)- ناوچەکانی چەمچەماڵ و کەلار و دەبەرندیخان دەگرێتەوە، بەڵام تەنها دوو بنکە لە کۆی ١٦ بنکە کەوتونەتە دەرەوەی پارێزگای سلێمانی، ئەوانەی تر لە ئاماری ڕژێمدا لە سەر پارێزگای سلێمانی هەژمارکراون، بۆیە ناکرێت دانیشتوانی ئەو قەزایانە لە پارێزگای سلێمانی دابېردرێن، جگە لەوەی هیچ ئامارێکیش لەبەردەستتدا نیە بزانرێت چەند هاوڵاتی کورد لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ناوچە ئازادکراوەکانی هەرێم ئاوارەی ناوچە ئازادکراوەکان بوون. بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٥)

**نەخشەی ژمارە (١٦)**

**(٪) دەنگدەری پارێزگا/هەڵبژێری پارێزگا و دەنگدەری هەرێم و (٪) دەنگدەر/دانیشتوانی پارێزگا و جیاوازی (٪) دەنگدەری پارێزگا/ تێکڕای هەڵبژێر و دانیشتوانی هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (١٩/٥/١٩٩٢)**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە: داتای خشتەی ژمارە (١٧).**

**لە پارێزگای سلێمانی (٣٤٩,١٦٤) دەنگدراوە، ئەمەش دەکاتە (٧٧,٦٪)ی هەڵبژێری پارێزگاکە، بەڵام لەچاو کۆی دەنگدەران/ هەڵبژێرانی پارێزگاکانی تردا ڕێژەی بەشداریکردن کەمتر بووە بە ڕێژەی (-٩,٨٪)، ئەمە جگە لەوەی ڕێژەی (٤٠,٤٧٪)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە هەڵبژێر بوون و مافی دەنگدانیان هەبووە، بەڵام (٣٠٪)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە دەنگیداوە، ئەمەش بە ڕێژەی (-٩,٨٥٪) لە تێکڕای دەنگدەری پارێزگاکە/دەنگدەری هەرێم کەمترە، سەرئەنجام (٣٥,٩٢٪)ی کۆی دەنگدەرانی هەرێم لەم پارێزگایەدابوون، ئەمەش کەمترە بەڕێژەی (-١١,٧١٪)ی ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگاکە/دانیشتوانی هەرێم. هۆکارەکانی کەمی بەشداری دەنگدەرانی پارێزگای سلێمانی دەگەڕێنەوە بۆ:**

**١- خاوێنی هەڵبژاردنەکە بە بەراورد بە هەردوو پارێزگای دهۆك و هەولێر.**

**٢-ڕەخساندنی بواری کەمتر بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان چ بەهۆی کەمی بنکەی هەڵبژاردن چ بەهۆی قەرەباڵغی سەر بنکەکانی دەنگدان.**

**لە پارێزگای کەرکوك (٨٨,٦١٠) دەنگدەر و ڕێژەی (٦١,٥٣٪) هەڵبژێری پارێزگاکە دەنگیان داوە ئەمەش بە ڕێژەی (-٢٥,٨٧٪) لە تێکڕای دەنگدەر/هەڵبژێری هەرێم کەمترە، ڕێژەی بەشداریکردنی دەنگدەرانی ئەم ناوچەیە (٩,١٢٪)ی کۆی دەنگدەرانی**

پارێزگاکانی هەرێمی پێکهێناوە، ئەمەش کەمترە بە ڕێژەی (-٣,٨٣٪)ی بەرکەوتەی ئەم پارێزگایە بۆ کۆی هەڵبژێری هەرێم، هۆکاری کەمی بەشداری دەنگدەرانی پارێزگاکە دەگەڕێتەوە بۆ:

١- ئەنفالکردنی دانیشتوانی ئەو قەزایانەی کە دەستەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان بە ناوچەی کەرکوك ناوی بردووە.

٢- داگرتنی گوندەکان و ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتووچۆ لە هەندێك لەو ناوچانە و ئاوەدانەکردنەوەی لەو ماوە کورتەی کە بەرەی کوردستان فەرمانڕەوای ئەو ناوچە ئازادکراوانە بووە.

٣- ئاوارەبوونی خەڵکەکەی لە ترسی پەلاماری هێرشی ڕژێمی بەعس بۆ ئەو ناوچانەی کەلێکەوت بوون لەگەڵ سنوری دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس و نیشتەجێ بوونیان لە ناوچە ئازادکراوەکانی تری هەرێمی کوردستان.

٤- نەبوونی هیچ ئامارێك لەبەردەست بەرەی کوردستانی و دەستەی باڵای هەڵبژاردنی هەرێم، تا بە دروستی بتوانن ژمارەی هەڵبژێرەکان دەستنیشان بکەن.

٥- بەشدارینەکردنی زۆرینەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك و قەزا و ناوچەکانی تری پارێزگاکە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستاندا، ئەویش بەهۆی نەبوونی بوار بەهۆی ترس و فشارەکانی ڕژێم لە سەر دانیشتوانی ناوچەکانی ژێردەستی.

٦- پەرش و بڵاوی ئاوارەکان و دابەش بوونیان بەسەر ناوەندی پارێزگا و قەزا و ناوچە سنوریەکان (سنوری نێودەوڵەتی ئێران- عێراق)، ئەمەش دەرفەتی بەشداریکردنی کەم کردونەتەوە.

٧- ڕەنگە تەرخانکردنی ژمارەیەکی زیاتر لە ڕێژە دەنگی دراو بگەڕێتەوە بۆ خزمەتکردن بە لایەنێکی دیاریکراو، یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە دیاریکراوی، چونکە پارێزگاکە دەکەوێتە جوگرافیای هەژموونی (ی.ن.ك)، ڕەنگە ویسترابێت لەم ڕێگەیەوە کورسی زیاتری پەرلەمانی بۆ پارتی ناوبراو دەستەبەربکرێت، ئەگەر ئەوەشمان زانی لیستی (ی.ن.ك و زەحمەت کێشان) لە سەر ئاستی پارێزگاکە (٥٣,١٢٩) دەنگیان لە کۆی (٨٨,٦١٠)[1]دەنگی پایزگاکە بەدەستهێناوە، ئەمەش دەکاتە ڕێژەی (٥٩,٩٥٪) کۆی دەنگی دراوی پارێزگاکە.لە کاتیکدا شەش لیستەکەی تری پارێزگاکە تەنها (٣٤,٩٧٥) دەنگیان بە دەستهێناوە و دەکاتە (٤٠,٠٥٪) کۆی دەنگی دراوی پارێزگاکە.

## تەوەری دووەم: دابەشبوونی جوگرافی دەنگدەران لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (٢٠٠٥/١/٣٠):

لەم تەوەرەدا باس لە دەنگدەرانی پارێزگاکانی هەرێم دەکەین لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، ژمارە و ڕێژەی بەشداربوان دەستنیشان دەکەین چ لە سەر ئاستی پارێزگاکان و چ لە سەر ئاستی هەرێم، پاشانیش جیاوازی ڕێژەی بەشداربوان لە سەر ئاستی هەر پارێزگایەك و کۆی پارێزگاکانی هەرێم دیاری دەکەین، بەراوردی ڕێژەی دەنگدەرانی هەر پارێزگایەك بە ڕێژەی دانیشتوانی هەر پارێزگایەك/کۆی دانیشتوانی هەرێم دەکەین، پاشان ڕێژەی بەشداری دەنگدەرانی هەر پارێزگایەك/دەنگدەرانی هەرێمدا دیاری دەکەین، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٨)و نەخشەی ژمارە (١٧) .

بە ڕەچاوکردنی خشتەی ژمارە (١٨)و نەخشەی ژمارە (١٧)، دەبینین لە پارێزگای دهۆك لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا (٣٩٣,٦١٧)دەنگدراوە، ڕێژەی (٩٧,٣٥٪)ی هەڵبژێری پارێزگاکەی پێکهێناوە، ڕێژەی بەشدار (١٢,٤٨٪) لە تێکرای دەنگدەران/هەڵبژێری

[1]- سلێمان مستەفا حەسەن، کورد و یەکەم ئەزمون، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧٧.

**خشتەی ژمارە (١٨)**

**ژمارە و (٪) هەڵبژێرو دەنگدەران/دانیشتوانی پارێزگاکان و هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (٢٠٠٥/١/٣٠)**

| پارێزگا | ژ. دانیشتوان | (٪) دانیشتوان/هەرێم | ژ. هەڵبژێر | (٪) هەڵبژێر/هەرێم | (٪) هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگا | جیاوازی ڕێژە لەگەڵ تێکڕا | دەنگدەر/پارێزگا | | | (٪) دەنگدەر/دانیشتوانی پارێزگا | جیاوازی (٪) دەنگدەرانی پارێزگا/تێکڕا | (٪) دەنگدەر/هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژمارە | (٪) | (٪) جیاوازی لە تێکڕا | | | |
| دهۆك | ٥٦٢,٠٠٠ | ١٥,٧٦ | ٤٠٤,٣٢٠ | ١٩,١٣ | ٧١,٩٤ | ١٢,٦٨ | ٣٩٣,٦١٧ | ٩٧,٣٥ | ١٢,٤٨ | ٧٠ | ١٩,٧ | ٢١,٩٥ |
| هەولێر | ١٣٤٥,٠٠٠ | ٣٧,٧٢ | ٧٩٥,٢٢٠ | ٣٧,٦٣ | ٥٩,١٢ | -٠,١٤ | ٦٥٦,٩١٧ | ٨٢.٦ | -٢,٢٧ | ٤٨,٨٤ | -١,٤٦ | ٣٦,٦٢ |
| سلێمانی | ١٦٥٩,٠٠٠ | ٤٧,٥٢ | ٩١٣,٦٤٦ | ٤٣,٢٤ | ٥٥ | -٤,٢٦ | ٧٤٣,١٠٢ | ٨١,٣٣ | -٣,٥٤ | ٤٤,٧٩ | -٥,٥١ | ٤١,٤٣ |
| کـــــۆ | ٣,٥٦٦,٠٠٠ | ١٠٠ | ٢,١١٣,١٨٦ | ١٠٠ | ٥٩,٢٦ | - | ١,٧٩٣,٦٣٦ | ٨٤,٨٧* | - | ٥٠,٣ | - | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە: المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، ملخص لانتخابات برلمان اقليم كوردستان٢٠٠٥، غير منشور، بدون رقم الصفحة.

هەرێمی کوردستان زیاترە ڕێژەی (٧١,٩٤٪) هەڵبژێری پارێزگاکە کە ماف دەنگدانیان هەبوو ڕێژەی (٧٠٪)ی دانیشتوانی پارێزگاکە دەنگیان داوە، ئەمەش بە ڕێژەی (١٩,٧٪) لە تێکڕای دەنگدەری پارێزگاکە/دەنگدەری هەرێم زیاترە، دەنگدەری ئەم پارێزگایە (٢١,٩٥٪) تێکڕای دەنگدەری هەرێمی پێکهێناوە، ئەمەش بەرێژەی (٦,١٩٪) لە ڕێژەی دانیشتوانی ئەم پایزگایە/ دانیشتوانی هەرێم زیاترە.

لە پارێزگای هەولێر (٦٥٦,٩١٧) دەنگدراوە، ئەمەش دەکاتە (٨٢,٦٪) هەڵبژێرەکان، بە ڕێژەی (-٢,٢٧٪) تێکڕای دەنگدەرانی هەرێم کەمترە، (٥٩,١٢٪)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە هەڵبژێر بوون لەم ژمارەیە (٤٨,٨٤٪)ی دانیشتوانی پارێزگاکە دەنگیداوە، بە ڕێژەی (-١,٤٦٪) لە ڕێژەی دەنگی دراوی هەرێم کەمترە، ئەم پارێزگایە ڕێژەی (٣٦,٦٢٪) دەنگی هەرێمی پێکهێناوە، ئەمەش بە ڕێژەی (-١,١٪) لە چاو دانیشتوانی پارێزگاکە/دانیشتوانی هەرێم کەمترە.

لە پارێزگای سلێمانی (٧٤٣,١٠٢) دەنگدراوە، ئەمەش دەکاتە ڕێژەی (٨١,٣٣٪) هەڵبژێرەکان، بە ڕێژەی (-٣,٥٤٪) لە تێکڕای دەنگدەر/هەڵبژێری هەرێم کەمترە، لەم پارێزگایەدا (٥٥٪)ی دانیشتوانی پارێزگاکە هەڵبژێربوون، لەم ژمارەیە (٤٤,٧٩٪)ی دانیشتوانی پارێزگاکە دەنگیان داوە، ئەمە بە ڕێژەی (-٥,٥١٪) تێکڕای دەنگدەری پارێزگا/دەنگدەری هەرێم کەمترە، ئەم پارێزگایە ڕێژەی (٤١,٤٣٪) کۆی دەنگی دراوی هەرێمی پێکهێناوە. بە ڕێژەی (-٦.٠٩٪) لە ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگاکە/دانیشتوانی هەرێم کەمترە.

لە پارێزگای دهۆك (٩٧,٣٥٪) ئەو کەسانەی کەماف دەنگدانیان هەبووە دەنگیان داوە؟ ئەمەش تەواو دورە لە ڕاستییەوە، ناکرێت لە سەر ئاستی پارێزگایەکدا ڕێژەی بەشداری بگاتە زیاتر (٩٧٪)، ناشگونجێت لە کۆمەڵگایەکی وەك هەرێمی کوردستاندا (٧٠٪) دانیشتوانی پارێزگایەك ماف دەنگدانی هەبێت و دەنگ بدات کاتێکدا لە هەردوو پارێزگاکەدا کەمتر لە (٤٩٪) دانیشتوانی پارێزگاکە بەشداری پرۆسەکەیان کردووە، پارێزگای دهۆك تەنها (١٩,١٣٪) دانیشتوانی هەرێمی پێکهێناوە، بەلاّم ڕێژەی دەنگدەرەکانی (٢١,٩٥٪)ی کۆی دەنگدەری هەرێمی پێکهێناوە، تەنها یەك هۆکار هەیە بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەشداری ئەویش ئەنجامدانی کاری نایاسایی ڕێکخراوە.

---

(*)- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕێژەی بەشداری بە (٨٨٪) ئاماژە پێکردووە، بەلاّم لە ڕاستیدا ئەم ڕێژەیە هەڵەیە و دەکاتە (٨٤,٨٧٪) (توێژەر).

**نەخشەی ژمارە (١٧)**

**(٪) دەنگدەری پارێزگا/هەڵبژێری پارێزگا و دەنگدەری هەرێم و (٪) دەنگدەر/دانیشتوانی پارێزگا و جیاوازی (٪) دەنگدەری پارێزگا/ تێکرای هەڵبژێر و دانیشتوانی هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (٢٠٠٥/١/٣٠)**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە: داتای خشتەی ژمارە (١٨).**

## تەوەری سێیەم: دابەشبوونی جوگرافی دەنگدەران لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥):

لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا، (١,٩٤٤,٥٥٥)دەنگدەر بەشداری هەڵبژاردنی ئەم خولەی کرد، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٩)و نەخشەی ژمارە (١٨) .

بە ڕەچاوکردنی خشتەی ژمارە (١٩) و نەخشەی ژمارە (١٨) دەبینین ژمارەی دەنگی دراوی پارێزگای دهۆك (٤٤٩,٣٢٠) دەنگە و (٨٦,١٩٪) هەڵبژێرەکان دەنگیان داوە، ئەمەش (٧,٩٥٪) زیاترە لەتێکرای دەنگدەری پارێزگاکە/ دەنگدەری هەرێم، لە ڕێژەی (٥٤,٢٪) کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە (هەڵبژێرن) (٤٦,٧١٪) دەنگیانداوە (دەنگدەرن)، بە ڕێژەی (-١,٥٩٪) کەمترە لە تێکرای دەنگدەری پارێزگاکە/دەنگدەری هەرێم، دەنگدەری ئەم پارێزگایە (٢٣,١٠٪)ی دەنگدەری هەرێمی پێکهێناوە، ئەمەش کەمترە بە ڕێژەی (-٠,٧٩٪)ی ڕێژەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە/دانیشتوانی هەرێم.

**خشتەی ژمارە (١٩)**

**ژمارە و (٪) هەڵبژێرو دەنگدەران/دانیشتوانی پارێزگاکان و هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)**

| پارێزگا | ژ. دانیشتوان | (٪) دانیشتوان/هەرێم | ژ. هەڵبژێر | (٪) هەڵبژێر/هەرێم | (٪) هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگا | جیاوازی ڕێژە لەگەڵ تێکڕا | دەنگدەر/پارێزگا | | | (٪) دەنگدەر/دانیشتوانی پارێزگا | جیاوازی (٪) دەنگدەرانی پارێزگا/تێکڕا | (٪) دەنگدەر/هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژمارە | (٪) | (٪) جیاوازی لە تێکڕا | | | |
| دهۆك | ٩٦١,٨٨٠ | ٢٣,٨٩ | ٥٢١,٣٠٦ | ٢٠,٩٨ | ٥٤,٢ | - ٧,٥٣ | ٤٤٩,٣٢٠ | ٨٦,١٩ | ٧,٩٥ | ٤٦,٧١ | ١,٥٩- | ٢٣,١٠ |
| هەولێر | ١,٤٢٨,٦٧٧ | ٣٥,٤٩ | ٨٩٦,٦٨٣ | ٣٦,٠٨ | ٦٢,٧٦ | ١,٠٣ | ٦٩٦,٣٠٢ | ٧٧,٦٥ | ٠,٥٩- | ٤٨,٧٣ | ٠,٤٣ | ٣٥,٨١ |
| سلێمانی | ١,٦٣٥,١٩٣ | ٤٠,٦٢ | ١,٠٦٧,٢٥٩ | ٤٢,٩٤ | ٦٥,٢٦ | ٣,٥٣ | ٧٩٨,٩٣٣ | ٧٤,٨٥ | ٣,٣٩- | ٤٨,٨٥ | ٠,٥٥ | ٤١,٠٩ |
| کـــــۆ | ٤,٠٢٥,٧٥٠ | ١٠٠ | ٢,٤٨٥,٢٤٨ | ١٠٠ | ٦١,٧٣ | - | ١,٩٤٤,٥٥٥ | ٧٨,٢٤ | - | ٤٨,٣ | - | ١٠٠ |

سەرچاوە:کاری توێژەر بە بەسودوەرگرتن لە: أ- المفوضية العلياالمستقلة للانتخابات، ملخص لانتخابات برلمان اقليم كوردستان٢٠٠٩، غير منشور، بدون رقم الصفحة. ب- وەزارەتی پلاندانان/دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی،

- http://www.mop.gov.krd/index.jsp?sid=١&id=٢٧١&pid=٢٧١,١٧July ٢٠١٧,p.٣.

لە پارێزگای هەولێر (٦٩٦,٣٠٢) دەنگدەر و ڕێژەی (٧٧,٦٥٪) کۆی هەڵبژێری پارێزگاکە دەنگیان داوە، بە ڕێژەی (-٠,٩٥٪)ی دەنگدەر/هەڵبژێری هەرێم دەنگیان داوە، (٦٢,٧٦٪)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە هەڵبژێر بوون و لەم ڕێژەیە (٤٨,٧٣٪) کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە دەنگیانداوە، ئەمەش بەرێژەی (٠,٤٣٪) لە ڕێژەی دەنگدەر/دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێم زیاترە، دەنگدەرانی ئەم پارێزگایە (٣٥,٨١٪) دەنگدەری هەرێمیان پێکهێناوە. بەرێژەی (٠,٣٢٪) لە تێکرای دانیشتوان پارێزگاکە/دانیشتوانی هەرێم زیاترە.

لە پارێزگای سلێمانی دا (٧٩٨,٩٣٣) دەنگدەر و ڕێژەی (٧٤,٨٥٪)ی هەڵبژێرەکان دەنگیانداوە، ئەمەش بە ڕێژەی (-٣,٩٣٪) لە دەنگدەر/هەڵبژێری هەرێم کەمترە، ڕێژەی (٦٥.٢٦٪)ی دانیشتوانی پارێزگاکە کە هەڵبژێرن، ڕێژەی (٤٨,٨٥٪) دانیشتوانی پارێزگاکە دەنگیانداوە، ئەوەش ڕێژەی (٠,٥٥٪)ن لەچاو تێکرای دەنگدەرانی پارێزگاکە/دەنگدەرانی هەرێم زیاترە، دەنگدەرانی ئەم پارێزگایە (٤١,٠٩٪) کۆی دەنگدەرانی هەرێمیان پێکهێناوە، ئەمەش بە ڕێژەی (٠,٤٧٪)لە تێکرای دانیشتونی پارێزگاکە/دانیشتونی هەرێم زیاترە.

بەگشتی ڕێژەی دەنگدەران لەچاو هەڵبژێرەکاندا هەر بەرزە، زۆرترین دەنگدەر لە پارێزگای دهۆك دەنگیانداوە، بەڵام بەراورد بە ژمارەی دانیشتونی پارێزگاکەدا، کەمترین ڕێژەی بەشداری لەم پارێزگایە بووە، هەرچی پارێزگاکانی ترە، چ ڕێژەی دەنگدەر وچ ڕێژەی هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگاکە نزیکن لە تێکڕاوە.

**نەخشەی ژمارە (١٨)**

**(٪) دەنگدەری پارێزگا/هەڵبژێری پارێزگا و دەنگدەری هەرێم و (٪) دەنگدەر/دانیشتوانی پارێزگا و جیاوازی (٪) دەنگدەری پارێزگا/ تێكڕای هەڵبژێر و دانیشتوانی هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی كوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)**




سەرچاوە: كاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە: داتای خشتەی ژمارە (١٩).

## تەوەری چوارەم: دابەشبوونی جوگرافی دەنگدەران لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی كوردستان (٢٠١٣/٩/٢١):

لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا، گۆڕانكاری بەسەر ژمارە و ڕێژەی هەڵبژێری پارێزگاكان هاتبوو، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٠) و نەخشەی ژمارە (١٩) .

بە ڕوانین لەخشتەی ژمارە (٢٠) و نەخشەی ژمارە (١٩) دەبینین لە پارێزگای دهۆك (٦١٤,٣٦١) دەنگ دراوە، ئەمەش دەكاتە (١٠٠,٢٣٪) ڕێژەی ئەو هەڵبژێرانەی مافی دەنگدانیان هەبووە، هاوتایە لەگەڵ ڕێژەی دەنگدەر/هەڵبژێری هەرێمی كوردستان. ڕێژەی هەڵبژێری ئەم پارێزگایە (٥٢,٩٪)ی كۆی دانیشتوانی پارێزگاكەی پێكهێناوە، بەلاّم ڕێژەی دەنگدەر (٥٣,٠٢٪)كۆی دانیشتوانی پارێزگاكە پێكهێناوە و هێشتا بە ڕێژەی (-٦,٣٩٪) لە تێكڕای دەنگدەری پارێزگاكە/دەنگدەری هەرێم كەمترە، ئەم پارێزگایە ڕێژەی (٢١,٧٨٪) دەنگدەری هەرێمی پێكهێناوە، بەلاّم هێشتا بە ڕێژەی (-٢,٦٢٪)ی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە/دانیشتوانی هەرێم كەمترە.

**خشتەی ژمارە (٢٠)**

**ژمارە و (٪) هەڵبژێرو دەنگدەران/دانیشتوانی پارێزگاکان و هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)**

| پارێزگا | ژ. دانیشتوان | (٪) دانیشتوان/هەرێم | ژ. هەڵبژێر | (٪) هەڵبژێر/هەرێم | (٪) هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگا | جیاوازی ڕێژە لەگەڵ تێکڕا | دەنگدەر/پارێزگا | | | (٪) دەنگدەر/دانیشتوانی پارێزگا | جیاوازی (٪) دەنگدەرانی پارێزگا/تێکڕا | (٪) دەنگدەر/هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژمارە | (٪) | (٪) جیاوازی لە تێکڕا | | | |
| دهۆك | ١,١٥٨,٦٣٣ | ٢٤,٤ | ٦١٢٩٢٢ | ٢١,٧٨ | ٥٢,٩ | ٦,٣٧- | ٦١٤,٣٦١ | ١٠٠,٢٣ | ٠ | ٥٣.٠٢ | ٦,٣٩- | ٢١,٧٨ |
| هەولێر | ١,٦٥٧,٦٨٤ | ٢٤,٩٢ | ١,٠٠٣,٩٦٠ | ٣٥,٦٧ | ٦٠,٥٦ | ١,٢٩ | ١,٠٠٦,٣٩٣ | ١٠٠,٢٤ | ٠,٠١ | ٦٠,٧١ | ١,٣ | ٣٥,٦٧ |
| سلێمانی | ١,٩٣١,٥٦٠ | ٤٠,٦٨ | ١,١٩٧,٥١٧ | ٤٢,٥٥ | ٦٢ | ٢,٧٣ | ١,٢٠٠,٣٤١ | ١٠٠,٢٣ | ٠ | ٦٢,١٤ | ٢,٧٣ | ٤٢,٥٥ |
| کـــــۆ | ٤,٧٤٧,٨٧٧ | ١٠٠ | ٢٨١٤٣٩٩ | ١٠٠ | ٥٩,٢٧ | - | *٢,٨٢١,٠٩٥ | ١٠٠,٢٣ | - | ٥٩,٤١ | - | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە:المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، ملخص لانتخابات برلمان اقليم كوردستان٢٠١٣، غير منشور، بدون رقم الصفحة. ب- دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕاپۆرتی بلاّونەکراوە، بەبێ ژمارە ل.

لە پارێزگای هەولێر (١,٠٠٦,٣٩٣) دەنگدەر، کە دەکاتە (١٠٠,٢٤٪)کۆی هەڵبژێرەکانی ئەم پارێزگایە دەنگیان داوە، ئەمەش بەڕێژەی (٠,٠١٪) لە ڕێژەی دەنگدەر/هەڵبژێری هەرێم زیاترە، (٦٠,٥٦٪) دانیشتوانی پارێزگاکە هەڵبژێرن، بەلاّم (٦٠,٧١٪)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە دەنگدەرن و دەنگیان داوە، ئەمەش بە ڕێژەی (١,٣٪)ی دەنگدەری پارێزگا/دەنگدەری هەرێم زیاترە، دەنگدەرانی ئەم پارێزگایە (٣٥,٦٧٪) تێکڕای دەنگدەرانی هەرێمیان پێکهێناوە، ئەمەش بە ڕێژەی (١٠.٧٥٪) دانیشتوانی پارێزگاکە/دانیشتوانی هەرێم زیاترە.

لە پارێزگای سلێمانی (١,٢٠٠,٣٤١) دەنگدەر کە دەکاتە (١٠٠,٢٣٪) هەڵبژێرەکان دەنگیانداوە، ئەمەش هەمان ڕێژەیە بەشدارییە لە سەر ئاستی هەرێم، ڕێژەی هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگاکە (٦٢٪) بەلاّم ڕێژەی دەنگدەران/دانیشتوانی پارێزگا (٦٢,١٤٪) ئەمەش بەڕێژەی (٢,٧٣٪) لە دەنگدەری پارێزگاکە/دەنگدەر هەرێم زیاترە، دەنگدەرانی ئەم پارێزگایە ڕێژەی (٤٢,٥٥٪)ی کۆی دەنگدەرانی هەرێمیان پێکهێناوە، ئەمەش بە ڕێژەی (١,٨٧٪)لە کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە/دانیشتوانی هەرێم زیاترە.

لێرەدا دەگەینە ئەو بڕوایەی کە لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەماندا کاری نایاسایی و ڕێکخراو لە پرۆسەکەدا ئەنجامدراوە و تەواوی ئەنجامی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

---

(*)- بەپێی داتای فەرمی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بێت لەم پرۆسەیەیەدا (١,٨٣٦,٨٣٣) دەنگدەر بەشدارییان لە پرۆسەکەدا کردووە، بەلاّم لە ڕاستیدا ئەم داتایە هەڵەیە و ڕاستەکەی (٢,٨٢١,٠٩٥) بەمەش جیاوازیەکەی (٩٨٤,٢٦٢) دەنگدەر کەمتر هەژمارکراوە لە لایەن کۆمسیۆنەوە (توێژەر).

**نەخشەی ژمارە (١٩)**

**(٪) دەنگدەری پارێزگا/هەڵبژێری پارێزگا و دەنگدەری هەرێم و (٪) دەنگدەر/دانیشتوانی پارێزگا و جیاوازی (٪) دەنگدەری پارێزگا/ تێکڕای هەڵبژێر و دانیشتوانی هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە: داتای خشتەی ژمارە (٢٠).

## تەوەری پێنجەم: گۆڕانی دابەشبوونی جوگرافی دەنگدەران لە هەڵبژاردنی خولی (یەکەم - چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢ -٢٠١٣):

ژمارەی ئەو دەنگدەرانەی کە بەشداری هەڵبژاردنی خولەکانی (یەکەم - چوارەمی) پەرلەمانی کوردستانیانکردووە، جیاوازبوون و بەردەوام لە گۆڕاندا بوون، چ لەسەر ئاستی پارێزگاکان و چ لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێم، بۆ زانینی دابەشبوونی جوگرافی دەنگدەرانی هەرێم بە پێی پارێزگاکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢١).

بە ڕوانین لەخشتەی ژمارە (٢١) دەبینین لە پارێزگای دهۆك لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا (١٩٨,٣٥٢) دەنگدەر کە ڕێژەی (١١١,٤٣٪)هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگاکەیان پێکهێناوە دەنگیانداوە و بە ڕێژەی (٢٤,٠٣٪) لە ڕێژەی دەنگدەران/هەڵبژێری هەرێم زیاتربووە، لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا (٣٩٣,٦١٧) دەنگدەر کە (٩٧,٣٥٪)ی هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگاکەی پێکهێناوە دەنگیان داوە، ڕێژەی بەشداری دەنگدەرانی ئەم پارێزگایە (١٢,٤٨٪) لە تێکڕای دەنگدەر/هەڵبژێری هەرێم زیاتر بووە، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا (٤٤٩,٣٢٠) دەنگدەر و ڕێژەی(٨٦,١٩٪) هەڵبژێر/دانیشتوان پارێزگاکە دەنگیان داوە، ئەمەش بەڕێژەی (٧,٩٥٪) لە کۆی ڕێژەی دەنگدەر/هەڵبژێری هەرێم زیاتر بووە، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا (٦١٤,٣٦١) دەنگ دراوە، واتە (١٠٠,٢٣٪) ئەو هەڵبژێرانەی کە مافی دەنگدانیان هەبووە دەنگیان داوە.

**خشتەی ژمارە (٢١)**

**ژمارە و (٪) هەڵبژێرو دەنگدەران/دانیشتوانی پارێزگاکان و هەرێم لە هەڵبژاردنەکانی خولی (یەکەم – چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢ - ٢٠١٣)**

| پارێزگا | خول | ژ. دانیشتوان | (٪) دانیشتوان/هەرێم | ژ. هەڵبژێر | (٪) هەڵبژێر/هەرێم | (٪) هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگا | جیاوازی رێژە لەگەڵ تێکڕا | دەنگدەر/پارێزگا | | | (٪) دەنگدەر/دانیشتوانی پارێزگا | جیاوازی (٪) دەنگدەرانی پارێزگا/تێکڕا | (٪) دەنگدەر/هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | ژمارە | (٪) | (٪) جیاوازی لە تێکڕا | | | |
| دهۆك | یەکەم | ٣١٣,٥٠٠ | ١٢,٨٦ | ١٧٨,٠٠٠ | ١٦,٠١ | ٥٦,٧٨ | ١١,١٨ | ١٩٨,٣٥٢ | ١١١,٤٣ | ٢٤,٠٣ | ٦٣,٢٧ | ٢٣,٤٢ | ٢٠,٤١ |
| | دووەم | ٥٦٢,٠٠٠ | ١٥,٧٦ | ٤٠٤,٣٢٠ | ١٩,١٣ | ٧١,٩٤ | ١٢,٦٨ | ٣٩٣,٦١٧ | ٩٧,٣٥ | ١٢,٤٨ | ٧٠ | ١٩,٧ | ٢١,٩٥ |
| | سێیەم | ٩٦١,٨٨٠ | ٢٣,٨٩ | ٥٢١,٣٠٦ | ٢٠,٩٨ | ٥٤.٢ | ٧.٥٣ - | ٤٤٩,٣٢٠ | ٨٦,١٩ | ٧,٩٥ | ٤٦,٧١ | ١,٥٩- | ٢٣,١٠ |
| | چوارەم | ١,١٥٨,٦٣٣ | ٢٤,٤ | ٦١٢,٩٢٢ | ٢١,٧٨ | ٥٢,٩ | ٦,٣٧- | ٦١٤,٣٦١ | ١٠٠,٢٣ | ٠ | ٥٣,٠٢ | ٦,٣٩- | ٢١,٧٨ |
| هەولێر | یەکەم | ٩٦٣,٧٠٠ | ٣٩,٥١ | ٣٤٠,٠٠٠ | ٣٠,٥٧ | ٣٥,٢٨ | ١٠,٣٢- | ٣٣٥,٨٢٧ | ٩٨,٧٧ | ١١,٣٧ | ٣٤,٨٤ | ٥,٠١- | ٣٤,٥٥ |
| | دووەم | ١٣٤٥,٠٠٠ | ٣٧,٧٢ | ٧٩٥,٢٢٠ | ٣٧,٦٣ | ٥٩,١٢ | ٠,١٤- | ٦٥٦,٩١٧ | ٨٢,٦ | ٢,٢٧- | ٤٨,٨٤ | ١,٤٦- | ٣٦,٦٢ |
| | سێیەم | ١,٤٢٨,٦٧٧ | ٣٥,٤٩ | ٨٩٦,٦٨٣ | ٣٦,٠٨ | ٦٢,٧٦ | ١,٠٣ | ٦٩٦,٣٠٢ | ٧٧,٦٥ | ٠,٥٩- | ٤٨,٧٣ | ٠,٤٣ | ٣٥,٨١ |
| | چوارەم | ١,٦٥٧,٦٨٤ | ٢٤,٩٢ | ١,٠٠٣,٩٦٠ | ٣٥,٦٧ | ٦٠,٥٦ | ١,٢٩ | ١,٠٠٦,٣٩٣ | ١٠٠,٢٤ | ٠,٠١ | ٦٠,٧١ | ١,٣ | ٣٥,٦٧ |
| سلێمانی | یەکەم | ١,١٦١,٧٠٠ | ٤٧,٦٣ | ٤٥٠,٠٠٠ | ٤٠,٤٧ | ٣٨,٧٤ | ٦,٨٦- | ٣٤٩,١٦٤ | ٧٧,٦ | ٩,٨ - | ٣٠ | ٩,٨٥ - | ٣٥,٩٢ |
| | دووەم | ١٦٥٩,٠٠٠ | ٤٧,٥٢ | ٩١٣,٦٤٦ | ٤٣,٢٤ | ٥٥ | ٤,٢٦- | ٧٤٣,١٠٢ | ٨١,٣٣ | ٣,٥٤- | ٤٤,٧٩ | ٥,٥١- | ٤١,٤٣ |
| | سێیەم | ١,٦٣٥,١٩٣ | ٤٠,٦٢ | ١,٠٦٧,٢٥٩ | ٤٢,٩٤ | ٦٥,٢٦ | ٣,٥٣ | ٧٩٨,٩٣٣ | ٧٤,٨٥ | ٣,٣٩- | ٤٨,٨٥ | ٠,٥٥ | ٤١,٠٩ |
| | چوارەم | ١,٥٦٠,١٩٣ | ٤٠,٦٨ | ١,١٩٧,٥١٧ | ٤٢,٥٥ | ٦٢ | ٢,٧٣ | ١,٢٠٠,٣٤١ | ١٠٠,٢٣ | ٠ | ٦٢,١٤ | ٢,٧٣ | ٤٢,٥٥ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەسوود وەرگرتن لە: أ- جهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٩٢، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٩٢، ص٣٦. ب- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، ملخص لانتخابات برلمان اقليم كوردستان٢٠٠٥، غير منشور، بدون رقم الصفحة. ت- المفوضية العلياالمستقلة للانتخابات، ملخص لانتخابات برلمان اقليم كوردستان٢٠٠٩، غير منشور، بدون رقم الصفحة. پ- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، ملخص لانتخابات برلمان اقليم كوردستان٢٠١٣، غير منشور، بدون رقم الصفحة. ج- دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕاپۆرتی بلاّونەکراوە، بەبێ ژمارە ل. ح- سلێمان مستەفا حەسەن، کورد و یەکەم ئەزمون، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، ٢٠١٧، ل١٦١و ٤٧٧. خ- وەزارەتی پلاندانان/دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی،

- http://www.mop.gov.krd/index.jsp?sid=١&id=٢٧١&pid=٢٧١,١٧July ٢٠١٧,p.٣.

دەنگدەران ڕێژەی(٦٣,٢٧٪) کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە و ڕێژەی (٢٣,٤٢٪) زیاتر لە دەنگدەر/دانیشتوانی هەرێمیان پێکهێناوە، لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا، دەنگدەران ڕێژەی(٧٠٪) کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە و ڕێژەی (١٩,٧٪) زیاتر لە دەنگدەر/ دانیشتوانی هەرێمیان پێکهێناوە، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا، دەنگدەران ڕێژەی (٤٦,٧١٪) کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە و ڕێژەی(-١,٥٩٪) کەمتر لە دەنگدەر/دانیشتوانی هەرێمیان پێکهێناوە، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا، دەنگدەران (٥٣,٠٢٪) کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە و ڕێژەی(-٦,٣٩٪) کەمتر لە دەنگدەر/دانیشتوانی هەرێمیان پێکهێناوە.

دەنگدەرانی ئەم پارێزگایە لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا (٢٠,٤١٪)ی کۆی دەنگدەرانی هەرێمیان پێکهێناوە، لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا ڕێژەکە زیاد دەبێت و دەبێت (٢١,٩٥٪)، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ڕێژەکە زیاتر دەبێت و دەبێت (٢٣,١٠٪)، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا ڕێژەکە دادەبەزێت و دەبێت (٢١,٧٨٪) تێکڕای دەنگدەرانی هەرێم.

لە پارێزگای هەولێر لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا (٣٣٥,٨٢٧) دەنگدەر دەنگیان داوە، ڕێژەی (٩٨,٧٧٪)ی هەڵبژێر/ دانیشتوانی پارێزگاکەیان پێکهێناوە، ئەمەش بە ڕێژەی (١١,٣٧٪) لە ڕێژەی دەنگدەر/هەڵبژێری هەرێم زیاترە، لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا (٦٥٦,٩١٧) دەنگدەر بەشداری پرۆسەکە دەبن و(٨٢,٦٪) هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگـاکەیـان پێکهێناوە، بە ڕێژەی (-٢,٢٧٪) لە ڕێژەی دەنگدەر/هەڵبژێری هەرێم کەمتر بەشداری پرۆسەکە بوون، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا (٦٩٦,٣٠٢) دەنگ دراوە، ڕێژەی(٦٥,٧٧٪) هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگاکەیان پێکهێناوە، ڕێژەی (-٠,٥٩٪) لە ڕێژەی دەنگدەر/هەڵبژێری هەرێم کەمترە، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا (١,٠٠٦,٣٩٣) دەنگ دراوە و ڕێژەی (١٠٠,٢٤٪)ی هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگاکەیان پێکهێناوە، بەڕێژەی (٠,٠١٪) لە ڕێژەی دەنگدەر/هەڵبژێری هەرێم زیاتر دەنگیان داوە.

دەنگدەرانی پارێزگای هەولێر ڕێژەی لە(٣٤,٨٤٪) دەنگدەر/دانیشتوانی پارێزگای هەولێر دەنگیان داوە، بەڕێژەی (-٥,٠١٪) لە چاو دەنگدەر/دانیشتوانی هەرێم کەمترە، لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا ڕێژەی (٤٨,٨٤٪)ی دەنگدەر/دانیشتوانی پارێزگاکە دەنگیانداوە، بەڵام هێشتا بە ڕێژەی (-١,٤٦٪) لە ڕێژەی دەنگدەر/دانیشتوانی هەرێم کەمتر دەنگیانداوە، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ڕێژەی (٤٨,٧٣٪) دەنگدەر/ دانیشتوانی پارێزگاکە دەنگیان داوە، بە ڕێژەی (٠,٤٣٪) لە ڕێژەی دەنگدەر/دانیشتوانی هەرێم زیاتر تر بەشداری پرۆسەکە بوون، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا ڕێژەی (٦٠,٧١٪) دەنگدەر/دانیشتوانی پارێزگاکە دەنگیان داوە، بە ڕێژەی (١,٣٪) لە ڕێژەی دەنگدەر/ دانیشتوانی هەرێم زیاتر دەنگیان داوە.

دەنگدەرانی پارێزگای هەولێر لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا (٣٤,٥٥٪)ی کۆی دەنگدەرانی هەرێمیان پێکهێناوە، لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا ڕێژەکە بەرزدەبێتەوە بۆ (٣٦,٦٢٪)، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ڕێژەکە کەمێك دادەبەزێت و دەبێت بە (٣٥,٨١٪)، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا ڕێژەکە نزمتر دەبێتەوە و دەبێت بە (٣٥,٦٧٪).

لە پارێزگای سلێمانی لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا (٣٤٩,١٦٤) دەنگدەر کە ڕێژەی (٧٧,٦٪)ی هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگاکەیان پێکهێناوە دەنگیانداوە، بە ڕێژەی (-٩,٨٪) لە ڕێژە دەنگدەر/هەڵبژێری هەرێم کەمتر بەشداری پرۆسەکە بوون، لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا (٧٤٣,١٠٢) دەنگدەر دەنگیانداوە و ڕێژەی (٨١,٣٣٪) هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگاکەیان پێکهێناوە، بەڵام هێشتا بەڕێژەی (-٣,٥٤٪) کەمتر لە چاو ڕێژەی دەنگدەر/هەڵبژێری هەرێم بەشدارییان کردووە، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا (٧٩٨,٩٣٣) دەنگدەر کە دەکاتە ڕێژەی (٧٤,٨٥٪)ی کۆی هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگاکە دەنگیان داوە، بەڕێژەی (-٣,٣٩٪)ی کەمتر لە ڕێژەیی دەنگدەر/هەڵبژێری هەرێم دەنگیانداوە، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا (١,٢٠٠,٣٤١) دەنگدەر دەنگیان داوە، ئەمەش دەکاتە ڕێژەی (١٠٠,٢٣٪)ی هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگاکە.

دەنگدەرانی پارێزگای سلێمانی لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا ڕێژەی(٣٠٪) دەنگدەر/دانیشتوانی پارێزگاکەیان پێکهێناوە، بەڕێژەی (-٩,٨٥٪) لە ڕێژەی دەنگدەر/دانیشتوانی هەرێم کەمترە، لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا ڕێژەکە زیاد دەبێت بۆ (٤٤,٧٩٪)ی دانیشتوانی پارێزگاکە، بەڵام هێشتا بە ڕێژەی (-٥,٥١٪) لە چاوتێکڕای دەنگدەر/دانیشتوانی هەرێم کەمترە، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ڕێژەی بەشداری زیاتر دەبێت و دەبێت بە (٤٨,٨٥٪)ی دانیشتوانی پارێزگاکە، بە ڕێژەی (٠,٥٥٪) لەچاو تێکڕای دەنگدەر/دانیشتوانی هەرێم زیاتر بەشداری پرۆسەکە بوون، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا (٦٢,١٤٪)ی دانیشتوانی پارێزگاکە بەشداری پرۆسەکەبوون، بەڕێژەی (٢,٧٣٪) لە تێکڕای دەنگدەر/دانیشتوانی هەرێم زیاتر بەشداری پرۆسەکە بوون.

دەنگدەرانی پارێزگای سلێمانی لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا ڕێژەی (٣٥،٩٢٪) کۆی دەنگدەری هەرێمیان پێکهێناوە، لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا ڕێژەکە بەرزتر دەبێتەوە دەبێت بە (٤١،٤٣٪)، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ڕێژەکە کەمێك دابەزین بەخۆیەوە دەبینێت و دەبێت بە (٤١،٠٩٪)، بەڵام لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا ڕێژەکە زیاتر دەبێت و دەبێت بە (٤٢،٥٥٪)ی کۆی دەنگدەرانی هەرێم.

لە سەر ڕۆشنایی ئەو داتایانەی سەرەوە ئەگەینە:

١- ڕێژەی دەنگدەر/هەڵبژێری پارێزگای دهۆك لە هەڵبژاردنی خولی یەکەم و چوارەمدا (١٠٠٪)ی تێپەڕاندووە، بۆیە تەنها شرۆڤەیەکی بۆ بکرێت، ئەنجامدانی کاری نایاسایيە. لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمیشدا نزیکە لە ڕێژەی تەواو، ئەمەش هیچ گومانێك ناهێڵێتەوە لەوەی کە ئەم داتایانە دروست نین و جێگای گومانن.

٢- ڕێژەی دەنگدەر/هەڵبژێری ئەم پارێزگایە بە ڕێژەی (٧،٩٥٪ - ٢٤،٠٣٪) بەرزتربوە بەراورد بە ڕێژەی دەنگدەر/ هەڵبژێری هەرێم، جگە لە هەڵبژاردنی خولی چوارەم کە ڕێژەکە (٠٪)، بێگومان لەم دۆخەشدا (١٠٠،٢٣٪)* دەنگدەر/هەڵبژێری پارێزگاکە دەنگیان داوە.

٣- ڕێژەی دەنگدەرانی پارێزگاکە لە گۆڕانی بەردەوامدابووە لە نێوان (٤٦،٧١٪ -٧٠٪)ی دانیشتوانی پارێزگاکەیان پێکهێناوە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە، کاتێك ڕێژەی(١١١،٤٣٪)دەنگدەر/هەڵبژێری پارێزگاکە دەنگیان داوە، تەنها (٦٣،٢٧٪) دانیشتوانی پارێزگاکەیان پێکهێناوە، کاتێك (١٠٠،٢٣٪) دەنگدەر/هەڵبژێری پارێزگاکە دەنگی داوە تەنها(٥٣،٠٢٪) دانیشتوانەکەیان پێکهێناوە، کاتێك (٩٧،٣٥٪)ی هەڵبژێر/دەنگدەری پارێزگاکە دەنگیان داوە، (٧٠٪) دانیشتوانی پارێزگاکەیان پێکهێناوە.

٤- دەنگدەری پارێزگای دهۆك هەڵبژاردنی هەردوو خولی یەکەم و دووەمدا بە ڕێژەی( ١٩،٧٪ - ٢٣،٤٢٪)زیاتر لە ڕێژەی دەنگدەر/دانیشتوانی هەرێم دەنگیان داوە، بەڵام لە هەڵبژاردنی خولی سێیەم و چوارەمدا ڕێژەکە دادەبەزێت بۆ (-١،٥٩٪ — - ٦،٣٩٪)، ئەگەر چی لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمیشدا زیاتر لەوەی مافی دەنگدانی هەبووە، دەنگی داوە.

٥- لە کاتێکدا دەنگدەری ئەم پارێزگایە (٢٠،٤١٪) دەنگدەری هەرێمیان پێکهێناوە، دانیشتوانی ئەم پارێزگایە تەنها (١٢،٨٦٪) دانیشتوانی هەرێمی پێکهێناوە، واتە جیاوازی ڕێژەی دەنگدەری پارێزگاکە/دەنگدەری هەرێم لەگەڵ دانیشتوانی پارێزگاکە/ دانیشتوانی هەرێم (٧،٥٥٪)ە، لە هەڵبژاردنی خولی دووەم جیاوازیەکە دەبێت بە (٦،١٩٪)، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەم جیاوازیەکە دەبێت بە (-٠،٧٩)، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمیش دەبێت بە (-٢،٦٢٪).

٦- ڕێژەی دەنگدەر/هەڵبژێر لە پارێزگای هەولێر سەرپەڕی گەورەی پێوە دیارە و لە نێوان ( ٦٥،٧٧٪ - ١٠٠،٢٤٪)ە.

٧- جیاوازی ڕێژەی دەنگدەر/هەڵبژێر لە پارێزگای هەولێر سەرپەڕی پێوە دیارە و لە نێوان (-٢،٢٧٪ - ١١،٣٧٪)ە.

٨- لە ڕێژەی هەڵبژێر/دانیشتوانی پارێزگای هەولێر، سەرپەڕی گەورە بە دیدەکرێت و لە نێوان (٣٤،٨٤٪ - ٦٠،٧١٪).

٩- لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا(٩٨،٧٧٪)ی هەڵبژێری پارێزگای هەولێر دەنگیان داوە، تەنها (٣٤،٨٤٪) دانیشتوانی پارێزگاکەیان پێکهێناوە، بەڵام لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا لە کاتێکدا ڕێژەی (٨٢،٦٪) هەڵبژێری پارێزگاکە دەنگیان داوە، ڕێژەی (٤٨،٨٤٪) دانیشتوانی پارێزگاکەیان پێکهێناوە.

١٠- ئەم جیاوازی و سەرپەڕییە لە ڕێژەی دەنگدەری پارێزگای هەولێر/دەنگدەری هەرێم و دانیشتوانی پارێزگاکە/ دانیشتوانی هەرێمدا بەدی دەکرێت، بۆ نمونە لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا جیاوازیەکە (-٤،٩٦٪)،بەڵام لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا جیاوازیەکە (١٠،٧٥٪).

(*)- بەپێی شیکاری پەیمانگای پەی، (٩٣٢،٩٥٥) دەنگی دووبارە لە تۆماری دەنگدەرانی هەرێمدا بوونی هەیە، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر چۆنیەتی دووبارەکردنەوەی ناوی دەنگدەران لە تۆماری دەنگدەرانی هەرێمدا، بڕوانە: ئینستیتوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان، تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لە نێوان بێگەردی و ساختەکاریدا، ڕاپۆرتی نۆیەم، بە بێ ناوی چاپخانە، تشرینی دووەمی ٢٠١٧، ل٣٢.

١١- لە ڕێژەی دەنگدەر/هەڵبژێری پارێزگای سلێمانی، سەرپەڕی گەورە بە دی دەکرێت و لە نێوان (٧٤,٨٥٪ - ١٠٠,٢٣٪)ە.

١٢- لە هەموو خولەکاندا ڕێژەی دەنگدەر/هەڵبژێری پارێزگای سلێمانی بەراورد بە هەرێم کەمترە بوە و ڕێژەکان لە نێوان (-٩,٨٪ — - ٣,٣٩٪) بووە، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت هەمیشە بەشداری ئەم پارێزگایە لە پارێزگاکانی تر کەمترە بووە.

١٣- لە ڕێژەی دەنگدەر/دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی سەرپەڕی گەورە هەیە و لە نێوان (٣٠٪- ٦٢,١٤٪) بووە. بۆیە جیاوازیشی لەگەڵ ڕێژەی دەنگدەر/دانیشتوانی هەرێم فراوانە و لە هەڵبژاردنی خولی یەکەم و دووەم لە نێوان (-٩,٨٥٪ — - ٥,٥١٪)دابووە. بەڵام لە هەڵبژاردنی خولی سێیەم و چوارەم لە نێوان (٠,٥٥٪ - ٢,٧٣٪)دابووە.

١٤- جیاوازی ڕێژەی دەنگدەری پارێزگا/دەنگدەری هەرێم لە چاو دانیشتوانی پارێزگا/دانیشتوانی هەرێم بە دی دەکرێت، بۆ نمونە لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا (- ١١,٧١٪)ە، لە هەڵبژاردنی خولی دووەم (-٦,٠٩٪)، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەم (١,٨٧٪)ە.

هاوسەنگی لە نێوان ڕێژەی دانیشتوان و بەربژێر و دەنگدەری پارێزگاندا بە دی ناکرێت، تەنانەت لە خوی یەك پارێزگاشدا لە نێوان خولێك بۆ خولێکی تری هەڵبژاردن سەرپەڕییەکی گەورە بە دی دەکرێت. بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٢) .

خشتەی ژمارە (٢٢)

جیاوازی تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوان و هەڵبژێر و دەنگدەران لە پارێزگاکانی هەرێم لە نێوان هەڵبژاردنی خولی (یەکەم - چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢ -٢٠١٣)

| پارێزگا | خولی یەکەم — دووەم | | | | | | خولی دووەم - سێیەم | | | | | | خولی سێیەم - چوارەم | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | (٪) | | | جیاوازی لەگەڵ تێکڕا (٪) | | | (٪) | | | جیاوازی لەگەڵ تێکڕا (٪) | | | (٪) | | | جیاوازی لەگەڵ تێکڕا (٪) | | |
| | دانیشتوان | هەڵبژێر | دەنگدەر | دانیشتوان | هەڵبژێر | دەنگدەر | دانیشتوان | هەڵبژێر | دەنگدەر | دانیشتوان | هەڵبژێر | دەنگدەر | دانیشتوان | هەڵبژێر | دەنگدەر | دانیشتوان | هەڵبژێر | دەنگدەر |
| دهۆك | ٤,٥٩ | ٦,٥١ | ٥,٤١ | ١,٦٢ | ١,٤٥ | ٠,٥٨ | ١٤,٣٨ | ٦,٥٦ | ٣,٣٦ | ١١,٣ | ٢,٤٢ | ١,٣٢ | ٤,٧٦ | ٤,١٣ | ٨,١٤ | ٠,٥٥ | ٠,٩٧ | ١,٦٢- |
| هەولێر | ٢,٦ | ٦,٧٥ | ٥,٣ | ٠,٣٧- | ١,٦٩ | ٠,٤٧ | ١,٥٢ | ٣,٠٥ | ١,٤٧ | ١,٥٦- | ١,٠٩- | ٠,٥٧- | ٣,٧٩ | ٢,٨٧ | ٩,٦٥ | ٠,٤٢- | ٠,٢٩- | ٠,١- |
| سلێمانی | ٢,٧٨ | ٥,٦ | ٥,٩٨ | ٠,١٩- | ٠,٥٤ | ١,١٥ | ٠,٣٦- | ٣,٩٦ | ١,٨٣ | ٣,٤٤- | ٠,١٨- | ٠,٢١- | ٤,٢٥ | ٢,٩٢ | ١٠,٧١ | ٠,٠٤ | ٠,٢٤- | ٠,٩٦ |
| هەرێم | ٢,٩٧ | ٥,٠٦ | ٤,٨٣ | ٠ | ٠ | ٠ | ٣,٠٨ | ٤,١٤ | ٢.٠٤ | ٠ | ٠ | ٠ | ٤,٢١ | ٣,١٦ | ٩,٧٥ | ٠ | ٠ | ٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەسودوەرگرتن لە سەرچاوە خشتەی ژمارە (١٦) .

ئەگەر بڕوانین لە خشتەی ژمارە (٢٢)، لە پارێزگای دهۆك تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوان و هەڵبژێر و دەنگدەر لە هەڵبژاردنی خولی (یەکەم — دووەم) یەك لە دوای یەك بریتین لە (٤,٥٩٪) (٦,٥١٪) (٥,٤١٪)، بەڵام لە هەڵبژاردنی خولی(دووەم- سێیەم) بریتین لە (١٤,٣٨٪) (٦,٥٦٪) (٣,٣٦٪)، لە هەڵبژاردنی خولی ( سێیەم - چوارەم)، بریتین لە (٤,٧٦٪) (٤,١٣٪) (٨,١٤٪). لێرەدا ئەگەینە ئەو ڕاستییەی لە هیچ خولێکی هەڵبژاردندا هاوسەنگی لە نێوان تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوان و هەڵبژێر و دەنگدەری ئەم پارێزگایە نەبووە، تەنانەت لە هەڵبژاردنی خولی ( یەکەم - دووەم) جیاوازی تێکڕای گەشەی ساڵانەی هەڵبژێر و دەنگدەر بۆ تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوان یەك لە دوای یەك بریتین لە (١,٩٢٪) (٠,٨٢٪)، لە هەڵبژاردنی خولی (دووەم - سێیەم) بریتین لە (-٧,٨٢٪) (-١١,٠٢٪)، لە هەڵبژاردنی خولی ( سێیەم- چوارەم) بریتین لە (-٠,٦٣) (٣,٣٨٪).

لە پارێزگای هەولێر جیاوازی لە نێوان تێکڕای گەشەی ساڵانەی هەڵبژێر و دەنگدەر بۆ زیاد بوونی تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوان هەیە و لە هەڵبژاردنی خولی ( یەکەم - دووەم)، بریتییە لە (٤,١٥٪) (٢,٧٪). لە هەڵبژاردنی خولی (دووەم- سێیەم) بریتیە لە (١,٥٣٪) (-٠,٠٥)، لە هەڵبژاردنی خولی( سێیەم- چوارەم) بریتییە لە (-٠,٩٢) (٥,٨٦٪).

لە پارێزگای سلێمانیش جیاوازی لە نێوان تێکڕای گەشەی ساڵانەی هەڵبژێر و دەنگدەر بۆ تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوان هەیە و لە هەڵبژاردنی خولی ( یەکەم - دووەم)، بریتییە لە (٢,٨٢٪) (٣,٢٪)، لە هەڵبژاردنی خولی(دووەم- سێیەم) بریتین لە (٤,٣٢٪) (٢,١٩٪)، لە هەڵبژاردنی خولی (سێیەم - چوارەم) بریتین لە (-١,٣٣٪) (٦.٤٦٪) .

لە سەر ئاستی هەرێمیش جیاوازی لە نێوان تێکڕای گەشەی ساڵانەی هەڵبژێر و دەنگدەر بۆ تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوان هەیە و لە هەڵبژاردنی خولی ( یەکەم - دووەم)، بریتییە لە (٢,٠٩٪) (١,٨٦٪)، لە هەڵبژاردنی خولی (دووەم- سێیەم) بریتین لە (١,٠٦٪) (-١,٠٤٪). لێرەدا ئەگەینە ئەو ڕاستییە کە هیچ هاوسەنگی لە نێوان تێکڕای گەشەی ساڵانی دانیشتوان و زیاد بوونی گەشەی ساڵانەی هەڵبژێر و دەنگدەری هەرێم نیە ، نە لە نێوان پارێزگاکان و نە لە نێوان خولەکانی هەڵبژاردنی یەك پارێزگا و نە لە سەر ئاستی هەرێمیش، ئەمەش تەنها یەك شرۆڤە هەڵدەگرێت، ئەویش زیادکردنی بەمەبەستی ژمارەی دانیشتوان و هەڵبژێر و دەنگدەرە لە پارێزگاکاندا.

جیاوازی نێوان تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوان و هەڵبژێر و دەنگدەری پارێزگای دهۆك بە بەراورد بە تێکڕای زیادبوونی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان و هەڵبژێر و دەنگدەر لە هەڵبژاردنی خولی (یەکەم - دووەم) یەك لە دوای یەك بریتیین لە (١,٦٢٪) (١,٤٥٪) (٠,٥٨٪)، لە هەڵبژاردنی خولی (دووەم- سێیەم) بریتیین لە (١١,٣٪) (٢,٤٢٪) (١,٣٢٪)، لە هەڵبژاردنی خولی (سێیەم- چوارەم) بریتین لە (٠,٥٥٪) (٠,٩٧٪) (-١,٦٢٪).

جیاوازی نێوان تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوان و هەڵبژێر و دەنگدەری پارێزگای هەولێریش جیاوازیەکە بۆ هەڵبژاردنی (خولی یەکەم - دووەم) بریتین لە (-٠,٣٧٪) (١,٦٩٪) (٠,٤٧٪)، بۆ هەڵبژاردنی (خولی دووەم - سێیەم) بریتین لە (-١,٥٦٪)(-١,٠٩٪) (-٠,٥٧٪)، لە هەڵبژاردنی خولی (سێیەم - چوارەم) بریتین لە (-٠,٤٢٪) (-٠,٢٩٪) (-٠,١٪).

جیاوازی نێوان تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوان و هەڵبژێر و دەنگدەری پارێزگای سلێمانیش لە هەڵبژاردنی (خولی یەکەم- دووەم) بریتین لە (-٠,١٩٪) (٠,٥٤٪) (١,١٥٪)، لە هەڵبژاردنی خولی (دووەم- سێیەم) بریتین لە (-٣,٤٤٪) (-٠,١٨٪) (-٠,٢١٪)، لە هەڵبژاردنی خولی (سێیەم - چوارەم) بریتین لە (٠,٠٤٪) (-٠,٢٤٪) (٠,٩٦٪). بۆیە هیچ پارێزگایەك تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوان و هەڵبژێر و دەنگدەر هاوسەنگ نیە لەگەڵ تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوان و هەڵبژێر و دەنگدەری هەرێم، بەتایبەتی پارێزگای دهۆك لە هەموو خولەکاندا تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوان و هەڵبژێر و دەنگدەری بەرزترە لە هەرێم، جگە لە دەنگدەری خولی چوارەم نەبێت کە بەڕێژەی (-١,٦٢٪) کەمترە لە سەر ئاستی هەرێم بەڵام لە هەمانکاتدا (١٠٠,٢٣٪) هەڵبژێری پارێزگاکەش دەنگیان داوە. لێرەدا ئەگەینە ئەو ڕاستییەی کە بە مەبەستی هەڵبژاردن و ڕامیاری ژمارەی دانیشتوان و هەڵبژێر و دەنگدەری ئەم پارێزگایە زیاد کراوە.

گەشەی ساڵانەی دانیشتوان و هەڵبژێر و دەنگدەری پارێزگای هەولێر بەراورد بە هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی (یەکەم - دووەم)دا جیاوازە، گەشەی ساڵانەی دانیشتوان بە ڕێژەی (-٠,٣٧٪) لە تێکڕای گەشەی ساڵانەی زیاد بوونی دانیشتوانی هەرێم کەمترە، بەڵام هەڵبژێر و دەنگدەری لە هەرێم زیاترە، لە خولەکانی تریشدا تێکڕای گەشەی ساڵانەی زیاد بوونی دانیشتوان و هەڵبژێر و دەنگدەری هەرێمی ئەم پارێزگایە کەمترە لە تێکڕای گەشەی ساڵانەی هەرێم، ئەمەش ڕادەی ستەمکاری هەڵبژاردن بەرامبەر بە ئەم پارێزگایە دەردەخات.

تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوان و هەڵبژێر و دەنگدەری پارێزگای سلێمانی بەراورد بە هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی (یەکەم - دووەم) جیاوازە، تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی پارێزگاکە بە ڕێژەی (-٠,١٩٪) لە تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی هەرێم کەمترە، بەڵام بۆ هەڵبژێر و دەنگدەر ڕێژەکە زیاترە، لە هەڵبژاردنی خولی (دووەم- سێیەم) تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوان و هەڵبژێر و دەنگدەری پارێزگاکە کەمترە، لە هەڵبژاردنی خولی (سێیەم- چوارەم) تێکڕای گەشەی ساڵانەی هەڵبژێری پارێزگاکە کەمترە بە ڕێژەی (-٠,٢٤٪)، بەڵام تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوان و دەنگدەری پارێزگاکە بەرزترە بەراورد بە تێکڕای گەشەی دانیشتوان و دەنگدەری هەرێم. لێرەدا ئەگەینە ئەو ڕاستییەی کە زیاد بوونی تێکڕای گەشەی ساڵانە لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی گۆڕانی بەسەردادێت و بە گشتی کەمترە بە بەراورد بە تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی پارێزگای دهۆك.

## باسی سێیـەم: دابەشبوونی جوگرافی بنکەکانی هەڵبژاردن لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی خولـی (یەکەم – چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستـان (١٩٩٢- ٢٠١٣):

لەم باسەدا تیشك دەخەینە سەر بەرکەوتە و دابەشبوونی بنکە و وێستگەکانی دەنگدان بە پێی پارێزگاکانی هەرێم لە هەر چوار خولەکەی هەڵبژاردنی پەرلەماندا، ئەمەو جگە لە ئاماژەکردن بە پێوەری پشت پێبەستراو و بەکارهێنراو لەو دابەشکارییەدا بە پێی پارێزگاکان و بەرکەوتەی هەر بنکە و وێستگەیەك لە دەنگدەران، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم باسەمان دابەشی پێنج تەوەر کردووە، کە بریتین لە:

### تەوەری یەکەم: دابەشبوونی جوگرافی بنکەکانی هەڵبژاردن لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (١٩/٥/١٩٩٢):

بەمەبەستی سەرخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، ناوچە ئازادکراوەکانی باشوری کوردستان بە پێی مادەی ژمار (٩)ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دابەشکرا بۆ چوار ناوچەی هەڵبژاردن، وەك لە مادەی دەیەمی هەمان یاسادا هاتوە، هەر ناوچەیەکی هەڵبژاردنیش دابەشدەکرێت بۆ چەند مەڵبەندێك (بنکە = وێستگە- توێژەر)ی هەڵبژاردن[١]، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٣)و نەخشەی ژمارە (٢٠) .

خشتەی ژمارە (٢٣)

ناوەندی تۆماری دەنگدەران و ژمارە و (٪) مەڵبەند (بنکە)و وێستگە بە پێی هەڵبژێر و دەنگدەران بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (١٩/٥/١٩٩٢)

| پارێزگا | ناوەندی تۆماری دەنگدەران | | بنکە | | وێستگە | | ژ.وێستگە/بنکە | ژ. هەڵبژێر | ژ.دەنگدەر | ژ.هەڵبژێر/بنکە | جیاوازی لەگەڵ تێکرا | | دەنگدەر/بنکە (٪) | جیاوازی لەگەڵ تێکرا | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | | | | | ژ. | (٪) | | ژ. | (٪) |
| دهۆك | ١ | ٢٥ | ٤٢ | ٢٣,٨٦ | - | - | - | ١٧٨,٠٠٠ | ١٩٨,٣٥٢ | ٤,٢٣٨ | ٢,٠٨٠- | ٣٣- | ٤,٧٢٣ | ٧٩٩- | ١٤,٤٧- |
| هەولێر | ١ | ٢٥ | ٦٢ | ٣٥,٢٣ | - | - | - | ٣٤٠,٠٠٠ | ٣٣٥,٨٢٧ | ٥,٤٨٤ | ٨٣٤- | ١٣,٢- | ٥,٤١٧ | ١٠٥- | ٢- |
| سلێمانی | ١ | ٢٥ | ٥٦ | ٣١,٨٢ | - | - | - | ٤٥٠,٠٠٠ | ٣٤٩,١٦٤ | ٨,٠٣٦ | ١,٧١٨ | ٢٧,٢ | ٦,٢٣٥ | ٧١٣ | ١٢,٩١ |
| کەرکوك | ١ | ٢٥ | ١٦ | ٩,٠٩ | - | - | - | ١٤٤,٠٠٠ | ٨٨,٦١٠ | ٩٠٠٠ | ٢,٦٨٢ | ٤٢,٤٥ | ٥,٥٣٨ | ١٦ | ٠,٣ |
| سەرجەم | ٤ | ١٠٠ | ١٧٦ | ١٠٠ | - | - | - | ١,١١٢,٠٠٠ | ٩٧١,٩٥٣ | ٦,٣١٨ | - | - | ٥,٥٢٢ | - | - |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە سودوەرگرتن لە: سلێمان مستەفا حەسەن، کورد و یەکەم ئەزمون، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، ٢٠١٧، ل١٦١.

بە ڕەچاوکردنی خشتەی ژمارە (٢٣)و نەخشەی ژمارە (٢٠) دەبینین پارێزگای دهۆك لە (١) ناوەندی تۆماری دەنگدەران پێکهاتوە ڕێژەی (٢٥٪) ناوەندی تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی پێکهێناوە، (٤٢) بنکەی هەڵبژاردن (دەنگدان)ی بۆ تەرخانکراوە ڕێژەی (٢٣,٨٦٪)ی کۆی بنکەکانی هەرێمە، (١٧٨,٠٠٠) هەڵبژێر بۆ پارێزگاکە خەمڵێندراوە، تێکڕا هەر بنکەیەك (٤,٢٣٨) هەڵبژێری بەرکەتووە، هەر بنکەیەکی دەنگدان لەم پارێزگایە (-٢,٠٨٠) هەڵبژێر، کە دەکاتە ڕێژەی (-٣٣٪)ی کۆی بەرکەوتەی هەڵبژێر/ بنکە کەمتری بەرکەوتوە بە بەراورد هەڵبژێر/بنکەکانی هەرێم. بەڵام تێکڕا لە هەر بنکەیەکی دەنگداندا (٤,٧٢٢) دەنگدەر دەنگیان داوە، ئەمەش تێکڕا (-٧٩٩) دەنگدەر، ڕێژەی (-١٤,٤٧٪) دەنگدەری کەمتری بەرکەوتووە بە بەراورد بە تێکڕای دەنگدەر/بنکەکانی هەرێمی کوردستان.

---

(١)- ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢،

-http: //www. kurdistan- parliament. org/Default. aspx?page=byyear&c=LDD- Yasa&id=١٩٩٢,٢٧February٢٠١٧. p١١٨.

نەخشەی ژمارە (٢٠)

(٪) ناوەندی تۆماری دەنگدەران و بنکە و وێستگە پارێزگاکان و جیاوازی (٪) هەڵبژێر/ بنکەی پارێزگا لەگەڵ تێکڕا و جیاوازی (٪) دەنگدەری پارێزگا لەگەڵ هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (١٩٩٢/٥/١٩)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە: داتای خشتەی ژمارە (٢٣).

پارێزگای هەولێر لە (١) ناوەندی تۆماری دەنگدەران پێکهاتوە و ڕێژەی (٢٥٪) ناوەندی تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی پێکهێناوە، (٦٢) بنکەی بۆ تەرخانکراوە، دەکاتە ڕێژەی (٣٥,٢٣٪) کۆی بنکەکانی هەرێم، (٣٤٠,٠٠٠) کەس مافی دەنگدانی هەبووە، تێکڕا (٥,٤٨٤) هەڵبژێر بنکەیەکی هەڵبژاردنیان بەرکەوتوە، هەر بنکەیەك تێکڕا (-٨٣٤) هەڵبژێر کەمتری بەرکەوتوە بەراورد بە تێکڕای هەڵبژێر/ بنکە، تێکڕا هەر بنکەیەکی دەنگدان ڕێژەی (-١٣,٢٪) هەڵبژێری کەمتر بەرکەتووە، تێکڕا لە هەر بنکەیەکدا (٥,٤١٧) دەنگدەر دەنگی داوە، هەر بنەکەیەك (-١٠٥) دەنگدەری کەمتر بەرکەوتووە بە بەراورد بە تێکڕای دەنگدەر/بنکەکانی هەرێم، واتە ڕێژەی (-٢٪) .

پارێزگای سلێمانی لە (١) ناوەندی تۆماری دەنگدەران پێکهاتوە و ڕێژەی (٢٥٪) ناوەندی تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی پێکهێناوە، (٥٦) بنکەی بۆ تەرخانکراوە، واتە ڕێژەی (٣١,٨٢٪) کۆی بنکەکانی پارێزگاکانی هەرێم، (٤٥٠,٠٠٠) هەڵبژێر مافی بەشداریکردنیان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا هەبووە، تێکڕا بەرکەوتەی هەر بنکەیەکی دەنگدان (٨,٠٣٦) هەڵبژێر بووە، تێکڕا هەر بنکەیەکی پارێزگای سلێمانی (١,٧١٨) هەڵبژێری زیاتر بەرکەوتووە، واتە هەر بنکەیەك بە ڕێژەی (٢٧,٢٪) هەڵبژێری زیاتر

بەرکەوتووە بە بەراورد بە هەڵبژێر/بنکەی هەرێم، بەڵام تێکڕا هەر بنکەیەکی پارێزگای سلێمانی (٦,٢٣٥) دەنگی تێدا دراوە، هەر بنکەیەك (٧١٣) دەنگدەری زیاتر بەرکەوتووە بە بەراورد بە بنکەکانی تری هەرێم، واتە (١٢,٩٢٪) دەنگدەری زیاتر بەرکەوتووە بەراورد بە ڕێژەی دەنگدەر/بنکەکانی هەرێم.

پارێزگای کەرکوك لە (١) ناوەندی تۆماری دەنگدەران پێکهاتوە و ڕێژەی (٢٥٪) ناوەندی تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی پێکهێناوە، (١٦) بنکەی بۆ تەرخانکراوە، تێکڕای (٩,٠٩٪)ی کۆی بنکە/هەرێم پێکدەهێنێت، ئەم پارێزگایەدا (١٤٤,٠٠٠) هەڵبژێری بۆ خەملێندراوە، تێکڕا هەربنکەیەکی ئەم پارێزگایە (٩,٠٠٠) هەڵبژێر بۆتەرخانکراوە، تێکڕا هەر بنکەیەك دەنگدان (٢,٦٨٣) هەڵبژێر، تێکڕای (٤٢,٤٥٪) زیاتر لە تێکڕای هەڵبژێر/بنکەی بەرکەوتووە لە سەر ئاستی هەرێم، بەڵام لە ڕاستیدا هەر بنکەیەکی هەڵبژاردن (٥,٥٣٨) دەنگی تێدادراوە، واتە (١٦) دەنگی زیاترە لە تێکڕای دەنگدەر/بنکە ئەمەش دەکاتە ڕێژەی (٠,٣٪)ی کۆی دەنگدەر/بنکەکانی هەرێم.

یەکێك لەو پێوەرانەی کە زۆر بەکاردەهێنرێت لەجیهاندا پێوەری دیمۆگرافییە، لەم پێوەرەدا بۆ هەر (٢,٥٠٠) دەنگدەر لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا بنکەیەکی هەڵبژاردن دەکرێتەوە، ئەم بنکەیە لە چەند وێستگەیەك پێکدێت، هەر وێستگەیەکیش (٤٥٠- ٥٠٠) دەنگدەر مافی دەنگدانی دەبێت تیایدا.

لە زۆرێك لە بنکەکانی هەڵبژاردن لە پارێزگاکانی هەرێمدا ئەم مەرجەی تێدا بەرجەستە نابێت، بۆ نمونە تێکڕا هەر بنکەیەکی هەڵبژاردن (٦,٣١٨) هەڵبژێری پێشبینکراوی بەردەکەوێت ئەمەش دەکاتە (٢٥٣٪)ی بنکەیەکی دەنگدانی ئاسایی، بەڵام بەکردار هەر بنکەیەکی دەنگدان لە سەر ئاستی هەرێم (٥,٥٢٢) دەنگی تێدا دراوە، ئەمەش دەکاتە (٢٢١٪) زیاترە لە پێوەر و ستاندارده نێودەوڵەتییەکان، خۆ ئەگەر (١٠٠٪)ی دەنگدەرانیش دەنگیان دابێت، لێرده دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە:

١- هیچ پێوەرێکی زانستی بەکارنەهاتوە بۆ دابەشکردنی بنکەکانی دەنگدان بەسەر پارێزگا و دەنگدەری پارێزگاکاندا. بۆ نمونە ئەگەر وا دابنێین، هەر بنکەیەکی هەڵبژاردن (٥) وێستگەی هەبێت و هەر وێستگەیەکیش (٥٠٠) دەنگدەر مافی دەنگدانی هەبوایە ئەوا پێویست بوو ژمارەی بنکەکانی پارێزگاکان بەم جۆرەی خوارەوە بوونایە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٤).

خشتەی ژمارە (٢٤)

دەنگی پێشبینیکراو و جیاوازی نێوان ژمارەی بنکەی خەملێندراو و ژمارەی بنکە بەپێی ستاندارد بە پێی پارێزگاکانی هەرێم

| ژ | پارێزگا | ژ. دەنگدەرانی پێشبینیکراو | ژ. بنکە لە خولی یەکەم | ژ. بنکە بە پێی ستاندارد | جیاوازی | (٪) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دهۆك | ١٧٨,٠٠٠ | ٤٢ | ٧٣ | ٣١- | ٤٢,٤٦ |
| ٢ | هەولێر | ٣٤٠,٠٠٠ | ٦٢ | ١٣٦ | ٧٤- | ٥٤,٤١ |
| ٣ | کەرکوك | ١٤٤,٠٠٠ | ١٦ | ٥٨ | ٤٢- | ٧٢,٤١ |
| ٤ | سلێمانی | ٤٥٠,٠٠٠ | ٥٦ | ١٨٠ | ١٢٤- | ٥٨,٨٨ |
| ٥ | کۆ | ١,١١٢,٠٠٠ | ١٧٦ | ٤٤٧ | ٢٧٧- | ٥٠,٧٨ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەگرتن لە خشتەی ژمارە (١٢)

بەراچاوکردنی خشتەی ژمارە (٢٤) دەگەینە ئەو ڕاستییەکەی کە هیچ یەکێك لە پارێزگاکان پشکی تەواوی لە بەرکەوتەی بنکەکانی هەڵبژاردنی بەرنەکەووتوە، کورتهێنانی بنکەکان/پارێزگاکان بەم جۆرە بوون، پارێزگای دهۆك کەمتر لە (٣١) بنکە، پارێزگای هەولێر کەمتر لە (٧٤) بنکە، پارێزگای کەرکوك کەمتر لە (٤٢) بنکە و پارێزگای سلێمانی کەمتر لە (١٢٤) بنکە، لە سەر ئاستی هەر چوار پارێزگاکەش کەمتر لە (٢٧٧) بنکە تەرخانکراوە بۆ دەنگدان.

**٢- لەگەڵ کەمی ژمارەی بنکەکانی دەنگدان لە پارێزگاکاندا، ئەوەشی تەرخانکراوە بۆ پارێزگاکان نا یەکسان بووە بۆ نمونە، پارێزگای دهۆك پێویستی بە (٣١) بنکەی تر، واتە ڕێژەی (٤٢,٤٪) بنکەی کەم بووە، بەلاَم ئەم جیاوازیە لە پارێزگاکانی هەولێر بەرزدەبێتەوە بۆ (٧٤).**

**بنکە واتە ڕێژەی (٥٤,٤١٪) بنکەی کەمتر بەرکەوتوە، بەلاَم لە پارێزگای سلێمانی نا یەکسانییەکە زیاتر دەبێت و دەبێت بە (١٢٤) بنکە واتە ڕێژەی (٥٨,٨٨٪) بنکەی کەمتر بەرکەوتووە، لە پارێزگای کەرکوك جیاوازیەکە دەگاتە لوتکە بە کورتهێنانی (٤٢) بنکە و ڕێژە (٧٢,٤١٪) لە پێویست بنکەی کەمتر بەرکەوتووە. ئەمەش کاریگەری هەبووە لە:**

**١- زۆری ژمارەی بنکە واتە کەمی بەرکەوتەی هەڵبژێر/بنکەکان.**

**٢-زۆری ژمارەی بنکە واتە کەمی چاوەڕوانی و خێرایی دەنگدان لە کاتی دیاریکراوی دەنگداندا، بە پێچەوانەشەوە.**

**٣- زۆری ژمارەی بنکە واتە بڕینی ڕێگەیەکی کەمتر و کەمتر تێچوونی دارایی و جەستەیی دەنگدەر، ئەمەش کاریگەری لە سەر بەشداریکردنی زیاتری دەنگدەر لە پرۆسەکانی هەڵبژاردندا دەبێت، بە پێچەوانەشەوە لە کەمبوونی ژمارەی بنکەکانی دەنگدان و تێچوونی کات و لایەنی دارایی و ماندووبوونی جەستەیی ئەندامان و لایەنگرانی لیستە سیاسیەکان زیاتر مەبەستیانە بەشداری پرۆسەکە بکەن و دەنگ بدەن، بە پێچەوانەوە بۆ دەنگدەری خۆڵەمێشی کە ڕەنگە هەر بەشداری نەکەن یان بە ڕێژەیەکی کەم بەشداری پرۆسەکە بکەن.**

**٤-دەرفەتی ساختەکردن زیاتر دەبێت لە ئەگەری کەمی بەرکەوتەی دەنگدەر و خێرا دەنگدانی دەنگدەران.**

**ئەگەر سەیری خشتەی ژمارە (٢٣) بکەین دەبینین لە پارێزگای دهۆك لە هەر بنکەیەك (-٢,٠٨٠) هەڵبژێری کەمتر بەرکەوتوە، ئەگەر چی دەبوایە هەر بنکەیەك (٤,٢٣٨) هەڵبژێر دەنگی لێبدات بەلاَم (٤,٧٢٣) دەنگدەر دەنگی داوە واتە هەر بنکەیەك (٤٨٥) دەنگدەر زیاتر دەنگی داوە، بەلاَم هێشتا هەر بنکەیەك (٧٩٩) دەنگدەری کەمتر بەرکەوتووە لە چاو تێکڕای بەرکەوتەی دەنگدەری پارێزگانی تر واتە بە ڕێژەی (٣٣٪) دەنگدەری کەمتر بەرکەوتوە لەچاو تێکڕای بنکەکانی تر، لە دوای ئەویش پارێزگای هەولێر دێت هەر بنکەیەك (٥,٤٨٤) هەڵبژێری بەرکەوتوە واتە (-٨٣٤) هەڵبژێری کەمتر بەرکەتووە و بەڕێژەی (-١٣,٢٪) هەڵبژێری کەمتر بەرکەوتووە، ئینجا پارێزگای سلێمانی دێت کە هەر بنکەیەك (١,٧١٨) هەڵبژێری زیاتر بەرکەتووە لە چاو تێکڕا واتە بە ڕێژەی (٢٧,٢٪) هەڵبژێری زیاتر بەرکەوتوە لەچاو تێکڕای هەڵبژێر/هەڵبژێری پارێزگانی هەرێم، پارێزگای کەرکوك هەر بنکەیەك (٢,٦٨٢) هەڵبژێری زیاتر بەرکەتووە واتە (٤٢,٤٥٪) هەڵبژێری زیاتر بەرکەوتووە لە چاو تێکڕای بەرکەوتەی هەڵبژێر بۆ بنکەکانی پارێزگاکانی هەرێم، ئەمەش کاریگەری لە سەر ڕێژەی بەشداریکردن هەبووە، بۆ نمونە ڕێژەی بەشداری لە پارێزگای دهۆك (١١١,٤٣٪)(*) بووە کە ئەمەش کارێکی نا یاسایی ئەوەندە زەقە کە هەموو سنورەکانی تێپەڕاندووە، لە دوای ئەویش پارێزگای هەولێر ڕێژەی بەشداری (٩٨,٧٧٪)، بەلاَم هەرچی پارێزگای سلێمانی یە کەمتر لە تێکڕا دەنگدەرانی بەشداری پرۆسەکە بوون و ڕێژەی (٧٧,٦٪) بەشدارییان کردووە و لە دوای ئەویش پارێزگای کەرکوکە ڕێژەی (٦١,٥٣٪) دەنگدەرانی دەنگیان داوە.**

**نە لە نێوان ناوەندی تۆماری دەنگدەران و بنکە و وێستگەکان، نە لە نێوان بەرکەوتەی هەڵبژێر/بنکە، نە لە نێوان بەرکەوتەی دەنگدەر/وێستگەکان هیچ هاوسەنگییەك نیە چ لە نێوان خودی یەك پارێزگا و چ لە نێوان پارێزگاکاندا.**

---

(*)- بە پێی ستانداری نوێی هەڵبژاردن هەر وێستگەیەك کە (٥٠٠) کەس مافی دەنگدانی هەبێت، (٥٥٠) کارتی دەنگدانی بۆ تەرخان دەکەن، (٥٠) کارتیان کە دەکاتە (١٠٪) کۆی کارتەکان یەدەگن، دەتوانرێت سودی لێببینرێت لە ئەگەری ئەنجامدانی هەڵە لە لایەن دەنگدەران یان دەنگدانی کارمەندانی کۆمسیۆن...تاد. بەلاَم لە پارێزگای دهۆك نەك تەواوی کارتەکان بەکارهێنراوە (ئاسایی و یەدەگ)، زیاتر لەم ژمارە و ڕێژەیەی کارت لە هەر بنکەیەکدا بەکارهێنراون و دەنگی پێدراوە، ئەمەش تەنها دوو شیکردنەوە هەڵدەگرێت، یان کارتی زیاتر بانگهێشت کراوە لە شوێنی ترەوە، یان کارتی تر چاپکراوە بۆ بەشداری پێکردنی لە پرۆسەی دەنگدا و زیاد کردنی دەنگی پارتێکی دیاری کراو، بێگومان تا ئێستاشی لەگەڵ بێت پارتی باڵادەست لە دەڤەری بادینان و پارێزگای دهۆك تەنها پارتی دیموکراتی کوردستانە.

## تەوەری دووەم: دابەشبوونی جوگرافی بنکەکانی هەڵبژاردن لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (٢٠٠٥/١/٣٠):

لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەماندا، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق پێوەری دیمۆگرافی کرد بە بنەما بۆ دابەشکردنی دەنگدەران بەسەر بنکە وێستگەکانی دەنگداندا بۆ ئەم مەبەستەش (٧٧) [١] ناوەندی تۆماری کردەوە، بەگشتی لە هەر وێستگەیەکی دەنگداندا (٤٥٠-٥٠٠) هەڵبژێر مافی دەنگدانی هەبوو، ژمارەی وێستگەکانی هەر بنکەیەکی دەنگدان پەیوەست بووە بە ژمارەی دەنگدەرانی ناوچەی جوگرافیای بنکەکانی دەنگدان، بەگشتی هەر بنکەیەکی هەڵبژاردن لە (٤-١٢) وێستگە پێکدێت، دەشێت کەمتریش بێت، لە کاتی پێویستیشدا دەکرێت زیاتر لە بنکەیەکی دەنگدانیش بکرێتەوە. بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٥)و نەخشەی ژمارە (٢١) .

خشتەی ژمارە (٢٥)

ناوەندی تۆماری دەنگدەران و ژمارە و (٪) بنکە و وێستگە بە پێی هەڵبژێر و دەنگدەران بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (٢٠٠٥/١/٣٠)

| پارێزگا | ناوەندی تۆماری دەنگدەران | | بنکە | | وێستگە | | ژ.وێستگە/بنکە | ژ.هەڵبژێر | ژ.دەنگدەر | ژ.هەڵبژێر/بنکە | جیاوازی لەگەڵ تێکڕا | | (٪) دەنگدەر/بنکە | جیاوازی لەگەڵ تێکڕا | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | | | | | ژ. | (٪) | | ژ. | (٪) |
| دهۆك | ١٤ | ١٨,١٨ | ١٧٧ | ١٩,٢٤ | ٨٨١ | ٢٠,٣٤ | ٥ | ٤٠٤,٣٢٠ | ٣٩٣,٦١٧ | ٢,٢٨٤ | ١٣- | ٠,٥ | ٢,٢٢٤ | ٢٧٤ | ١٤ |
| هەولێر | ٣١ | ٤٠,٢٦ | ٢٦٨ | ٢٩,١٣ | ١,٥٩٦ | ٣٦,٨٥ | ٦ | ٧٩٥,٢٢٠ | ٦٥٦,٩١٧ | ٢,٩٦٧ | ٦٧٠ | ٢٩,١٦ | ٢,٤٥١ | ٥٠١ | ٢٥,٧ |
| سلێمانی | ٣٢ | ٤١,٥٦ | ٤٧٥ | ٥١,٦٣ | ١,٨٥٤ | ٤٢,٨١ | ٤ | ٩١٣,٦٤٦ | ٧٤٣,١٠٢ | ١,٩٢٣ | ٣٧٤- | ١٦,٣- | ١,٥٦٤ | ٣٨٦- | ١٩,٨- |
| سەرجەم | ٧٧ | ١٠٠ | ٩٢٠ | ١٠٠ | ٤,٣٣١ | ١٠٠ | ٤,٧ | ٢,١١٣,١٨٦ | ١,٧٩٣,٦٣٦ | ٢,٢٩٧ | - | - | ١٩٥٠ | - | - |

سەرچاوە:کاری توێژەر بەسودوەرگرتن: المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق، ملخص لانتخابات برلمان اقليم كردستان٢٠٠٥، غير منشور، بدون رقم الصفحة.

بە ڕوانین لەخشتەی ژمارە (٢٥) و نەخشەی ژمارە (٢١) دەبینین پارێزگای دهۆك (١٤) ناوەندی تۆماری دەنگدەرانی بۆتەرخانکراوە و ڕێژەی (١٨,١٨٪)ی کۆی ناوەندەکانی تۆماری دەنگدەران/هەرێم-ە، (١٧٧) بنکەی دەنگدانی بۆ تەرخانکراوە و ڕێژەی (١٩,٢٤٪)ی کۆی بنکەکان/هەرێم پێکهێناوە و پێکهاتوە لە (٨٨١) وێستگەی دەنگدان، (٢٠,٣٤٪) ڕێژەی وێستگەکانی هەرێم بەر ئەم پارێزگایە کەوتووە، تێکڕا هەر بنکەیەك (٥) وێستگەی پێکهاتوە، هەر بنکەیەك تێکڕا (٢,٢٨٤) هەڵبژێری بەرکەوتوە، بەگشتی لە سەر ئاستی هەرێم هەر بنکەیەك کەمتر لە (١٣) هەڵبژێری بەرکەوتووە، بەڵام (٢,٢٢٤) دەنگدەری بەرکەتووە، لە هەر بنکەیەکدا تێکڕا (٢٧٤) دەنگدەر واتە (١٤٪) دەنگدەرانی پارێزگاکە زیاتر لەچاو دەنگدەر/بنکەی هەرێم بەشداری پرۆسەکە بوون.

ژمارەی بنکەی تۆماری دەنگدەران و ژمارەی بنکەی دەنگدان و ژمارەی وێستگەگان هاوسەنگی لە نێوانیاندا نیە، ناوەندی تۆماری دەنگدەران بە ڕێژەی (-١,٠٦٪) کەمترە لە ڕێژەی بنکەکان و بە ڕێژەی (-٢,١٦٪) کەمترە لە ڕێژەی وێستگەکان، بەڵام ژمارەی وێستگەکانی بەراورد بە تێکڕای وێستگە/بنکەی هەرێم، بە ڕێژەی (٠,٣٪) بەرزترە، ئەمەش وایکردووە لە سەر ئاستی هەرێم هەر بنکەیەکی (-١٣) هەڵبژێری کەمتر بەربکەوێت.

---

١ - المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، ملخص لانتخابات برلمان اقليم كوردستان٢٠٠٥، مصدر سابق، بدون رقم الصفحة.

**نەخشەی ژمارە (٢١)**

**(٪) ناوەندی تۆماری دەنگدەران و بنکە و وێستگە پارێزگاکان و جیاوازی (٪) هەڵبژێر/ بنکەی پارێزگا لەگەڵ تێکڕا و جیاوازی (٪) دەنگدەری پارێزگا لەگەڵ هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (٢٠٠٥/١/٣٠)**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە: داتای خشتەی ژمارە (٢٥).**

**لە پارێزگای هەولێر (٣١) ناوەندی تۆماری دەنگدەران هەبووە، (٤٠,٢٦٪) کۆی ناوەندی تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی پێکهێناوە، (٢٦٨) بنکە لەم پارێزگایەدا بوون و ڕێژەی (٢٩,١٣٪)ی کۆی بنکەکانی هەرێمی پێکهێناوە لە (١,٥٩٦) وێستگە پێکهاتون، ئەمەش دەکاتە (٣٦,٨٥٪)ی کۆی وێستگەکانی هەرێم، تێکڕا هەر بنکەیەك لە (٦) وێستگە پێکهاتوە، هەر بنکەیەك (٢,٩٦٧) هەڵبژێری بەرکەوتوە، ئەمەش (٦٧٠) هەڵبژێر واتە (٢٩,١٦٪) هەڵبژێری زیاتر لە تێکڕای هەڵبژێر/بنکەکانی هەرێمی بەرکەوتووە. ئەمە هۆکار بووە بۆ ئەوەی (٥٠١) دەنگدەر/بنکەیەك بێت. کەمی بنکەکانی دەنگدان هۆکار بووە بۆ ئەوەی هەر بنکەیەك (٢٩,١٦٪) زیاتر لە پارێزگاکانی تر هەڵبژێری بەربکەوێت، بۆیە ئەگەر ناوەندی هەڵبژێر/بنکە وەربگرین دەبوو ئەم پارێزگایە (٣٤٧) بنکەی لێبکردرایەتەوە بە تێکڕای (٥) وێستگەوە نەك (٢٦٨) بنکە، بەڵام بەرزی ڕێژەی بەرکەوتەی وێستگە/بنکە، کەمێك لە کێشەکەی کەمی بنکەکانی کەم کردۆتەوە.**

**لەپارێزگای سلێمانی (٣٢) ناوەندی تۆماری دەنگدەران کراوەتەوە، ڕێژەی (٤١,٥٦٪) کۆی ناوەندی تۆماری دەنگدەرانی هەرێم لەم پارێزگایەدا بووە، (٤٧٥) بنکەی تێدا بووە واتە ڕێژەی (٥١,٦٣٪)ی کۆی بنکەکانی هەرێمی پێکهێناوە و لە (١,٨٥٤) وێستگە پێکهاتووە، واتە ڕێژەی (٤٢,٨١٪)ی کۆی وێستگەکانی هەرێم، بەڵام بەرکەوتەی وێستگەکان/بنکە بەڕێژەی (-٠,٧٪) کەمترە لە تێکڕا وێستگە/بنکەکانی هەرێم، تێکڕا هەر بنکەیەکی هەڵبژاردن (-٣٧٤) هەڵبژێری کەمتر بەرکەتووە، ئەمەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی بەڕێژەی (-١٩,٨٪) دەنگدەر کەمتر بەر بنکەیەك کەوتووە.**

زۆری ژمارەی بنکەکانی دەنگدان لەم پارێزگایە، هۆکار بووە بۆ ئەوەی هەر بنکەیەك (-١٦،٣٪) هەڵبژێری کەمتری بەربکەوێت، ئەگەر تێکڕای هەڵبژێر/بنکەی هەرێم وەبگرین دەبوو ئەم پارێزگایە (٣٩٨) بنکەی بەربکەوتبایە بە تێکڕای (٥) وێستگەوە نەك (٤) وێستگە، نەك (٤٧٥) بنکە.

نە لە نێوان ناوەندی تۆماری دەنگدەران و بنکە و وێستگەکان، نە لە نێوان بەرکەوتەی هەڵبژێر/بنکەکان، نە لە نێوان بەرکەوتەی دەنگدەر/وێستگەکان هیچ هاوسەنگییەك نیە چ لە نێوان خودی یەك پارێزگا و چ لە نێوان پارێزگاکاندا.

## تەوەری سێیەم: دابەشبوونی جوگرافی بنکەکانی هەڵبژاردن لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان ( ٢٠٠٩/٧/٢٥):

لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەماندا، جارێکی تر کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان پێوەری دیمۆگرافی بەکارهێنا بۆ دابەشکردنی بنکە وێستگەکانی دەنگدان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٦)و نەخشەی ژمارە (٢٢) .

خشتەی ژمارە (٢٦)

ناوەندی تۆماری دەنگدەران و ژمارە و (٪) بنکە و وێستگە بە پێی هەڵبژێر و دەنگدەران بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)

| پارێزگا | ناوەندی تۆماری دەنگدەران | | بنکە | | وێستگە | | ژ.وێستگە/بنکە | ژ.هەڵبژێر | ژ.دەنگدەر | ژ.هەڵبژێر/بنکە | جیاوازی لەگەڵ تێکڕا | | دەنگدەر/بنکە (٪) | جیاوازی لەگەڵ تێکڕا | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | | | | | ژ. | (٪) | | ژ. | (٪) |
| دهۆك | ٤١ | ٢٣,٧ | ٢٥٧ | ١٩,٤ | ١,١٧٣ | ٢٠,٥٥ | ٤.٥٦ | ٥٢١,٣٠٦ | ٤٤٩,٣٢٠ | ٢,٠٢٨ | ١٥٢ | ٨,١ | ١,٧٤٨ | ٢٨٠ | ١٩ |
| هەولێر | ٥٣ | ٣٠,٦٤ | ٥٣٧ | ٤٠,٥٣ | ٢,٠٨١ | ٣٦,٤٦ | ٣,٨٧ | ٨٩٦,٦٨٣ | ٦٩٦,٣٠٢ | ١,٦٧٠ | ٢٠٦- | ١١- | ١,٢٩٧ | ١٧١- | ١١,٦- |
| سلێمانی | ٧٩ | ٤٥,٦٦ | ٥٣١ | ٤٠,٠٧ | ٢,٤٥٤ | ٤٢,٩٩ | ٤.٦٢ | ١,٠٦٧,٢٥٩ | ٧٩٨,٩٣٣ | ٢,٠١٠ | ١٣٤ | ٧,١ | ١,٥٠٥ | ٣٧ | ٢,٥ |
| سەرجەم | ١٧٣ | ١٠٠ | ١,٣٢٥ | ١٠٠ | ٥,٧٠٨ | ١٠٠ | ٤,٣ | ٢,٤٨٥,٢٤٨ | ١,٩٤٤,٥٥٥ | ١,٨٧٦ | - | - | ١,٤٦٨ | - | - |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەسودوەرگرتن لە: المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق، ملخص لانتخابات برلمان اقليم كردستان٢٠٠٩، غير منشور، بدون رقم الصفحة.

بە ڕوانین لە خشتەی ژمارە (٢٦)و نەخشەی ژمارە (٢٢)، دەبینین دانیشتوانی پارێزگای دهۆك دابەش کراوە بەسەر (٤١) ناوەندی تۆماری دەنگداندا، (٢٣،٧٪)ی کۆی ناوەندی تۆماری دەنگدانی هەرێمی پێکهێناوە، (٢٥٧) بنکەی بۆ تەرخانکراوە و (١٩،٤٪)ی کۆی بنکەکانی هەرێمی پێکهێناوە و لە (١،١٧٣) وێستگەی پێکهاتوە، ڕێژەی (٢٠،٥٥٪) وێستگەکانی هەرێمی پێکهێناوە، تێکڕا هەر بنکەیەك لە (٤،٥٦) وێستگە پێکهاتووە، هەر بنکەیەك (٢،٠٢٨) هەڵبژێری بەرکەتووە، (١٥٢) هەڵبژێر/بنکە زیاتری بەرکەوتوە، تێکڕا هەر بنکەیەك (١،٧٤٨) دەنگدەری بەرکەوتوە، تێکڕا هەر بنکەیەك (٢٨٠) دەنگدەری زیاتر بەرکەوتووە ئەگەر بەراوردی بکەین بە تێکڕای دەنگدەر/بنکەی هەرێم.

ئەگەر تێکڕای هەڵبژێر/بنکەی دەنگدانی هەرێم بکەین بە بنەما ئەم پارێزگایە پێویستی بە (٢٧٨) بنکەی دەنگدان بوو نەك (٢٥٧) بنکە، بۆ ئەوەی بەرکەوتەی هەڵبژێری هاوسەنگ بوایە لەگەڵ هەڵبژێر/بنکەکانی هەرێم.

پارێزگای هەولێر (٥٣) ناوەندی تۆماری دەنگدەرانی بۆکراوەتەوە، ئەمەش دەکاتە ڕێژەی (٣٠،٦٤٪) کۆی ناوەندی تۆماری دەنگدەرانی هەرێم، (٥٣٧) بنکەی لەم پارێزگایە کراونەتەوە، دەکاتە ڕێژە (٤٠،٥٣٪)ی کۆی بنکە/هەرێم، لە (٢،٠٨١) وێستگە پێکهاتووە، ڕێژەی (٣٦،٤٦٪) وێستگەکانی هەرێم لەم پارێزگایەدابوون، هەر بنکەیەك لە (٣،٨٧) وێستگە پێکهاتووە، هەر بنکەیەك (١،٦٧٠) هەڵبژێری بەرکەوتووە، بەڵام تێکڕا هەر بنکەیەك (١،٢٩٧) دەنگدەری بەرکەوتوە.

ئەگەر هەڵبژێر/بنکەی هەرێم بکەین بە بنەما دەبوو ئەم پارێزگایە (٤٧٨) بنکەی بۆ تەرخان بکرێت نەك (٥٣٧) بنکە، بە تێکڕای (٤-٥) وێستگە.

نەخشەی ژمارە (٢٢)

(٪) ناوەندی تۆماری دەنگدەران و بنکە و وێستگە پارێزگاکان و جیاوازی (٪) هەڵبژێر/ بنکەی پارێزگا لەگەڵ تێکڕا و جیاوازی (٪) دەنگدەری پارێزگا لەگەڵ هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە: داتای خشتەی ژمارە (٢٦).

پارێزگای سلێمانی (٧٩) ناوەندی تۆماری دەنگدەرانی بۆ تەرخانکراوە، ڕێژەی (٤٥,٦٦٪) ناوەندی تۆماری دەنگدەرانی پێکهێناوە، (٥٣١) بنکەی هەڵبژاردن لەم پارێزگایە کراونەتەوە و ڕێژەی (٤٠,٠٧٪)ی کۆی بنکەکانی هەرێمی پێکهێناوە و لە (٢,٤٥٤) وێستگە پێکهاتوە، واتە ڕێژەی (٤٢,٩٩٪)ی وێستگەکانی هەرێم لە پارێزگایەدا بوون، تێکڕا هەر بنکەیەك لە (٤,٦٢) وێستگە پێکهاتوە، تێکڕا هەر بنکەیەك (٢,٠١٠) هەڵبژێری بەرکەتووە، ئەمەش (١٣٤) هەڵبژێری زیاترە لە تێکڕای هەڵبژێر/بنکەی هەرێم، تێکڕا لە هەر بنکەیەکدا (١,٥٠٥) دەنگ دراوە، ئەمەش (٣٧) دەنگدەری زیاترە بەراورد بە تێکڕای دەنگدەر/بنکەی هەرێم. ئەگەر تێکڕای بەرکەوتەی هەڵبژێر/بنکەی هەرێم بکەین بە بنەما دەبوو ئەم پارێزگایە (٥٦٩) بنکەی بەربکەوتبایە نەك (٥٣١) بنکە. نە لە نێوان ناوەندی تۆماری دەنگدەران و بنکە و وێستگەکان، نە لە نێوان بەرکەوتەی هەڵبژێر/بنکەکان، نە لە نێوان بەرکەوتەی دەنگدەر/وێستگەکان هیچ هاوسەنگییەك نیە چ لە سەر ئاستی پارێزگا و چ لە نێوان پارێزگاکاندا.

## تەوەری چوارەم: دابەش بوونی جوگرافی بنکەکانی هەڵبژاردن لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان ( ٢٠١٣/٩/٢١):

لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا، بە هەمان شێوەی خولەکانی پێشوو، بنەمای دیموگرافی کرا بە پێوەر بۆ دەستنیشانکردن و دابەشکردنی بنکەکانی هەرێم بە پێی پارێزگاکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٧)و نەخشەی ژمارە (٢٣) .

خشتەی ژمارە (٢٧)

ناوەندی تۆماری دەنگدەران و ژمارە و (٪) بنکە و وێستگە بە پێی هەڵبژێر و دەنگدەران بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)

| پارێزگا | ناوەندی تۆماری دەنگدەران | | بنکە | | وێستگە | | ژ.وێستگە/بنکە | ژ.هەڵبژێر | ژ.دەنگدەر | ژ.هەڵبژێر/بنکە | جیاوازی لەگەڵ تێکرا | | (٪) دەنگدەر/بنکە | جیاوازی لەگەڵ تێکرا | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | | | | | ژ. | (٪) | | ژ. | (٪) |
| دهۆك | ٤١ | ٢٣.٧ | ٢٦٩ | ١٩,٣٢ | ١,٤٣٩ | ٢١,٤٩ | ٥,٣ | ٦١٢,٩٢٢ | ٦١٤,٣٦١ | ٢,٢٧٩ | ٢٥٧ | ١٢,٧ | ٢,٢٨٤ | ٢٥٧ | ١٢,٦٧ |
| هەولێر | ٥٣ | ٣٠,٦٤ | ٥٧٩ | ٤١,٦ | ٢,٤٣٣ | ٣٦,٣٤ | ٤.٢ | ١,٠٠٣,٩٦٠ | ١,٠٠٦,٣٩٣ | ١,٧٣٤ | - ٢٨٨ | ١٤,٢٤- | ١,٧٣٨ | ٢٨٩- | ١٤,٢٥- |
| سلێمانی | ٧٩ | ٤٥,٦٦ | ٥٤٤ | ٣٩,٠٨ | ٢,٨٢٤ | ٤٢.١٧ | ٥.٢ | ١,١٩٧,٥١٧ | ١,٢٠٠,٣٤١ | ٢,٢٠١ | ١٧٩ | ٨,٨٥ | ٢,٢٠٧ | ١٨٠ | ٨,٨٨ |
| سەرجەم | ١٧٣ | ١٠٠ | ١,٣٩٢ | ١٠٠ | ٦,٦٩٦ | ١٠٠ | ٤,٨ | ٢,٨١٤,٣٩٩ | ٢,٨٢١,٠٩٥ | ٢,٠٢٢ | - | - | ٢,٠٢٧ | - | - |

سەرچاوە:کاری توێژەر بەسودوەرگرتن: المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق، ملخص لانتخابات برلمان اقليم كردستان٢٠١٣، غير منشور، بدون رقم الصفحة.

بە ڕوانین لە خشتەی ژمارە (٢٧)و نەخشەی ژمارە (٢٣)، پارێزگای دهۆك (٤١) ناوەندی تۆماری دەنگدەرانی بۆ تەرخانکراوە، (٢٣,٧٪) ناوەندی تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی پێکهێناوە، بەرکەوتەی ئەم پارێزگایە (٢٦٩) بنکەی هەڵبژاردنە و (١٩,٣٢٪)ی کۆی بنکە/هەرێمی پێکهێناوە لە (١,٤٣٩) وێستگە پێکهاتووە، (٢١,٤٩٪)ی کۆی وێستگەکانی هەرێم لەم پارێزگایەدابوون، هەر بنکەیەك لە (٥,٣) وێستگە پێکهاتوە، هەر بنکەیەکی دەنگدان (٢,٢٧٩) هەڵبژێری بەرکەوتوە، (٢٥٧) هەڵبژێری زیاتر لە تێکڕای هەڵبژێر/ بنکەی هەرێمی بەرکەوتووە، تێکڕا هەر بنکەیەك (٢,٢٨٤) دەنگی تێدا دراوە واتە هەر بنکەیەك (٢٥٧) دەنگدەر دەنگی تێدا داوە. ئەمەش دەکاتە (١٢,٦٧٪) زیاتر لە تێکڕای دەنگدەر بۆ ئەم پارێزگایە.

ئەگەر تێکڕا هەڵبژێر/بنکەی هەڵبژاردنی هەرێم بکەین بە بنەما دەبێت ئەم پارێزگایە (٣٠٤) بنکەی هەڵبژاردنی بۆ تەرخان بکرابایە لە بری (٢٦٩) بنکە.

پارێزگای هەولێر (٥٣) ناوەندی تۆماری دەنگدەرانی بۆ تەرخانکراوە و ڕێژەی (٣٠,٦٤٪) کۆی ناوەندی تۆماری دەنگدەران هەرێمی پێکهێناوە، (٥٧٩) بنکەی دەنگدان لەم پارێزگایەدا بوونیان هەبووە، ڕێژەی (٤١,٦٪) کۆی بنکەی هەڵبژاردنی هەرێم کەوتونەتە ئەم پارێزگایە لە (٢,٤٣٣) وێستگە پێکهاتوە، (٣٦,٣٤٪)ی وێستگەکانی هەرێمی پێکهێناوە، هەر بنکەیەك لە (٤,٢) وێستگە پێکهاتوە، هەر بنکەیەکی هەڵبژاردن (١,٧٣٤) هەڵبژێری بەرکەوتوە، (-٢٨٨) هەڵبژێری کەمتر بەرکەوتووە بەراورد بە تێکڕای بنکە/هەرێم، لە هەر بنکەیەك (١,٧٣٨) دەنگدەری بەرکەتووە، بەڵام لە سەر ئاستی بنکەکانی هەرێم (-٢٨٩) دەنگدەری کەمتر بەرکەتووە.

نا هاوسەنگییەك لە ژمارەی ناوەندی تۆماری دەنگدەران و بنکە و وێستگەکان لەم پارێزگایەدا هەیە، تێکڕا هەر بنکەیەك (-٠,٦) وێستگەی کەمتر بەرکەتووە، ئەگەر ژمارەی هەڵبژێر/بنکەی هەرێم بکەین بە پێوەر دەبوو ئەم پارێزگایە (٤٩٧) بنکەی بۆ

تەرخان بکرابایە لە بری (٥٧٩) بنکە، چونکە هەر بنکەیەك (-١٤,٢٤٪)ی هەڵبژێری کەمتر بەرکەوتووە، ئەمە بۆ دەنگدەرانیش هەر وایە هەر بنکەیەك (-١٤,٢٥٪) کەمتر دەنگدەری بەرکەتووە.

نەخشەی ژمارە (٢٣)

(٪) ناوەندی تۆماری دەنگدەران و بنکە و وێستگە پارێزگاکان و جیاوازی (٪) هەڵبژێر/ بنکەی پارێزگا لەگەڵ تێکرا و جیاوازی (٪) دەنگدەری پارێزگا لەگەڵ هەرێم لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە: داتای خشتەی ژمارە (٢٧).

پارێزگای سلێمانی دابەشکراوە بەسەر (٧٩) ناوەندی تۆماری دەنگدەراندا، (٤٥,٦٦٪)ی کۆی ناوەندی تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی پێکهێناوە، (٥٤٤) بنکەی هەڵبژاردن بەرکەوتەی ئەم پارێزگایە بووە، دەکاتە (٣٩,٠٨٪) کۆی بنکەکانی هەڵبژاردنی هەرێم، لە (٢,٨٢٤) وێستگە پێکهاتووە و (٤٢,١٧٪) کۆی وێستگەکانی هەرێمی بەرکەوتووە، تێکڕا هەر بنکەیەکی دەنگدان لە (٥,٢) وێستگە پێکهاتوە، تێکڕا هەر بنکەکەی دەنگدان (٢,٢٠١) هەڵبژێری بەرکەوتووە، ئەمەش (١٧٩) هەڵبژێری لە تێکڕای هەڵبژێر/بنکەی هەرێم زیاتری بەرکەوتوە، لە هەر بنکەیەکدا (٢,٢٠٧) دەنگی تێدا دراوە، تێکڕا هەر بنکەیەك (١٨٠) دەنگدەر زیاتری بەرکەتووە لە تێکڕای بەرکەوتەی دەنگدەر/بنکەی هەرێم.

نا هەوسەنگی لە نێوان ژمارەی ناوەندی تۆمار و بنکە و وێستگەی هەڵبژاردن و بەرکەوتەی هەڵبژێر و دەنگدەر/بنکە هەبووە، ئەگەر بەرکەوتەی هەڵبژێر/بنکەی هەرێم بکەین بە پێوەر، دەبوو (٥٩٢) بنکە لەم پارێزگایەدا هەبێت نەك (٥٤٤) بنکە، هەر لەبەر ئەمەشە هەر بنکەیەی (٨,٨٥٪)ی هەڵبژێری زیاتر بەرکەتووە و (٨,٨٨٪)ی دەنگدەرانیش زیاتر لەم پارێزگایەدا دەنگیان داوە.

## تەوەری پێنجەم: گۆڕانی دابەشبوونی جوگرافی بنکەکانی هەڵبژاردن لە هەڵبژاردنی خولی (یەکەم – چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢ - ٢٠١٣):

لەم تەوەردا لە گۆڕانی ژمارە و ڕێژەی ناوەندەکانی تۆماری دەنگدەران و بنکە و وێستگەکانی هەرێم و بەرکەوتەی هەڵبژێر/بنکە و دەنگدەر/بنکە ڕوندەکەینەوە لە نێوان هەر چوار خولەکەی هەڵبژاردنی پەرلەماندا، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٨).

خشتەی ژمارە (٢٨)

**ناوەندی تۆماری دەنگدەران و ژمارە و (٪) بنکە و وێستگە بە پێی هەڵبژێر و دەنگدەران بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە هەڵبژاردنی خولەکانی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢ - ٢٠١٣)**

| پارێزگا | ه.خولی | ناوەندی تۆماری دەنگدەران | | بنکە | | وێستگە | | ژ. وێستگە/بنکە | ژ. هەڵبژێر | ژ.دەنگدەر | ژ.هەڵبژێر/بنکە | جیاوازی لەگەڵ تێکڕا | | ژ. دەنگدەر/بنکە | جیاوازی لەگەڵ تێکڕا | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | | | | | ژ. | (٪) | | ژ. | (٪) |
| دهۆك | یەکەم | ١ | ٢٥ | ٤٢ | ٢٣,٨٦ | - | - | - | ١٧٨,٠٠٠ | ١٩٨,٣٥٢ | ٤,٢٣٨ | ٢,٠٨٠- | ٣٣- | ٤,٧٢٣ | ٧٩٩- | ١٤,٤٧- |
| | دووەم | ١٤ | ١٨,١٨ | ١٧٧ | ١٩,٢٤ | ٨٨١ | ٢٠,٣٤ | ٥ | ٤٠٤,٣٢٠ | ٣٩٣,٦١٧ | ٢,٢٨٤ | ١٣- | ٠,٥ | ٢,٢٢٤ | ٢٧٤ | ١٤ |
| | سێیەم | ٤١ | ٢٣,٧ | ٢٥٧ | ١٩,٤ | ١,١٧٣ | ٢٠,٥٥ | ٤,٥٦ | ٥٢١,٣٠٦ | ٤٤٩,٣٢٠ | ٢,٠٢٨ | ١٥٢ | 8.1 | ١,٧٤٨ | ٢٨٠ | ١٩ |
| | چوارەم | ٤١ | ٢٣,٧ | ٢٦٩ | ١٩,٣٢ | ١,٤٣٩ | ٢١,٤٩ | ٥,٣ | ٦١٢,٩٢٢ | ٦١٤,٣٦١ | ٢,٢٧٩ | ٢٥٧ | 12.7 | ٢,٢٨٤ | ٢٥٧ | 12.67 |
| هەولێر | یەکەم | ١ | ٢٥ | ٦٢ | ٣٥,٢٣ | - | - | - | ٣٤٠,٠٠٠ | ٣٣٥,٨٢٧ | ٥,٤٨٤ | ٨٣٤- | ١٣,٢- | ٥,٤١٧ | ١٠٥- | ٢- |
| | دووەم | ٣١ | ٤٠,٢٦ | ٢٦٨ | ٢٩,١٣ | ١,٥٩٦ | ٣٦,٨٥ | ٦ | ٧٩٥,٢٢٠ | ٦٥٦,٩١٧ | ٢,٩٦٧ | ٦٧٠ | ٢٩,١٦ | ٢,٤٥١ | ٥٠١ | ٢٥,٧ |
| | سێیەم | ٥٣ | ٣٠,٦٤ | ٥٣٧ | ٤٠,٥٣ | ٢,٠٨١ | ٣٦,٤٦ | ٣,٨٧ | ٨٩٦,٦٨٣ | ٦٩٦,٣٠٢ | ١,٦٧٠ | ٢٠٦- | ١١- | ١,٢٩٧ | ١٧١- | ١١,٦- |
| | چوارەم | ٥٣ | ٣٠,٦٤ | ٥٧٩ | ٤١,٦ | ٢,٤٣٣ | ٣٦,٣٤ | ٤,٢ | ١,٠٠٣,٩٦٠ | ١,٠٠٦,٣٩٣ | ١,٧٣٤ | ٢٨٨- | ١٤,٢٤- | ١,٧٣٨ | ٢٨٩- | ١٤,٢٥ |
| سلێمانی | یەکەم | ١ | ٢٥ | ٥٦ | ٣١,٨٢ | - | - | - | ٤٥٠,٠٠٠ | ٣٤٩,١٦٤ | ٨,٠٣٦ | ١,٧١٨ | ٢٧,٢ | ٦,٢٣٥ | ٧١٣ | ١٢,٩١ |
| | دووەم | ٣٢ | ٤١,٥٦ | ٤٧٥ | ٥١,٦٣ | ١,٨٥٤ | ٤٢,٨١ | ٤ | ٩١٣,٦٤٦ | ٧٤٣,١٠٢ | ١,٩٢٣ | ٣٧٤- | ١٦,٣- | ١,٥٦٤ | ٣٨٦- | ١٩,٨- |
| | سێیەم | ٧٩ | ٤٥,٦٦ | ٥٣١ | ٤٠,٠٧ | ٢,٤٥٤ | ٤٢,٩٩ | ٤,٦٢ | ١,٠٦٧,٢٥٩ | ٧٩٨,٩٣٣ | ٢,٠١٠ | ١٣٤ | ٧,١ | ١,٥٠٥ | ٣٧ | ٢,٥ |
| | چوارەم | ٧٩ | ٤٥,٦٦ | ٥٤٤ | ٣٩,٠٨ | ٢,٨٢٤ | ٤٢,١٧ | ٥,٢ | ١,١٩٧,٥١٧ | ١,٢٠٠,٣٤١ | ٢,٢٠١ | ١٧٩ | ٨,٨٥ | ٢,٢٠٧ | ١٨٠ | ٨,٨٨ |
| کەرکوك | یەکەم | ١ | ٢٥ | ١٦ | ٩,٠٩ | - | - | - | ١٤٤,٠٠٠ | ٨٨,٦١٠ | ٩٠٠٠ | ٢,٦٨٢ | ٤٢,٤٥ | ٥,٥٣٨ | ١٦ | ٠,٣ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەگرتن لە: أ- سلێمان مستەفا حەسەن، کورد و یەکەم ئەزمون، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، ٢٠١٧، ل١٦١. ب- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق، ملخص لانتخابات برلمان اقليم كردستان٢٠٠٥، غير منشور، بدون رقم الصفحة. ت- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق، ملخص لانتخابات برلمان اقليم كردستان٢٠٠٩، غير منشور، بدون رقم الصفحة. ت- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق، ملخص لانتخابات برلمان اقليم كردستان٢٠١٣، غير منشور، بدون رقم الصفحة.

بە ڕوانین لە خشتەی ژمارە (٢٨) دەبینین لە پارێزگای دهۆك ژمارەی ناوەندەکانی تۆماری دەنگدەران گۆڕانی بەسەردا هاتوە، بەڵام بەشێوەیەکی زانستی نەبووە، بۆ نمونە لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا (١) ناوەندی تۆماری دەنگدەران هەبووە بەڵام لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا ژمارەکە دەبێت بە (١٤) ناوەند، بە ڕێژەی (١٣٠٠٪) زیادی کردووە، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ژمارەکە دەبێت بە (٤١) ناوەند، نزیکەی ڕێژەی (١٩٣٪) زیادی کردووە، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمان ئەگەر چی (٩١,٦١٦) هەڵبژێر کە دەکاتە ڕێژەی (١٧,٥٧٪) هەڵبژێری خولی پێشوو زیادی کردووە، کەچی هیچ ناوەندێکی تۆماری دەنگدەران زیاد نەکراوە. بەڵام هاوکات ژمارەی بنکەکان زیادیکردووە، بەڵام ڕێژەیان لە سەر ئاستی هەرێم کەمی کردووە، بەڵام ژمارە و ڕێژەی وێستگەکان زیادی کردووە، ژمارەی هەڵبژێر بەردەوام لەم پارێزگایە زیادی کردووە، لە بەرامبەردا هەر بنکەیەکی

هەڵبژاردن لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا (-٢,٠٨٠) کەمتر لە تێکرا هەڵبژێری بەرکەوتوە، بەلاّم لە هەڵبژاردنی خولی دووەم ژمارەکە دادەبەزێت بۆ (-١٣) هەڵبژێر، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ژمارەکە بەرزدەبێتەوە بۆ زیاتر لە (١٥٢) هەڵبژێر، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمیشدا ژمارەی هەڵبژێر زیاتر دەبێت و دەبێت بە (٢٥٧) هەڵبژێر، ئەمە بۆ ژمارەی دەنگدەر/بنکەش هەر وایە، لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا هەر بنکەیەك (-٧٩٩) دەنگدەری کەمتر بەرکەوتوە، بەلاّم لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا ژمارەکە گۆڕانی گەورەی بەسەرداهاتووە و (٢٧٤) دەنگدەر زیاتر دەنگی تێدا داوە بەراورد بە تێکرای دەنگدەر/بنکەی هەرێم، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ژمارەکە بەرزتر دەبێتەوە و دەبێت بە (٢٨٠) دەنگدەر/بنکە، ئەگەر چی لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا ژمارەکە کەمێك دابەزین بۆخۆوە دەبینێت، بەلاّم هێشتا هەر بنکەیەك (٢٥٧) دەنگدەری زیاتر بەرکەوتووە بە بەراورد بە تێکرای دەنگدەر/بنکەکانی هەرێم.

لێرەدا ئەگەینە ئەو بڕوایەی کە هاوسەنگی نیە چ لە دابەشکردنی ناوەندی تۆماری دەنگدەران، چ لە ژمارەی بنکەو وێستگەکان، چ لە بەرکەوتەی هەڵبژێر/بنکە و دەنگدەر/بنکە لە نێوان خولەکانی هەڵبژاردنی ئەم پارێزگایە.

لە پارێزگای هەولێر، ژمارەی ناوەندی تۆماری دەنگدەران لە خولی یەکەمدا (١) ناوەندبووە، بەلاّم لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا ژمارەکە دەبێت بە (٣١) و بە ڕێژەی (٣٠٠٠٪) زیاد بووە، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەم ژمارەکە دەبێت بە (٥٣) ناوەند، بە ڕێژەی (٧١٪) زیاد بووە، بەلاّم هەڵبژاردنی خولی چوارەم (١٠٧,٢٧٧) هەڵبژێر زیادیکردووە، کەچی هیچ ناوەندێکی تۆماری دەنگدەران زیادی نەکردووە، ژمارە و ڕێژەی بنکەکانی هەڵبژاردن بەردەوام لە زیادبووندا بووە، لە هەمانکاتیشدا ژمارەی وێستگەکانیش لە زیادبووندا بوون، بەلاّم ڕێژەکەی لە سەر ئاستی هەرێم کەمی کردووە، ژمارەی وێستگەکان بۆ هەڵبژاردنەکان لە گۆڕانی بەردەوامدابوە و لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا هەر بنکەیەك تێکرا لە (٦) وێستگە پێکهاتووە، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا دادەبەزێت بۆ (٣,٨٧) وێستگە و لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا دەبێت بە (٤,٢) وێستگە.

لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا هەربنکەیەکی هەڵبژاردن (٥,٤٨٤) هەڵبژێری بەرکەتووە، بەلاّم هێشتا (-٨٣٤) هەڵبژێر کەمتریشی بەراورد بە هەڵبژێر/بنکەکانی هەرێم بەرکەتووە، بەلاّم لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا ژمارەی هەڵبژێرەکان دادەبەزێت بۆ (٢,٩٦٧) هەڵبژێر، بەلاّم هێشتا لە سەر ئاستی هەرێم هەر بنکەیەك (٦٧٠) هەڵبژێری زیاتر بەرکەوتووە، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ژمارەی هەڵبژێر/بنکە زیاتر دادەبەزێت و دەبێت بە (١,٦٧٠) هەڵبژێر، بەلاّم هەر بنکەیەك (-٢٠٦) هەڵبژێری کەمتر لە تێکرای هەڵبژێر/بنکەی هەرێم بەردەکەوێت، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا بەرکەوتەی هەڵبژێر/بنکە بەرزتر دەبێتەوە هەر بنکەیەك (١,٧٣٤) هەڵبژێری بەردەکەوێت، بەلاّم هێشتا لە چاو تێکرادا (-٢٨٨) هەڵبژێری کەمتر بەردەکەوێت. ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبووە لە سەر ژمارەی دەنگدەران/بنکە، لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا هەر بنکەیەك (٥,٤١٧) دەنگدەری بەرکەوتوە، بەلاّم (-١٠٥) دەنگدەری لە سەر ئاستی هەرێم کەمتر بەرکەوتووە، بەلاّم لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا ژمارەکە دادەبەزێت بۆ (٢,٤٥١) دەنگدەر، بەلاّم هێشتا (٥٠١) دەنگدەری بەراورد بە بنکەکانی تری هەرێم زیاتر بەرکەتووە، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ژمارەکە زیاتر دادەبەزێت و دەبێت بە (١,٢٩٧) دەنگــدەر، لە سەر ئاستی هەرێمــیش (-١٧١) دەنگدەری کەمتر بەرکەتووە، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمیشدا بەرکەوتەکەی دەنگدەر/بنکە زیاتر دەبێت و دەبێت بە (١,٧٣٨) دەنگدەر، بەراوورد بە تێکرای دەنگدەر/بنکەی هەرێم (-٢٨٩) دەنگدەری کەمتر بەرکەووتوە.

لێرەدا ئەگەینە ئەو بڕوایەی ژمارە و ڕێژەی ناوەندی تۆماری دەنگدەران و بنکەکانی هەڵبژاردن و وێستگەکانی هەڵبژاردن و بەرکەوتەی هەڵبژێر/بنکە و دەنگدەر/بنکەی پارێزگاکە، هیچ پێوەرێکی زانستی و بیرکاری و ئاماری نیە، بەڵکو بەشێوەیەکی زۆر هەڕەمەکی و نا زانستی دابەشکراون.

لە پارێزگای سلێمانی ژمارەو ڕێژەی ناوەندەکانی تۆماری دەنگدەرانی بەرەو زیاد بوون چوە لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا تەنها (١) تۆماری دەنگدەران بوونی هەبوو، بەلاّم لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا ژمارەی ناوەندەکان دەبن بە (٣٢) ناوەند، واتە بە

ڕێژەی (٣١٠٠٪) زیادکراوە، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ژمارەکە زیاد دەبێت و دەبێت بە (٧٩) ناوەند، بە ڕێژەی (١٤٧٪) زیادیکردووە، لە نێوان هەڵبژاردنی خولی سێیەم و چوارەمدا هیچ گۆڕانکارییەکی بەخۆیەوە نەبینیوە، لە کاتێکدا (١٣٠,٢٥٨) هەڵبژێر زیادیکردووە، ژمارەی بنکەکانیش بەردەوام لە زیادبووندا بووە، بەڵام ڕێژەکەی بەردەوام لە گۆڕاندا بووە، ئەگەر چی ژمارەی وێستگەکانیش بەردەوام لە زیادبووندا بوون، بەڵام ڕێژەکانی جێگیر نەبوە بەردەوام لە گۆڕندابووە، هەڵبژێری ئەم پارێزگایە بەردەوام لە زیادبووندا بووە، بەرکەوتەی هەڵبژێر/بنکە لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا (٨,٠٣٦) هەڵبژێرە، (١,٧١٨) هەڵبژێر/بنکە زیاتری بەرکەوتوە، بەڵام لە هەڵبژاردنی خولی دووەم ژمارەکە دادەبەزێت بۆ (١,٩٢٣) هەڵبژێر، بەڵام هەر بنکەیەك (-٣٧٤) هەڵبژێر کەمتری بەرکەوتوە لە سەر ئاستی هەرێم، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا هەر بنکەیەك (٢,٠١٠) هەڵبژێری بەردەکەوێت لەگەڵێشی دا هەر بنکەیەك (١٣٤) هەڵبژێری زیاتر لە تێکڕا بەرکەوتووە، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا ژمارەی هەڵبژێر/بنکە زیاتری بەردەکەوێت و دەبێت بە (٢,٢٠١) هەڵبژێر، بەڵام هێشتا (١٧٩) هەڵبژێر زیاتری لە تێکڕا بەرکەوتووە،

ئەمە بۆ دەنگدەر/بنکە-ش هەر دروستە، لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا هەر بنکەیەك (٦,٢٣٥)، دەنگی تێدا دراوە، لە هەر بنکەیەکدا (٧١٣) دەنگدەر زیاتر دەنگی داوە بەراورد بە تێکڕای دەنگدەر/بنکەکانی هەرێم، بەڵام لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا ژمارەکە دادەبەزێت و (١,٥٦٤) دەنگدەر، بەراورد بە تێکڕای دەنگدەر/بنکەی هەرێم (-٣٨٦) دەنگدەر کەمتری بەرکەووتوە، بەڵام لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ژمارەکە زیاتر دادەبەزێت و دەبێت بە (١,٥٠٥) دەنگدەر/بنکە، لە هەر بنکەیەکدا (٣٧) دەنگدەر بەراورد بە دەنگدەر/بنکەی هەرێم زیاتر دەنگیان داوە، بەڵام لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا (٢,٢٠٧) دەنگدەر دەنگیانداوە، (١٨٠) دەنگدەر لە هەر بنکەیەکی ئەم پارێزگایە بەراورد بە تێکڕای دەنگدەر/بنکەی هەرێم زیاتر دەنگیان داو.

ئەم پارێزگایەش وەك پارێزگاکانی تری هەرێم هیچ پێوەرێکی زانستی و جێگیر بەکارنەهێنراوە بۆ کردنەوە ناوەندی تۆماری دەنگدەران و کردنەوەی بنکە و وێستگەکان و بەرکەوتەی هەڵبژێر/بنکە و دەنگدەر/بنکە. ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارە نەرێنیانەی کە کاریگەری دەبێت چ لە سەر ئاستی بەشداری هەڵبژێرەکان و چ لە سەر ئاستی دەنگدەران و چ لە سەر ئەنجامی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانیش.

## باسی چوارەم: لیستە بەشداربووەکان و سەرکەتووەکان و سیستەمە بەکارهاتووەکان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی خولی ( یەکەم – چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢- ٢٠١٣):

لەم باسەدا، ژمارەی لیستە بەشداربوەکانی هەڵبژاردنی خولی (یەکەم - چوارەمی) پەرلەمانی کوردستان دەخەینەڕوو، لیستە سەرکەوتووەکانیش دەست نیشان دەکەین، پاشان ئاماژە بەو سیستەمانەی هەڵبژاردنیش دەکەین کە هەڵبژاردنی هەر خولێکی پەرلەمانی پێ ئەنجامدراوە، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم باسەمان دابەشی سێ تەوەر کردووە کە بریتین لە:

### تەوەری یەکەم: لیستە بەشداربووەکان لە هەڵبژاردنی خولی (یەکەم – چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢- ٢٠١٣):

لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی هەرێم چ لە ڕووی چەندێتی و چ لە ڕووی چۆنایەتییەوە بەردەوام لە گۆڕاندا بوون و بەگشتی بەرەو زیادبوون هەنگاویان ناوە، ئەمە جگە لەوەی لیستە بەشداربووەکانیش لە ڕووی چۆنایەتییەوە بەردەوام لە گۆڕاندا بوون، دەشێت لیستێك لە یەك پارتی ڕامیاری یان چەند پارتێکی ڕامیاری (هاوپەیمانی) پێکهاتبێت، دەشێت لیستێك تەنها لە یەك کەسایەتی پێکهاتبێت، مەرج نیە لیستی هەڵبژاردن هەمیشە لە پارتی ڕامیاری پێکهاتبێت، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری دابەشمان کردووە بۆ:

یەکەم: لیستە بەشداربووەکان لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ( ١٩٩٢/٥/١٩)

لەم خولەدا (٧) لیست چ وەك پارت چ وەك هاوپەیمانی لە ململانێدابوون بۆ بردنەوەی زۆرترین کورسی لە کۆی (١٠٠) کورسی ئەنجومەنی نیشتمانی، بڕوانە وێنەی ژمارە (١) .بەڵام لەهەمان کاتیشدا چوار لیستی کریستیانی لە ململانێی بردنەوەی زۆرترین کورسی بوون لە و (٥)[*]کورسییەی کە بۆ ئەم پێکهاتە نەتەوەییە تەرخانکرابوو، بڕوانە وێنەی ژمارە (٢) .

**دووەم: لیستە بەشداربووەکانی لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (٢٠٠٥/١/٣٠)**

لەم خولەدا (١٣) لیست چونە ململانێی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانەوە، ململانێیان لە سەر بەدەستهێنانی (١١١) کورسی پەرلەمانی کرد، بڕوانە وێنەی ژمارە (٣) .

**وێنەی ژمارە (١)**

**کارتی دەنگدانی گشتی لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (١٩٩٢/٥/١٩)**




سەرچاوە: محمدی حاجی محمود، ڕۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك، بەرگی چوارەم ١٩٩٢-١٩٩٦، چاپی یەکەم، چاپخانە و ئۆفسێتی دیلان، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٦٩٧.

**وێنەی ژمارە (٢)**

**کارتی دەنگدانی پێکهاتەی کلد و سریان و ئاشوری لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (١٩/ ٥/ ١٩٩٢)**




سەرچاوە: سامي البازي، احزاب مصطنعة والحزب الديمقراطي الكداني خير مثال،

http://www.ankawa.com/forum/index.php?topic=٥٦٢٨٢١.٠,١٦february٢٠١٩.

(*)- بەرەی کوردستانی لە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٤/٨دا بڕیاری دا بە" تەرخانکردنی"٥"کورسی لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بۆ کەمە نەتەوایەتیی ئاشوری بە هەموو تایەفەکانیانەوە بە (کلدانی کاثۆلیک و کڵێسای ڕۆژهەڵاتی ئاشوری"نەستووری" و سریانی ئەوانی دیکە) هەڵبژاردنیان لە لایەن ڕۆڵەکانی گەلی ئاشوری و لە دایەرەی هەڵبژاردنی تایبەت بەخۆیانەوە بە شێوەیەکی دیموکراتی ئەنجام دەدرێ کە لەگەڵ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە (١) کە لە ڕۆژی ٨/ ٤/ ١٩٩٢دا دەرچووە بگونجێت": بەرەی کوردستانی، بڕیارێکی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی، ١٩٩٢/٤/٨، ل١٠٩.

**وێنەی ژمارە (٣)**

**وێنەی کارتی دەنگدانی هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (٢٠٠٥/١/٣٠)**




سەرچاوە: لە ئەرشیفی مەریوان عارف علی، بەڕێوەبەری هونەری لە ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان.

**سێیەم: لیستە بەشداربووەکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان ( ٢٠٠٩/٧/٢٥)**

لەم خولەدا (٢٤) لیست ململانێیان کرد بۆ بردنەوەی زۆرترین کورسی لە کۆی (١١١) کورسی پەرلەمانی کوردستان، بڕوانە وێنەی ژمارە (٤) .

**وێنەی ژمارە (٤)**

**نمونەی کارتی دەنگدانی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)**




سەرچاوە: لە ئەرشیفی دیار وریا حەمە، هۆبەی (التنسيق والدعم الميداني)، دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان.

**چوارەم: لیستە بەشدار بووەکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان ( ٢٠١٣/٩/٢١)**

لە هەڵبژادنی ئەم خولەدا (٣١)[1]لیست[*]چونە کێبڕکێی هەڵبژاردن بە ئامانجی بردنەوەی زۆرترین کورسی پەرلەمانی لە کۆی (١١١) کورسی پەرلەمانی، بڕوانە وێنەی ژمارە (٥) .

(١)- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، اسماء مرشحي الكيانات والائتلافات السياسية للانتخابات برلمان اقليم كردستان- العراق، =

**وێنەی ژمارە (٥)**

**نمونەی کارتی دەنگدانی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)**



**سەرچاوە: لە ئەرشیفی دیار وریا حەمە، هۆبەی (التنسيق والدعم الميداني)، دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان.**

**پێنجەم: لیستە بەشداربووەکان لە هەڵبژاردنی خولەکانی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢ - ٢٠١٣)**

**بە گەڕانەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی هەرێم، دەبینین هەڵبژاردن لە دوای هەڵبژاردن ژمارەی لیستە بەشدار بووەکان لە زیاد بوون و هەڵکشانی بەردەوام دا بوون، بە جۆرێك هەڵبژاردن لە داوای هەڵبژاردن لیستی نوێ (هاوپەیمانی، پارت، کەسایەتی) بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنەکانیان کردووە و لە ململانێیەکی توندابوون بەمەستی سەرکەوتن بۆ پەرلەمان و بەدەستهێنانی زۆرترین کورسی پەرلەمانی، بڕوانە شێوەی ژمارە (١) .**

**وەك لە شێوەی ژمارە (١) دەبینین لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا (١١) لیست بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەن، بەڵام پاش (١٣) ساڵ و لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا ژمارەی لیستەکان زیاد دەبێت بۆ(١٣) لیست و بە ڕێژەی (١٨,١٨٪)ی لیستەکانی خولی پێشوو زیاد دەبن، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا ژمارەی لیستە ململانێکارەکان دەبێت بە (٢٤) لیست، بە ڕێژەی (٨٤,٦٪)ی**

**لیستەکانی خولی پێشوو زیاد بووە، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا ژمارەکە بووە بە (٣١) لیست و بە ڕێژەی (٢٩,١٦٪)ی هەڵبژاردنی خولی پێشوو زیاد بووە.**

---

- http: //www. ihec. iq/ar/index. php/elections- kurd٢٠١٣. html,٢١March٢٠١٧.

(*)- لەم خولەی پەرلەماندا (٣٩) لیست لە لایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەو پەسەند کرا، بەڵام تەنها (٣١) لیست یان هاوپەیمانێتی بەشداری پرۆسەکەیانکرد کە (٢) لیست لە هاوپەیمانێتی پێکهاتبوون، هەرچی پێکهاتەکانیش بوو بە( ١٧) لیست بەشدارییانکرد بەم جۆرە: تورکمان ( ٦ ) لیست، مەسیحی ( ٦ ) لیست، ئەرمەن (٥) لیست، سەرجەمی بەربژێر (بەربژێر)ەکانیش ( ١,١٢٩ )بوون، لەم ژمارەیە ( ٧٦٣) لە ڕەگەزی نێر و (٣٦٦) لە ڕەگەزی مێ بوون: المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، احصائيات انتخابات برلمان اقليم كردستان العراق٢٠١٣، غير منشور، بدون رقم الصفحة.

**شێوەی ژمارە (١)**

**لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنی خولی (یەکەم - چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢- ٢٠١٣)**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە سەرچاوەی وێنەی ژمارە (١، ٢، ٣، ٤ ، ٥) .**

## تەوەری دووەم: لیستە سەرکەوتوەکان لە هەڵبژاردنی خولی (یەکەم – چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢- ٢٠١٣):

لە بەرامبەر زیاد بوونی ژمارە لیستە بەشداربووە ململانێکارەکانی خولە یەك لە دوا یەکەکانی هەڵبژاردندا، ژمارەی لیستە سەرکەوتوەکانیش بۆ پەرلەمان خول لە دوای خول زیاتر دەبێت، بڕوانە شێوەی ژمارە (٢)

بە سەرنج دان لە شێوەی ژمارە (٢) دەبینین لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا (٤) لیست سەرکەوتوون بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، بریتیبوون لە لیستەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان و زەحمەتکێشانی کوردستان، بزوتنەوەی ئاشوری دیموکراتی کوردستان، یەکگرتوی مەسیحیەکانی کوردستان)، بەلاَم لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا ژمارەی لیستە سەرکەوتووەکان دەبێت بە (٣)(*)لیست واتە دابەزینی ژمارەی لیستە بەشداربووەکان بەرێژەی (٢٥٪)ی خولی یەکەم، لیستەکانیش بریتین لە (لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانی عێراق، زەحمەتکێشانی کوردستانی)، ژمارەی لیستە سەرکەوتوەکان هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەماندا دەبن بە (١١)(**)لیست، واتە زیادبوون بە ڕێژەی (٢٦٦,٧٪) کۆی لیستە

---

(*)- ئەو سێ لیستەی سەرکەوتن بۆ پەرلەمان پێکهاتبوو لە لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان کە پێکهاتبوون لە هاوپەیمانێتی نێوان ( پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، حزبی شیوعی کوردستان، ئاشوریەکان، تورکمانەکان، سەربەخۆکان، پارتی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان)، لیستی کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان، لیستی زەحمەتکێشانی کوردستان: پەرلەمانی کوردستان، ئەندامانی پەرلەمانی بۆ خولی دووەم ٢٠٠٥،

- http://www.kurdistan-parliament.org/Default.aspx?page=members&c=Presidency-Member٢٠٠٥,٥April٢٠١٨.

بەلاَم لە هەمان سایتی پەرلەمانی کوردستاندا لە مێژووی هەڵبژاردنی خولی دووەم ٢٠٠٥، سەربەخۆکانی لەگەڵ پارتی زەحمەتکێشانی کوردستان هەژمارکردووە نەك لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(**)- لیستە سەرکەوتوەکان بریتیبوون لە لیستی کوردستانی (پ. د. ك. و ی. ن. ك.)، لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەلاَیەتی، لیستی گۆڕان، لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی (یەکگرتوی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی، حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، حزبی ئایندەی کوردستان)، لیستی بزوتنەوەی ئیسلامی، لیستی ڕافیدەین، لیستی ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشوری، لیستی بزوتنەوەی گەلی تورکمان لە کوردستان، لیستی ئەرمەن، لیستی چاکسازی تورکمانی، لیستی تورکمانی هەولێر، پاشتر لە ئەنجامی جیابوونەوەی دوو ئەندام پەرلەمان لە هەردوو فراکسیۆنی کوردستانی و بزوتنەوەی گۆڕان لیستێکی تر دروستکرا بە ناوی لیستی سەربەخۆکان. پەرلەمانی کوردستان، ئەندامانی پەرلەمان بۆ خولی سێیەم ٢٠٠٩،

- http: //www. kurdistan- parliament. org/Default. aspx?page=members&c=Presidency- Member٢٠٠٩,٢March٢٠١٨.

**سەرکەوتوەکانی هەڵبژاردنی خولی دووەم، لیستە سەرکەوتووەکانیش بریتی بوون لە: (کوردستانی، گۆڕان، خزمەتگوزاری و چاکسازی، ئازادی و عەدالەتی کۆمەلآیەتی، بزوتنەوەی ئیسلامی، ڕافیدەرین، ئەنجومەنی میللی کلدانی سریانی ئاشوری، دیموکراتی تورکمانی لە کوردستان، تورکمانی هەولێر، چاکسازی تورکمانی، ئەرمەن) ، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەماندا ژمارەی لیستە سەرکەوتوەکان دەبێت بە (١٧)(*)لیست واتە زیاد بوون بەڕێژەی(٥٤,٥٪) کۆی لیستە سەرکەوتووەکانی خولی سێیەم، ئەوانیش بریتیبوون لە لیستەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان، بزوتنەوەی گۆران، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ڕافیدەین، ئەرمەن، کۆمەڵی ئیسلامی، یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، پێشکەوتنی تورکمان، بەرەی تورکمانی، گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمان، هەولێری تورکمانی، ئاڕاستەی سێیەم، گردبوونەوەی گەلی کلدانی سریانی ئاشوری، ئەبناء ئەلنەهرین، بزوتنەوەی ئیسلامی، سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، ئازادی).**

**شێوەی ژمارە (٢)**

**لیستە سەرکەتووەکانی هەڵبژاردنی خولی (یەکەم - چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢- ٢٠١٣)**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەرگرتن لە : أ- پەرلەمانی کوردستان، ئەندامانی پەرلەمان بۆ خولی دووەم ٢٠٠٥،**

-http://www.kurdistan-parliament.org/Default.aspx?page=members&c=Presidency-Member٢٠٠٥,٥April٢٠١٨.

**ب- پەرلەمانی کوردستان، ئەندامانی پەرلەمان بۆ خولی سێیەم ٢٠٠٩،**

-http://www.kurdistan-parliament.org/Default.aspx?page=members&c=Presidency-Member٢٠٠٩,٥April٢٠١٨.

**ت- پەرلەمانی کوردستان، ئەندامانی پەرلەمانی بۆ خولی چوارەم٢٠١٣،**

-http://www.kurdistan-parliament.org/Default.aspx?page=members&c=Presidency-Member٢٠١٣, ٥April٢٠١٨.

## تەوەری سێیەم: سیستەمە بەکارهاتووەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان:

**پاش ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ ی گەلی کوردستان، بەرەی کوردستانی یەکەم بڕیاری بە ناونیشانی (بڕیارێکی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی) لە ٨/نیسانی/١٩٩٢ دەرکرد، تایبەت بوو بە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی**

(*)- لیستە سەرکەوتوەکان بریتیبوون لە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لیستی گۆڕان، لیستی ڕافیدەین، لیستی ئەرمەن، لیستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، لیستی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، لیستی پێشکەوتنی تورکمان، لیستی بەرەی تورکمانی، لیستی گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمان، لیستی هەولێری تورکمانی، لیستی ئاڕاستەی سێیەم، لیستی گردبوونەوەی گەلی کلدانی سریانی ئاشوری، لیستی ئەبناء ئەلنەهرین، لیستی بزوتنەوەی ئیسلامی، لیستی حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، لیستی ئازادی. پەرلەمانی کوردستان، ئەندامانی پەرلەمان بۆ خولی چوارەم ٢٠١٣،

- http: //www. kurdistan- parliament. org/Default. aspx?page=members&c=Presidency- Member٢٠١٣,٢March٢٠١٣.

**عێراق[١]، پاشان یەکەم هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە ١٩/مایس/١٩٩٢ ئەنجام دار، بە سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی (التمثیل النسبي)، بە لیستی داخراو[٢].**

**پاشان لە٣٠ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥ دا، خولی دووەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ئەنجامدرا کە هاوکات بوو لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، بەسیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی[٣]و بە لیستی داخرا و بوو. بەڵام ئەگەر پارتێك لە ناو کۆمەڵە پارتێکی ڕامیاری یەك نەتەوەی وەك (تورکمان، کلدان، ئاشور، ئەرمەنی، عەرەب) مام ناوەندی (معدل) هەڵبژاردنی بە دەستنەهێنا، ئەوا لەو بارەدا کام پارت لە پارتەکانی ئەو نەتەوەیە زۆرترین دەنگی هێنابێ، کورسییەکی دەدرێتی[٤].**

**هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٥ی تەمووزی ٢٠٠٩دا بە سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی و بە لیستی داخراو.ئەنجام دار[٥].**

**هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان لە٢١ی ئەیلولی ٢٠١٣، بە سیستەمی[*]نیمچەکراوە[٦]، لە دەنگدانی نهێنی ڕاستەوخۆدا[٧]و بە سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بەڕێوەچوو.**

---

(١)- بەرەی کوردستانی، بڕیارێکی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٩.

(٢)- پەرلەمانی کوردستان، خولی یەکەم ١٩٩٢،

- http: //www. kurdistan- parliament. org/Default. aspx?page=page&c=Parliament- History١٩٩٢, (١٠Ocotober٢٠١٦).

(٣)- پەرلەمانی کوردستان، خولی دووەم ٢٠٠٥،

- http: //www. kurdistan- parliament. org/Default. aspx?page=page&c=Parliament- History٢٠٠٥, (١٦December٢٠١٦).

(٤)- ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق، یاسای ژمارە (٤٧) ی ساڵی/٢٠٠٤ یاسای سێیەم هەموارکرنی یاسای ژمارە (١) ی هەموارکراوی ساڵی١٩٩٢ ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٤/١١/٢١، ل٣.

(٥)- پەرلەمانی کوردستان، مێژووی هەڵبژاردن خولی سێیەم ٢٠٠٩، سەرچاوەی پێشوو.

(*)- ڕاستییەکەی لیستی نیمچەکراوەیە نەك سیستمی نیمچەکراوە، دەشێت بە هەڵەیەکی چاپ بێت یان نەشارەزایی پێویست لە بواری زاراوەکانی هەڵبژاردن لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە.

(٦)- پەرلەمانی کوردستان، خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو.

(٧)- پەرلەمانی کوردستان- عێراق، یاسای ژمارە (١٥) ی ساڵی٢٠١٣ یاسای هەمواری حەوتەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان- عێراق ژمارە (١) ی ساڵی١٩٩٢ی هەموارکراو، ٢٠١٣/٦/١٩، ل١.

## خشتەی ژمارە(١٦)

## گۆڕانە دیمۆگرافییەکان لە هەڵبژاردنەکانی خولی ( یەکەم - چوارەم )ی پەرلەمانی کوردســـــان (١٩٩٢ -٢٠١٣)

| دیمۆگرافیا | پارێزگا | دهۆك | | | | هەولێر | | | | سلێمانی | | | | هەرێم | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | خولەکانی هەڵبژاردن | | | | خولەکانی هەڵبژاردن | | | | خولەکانی هەڵبژاردن | | | | خولەکانی هەڵبژاردن | | | |
| | | ١٩٩٢ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٣ | ١٩٩٢ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٣ | ١٩٩٢ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٣ | ١٩٩٢ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٣ |
| ژ.دانیشتوان | ژمارە | ٣١٣,٥٠٠ | ٥٦٢,٠٠٠ | ٩٦١,٨٨٠ | ١,١٥٨,٦٣٣ | ٩٦٣,٧٠٠ | ١,٣٤٥,٠٠٠ | ١,٤٢٨,٦٧٧ | ١,٦٥٧,٦٨٤ | ١,١٦١,٧٠٠ | ١,٦٥٩,٠٠٠ | ١,٦٣٥,١٩٣ | ١,٩٣١,٥٦٠ | ٢,٤٣٨,٩٠٠ | ٣,٥٦٦,٠٠٠ | ٤,٠٢٥,٧٥٠ | ٤,٧٤٧,٨٧٧ |
| | زیادبوون | - | ٢٤٨,٥٠٠ | ٣٩٩,٨٨٠ | ١٩٦,٧٥٣ | - | ٣٨١,٣٠٠ | ٨٣,٦٧٧ | ٢٢٩,٠٠٧ | - | ٤٩٧,٣٠٠ | ٢٣,٨٠٧- | ٢٩٦,٣٦٧ | - | ١,١٢٧,١٠٠ | ٤٥٩,٧٥٠ | ٧٢٢,١٢٧ |
| | تێکڕای گەشەی ساڵانە* (٪) | - | ٤,٥٩ | ١٤,٣٨ | ٤,٧٦ | - | ٢,٦ | ١,٥٢ | ٣,٧٩ | - | ٢,٧٨ | ٠,٣٦- | ٤,٢٥ | - | ٢,٩٧ | ٣,٠٨ | ٤,٢١ |
| | | ٦,٤٢ | | | | ٢,٦٢ | | | | ٢,٤٥ | | | | ٣,٢٢ | | | |
| (٪)دانیشتوانی بۆ هەرێم | | ١٢,٨٦ | ١٥,٧٦ | ٢٣,٨٩ | ٢٤,٤ | ٣٩,٥١ | ٣٧,٧٢ | ٣٥,٤٩ | ٣٤,٩٢ | ٤٧,٦٣ | ٤٧,٥٢ | ٤٠,٦٢ | ٤٠,٦٨ | - | - | - | - |
| هەڵبژێر | ژمارە | ١٧٨,٠٠٠ | ٤٠٤,٣٢٠ | ٥٢١,٣٠٦ | ٦١٢,٩٢٢ | ٣٤٠,٠٠٠ | ٧٩٥,٢٢٠ | ٨٩٦,٦٨٣ | ١,٠٠٣,٩٦٠ | ٤٥٠,٠٠٠ | ٩١٣,٦٤٦ | ١,٠٦٧,٢٥٩ | ١,١٩٧,٥١٧ | ١,١١٢,٠٠٠** | ٢,١١٣,١٨٦ | ٢,٤٨٥,٢٤٨ | ٢,٨١٤,٣٩٩ |
| | زیادبوون | - | ٢٢٦,٣٢٠ | ١١٦,٩٨٦ | ٩١,٦١٦ | - | ٤٥٥,٢٢٠ | ١٠١,٤٦٣ | ١٠٧,٢٧٧ | - | ٤٦٣,٦٤٦ | ١٥٣,٦١٣ | ١٣٠,٢٥٨ | - | ١,٠٠١,١٨٦ | ٣٧٢,٠٦٢ | ٣٢٩,١٥١ |
| | تێکڕای گەشەی ساڵانە(٪) | - | ٦,٥١ | ٦,٥٦ | ٤,١٣ | - | ٦,٧٥ | ٣,٠٥ | ٢,٨٧ | - | ٥,٦ | ٣,٩٦ | ٢.٩٢ | - | ٥,٠٦ | ٤,١٤ | ٣,١٦ |
| | | ٦,٠٦ | | | | ٥,٢٩ | | | | ٤,٧٧ | | | | ٤,٥٢ | | | |
| (٪)هەڵبژێر/ دانیشتوانی پارێزگان | | ٥٦,٧٨ | ٧١,٩٤ | ٥٥,٢٣ | ٥٢,٩ | ٣٥,٢٨ | ٥٩,١٢ | ٦٢,٧٦ | ٦٠,٥٦ | ٣٨,٧٤ | ٥٥ | ٦٥,٢٦ | ٦٢ | ٤٥,٦ | ٥٩,٢٦ | ٦١,٧٣ | ٥٩,٢٧ |
| جیاوازی ڕێژە لەگەڵ تێکڕا | | ١١,١٨ | ١٢,٦٨ | ٦,٥- | ٦,٣٧- | ١٠,٣٢- | ٠,١٤- | ١,٠٣ | ١,٢٩ | ٦,٨٦- | ٤,٢٦- | ٣,٥٣ | ٢,٧٣ | - | - | | |

*- بەم یاسایەی ڕێژەی سەدی گەشەی دانیشتوان دەدۆزرێتەوە($r=(\sqrt[t]{\frac{pt}{po}}-1)*100$)، (r= ڕێژەی گەشە، t= ژمارەی ساڵەکان، pt= ژمارەی دانیشتوان لە سەرژمێری کۆتایی، po= سەرژمێری دانیشتوان لە سەرژمێری پێشوو.) سەرچاوە:
بیان علی حسین، سكان مدینە السلیمانیە(دراسە جغرافیە) رسالە ماجستیر(غیر منشور)، قدمت الی كلیە الاداب جامعە بغداد،٢٠٠١، ص ٥٢.

** - ئەم داتایە پارێزگای کەرکوکیشی لەگەڵە کە(١٤٤,٠٠٠)هەڵبژێریان بۆ تەرخانکردوە.

| پارێزگا / دیمۆگرافیا | | دهۆك | | | | هەولێر | | | | سلێمانی | | | | هەرێم | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | خولەکانی هەڵبژاردن | | | | خولەکانی هەڵبژاردن | | | | خولەکانی هەڵبژاردن | | | | خولەکانی هەڵبژاردن | | | |
| | | ١٩٩٢ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٣ | ١٩٩٢ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٣ | ١٩٩٢ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٣ | ١٩٩٢ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٣ |
| هەڵبژێر/ هەڵبژێری هەرێم | (٪) | ١٦,٠١ | ١٩,١٣ | ٢٠,٩٨ | ٢١,٧٨ | ٣٠,٥٧ | ٣٧,٦٣ | ٣٦,٠٨ | ٣٥,٦٧ | ٤٠,٤٧ | ٤٣,٢٤ | ٤٢,٩٤ | ٤٢,٥٥ | ١٠٠* | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |
| | بەراورد بە (٪)دانیشتوانی پارێزگان/ هەرێم | ٣,١٥ | ٣,٣٧ | ٢,٩١- | ٢,٦٢- | ٨,٩٤- | ٠,٠٩- | ٠,٥٩ | ١٠,٧٥ | ٧,١٦- | ٤,٢٨- | ٢,٣٢ | ١,٨٧ | - | - | - | - |

**سەرچاوە: سەرچاوە:کاری توێژەر بە بەسوود وەرگرتن لە: أ- سلێمان مستەفا حەسەن، کورد و یەکەم ئەزمون، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، ٢٠١٧، ل١٦١و٤٧٧. ب- جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٩٢، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٩٢، ص٣٦. ت- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق، ملخص لانتخابات برلمان اقليم كردستان٢٠٠٥، غير منشور، بدون رقم الصفحة. پ- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، ملخص لانتخابات برلمان اقليم كوردستان٢٠٠٩، غير منشور، بدون رقم الصفحة. ج- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، ملخص لانتخابات برلمان اقليم كوردستان٢٠١٣، غير منشور، بدون رقم الصفحة. ح - وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی،**
- http://www.mop.gov.krd/index.jsp?sid=١&id=٢٧١&pid=٢٧١,١٧July ٢٠١٧,p.٣.

**خ- دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕاپۆرتی بلاّونەکراوە، بەبێ ژمارە ل. بەکارهێنانی بەرنامەی(IBM SPSS Statistics v.٢٤).**

---

***- پارێزگای کەرکوك هەژمار نەکراوە، لەبەر ئەوەی تەنها لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بەشداری کردووە و لە خولەکانی تردا بەشداری پێنەکراوە، بۆیە ناتوانرێت بەروارد بکرێت بە خولەکانی تری پەرلەمان و جیاوازی گۆڕانکارییەکان دەستنیشان بکرێت، ئەمە جگە لەوەی تەنها دووبنکەی دەنگدان لە کۆی (١٦)بنکەی دەنگدان لە دەرەوەی پارێزگای سلێمانی بوون.**

# بەشی چوارەم:

# شیکردنەوەی جوگرافی بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی خولەکانی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢-٢٠١٣)

**باسی یەکەم: شیکردنەوەی جوگرافی بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی (پەرلەمان)ی کوردستان (١٩٩٢/٥/١٩)**

**باسی دووەم: شیکردنەوەی جوگرافی بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی ( پەرلەمان) کوردستان (٢٠٠٥/١/٣٠)**

**باسی سێیەم: شیکردنەوەی جوگرافی بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)**

**باسی چوارەم: شیکردنەوەی جوگرافی بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)**

**باسی پێنجەم: گۆڕانی شیکردنەوەی جوگرافی بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی خولەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی (پەرلەمانی) کوردستان(١٩٩٢ - ٢٠١٣).**

# بەشی چوارەم: شیکردنەوەی جوگرافی بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی خولەکانی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢-٢٠١٣)

لەم بەشەدا شیکردنەوەی جوگرافی بۆ ژمارە و ڕێژەی دەنگ و کورسی پەرلەمانی بەدەست هاتووی هەر لیستێکی هەڵبژاردن لە هەر چوار خولەکەی هەڵبژاردنی پەرلەمان (ئەنجومەنی نیشتمان)ی کوردستان دەکەین، ئەمە جگە لەوەی پارێزگای پاڵپشتی هەر لیستێکی بەشداری هەڵبژاردنەکان بە خشتە و نەخشە، چ لە سەر ئاستی پارێزگاکان، چ لەسەر ئاستی ناوچەی لێکۆڵینەوە دیاریدەکەین، لەو فاکتەرانەش دەدوێن کە کاریگەرییان لە سەر ژمارە و ڕێژەی دەنگی بەدەست هاتووی هەر لیستێکی بەشدار لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان هەبووە، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم بەشەمان دابەشی پێنج باس کردووە، کە بریتین لە:

## باسی یەکەم: شیکردنەوەی جوگرافی بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی (پەرلەمان)ی کوردستان (١٩٩٢/٥/١٩) :

لەم باسەدا، ژمارە و ڕێژەی دەنگ و کورسی هەر لیستێکی بەشداربووی پرۆسەکە دەخەینە ڕوو لەو هۆکارانەش دەدوێین کە ڕۆڵیان لە دیاریکردنی سەنگی هەڵبژاردنی هەر لیستێکی بەشداربووی پرۆسەکە هەبووە.

پاش ئەوەی پارتە ڕامیارییەکان لە سەر میکانیزمی هەڵبژاردن و یاسای هەڵبژاردن ڕێکەوتن و کەوتنە خۆ ئامادەکردن بۆ چونە ناو پرۆسەی بانگەشە، هەر پارتێك لە ڕێی ڕابردووی شۆڕشگێری و بەرنامەی هەڵبژاردن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بەڵێنی جۆراوجۆر لە ڕێی میدیا و ئەندام و کادرەکانیان لە شوێن و جوگرافییە جیاوازەکانی بەشە ئازادکراوەکانی باشوری کوردستان لە هەوڵی بەدەست هێنانی دەنگی دەنگدەراندابوون، سەرئەنجام پرۆسەکە بە یەك بازنە و بە لیستی داخراو(*) ئەنجام درا.

دەستەی باڵای سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، لە ٢٢-١٩٩٢/٥/٢٣ ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ڕاگەیاند، ئەنجامەکان بۆ هەر لیستێکی ململانێکار بە پێی شوێنی جوگرافی جیاواز بوو، بێگومان ئەویش پەیوەست بوو بە کۆمەڵێك هۆکاری جۆربەجۆر، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم باسە دابەشی دوو تەوەری دەکەین، ئەوانیش:

### تەوەری یەکەم: لیستە ململانێکارەکان بۆ کورسی گشتی:

(٧)لیست و هاوپەیمانی لە ململانێدابوون بۆ بەدەست هێنانی زۆرترین کورسی لە کۆی (١٠٠) کورسی ئەنجومەنی نیشتمانی، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ناوی لیست و هاوپەیمانێتییەکان و ژمارە و ڕێژەی دەنگیان بە پێی پارێزگاکان و ژمارە و ڕێژەی کورسی بە دەستهاتوویان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٩) .

وەك لە خشتەی ژمارە (٢٩) دەبینین (٩٦٧,٢٢٩) دەنگی دروست هەژمارکراوە بۆ لیستەکان، سەنگ و ژمارە و ڕێژە و کورسی بەدەست هاتووی هەر لیستێك تا لیستێکی تر جیاوازە، لە خوارەوە لە سەنگی هەڵبژاردنی هەر لیستێکی بەشداربووی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی دەدەوێین.

(*)- لە بڕگەی دووەم لە مادەی سی وحەوتەمی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە (١) ی ساڵی١٩٩٢دا هاتوە" هەڵبژاردنی سەرکەتووەکان لە نێوان پاڵێوراوەکان دا بۆ لایەنی خاوەنی لیستی هەڵبژاردنەکە بەجێ دێڵی و بۆ ئەوەی یەکێك لەم ڕێگایانەی خوارەوە بگرێتەبەر: ١- زنجیرە. ٢- بە هەڵبژاردن. ٣- بە قورعە. پەرلەمانی کوردستان، یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە (١) ی ساڵی١٩٩٢، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣.

### خشتەی ژمارە (٢٩)

### ژ.لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستە بەشداربووەکان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (١٩٩٢/٥/١٩)

| ژ.لیست | لۆگۆی لیست | لیست | پارێزگا | | | | | | | | سەرجەم | | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | دهۆک | | هەولێر | | کەرکوک | | سلێمانی | | | | | |
| | | | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) |
| ١ | | پارتی دیموکراتی کوردستان | ١٦٨,٦٨٣ | ٨٥,٤٧ | ١٥٢,١٤٣ | ٤٥,٥٨ | ٢٤,٦٠٤ | ٢٧,٩٣ | ٩٢,٤٤٩ | ٢٦,٥٧ | *٤٣٧,٨٧٩ | ٤٥,٢٧ | ٥٠ | ٥٠ |
| ٢ | | حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پاسۆک (یەکگرتن) | ١,٩٨٣ | ١,٠٠ | ٨,٨٨٣ | ٢,٦٦ | ٢,٠٣٨ | ٢,٣١ | ١١,٩٧٨ | ٣,٤٤ | ٢٤,٨٨٢ | ٢,٥٧ | ٠ | ٠ |
| ٣ | | گەل | ٦,٠٥١ | ٣,٠٧ | ٢,١٠١ | ٠,٦٣ | ٦٣٣ | ٠,٧٢ | ١,١١٨ | ٠,٣٢ | ٩,٩٠٣ | ١,٠٢ | ٠ | ٠ |
| ٤ | | دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان و شیوعی بێ لایەنەکان | ١,٥٤٦ | ٠,٧٨ | ١١,٠٤٧ | ٣,٣١ | ٢,٨٣٧ | ٣,٢٢ | ٥,٦٩٣ | ١,٦٤ | ٢١,١٢٣ | ٢,١٩ | ٠ | ٠ |
| ٥ | | ئیسلامی | ٣,٨٧٤ | ١,٩٦ | ١١,٠٩٢ | ٣,٣٢ | ٤,٨٠٨ | ٥,٤٦ | ٢٩,٣٣٤ | ٨,٤٣ | ٤٩,١٠٨ | ٥,٠٨ | ٠ | ٠ |
| ٦ | | دیموکراسی خوازە بێلایەنەکان | ٤٩ | ٠,٠٢ | ١٨٤ | ٠,٠٦ | ٥٥ | ٠,٠٦ | ٢١٣ | ٠,٠٦ | ٥٠١ | ٠,٠٥ | ٠ | ٠ |
| ٧ | | یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان | ١٥,١٨٤ | ٧,٧٠ | ١٤٨,٣٥٢ | ٤٤,٤٤ | ٥٣,١٢٩ | ٦٠,٣٠ | ٢٠٧,١٦٨ | ٥٩,٥٤ | ٤٢٣,٨٣٣ | ٤٣,٨٢ | ٥٠ | ٥٠ |
| سەرجەمی دەنگی دروست | | | ١٩٧,٣٧٠ | ١٠٠ | ٣٣٣,٨٠٢ | ١٠٠ | ٨٨,١٠٤ | ١٠٠ | ٣٤٧,٩٥٣ | ١٠٠ | ٩٦٧,٢٢٩ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە سودوەرگرتن لە: سلێمان مستەفا حەسەن، کورد و یەکەم ئەزمون، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، ٢٠١٧، ل٤٧٧و ٤٨٩-٤٩٢.

**١- لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

**پارتی دیموکراتی کوردستان بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنەکانی کرد و توانی (٤٣٧,٨٧٩) دەنگ و ڕێژەی (٤٥,٢٧٪)ی سەرجەمی دەنگی لیستەکانی هەرێم و ڕێژەی (٥٠,٨٢٪) دەنگی لیستە سەرکەوتوەکان و (٥١) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت،**

**بەلاّم پاش ڕێکەوتنی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان بڕیاریاندا (٥٠٪) بە (٥٠٪)(**)کورسییەکانی پەرلەمان لە نێوان هەردوو لیستە براکەوەکەدا دابەش بکەن(١)، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٧) .**

**هۆکارەکانی بەدەست هێنانی ڕیزبەندی یەکەم لە یەکەم ئەزمونی هەڵبژاردن لە لایەن ئەم لیستەوە دەگەڕێنەوە بۆ:**

(*)- لە وێبسایتی پەرلەمانی کوردستاندا ژمارەی دەنگی پارتی دیموکراتی کوردستان (٤٣٧,٨٨٩) دەنگە، ئەمەش (١٠) دەنگی زیاترە لە دەستنوسی حاکم ئەمیر حەویزی سەرۆکی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: أ- سلێمان مستەفا حەسەن، کورد و یەکەم ئەزمون، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧٧و ٤٨٩- ٤٩١. ب- پەرلەمانی کوردستان، مێژووی هەڵبژاردن خولی یەکەم ١٩٩٢، سەرچاوەی پێشوو.

(**)- ئەم پرۆسەیە (پرۆسەی دابەشکردنی یەکسانی کورسییەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە نێوان هەردوو پارتی سەرەکی) لە ناو دانیشتوانی کوردستاندا لەو ڕۆژانەدا بە (ففتی بە ففتی) ناسرابوو، ئەمەش بە مانای پەنجا بە پەنجا دەهات بە زمانی ئینگلیزی.

(١)- المجموعة القانونية الدولية لحقوق الانسان، انتخابات بلا حدود تقرير حول انتخابات مايس ١٩٩٢ في كوردستان العراق، مصدر سابق، ص٩- ١٠.

أ- بوونی سەرکردایەتییەکی کاریزمای بەهێز[1].

ب- قوڵی ڕەگ و ڕیشەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە نێو کۆمەڵگای کوردستاندا، بۆ ماوەیەکی زۆر دۆزی کورد و کوردستان بەناوی ئەم پارتەوە بووە[2](خەباتکەری ئەم دۆزە بوون- توێژەر).

ت- هەڵگیرساندنی گەورەترین شۆڕشی چەکداری و هۆشیارکردنەوەی کوردستانیان بە مافە نیشتمانی و نەتەوەییەکانیان.

پ- خاوێنی ڕابوردووی ئەم پارتە لە ڕابووردوودا و کۆتایی پێهێنانی شۆڕش لە سەر کەرکوك[3] و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی سنوری ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

ج- قوربانیدانی بارزانییەکان بە گیان و خوێنی تەنانەت هۆزەکەشیان تا نزیکبوونەوە لە کۆتایی هاتنی ڕەگەزی نێرینە لە هۆزی بارزان لە ئەنجامی هەڵگیرساندنی شۆڕش و پاڵپشتیکردنی شۆڕشی ئەیلول و گوڵان.

ح- داواکاری یەك لە دوایەکی مسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کاتی ووتاردان بۆ ئاپۆڕەی جەماوەری ڕاپەڕیوی ناوچە ئازادکراوەکانی باشوری کوردستان لە ئازاری ١٩٩١دا.

خ- بوونی دەزگای میدیای بیستراو و خوێندراو، کاریگەری زۆری لە ئاشناکردنی دەنگدەران بە پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرنامەی هەڵبژاردن و چالاکییە جۆربەجۆرە ڕامیاری و سەربازییەکانی ئەم پارتە هەبوو.

د- نزیکی بنەماڵەی بارزان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە بیروباوەڕی ئاینی و گرنگیدان پێ وەك لە بڕگەی هەشتەمی بەرنامەی هەڵبژاردنیاندا هاتوە"بایەخ دان بە ئاینی پاکی ئیسلام...تاد. و ڕێزگرتنی پیاوانی ئاینی... تاد. هەوڵدان بۆکردنەوەی ئامژگای ئاینی و، ڕێکخستنی کاروباری ئەوقاف. دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ئەو مزگەوت و کەنیسە مێژووییانەی کە وێرانکراون ...تاد".[4]

ژ- هەندێك لە دەنگدران پێیان وابووە دەنگدان بە پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکەوتنی ئەو پارتە، واتە دوورخستنەوەی جەنگ لە هەرێمی کوردستان و دەستپێکردنی گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی بەعس[5]، چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان بە پێچەوانەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ درێژەدان بوو بە گفتوگۆی نێوان بەرەی کوردستانی و ڕژێمی بەعس. تەنانەت لە بەرنامەی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستانیشدا هاتوە"پارتیمان، پارتی دیموکراتی کوردستان، چارەسەرەی کێشەی کورد لە چوارچێوەی (دیموکراتیەت بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان) دا بەدی دەکات، لەمەش دا بارودۆخ و هاوکێشە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان دەداتە چاو، لە سەرگرتنی ڕێگە چارەی ئاشتییانەی کێشەکەش سور دەبێ هەتا ئەوە بۆ گەلەکەمان هەڵسوڕی...تاد."[6]

ر-"کارئاسانیکردنی زیاتر لەچاو پارتەکانی تردا بۆ لەخۆگرتنی ئەندامان و لایەنگرانی ڕژێمی بەعس و چەکدار و ڕاوێژکار (المستشار)ەکان، ئاغاواتەکان"[7].

ز- ڕێکارەکانی پێش هەڵبژاردن و ڕۆژی هەڵبژاردن لە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای دهۆك، ئەمەش ڕاستەخۆی کاریگەری هەبوو لە سەر زیادبوونی ژمارەی دەنگدەران و زیاد بوونی دەنگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان چ لە سەر ئاستی ئەم پارێزگایە و چ لە سەر ئاستی ناوچەکانی تری هەڵبژاردن.

---

(١)- دیدار لەگەڵ بەڕێز خەسرەو گۆران، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەولێر، ٢٠١٨/١٠/٢٣.

(٢)- دیدار لەگەڵ بەڕێز ئەبوبەکر عەلی، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، سلێمانی، ٢٠١٨/١٠/١٨.

(٣) - مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١١١- ١١٣.

(٤)- پارتی دیموکراتی کوردستان، بەرنامەی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان/عێراق، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٦٢٠، کۆتایی نیسانی ١٩٩٢، ل١- ٢.

(٥)- المجموعة القانونية الدولية لحقوق الانسان، انتخابات بلا حدود تقرير حول انتخابات مايس ١٩٩٢ في كوردستان العراق، مصدر سابق، ص٧٢.

(٦)- پارتی دیموکراتی کوردستان، بەرنامەی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان/عێراق، ڕۆژنامەی خەبات، سەرچاوەی پێشوو، ل١- ٢.

(٧)- أ- دیدار لەگەڵ بەڕێز عمر محمد محمد کریم، ئەندامی ئەنجومەنی جێبەجێکردنی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان/سلێمانی، سلێمانی٢٠١٨/١٠/١٣.

ب- دیدار لەگەڵ بەڕێز ئەبوبەکر عەلی، سەرچاوەی پێشوو.

س- "بوونی ڕووبەرێکی جوگرافیای ئامنە (بادینان) کە دەبێتە هۆی پارسەنگی دەنگی پ.د.ک، جگە لە ئەنجامدانی کاری نایاسایی بۆ زیادکردنی دەنگ(*) بە شێوەیەکی بەرفراوان"[1].

ش- بەشداری پێکردنی کوردانی موصلّ و شەنگال و تەنانەت کوردانی باکوری کوردستانیش بەمەبەستی زیادکردنی دەنگی پارتی دیموکراتی کوردستان.[2]

سەرەڕای ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لیستی ژمارە یەك بوو لە بەدەست هێنانی ژمارەی دەنگەکان لە سەر ئاستی حکومەتی هەرێم، بەڵام ناوچەکانی پاڵپشتی لەم لیستە لە هەموو ناوچەکانی هەڵبژاردن (پارێزگاکان) چونیەك نەبوون، بۆ زانینی دابەشبوونی جوگرافی دەنگی ئەم لیستە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣٠) و نەخشەی ژمارە (٢٤) .

خشتەی ژمارە (٣٠)

ژ. لیست و لۆگۆ و ژ. و (٪) دەنگ و کورسی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (١٩/٥/١٩٩٢)

| ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی(**) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | ژ. | (٪) |
| ١ | | دهۆك | ١٦٨,٦٨٣ | ٩١,٧٤ | ٣٨,٥٢ | ١٩ | ٣٨ |
| | | هەولێر | ١٥٢,١٤٣ | ٥٠,٦٣ | ٣٤,٧٥ | ١٧ | ٣٤ |
| | | کەرکوك | ٢٤,٦٠٤ | ٣١,٦٥ | ٥,٦٢ | ٣ | ٦ |
| | | سلێمانی | ٩٢,٤٤٩ | ٣٠,٨٦ | ٢١,١١ | ١١ | ٢٢ |
| سەرجەم | | | ٤٣٧,٨٧٩ | ٥٠,٨٢ | ١٠٠ | ٥٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە سودوەرگرتن لەخشتەی ژمارە (٢٩).

ئەگەر سەرنج بدەین لە خشتەی ژمارە (٣٠) دەبینین ئەم لیستە توانی لە پارێزگای دهۆك (١٦٨,٦٨٣) دەنگ وبە ڕێژەی (٩١,٧٤٪) کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای (١٩) کورسی ئەنجومەنەکە دەنگی ئەم پارێزگایە بەدەستبهێنێت، لە پارێزگای هەولێر (١٥٢,١٤٣) دەنگ و ڕێژەی (٥٠,٦٣٪) دەنگی لیستە سەرکەتووەکان و بە بەهای (١٧) کورسی ئەنجومەنەکە دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای کەرکوك (٢٤,٦٠٤) دەنگ و بە ڕێژەی (٣١,٦٥٪) دەنگی لیستە سەرکەتووەکان و بە بەهای (٣) کورسی ئەنجومەنەکە دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (٩٢,٤٤٩) دەنگ و بە ڕێژەی (٣٠,٨٦٪) دەنگی لیستەکان و بە بەهای (١١) کورسی ئەنجومەنەکە دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە.

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و (٣٨,٥٢٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٣٨٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە و بە ڕێژەی (٣٤,٧٥٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٣٤٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای کەرکوك پاڵپشتی زۆر لاوازی ئەم لیستە بووە و بە ڕێژەی (٥,٦٢٪)

---

(*)- بۆ زانینی قەبارەی ئەنجامدانی کاری ناسایی بۆ زیادکردنی دەنگ لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بڕوانە: بەدران ئەحمەد حەبیب، هەڵبژاردنەکانی کوردستان١٩ ئایار١٩٩٢ بەڵگەو دەستهاوێژ، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩- ٩٦.

(١)- دیدار لەگەڵ بەڕێز عمر محمد محمد کریم، سەرچاوەی پێشوو.

(٢) - دیدار لەگەڵ بەڕێز نەریمان مەجید سعید، ئەندامی دەزگای هەڵبژارنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دەزگای هەڵبژاردن، ٢٠١٨/١١/٥.

(**)- لەبەر ئەوەی لیستەکان داخراوبوو، دەنگدەر دەنگی بە لیست دابوو نەك بە بەربژێر، لەبەر ئەوەی ناوچە ئازادکراوەکانیش یەك بازنەی هەڵبژاردن بوو هیچ کورسییەك بۆ پارێزگاکان دیاری نەکرابوو، ناچارین بۆ زانینی ژمارەی کورسی بەدەست هاتووی هەر پارێزگایەك دەنگی لیستەکە دابەشی ژمارەی کورسییە بەدەست هاتوەکانی بکەین، پاشانیش دەنگی هەر پارێزگایەك دابەشی بەهای کورسییەك دەکەین و بەم جۆرە ژمارەی کورسییەکانی هەرپارێزگایەکمان بۆ دەردەچێت، بەڵام مەرج نیە بەربژێرە سەرکەوتووەکانی هەر پارێزگایەك هاوتابێت بە بەرکەوتەی ژمارەی کورسییە پەرلەمانییەکانی پارێزگاکە.

دەنگەکانی و بە بەهای (٦٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٢١,١١٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٢٢٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە.

**نەخشەی ژمارە (٢٤)**

**ژمارەی کورسییەکانی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (١٩٩٢/٥/١٩)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٣٠).

**هۆکارەکانی بەهێزی پاڵپشتی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك دەگەڕێنەوە بۆ:**

أ- ناوچەی بارزان و بارزانیەکان لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە پارێزگای هەولێرن، ئەمەش هۆکارێك بووە بۆ ئاشنابوونی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر بە شۆڕش و خەبات و بەرخۆدانی بارزانییەکان و کۆبوونەوەیان لە دەوری ئەو بزوتنەوەیە، تەنانەت ئەو کابینە وەزارییە کە بارزانی پێکیهێنا لە پێش نسکۆ لە چۆمان و حاجی هۆمەران[1] بوو، جگە لەوەی پاش نسکۆش پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك دوو پارێزگای سەرەکی ئەنجامدانی چالاکییەکانی سەرکردایەتی کاتی بوون، بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەم دوو پارێزگایە دوانەیەکی لێکدانەبڕاوبوون لە مێژووی هاوچەرخی باشوری کوردستاندا.

ب- بە پارێزگاکردنی دهۆك لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە، دەرئەنجامی جێبەجێکردنی یەکێك لە خاڵەکانی گفتوگۆی نێوان شۆڕشی کورد بەسەرۆکایەتی مستەفا بارزانی و حکومەتی عێراق بووە، ئەمە جگە لەوەی پارێزگای هەولێر قوڵایی ستراتیجی بۆ دروستکردووە و زیاتر لە هەر پارتێکی تری کوردستان ئەم پارێزگایەی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان یەکلایی کردۆتەوە.

(١) - کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، و. حەمە کریم عارف، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٤٠٠.

ت- نزیکی و ئاوێتەبوونی ڕێبەرانی شۆڕش و دانیشتوانی هەردوو پارێزگای دهۆك و هەولێر زیاتر لە پارێزگاکانی تری هەرێم بۆ ئەم پارتە.

پ- **دەنگدانی وەك یەك**، ئەمەش کاریگەری هەبووە بۆ دەنگدانی ئەو دەنگدەرانەشی کە دەنگی خۆڵەمێشین بەم لیستە، ئەویش لە ئەنجامی نزیکی سەرکردایەتی ئەم لیستە لەم دووپارێزگایە و کارتێکەرە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆژی دەنگداندا.

هۆکارەکانی مامناوەندی پاڵپشتی پارێزگای سلێمانی و لاوازی پاڵپشتی پارێزگای کەرکوك دەگەڕێنەوە بۆ:

أ- "قەدەغەکردنی کارکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەم ناوچە جوگرافیایە لە ساڵی ١٩٧٤-ەوە"[١] و دورکەوتنەوەی بەشێك لە دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لە پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەویش لە ئەنجامی جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی لە سەرکردایەتی پارتی و دروستبوونی دووبەرەکی و تا گەیشتن بەشەڕی براکوژی لە نێوان ئەم دووباڵەدا.

ب- دروستبوونی هەستی دژە ئایدۆلۆجیای پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەن بەشێکی دانیشتوانی ئەم پارێزگایانەوە ئەویش لە ئەنجامی جیاوازی و دووری شوێنی جوگرافی و ئاستی ڕۆشنبیری لە سەرکردایەتی پارتەکە و کاریگەربوونی ئەم پارێزگایە بە بیروڕای ئەندامانی پێشووی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و ناسینەوەو ڕاوەدوونانی ئەو کەسانەی کە لایەنگری ئەم ئایدۆلۆجیایە بوون لە لایەن ئەندامان و لایەنگرانی باڵی مەکتەبی سیاسی پێشوو چ پێش و چ پاش هەماهەنگیان (پاڵدانە پاڵ میری) لەگەڵ حکومەتی عبدالسلام عارف و پاشتر ڕژێمی بەعس[٢].

٢- لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان:

ئەم لیستە لە یەکگرتنی چوار حزب پێکهاتبوو ئەوانیش بریتین بوون لە (یەکێتی نیشتمانی کوردستان، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، حزبی ڕزگاری کوردستان، ڕێکخستنی تێکۆشین) لە سەر دابەشکردنی ژمارەی کورسییە بەدەست هاتوەکان بە مجۆرە ڕێکەوتبوون: ڕێژەی (٨٪) بۆ حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان[*]، (١٪) بۆ هەر یەك لە حزبی ڕزگاری کوردستان و ڕێکخستنی تێکۆشین واتە ڕێژەی (٩٠٪) کورسییەکان بۆ ی.ن.ك و ڕێژەی (١٠٪) کورسییەکان بۆ هەر سێ پارتەکەی دی[٣].

ئەم لیستە بە ڕیزبەندی حەوتەمی لیستەکان چوە ململانێی هەڵبژاردنەوە، توانی (٤٢٣,٨٣٣) دەنگ، ڕێژەی (٤٣,٨٢٪) کۆی دەنگی لیستەکان و ڕێژەی (٤٩,١٨٪) دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و (٥٠) کورسی ئەنجومەنەکە بەدەستبهێنێت، هۆکارەکانی بەدەست هێنانی دەنگێکی زۆر و پلە دووی ڕیزبەندی لیستە براوەکان دەگەڕێنەوە بۆ:

أ- "یەکێتی نیشتمانی کوردستان توانی لە دوای ساڵی ١٩٧٦جێی خۆی بکاتەوە لە کوردستان بەگشتی و بە تایبەتتر لە ناوچە سۆران نشینەکاندا، ململانێ نێوان جەلالی و مەلایی هۆکار بوو بۆ پاوانکردنی نیمچەیی ئەوەی ئێستا پێی دەوترێ دەڤەری سەوز (جوگرافیای ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان- توێژەر)و نەوەی نوێش زیاتر لەم هێزەدا خۆی دەبینیەوە، بەهێزی ڕاگەیاندنەکەی زۆر سەرکەوتوانە توانی هانی خەڵکی بدات بۆ سەرکەوتنی ئەم لیستە"[٤].

ب- دەرکەوتنی ئەم هێزە وەك فریادڕەسێك لە شەوەزەنگی نائومێدی گەلی کوردا و هەڵگرتنی مەشخەڵی ئازادی.

ت- "بەهێزی ڕۆڵی ئەم پارتە لە سەرهەڵدانی ڕاپەرین لە باشوری کوردستان لە ئازاری ١٩٩١دا"[٥].

پ- بەهێزی و جەربەزەیی پێشمەگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دژ بە ڕژێمی بەعس.

---

(١)- دیدار لەگەڵ بەڕێز خەسرەو گۆران، سەرچاوەی پێشوو.

(٢)- مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٤، ل١٦٥- ٢٢٧.

(*)- پاش ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕێکەوتن بۆ دابەشکردنی یەکسانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، پشکی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بو بە چوار کورسی ئەنجومەنەکە، سێ کورسی درا بەم حزبە لە لایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە سەر داوای مام جەلال کورسی چوارەم درا بە بەربژێرێکی بێلایەن، پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز بەهمەن حوسین، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، ٢٠١٨/٩/١٨.

(٣)- المجموعة القانونية الدولية لحقوق الانسان، انتخابات بلا حدود تقرير حول انتخابات مايس ١٩٩٢ في كوردستان العراق، مصدر سابق، ص٩.

(٤) - دیدار لەگەڵ بەڕێز ئەبوبەکر عەلی، سەرچاوەی پێشوو.

(٥) - دیدار لەگەڵ بەڕێز نەریمان مەجید سعید، سەرچاوەی پێشوو.

ج- زۆری چالاکییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە زۆرینەی پارێزگاکانی کوردستان بە تایبەتی پارێزگای سلێمانی و کەرکووک و هەولێر.

ح- "بانگەشەکردن بۆ فیدراڵی و مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلی کورد"[1]، ئەم دروشمانە هیوای بە گەلی کورد دەبەخشی کە چەند ساڵێکی کەم بوو توشی پرۆسەی جینۆساید (ئەنفال، کیمیای..تاد.) هاتبوو، بۆیە بەشێك لە کوردستانیان یەکێتی نیشتمانی کوردستانیان بە فریادڕەس دەزانی وپێیان وابوو دروست بوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لە سەر دەستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەبێت.

خ- "بوونی کەسایەتییەکی وەك مام جلال لە سەرکردایەتی ئەم حزبە و ئەنجامدانی کاری نایاسایی لە لایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەمەبەستی زیادکردنی دەنگەکانی"[2].

د- بەدەست هێنانی زیاتر لە نیوەی دەنگی ناوچەی هەڵبژاردنی (٤) لە چەمچەماڵ، کە خۆی لە (١٦) بنکەدا دەبینەوە و توانی (٥٣,١٢٩) دەنگ و ڕێژەی (١٢,٥٤٪) دەنگەکانی لەم ناوچەیە بەدەستبهێنێت، لە کاتیکدا بەکردار نە ئەم بنکانە بە تەنیا تایبەت بوون بە ئاوارەکانی پارێزگای کەرکوك، نە بنکەکانی پارێزگاکانی تر و بەتایبەت پارێزگای سلێمانی بە تەنها تایبەت بوون بە دانیشتوانی پارێزگاکە، بەڵکو هەر دەنگدەرێك لە شوێنی مەبەست و تەنها بە یەك ناسنامە توانیویەتی دەنگ بدات. دابەشبوونی جوگرافی ژمارە و ڕێژەی دەنگ و کورسی ئەم لیستە جیاوازبوو، بڕوانە خشتە ژمارە(٣١)و نەخشەی ژمارە (٢٥).

خشتەی ژمارە (٣١)

ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی و لیستی یەکێتی نیشمانی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (١٩٩٢/٥/١٩)

| ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی(*) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | ژ. | (٪) |
| ٧ | | دهۆك | ١٥,١٨٤ | ٨,٢٦ | ٣,٥٨ | ٢ | ٤ |
| | | هەولێر | ١٤٨,٣٥٢ | ٤٩,٣٧ | ٣٥ | ١٨ | ٣٦ |
| | | کەرکوك | ٥٣,١٢٩ | ٦٨,٣٥ | ١٢,٥٤ | ٦ | ١٢ |
| | | سلێمانی | ٢٠٧,١٦٨ | ٦٩,١٤ | ٤٨,٨٨ | ٢٤ | ٤٨ |
| سەرجەم | | | ٤٢٣,٨٣٣ | ٤٩,١٨ | ١٠٠ | ٥٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە:کاری توێژەر بە سودوەرگرتن لە: سلێمان مستەفا حەسەن، کورد و یەکەم ئەزمون، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، ٢٠١٧، ل٤٧٧و ٤٨٩-٤٩٢.

بە ڕوانین لە خشتەی ژمارە (٣١) و نەخشە ژمارە (٢٥) دەبینین، ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆك (١٥,١٨٤) دەنگ و ڕێژەی (٨,٢٦٪) دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای (٢) کورسی ئەنجومەنەکە دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای هەولێر (١٤٨,٣٥٢) دەنگ و ڕێژەی (٤٩,٣٧٪) دەنگی لیستەکان و بە بەهای (١٨) کورسی ئەنجومەنەکە دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای کەرکوك (٥٣,١٢٩) دەنگ و ڕێژەی (٦٨,٣٥٪) کۆ دەنگی لیستەکان و بە بەهای (٦) کورسی ئەنجومەنەکە دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (٢٠٧,١٦٨) دەنگ و ڕێژەی (٦٩,١٤٪) کۆی دەنگی لیستەکان و بە بەهای (٢٤) کورسی ئەنجومەنەکە دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە.

---

(١)- المجموعة القانونية الدولية لحقوق الانسان، انتخابات بلا حدود تقرير حول انتخابات مايس ١٩٩٢ في كوردستان العراق، مصدر سابق، ص١٠٢.

(٢)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز خەسرەو گۆران، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەولێر، ٢٠١٨/١٠/٢٤.

(*)- هەمان شێوازی پێشووی دابەشکردن کورسییەکانی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێژەکە دەرهێنراوە.

نەخشەی ژمارە (٢٥)

ژمارەی کورسییەکانی لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و زەحمەتکێشانی کوردستان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (١٩٩٢/٥/١٩)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٣١).

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی زۆر لاوازی ئەم لیستە بووە بە ڕێژەی (٣,٥٨٪) دەنگەکانی لیستەکە و بە بەهای (٤٪) کورسییەکانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە و بە ڕێژەی (٣٥٪) دەنگەکانی ئەم لیستە و بە بەهای (٣٦٪) کورسییەکانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، پارێزگای کەرکوك پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (١٢,٥٤٪) دەنگەکانی ئەم لیستە و بە بەهای (١٢٪) کورسییەکانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و بە ڕێژەی (٤٨,٨٨٪) دەنگەکانی ئەم لیستە و بە بەهای (٤٨٪) کورسییەکانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە.

هۆکارەکانی بەرزی پاڵپشتی پارێزگای سلێمانی بۆ لیستی سەوز دەگەڕێنەوە بۆ:

أ- یەکلابوونەوەی ئەم پارێزگایە بۆ هێزی ی. ن.ك لە پاش جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی لە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان.

ب- بەرزی ڕادەی گونجاوی لە زمان و فەرهەنگی سەرکردایەتی ئەم حزبە لەگەڵ دانیشتوانی ئەم پارێزگایە.

جەربەزەیی و زۆری چالاکی ئەم پارتە چ لە ناو شار و چ لە قەزا و ناحیەکانی شاری سلێمانی دژ بە داگیرکەرانی کوردستان.

ت- بەشداری کارای یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ڕاپەڕین چ لە بەرنامە ڕێژی ڕاپەڕین، چ لە جەنگاندنی دژی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی بەعس.

پ- بوونی میدیایەکی بەهێز و زیندووی بیستراو (ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان)، بینراو (تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان(*))، خوێندراو (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ) .

ج- "زۆری ئەندامان و لایەنگرانی خوێنگەرمی ئەم لیستە لەو ناوچانەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان مەیدانی چالاکی بوون و چۆڵکردن و هەڵکەندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو ناوچانەی شۆڕشی نوێی تێدا هەڵگیرسا"(١).

ح- پێکهێنانی هاوپەیمانێتی لە نێوان چوار پارتی ڕامیاریدا کاریگەری هەبووە لە کۆکردنەوەی دەنگی دەنگدەرانی هەرچوار پارتەکە، سەرئەنجام لە بەرژەوەندی لیستەکە شکاوەتەوە.

خ- دەنگدانی دەنگدەرانی ئاوارەکانی کەرکوك و ناوچە کوردستانییەکانی تر لە پارێزگای دیالە لە پارێزگای سلێمانی دەنگیان داوە(**).

د- ئەم لیستە لە ڕۆژی هەڵبژاردندا بە شێوەیەکی فراوان هەستاوە بە ئەنجامدانی کاری نایاسایی لە پارێزگای سلێمانی و ناوچەکانی دی بەمەبەستی زیادکردنی دەنگ.

ئەم لیستە لە سەردەمی خەباتی شاخدا بەشێوەیەکی زۆر فراوان چالاکی هەبوو لە هەردوو پارێزگای هەولێر و کەرکوکدا، بەڵام هۆکاری کەمی دەنگی ئەم پارتە لە پارێزگای کەرکوك دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ژمارەی دەنگدەران لەو بنکانەی دەنگدان کە تەرخانکرابوون بۆ دەنگدانی ئاوارەکانی کەرکوك لە چاو ڕێژەی بەشداری دەنگدەران لە سەر ئاستی هەرێم، بە پێچەوانەوە بەرزترین ڕێژەی دەنگی بەدەست هێناوە لە چاودەنگی بەدەست هاتووی پارتە بەشداربووەکانی تردا تەنانەت لە پارێزگای سلێمانیش، هۆکاری بەرزی ڕێژەی دەنگی لیستی سەوز لەم پارێزگایە لەچاو دەنگی لیستە بەشداربووەکانی تر دەگەڕێتەوە بۆ بەشداری کارای یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پێشمەرگەکانی ئەم پارتە لە ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ی شاری کەرکوك و پێشکەشکردنی شەهیدێکی زۆر بەم شارە.

هۆکارەکانی مامناوەندی دەنگی ئەم لیستە لە پارێزگای هەولێر دەگەڕێنەوە بۆ:

أ- هەبوونی لیستی بەهێزی تری ململانێکار، لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بە نمونە.

ب- بەشداری دەنگدەرێکی زۆر لەم پارێزگایە و پەرشبوونەوەی دەنگەکانیان بەسەر پارتەکانی تردا، ئەگەر بەراوردی بکەین بە دەنگەکانی پارێزگای دهۆك کە زیاتر بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بوو.

هەرچی پارێزگای دهۆکیشە پاڵپشتێکی زۆر لاوازی ئەم لیستە بووە، "لە دوای ڕووداوی هەکارییەوە ئەم هێزە نەیتوانیوە پێگەی خۆی قایم بکات لەم دەڤەرەدا"(٢).

### تەوەری دووەم: لیستە ململانێکارەکان بۆ کورسی کۆتاکان(***):

لەم هەڵبژاردنەدا (٤) لیستی کریستیانی چونە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە بە ئامانجی بردنەوەی هەموو یان زۆرترین کورسی کۆتای ئەنجومەنەکە، سەرئەنجام (١١,٩٧١) دەنگدەری ئەم پێکهاتەیە بەشداری پرۆسەکەیان کرد (٥) نوێنەریان لە ئەنجومەنی نیشتمانی

(*)- تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان لە١٩٩١/٩/١١ وەك یەکەم تەلەفزیۆنی بینراوی کوردی لە دوای ڕاپەرین دەستی بە پەخشکرد: pukmedia، کەناڵی دایك یادی ٢٦ساڵەی دەکاتەوە،

- https: //www. pukmedia. com/KS_Direje. aspx?Jimare=١٠٢٧٣٤,١٩August٢٠١٨.

(١)- دیدار لەگەڵ بەڕێز عمر محمد محمد کریم، سەرچاوەی پێشوو.

(**)- بێگومان ئاوارە هەڵهاتووەکانی ژێر دەسەڵاتی بەعس لە هەر شوێنێکی هەرێم بوبێتن لەو ساتەوەختەدا دەنگیان داوە و هیچ ڕێگریەك نەبووە بۆ دەنگنەدانیان.

(٢) - دیدار لەگەڵ بەڕێز عمر محمد محمد کریم، سەرچاوەی پێشوو.

(***)- نەبوونی کۆتای تورکمان لەم خولەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕەنگە تورکمانەکان وەك پێکهاتە خۆیان نەناساندبێت، جگە لەوەی وەك مەسیحیەکانیش دینیان جیاواز نیە، پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز ماجد عوسمان تۆفیق، ئەندام پەرلەمانی خولی چوارەمی کوردستان لە سەر لیستی هەولێری تورکمان، ٢٠١٨/١٠/٩.

کوردستان دەستنیشانکرد، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ژمارە و ڕێژەی دەنگ و کورسی لیستە کریستیانەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣٢) .

خشتەی ژمارە (٣٢)

ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستی پێکهاتەی کلد و سریانی و ئاشوری بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (١٩/٥/١٩٩٢)

| ژ. لیست | لۆگۆی لیست | لیست و هاوپەیمانی | ژمارە و ڕێژەی دەنگ بە پێی ناوچەی هەڵبژاردن (پارێزگا) | | | | | | | | دەنگ | | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | دهۆک | | هەولێر | | کەرکوک | | سلێمانی | | | | | |
| | | | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) |
| ١ | | بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری | ٥,٥٦٠ | ٧١,٠٧ | ٩٠٠ | ٢٢,٦٠ | ٠ | ٠ | ٨٣ | ٥٠,٠٠ | ٦,٥٤٣ | ٥٤,٦٥ | ٤ | ٨٠ |
| ٢ | | دیموکراتی مەسیحی | ١٨١ | ٢,٣٢ | ٣٤٧ | ٨,٧٢ | ٠ | ٠ | ٩ | ٥,٤٢ | ٥٣٧ | ٤,٤٩ | ٠ | ٠ |
| ٣ | | کلد و ئاشوری دیموکراتی | ٢٤١ | ٣,٠٨ | ١٨٥٥ | ٤٦,٥٨ | ٠ | ٠ | ٣٨ | ٢٢,٨٩ | ٢,١٣٤ | ١٧,٨٣ | ٠ | ٠ |
| ٤ | | مەسیحی یەکگرتوی کوردستان | ١,٨٤١ | ٢٣,٥٣ | ٨٨٠ | ٢٢,١٠ | ٠ | ٠ | ٣٦ | ٢١,٦٩ | ٢٧٥٧ | ٢٣,٠٣ | ١ | ٢٠ |
| سەرجەم | | | ٧,٨٢٣ | ١٠٠ | ٣,٩٨٢ | ١٠٠ | ٠ | ٠ | ١٦٦ | ١٠٠ | ١١,٩٧١ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ |

سەرچاوە:کاری توێژەر بەسود وەگرتن لە: بەدران ئەحمەد حەبیب، هەڵبژاردنەکانی کوردستان١٩ ئایار ١٩٩٢، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨، ل٣٠.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ژمارە و ڕێژەی دەنگی بە دەستهاتووی لیستە سەرکەتووەکانی ئەم پێکهاتەیە لە هەر یەکەیان دەدوێین، ئەوانیش:

١- لیستی بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری:

ئەم لیستە بە ڕیزبەندی ژمارە (١) چووە پرۆسەی هەڵبژاردن و توانی (٦,٥٤٣) دەنگ و ڕێژەی (٥٤,٦٥٪) کۆی دەنگی لیستەکانی کلدو سریانی ئاشوری و ڕێژەی (٧٠,٣٥٪) کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و (٤) کورسی ئەنجومەنەکە بەدەستبهێنێت، هۆکارەکانی بەدەست هێنانی زۆرترین دەنگ و ڕیزبەندی یەکەم لە لایەن ئەم لیستەوە دەگەڕێنەوە بۆ:-

أ- یاسای هەڵبژاردن ڕێی بە دەنگدەری کریستیانی دا تەنها دەنگ بدەن بە پێکهاتەکەی خۆیان.

ب- تەنها مەسیحییەکان دەنگیان دا بەم لیستە (دەنگدەر پێکهاتەی تر بەشدار نەبوو- توێژەر)

ت- نوێنەری ڕاستەقینەی مەسیحیەکانی کوردستان بوون، و حزبی دروستکراو نەبوو بە ناوی پێکهاتەی مەسیحیەکانەوە[1] .

پ- ناسراوی و دێرینی خەباتی ئەم لیستە دژی دەسەڵاتدارە عێراقییەکان.

ج- بە پێی یاسای هەڵبژاردنی بەرەی کوردستانی مەسیحەکان بنکەی هەڵبژاردنی تایبەت بەخۆیان هەبوو تەنها مەسیحیەکان دەنگیان بە بەربژێرەکانی خۆیان دا[2]. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دابەشبوونی جوگرافی دەنگی ئەم لیستە بڕوانە خشتەی ژمارە (٣٣)و نەخشەی ژمارە (٢٦) .

بە ڕەچاوکردنی خشتەی ژمارە (٣٣) دەبینین ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆک (٥,٥٦٠) دەنگ و ڕێژەی (٥٩,٧٨٪) کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و (٤) کورسی ئەنجومەنەکەی بەدەست هێناوە، لە پارێزگای هەولێر (٩٠٠) دەنگ و ڕێژەی (٩,٦٧٪) دەنگی

(١)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز سرود سلیم متی مقدسی، ئەندام پەرلەمانی خولی چوارەم لە سەر لیستی ابناء النهرین، ٢٠١٨/١٠/٨دا.

(٢)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز جیهان ئیسماعیل بنیامین بەرواری، ئەندامی پەرلەمانی خولی سێیەم لەسەر لیستی ڕافیدەین، ١/ ١٠/ ٢٠١٨.

لیستەکانی بەدەست هێناوە، لە پارێزگای کەرکوك هیچ دەنگێکی بەدەستنەهێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (٨٣) دەنگ و ڕێژەی (٠,٩٪) کۆی دەنگی لیستەکانی بەدەست هێناوە.

**خشتەی ژمارە (٣٣)**

**ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (١٩٩٢/٥/١٩)**

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژ. | (٪) |
| ١ | ١ | الحركة الديمقراطية الآشورية | دهۆك | ٥,٥٦٠ | ٥٩,٧٨ | ٨٤,٩٧ | ٤ | ١٠٠ |
| | | | هەولێر | ٩٠٠ | ٩,٦٧ | ١٣,٧٦ | ٠ | ٠ |
| | | | کەرکوك | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| | | | سلێمانی | ٨٣ | ٠,٩ | ١,٢٧ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ٦,٥٤٣ | ٧٠,٣٥ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەگرتن لەخشتەی ژمارە (٣٢).

**نەخشەی ژمارە (٢٦)**

**ژمارەی کورسییەکانی لیستی بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (١٩٩٢/٥/١٩)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٣٣).

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٨٤,٩٧٪) دەنگەکانی ئەم لیستە و بە بەهای (١٠٠٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (١٣,٧٦٪) دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای کەرکوك هیچ پاڵپشتی ئەم لیستە نەبووە و هیچ دەنگێکی لەم پارێزگایەدا بەدەستنەهێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (١,٢٧٪) دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە.

هۆکاری بەهێزی پاڵپشتی ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆك دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی مەسیحییەکان و بەشداری کارای دەنگدەری ئەم پێکهاتەیە لەم پارێزگایەدا، بەراورد بە پارێزگای هەولێر[1]. هۆکاری مامناوەندی دەنگدەری ئەم لیستە لە پارێزگای هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ بەشداری نەکردنی نزیکەی (٦٠٪)دەنگدەر ئەم پێکهاتەیە، هۆکاری لاوازی پاڵپشتی پارێزگای سلێمانی لەم لیستە دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ژمارەی دەنگدەری پێکهاتەی مەسیحی لەم پارێزگایەدا[2].

٢-لیستی مەسیحی یەکگرتوی کوردستان:

ئەم لیستە بەڕیزبەندی ژمارە (٤) چووە پرۆسەی هەڵبژاردن و توانی (٢,٧٥٧) دەنگ و ڕێژەی (٣٩,٦٥٣٪) کۆی دەنگی لیستەکان و ڕێژەی (٢٩,٦٥٪) کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و (١) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت، هۆکاری سەرکەوتن و بەدەست هێنانی ڕیزبەندی پلە دووی ئەم لیستە دەگەڕێتەوە بۆ:

أ- دروستکردنی ئەم لیستە لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە[3].

ب- بوونی دەنگدەری مەسیحی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان لە پێکهاتەی مەسیحی، ئەمەش بووە هۆی بەدەست هێنانی یەك کورسی پەرلەمانی لە لایەن ئەم لیستەوە[4]. بۆ زانینی دابەشبوونی جوگرافی ئەم لیستە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣٤) و نەخشەی ژمارە (٢٧).

**خشتەی ژمارە (٣٤)**

**ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستی مەسیحی یەکگرتوی کوردستان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (١٩٩٢/٥/١٩)**

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) دەنگی لیستەکە | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژ. | (٪) |
| ٤ | ٤ | مسيحيي كوردستان الموحدة | دهۆك | ١,٨٤١ | ١٩,٨ | ٦٦,٧٧ | ١ | ١٠٠ |
| | | | هەولێر | ٨٨٠ | ٩,٤٦ | ٢١,٩٢ | ٠ | ٠ |
| | | | کەرکوك | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| | | | سلێمانی | ٣٦ | ٠,٣٩ | ١,٣١ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ٢,٧٥٧ | ٢٩,٦٥ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ |

سەرچاوە:کاری توێژەر بەسود وەگرتن لە خشتەی ژمارە (٣٢).

بە سەرنجدان لە خشتەی ژمارە (٣٤) دەبینین، ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆك (١,٨٤١) دەنگ و ڕێژەی (١٩,٨٪) دەنگی لیستە براوەکان و بە بەهای (١) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەکدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای هەولێر (٨٨٠) دەنگ و ڕێژەی

(١)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز فەرید یعقوب ئیلیا گۆرگیس، ئەندام پەرلەمانی خولی پێنجەمی لە سەر لیستی ڕافدەین لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٣/٢٦.

(٢)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز سرود سليم متى مقدسى، ئەندام پەرلەمانی خولی چوارەم لە سەر لیستی ابناء النهرين لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٣/٢٥.

(٣)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز سرود سليم متى مقدسى، ئەندام پەرلەمانی خولی چوارەم لە سەر لیستی ابناء النهرين لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١٠/٨دا. سەرچاوەی پێشوو.

(٤)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز جیهان ئیسماعیل بنیامین بەرواری، سەرچاوەی پێشوو.

(٪٩,٤٦) دەنگی لیستەکانی بەدەست هێناوە، لە پارێزگای کەرکوك هیچ دەنگێکی بەدەست نەهێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (٣٦) دەنگ و ڕێژەی (٪٠,٣٩) دەنگی لیستەکانی بەدەست هێناوە.

نەخشەی ژمارە (٢٧)

ژمارەی کورسییەکانی لیستی مەسیحی یەکگرتوی کوردستان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (١٩٩٢/٥/١٩)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٣٤).

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٪٦٦,٧٧) دەنگەکانی ئەم لیستە وبە بەهای نزیکەی (٪١٠٠) کورسییەکانی دەنگی ئەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٪٢١,٩٢) دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای کەرکوك هیچ پاڵپشتی ئەم لیستە نەبووە و هیچ دەنگێکی لەم پارێزگایەدا بەدەستنەهێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و بەڕێژەی (٪١,٣١) دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە.

## باسی دووەم: شیکردنەوەی جوگرافی بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی ( پەرلەمان) کوردستان (٢٠٠٥/١/٣٠):

لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستاندا، ناوچەی لێکۆڵینەوە لە یەك بازنەی هەڵبژاردن پێکهاتبوو بۆ هەڵبژاردنی (١١١)(*) ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، هەڵبژاردن بە سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بەڕێوەچوو،

(*)- هۆکاری زیادبوونی کورسی کۆتاکان لە (٥) کورسی پەرلەمانییەوە بۆ (١١) کورسی پەرلەمانی دەگەڕێتەوە بۆ فشاری تورکیا و ئەمەریکا لە سەر پارتی و هاوپەیمانەکانی، هەروەها پەرەسەندنی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و بایەخی زیاتر بە پێکهاتەکان. دیدار لەگەڵ بەڕێز نەریمان مەجید سعید، سەرچاوەی پێشوو. بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا هەر (١١) کورسیەکە تەرخانکرابوو بۆ کۆتاکان (توێژەر).

دەنگدان بە لیستی داخراوبوو، دیاریکردنی ژمارەی کورسییەکان لە سەر بنەمای ڕیزبەندی ناوەکان و ڕێژەی دەنگی هەر لیستێك دیاریدەکرا[(1)]. (١,٧٥٣,٩١٩) دەنگدەری هەرێمی کوردستان بەشداریان تێداکرد[(٢)]، پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان، بەرکەوتەی هەرلیستێك لە دەنگ و کورسی جیاوازبوو، ئەویش پەیوەست بوو بە کۆمەڵێك هۆکاری جوگرافی، ئابوری، ڕامیاری، سەربازی...تاد، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری بەم باسە، دابەشی دەکەین بەسەر دوو تەوەردا، ئەوانیش:

## تەوەری یەکەم: لیستە ململانێکارەکان بۆ کورسی گشتی:

لەم هەڵبژاردنەدا (١٣) لیست چونە ململانێی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە، بەمەبەستی بەدەستهێنانی زۆرترین کورسی لە کۆی (١١١)کورسی ئەنجومەنەکە، ژمارە و ڕێژەی دەنگ و کورسی بەدەستهاتوو بۆ لیستەکان جیاواز بوو، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣٥).

بە ڕوانین لە خشتەی ژمارە (٣٥) دەبینین تەنها سێ لیست سەرکەوتووبوون توانیان بگەنە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و کۆی کورسییەکانی ئەنجومەنەکەیان بۆخۆیان بردەوە، ئەوانیش بریتیبوون لە:

یەکەم: لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان:

بە لیستی ژمارە (١٦٢) بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی کرد و توانی (١,٥٧٠,٦٦٣) دەنگ و ڕێژەی (٨٩,٥٥٪) کۆی دەنگی لیستە بەشدارەکانی پرۆسەکە و ڕێژەی (٩٣,٦٩٪) کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و (١٠٤) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت و لە پلەی یەکەمدا بوو، هۆکارەکانی سەرکەوتنی لیستی کوردستانی دەگەڕێنەوە بۆ:

أ- نزیکبوونەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پێکهێنانی هاوپەیمانی[(*)] بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی کوردستان و عێراق[(**)]، ئەمە خەونێکی مێژووی گەلی کورد و هەڵچنینی هیوا بوو بە ئایندەی کوردستان و ئەزمونەکەی پاش جەنگێکی خوێناوی براکوژی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

ب- پێکهاتەی لیستەکە کە خۆی لە هاوپەیمانێتی نێوان زۆرینەی پارت و بەربژێرە کوردستانییەکان ( کورد و تورکمان و کلد و ئاشوری و ئەرمەنی[(***)] و ئاینزاکانی موسڵمان و مەسیحی و ئێزدی)[(٣)] دەبینەوە بەتایبەتی هەردوو پارتە سەرەکییەکەی

(١)- لە مادەی یەکەمی یاسای ژمارە (٤٧) ی ساڵی ٢٠٠٤ یاسای سێیەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (١) ی هەموارکراوی ساڵی١٩٩٢ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق هاتوە " ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق لە سەد و یازدە ئەندام پێکدێت" هەروەها لە مادەی چوارەمدا هاتوە " هەرێمی کوردستان بە یەك ناوچەی هەڵبژاردن لە قەڵەم دەدرێ و دابەش دەکرێت بەسەر مەرکەزگەلی هەڵبژاردندا) لە مادەی شازدە دا هاتوە (هەیئەی باڵا پاش دابەشکردنی کورسییە براوەکانی هەر لیستێ، سەر بە پاڵێوراوەکان ئەو لیستەدا، بە پێی ئەولەویەتی زنجیرە ناوەکانی پاڵێوراوانی لیستەکە، ئەو جا ناوی ئەوانە ڕادەگەیەنێ کە ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراقیان بەدەست هێناوە، هەروەها، دوای ئەوەش، پڕکردنەوەی کورسییە چۆڵەکانی لیستی هەڵبژاردن، بە پێی زنجیرە ناوەکانی لیستەکە دەبێ و ناشێ لایەنی خاوەن لیستەکەش کورسی لە هیچ پاڵێوراوێکی خۆی بکێشێتەوە، بەهەر هۆیەك، دەبێ، ببێ". ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، یاسای ژمارە (٤٧) ی ساڵی ٢٠٠٤ یاسای سێیەم هەمواریکردنی یاسای ژمارە (١) ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل١و٣.

(٢)- پەرلەمانی کوردستان، مێژووی هەڵبژاردن خولی دووەم ٢٠٠٥، سەرچاوەی پێشوو.

(*)- لە بڕگەی دووەمی خاڵی دووەمی ڕێکەوتنامەی ستراتیجی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا هاتوە" هەڵبژاردنی پەرلەمان بە یەك لیست دەبێ...تاد.) یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، دەقی ڕێکەوتنامەی ستراتیژی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، بلاْونەکراوە، ٢٠٠٧/٧/٢٧، بەبێ ژ. لاپەرە.

(**)- مەکتەبی سیاسی هەردوو حزب لە هاوینە هەواری سەلاحەدین کۆبوونەوە و پێکهێنانی لیستێکی هاوبەشیان ڕاگەیاند بۆ بەشداریکردن هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠٠٤/١٢/١، بۆ زانینی هۆکاری پێکهێنانی لیستەکە و وتەی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بڕوانە: کوردستانی نوێ، سەرکردایەتی سیاسی کوردستان پێکهێنانی لیستێکی هاوبەشی بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی کوردستان و عێراق ڕاگەیاند، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ. (٣٥٣٦)، ٢٠٠٤/١٢/٢، ل١و٢.

(***)- هۆکاری بەشداری پێکردنی ئاشوری و تورکمانەکان دەگەڕێتەوە بۆ کوردستانی بوونی هەڵوێستی بەشێکی ئەم پێکهاتانە، بە پێچەوانەی هەردوو پارتی ڕافیدەین و بەرەی تورکمانی. دیدار لەگەڵ بەڕێز خەسرەو گۆران، سەرچاوەی پێشوو. لە ڕاستیدا بە ڕێکەوتنی سیاسی پێشوەختە دوو لە کورسییەکان درابوو بە بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری و پاشتر ناوەکەی گۆڕدرا بۆ ڕافدەین. پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز فەرید یعقوب ئیلیا گۆرگیس، سەرچاوەی پێشوو، ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ ووتەکانی بەڕێز خەسرەو گۆڕان.

(٣)- طارق جامباز، پەرلەمانتارانی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان، لە چاپکراوەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق، چاپخانەی شەهاب، ٢٠٠٧، ل١٣٢- ١٣٣.

کوردستان (پ.د.ك)و (ی.ن.ك)و پارتێکی ئیسلامی گەورەی وەك یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان بەربژێرانی تورکمان و کلد و سریانی و ئاشوری و ئەرمەن.

**خشتەی ژمارە (٣٥)**

**ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪)ی دەنگ و کورسی لیستە بەشدارەکان لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (٢٠٠٥/١/٣٠)**

| ژ. | ژ.لیست | ژ.لۆگۆ | ناوی لیست | سەرجەم دەنگ | | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ژ. | (٪) | ژ | (٪) |
| ١ | ١٢٥ | | الحركة الديمقراطية لشعب كردستان/بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان | ١٠,٩٥٢ | ٠,٦٢ | ٠ | ٠ |
| ٢ | ١٣٤ | | حزب الاخاء الوطني العراقي | ٣,٤٢٢ | ٠,٢ | ٠ | ٠ |
| ٣ | ١٣٧ | | حزب العمل الديمقراطي الكوردستاني/پارتی کاری دیموکراتی کوردستان | ١١,٧٤٨ | ٠,٦٧ | ٠ | ٠ |
| ٤ | ١٤٢ | | قائمة المستقلين الاكراد/لیستی بێلایەن | ١٠,٢٦٢ | ٠,٥٩ | ٠ | ٠ |
| ٥ | ١٦٢ | | القائمة الوطنية الديمقراطية الكردستانية | ١,٥٧٠,٦٦٣ | ٨٩,٥٥ | ١٠٤ | ٩٣,٦٩ |
| ٦ | ١٦٦ | | الجبهة الوطنية لوحدة العراق | ٨,٢٥٥ | ٠,٤٧ | ٠ | ٠ |
| ٧ | ١٧٣ | | حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان | ٢٠,٥٨٥ | ١,١٧ | ١ | ٠,٩ |
| ٨ | ١٩٣ | | بزوتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان /حركة ديمقراطي كردستان | ٦,٦٩٠ | ٠,٣٨ | ٠ | ٠ |
| ٩ | ٢٤١ | | التيار الوطني الكردستاني/ڕەوتی نیشتمانی کوردستان | ٢,٠١٨ | ٠,١٢ | ٠ | ٠ |
| ١٠ | ٢٦٠ | | حزب الحل الديمقراطي الكردستاني/پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان | ٩,٠٨١ | ٠,٥٢ | ٠ | ٠ |
| ١١ | ٢٨٣ | | الجماعة الاسلامية الكردستانية/العراق | ٨٥,٢٣٧ | ٤,٨٦ | ٦ | ٥,٤١ |
| ١٢ | ٢٩٩ | | التجمع الجمهوري العراقي | ٩,٤٩٩ | ٠,٥٤ | ٠ | ٠ |
| ١٣ | ٣٦٤ | | حزب المحافظين الكردستاني | ٥,٥٠٦ | ٠,٣١ | ٠ | ٠ |
| | | | سەرجەم | ١,٧٥٣,٩١٩(*) | | ١١١ | ١٠٠ |

سەرچاوە: پەرلەمانی کوردستان، مێژووی هەڵبژاردن خولی دووەم ٢٠٠٥،

http://www.kurdistan-parliament.org/Default.aspx?page=page&c=Parliament-History٢٠٠٥,٢٢july٢٠١٨.

ت- هەردوو پارتی (پ.د.ك و ی.ن.ك) دەسەڵاتداری دەڤەری سەوز و زەرد بوون و فەرمانڕەوایی دەسەڵاتی چوارچێوەی قەڵەمڕەوی جوگرافیای خۆیان بوون.

پ- هەردوو پارتی (پ.د.ك و ی.ن.ك) بەشداربوون لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس چ لە ڕووی ڕامیاری و چ لە ڕووی سەربازی، ئەمە جگە لەوەی ڕۆڵیشیان لە دژایەتیکردنی گروپە چەکدارەکانی وەك ئەنسارولئیسلام (انصار الاسلام و جوندولئیسلام (جند الاسلام)و گروپە چەکدارییە ئیسلامییەکانی دی هەبوو لە ناوچەکەدا.

ج- بەرپرسانی (پ.د.ك و ی.ن.ك و یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان...تاد.) ڕۆڵیان لەدروستکردنی ئەنجومەنی فەرمانڕەوای عێراق و نوێنەرایەتیکردن و داکۆکی کردن لە بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد لەو ئەنجومەنە هەبوو.

ئەم هۆکارانەی سەرەوە ڕۆڵیان هەبوو لە سەرکەوتنی لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان بە جیاوازیەکی یەکجار زۆر لەگەڵ دوو لیستە براوەکەی تردا، هەر پارتە یان پێکهاتەیەکیش بە پێی سەنگی ڕامیاری و پشکی پێکهاتە نەتەوەیی و ڕێکەوتنی

(*)- سەرجەمی دەنگی بەدەست هاتوی لیستەکانی هەڵبژاردن (١,٧٥٣,٩١٨) دەنگە نەك (١,٧٥٣,٩١٩) وەك لە سایتی پەرلەماندا هاتوە. (توێژەر) : پەرلەمانی کوردستان، مێژووی هەڵبژاردن خولی دووەم ٢٠٠٥، سەرچاوەی پێشوو.

ڕامیاریی کورسی ئەنجومەنەکەیان بەرکەوت، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دابەشبوونی جوگرافی دەنگی ئەم لیستە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣٦)و نەخشەی ژمارە (٢٨) .

**خشتەی ژمارە (٣٦)**

**ژ.لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪)ی دەنگ و کورسی لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (٢٠٠٥/١/٣٠)**

| ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | ژ. | (٪) |
| ١٦٢ | | دهۆك | ٣٦٢,٣٦٠ | ٢١,٦٨ | ٢٣,١٣ | ٢٤ | ٢٣,٠٨ |
| | | هەولێر | ٥٦٦,٠٣٠ | ٣٣,٧٦ | ٣٦,٠٤ | ٣٨ | ٣٦,٥٤ |
| | | پ.دی | - | - | | - | - |
| | | سلێمانی | ٦٤١,٢٧٣ | ٣٨,٢٥ | ٤٠,٨٣ | ٤٢ | ٤٠,٣٨ |
| سەرجەم | | | ١,٥٧٠,٦٦٣ | ٩٣,٦٩ | ١٠٠ | ١٠٤ | ١٠٠ |

**سەرچاوە:** کاری توێژەربە سودوەرگرتن لە: یەکێتی نیشتمانی کوردستان، مەکتەبی ڕێکخستن، دەزگای هەڵبژاردن، خشتەو ئامارەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستاندا، ڕاپۆرتی بلاّونەکراوە، ل٤.

**نەخشەی ژمارە (٢٨)**

**ژمارەی کورسییەکانی لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (٢٠٠٥/١/٣٠)**




**سەرچاوە:** کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٣٦).

بە ڕوانین لە خشتەی ژمارە (٣٦) دەبینین، ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆك (٣٦٣,٣٦٠) دەنگ و ڕێژەی (٢١,٦٨٪) دەنگی لیستە سەرکەوتوەکان و بە بەها (٢٤) کورسی ئەنجومەنەکە دەنگی بەدەست هێناوە، لە پارێزگای هەولێر (٥٦٦,٠٣٠) دەنگ و ڕێژەی (٣٣,٧٦٪)ی دەنگەکان و بە بەهای (٣٨) کورسی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (٦٤١,٢٧٣) دەنگ و ڕێژەی (٣٨,٢٥٪) دەنگی لیستەکان و بە بەهای (٤٢) کورسی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە.

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٢٣,١٣٪) دەنگەکانی ئەم لیستە و بە بەهای ڕێژەی(٢٣,٠٨٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای هەولێر، پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە و بە ڕێژەی (٣٦,٠٤٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٣٦,٥٤٪) کورسییەکانی، دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە. پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و بەڕێژەی (٤٠,٨٣٪) دەنگەکانی ئەم لیستە و بە بەهای (٤٠,٣٨٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە.

ئەم لیستە لە هەموو پارێزگاکاندا پێگەیەکی زۆر بەهێزی هەبووە و دەنگێکی زۆری بەدەست هێناوە، بەڵام هۆکارەکانی ژمارەی دانیشتوان و دەنگدەری پارێزگاکان تەنها هۆکار بووە بۆ بەهێزی و لاوازی پێگەی ئەم لیستە لە پارێزگایەك تا پارێزگایەکی تری ناوچەی لێکۆڵینەوە، بۆ زانینی نزیکەیی دەنگی ئەم لیستانە (پارتانە) لە سەر ئاستی پارێزگاکانی(*) هەرێم، بڕوانە خشتەی ژمارە(٣٧).

خشتەی ژمارە (٣٧)

ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیست (پارت)ە پێکهێنەرەکانی لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی بە پشت بەستن بە ژمارەی دەنگی بەدەست هاتووی لیستەکان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان (٢٠٠٥/١/٣٠)

| ناوی لیست | ژ. و (٪) دەنگ و کورسی لیست | پارێزگا | | | | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دهۆك | هەولێر | سلێمانی | سەرجەم | ژ. | (٪) |
| پارتی دیموکراتی | ژ.دەنگ | ٣٠٢,١٣٣ | ٣٠٢,٤١٠(**) | ٩١,٥٧٨ | ٦٩٦,١٢١ | ٣٩(***) | ٣٧,٥ |
| | (٪) بۆ لیستەکانی تر | ١٧,١٤ | ١٧,١٦ | ٥,١٩ | ٣٩,٤٩ | | |

(*)- نازانرێت سەنگی هەڵبژاردنی هیچ کام لەپارتە پێکهێنەرە (نەتەوەیی و ئاینی و ڕامیاری) یەکانی ئەم لیستە چەندەبووە چ لە سەر ئاستی پارێزگا وچ لە سەر ئاستی هەرێم لەبەر ئەوەی هەڵبژاردن بەلیستی داخراوبوو، دەنگدەر دەنگی بە لیست داوە نەك بەربژێر، دوو ڕێگە هەیە بۆ زانینی دەنگ و سەنگی هەڵبژاردنی پارتە بەشداربووەکانی ئەم لیستە: ئەوانیش: ١- پشت بەستن بە بەرکەوتەی کورسی بەدەست هاتوو هەر پارتێك، ئەم ڕێگایە سەرکەوتوو نیە، چونکە نە دەزانین دەنگی پارتەکە لە سەر ئاستی هەرێم چەندبووە، نە دەزانین دەنگی پارتەکە لە سەر ئاستی پارێزگاکان چەندبووە، چونکە لە بنەڕەتدا دابەشکردنی کورسییەکان بە ڕێکەوتنی سیاسی پێشوەختی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن بووە، هەرچی ڕێگای دووەمیشە، پشت بەستنە بە دەنگ و سەنگی هەر پارتێکی بەشداربووی لیستەکە کە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا بەدەستیان هێناوە کە لە هەمان ڕۆژی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ئەنجامدراوە، بەم شێوەیە دەنگ و سەنگی هەندێك پارتی ڕامیاریمان بە نزیکەیی لە سەر ئاستی پارێزکاکان بۆ دەردەکەوێت.

(**)- لیستی دەنگی دیموکراتی کوردستان لە چواردە پارت و ڕێکخراوی پێکهاتبوون کە بریتین بوون لە (١- پارتی دیموکراتی کوردستان، ٢- حزبی شیوعی کوردستان، ٣- کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کلدان. ٤- بزوتنەوەی دیموکراتی تورکمان لە کوردستان. ٥- ئۆجاغی برایەتی تورکمان. ٦- کۆمەڵەی ڕۆشنبیری تورکمان. ٧- پارتی نەتەوەی ڕزگاری تورکمان. ٨- کۆمەڵەی لیبراڵی تورکمان. ٩- پارتی دیموکراتی تورکمان لە کوردستان. ١٠- پارتی برایەتی تورکمان. ١١- حزبی یەکێتی تورکمانی عێراق. ١٢- حزبی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان. ١٣- حزبی گەلی تورکمان- عێراق. ١٤- حزبی شروقی تورکمان- عێراق) (کوردستانی نوێ، ئەنجامی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر و دهۆك، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (٣٥٩٧)، ٢٠٠٥/٢/١٥، ل١. ئەم لیستە توانی (٣٤٧,٧٧٢) دەنگ بەدەستبهێنێت لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم لە ٢٠٠٥/١/٣٠دا سەرئەنجام توانی (٢٣) کورسی لە ئەنجومەنی پارێزگاکە بەدەستبهێنێت (المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق، نتائج و احصائيات انتخابات مجالس المحافظات ٢٠٠٥، غير منشور، ص١٢. ) کورسییەکانی ئەم لیستە بەم جۆرە دابەشببوو بەسەر پێکهێنەرەکانی ئەم لیستەدا (پارتی دیموکراتی کوردستان (٢٠) کورسی، حزبی شیوعی کوردستان (٢) کورسی، تورکمانەکان (١) کورسی، یەکێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر لە سەر نەتەوەی ئاشوری بوو ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، دیدار لەگەڵ بەڕێز جمشیر بشیر نورالدین، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر لە نێوان سالآنی (٢٠٠٥- ٢٠١٤)، پارێزگای هەولێر- هەولێر، ٢٠١٨/٩/٣. ئەگەر ئەم کورسییانە بۆگۆڕین بۆ دەنگ، ئەگەر چی دەنگدان بە لیستی داخراویش بوو، ئەوا بە نزیکەیی بەهای هەر کورسییەك (١٥,١٢٠) دەنگە، بەم جۆرە هەر پارتێك دەنگەکانی بریتییە لە ( پارتی دیموکراتی کوردستان (٣٠٢,٤١٠) دەنگ، حزبی شیوعی کوردستان (٣٠,٢٤١) دەنگ، تورکمانەکان (١٥,١٢٠) دەنگ.

(***)- دوو ئەندام لە فراکسیۆنی زەرد لە ڕووی سیاسیەوە بێلایەن بوون ئەوانیش بریتی بوون لە (ادهم بارزانی، حسێن محمد لۆلانی): طارق جامباز، پەرلەمانتارانی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان- عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨و٤٥.

| ناوی لیست | ژ. و (٪) دەنگ و کورسی لیست | پارێزگا | | | | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دهۆک | هەولێر | سلێمانی | سەرجەم | ژ. | (٪) |
| کوردستان | (٪) لیستەکە | ٤٣,٤٠ | ٤٣,٤٤ | ١٣,١٦ | ١٠٠ | | |
| | ژ.کورسی | ١٧ | ١٧ | ٥ | ٣٩ | | |
| | (٪) کورسی | ٤٣,٥٩ | ٤٣,٥٩ | ١٢,٨٢ | ١٠٠ | | |
| یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ژ.دەنگ | ٣٥,٤٨٣ | ٢٤٤,٣٤٣ | ٤٨٥,٧١٦ | ٧٦٥,٥٤٢ | ٣٨ | ٣٦,٥٤ |
| | (٪) بۆ لیستەکانی تر | ٢,٠١ | ١٣,٨٦ | ٢٧,٥٦ | ٤٣,٤٣ | | |
| | (٪) لیستەکە | ٤,٦٣ | ٣١,٩٢ | ٦٣,٤٥ | ١٠٠ | | |
| | ژ.کورسی | ٢ | ١٢ | ٢٤ | ٣٨ | | |
| | (٪) کورسی | ٥,٢٦ | ٣١,٥٨ | ٦٣,١٦ | ١٠٠ | | |
| یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان | ژ.دەنگ | ٣٥,٦٧٥ | ٢٢,٥٢٣ | ٧٥,٠٠٨ | ١٣٣,٢٠٦ | ٩ | ٨,٦٥ |
| | (٪) بۆ لیستەکانی تر | ٢,٠٢ | ١,٢٨ | ٤,٢٥ | ٧,٥٥ | | |
| | (٪) لیستەکە | ٢٦,٧٨ | ١٦,٩١ | ٥٦,٣١ | ١٠٠ | | |
| | ژ.کورسی | ٢ | ٢ | ٥ | ٩ | | |
| | (٪) کورسی | ٢٢,٢٢ | ٢٢,٢٢ | ٥٥,٥٦ | ١٠٠ | | |
| حزبی شیوعی | ژ.دەنگ | ١,٣٨٤ | ٣٠,٢٤١(*) | ٨,١٩٢ | ٣٩,٨١٧ | ٣ | ٢,٨٩ |
| | (٪) بۆ لیستەکانی تر | ٠,٠٧ | ١,٧٢ | ٠,٤٧ | ٢,٢٦ | | |
| | (٪) لیستەکە | ٣,٤٨ | ٧٥,٩٥ | ٢٠,٥٧ | ١٠٠ | | |
| | ژ.کورسی | ٠ | ٢ | ١ | ٣ | | |
| | (٪) کورسی | ٠ | ٦٦,٦٧ | ٣٣,٣٣ | ١٠٠ | | |
| حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان | ژ.دەنگ | ٢,٤٤٥ | ١,٤٣٧ | ٧,٠١٨ | ١٠,٩٠٠ | ٢ | ١,٩٢ |
| | (٪) بۆ لیستەکانی تر | ٠,١٤ | ٠,٠٨ | ٠,٤ | ٠,٦٢ | | |
| | (٪) لیستەکە | ٢٢,٤٣ | ١٣,١٨ | ٦٤,٣٩ | ١٠٠ | | |
| | ژ.کورسی | ١ | ٠ | ١ | ٢ | | |
| | (٪) کورسی | ٥٠ | ٠ | ٥٠ | ١٠٠ | | |
| یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان | | | | | | ١ | ٠,٩٦ |
| پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان | | | | | | ١[1] | ٠,٩٦ |
| بێلایەن (سەربەخۆ) | | | | | | ٢ | ١,٩٢ |

(*)- بەرکەوتەی دەنگی ئەم لیستە (پارتە) بووە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر، لە لیستی دەنگی دیموکراتی کوردستان.

١- طارق جامباز، پەرلەمانتارانی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان- عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل٣- ١٨٩. نوسەر کورسیەکەی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستانی کوردستانی لە سەر فراکسیۆنی زەرد هەژمارکردووە، لە ڕاستیدا ئەمە هەڵەبووە و سەر بە فراکسیۆنی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان بوو: پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز باپیرکامەلا، سکرتێری پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، ٢٠١٨/٩/٦.

| ناوی لیست | ژ. و (٪) دەنگ و کورسی لیست | پارێزگا | | | | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دهۆك | هەولێر | سلێمانی | سەرجەم | ژ. | (٪) |
| پێکهاتەی تورکمان(*) | | | | | | ٤ | ٣,٨٥ |
| پێکهاتەی ئاشوری و ئەرمەنی(**) | | | | | | ٥ | ٤,٨١ |
| سەرجەم | | | | | | ١٠٤ | ٩٣,٦٩ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود بینین لە: أ- طارق جامباز، پەرلەمانتارانی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان، لە چاپکراوەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق، چاپخانەی شەهاب، ٢٠٠٧، ل١٣-١٢٣. ب - المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق، الدليل الانتخابي، تقرير غير منشور، ص١١-٣٨.

١- لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆکدا (٣٠٢,١٣٣) دەنگ و ڕێژەی (١٧,١٤٪) کۆی دەنگی سەرجەمی لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکەی پێکهێناوە، بە بەهای (١٧) کورسی دەنگی بەدەست هێناوە، لە پارێزگای هەولێریش بەنزیکەیی (٣٠٢,٤١٠) دەنگ و ڕێژەی (١٧,١٦٪) کۆی دەنگی لیستەکانی تر و بە بەهای (١٧) کورسی ئەنجومەنی نیشتمانی دەنگی بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمانیش (٩١,٥٧٨) دەنگ و ڕێژەی (٥,١٩٪) کۆی دەنگی لیستەکان و بە بەهای (٥) کورسی دەنگی بەدەست هێناوە.

پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك دوو بەهێزترین پاڵپشتی ئەم لیستە بوون و یەك لە دوای یەك ڕێژەکانی (٤٣,٤٤٪و ٤٣,٤٪) دەنگی لیستەکە و بە بەهای (٤٣,٥٩٪) کورسییەکانی، دەنگیان بۆ ئەم لیستە بەدەست هێناوە، پارێزگای سلێمانیش پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (١٣,١٦٪) کۆی دەنگی لیستەکە و بە بەهای (١٢,٨٢٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە. سەرئەنجام ئەم لیستە ڕیزبەندی یەکەم و (٣٩) کورسی لە سەر ئاستی ئەنجومەنەکە و لیستەکە بەدەست هێناوە، بڕوانەی نەخشەی ژمارە (٢٩)، لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیشدا بە نزیکەیی ڕێژەی (٣٩,٤٩٪) کۆی دەنگی پارێزگاکانی بەدەست هێناوە.

٢- یەکێتی نیشتمانی کوردستان:

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پارێزگای دهۆك (٣٥,٤٨٣)دەنگ و ڕێژەی (٢,٠١٪) کۆی دەنگی لیستەکانی تر و بە بەهای (٢) کورسی ئەنجومەنەکە دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەستهێناوە، لە پارێزگای هەولێر(٢٤٤,٣٤٣)دەنگ و ڕێژەی (١٣,٨٦٪) دەنگی لیستەکانی تر و بە بەهای (١٢) کورسی ئەنجومەنەکە دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای سلێمانی (٤٨٥,٧١٦) دەنگ و ڕێژەی (٢٧,٥٦٪) دەنگی لیستەکانی تر و بە بەهای (٢٤) کورسی ئەنجومەنەکە دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە. بڕوانە نەخشەی ژمارە (٣٠).

---

(*)- بەربژێرە سەرکەوتووەکانی ئەم پێکهاتە نەتەوەییە تەنها چوار ئەندامبوون و بریتیبوون لە (اسعد شاکرامین- بێلایەن، تەلعەت محمد سالح توفیق الله وێردی- بێلایەن، سهام انور وەلی- بێلایەن، کەرخی نەجمەدین نوورەدین ئالتی بەرماغ- بزوتنەوەی دیموکراتی تورکمانی) : پەرلەمانی کوردستان، ئەندامانی پەرلەمان بۆ خولی دووەم ٢٠٠٥ ، سەرچاوەی پێشوو.

ئەم پەرلەمانتارانە جیابوونەتەوە لە بەرەی تورکمانی، بەهاریکاری حزبە کوردییەکان (پ. د. ك. و ی. ن. ك) چونە ئەم لیستە و بوون بە پەرلەمانتار، بەهاریکاری خەڵکی تورکمان نەبوون، اسعد شاکر امین نزیك بوو لە ( ی. ن. ك )، پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز ئایدن معروف سلیم، ئەندامی پەرلەمانی خولی چوارەم لە سەر لیستی بەرەی تورکمانی، ٢٠١٨/٩/٢٠. کەرخی نەجمەدین نوورەدین ئالتی بەرماغ نزیك بوو لە (پ. د. ك.)، سهام انور ولی نزیك بوو لە پ. د. ك، تەلعەت محمد سالح نزیك بوو لە ( ی. ن. ك )، پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز محمد ئلیهانی، سەرۆکی پارتی پێشکەوتنی تورکمان، ٢٠١٨/١٠/٦.

(**)- بەربژێرە سەرکەوتووەکانی ئەم پێکهاتە نەتەوەییە (٥) ئەندام بوون و (٤) ئەندامیان لە فراکسیۆنی کلدو ئاشوری بوون بریتیبوون لە ( ١- ئەندۆراس یوحنا گۆرگیش- بزوتنەوەی ئاشوری. ٢- جمال شەمعون ایلیا عوید- بێ لایەن. ٣- ڕومیۆ حوزەیران نیسان هەکاری- بیت النهرین. ٤- گەلاوێژ شابا ججی- یەکێتی ئافرەتانی ئاشوری) وئەندامێکی پێکهاتەی ئەرمەن لە لیستی زەرد بە ناوی بایزا اوهان سرکیس- لە پارتی دیموکراتی کلدان: أ- طارق جامباز، پەرلەمانتارانی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣. ب- پەرلەمانی کوردستان، ئەندامانی پەرلەمان بۆ خولی دووەم٢٠٠٥، سەرچاوەی پێشوو.

ئەندۆراس یوحنا گۆرگیش وگەلاوێژ شابا ججی لە پارتی دیموکراتی ئاشوری (ڕافدەین) بوون. ئەوانی تر نزیك بوون لە پارتی دیموکراتی کوردستان، پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز جیهان ئیسماعیل بنیامین بەرواری، سەرچاوەی پێشوو.

نەخشەی ژمارە (٢٩)

ژمارەی كورسییەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان بە پێی پارێزگاكان لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان (٢٠٠٥/١/٣٠)




سەرچاوە: كاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٣٧).

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە رێژەی (٤,٦٣٪) دەنگەكانی ئەم لیستە و بە رێژەی (٥,٢٦٪) كورسییەكانی دەنگی ئەم لیستەی تێدا بەدەست هاتوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە وبە رێژەی (٣١,٩٢٪) كۆی دەنگەكانی لیستەكە و بە بەهای (٣١,٥٨٪) كورسییەكانی دەنگی ئەم لیستەی پێكهێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و بەرێژەی (٦٣,٤٥٪) دەنگەكانی لیستەكە و بە بەهای (٦٣,١٦) كورسییەكانی دەنگی ئەم لیستەی پێكهێناوە. سەرئەنجام رێژەی (٤٣,٤٣٪) كۆی دەنگی لیستە بەشدارەكان لە ئەنجومەنی پارێزگاكانی هەرێمی پێكهێناوە، بەلاَم لە سەر ئاستی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان تەنها (٣٨) كورسی پشكی ئەم لیستە بووە، بڕوانە نەخشەی ژمارە (٣٠)، بەم جۆرەش زیاترلە (٥) كورسی ئەنجومەنی نیشتمانی كەمتر بەركەتووە.

٣- یەكگرتوی ئیسلامی كوردستان:

لە پارێزگای دهۆك (٣٥,٦٧٥) دەنگ و رێژەی (٢,٠٢٪) كۆی دەنگی لیستەكان و بە بەهای (٢) كورسی ئەنجومەنەكە دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای هەولێر (٢٢,٥٢٣) دەنگ و رێژەی (١,٢٨٪) دەنگی لیستەكان و بە بەهای (٢) كورسی دەنگی بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (٧٥,٠٠٨) دەنگ بە رێژەی (٤,٢٥٪) دەنگی لیستەكان و بە بەهای (٥) كورسی پەرلەمانی دەنگی ئەم لیستەی پێكهێناوە. بڕانە نەخشەی ژمارە (٣١).

**نەخشەی ژمارە (٣٠)**

**ژمارەی کورسییەکانی لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (٢٠٠٥/١/٣٠)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٣٧).

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی مامناوەند ئەم لیستە بووە ڕێژەی (٢٦,٧٨٪) دەنگەکانی لیستەکە و بە بەهای (٢٢,٢٢٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و بە ڕێژەی (١٦,٩١٪) دەنگەکانی ئەم لیستە و بە بەهای (٢٢,٢٢٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٥٦,٣١٪) دەنگەکانی ئەم لیستە و بە بەهای (٥٥,٥٦) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە.

سەرئەنجام دەنگەکانی تەنها بە ڕێژەی (٧,٥٥٪) دەنگی لیستەکانی هەرێمی پێکهێناوە، بەڵام (٩) کورسی لە ئەنجومەنی نیشتمانی بەرکەوتوە بڕوانە نەخشەی ژمارە (٣١)، بێگومان ئەمەش لە سەر حسابی کورسی لایەنەکانی تری وەك (ی.ن.ك) بووە.

٤- حزبی شیوعی کوردستان:

لە پارێزگای دهۆك (١,٣٨٤) دەنگ و ڕێژەی (٠,٠٧٪) دەنگی لیستەکان و (٠) کورسی پەرلەمانی بەدەست هێناوە، لە پارێزگای هەولێر (٣٠,٢٤١) دەنگ بەرکەوتەی ئەم پارتە بووە، ئەمەش دەکاتە (١,٧٢٪) دەنگی لیستەکانی هەرێم و بە بەهای (٢) کـورسی دەنگی ئەنجومەنەکەی بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (٨,١٩٢) دەنگ و ڕێژەی (٠,٤٧٪) کۆی دەنگی لیستەکان و بە بەهای (١) کورسی دەنگی ئەنجومەنەکەی بەدەست هێناوە. بڕوانە نەخشەی ژمارە (٣٢).

**نەخشەی ژمارە (٣١)**

**ژمارەی کورسییەکانی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (٢٠٠٥/١/٣٠)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٣٧).

پارێزگای دهۆک پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٣,٤٨٪) کۆی دەنگەکانی لیستەکە و بە بەهای (٠٪) کورسییەکانی دەنگی ئەنجومەنەکە لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و (٧٥,٩٥٪) کۆی دەنگەکانی لیستەکە و بە بەهای (٦٦,٦٧٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٢٠,٥٧٪) دەنگەکانی ئەم لیستە و بە بەهای (٣٣,٣٣٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، سەرئەنجام بەرێژەی (٢,٢٦٪) دەنگی لیستەکانی هەرێمی پێکهێناوە، بەڵام (٣) کورسی ئەنجومەنەکەی بەرکەتووە، بڕوانە نەخشەی ژمارە (٣٢)، واتە (١) کورسی لە سەنگی هەڵبژادنی خۆیان زیاتر پشکداربوون.

٥- حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان:

لە پارێزگای دهۆک (٢,٤٤٥) دەنگ و بەرێژەی (٠,١٤٪) کۆی دەنگی لیستەکانی تر و بە بەهای (١) کورسی ئەنجومەنەکە دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، بڕوانە نەخشەی ژمارە (٣٣)، لە پارێزگای هەولێر (١,٤٣٧) دەنگ بەرێژەی (٠,٠٨٪) کۆی دەنگی لیستەکان وبە بەهای (٠) کورسی ئەنجومەنەکە دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمـــــانی (٧,٠١٨) دەنگ و بەرێژەی (٠,٤٪) دەنگی لیستەکان و بە بەهای (١) کورسی ئەنجومەنەکە دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە. بڕوانە نەخشەی ژمارە (٣٣).

نەخشەی ژمارە (٣٢)

ژمارەی كورسییەكانی حزبی شیوعی كوردستان بە پێی پارێزگاكان لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان (٢٠٠٥/١/٣٠)




سەرچاوە: كاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٣٧).

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە (٢٢,٤٣٪) دەنگەكانی و بەرێژەی (٥٠٪) كورسییەكانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و رێژەی (١٣,١٨٪) دەنگەكانی و بە بەهای(٠٪) كورسییەكانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و رێژەی (٦٤,٣٩٪) دەنگەكانی و بە بەهای (٥٠٪) كورسییەكانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، ئەم لیستە بە رێژەی (٠,٦٢٪) دەنگی لیستەكانی تری پێكهێناوە، بەڵام (٢) كورسی[1] ئەنجومەنەكەی بەركەتووە، واتە (١) كورسی پەرلەمانی زیاتر لە رێژەی دەنگەكانی پشكدار بووە.

٦-یەكێتی نەتەوەیی دیموكراتی كوردستان و پارتی كرێكاران و رەنجدەرانی كوردستان:

ئەم دوو پارتە، نەچونە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان بەهۆی لاوازی پێگەی جەماوەری و سەنگی هەڵبژاردنیان، بۆیە بەنزیكش سەنگی هەڵبژاردنیان نازانین، هەر یەكەیان (١) كورسی ئەنجومەنەكەیان بەركەتووە.

(١)- دیدار لەگەڵ بەرێز: فاتح رەئوف مارف ئەندامی مەكتەبی سیاسی حزبی سۆسیالیست دیموكراتی كوردستان، سلێمانی، ٢٠١٨/٨/٣٠.

نەخشەی ژمارە (٣٣)

ژمارەی کورسییەکانی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (٢٠٠٥/١/٣٠)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٣٧).

٧-بێلایەنەکان (سەربەخۆکان) :

لەم هەڵبژاردنەدا دوو کەسایەتی بێلایەن گەیشتنە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، کە لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەربژێرکرابوون، ئەوانیش بریتی بوون لە (ئەدهەم بارزانی و د.نوری تاڵەبانی) .

٨-پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکان(*):

دووەم: لیستی کۆمەڵی ئیسلامی:

کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان لەم خولەی هەڵبژاردندا بە لیستی ژمارە (٢٨٣) بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی کرد و توانی (٨٥,٢٣٧) دەنگ و ڕێژەی (٤,٨٦٪) کۆی دەنگی لیستە بەشدارەکان و بە ڕێژەی (٥,٠٨٪) کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و (٦) کورسی ئەنجومەنەکەی بەدەستبهێنێت، ئەم لیستە بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەشداری پرۆسەکەیان کرد،" ئەویش بەهۆی قبوڵنەکردنیان لە لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتتر (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان)"(١)، هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەم لیستە لەم هەڵبژاردنەدا و بەدەست هێنانی ئەم دەنگە زۆرە دەگەڕێنەوە بۆ:

(*)- لە تەوەری دووەمدا لە سەر پشك و دەنگی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان دەدوێین.

(١)- دیدار لەگەڵ بەڕێزان: ا- ئەبوبەکر عەلی، سەرچاوەی پێشوو. ب- هاوژین عمر، بەرپرسی ناوەندی هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامی، سلێمانی، ٢٠١٨/١٠/٢٧.

١-کۆمەڵی ئیسلامی خاوەنی هێزێکی چەکداری و خەباتی شاخ بووە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابووردوودا و بەشێکی دانەبڕاوبووە لە بزوتنەوەی ئیسلامی و درێژە پێدەری ئەو بزوتنەوەیە بووە و لەو ڕۆژەوە کۆمەڵ خەبات ناکات کە خۆی ڕاگەیاندوە، ئەمە جگە لەوەی توانی لەگەڵ پێشهاتە نوێیەکانی پاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس خۆی بگونجێنێت و قۆناغێکی مەدەنی و سیاسی خۆی دەستپێبکات[١].

٢-بەشدارینەکردنی بزوتنەوەی ئیسلامی لەم خولەی هەڵبژاردندا و دەنگدانی بەشێك لە کادیرو دەنگدەرانی خۆڵەمێشی ئەم پارتە ئیسلامیە بە کۆمەڵی ئیسلامی، ئەویش بەهۆی دابەزینی بە لیستی سەربەخۆ و نەچونە هیچ هاوپەیمانێتیەکی تر، بە تایبەت هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ لیستە علمانییەکاندا.

٣- دەستگیرکردنی مامۆستا (عەلی باپیر وەتمان) ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لە لایەن هێزێکی ئەمەریکاوە کە لەوکاتەدا فەرمانڕەوای عێراقیان لە ئەستۆدا دابوو، پاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس[٢].

٤-بەدەست هێنانی دەنگی ئەندام و کادر و لایەنگرانی دەنگدەرانی پارتەکە و بەشێك لە دەنگی خۆڵەمێشی ئەو دەنگدەرە باوەڕدارانەی ئەندام و کادری هیچ پارتێك ڕامیاری نەبوون، تەنانەت بەشێك لە ئەندامانی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستانیش[٣].

٥-"کوژرانی ئەندامێکی سیاسی و پاسەوانەکانی ئەم حزبە لە تاسلۆجە و گرتنی (٧٥٠) ئەندامیان لە سلێمانی و پەراوێزخستنی ئەم حزبە لەلایەن دەسەلأتداریتی کوردیەوە"[٤]، بۆ زانینی دەنگی کۆمەڵی ئیسلامی بە پێی پارێزگاکانی هەرێم، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣٨) و نەخشەی ژمارە (٣٤) .

خشتەی ژمارە (٣٨) .

ژ.لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستی کۆمەڵی ئیسلامی بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (٢٠٠٥/١/٣٠)

| ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | ژ. | (٪) |
| ٢٨٣ | | دهۆك | ٢,٠٠٥ | ٠,١٢ | ٢,٣٥ | ٠ | ٠ |
| | | هەولێر | ٢٢,٤٢٧ | ١,٣٤ | ٢٦,٣١ | ٢ | ٢٠ |
| | | پ.دی | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| | | سلێمانی | ٦٠,٨٠٥ | ٣,٦٢ | ٧١,٣٤ | ٤ | ٨٠ |
| سەرجەم | | | ٨٥,٢٣٧ | ٥,٠٨ | ١٠٠ | ٦ | ١٠٠ |

سەرچاوە: سەرچاوە: یەکێتی نیشتمانی کوردستان، مەکتەبی ڕێکخستن، دەزگای هەڵبژاردن، خشتەو ئامارەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان دا، ڕاپۆرتی بلأونەکراوە، بە بێ ژمارەی چاپ، ل٤.

بە ڕوانین لە خشتەی ژمارە (٣٨) دەبینین، لیستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان لە پارێزگای دهۆك (٢,٠٠٥) دەنگ و ڕێژەی (٠,١٢٪) دەنگی لیستە سەرکەوتووەکانی هەرێم و بە بەهای (٠) کورسی ئەنجومەنەکە دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای هەولێر (٢٢,٤٢٧) دەنگ و ڕێژەی (١,٣٤٪) دەنگی لیستەکان و بە بەهای نزیکەی (٢) کورسی ئەنجومەنەکە دەنگی بە دەستهێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (٦٠,٨٠٥) دەنگ و (٣,٦٢٪) دەنگی لیستەکان و بە بەهای (٤) کورسی ئەنجومەنەکە دەنگی بەدەست هێناوە.

(١)- دیدار لەگەڵ بەڕێز: ڕێبوار حمد، ووتە بێژی کۆمەڵی ئیسلامی، ئەنجومەنی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی- سلێمانی، ٢٠١٨/٩/١٠.

(٢)- دیدار لەگەڵ بەڕێز فاروق محمد محمد امین، سەرۆکی بۆردی توێژینەوەی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، سید صادق، ٢٠١٨/٨/١٦.

(٣)- دیدار لەگەڵ بەڕێز عمر محمد محمد کریم، سەرچاوەی پێشوو.

(٤)- دیدار لەگەڵ بەڕێز هاوژین عمر، سەرچاوەی پێشوو.

**نەخشەی ژمارە (٣٤)**

**ژمارەی کورسییەکانی لیستی کۆمەڵی ئیسلامی بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (٢٠٠٥/١/٣٠)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٣٨).

پارێزگای دهۆک پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بوو ڕێژەی (٢,٣٥٪)ی دەنگەکانی و بە بەهای (٠٪) کورسییەکانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بوو بەڕێژەی (٢٦,٣١٪)ی دەنگەکانی و بە بەهای (٢٠٪) کورسییەکانی دەنگی لەم پایزگایەدا بە دەستهێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بوو بە ڕێژەی (٧١,٣٤٪)ی دەنگەکانی و بە بەهای (٨٠٪) کورسییەکانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە.

ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆک پێگەیەکی جەماوەری زۆر لاوازی هەبووە، بۆیە نەیتوانیوە هیچ کورسیەکی پەرلەمانی دەستبهێنێت، ئەویش بەهۆی لاوازی ڕێکخستنەکانیان لەم پارێزگایە و یەکلابوونەوەی دەنگی دەنگدەری ئەم پارێزگایە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی.

مامناوەندی پێگەی ئەم لیستە لە پارێزگای هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ یەکلانەبوونەوەی ئەم پارێزگایە بۆ پارتێك یان لیستێك یان پێکهاتەیەکی نەتەوەیی یان ئاینی دیاریکراو و فرەیی دەنگدەری ئەم پارێزگایە بۆ سەرجەم لیستەکان.

بەهێزی پاڵپشتی پارێزگای سلێمانی بۆ ئەم لیستە دەگەڕێتەوە بۆ دروست بوونی ئەم پارتە لەم پارێزگایە و بوونی سەرکردایەتی و فراوانی بنکەی جەماوەری ئەم لیستە لەم پارێزگایەدا.

سێیەم: لیستی زەحمەتکێشانی کوردستان:

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە لیستی ژمارە (١٧٢) بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی کرد و توانی (٢٠,٥٨٥) دەنگ و (١,١٧٪) کۆی دەنگی لیستە بەشدارەکان (١,٢٣٪) کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و ڕیزبەندی سێیەم و کۆتا کورسی گشتی ئەنجومەنەکە

بباتەوە، هۆکاری بەدەست هێنانی یەك کورسی پەرلەمانی لە لایەن ئەم لیستەوە دەگەڕێتەوە بۆ بەشدارینەکردنیان لە هاوپەیمانی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان و بردنی بەشێکی کەم لە دەنگی ناڕازی دەنگدەری علمانی دژی دەسەڵاتداریێتی و سیاسەتی پارت و پێکهێنەرانی هاوپەیمانێتیەکە، بەڵام هۆکارەکانی بەدەست هێنانی تەنها یەك کورسی لە لایەن ئەم لیستەوە دەگەڕێنەوە بۆ:

١- جیابوونەوەی ئاڵای شۆڕش لە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان.

٢- قۆرخکردنی گۆڕەپان لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

٣-کاریگەری شەڕی ناوخۆ و دابڕانی زەحمەتکێشان بۆ ماوەی چەند ساڵێك لە نیوەی خاکی هەرێمی کوردستان بە هۆی هەڵوێستی لەو شەڕەدا(١).

٤-کارنەکردنی ئەم لیستە وەك ئۆپۆزسیۆن تا بتوانێت دەنگە ناڕازیەکانی دەسەڵات بەدەستبهێنێت(٢)، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ژمارە و ڕێژەی دەنگ و تەنها کورسییە بەدەست هاتووەکەی ئەم لیستە بە پێی پارێزگاکانی هەرێم، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣٩)و نەخشەی ژمارە (٣٥) .

خشتەی ژمارە (٣٩)

ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستی زەحمەتکێشانی کوردستان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (٢٠٠٥/١/٣٠)

| ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | ژ. | (٪) |
| ١٧٢ | | دهۆك | ١,٢٣٨ | ٠,٠٨ | ٦,٠١ | ٠ | ٠ |
| | | هەولێر | ١١,٨٢٩ | ٠,٧ | ٥٧,٤٧ | ١ | ١٠٠ |
| | | پ.دی | - | - | - | ٠ | ٠ |
| | | سلێمانی | ٧,٥١٨ | ٠,٤٥ | ٣٦,٥٢ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | ٢٠,٥٨٥ | ١,٢٣ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ |

سەرچاوە: یەکێتی نیشتمانی کوردستان، مەکتەبی ڕێکخستن، دەزگای هەڵبژاردن، خشتەو ئامارەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان دا، ڕاپۆرتی بڵاونەکراوە، بە بێ ژمارەی چاپ، ل٤.

وەك لە خشتەی ژمارە (٣٩) دەردەرکەوێت ئەم لیستە توانی لە پارێزگای دهۆك (١,٢٣٨) دەنگ و بە ڕێژەی (٠,٠٨٪) کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتووەکانی هەرێم و (٠) کورسی ئەنجومەنەکە بەدەستبهێنێت، لە پارێزگای هەولێر (١١,٨٢٩) دەنگ و بە ڕێژەی (٠,٧٪) کۆی دەنگی لیستەکان و بە نزیکەی بەهای (١) کورسی ئەنجومەنەکە دەنگی بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمانیش (٧,٥١٨) دەنگ و بە ڕێژەی (٠,٤٥٪) کۆی دەنگی لیستەکان و بە بەهای (٠) کورسی ئەنجومەنەکە دەنگی بەدەست هێناوە.

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بوە و تەنها ڕێژەی (٦,٠١٪) دەنگەکانی ئەم لیستە و بە بەهای (٠٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٥٧,٤٧٪) دەنگەکانی و بە بەهای (١٠٠٪) کورسییەکانی (تاکە کورسییەکەی) دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە بوو ڕێژەی (٣٦,٥٢٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٠٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە.

هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەم لیستە و بەدەست هێنانی (١) کورسی ئەنجومەنەکە دەگەڕێنەوە بۆ:

(١)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز بەهمەن حوسێن، سەرچاوەی پێشوو.

(٢)- دیدار لەگەڵ بەڕێز ئەبوبەکر عەلی، سەرچاوەی پێشوو.

**نەخشەی ژمارە (٣٥)**

**ژمارەی کورسییەکانی لیستی زەحمەتکێشانی کوردستان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی دووەم ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (٢٠٠٥/١/٣٠)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٣٩).

١- دەنگدانی بەشێك لە خەڵکی ناڕازی لە سیاسیەتەکانی (پ.د.ك و ی.ن:ك) بەم لیستە.

٢- زۆری بەدەست هێنانی دەنگ لە لایەن لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان و بەهادارکردنی نرخی یەك کورسی ئەنجومەنەکە.

## تەوەری دووەم: لیستە ململانێکارەکان بۆ کورسی کۆتاکان:

بە پێی یاسای ژمارە (٤٧)ی ساڵی ٢٠٠٤، یاسای سێیەم هەموارکراوی یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق[1]، لەم خولەی پەرلەماندا هیچ کورسییەك وەك کۆتا بۆ پێکهاتەکان تەرخاننەکرا ئەگەر چی (٦) کورسیش بۆ ئەنجومەنەکە زیادکرا، بۆیە هیچ لیستێکی پێکهاتەکان نەچونە پرۆسەی کێبڕکێ و هەڵبژاردنەوە بەمەبەستی بەدەستهێنانی زۆرترین کورسی تەرخانکراو بۆ ئەم پێکهاتانە.

چەند بەربژێرێکی لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان لەم پێکهاتانەبوون، پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان، (٩) ئەندام و (٨,٦٥٪) ئەندامانی سەرکەوتوی ئەم لیستەیان پێکهێنا، ئەمانە نزیك بوون لە هەردوو پارتی دەسەڵاتداری هەرێم، بە مانایەکی

(١) - پەرلەمانی کوردستان، یاسای ژمارە (٤٧) ی ساڵی٢٠٠٤ یاسای هەموارکردنی یاسای ژمارە (١) ی هەموارکراوی ساڵی١٩٩٢ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو.

تر دەنگی پێکهاتەکان(*) بەکارهێنرا بۆ زیادکردنی دەنگی لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان لە بری ئەوەی دەنگ بە پێکهاتەکانی خۆیان بدەن، ئامانجیش لە بەربژێرکردنی ئەندامانی ئەم پێکهاتانە لە لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان بریتیبوون لە:

١- پیشانی کۆمەڵگای جیهان بدرێت، پێکهاتەکانیش مافی بەشداریکردنیان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا هەیە و هەمان ئەرك و مافی هاوڵاتییەکی کوردستانیان هەیە.

٢- پیشانی کۆمەڵگای کوردی و جیهانی بدرێت، کوردستان لانکەیەکی ئارامی تەواوی پێکهاتەکانە، دەتوانن کاری پێکەوەیی و هاوبەش بکەن چ لەگەڵ دانیشتوانی و چ لەگەڵ پارتە ڕامیارییەکاندا.

٣- هۆکارێکیش بوو لە ڕێیەوە دەنگی دەنگدەرانی پێکهاتەکان ببەن بۆ لیستەکەیان.

٤- دەشێت بەدەست هێنانی سۆز و پشتگیری و کۆمەکی نێودەوڵەتی بوبێت بۆ ئەو ئەنجومەنی نیشتمانی و حکومەتەی کە لە سەر ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە دروستدەکرا.

٥- هۆکارێکیش بوو تا لە ڕێیەوە پشکی پێکهاتەکان کۆنترۆڵبکەن و ئەو کەسایەتیانە بنێرنە ئەنجومەنی نیشتمانی کە ئەندامی پارتە دەسەڵاتدارەکان بوون، یان ئەندامی تری ئەو پارتانەی پێکهاتەکان بوون کە هاوپەیمان یان نزیکی دەسەڵات یان لانی کەم نەیاری دەسەڵات نەبوون. سەرئەنجام چەند بەربژێرێك بەناوی کەسایەتی بێلایەن یان لە پارتی جیاواز سەرکەوتن، ئەوانیش:

یەکەم: ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە پێکهاتەی کلد و سریان و ئاشوری:

لەم هەڵبژاردنەدا ئەم پێکهاتە ئاینییە توانیان (٥) کورسی و (٤,٨١٪) کورسی هاوپەیمانێتێکەیان بەدەستبهێنن، تەنها ئەم نوێنەرانە لەم پێکهاتەیە توانیان بگەنە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان. لایەنی ڕامیاری ئەندامە سەرکەوتووەکانیش بریتیبوون لە: (١) ئەندامی بێلایەن، (١) ئەندامی بیت نەهرەین، (٢) ئەندامی بزوتنەوەی ئاشووری، (١) ئەندامی پارتی دیموکراتی کلدان.

بەیزان اوهان سرکیس لە پێکهاتەی ئەرمەن بوو، هاوسەرەکەی لە پێکهاتەی کلدانی بوو[١]، بەڵام هۆکاری بەربژێرکردنی بایزان اوهان سرکیس لە لایەن لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ بەدەست هێنانی دەنگی ئەرمەنیەکان، ئەمە جگە لە بەدەست هێنانی دەنگی کلدانیەکان لە ڕێگای هاوسەرەکەیەوە.

دووەم: ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە پێکهاتەی تورکمان:

لەم هەڵبژاردنەدا ئەم پێکهاتەیە تەنها (٤) کورسی و (٣,٨٥٪) کورسی هاوپەیمانیەتییەکەیان بەدەست هێنا، تەنها ئەم نوێنەرانەش لەم پێکهاتەیە توانیان بگەنە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (٣) لە ئەندامەکانیش کەسایەتی بێلایەنی تورکمان بوون، تەنها (١) ئەندام لە پارتی دیموکراتی تورکمان بوو. ئایدن معروف دەڵێت"بەشداری پێکردنی ئەم تورکمانانە تەنها بۆ ڕووکەش (واجهە)و بەرژەوەندی دەسەڵات بوو بە ناو وەك بێلایەن بەشدارییان کرد، بەڵام نزیکیش بوون لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بەهاریکاری ئەوان گەیشتنە پەرلەمان"، هۆکاری بەشداری نەکردنی بەرەی تورکمانی لە هەڵبژاردنی ئەم خولەدا دەگەڕێتەوە بۆ خراپی پەیوەندی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرەی تورکمانی و دەست بەسەرداگرتنی بارەگاکانیان لە هەولێر لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە[٢].

---

(*)- سرود سلیم دەڵێت" نوێنەرە مەسیحیە سەرکەوتووەکان نوێنەری ئێمەی مەسیحی نەبوون، لەبەر ئەوەی کۆتامان بۆ دانەنرابوون و بە دەنگی کۆتا سەرنەکەوتن"، پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز: سرود سلیم متی مقدسی، سەرچاوەی پێشوو.

(١)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز بروانت نیسان مارکوس بطرس، ئەندامی خولی چوارەمی پەلەمانی کوردستان لە سەر پێکهاتەی ئەرمەن، ٧ ئۆکتۆبەری٢٠١٨.

(٢)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز ئایدن معروف سلیم احمد، سەرچاوەی پێشوو.

## باسی سێیەم: شیکردنەوەی جوگرافی بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥):

پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، ئەنجامەکان لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە ڕاگەیەندرا، بۆ یەکەمین جار بوو ئۆپۆزسیۆن بەهێزێکی زۆرەوە بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن بکات، ئەمەش کاریگەری گەورەی لە سەر گۆڕانی ژمارە و ڕێژەی دەنگ و کورسی لیستەکان بەگشتی و لە ناویشیاندا هەردوو پارتە دەسەڵاتدارەکە هەبوو، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم باسە، دابەشی دوو تەوەری دەکەین، ئەوانیش بریتین لە:

### تەوەری یەکەم: لیستە ململانێکارەکان بۆ کورسی گشتی:

لە هەڵبژاردنی ئەم خولەدا (١٢) لیست چ وەک پارتی سەربەخۆ چ وەک هاوپەیمانێتی نێوان چەند پارتێك چونە ململانێ هەڵبژاردنەکانەوە بۆ بەدەست هێنانی زۆرترین کورسی پەرلەمانی لەکۆی (١٠٠) کورسی گشتی، هەڵبژاردن بە یەك بازنە ئەنجامدرا، پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان، سەنگی هەڵبژاردنی هەر یەکێك لە لیستەکان جیاواز بوو، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤٠).

خشتەی (٤٠)

ژمارەی لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستە بەشداربووەکان بە پێی پارێزگاکان هەرێم و عێراق لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | ناوی لیست | ژمارە و ڕێژەی دەنگ بە پێی پارێزگا: دهۆک ژ. | دهۆک (٪) | هەولێر ژ. | هەولێر (٪) | سلێمانی ژ. | سلێمانی (٪) | پارێزگاکانی دی ژ. | پارێزگاکانی دی (٪) | سەرجەم ژ. | سەرجەم (٪) | کورسی ژ. | کورسی (٪) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٥٠ | | ئایندەی گەش بۆ کوردستان | ٢٦٤ | ٠,٦ | ٣٦٩ | ٠,٠٦ | ٣٦٦ | ٠,٠٥ | ٢ | ٠,٠٤ | ١,٠٠١ | ٠,٠٥ | ٠ | ٠ |
| ٢ | ٥١ | | یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان | ٢٩٥ | ٠,٧ | ١,٢٥٥ | ٠,١٩ | ٣٠٨ | ٠,٠٤ | ١ | ٠ | ١,٨٥٩ | ٠,١ | ٠ | ٠ |
| ٣ | ٥٢ | | حزب الدستوري العراقي | ٢٧٠ | ٠,٧ | ٢٥٨ | ٠,٠٤ | ١٧٦ | ٠,٠٢ | ٤ | ٠,٠٥ | ٧٠٨ | ٠,٠٤ | ٠ | ٠ |
| ٤ | ٥٣ | | پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان | ٩٤٩ | ٠,٢٣ | ١,٣٥٨ | ٠,٢١ | ١,١٦٣ | ٠,١٥ | ٣ | ٠,٠٧ | ٣,٤٧٣ | ٠,١٩ | ٠ | ٠ |
| ٥ | ٥٤ | | کوردستانی | ٣٤٦,٧٢٠ | ٨٤,٨ | ٤٣٩,٢٢٤ | ٦٨,٢ | ٢٨٥,٠٦٥ | ٣٧,٤٩ | ٦,٦٤١ | ٩٢,٩ | ١,٠٧٧,٦٥٠ | ٥٩,٢ | ٥٩ | ٥٩ |
| ٦ | ٥٥ | | ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی | ١,١٦٠ | ٠,٢٨ | ٧,٨٤٢ | ١,٢٢ | ٦,٠٢٩ | ٠,٨ | ١٢ | ٠,١٧ | ١٥,٠٤٣ | ٠,٨٣ | ١ | ١ |
| ٧ | ٥٦ | | بزوتنەوەی چاکسازی کوردستان | ٢٤٨ | ٠,٠٦ | ٨٣٥ | ٠,١٣ | ٩٨٧ | ٠,١٣ | ١ | ٠ | ٢,٠٧١ | ٠,١١ | ٠ | ٠ |
| ٨ | ٥٧ | | گۆڕان | ١٤,٧٩٤ | ٣,٦٢ | ١١٤,٧٥٨ | ١٧,٨١ | ٣١٥,٣٣٨ | ٤١,٤٨ | ٢٢٤ | ٣,١٣٢ | ٤٤٥,١١٤ | ٢٤,٤٥ | ٢٥ | ٢٥ |
| ٩ | ٥٨ | | بزوتنەوەی ئیسلامی | ٦٦٠ | ٠,١٦ | ٦,٩٢٢ | ١,٠٧ | ١٩,٥٦٤ | ٢,٥٧ | ١ | ٠ | ٢٧,١٤٧ | ١,٥ | ٢ | ٢ |
| ١٠ | ٥٩ | | خزمەتگوزاری و چاکسازی | ٤٢,٨٣٢ | ١٠,٤٨ | ٦٩,١٦٣ | ١٠,٧٤ | ١٢٨,٨٤٣ | ١٦,٩٥ | ٢٥٤ | ٣,٥٤ | ٢٤١,٠٩٢ | ١٣,٢٤ | ١٣ | ١٣ |
| ١١ | ٦٠ | | گەنجانی سەربەخۆ | ٢٣٢ | ٠,٠٦ | ٧٤٣ | ٠,١٢ | ٩٨٥ | ٠,١٣ | ٠ | ٠ | ١,٩٦٠ | ٠,١١ | ٠ | ٠ |
| ١٢ | ٦١ | | پارتی پارێزگارانی کوردستان | ٢٢٥ | ٠,٠٦ | ١,١٩٧ | ٠,١٩ | ٩١٧ | ٠,١٢ | ٧ | ٠,١ | ٢,٣٤٦ | ٠,١٣ | ٠ | ٠ |
| ١٣ | ٦٢ | | لیستی پێشکەوتن | ٢٠٨ | ٠,٠٥ | ١٣١ | ٠,٠٢ | ٥٤٤ | ٠,٠٧ | ٠ | ٠ | ٨٨٣ | ٠,٠٥ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ٤٠٨,٨٥٧ | ١٠٠ | ٦٤٤,٠٥٥ | ١٠٠ | ٧٦٠,٢٨٥ | ١٠٠ | ٧,١٥٠ | ١٠٠ | ١,٨٢٠,٣٤٧ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە:کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە: المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، مجموع الاصوات لكل كيان سياسي، تقرير غير منشور، بدون رقم الصفحة.

پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان (٥) لیست بە بەدەست هێنانی (١,٨٠٦,٠٤٦) دەنگ و ڕێژەی(٩٩,٢١٪)ی کۆی دەنگی لیستە بەشداربووەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن توانیان، بگەنە پەرلەمان، ئەوانیش بریتیبوون لە:

١- لیستی کوردستان:

ئەم لیستە بەڕیزبەندی ژمارە (٥)و بە لیستی ژمارە (٥٤) چوە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، پێکهێنەرانی ئەم لیستە بریتی بوون لە (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان)، "هۆکاری پێکهێنانی ئەم لیستە لە نێوان هەردوو پارتدا دەگەڕێتەوە بۆ خاڵی یەکەمی[*] ڕێکەوتنامەی ستراتیجی کە تیایدا هاتوە هەردوو پارت لە هەڵبژاردنەکاندا بە یەك لیست دادەبەزن"[١]، ئەم لیستە توانی لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان (١,٠٧٧,٦٥٠) دەنگ و ڕێژەی (٥٩,٢٪) کۆی دەنگی لیستەکان و ڕێژەی (٥٩,٦٧٪) دەنگی لیستە سەرکەوتوەکان و (٥٩) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت. سەرکەوتنی بەرچاوی ئەم لیستە لەم هەڵبژاردنەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پێکهێنەرانی ئەم لیستە دوو هێزی گەورە بوون و مێژوویەکی دوور و درێژی قوربانیدانیان هەبوو، جگە لەوەی سەروەت و سامان و دەسەڵاتی کوردستانیان بەدەستەوە بووە توانیبویان لە خزمەتی ئەم پرسەدا بەکاریبهێنن[٢]، بەڵام بەراورد بە هەڵبژاردنی خولی یەکەم (٤١٪) کورسییەکانیان لە دەستدا، بەراوورد بە خولی دووەمیش (٢٠٪) کورسییەکانیان لە دەستدا، هۆکارەکانی لە دەستدانی کورسییەکانیشیان دەگەڕێنەوە بۆ:

أ- ناڕازیبوونی بەشێك لە کوردستانیان لە دەسەڵاتداریێتی و فەرمارەوایکردنی هەردوو حزبی دەسەڵات.

ب- بەشداریکردنی لیستێکی بەهێزی وەك بزوتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنەکاندا[٣].

ت- پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردستان، سەرهەڵدانی میدیای ئازاد و ڕاگەیاندن[٤].

پ- "بوونی گەندەڵییەکی زۆر لە حکومەتی هەرێم و بوونی ناعەدالەتی زۆر لە دابەشکردنی سەروەت و سامانی هەرێم و دەستاو دەستنەکردنی دەسەڵات بەشێوەی ئاشتیخوازانە و شەڕی ناوخۆی چەندین ساڵەی نێوان هەردوو هێزی سەرەکی و پشتیوانی کردنی وڵاتانی هەرێمی بۆ گۆڕینی سیستمی دەسەڵاتداریێتی لە هەرێمی کوردستاندا"[٥]. بۆ زانینی ژمارە و ڕێژەی دەنگ و کورسی بەدەست هاتوی لیستی کوردستانی بە پێی پارێزگاکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤١)و نەخشەی ژمارە (٣٦) .

خشتەی ژمارە (٤١)

ژ.لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و لیستی کوردستانی بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژ. | (٪) |
| ٥ | ٥٤ | لیستی کوردستانی | دهۆك | ٣٤٦,٧٢٠ | ١٩,٢ | ٣٢,١٧ | ١٩ | ٣٢,٢ |
| | | | هەولێر | ٤٣٩,٢٢٤ | ٢٤,٣٢ | ٤٠,٧٦ | ٢٤ | ٤٠,٦٨ |
| | | | سلێمانی | ٢٨٥,٠٦٥ | ١٥,٧٨ | ٢٦.٤٥ | ١٦ | ٢٧,١٢ |
| | | | پ.تر | ٦,٦٤١ | ٠,٣٧ | ٠,٦٢ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ١,٠٧٧,٦٥٠ | ٥٩,٦٧ | ١٠٠ | ٥٩ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (٤٠).

(*)- برگەی دووەمی خاڵی دووەمی ڕێکەوتنامەکەیە (توێژەر) .

(١)- دیدار لەگەڵ بەڕێز خەسرەو گۆران، سەرچاوەی پێشوو.

(٢)- دیدار لەگەڵ بەڕێزان: أ- ئەبوبەکر عەلی، سەرچاوی پێشوو. ب- هاوژین عمر، سەرچاوەی پێشوو.

(٣)- دیدار لەگەڵ بەڕێز عمر محمد محمد کریم، سەرچاوەی پێشوو.

(٤)- دیدار لەگەڵ بەڕێز ئەبوبەکر عەلی، سەرچاوەی پێشوو.

(٥) - دیدار لەگەڵ بەڕێز نەریمان مەجید سعید، سەرچاوەی پێشوو.

بە سەرنجدان لەخشتەی ژمارە (٤١) دەبینین، لیستی كوردستانی لە پارێزگای دهۆك (٣٤٦,٧٢٠) دەنگ و ڕێژەی (١٩,٢٪) كۆی دەنگی لیستە سەركەوتووەكان و بە بەهای (١٩) كورسی پەرلەمانی دەنگی بەدەست هێناوە، لە پارێزگای هەولێر (٤٣٩,٢٢٤) دەنگ و بەڕێژەی (٢٤,٣٢٪) كۆی دەنگی لیستە سەركەوتووەكان و بە بەهای (٢٤) كورسی پەرلەمانی دەنگی بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (٢٨٥,٠٦٥) دەنگ و ڕێژەی (١٥,٧٨٪) كۆی دەنگی لیستە سەركەوتووەكان و بە بەهای (١٦) كورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگاكانی تری عێراقیشدا (٦,٦٤١) دەنگ و بە ڕێژەی (٠,٣٧٪) كۆی دەنگی لیستە سەركەوتووەكان و بە بەهای (٠) كورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە.

نەخشەی ژمارە (٣٦)

ژمارەی كورسییەكانی لیستی كوردستانی بە پێی پارێزگاكان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی كوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)




سەرچاوە: كاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٤١).

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی ماماوەندی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٣٢,١٧٪) دەنگەكانی ئەم لیستە و بە بەهای (٣٢,٢٪) كورسییەكانی دەنگی ئەم لیستەی پێكهێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٤٠,٧٦٪)ی دەنگەكانی ئەم لیستە و بە بەهای (٤٠,٦٨٪) كورسییەكانی دەنگی ئەم لیستەی پێكهێناوە، هەرچی پارێزگای سلێمانیشە پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٢٦,٤٥٪) دەنگەكانی ئەم لیستە و بە بەهای (٢٧,١٢٪) كورسییەكانی دەنگی ئەم لیستەی پێكهێناوە.

لەبەر ئەوەی هەڵبژاردن بە لیستی داخراو بوو بەهیچ جۆرێك نازانرێت دەنگی ڕاستەقینەی هەر پارتێكی پێكهێنەری ئەم لیستە چەند بووە، بەڵام ئەگەر سنوری كارگێڕی و ناوچەی جوگرافیا بكەین بە پێوەر بۆمان دەردەكەوێت نزیكەی (٧٣٪) دەنگ

و کورسی ئەم لیستە لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك بوون لە جوگرافیای قەڵەمڕەوی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بوون، تەنها ڕێژەی (٢٦,٤٥٪)دەنگی بەدەست هاتووی ئەم لیستە لە پارێزگای سلێمانی و جوگرافیای قەڵەمڕەوی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا بووە. کەواتە هۆکاری سەرکەوتنی ئەم لیستە دەگەڕێتەوە بۆ دەنگی کادر و ئەندام و لایەنگران و دەنگی خۆڵەمێشی پارتی دیموکراتی کوردستان. بۆ زانینی ژمارە و ڕێژەی دەنگی نزیکەیی هەر پارتێکی پێکهێنەری ئەم لیستە بە جیا لە هەر یەکەیان دەدەوێین:

أ- پارتی دیموکراتی کوردستان:

ئەم پارتە توانی لەگەڵ هاوپەیمانەکەی لە لیستی کوردستانی ببنە براوەی هەڵبژاردنەکان بە بەدەست هێنانی (٥٩) کورسی پەرلەمانی، لەناو لیستەکەشدا توانی ببێتە پارتی براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکان بە بەدەست هێنانی (٣٠) کورسی پەرلەمانی، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ژمارە و ڕێژەی دەنگی ئەم لیستە بە پێی پارێزگاکان(*)بڕوانە خشتەی ژمارە (٤٢)و نەخشەی ژمارە (٣٧) خشتەی ژمارە (٤٢).

ژ.لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی پارتی دیموکراتی کوردستان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژ. | (٪) |
| ٥ | ٥٤ | | دهۆك | ١٧٦,٢٩٨ | ٩,٧٦ | ٣٢,١٧ | ١٠ | ٣٣,٣٣ |
| | | | هەولێر | ٢٢٣,٣٣٤ | ١٢,٣٧ | ٤٠,٧٦ | ١٢ | ٤٠ |
| | | | سلێمانی | ١٤٤,٩٤٨ | ٨,٠٢ | ٢٦,٤٥ | ٨ | ٢٦,٦٧ |
| | | | پ.تر | ٣,٣٧٧ | ٠,١٩ | ٠,٦٢ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ٥٤٧,٩٥٧ | ٣٠,٣٤ | ١٠٠ | ٣٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (٤٠).

لە خشتەی ژمارە (٤٢) دەبینین، پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای دهۆك (١٧٦,٢٩٨) دەنگ و ڕێژەی (٩,٧٦٪) دەنگی لیستە سەرکەتووەکانی هەرێم وبە بەهای (١٠) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایە بەرکەوتوە، لە پارێزگای هەولێر (٢٢٣,٣٣٤) دەنگ و ڕێژەی (١٢,٣٧٪) کۆی دەنگی لیستەکان و بە بەهای (١٢) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەرکەوتوە، هەرچی پارێزگای سلێمانیشە (١٤٤,٩٤٨) دەنگ و ڕێژەی (٨,٠٢٪) دەنگەکان و بە بەهای (٨) کورسی پەرلەمانی دەنگی ئەم پارێزگایەی بەرکەتووە. لە پارێزگاکانی تری عێراقیش (٣,٣٧٧) دەنگ و ڕێژەی (٠,١٩٪)ی دەنگەکان و بە بەهای (٠) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایانەدا بەرکەتووە.

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی مامناوەندی ئەم پارتە بووە و ڕێژەی (٣٢,١٧٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٣٣,٣٣٪) کورسییەکانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەرکەتووە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی بەهێزی ئەم پارتە بووە و بەرێژەی (٤٠,٧٦٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٤٠٪) کورسییەکانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەرکەتووە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی لاوازی ئەم پارتە بووە و بە ڕێژەی (٢٦,٤٥٪)ی دەنگەکانی و بە بەهای (٢٦,٦٧٪) کورسییەکانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەرکەتووە، پارێزگاکانی تری عێراقیش پارێزگای زۆر لاوازی ئەم پارتە بووە و ڕێژەی (٠,٦٢٪)ی دەنگەکانی بەرکەتووە.

(*)- بەهۆی یەك لیستی و داخراوی لیستەکە و ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەو ڕۆژەدا، تەنانەت بە نزیکەیش نازانرێت هەر لیستە بە دیاریکراوی چەند دەنگی بەدەست هێناوە، بۆیە بە ناچاری بەرکەوتەی کورسی پەرلەمانیمان کردووە بە پێوەر بۆ دەستنیشانکردنی ژمارە و ڕێژەی دەنگی پێکهێنەرانی لیستی کوردستانی.

نەخشەی ژمارە (٣٧)

ژمارەی کورسییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان

(٢٠٠٩/٧/٢٥)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٤٢).

پارێزگای هەولێر و دهۆك جوگرافیای قەڵەمڕەوی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە و دەشێت زۆرینەی دەنگەکانی ئەم پارێزگایانە بەدەستبهێنێت زیاتر لە بەرکەوتەی هەژماری کە (٢٢) کورسیە، بەڵام بەدەست هێنانی دەنگ بە بەهای (٨) کورسی لە پارێزگای سلێمانی، دەنگێکی زۆرە و سودی لە دەنگی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەرگرتوە.

ب- یەکێتی نیشتمانی کوردستان:

ئەم پارتە لەگەڵ پێکهێنەری لیستەکە توانیان ببنە براوەی یەکەمی هەڵبژاردنی خولی سێیەم، لە ناو لیستەکەشدا ڕیزبەندی دووەمی لیستەکەی بەرکەوت، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ژمارە و ڕێژەی دەنگی بەدەست هاتووی ئەم پارتە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤٣)و نەخشەی ژمارە (٣٨) .

بە ڕوانین لە خشتەی ژمارە (٤٣) دەبینین، یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پارێزگای دهۆك (١٧٠،٤٢٢) دەنگ و ڕێژەی (٩،٤٤٪) دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای (٩) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایە بەرکەوتوە، لە پارێزگای هەولێر (٢١٥،٨٩٠) دەنگ و ڕێژەی (١١،٩٥٪) دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای (١٢) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایە بەرکەوتوە، لە پارێزگای سلێمانی (١٤٠،١١٧) دەنگ و ڕێژەی (٧،٧٦٪) دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای (٨) کورسی پەرلەمانی دەنگی ئەم پارێزگایەی بەرکەوتوە، لە پارێزگاکانی تریش عێراقیش (٣،٢٦٤) دەنگ و ڕێژەی (٠،١٨) دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان هەرێم و بە بەهای (٠) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایانەدا بەرکەوتوە.

### خشتەی ژمارە (٤٣)

### ژ.لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪)دەنگ و کورسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژ. | (٪) |
| ٥ | ٥٤ | لیستی کوردستانی | دهۆك | ١٧٠,٤٢٢ | ٩,٤٤ | ٣٢,١٧ | ٩ | ٣١,٠٣ |
| | | | هەولێر | ٢١٥,٨٩٠ | ١١,٩٥ | ٤٠,٧٦ | ١٢ | ٤١,٣٨ |
| | | | سلێمانی | ١٤٠,١١٧ | ٧,٧٦ | ٢٦,٤٥ | ٨ | ٢٧,٥٩ |
| | | | پ.تر | ٣,٢٦٤ | ٠,١٨ | ٠,٦٢ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ٥٢٩,٦٩٣ | ٢٩,٣٣ | ١٠٠ | ٢٩ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (٤٠).

### نەخشەی ژمارە (٣٨)

### ژمارەی کورسییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٤٣).

بەهەمان شێوەی لیستەکەیان پارێزگای دهۆك پاڵپشتی مامناوەندی ئەم پارتە بووە و ڕێژەی (٣٢,١٧٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٣١,٠٣٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم پارێزگایەی بەرکەتووە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی بەهێزی ئەم پارتە بووە و بەڕێژەی (٤٠,٧٦٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٤١,٣٨٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم پارێزگایەی بەرکەتووە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی لاوازی ئەم پارتە بووە و ڕێژەی (٢٦,٤٥٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٢٧,٥٩٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم پارێزگایەی بەرکەتووە، پارێزگاکانی تری عێراقیش پاڵپشتی هەرە لاوازی ئەم پارتە بوون و ڕێژەی (٠,٦٢) دەنگەکانی ئەم پارتەیان پێکهێناوە.

لە ڕاستیدا سەنگی هەڵبژاردنی ئەم پارتە زۆر لەوە کەمترە بتوانێت لە هەردوو پارێزگای دهۆك و هەولێر (٢١) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت، بۆیە توانیویەتی سود لە دەنگی دەنگدەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان وەربگرێت، لە بەرامبەریشدا سەنگی هەڵبژاردنی ئەم پارتە زیاترە لە (٨) کورسی پەرلەمانی لە پارێزگای سلێمانی کە بە مەڵبەند و قەڵای سەوزی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەژمارکراوە بە تایبەت لە ڕاپەرینی ئازاری ١٩٩١ەوە تا ساتەوەختی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان.

٢- بزوتنەوەی گۆڕان

ئەم لیستە بەڕیزبەندی ژمارە (٨)و بە لیستی ژمارە (٥٧) چوە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، یەکەم ئەزموونی کارکردنی ڕامیاری بە بەشداریکردنی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی دەستپێکرد، دەستکردن بە خەباتی سیاسی و هەڵبژاردنی ئەم لیستە، ڕاچەنین بوو بۆ تەواوی پارتەکانی کوردستان چ دەسەڵاتدار چ ئۆپۆزسیۆن، بۆ یەکەمین جار بوو ئۆپۆزسیۆنێکی زۆر بەهێز لە دایك بێت و بەهێزێکی زۆرەوە بگاتە پەرلەمان و چوار ساڵی خەباتی پەرلەمانی و ئۆپۆزسیۆنبوونی لە پەرلەمان درێژە پێبدات، ئەم لیستە توانی لەم هەڵبژاردنەدا (٤٤٥,١١٤) دەنگ و ڕێژەی (٢٤,٦٤٪) کۆ دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و (٢٥) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت[١]، هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەم لیستە لەم هەڵبژاردنەدا دەگەڕێنەوە بۆ:

أ- "هەڵبژاردنی کاتێکی گونجاو بۆ ڕاگەیاندنی لیست و بەشداریکردنی لە هەڵبژاردنەکانی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا.

ب- بردنی بودجەی هەرێم لە لایەن پارتە باڵادەستەکانی هەرێمەوە.

ت- نەبوونی شەفافیەت لە داهات و غیابی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دروستبوونی جیاوازییەکی گەورەی چینایەتی هۆکارێکی تری بێزاربوونی خەڵکی بوون.

پ- قۆرخکردنی بازار و کایەکانی ژیان و جومگەکانی حکومڕانی لە لایەن یەکێتی و پارتی.

ج- بێباکی پارتی و یەکێتی لە دەنگی دەنگدەرانی کوردستان.

ح- بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵك لە ڕێی میدیای ئازاد بە ڕونکردنەوەی ڕاستییەکان بۆ جەماوەری کوردستان.

خ- ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس، ترس و مۆتەکەی تەعریب و داگیرکردنەوەی کوردستانی نەهێشت، ئەمەش هۆکارێکی تر بوو بۆ بێمەنت بوونی خەڵکی لە پارتی و یەکێتی"[٢].

---

(١) خشتەی ژمارە (٤٤).

(٢)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز شۆڕش حاجی، وتە بێژی بزوتنەوەی گۆڕان، ٨/ ١٠/ ٢٠١٨.

د-سەرکردایەتی کردنی ئەم بزوتنەوە لە لایەن خودی نەوشیروان مستەفاوە، جگە لە بوونی توانایەکی زۆری مرۆیی و تەنانەت ئابوری و ڕاگەیاندێکی زۆر بەهێز[١].

ژ- جیابوونەوەی کەسانی ئامادەکراو ڕاهێنراو لە نێوان ئەم لیستە و بوونی کەسانی ئامادەکرا و ڕاهێنراو و جیابوونەوەیان (نیوەی ئەندامانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ) لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان[٢].

ر-"کۆمەکی ولاَتانی هەرێمی بۆ بزوتنەوەی گۆڕان و پارتە ئیسلامییەکان بەمەبەستی گۆڕینی سیستمی دەسەلاَت"[٣].

ز-"بۆ یەکەمین جارە ئومێد بۆ خەلکی پەیدا دەبێت لە گۆڕانکاری لە دەسەلاَتدا لە لایەن هێزێکی سیاسیەوە، ئەویش بەهۆی لاوازی حزبە ئیسلامییەکان و حزبەکانی دەرەوەی دەسەلاَت"[٤] و کۆکردنەوەی دەنگە ناڕازییەکان هەرێم[٥]، بۆ زانیار زیاتر لە سەر سەنگ و دەنگی هەڵبژاردنی ئەم لیستە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤٤)و نەخشەی ژمارە (٣٩) .

خشتەی ژمارە (٤٤)

ژ.لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستی بزوتنەوەی گۆڕان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژ. | (٪) |
| ٨ | ٥٧ | | دهۆك | ١٤,٧٩٤ | ٠,٨٢ | ٣,٣٣ | ١ | ٤ |
| | | | هەولێر | ١١٤,٧٥٨ | ٦,٣٥ | ٢٥,٧٨ | ٦ | ٢٤ |
| | | | سلێمانی | ٣١٥,٣٣٨ | ١٧,٤٦ | ٧٠,٨٤ | ١٨ | ٧٢ |
| | | | پ.تر | ٢٢٤ | ٠.٠١ | ٠,٠٥ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ٤٤٥,١١٤ | ٢٤,٦٤ | ١٠٠ | ٢٥ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (٤٠).

وەك لە خشتەی ژمارە (٤٤) دەبینین، لیستی بزوتنەوەی گۆڕان لە پارێزگای دهۆك (١٤,٧٩٤) دەنگ و ڕێژەی (٠,٨٢٪) کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای (١) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای هەولێر (١١٤,٧٥٨) دەنگ و ڕێژەی (٦,٣٥٪)دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای (٦) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایە بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (٣١٥,٣٣٨) دەنگ و ڕێژەی (١٧,٤٦٪) کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای (١٨) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە.لە پارێزگاکانی تری عێراقیشدا تەنها (٢٢٤) دەنگی بەدەست هێناوە.

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و تەنها ڕێژەی (٣,٣٣٪) دەنگەکان و بە بەهای (٤٪) کورسییەکانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە و بە ڕێژەی(٢٥,٧٨٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٢٤٪) کورسییەکانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و بە ڕێژەی (٧٠,٨٤٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٧٢٪) کورسییەکانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، پارێزگاکانی تری عێراقیش پاڵپشتی زۆر لاوازی ئەم لیستە بوون و بە ڕێژەی (٠,٠٥)ی کۆی دەنگەکانی ئەم لیستەیان پێکهێناوە.

---

(١)- دیدار لەگەڵ بەڕێزان: أ- عمر محمد محمد کریم، سەرچاوەی پێشوو.. ب- هاوژین عمر، سەرچاوەی پێشوو.

(٢)- دیدار لەگەڵ بەڕێز خەسرەو گۆران، سەرچاوەی پێشوو.

(٣)- دیدار لەگەڵ بەڕێز نەریمان مەجید سعید، سەرچاوەی پێشوو.

(٤)- دیدار لەگەڵ بەڕێز ئەبوبەکر عەلی، سەرچاوەی پێشوو.

(٥)- دیدار لەگەڵ بەڕێز نەریمان مەجید سعید، سەرچاوەی پێشوو.

نەخشەی ژمارە (٣٩)

ژمارەی كورسییەكانی لیستی بزوتنەوەی گۆڕان بە پێی پارێزگاكان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی كوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)




سەرچاوە: كاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٤٤).

هەرچەندە پارێزگای دهۆك لە ساڵانی ڕابردوودا بۆ پارتی دیموكراتی كوردستان یەكلای ببووەوە، ئەم لیستە توانی لە یەكەم ئەزمونی هەڵبژاردنیدا بە بەهای یەك كورسی پەرلەمانی دەنگ لەم پارێزگایەدا بەدەستبهێنێت. هۆكاری كەمی دەنگی ئەم لیستە لەم پارێزگایەدا دەگەڕێتەوە بۆ نەبوون یان لاوازی پێگەی جەماوەری و كاری ڕێكخراوەیی ئەم لیستە لەم پارێزگایەدا، بۆ پارێزگای هەولێریش وەك هەمیشە پارێزگای بەدەست هێنانی دەنگی سەرجەم لیست و پێكهاتە نەتەوەیی و ئاینیەكان بووە، ئەم لیستەش توانی بە بەهای (٦) كورسی پەرلەمانی دەنگ لەم پارێزگایەدا بەدەستبهێنێت، هۆكارەكانی وەك هاوسنوری لە پارێزگای سلێمانی (مەڵبەندی ئۆپۆزسیۆن)و بوونی دەنگدەری زیاتر لە یەك لیست و یەكلانەبوونەوەی بۆ لیستێكی دیاریكراو و نزیكی زمان و بیركردنەوە لە خەڵكی پارێزگای سلێمانی بەراوورد بە پارێزگای دهۆك هۆكاری بەدەست هێنانی ئەو ژمارە زۆر لە كورسی پەرلەمانی بووە لەم پارێزگایەدا.

ئەم لیستە توانی لە پارێزگای سلێمانی بە بەهای (١٨) كورسی پەرلەمانی دەنگ بەدەستبهێنێت، هۆكارەكانی وەك: ڕاگەیاندنی ئەم بزوتنەوەیە لە شاری سلێمانی، بردنی دەنگی بەشێكی زۆر لە دەنگی كادران و دەنگی خۆڵەمێشی یەكێتی نیشتمانی كوردستان لەم پارێزگایە، كە بە ناوچەی سەوزی یەكێتی ناسرابوو تا ئەنجامدانی ئەم هەڵبژاردنە، گەورەیی و ڕووبەری ئەم پارێزگایە، سەركردە كاریزماكەی كە خەڵكی شاری سلێمانی بوو، هۆكاری بەدەست هێنانی دەنگێكی یەكجار زۆر بووە لەم پارێزگایەدا، هەرچی پارێزگاكانی تری عێراقیشە نەیتوانیوە هیچ كورسیەكی پەرلەمانیان لێ بەدەستبهێنێت ئەویش بەهۆی كەمی ژمارەی دەنگ و كەمی ژمارەی دەنگدەرانی ئەم لیستە كە لە خزمەتی ئیداری یان سەربازیدا بوون.

٣- لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی:

ئەم لیستە بەڕیزبەندی ژمارە (١٠)و بە لیستی ژمارە (٥٩) چوە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، پێکهاتبوو لە (یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان و حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان و زەحمەتکێشانی کوردستان (حزبی ئاینده) ) هۆکاری دروست بوونی ئەم هاوپەیمانێتیە لە دوو پارتی ئیسلامی و دوو پارتی سۆشیالیستی) کارکردنی پێکەوەییان بوو لە چوارساڵی ڕابوردوودا[١]و دروستکردنی هێزێکی کاریگەر لە بەرامبەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان[٢] بوو، بەهۆی بەهێزی لیستەکانی کوردستانی و بزووتنەوەی گۆڕان و نیگەرانی بەشێك لە دەنگدەرانی پێکهێنەرانی ئەم لیستە توانی تەنها (٢٤١,٠٩٢) دەنگ و ڕێژەی (١٣,٣٤٪) کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و (١٣) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت، هۆکارەکانی کەمی ژمارەی کورسییەکانی ئەم لیستە لە چاو کورسییەکانی هەردوو پارتی (یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامی) لە خولی دووەم دەگەڕێنەوە بۆ:

أ- سزادانی پارتە ئیسلامییەکان لە لایەن دەنگدەرانیانەوە بەهۆی پێکهێنانی هاوپەیمانی لەگەڵ دوو پارتی علمانیدا. لەبەر ئەوەی دەنگدەری ئیسلامی ڕانەهاتوە دەنگ بدات بە لیستێك کە علمانی تێدا بێت.

ب- دروست بوونی بزوتنەوەی گۆڕان و بردنی دەنگی خۆڵەمێشی پارتە نەیارەکانی حکومەت[٣].

ت- لاوازی پێگەی جەماوەری و هەڵبژاردنی ئەو پارتە علمانیانەی کە هاوپەیمانێتیان لەگەڵ ئەنجامداربوو.

پ- دابەشبوونی حزبی زەحمەتکێشان بۆ دوو بەش، ئەمەش کاریگەری هەبوو لە سەر دابەشبوونی دەنگدەری ئەم پارتە بۆ دوو بەش و دەنگدانی ژمارەیەکی کەمتر لە دەنگدەری ئەم پارتە بەم لیستە. ئەم هۆکارانە بوونە هۆی دابەزینی ژمارە و ڕێژەی دەنگی کورسی ئەم لیستە، بۆ زانیاری زیاتری سەنگی هەڵبژاردنی ئەم لیستە بە پێی پارێزگاکانی هەرێم، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤٥)و نەخشەی ژمارە (٤٠) .

خشتەی ژمارە (٤٥)

ژ.لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژ. | (٪) |
| ١٠ | ٥٩ | | دهۆك | ٤٢,٨٣٢ | ٢,٣٧ | ١٧,٧٦ | ٢ | ١٥,٣٨ |
| | | | هەولێر | ٦٩,١٦٣ | ٣,٨٣ | ٢٨,٦٩ | ٤ | ٣٠,٧٧ |
| | | | سلێمانی | ١٢٨,٨٤٣ | ٧,١٣ | ٥٣,٤٤ | ٧ | ٥٣,٨٥ |
| | | | پ.تر | ٢٥٤ | ٠,٠١ | ٠,١١ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ٢٤١,٠٩٢ | ١٣,٣٤ | ١٠٠ | ١٣ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (٤٠).

بە سەرنجدان لە خشتەی ژمارە (٤٥) و نەخشەی ژمارە(٤٠)، دەبینین لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی لە پارێزگای دهۆك (٤٢,٨٣٢) دەنگ و ڕێژەی (٢,٣٧٪) دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای (٢) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایە بەدەست هێناوە. لە پارێزگای هەولێر (٦٩,١٦٣) دەنگ و ڕێژەی (٣,٨٣٪) دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای (٤) کورسی دەنگی لەم پارێزگایە بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (١٢٨,٨٤٣) دەنگ و ڕێژەی (٧,١٣٪) دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای (٧) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە.

(١)- دیدار لەگەڵ بەڕێز ئەبوبەکر عەلی، سەرچاوەی پێشوو.

(٢)- دیدار لەگەڵ بەڕێز عمر محمد محمد کریم، سەرچاوەی پێشوو.

(٣)- دیدار لەگەڵ بەڕێز هاوژین عمر، سەرچاوەی پێشوو.

**نەخشەی ژمارە (٤٠)**

**ژمارەی کورسییەکانی لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی بە پێ پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٤٥).

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (١٧,٧٦٪) دەنگەکان و بە بەهای (١٥,٣٨٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٢٨,٦٩٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٣٠,٧٧٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە ڕێژەی (٥٣,٤٤٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٥٣,٨٥٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، هەرچی پارێزگاکانی تری عێراقیشە ڕێژەی (٠,١١٪) کۆی دەنگی ئەم لیستەیان پێکهێناوە.

هۆکاری لاوازی پێگەی ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆك دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی پێگەی پارتەکانی پێکهێنەری ئەم لیستە جگە لە یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، واتە زۆرینەری ئەو دەنگانەی لەم پارێزگایەدا بەدەست هاتوون دەنگی کادران و لایەنگرانی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان بووە. مامناوەندی دەنگی ئەم لیستە لە پارێزگای هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ بوونی پێگەی مامناوەندی تەواوی بنکەی جەماوەر و سەنگی هەڵبژاردنی سەرجەم پارتەکانی پێکهێنەری ئەم لیستە لەم پارێزگایەدا. هۆکاری بەرزی ڕێژەی دەنگی ئەم لیستە لەم پارێزگایە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پارێزگای سلێمانی لەم خولەی هەڵبژاردنەوە بوو بە قەڵایەکی زۆر بەهێزی ئۆپۆزسیۆن و بنکەی سەرکردایەتی کردنی ئۆپۆزسیۆن بوونی دەسەڵاتدارێتی حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، جگە لەوەی میدیای ئۆپۆزسیۆن زۆر بە توندی کاری لە سەر کاریگەری بوونی دەنگدەری ئەم پارێزگایە دەکرد بە

بەرنامەی لیستە ئۆپۆزسیۆنەکان و دژایەتیکردنی دەسەڵاتداریێتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و بەهێزی ڕێکخستن و چالاکی ئەم پارتانە لەم پارێزگاکەدا، ئەگەر چی دەنگی دروستی هەر پارتێکی پێکهێنەری ئەم لیستە نازانین، بەڵام پشت بەست بە بەرکەوتەی کورسی هەر یەکێك لە پارتە پێکهێنەرەکانی ئەم لیستە، بە نزیکەیی لە خوارەوە لە دەنگی هەر یەکێك لە پێکهێنەرەکانی ئەم لیستە دەدوێین، ئەوانیش:

أ- یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان:

یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان بەهێزترین لیستی پێکهێنەری ئەم هاوپەیمانێتیە بوو، بۆیە توانی (٦) کورسی پەرلەمانی و نزیکەی (١١١,٢٧٣) دەنگ بەدەستبهێنێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤٦) و نەخشەی ژمارە (٤١) .

خشتەی ژمارە (٤٦)

ژ.لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژ. | (٪) |
| ١٠ | ٥٩ | | دهۆك | ١٩,٧٦٩ | ١,٠٩ | ١٧,٧٦ | ١ | ١٦,٦٧ |
| | | | هەولێر | ٣١,٩٢١ | ١,٧٧ | ٢٨,٦٩ | ٢ | ٣٣,٣٣ |
| | | | سلێمانی | ٥٩,٤٦٦ | ٣,٢٩ | ٥٣,٤٤ | ٣ | ٥٠ |
| | | | پ.تر | ١١٧ | ٠,٠١ | ٠,١١ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ١١١,٢٧٣ | ٦,١٦ | ١٠٠ | ٦ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (٤٠).

لە خشتەی ژمارە (٤٦) دەبینین یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان لە پارێزگای دهۆك (١٩,٧٦٩) دەنگ و ڕێژەی (١,٠٩٪) دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان هەرێم و بە بەهای (١) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایە بەرکەوتوە، لە پارێزگای هەولێر (٣١,٩٢١) دەنگ و ڕێژەی (١,٧٧٪) دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و (٢) کورسی پەرلەمانی لەم پارێزگایەدا بەرکەوتووە، لە پارێزگای سلێمانی (٥٩,٤٦٦) دەنگ و ڕێژەی (٣,٢٩٪) دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و (٣) کورسی پەرلەمانی لەم پارێزگایەدا بەرکەوتووە، لە پارێزگاکانی تری عێراقیشدا (١١٧) دەنگ و ڕێژەی (٠,٠١) دەنگی لیستە سەرکەوتووەکانی هەرێمی بەرکەوتووە.

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (١٧,٧٦٪) دەنگەکانی و بە بەهای (١٦,٦٧٪) کورسییەکانی دەنگی بەرکەوتوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٢٨,٦٩٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٣٣,٣٣٪) کورسییەکانی دەنگی بەرکەتووە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٥٣,٤٤٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٥٠٪) کورسییەکانی دەنگی بەرکەتووە. پارێزگاکانی تری عێراق پاڵپشتی زۆر لاوازی ئەم لیستە بوون ڕێژەی (٠,١١)ی دەنگەکانی پێکهێناوە.

ئەگەر دەنگی ئەم پارتە چ لە خولی دووەم و چ لە خولی چوارەم (بە دەنگدانی ئەنجومەنی پارێزگاکان ٢٠٠٥/١/٣٠ بکەین بە بنەما، بۆمان دەردەکەوێت ئەم پارتە کەمتر لە سەنگی هەڵبژاردنی پشکی لە دەنگ و کورسی هەڵبژاردن بەرکەتووە، بەگشتی نزیکەی (٥٤٪) دەنگەکانی بۆ پێکهێنەری لیستەکانی تر چووە، جگە لەوەی لە بنەڕەتیشدا دوو لە پارتە علمانیەکان پێگەی جەماوەرییان لەم پارتە زۆر لاواز تربوو، سەرەڕای دابەشبوونی حزبی زەحمەتکێشانیش بۆ دوو پارتی بچوکتر.

ب- کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان

کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان لەم هەڵبژاردنە و لەم هاوپەیمانێتیەدا بە پلەی دوووەم هات بە بەرکەوتنی (٤) کورسی پەرلەمانی و نزیکەی (٧٤,١٨٢) دەنگ، ئەویش بەهۆی:

**نەخشەی ژمارە (٤١)**

**ژمارەی کورسییەکانی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٤٦).**

**١- بەرکەوتەی کۆمەڵی ئیسلامی لە ریزبەندیی لیستی چاکسازی و خزمەتگوزاری.**

**٢- هاوکات بوو لەگەڵ ڕاگەیاندنی بزوتنەوەی گۆڕان و بەشداریکردنی لە هەڵبژاردندا[1].**

**٣- لاوازی پێگەی جەماوەری و هەڵبژاردنی لە چاو یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، و بەهێزی لە چاو دوو پارتەکەی تردا، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دابەشبوونی جوگرافی دەنگی ئەم پارتە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤٧) و نەخشەی ژمارە (٤٢) .**

**بە ڕوانین لە خشتەی ژمارە (٤٧) دەبینین، لە پارێزگای دهۆك (١٣,١٧٩) دەنگ و بە ڕێژەی (٠,٧٣٪) دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای نزیکەی (١) کورسی پەرلەمانی دەنگی ئەم پارێزگایەی بەرکەتووە، لە پارێزگای هەولێر (٢١,٢٨١) دەنگ و ڕێژەی (١,١٨٪) دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای (١) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پایێزگایەدا بەرکەتووە، لە پارێزگای سلێمانی (٣٩,٦٤٤) دەنگ و بە ڕێژەی (٢,٢٪) دەنگی لیستە سەرکەوتووەکانی هەرێم و بە بەهای (٢) کورسی پەرلەمانی دەنگی ئەم پارێزگایە بەرکەتووە، لە پارێزگاکانی تری عێراقیش (٧٨) دەنگی بەرکەتووە.**

**بەهەمان شێوەی لیستەکەیان پارێزگای دهۆك پاڵپشتی لاوازی ئەم پارتە بووە ڕێژەی (١٧,٧٦٪) دەنگەکان و بە بەهای (٢٥٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم پارێزگایەی بەرکەتووە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی مامناوەندی ئەم پارتە بووە و ڕێژەی (٢٨,٦٩٪)**

(١)- دیدار لەگەڵ بەڕێز ڕێبوارحمد، ووتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی، سەرچاوەی پێشوو.

دەنگەکانی و بە بەهای (٢٥٪) کورسییەکانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەرکەتووە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی بەهێزی ئەم پارتە بووە و ڕێژەی (٥٣,٤٤٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٥٠٪) کورسییەکانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەرکەتووە، پارێزگاکانی تری عێراقیش پاڵپشتی زۆر لاوازی ئەم پارتە بوون و ڕێژەی (٠,١١٪)ی دەنگی ئەم پارتانەیان پێکهێناوە.

خشتەی ژمارە (٤٧)

ژ.لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی کۆمەڵی ئیسلامی بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی ژ. | کورسی (٪) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | ٥٩ | | دهۆك | ١٣,١٧٩ | ٠,٧٣ | ١٧,٧٦ | ١ | ٢٥ |
| | | | هەولێر | ٢١,٢٨١ | ١,١٨ | ٢٨,٦٩ | ١ | ٢٥ |
| | | | سلێمانی | ٣٩,٦٤٤ | ٢,٢ | ٥٣,٤٤ | ٢ | ٥٠ |
| | | | پ.تر | ٧٨ | ٠ | ٠,١١ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ٧٤,١٨٢ | ٤,١ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (٤٠).

نەخشەی ژمارە (٤٢)

ژمارەی کورسییەکانی کۆمەڵی ئیسلامی بە پێی پارێزگان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٤٧).

هۆکارەکانی کەمی سەنگی هەڵبژاردنی ئەم پارتە دەگەڕێنەوە بۆ:

١-کەمی ژمارەی کورسی بەدەست هاتوو لە لایەن لیستەکەیان.

٢-لاوازی هەردوو پارتە علمانیەکە بەراورد بە هەردوو پارتە ئیسلامییەکە.

٣-لاوازی دەنگی ئەم پارتە لە پارێزگای دهۆك.

٤-سزادانی ئەم پارتە لە لایەن بەشێك لە دەنگدەرانی ئیسلامی و دەنگی خۆڵەمێشی ئەم پارتە.

ت- حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان

ئەم پارتە لە ژمارەی کورسی و دەنگ لە ڕیزبەندی سێیەمی هاوپەیمانێتیەکەدا بوو بە بەرکەوتنی (٢) کورسی پەرلەمانی و (٣٧,٠٩١) دەنگی لیستەکە، بۆ دابەشبوونی جوگرافی دەنگی ئەم پارتە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤٨)و نەخشەی ژمارە (٤٣).

خشتەی ژمارە (٤٨)

ژ.لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورس حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژ. | (٪) |
| ١٠ | ٥٠ | لیستی خزمەتگوزاری وچاکسازی | دهۆك | ٦,٥٨٩ | ٠,٣٦ | ١٧,٧٦ | ٠ | ٠ |
| | | | هەولێر | ١٠,٦٤١ | ٠,٥٩ | ٢٨,٦٩ | ١ | ٥٠ |
| | | | سلێمانی | ١٩,٨٢٢ | ١,١ | ٥٣,٤٤ | ١ | ٥٠ |
| | | | پ.تر | ٣٩ | ٠ | ٠,١١ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ٣٧,٠٩١ | ٢,٠٥ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (٤٠).

بە ڕوانین لە خشتەی ژمارە (٤٨) دەبینین، ئەم پارتە لە پارێزگای دهۆك (٦,٥٨٩) دەنگ و ڕێژەی (٠,٣٦٪) دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای (٠) کورسی پەرلەمانی لە دەنگی لەم پارێزگایە بەرکەوتوە، لە پارێزگای هەولێر (١٠,٦٤١) دەنگ و ڕێژەی (٠,٥٩٪) دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای (١) کورسی پەرلەمانی دەنگی ئەم پارێزگایەی بەرکەوتوە، لە پارێزگای سلێمانی (١٩,٨٢٢) دەنگ و ڕێژەی (١,١٪)ی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای (١) کورسی پەرلەمانی دەنگی ئەم پارێزگایەی بەرکەوتوە، لە پارێزگاکانی تری عێراقیش تەنها (٣٩) دەنگی بەرکەوتوە.

وەك لیستەکەیان پارێزگای دهۆك پارێزگای پاڵپشتی لاوازی ئەم پارتە بوو ڕێژەی (١٧,٧٦٪) دەنگەکان و بە بەهای (٠٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم پارێزگایەی بەرکەوتووە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بوو ڕێژەی (٢٨,٦٩٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٥٠٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم پارێزگایە بەرکەوتووە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٥٣,٤٤٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٥٠٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم پارێزگایەی بەرکەوتووە، پارێزگاکانی تری عێراق پاڵپشتی زۆرلاوازی ئەم پارتە بوون و تەنها ڕێژەی (٠,١١٪) دەنگی ئەم پارتەیان پێکهێناوە.

هۆکارەکانی کەمی دەنگی ئەم پارتە دەگەڕێنەوە بۆ:

١- لاوازی پێگەی جەماوەری ئەم پارتە لە چاو دوو پارتە ئیسلامیەکەی تردا، کۆکردنەوەی دەنگێکی کەم بۆ ئەم لیستە.

٢- سزادانی پارتە ئیسلامیەکان لە لایەن کادر و دەنگدەری خۆڵەمێشییانەوە.

٣- کەمی دەنگی بەدەست هاتوی ئەم لیستە لەم هەڵبژاردنەدا.

٤- لاوازی سەنگی دەنگدەری ئەم پارتە لە پارێزگای دهۆك.

**نەخشەی ژمارە (٤٣)**

**ژمارەی کورسییەکانی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٤٨).**

**پ- حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان (حزبی ئاینده):**

**حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەم خولەی هەڵبژاردندا چوە دوو هاوپەیمانێتییەوە، گروپێکیان بە سەرۆکایەتی قادر عەزیز هاوپەیمانی پێکهێنا لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان و حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان بەناوی لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی، دواتر لە سەر بڕیاری دادگا و کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ناوەکەی گۆڕدرا بۆ حزبی ئاینده، هەرچی گروپی دووەمیش بووە لەگەڵ حزبی شیوعی و چەند لایەنێکی تری چەپ هاوپەیمانێتییەکان پێکهێنا بەناوی لیستی ئازادی و هیچ(*) کورسییەکی پەرلەمانیان بەدەست نەهێنا.(١)**

**هۆکارەکانی بەدەست هێنانی یەك کورسی پەرلەمانی لە لایەن ئەم حزبەوە دەگەڕێنەوە بۆ:**

**١-کەمی ژمارەی دەنگی لیستی خزمەت و چاکسازی کە توانی تەنها (١٣) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت.**

**٢- کێشە ناوخۆییەکانی حزب و دابەش بوونی بەسەر دوو بەرەدا.**

**٣- بوونی لیستێکی بەهێز لە هەڵبژاردنەکاندا وەك لیستی کوردستان و سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەکی بەهێزی ئۆپۆزسیۆنی وەك بزوتنەوەی گۆڕان. بۆ زانینی دابەشبوونی جوگرافی دەنگی بەدەست هاتوی ئەم پارتە (لیستە)، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤٩)و نەخشەی ژمارە (٤٤) .**

---

(*)- ئەم لیستە توانی (١) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت (توێژەر).

(١)- پەیوەنی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز بەهمەن حوسین، سەرچاوەی پێشوو.

خشتەی ژمارە (٤٩)

ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و(٪) دەنگ و کورسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان (حزبی ئایندە) بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی ژ. | کورسی (٪) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | ٥٩ | لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی | دهۆك | ٣,٢٩٥ | ٠,١٨ | ١٧,٧٦ | ٠ | ٠ |
| | | | هەولێر | ٥,٣٢٠ | ٠,٣ | ٢٨,٦٩ | ٠ | ٠ |
| | | | سلێمانی | ٩,٩١١ | ٠,٥٤ | ٥٣,٤٤ | ١ | ١٠٠ |
| | | | پ.تر | ٢٠ | ٠ | ٠,١١ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ١٨,٥٤٦ | ١,٠٢ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (٤٠).

نەخشەی ژمارە (٤٤)

ژمارەی کورسییەکانی زەحمەتکێشانی کوردستان (ئایندە) بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٤٩).

بە ڕەچاوکردنی خشتەی ژمارە (٤٩) دەبینین، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان (حزبی ئایندە) لە پارێزگای دهۆك (٣,٢٩٥) دەنگ و ڕێژەی (٠,١٨٪) دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای (٠) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەرکەتووە، لە

پارێزگای هەولێر (٥,٣٢٠) دەنگ و ڕێژەی (٠,٣٪) دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای (٠) کورسی پەرلەمانی دەنگی ئەم پارێزگایەی بەرکەتووە، لە پارێزگای سلێمانی (٩,٩١١) دەنگ و ڕێژەی (٠,٥٤٪) دەنگی لیستەکانی هەرێم و بە بەهای (١) کورسی پەرلەمانی دەنگی ئەم پارێزگایەی بەرکەتووە، لە پارێزگاکانی تری عێراقیش تەنها (٢٠) دەنگی بەرکەتووە.

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی لاوازی ئەم پارتە بووە و ڕێژەی (١٧,٧٦٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٠٪) کورسییەکانی دەنگی بەرکەتووە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی مامناوەندی ئەم پارتە بووە و ڕێژەی (٢٨,٦٩٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٠٪) کورسییەکانیدەنگی بەرکەتووە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی بەهێزی ئەم پارتە بووە و ڕێژەی (٥٣,٤٤٪) دەنگەکانی و بە بەهای (١٠٠٪) کورسییەکانی دەنگی بەرکەتووە. پارێزگاکانی تری عێراقیش، ڕێژەی (٠,١١٪) دەنگی ئەم پارتەیان پێکهێناوە.

بەرکەوتەی (١) کورسی پەرلەمانی بۆ ئەم پارتە (حزبی ئایندە) دەگەڕێتەوە بۆ هاوپەیمانیکردن و چونە ناو لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی، بەپێچەوانەوە نەیدەتوانی هیچ کورسییەکی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت، ئەوەش بەهۆی خراپی دۆخی ناوخۆی حزب و لاوازی پێگەی جەماوەری ئەم پارتە لەناو دەنگدەرانی کوردستاندا.

٤-ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی(*)

ئەم لیستە بەڕیزبەندی ژمارە (٦) و بە لیستی ژمارە (٥٥) چوە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، توانی لەم هەڵبژاردنەدا (١٥,٠٤٣) دەنگ و ڕێژەی (٠,٨٣٪) دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان هەرێم و تەنها (١) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت، یەکێك لە هۆکاری کەمی بەدەست هێنانی دەنگی ئەم لیستە دەگەڕێتەوە بۆ بردنی زۆرینەی دەنگەکان لە لایەن پێنج پارتە سەرەکیەکەی کوردستانەوە[1].بۆ زانینی دابەشبوونی جوگرافی دەنگی ئەم لیستە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٥٠)و نەخشەی ژمارە (٤٥) .

بە تێبینیکردنی خشتەی ژمارە (٥٠) دەبینین ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆك (١,١٦٠) دەنگ و ڕێژەی (٠,٠٦٪)ی دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای (٠) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای هەولێر (٧,٨٤٢) دەنگ و ڕێژەی (٠,٤٣٪) دەنگی لیستەکان و بە بەهای نزیکەی (١) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (٦,٠٢٩) دەنگ و ڕێژەی (٠,٣٣٪)ی دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای (٠) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگاکانی تری عێراقیش تەنها (١٢) دەنگی بەدەست هێناوە.

خشتەی ژمارە (٥٠)

ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژ. | (٪) |
| ٦ | ٥٥ | | دهۆك | ١,١٦٠ | ٠,٠٦ | ٧,٧١ | ٠ | ٠ |
| | | | هەولێر | ٧,٨٤٢ | ٠,٤٣ | ٥٢,١٣ | ١ | ١٠٠ |
| | | | سلێمانی | ٦,٠٢٩ | ٠,٣٣ | ٤٠,٠٨ | ٠ | ٠ |
| | | | پ.تر | ١٢ | ٠ | ٠,٠٨ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ١٥,٠٤٣ | ٠,٨٣ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (٤٠).

(*)- ئەم لیستە لە هاوپەیمانیەتی نێوان چەند پارتێکی ڕامیاری پێکهاتبوون کە بریتیبوون لە: حزبی شیوعی کوردستان، بزوتنەوەی دیموکراسی خوازان، بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان، پارتی کاری سەربەخۆ و حزبی زەحمەتکێشان (توێژەر).

(١) - دیدار لەگەڵ بەڕێز هاوژین عمر، سەرچاوەی پێشوو.

## نەخشەی ژمارە (٤٥)

## ژمارەی کورسییەکانی لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٥٠).

پارێزگای دهۆك پارێزگای پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٧,٧١٪) دەنگەکانی بە بەهای (٠٪) کورسییەکانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٥٢,١٣٪) دەنگەکانی و بە بەهای (١٪) کورسییەکانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٤٠,٠٨٪) دەنگەکانی بە بەهای (٠٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم پارێزگایەدا بەستهێناوە، هەرچی پارێزگاکانی تریشە ڕێژەی (٠,٠٨٪) دەنگی ئەم لیستەیان پێکهێناوە.

لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی هۆکاری کەمی دەنگی ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆك دەگەڕێتەوە بۆ بوونی پارتی بەهێزی خاوەن ڕیشە لەو پارێزگایەدا وەك پارتی دیموکراتی کوردستان، پاشان یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، بەلاّم ئەم لیستە توانی لە پارێزگای هەولێر زۆرترین دەنگی لیستەکە بەدەست هبێنێت، ئەویش بەهۆی ئەوەی پارێزگاکە دەنگدەری سەرجەم پارتەکانی تێدایە و هەر چوار پارتە پێکهێنەرەکەی ئەم لیستە بەشێك لە دەنگدەریان لەم پارێزگایەدا هەیە، پارێزگای سلێمانی بە سروشت پارێزگای ئۆپۆزسیۆنە و توانیویانە کەمتر لە نیوەی دەنگەکانیان لەم پارێزگایەدا بەدەستبهێنن، بەلاّم بەگشتی ئەم لیستە کەمتر لە بەهای یەك کورسی توانیویەتی دەنگی دەنگدەران بەدەستبهێنێت، ئەوەیش بەهۆی لاوازی سەنگی هەڵبژاردنی پارتە پێکهێنەرەکانی ئەم لیستە بووە.

**٥- بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان/عێراق**

ئەم پارتە بە ڕیزبەندی ژمارە (٩) و بە لیستی ژمارە (٥٨) چوە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، ئەم لیستە توانی (٢٧,١٤٧) دەنگ و نزیکەی (١,٥٪) کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان هەرێم و (٢) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت، هۆکاری بەدەست هێنانی ئەم دوو کورسیەش دەگەڕێتەوە بۆ"پێکهێنانی ئەو هاوپەیمانێتییەی لە نێوان هەردوو پارتە ئیسلامییەکەی کوردستان و دوو پارتی علمانیدا ئەنجامدرا، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی بەشێك لە دەنگدەرانی خۆڵەمێشی و تەنانەت لایەنگران و ئەندامانی حزبە ئیسلامییەکانی تریش دەنگ بەم لیستە بدەن"[(١)]، بۆ زانینی دابەشبوونی جوگرافی دەنگدەری ئەم لیستە بڕوانە خشتەی ژمارە (٥١) و نەخشەی ژمارە (٤٦) .

**خشتەی ژمارە (٥١)**

**ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان/عێراق بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)**

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژ. | (٪) |
| ٩ | ٥٨ | | دهۆك | ٦٦٠ | ٠,٠٤ | ٢,٤٣ | ٠ | ٠ |
| | | | هەولێر | ٦,٩٢٢ | ٠,٣٨ | ٢٥,٥ | ١ | ٥٠ |
| | | | سلێمانی | ١٩,٥٦٤ | ١,٠٨ | ٧٢,٠٧ | ١ | ٥٠ |
| | | | پ.تر | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ٢٧,١٤٧ | ١,٥ | ١٠٠ | ٢ | ٢ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (٤٠).

بە سەرنجدانی خشتەی ژمارە (٥١) دەبینین ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆك تەنها (٦٦٠) دەنگ و ڕێژەی (٠,٠٤٪) کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای (٠) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای هەولێر (٦,٩٩٢) دەنگ و ڕێژەی (٠,٣٨٪) دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای نزیکەی (١) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (١٩,٥٦٤) دەنگ و ڕێژەی (١,٠٨٪)ی دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای زیاتر لە (١) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگاکانی تری عێراقیشدا تەنها (١) دەنگی بەدەست هێناوە.

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٢,٤٣٪) دەنگەکان و بە بەهای (٠٪) کورسییەکانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٢٥,٥٪) دەنگەکانی بە بەهای (٥٠٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم پارێزگایەی بەدەست هێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٧٢,٠٧٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٥٠٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم پارێزگایەی بەدەست هێناوە.

ئەم لیستە کەمترین دەنگی لە پارێزگای دهۆك بەدەست هێناوە، ئەویش بەهۆی لاوازی پێگەی جەماوەری و هەڵبژاردنی ئەم پارتە لەم پارێزگایە و لاوازی ڕێکخستنی ئەم پارتە لەم پارێزگایەدا، بەدەست هێنانی ڕێژەی (٢٥,٥٪) دەنگی ئەم لیستە لە پارێزگای هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ فرەیی دەنگدەری ئەم پارێزگایە و بوونی ڕێکخستنی ڕامیاری و دەنگدەری ئەم پارتە لەم پارێزگایەدا، بەدەست هێنانی ڕێژەی (٧٢,٠٧٪) دەنگی ئەم لیستەش لە پارێزگای سلێمانی

---

(١)- دیدار لەگەڵ بەڕێز هاوژین عمر، سەرچاوەی پێشوو.

دەگەڕێتەوە بۆ بوونی سەركردایەتی ئەم پارتە لەم پارێزگایە و بەهێزی پێگەی جەماوەری ئەم پارتە و تەواوی پارتەكانی تری ئۆپۆزسیۆن و پارتی نەیاری دەسەڵات لەم پارێزگایەدا.

نەخشەی ژمارە (٤٦)

ژمارەی كورسییەكانی لیستی بزوتنەوەی ئیسلامی بە پێی پارێزگاكان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی كوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)




سەرچاوە: كاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٥١).

## تەوەری دووەم: لیستە ململانێكارەكان بۆ كورسی كۆتاكان:

لەم تەوەرەدا لە ژمارە و ڕێژەی دەنگ و كورسی بەدەست هاتووی كۆتاكان دەدوێین، چ كۆتایی نەتەوەیی، چ كۆتایی ئاینی، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم تەوەرەمان دابەش كردووە بەسەر:

یەكەم/كورسی كۆتای كلدان و سریان و ئاشوری:

لە بڕگەی یەكەم لە مادەی سی و شەشەمی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٩، یاسای هەمواركردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان - عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو، هاتوە"پێنج كورسی تەرخان دەكرێ بۆ كلدان سریان ئاشوری كە پاڵێوراوانی ئەو پێكهاتانە كێبڕكێی لە سەر دەكەن"[١]. بەم هۆیەشەوە (٤) لیستی ئەم پێكهاتەیە چونە كێبڕكێی بۆ بەدەست هێنانی زۆر ترین كورسی، بڕوانە خشتەی ژمارە (٥٢) .

(١)- پەرلەمانی كوردستان، یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەمواركردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان- عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو،

http: //www. kurdistan- parliament. org/files/articles/٢٦٠٢٠٩٠٢٠٩٠٩. pdf,٢٩December٢٠١٨. p٣.

**خشتەی ژمارە (٥٢)**

**ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی پێکهاتەی کلد و سریانی و ئاشوری بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)**

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | ناوی لیست | ژمارە و ڕێژەی دەنگ بە پێی پارێزگا | | | | | | | | سەرجەم | | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دهۆك | | هەولێر | | سلێمانی | | پ.دی | | | | | |
| | | | | ژ. | (٪) | ژ, | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) |
| ١ | ٦٤ | | الكلدان الموحدة | ٦٢٦ | ٤,٧٩ | ٧٠٨ | ١٢,٢٣ | ٣٧٢ | ٤٤,١٨ | ٩ | ٨,٧٤ | ١,٧١٥ | ٨,٦٦ | ٠ | ٠ |
| ٢ | ٦٥ | | حكم الذاتي للكلدان السريان الاشورين | ٤٥٤ | ٣.٤٧ | ١,٠٤٩ | ١٨,١٣ | ١٧٧ | ٢١,٠٣ | ٠ | ٠ | ١,٦٨٠ | ٨,٤٨ | ٠ | ٠ |
| ٣ | ٦٧ | | الرافيدين | ٤,١٧٠ | ٣١,٨٩ | ١,٤١٠ | ٢٤,٣٦ | ١٥١ | ١٧,٩٣ | ٨٤ | ٨١,٥٥ | ٥,٨١٥ | ٢٩,٣٥ | ٢ | ٤٠ |
| ٤ | ٦٨ | | المجلس الشعبي الكلداني السرياني الاشوري | ٧,٨٢٧ | ٥٩,٨٥ | ٢,٦٢١ | ٤٥,٢٨ | ١٤٢ | ١٦,٨٦ | ١٠ | ٩,٧١ | ١٠,٦٠٠ | ٥٣,٥١ | ٣ | ٦٠ |
| سەرجەم | | | | ١٣,٠٧٧ | ١٠٠ | ٥,٧٨٨ | ١٠٠ | ٨٤٢ | ١٠٠ | ١٠٣ | ١٠٠ | ١٩,٨١٠ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ |

**سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە: المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، مجموع الاصوات لكل كيان سياسي، تقرير غير منشور، بدون رقم الصفحة.**

**بەڵام تەنها (٢) لیست توانیان بگەنە پەرلەمان و کورسییەکانی ئەم پێکهاتەیان بۆ خۆیان مسۆگەر کرد، ئەوانیش بریتیبوون لە:**

**١- ئەنجومەی گەلی کلدانی سریانی ئاشوری (المجلس الشعبي الكلداني السرياني الاشوري)**

**ئەم لیستە بەژمارە (٦٨) چونە ململانێی هەڵبژاردن و توانی (١٠,٦٠٠) دەنگ و ڕێژەی (٥٣,٥١٪) دەنگی پێکهاتەکە و ڕێژەی (٦٤,٥٨٪)ی دەنگی لیستە سەرکەتووەکان و (٣) کورس پەرلەمانی بەدەستبهێنێت، هۆکارەکانی بەدەست هێنانی (٣) کورسی پەرلەمانی لە لایەن ئەم لیستە دەگەڕێنەوە بۆ:**

**أ- "دەنگدانی دەنگدەری دەرەوەی پێکهاتەی مەسیحی بەم لیستە[*]. زۆر لە پێکهێنەرەکانی ئەم لیستە لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانن. بۆیە لە ڕێی هێزی تایبەتەوە دەنگ بەم لیستە درا"[١].**

**ب- یەکگرتنی حەوت حزبی مەسیحی لەم ئەنجومەنەدا[٢].**

**بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دابەشبوونی جوگرافی دەنگی ئەم لیستە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٥٣) و نەخشەی ژمارە (٤٧) .**

**بە ڕوانین لە خشتەی ژمارە (٥٣) دەبینین ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆك (٧,٨٢٧) دەنگ و ڕێژە (٤٧,٦٨٪) دەنگی لیستە سەرکەتووەکانی ئەم پێکهاتەیە و بە بەهای زیاتر لە (٢) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەکدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای هەولێر (٢,٦٢١) دەنگ و ڕێژەی (١٥,٩٧٪) دەنگی لیستە سەرکەتووەکان و بە بەهای (١) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (١٤٢) دەنگ و ڕێژەی (٠,٧٨٪) لیستە سەرکەتووەکان و بە بەهای (٠) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە. لە پارێزگاکانی تریش تەنها (١٠) دەنگی بەدەست هێناوە.**

(*)- مەبەست لێ دروستکردنی ئەم لیستە و سەرکەوتنی ئەم لیستە بە ئاماژەی پارتی تر و لە بەرژەوەندی پارتی تر بووە، پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز: سرود سلیم متی مقدسی، سەرچاوەی پێشوو.

(١)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز جیهان ئیسماعیل بنیامین بەرواری، سەرچاوەی پێشوو.

(٢)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز کمال یەلدا مرقوز دیمانۆسن، ئەندام پەرلەمان لە خولی چوارەم لە سەر لیستی ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشوری، ٢٠١٨/١٠/١٤.

خشتەی ژمارە (٥٣)

ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستی ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشوری بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژ. | (٪) |
| ٤ | ٦٨ | | دهۆك | ٧,٨٢٧ | ٤٧,٦٨ | ٧٣,٨٤ | ٢ | ٦٦، ٦٧ |
| | | | هەولێر | ٢,٦٢١ | ١٥,٩٧ | ٢٤,٧٣ | ١ | ٣٣.٣٣ |
| | | | سلێمانی | ١٤٢ | ٠,٨٧ | ١,٣٤ | ٠ | ٠ |
| | | | پ.تر | ١٠ | ٠,٠٦ | ٠,٩ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ١٠,٦٠٠ | ٦٤,٥٨ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (٥٢).

نەخشەی ژمارە (٤٧)

ژمارەی کورسییەکانی لیستی ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشوری بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٥٣).

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە ڕێژەی (٧٣,٨٤٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٦٦,٦٧٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای هەولێر، پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٢٣,٣٣٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٢٤,٧٣٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (١,٣٤٪) دەنگەکانی بە بەهای (٠٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، هەرچی پارێزگاکانی تری عێراقیشە پاڵپشتی هەرە لاوازی ئەم لیستە بوون و ڕێژەی (٠,٩٪) دەنگی ئەم لیستەیان پێکهێناوە.

بەدەست هێنانی (٧,٨٢٧) دەنگ و ڕێژەی (٧٣,٨٤٪) دەنگەکانی ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆك، جێی گومانە و تەنها گریمانەیەك هەڵدەگرێت، ئەویش دەنگدانی ئەندامان و کادرانی لایەنێکی ڕامیاری گەورەی کوردستان بێت بەم لیستە، بە پێچەوانەوە لە پارێزگای هەولێر سەرەڕای پاڵشتی دەنگی دەرەکی، (٢,٦٢١) دەنگ و ڕێژەی (٢٤,٧٣٪) دەنگەکانی ئەم پارێزگایەی بەدەست هێناوە، هۆکاری کەمی دەنگی ئەم لیستە لە پارێزگای سلێمانی دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ژمارەی مەسیحیەکان لەم پارێزگایەدا.

٢- الرافدین

بە ڕیزبەندی ژمارە (١٦) و لیستی ژمارە (٦٧) بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستانی کرد، توانی (٥,٨١٥) دەنگ و ڕێژەی (٢٩,٣٥٪) دەنگی لیستەکانی ئەم پێکهاتەیە و ڕێژەی (٣٥,٤٢٪) دەنگی لیستە سەرکەتوەکان و (٢) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت، ئەویش بەهۆی[1]:

١- دەنگدانی کریستیانەکان بەم لیستە (تەنها پێکهاتەی کریستیان- توێژەر)

٢- کەمی بەشداری کریستیانەکان لە پرۆسەی دەنگدان، لە هەر هەڵبژاردنێکدا نزیکەی (٥٥٪)ی هەڵبژێرە کریستیانییەکان بەشداری پرۆسەی دەنگدان دەکەن، ئەویش بە هۆی کەمبوونەوەی بڕوایان بە پرۆسەی هەڵبژاردن و گۆڕینی ئەنجامەکان. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دابەشبوونی جوگرافی دەنگدەری ئەم لیستە بڕوانە خشتەی ژمارە (٥٤)و نەخشەی ژمارە (٤٨) .

بە ڕوانین لە خشتەی ژمارە (٥٤) دەبینین لیستی ڕافیدەین (٤,١٧٠) دەنگ و ڕێژەی (٢٥,٤٪) دەنگی ئەم پێکهاتەیە و بە بەهای (١) کورسی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای هەولێر (١,٤١٠) دەنگ و ڕێژەی (٨,٥٩٪) دەنگی ئەم پێکهاتەیە و بە بەهای (١) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (١٥١) دەنگ و ڕێژەی (٠,٩٢٪) کۆی دەنگی لیستەکان و بە بەهای (٠) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگاکانی تری عێراقیشدا تەنها (٨٤) دەنگی بەدەست هێناوە.

**خشتەی ژمارە (٥٤)**

**ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستی ڕافدەین بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)**

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژ. | (٪) |
| ٣ | ٦٧ | | دهۆك | ٤,١٧٠ | ٢٥,٤ | ٧١,٧١ | ١ | ٥٠ |
| | | | هەولێر | ١,٤١٠ | ٨,٥٩ | ٢٤,٢٥ | ١ | ٥٠ |
| | | | سلێمانی | ١٥١ | ٠,٩٢ | ٢,٦ | ٠ | ٠ |
| | | | پ.تر | ٨٤ | ٠,٥١ | ١,٤٤ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ٥,٨١٥ | ٣٥,٤٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (٥٢).

(١)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز: سرود سلیم متی مقدسی، سەرچاوەی پێشوو.

**نەخشەی ژمارە (٤٨)**

**ژمارەی کورسییەکانی لیستی ڕافدەین بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٥٤).

پارێزگای دهۆك پارێزگای پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٧١,٧١٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٥٠٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٢٤,٢٥٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٥٠٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٢,٦٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٠٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، هەرچی پارێزگاکانی تری عێراقیشە پاڵپشتی زۆر لاوازی ئەم لیستە بوون و ڕێژەی (١,٤٤٪) دەنگەکانی ئەم لیستەیان پێکهێناوە.

هۆکاری بەهێزی پاڵپشتی پارێزگای دهۆك لەم لیستە دەگەڕێتەوە بۆ بەشدای چالاکی دەنگدەرانی ئەم پارێزگایە بەراورد بە دەنگدەرانی ئەم پێکهاتەیە لە پارێزگای هەولێر، هۆکاری لاوازی پاڵپشتی پارێزگای سلێمانی لەم لیستە دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ژمارەی ئەم پێکهاتەیە لەم پارێزگایەدا.

پارێزگای دهۆك ڕێژەی (٣١,٨١٪) و پارێزگای هەولێر ڕێژەی (٥١,٧٥٪)و پارێزگای سلێمانی ڕێژەی (١٦,١٧٪)و پارێزگاکانی تری عێراق ڕێژەی (٠,٢٧٪) کۆی دەنگە بە فیڕۆچووەکانی ئەم پێکهاتەیەیان پێکهێناوە.

دووەم: کورسی پێکهاتەی ئەرمەن:

لە بڕگەی سێیەم لە مادەی سی و شەشەمی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی٢٠٠٩، یاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، هاتوە"یەك کورسی تەرخان دەکرێ بۆ ئەرمەن کە پاڵێوراوانی ئەو پێکهاتەیە کێبڕکێی لە سەردەکەن"[١] بۆیە سێ کەسایەتی ئەرمەنی بە سێ لیست بەشداری پرۆسەکەیان کرد، بۆ بەدەست هێنانی یەك کورسی پەرلەمانی، بڕوانە خشتەی ژمارە (٥٥) .

---

(١)- پەرلەمانی کوردستان، یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی٢٠٠٩ یاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، سەرچاوەی پێشوو.

**خشتەی ژمارە (٥٥)**

**ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستی پێکهاتەی ئەرمەن بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)**

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | ناوی لیست | ژمارە و ڕێژەی دەنگ بە پێی پارێزگا | | | | | | | | سەرجەم | | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دهۆك | | هەولێر | | سلێمانی | | پ.دی | | | | | |
| | | | | ژ. | (٪) | ژ, | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) |
| ١ | ٧٣ | | ایشخان ملكون سركیسیان | ٣٦٤ | ١٩,٦٨ | ١٦٤ | ٧,٢١ | ٣٦٠ | ٩,٣٦ | ٠ | ٠ | ٨٨٨ | ١١,١٣ | ٠ | ٠ |
| ٢ | ٧٤ | - | ارام شاهین داود باكۆیان | ١٠٥٠ | ٥٦,٧٩ | ١١٨٦ | ٥٢,١٦ | ١٩٥٩ | ٥٠,٩٢ | ٣ | ٣٣,٣ | ٤١٩٨ | ٥٢,٦١ | ١ | ١٠٠ |
| ٣ | ٧٥ | | وارتكیس موسیس سركیسیان | ٤٣٥ | ٢٣,٥٣ | ٩٢٤ | ٤٠,٦٣ | ١٥٢٨ | ٣٩,٧٢ | ٦ | ٦٦,٦٧ | ٢٨٩٣ | ٣٦,٢٦ | ٠ | ٠ |
| | | | | ١٨٤٩ | ١٠٠ | ٢٢٧٤ | ١٠٠ | ٣٨٤٧ | ١٠٠ | ٩ | ١٠٠ | ٧٩٧٩ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە: المفوضیة العلیا المستقلة للانتخابات، مجموع الاصوات لكل كیان سیاسي، تقریر غیر منشور، بدون رقم الصفحة.

**وەك لە خشتەی ژمارە (٥٥) دەبینین، تەنها یەك لیست سەرکەتووبوو لە بەدەست هێنانی تاکە کورسییەکەی ئەم پێکهاتەیە، ئەویش، بریتی بوو لە:**

**ئارام شاهین داود باكۆیان:**

**ئەم کەسایەتیە بە ڕیزبەندی ژمارە(٢) لیستی ژمارە (٧٤) بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی کرد و توانی (٤,١٩٨) دەنگ و (٥٢,٦١٪) کۆی دەنگی ئەم پێکهاتەیە بەدەستبهێنێت و سەربکەوێت بۆ پەرلەمانی کوردستان، هۆکاری سەرکەوتنی ئارام شاهین داود باكۆیان دەگەڕێتەوە بۆ:-**

**١- "پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووە، زیندانی سیاسی بووە، پێشمەرگەی شۆڕشی گولان بووە"(١) .**

**٢- نزیکی لە پارتی دیموکراتی کوردستان و کارکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سەرکەوتنی، ڕەنگە باشترین بەڵگە بۆ هاریکاری ئەم بەربژێرە ژمارەی دەنگەکانی بێت کە توانیویەتی (٤,١٩٨) دەنگ بە دەستبهێنێت، ئەم ژمارەیە چەند جارێك زیاترە لە ژمارەی هەموو ئەرمەنیەکانی هەرێمی کوردستان، بۆ زانینی دابەشبوونی جوگرافی دەنگی ئەم لیستە بە پێی پارێزگاکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٥٦)و نەخشەی ژمارە (٤٩) .**

**خشتەی ژمارە (٥٦)**

**ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستی ئارام شاهین داود باكۆیان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)**

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژ. | (٪) |
| ٢ | ٧٤ | نیە | دهۆك | ١,٠٥٠ | ١٣,١٦ | ٢٥,٠١ | ٠ | ٠ |
| | | | هەولێر | ١,١٨٦ | ١٤,٨٦ | ٢٨,٢٥ | ٠ | ٠ |
| | | | سلێمانی | ١,٩٥٩ | ٢٤,٥٥ | ٤٦,٦٧ | ١ | ١٠٠ |
| | | | پ.تر | ٣ | ٠,٤ | ٠,٠٧ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ٤,١٩٨ | ٥٢,٦١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (٥٥).

(١)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز ئارام شاهین داود باكۆیان ئەندام پەرلەمانی خولی سێیەم، لە ڕێکەوتی ٨/ ٢٠١٨/١٠.

نەخشەی ژمارە (٤٩)

**ژمارەی کورسییەکانی لیستی ئارام شاهین داود باکویان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٥٦).

وەك لە خشتەی ژمارە (٥٦) دەبینین، ئەم لیستە لەپارێزگای دهۆك (١,٠٥٠) دەنگ و ڕێژەی (١٣,١٦٪) دەنگی پێکهاتەکەی بەدەست هێناوە، لە پارێزگای هەولێر (١,١٨٦) دەنگ و ڕێژەی (١٤,٨٦٪)ی دەنگی پێکهاتەکەی بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (١,٩٥٩) دەنگ و ڕێژەی(٢٤,٥٥٪) دەنگی پێکهاتەکەی و بە بەهای (١) کورسی پەرلەمانی دەنگی ئەم پارێزگایەی بەدەست هێناوە، لە پارێزگاکانی تر عێراقیش تەنها (٣) دەنگی بەدەست هێناوە.

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٢٥,٠١٪)دەنگەکانی و بە بەهای (٠)کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٢٨,٢٥٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٠)کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٤٦,٦٧٪) دەنگەکانی و تاکە کورسییەکەی ئەرمەنیەکانی لێ بەدەست هێناوە. پارێزگاکانی تری عێراقیش پاڵپشتی زۆر لاوازی ئەم لیستە بوون و ڕێژەی (٠,٠٧٪)ی کۆی دەنگەکانی ئەم لیستەیان پێکهێناوە.

ئەوەی جێگەی هەڵوێستە لە سەرکردنە ئەوەیە:

أ- پارێزگای دهۆك تەنها پارێزگایە کە زۆرترین ئەرمەنی تێدا نیشتەجێ بووە، بەڵام بەراورد بە هەر دوو پارێزگاکەی تری هەرێمی کوردستان کەمتر دەنگیان بەم لیستەداوە.

ب- پارێزگای سلێمانی کە شوێنی جوگرافیای نیشتەجێبوونی ئەرمەنیەکان نیە، لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك دەنگی ئەرمەنی زیاترە و (٤٦,٦٧٪) دەنگی ئەرمەنی تێدا بەدەست هاتوە بۆ ئەم لیستە ئەرمەنیە، ئەمەش هیچ گومانێك ناهێڵێتەوە کە دەنگدەری تری دەرەوەی لیستی ئەرمەنی دەنگیان بەم لیستە داوە.

سێیەم: پێکهاتەی تورکمان.

لە برگەی دووەم لە مادەی سی و شەشەمی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٩، یاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، هاتوە" پێنج کورسی تەرخان دەکرێ بۆ تورکمان کە پاڵێوراوانی ئەو پێکهاتەیە کێبڕکێی لە سەر دەکەن"(١) بۆیە لەم هەڵبژاردنەدا (٤) لیستی تورکمانی چونە ململانێ هەڵبژاردنەوە ، بڕوانە خشتەی ژمارە (٥٧).

بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردن، سێ لیستی ئەم پێکهاتە نەتەوەییە توانیان سەربکەون و نوێنەریان بگەنە پەرلەمانی کوردستان، ئەوانیش بریتیبوون لە:

خشتەی ژمارە (٥٧)

ژ. لیست لۆگۆ ژمارە و (٪)دەنگ و کورسی لیستەکانی پێکهاتەی تورکمان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | ناوی لیست | ژمارە و ڕێژەی دەنگ بە پێی پارێزگا | | | | | | | | سەرجەم | | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دهۆك | | هەولێر | | سلێمانی | | نەینەوا | | | | | |
| | | | | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) |
| ١ | ٦٩ | | اربيل الديمقراطية التركمانية في كوردستان | ٤,٩٠٥ | ٩١,٦٣ | ٧,٥٧٧ | ٥٤,٠٩ | ٥,٩٢٣ | ٥٦,٨٦ | ٥٩ | ٨٦,٧٧ | ١٨,٤٦٤ | ٦١,٨٧ | ٣ | ٦٠ |
| ٢ | ٧٠ | | لیستی تورکمانی هەولێر | ٦٢ | ١,١٦ | ٣,٤٨٣ | ٢٤,٨٧ | ٣٥٩ | ٣,٤٥ | ٢ | ٢,٩٤ | ٣,٩٠٦ | ١٣,٠٩ | ١ | ٢٠ |
| ٣ | ٧١ | | المستقلين التركمان لحماية تراث اربيل | ٥١ | ٠,٩٥ | ٢٠٢ | ١,٤٤ | ١٤٤ | ١,٣٨ | ١ | ١,٤٧ | ٣٩٨ | ١,٣٣ | ٠ | ٠ |
| ٤ | ٧٢ | | الاصلاح التركمانى | ٣٣٥ | ٦,٢٦ | ٢,٧٤٥ | ١٩,٦ | ٣,٩٩١ | ٣٨,٣١ | ٦ | ٨,٨٢ | ٧,٠٧٧ | ٢٣,٧١ | ١ | ٢٠ |
| سەرجەم | | | | ٥,٣٥٣ | ١٠٠ | ١٤,٠٠٧ | ١٠٠ | ١٠,٤١٧ | ١٠٠ | ٦٨ | ١٠٠ | ٢٩,٨٤٥ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە: المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، مجموع الاصوات لكل كيان سياسي، تقرير غير منشور، بدون رقم الصفحة.

١- لیستی هەولێری دیموکراتی تورکمان لە کوردستان (اربيل الديمقراطية التركمانية في كوردستان) :

بە ڕیزبەندی ژمارە (١) و لیستی ژمارە (٦٩) چوە پرۆسەی هەڵبژاردن و (١٨,٤٦٤) دەنگ و (٦١,٨٧٪) کۆی دەنگی ئەم پێکهاتەیە و ڕێژەی (٦٢,٧٪) دەنگی لیستە سەرکەتووەکان و (٣) کورسی پەرلەمانی بەدەست هێنا، هۆکارەکانی پشت بەدەست هێنانی (٣) کورسی پەرلەمانی لە لایەن ئەم لیستەوە دەگەڕێنەوە بۆ :-

١- دوور و درێژی ئەزموونی حزبایەتی و ڕامیاری ئەم لیستە بە تایبەت پاش جیابوونەوەی لە بەرەی تورکمانی لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوودا(٢).

٢-"هاریکاری دەسەڵات بۆ سەرکەوتنی ئەم لیستە لە ڕێی دەنگدانی تایبەتەوە(١). بۆ زانینی دابەشبوونی جوگرافی دەنگی ئەم لیستە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٥٨) و نەخشەی ژمارە (٥٠) .

---

(١)- پەرلەمانی کوردستان، یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

(٢)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز مونا نبی نادر، ئەندامی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان لە سەر لیستی پێشکەوتنی تورکمان، ٢٠١٨/١٠/٨.

خشتەی ژمارە (٥٨)

ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستی هەولێری دیموکراتی تورکمانی لە کوردستان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی ژ. | کورسی (٪) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٦٩ | | دهۆك | ٤,٩٠٥ | ١٦,٤٣ | ٢٦,٥٦ | ١ | ٣٣,٣٤ |
| | | | هەولێر | ٧,٥٧٧ | ٢٥,٣٩ | ٤١,٠٤ | ١ | ٣٣,٣٣ |
| | | | سلێمانی | ٥,٩٢٣ | ١٩,٨٥ | ٣٢,٠٨ | ١ | ٣٣,٣٣ |
| | | | پ.تر | ٥٩ | ٠,٢ | ٠,٣٢ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ١٨,٤٦٤ | ٦١,٨٧ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (٥٧).

نەخشەی ژمارە (٥٠)

ژمارەی کورسییەکانی لیستی هەولێری دیموکراتی تورکمان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٥٨).

وەك لە خشتەی ژمارە (٥٨) دەبینین، ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆك (٤,٩٠٥) دەنگ و ڕێژەی (١٦,٤٣٪)ی کۆی دەنگی ئەم پێکهاتەیە و بە بەهای نزیکەی (١) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای هەولێر (٧,٥٧٧)

(١)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێزان : ١- ئایدن معروف، سەرچاوەی پێشوو. ب- ماجد عوسمان تۆفیق، سەرچاوەی پێشوو.

دەنگ و ڕێژەی (٢٥,٣٩٪) دەنگی ئەم پێکهاتەیە و بە بەهای زیاتر لە (١) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (٥,٩٢٣) دەنگ و ڕێژەی (١٩,٨٥٪) کۆی دەنگی ئەم پێکهاتەیە و بە بەهای (١) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگاکانی تری عێراقیش تەنها (٥٩) دەنگی بەدەست هێناوە.

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی(٢٦,٥٦٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٣٣,٣٤٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٤١,٠٤٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٣٣,٣٣٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٣٢,٠٨٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٣٣,٣٣٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگاکانی تری عێراق پاڵپشتی زۆر لاوازی ئەم لیستەبوون تەنها ڕێژەی(٠,٣٢٪) دەنگەکانی ئەم لیستەیان پێکهێناوە.

هەردوو پارێزگای دهۆك و پارێزگای سلێمانی زیاتر لە (١٠,٨٠٠) دەنگ و نزیکەی (٥٩٪) دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە، ئەمەش دورە لە ڕاستیەوە لەبەر ئەوەی ئەم دوو پارێزگایە تورکمانی لێنیە و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەنگدانی دەنگدەری پارتی سەرەکی تری هەرێمی کوردستان. هەرچی پارێزگای هەولێریشە، ئەگەر چی دەنگدەری تورکمانی لێیە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم لیستە لە لایەن پارتێکی دیاریکراوەوە پاڵپشتی کراوە لە پارێزگاکانی تری هەرێم، بەهەمان شێوەش لە پارێزگای هەولێریش ئەم پاڵپشتییە هەبووە بۆ ئەم لیستە.

٢-لیستی تورکمانی هەولێر:

بە لیستی ژمارە (٧٠) چوە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە، توانی (٣,٩٠٦) دەنگ و ڕێژەی (١٣,٠٩٪) کۆی دەنگی پێکهاتەکە و (١) کورسی(*) پەرلەمانی بەدەستبهێنێت، هۆکاری بەدەست هێنانی یەك کورسی پەرلەمانی لە لایەن ئەم لیستەوە دەگەڕێتەوە بۆ:

أ- تەنها لیستە و حزب نیە، وەك لیستیش بەشداریکریان کردووە نەك وەك حزب[١].بۆیە دەنگی کەمی بەدەست هێناوە.

ب- "تەنها تورکمانەکان دەنگیان پێداون"[٢]. واتە بە بێ کۆمەکی حزبە کوردییەکان و تەنها بە دەنگی ڕاستەقینەی خۆیان سەرکەوتون بۆ پەرلەمان. بۆ زانینی دابەشبوونی جوگرافی دەنگی ئەم لیستە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٥٩)و نەخشەی ژمارە (٥١) .

خشتەی ژمارە (٥٩)

ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستی هەولێری تورکمانی بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژ. | (٪) |
| ٢ | ٧٠ | | دهۆك | ٦٢ | ٠,٢١ | ١,٥٩ | ٠ | ٠ |
| | | | هەولێر | ٣,٤٨٣ | ١١,٦٧ | ٨٩,١٧ | ١ | ١٠٠ |
| | | | سلێمانی | ٣٥٩ | ١,٢ | ٩,١٩ | ٠ | ٠ |
| | | | پ.تر | ٢ | ٠,٠١ | ٠,٠٥ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ٣,٩٠٦ | ١٣,٠٩ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (٥٧).

(*)- بەڕێز مونا نەبی نادر (قەهوەچی) ئەندام پەرلەمانی خولی چوارەم لە سەر لیستی پێشکەوتنی تورکمان دەڵێت" ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن بە لیستی داخراو، بوونی سیستمی کۆتا و چوونی زیاتر لە (٣٠٠٠) دەنگی من بۆ ئەم لیستە بووە هۆی بەدەست هێنانی یەك کورسی پەرلەمانی لە لایەن ئەم لیستەوە، پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز مونا نەبی نادر، سەرچاوەی پێشوو.

(١)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز: ماجد عوسمان تۆفیق، سەرچاوەی پێشوو.

(٢)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز ئایدن معروف سلیم، سەرچاوەی پێشوو.

وەك لە خشتەی ژمارە (٥٩) دەبینین، ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆك (٦٢) دەنگ و ڕێژەی (٠,٢١٪) دەنگی ئەم پێكهاتەیە و بە بەهای (٠) كورسی پەرلەمانی دەنگی بەدەست هێناوە، لە پارێزگای هەولێر (٣,٤٨٣) دەنگ و ڕێژەی (١١,٦٧٪) كۆی دەنگی ئەم پێكهاتەیە و بە بەهای (١) كورسی پەرلەمانی دەنگی بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (٣٥٩) دەنگ و ڕێژەی (١,٢٪) كۆی دەنگی ئەم پێكهاتەیە و بە بەهای (٠) كورسی پەرلەمانی دەنگی بەدەست هێناوە، لە پارێزگاكانی تری عێراقیش تەنها (٢) دەنگی بەدەست هێناوە.

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (١,٥٩٪)ی كۆی دەنگی ئەم لیستەی پێكهێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٨٩,١٧٪) دەنگەكانی و بە بەهای (١٪) كورسییەكانی دەنگی ئەم لیستەی پێكهێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە ڕێژەی (٩,١٩٪) كۆی دەنگی ئەم لیستەی پێكهێناوە. پارێزگاكانی تری عێراقیش پاڵپشتی زۆر لاوازی ئەم لیستە بوون و ڕێژەی (٠,٠٥٪) كۆی دەنگی ئەم لیستەیان پێكهێناوە.

نەخشەی ژمارە (٥١)

ژمارەی كورسییەكانی لیستی هەولێری توركمان بە پێی پارێزگاكان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی كوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)




سەرچاوە: كاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٥٩).

وەك دەبینین تەنها پێكهاتەی توركمان دەنگیان بەم لیستە داوە كەمتر (٩٠٪) دەنگی ئەم لیستە لە پارێزگای هەولێر بووە، بەڵام لە پارێزگاكانی تری هەرێم دەنگێكی ئەو تۆی بەدەست نەهێناوە، ئەمەش ئاماژەیەكی ڕوونە چ بەهۆی كەمی دەنگی لیستەكە چ بەهۆی شوێنی جوگرافی لیستەكە، بە بێ پاڵپشتی هیچ پارتێكی باڵادەستی هەرێم توانیویەتی بەبەدەست هێنانی یەك كورسی سەربكەوێت بۆ پەرلەمان.

٣-لیستی چاکسازی تورکمان (الاصلاح الترکمانی) :

بە لیستی ژمارە (٧٢) چوە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە، توانی (٧,٠٧٧) دەنگ و ڕێژەی (٢٣,٧١٪) دەنگی ئەم پێکهاتەیە و (١) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت، هۆکاری بەدەست هێنانی ئەم کورسیەش دەگەڕێتەوە بۆ:

١- "بە هاریکاری حزبێکی دەسەلآت توانیان کورسییەك بەدەستبهێنن"[١].

٢-یەکەم ئەزموونیان بوو لە دوای جیابوونەوەیان لە بەرەی تورکمانی لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن بکەن[٢].

٣-بوونی دوو لیستی تری تورکمانی و پەرشبوونەوەی دەنگ و کورسییەکانی لە نێوان ئەم سێ لیستەدا. بۆ زانینی دابەشبوونی جوگرافی دەنگی ئەم لیستە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٦٠)و نەخشەی ژمارە (٥٢) .

خشتەی ژمارە (٦٠)

ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستی چاکسازی تورکمان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژ. | (٪) |
| ٤ | ٧٢ | | دهۆك | ٣٣٥ | ١,١٢ | ٤,٧٣ | ٠ | ٠ |
| | | | هەولێر | ٢,٧٤٥ | ٩,٢ | ٣٨,٨ | ٠ | ٠ |
| | | | سلێمانی | ٣,٩٩١ | ١٣,٣٧ | ٥٦,٣٩ | ١ | ١٠٠ |
| | | | پ.تر | ٦ | ٠,٠٢ | ٠,٠٨ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ٧,٠٧٧ | ٢٣,٧١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (٥٧).

بە سەرنج دان لە خشتەی ژمارە (٦٠) دەبینین، ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆك (٣٣٥) دەنگ و ڕێژەی (١,١٢٪) کۆی دەنگی ئەم پێکهاتەیەی بەدەست هێناوە، لە پارێزگای هەولێر (٢,٧٤٥)و ڕێژەی (٩,٢٪) کۆی دەنگی ئەم پێکهاتەیەی بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (٣,٩٩١) دەنگ و ڕێژەی (١٣,٣٧٪) دەنگی ئەم پێکهاتەی و (١) کورسی بەدەست هێناوە، لە پارێزگاکانی تری عێراقیش تەنها (٦) دەنگی بەدەست هێناوە.

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٤,٧٣٪) دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٣٨,٨٪) دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٥٦,٣٩٪) دەنگەکان و بە بەهای (١٠٠٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، لە پارێزگاکانی تری عێراقیشدا تەنها (٠,٠٨٪) کۆی دەنگەکانی ئەم لیستەیان پێکهێناوە.

هۆکاری لاوازی پاڵپشتی پارێزگای دهۆك بۆ ئەم لیستە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوون یان کەمی دەنگدەری تورکمانی بۆ ئەم لیستە، زۆرینەی دەنگدەرانیشی، دەنگدەری پارتی باڵادەستی کوردستان بوون، هۆکاری مامناوەندی دەنگدەری ئەم لیستە لە پارێزگای هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ دەنگدانی ژمارەیەکی کەم لە دەنگدەری ئەم پێکهاتەیە و دەنگدان بەم لیستە لە لایەن دەنگدەری پارتی تری کوردییەوە، هۆکاری پاڵپشتی بەهێزی ئەم پارتە لە پارێزگای سلێمانی دەگەڕێتەوە بۆ دەنگدانی دەنگدەری پارتی دەسەلآتدار بەم لیستە، لە کاتیکدا ئەم پارێزگایە دەنگدەری تورکمانییان تێدا نیە یان زۆر زۆر کەمە، ئەم لیستە توانیویەتی کەمتر لە (٤,٠٠٠) دەنگ لەم پارێزگایە و ڕێژە (٥٦,٣٩٪) دەنگەکانی لەم پارێزگایەدا بەدەستبهێنێت.

---

(١)- سەرچاوەی پێشوو.

(٢)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز محمد ئلیهانی، سەرچاوەی پێشوو.

نەخشەی ژمارە (٥٢)

ژمارەی کورسییەکانی لیستی چاکسازی تورکمان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٦٠).

## باسی چوارەم: شیکردنەوەی جوگرافی بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١):

پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١) لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ژمارە و ڕێژەی دەنگ و کورسی سەرجەم لیستەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتبوو، چونکە زۆرینەی پارتە ڕامیارییەکان بە لیستی سەربەخۆ بەشداری پرۆسەکەیان کرد، بە تایبەت پارتە سەرەکییەکانی کوردستان، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی هەر پارتە سەنگی هەڵبژاردن و ڕادەی فراوانی بنکەی جەماوەری خۆی بۆ دەرکەوێت، ئەمە جگە لە ڕۆڵی وولاّتانی هەرێمی لە سەر ئەنجامە ڕاگەیەندراوەکان(*)، بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر ئەم باسە، دابەشمان کردووە بۆ دوو تەوەر، ئەوانیش:

### تەوەری یەکەم: لیستە ململانێکارەکان بۆ کورسی گشتی:

بەمەبەستی بردنەوەی زۆرترین کورسی گشتی پەرلەمانی کوردستان (١٩) لیست چونە ململانێیەکی توندی هەڵبژاردن، سەرئەنجام هەر لیستە بە پێی سەنگی هەڵبژاردن و پێگە جەماوەری و کارنامەی هەڵبژاردن...تاد.، توانیان بەشێك لە دەنگی دەنگدەران بەدەست بهێنن، لەم خولەی هەڵبژاردنیشدا پرۆسەکە بە یەك بازنەدا بەڕێوەچوو، بۆ زانیاری زیاتری دەنگی بەدەست هاتووی لیستە بەشداربووەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٦١) .

(*)- بەڕێز محمدی حاجی محمود دەڵێت: وولاّتانی دەوروبەر ڕۆڵیان هەبوو لە گەمەکردن بە ژمارەی کورسی لە بەرژەوەندی هەندێك لایەنی ڕامیاری :دیدار لەگەڵ بەڕێز محمد حاجی محمود، سکرتێری گشتی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، گوڵەخانە، ٢٠١٨/٢/١١.

### خشتەی ژمارە (٦١)

### ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستە بەشداربووەکان بۆ کورسی گشتی بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | ناوی لیست | ژمارە و ڕێژەی دەنگ بە پێی پارێزگا | | | | | | | | سەرجەم | | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دهۆك | | هەولێر | | سلێمانی | | پارێزگای تر | | | | | |
| | | | | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) |
| ١ | ١٠١ | | بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان/عێراق | ١,٥٠٨ | ٠,٣٤ | ٥,٧٨٦ | ٠,٨٧ | ١٤,٥١٨ | ١,٧٣ | ٢٢ | ٠,٤٣ | ٢١,٨٣٤ | ١، ١٢ | ١ | ١ |
| ٢ | ١٠٢ | | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ٢٧,٥٨٣ | ٦,٢٨ | ١٠٣,٨٥٢ | ١٥,٥٧ | ٢١٨,٢٠٨ | ٢٥,٩٥ | ٨٥٧ | ١٦,٥٨ | ٣٥٠,٥٠٠ | ١٧، ٩٦ | ١٨ | ١٨ |
| ٣ | ١٠٣ | | پارتی پارێزگارانی کورستان | ٢٠٠ | ٠,٠٥ | ١,٠٠٨ | ٠,١٥ | ١,٣١١ | ٠,١٦ | ٠ | ٠ | ٢,٥١٩ | ٠، ١٣ | ٠ | ٠ |
| ٤ | ١٠٤ | | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان-عێراق | ٣,٤٧٥ | ٠,٧٩ | ٥٠,٥٢٣ | ٧,٥٨ | ٦٤,٥٣٨ | ٧,٦٨ | ٣٨ | ٠,٧٣ | ١١٨,٥٧٤ | ٦,٠٧ | ٦ | ٦ |
| ٥ | ١٠٥ | | یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان | ٥٥,٤١٠ | ١٢,٦٢ | ٤٧,١٤٩ | ٧,٠٧ | ٨٤,٠٤٣ | ١٠ | ١٣٩ | ٢,٦٩ | ١٨٦,٧٤١ | ٩,٥٧ | ١٠ | ١٠ |
| ٦ | ١٠٦ | | لیستی چاکساز و گەشە | ٧٧ | ٠,٠٢ | ٨٥٥ | ٠,١٣ | ٤٥٥ | ٠,٠٥ | ٩ | ٠,١٧ | ١,٣٩٦ | ٠,٠٧ | ٠ | ٠ |
| ٧ | ١٠٧ | | ئازادی | ١,٤٠١ | ٠,٣٢ | ٥,٣٥٦ | ٠,٨ | ٥,٦٢٩ | ٠,٦٧ | ٦ | ٠,١١ | ١٢,٣٩٢ | ٠,٦٣ | ١ | ١ |
| ٨ | ١٠٨ | | ئایندە | ٧٢١ | ٠,١٦ | ١,٥٩٥ | ٠,٢٤ | ١,٨٢١ | ٠,٢٢ | ٣ | ٠,٠٦ | ٤,١٤٠ | ٠,٢١ | ٠ | ٠ |
| ٩ | ١٠٩ | | یەکێتی نەتەوەی دیموکراتی کوردستانYNDK | ٢٥٣ | ٠,٠٦ | ١,٤٤٨ | ٠,٢٢ | ١١٢ | ٠,٠١ | ٤ | ٠,٠٨ | ١,٨١٧ | ٠,٠٩ | ٠ | ٠ |
| ١٠ | ١١٠ | | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٣١,٥٣٠ | ٧٥,٤٨ | ٣٢٣,٣٠٤ | ٤٨,٤٧ | ٨٥,٤٥٩ | ١٠,١٦ | ٣,٦٩١ | ٧١,٤٢ | ٧٤٣,٩٨٤ | ٣٨,١١ | ٣٨ | ٣٨ |
| ١١ | ١١١ | | حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان | ٦٣٨ | ٠,١٥ | ١,٣٣٩ | ٠,٢ | ١٠,٥١٠ | ١,٢٥ | ١٤ | ٠,٢٧ | ١٢,٥٠١ | ٠,٦٤ | ١ | ١ |
| ١٢ | ١١٢ | | پەرێشان و هەژاران | ٦٦ | ٠,٠٢ | ٧٥ | ٠,٠١ | ٦٩ | ٠، ٠١ | ٠ | ٠ | ٢١٠ | ٠,٠١ | ٠ | ٠ |
| ١٣ | ١١٣ | | پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان | ١,١١٩ | ٠,٢٥ | ٧٣٧ | ٠,١١ | ١,٩٣٠ | ٠.٢٣ | ٤ | ٠,٠٨ | ٣,٧٩٠ | ٠,٢ | ٠ | ٠ |
| ١٤ | ١١٤ | | حزبی رزگاری کوردستانRPK | ٣١ | ٠ | ١٢٥ | ٠,٠٢ | ١١٨ | ٠، ٠١ | ٠ | ٠ | ٢٧٤ | ٠,١ | ٠ | ٠ |
| ١٥ | ١١٥ | | ئاراستەی سێیەم | ٤٤٤ | ٠,١ | ٤,٢٣٢ | ٠,٦٣ | ٤,٠٠٠ | ٠,٤٧ | ٥ | ٠,١ | ٨,٦٨١ | ٠,٤٤ | ١ | ١ |
| ١٦ | ١١٦ | | مافی گەل | ٣٤٦ | ٠,٠٨ | ١,٤٩٢ | ٠,٢٢ | ٢٢٦ | ٠,٠٣ | ٢ | ٠,٠٤ | ٢,٠٦٦ | ٠,١١ | ٠ | ٠ |
| ١٧ | ١١٧ | | گۆران (التغییر) | ١٣,٧٧٦ | ٣,١٤ | ١١٦,٦٩٩ | ١٧,٥ | ٣٤٥,٨٩٢ | ٤١,١٤ | ٣٦٩ | ٧,١٤ | ٤٧٦,٧٣٦ | ٢٤,٤٢ | ٢٤ | ٢٤ |
| ١٨ | ١١٨ | | لیستی مافەکانی خەڵکی کوردستان | ٥٦٩ | ٠,١٣ | ٨٤٥ | ٠,١٣ | ١,٦١٤ | ٠,١٩ | ٥ | ٠,١ | ٣,٠٣٣ | ٠,١٦ | ٠ | ٠ |
| ١٩ | ١١٩ | | لیستی سەربەخۆکان | ٦١ | ٠,١ | ٥٣٤ | ٠,٠٨ | ٣١٠ | ٠,٠٤ | ٠ | ٠ | ٩٠٥ | ٠,٠٥ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ٤٣٩,٢٠٨ | ١٠٠ | ٦٦٦,٩٥٤ | ١٠٠ | ٨٤٠,٧٦٣ | ١٠٠ | ٥,١٦٨ | ١٠٠ | ١,٩٥٢,٠٩٣ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

**سەرچاوە:کاری توێژەر بە سود وەگرتن لە: أ- پارتی دیموکراتی کوردستان، دەزگای هەڵبژاردن، ڕاپۆرتی بلاّونەکراوە. بە بیّ ژ.ل. ب- یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دەزگای هەڵبژادن بەشی ئامار، ڕاپۆرتی بلاّونەکراوە بە بیّ ژ.ل. .ت- یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، ناوەندی سیاسی و جەماوەری یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان- سلێمانی، بەشی هەڵبژاردنی ناوەند، ڕاپۆرتی بلاّونەکراوە. بە بیّ ژمارەی ل، پ- ئەرشیفی محمد حسن محمود، مامۆستای زانکۆ.**

**وەك لە خشتەی ژمار (٦١) دەبینین، (٩) لیستی ململانێکار بە بەدەست هێنانی (١,٩٣١,٩٤٣)و (٩٩٪) کۆی دەنگی کورسی گشتی، توانیان (١٠٠) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنن، ئەوانیش بریتیبوون لە:**

**أ- لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان**

پارتی دیموکراتی کوردستان لەم هەڵبژاردنەدا بە ڕیزبەندی ژمارە (١٠) بە لیستی ژمارە (١١٠) بەشداری پرۆسەکەی کرد، بە بەدەست هێنانی (٧٤٣,٩٨٤) دەنگ و ڕێژەی (٣٨,٥٪)ی کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتووەکانی هەرێمی کوردستان توانی پلەی یەکەم بەدەستبهێنێت، هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەم لیستە لەم خولەی هەڵبژاردندا دەگەڕێنەوە بۆ:

١- "پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە نێوان سالانی(٢٠٠٩- ٢٠١٣)، دامەزراندنی خەڵك، باشکردنی بژێوی ژیانی خەڵك، پرۆژەی خزمەتگوزاری جۆراوجۆر پێشکەش کران، ئەنجامدانی هەڵمەتێکی باشی هەڵبژاردن"[١].

٢-"بوونیان لە دەسەلات و بەمووچەخۆرکردنی هاولاتیان و بوونی هێزێکی زۆری بندیوار و سود بینین لە پەیوەندی لەگەڵ وولاتانی دەوروبەر و بوونی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان لە دەستی خۆیان، بوونی ئاسایش و هێز لە دەستیان"[٢].

٣-"ئەنجامدانی ساختەرکاری بەڕێژەیەکی زۆر لە لایەن ئەم لیستەوە بۆ زیادکردنی دەنگی و کورسی، بوونی ناوچەی قۆرخکراو، توانیان بیسەلێنن بەراورد بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان خزمەتێکی زیاتری ناوچەی ژێر دەسەلاتی خۆیان بکەن"[٣].

٤- "نەبوونی دیموکراسی و چاوترسێنکردنی دانیشتوانی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك، ڕێگە نەدان بە چاودێرانی لیستەکانی تری هەڵبژاردن بۆ چاودێری ئازادانەی پرۆسەی هەڵبژاردن و ئەنجامدانی کاری نایاسایی بەشێوەیەکی بەربلاو لە ناوی مردوان و ئاوارەی تورکیاو سوریا و عێراق"[٤]. بۆ زانینی دابەشبوونی جوگرافی دەنگی ئەم لیستە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٦٢)و نەخشەی ژمارە (٥٣) .

**خشتەی ژمارە (٦٢)**

**ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)**

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆدەنگی لیستەکە | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژ. | (٪) |
| ٦ | ١١٠ | PDK | دهۆك | ٣٣١,٥٣٠ | ١٧,١٦ | ٤٤,٥٦ | ١٧ | ٤٤,٧٤ |
| | | | هەولێر | ٣٢٣,٣٠٤ | ١٦,٧٣ | ٤٣,٤٦ | ١٧ | ٤٤,٧٤ |
| | | | سلێمانی | ٨٥,٤٥٩ | ٤,٤٢ | ١١,٤٨ | ٤ | ١٠,٥٣ |
| | | | پ. تر | ٣,٦٩١ | ٠,١٩ | ٠,٥ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ٧٤٣,٩٨٤ | ٣٨,٥ | ١٠٠ | ٣٨ | ١٠٠ |

کاری توێژەر بە سود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (٦١).

بە ڕوانین لەخشتەی ژمارە (٦٢) دەبینین، ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆك (٣٣١,٥٣٠) دەنگ و ڕێژەی (١٧,١٦٪) دەنگی لیستە سەرکەوتوەکان و بە بەهای (١٧) کورسی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای هەولێر (٣٢٣,٣٠٤) دەنگ و ڕێژەی (١٦,٧٣٪) دەنگی لیستە سەرکەتووەکان و بە بەهای نزیکەی (١٧) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (٨٥,٤٥٩) دەنگ و ڕێژەی (٤,٤٢٪) کۆی دەنگی لیستەکان و بە بەهای (٤) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگاکانی تری عێراقیش (٣,٦٩١) دەنگ و ڕێژەی (٠,١٩٪) کۆی دەنگی لیستە سەرکەتووەکانی بەدەست هێناوە.

(١)- دیدار لەگەڵ بەڕێز خەسرەو گۆران، سەرچاوەی پێشوو.

(٢)- دیدار لەگەڵ بەڕێز عمر محمد محمد کریم، سەرچاوەی پێشوو.

(٣)- دیدار لەگەڵ بەڕێز ئەبوبەکر عەلی، سەرچاوەی پێشوو.

(٤)- دیدار لەگەڵ بەڕێز نەریمان مەجید سعید، سەرچاوەی پێشوو.

نەخشەی ژمارە (٥٣)

ژمارەی کورسییەکانی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٦٢).

پارێزگاکانی دهۆك پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە ڕێژەی (٤٤,٥٦٪)ی دەنگەکانی و بە بەهای (٤٤,٧٤٪)کورسییەکانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، پارێزگای هەولێر پارێزگای پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٤٣,٤٦٪) دەنگەکان و بە بەهای (٤٤,٧٤٪) کورسییەکانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (١١,٤٨٪) دەنگەکانی و بە بەهای (١٠,٥٢٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگاکانی تریش پارێزگای پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بوون ڕێژەی (٠,٥٪) دەنگەکانی ئەم لیستەیان پێکهێناوە.

لێرەدا دەبینین پارتی دیموکراتی کوردستان لە جوگرافیای قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆی توانیویەتی (٦٥٤,٨٣٤) دەنگ ونزیکەی (٨٨٪) کۆی دەنگەکانی لەم پارێزگایانەدا بەدەستبهێنێت، ئەوانیش بەهۆی:

١- پێشکەشکردنی خزمەتی جۆراوجۆر لە ڕێگای حکومەتەوە.

٢- بەهێزی ڕێکخستن و چالاکی حزبی لەم پارێزگایانەدا و بەرتەسکردنەوەی چالاکی حزبی پارتەکانی تر.

٣-ئەنجامدانی کاری نایاسایی جۆراوجۆر بۆ زیادکردنی دەنگی پارتەکەی.

٤-بیرکردنەوەی وەك یەکی زۆرینەی دەنگدەرانی ئەم پارێزگایە.

هەرچی پارێزگای سلێمانیش(٨٥,٤٥٩)دەنگ وکەمتر لە ڕێژەی(١١,٥٪) دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، ئەمەش دەگەڕێنەوە بۆ:

١- دەستڕانەگەیشتنی پارتی دیموکراتی کوردستان چ بە خزمەت چ بە کاری نایاسایی چ بە کاری ڕێکخراوەیی بەراورد بە جوگرافیای قەڵەمڕەوی لە پارێزگاکانی دهۆك و هەولێردا.

٢- بەهۆی بەهێزی بنکەی جەماوەری پارتە نەیارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان وەك (ی.ن.ك، بزوتنەوەی گۆڕان، پارتە ئیسلامیەکان..تاد.)، ئەمەش کاریگەری هەبووە لە سەر لاوازی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەم جوگرافیایە و بە کەلتوربوونی بیرۆکەی دژە پارتی.

ب- لیستی بزوتنەوەی گۆڕان

بزوتنەوی گۆڕان بە ڕیزبەندی ژمارە (١٧) بە لیستی ژمارە (١١٧) بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی کرد و توانی (٤٧٦,٧٣٦) دەنگ و ڕێژەی (٢٤,٦٨٪) کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتووەکانی هەرێم و (٢٤) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت، "بەهۆی ئەوەی گوتارە سیاسیەکەی باوەڕهێنەر بووە بە بەشێك لە دەنگدەران"[(١)]، توانی بەراوورد بە هەڵبژاردنی خولی سێیەم (٣١,٦٢٢) دەنگی زیاتر بەدەستبهێنێت، بەڵام ژمارەی کورسییەکانی بەراورد بە خولی پێشوو یەك کورسی کەمی کرد و بوو بە (٢٤) کورسی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ:

١- "دەستکردن بە هەڵمەتی هەڕەشە و تۆقاندنی دەنگدەرانی کوردستان لە لایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و زیادکردنی ڕێژەی دەنگەکانی حزبی دەسەڵاتدار و بەرزکردنەوەی بەهای کورسی، ئەمەش هۆکار بوو بۆ دابەزینی ژمارەی کورسییەکانی بزوتنەوەی گۆڕان "[(٢)].

٢- یاسای هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان و بەرکەوتەی هەڵبژاردن[(٣)]. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دابەشبوونی جوگرافیا دەنگی ئەم لیستە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٦٣) و نەخشەی ژمارە (٥٤) .

خشتەی ژمارە (٦٣)

ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستی بزوتنەوەی گۆڕان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژ. | (٪) |
| ٩ | ١١٧ | گۆران GORRAN | دهۆك | ١٣,٧٧٦ | ٠,٧٢ | ٢,٨٩ | ١ | ٤,١٧ |
| | | | هەولێر | ١١٦,٦٩٩ | ٦,٠٤ | ٢٤,٤٨ | ٦ | ٢٥ |
| | | | سلێمانی | ٣٤٥,٨٩٢ | ١٧,٩٠ | ٧٢,٥٥ | ١٧ | ٧٠,٨٣ |
| | | | پ.تر | ٣٦٩ | ٠,٠٢ | ٠,٠٨ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ٤٧٦,٧٣٦ | ٢٤,٦٨ | ١٠٠ | ٢٤ | ٢٤ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەگرتن لە خشتەی ژمارە (٦١).

بە تێبینیکردنی خشتەی ژمارە (٦٣) ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆك (١٣,٧٧٦) دەنگ و ڕێژەی (٠,٧٢٪) کۆی دەنگی لیستە سەرکەتووەکان و بە بەهای نزیکەی (١) کورسی پەرلەمانی دەنگی بەدەست هێناوە، لە پایزگای هەولێر (١١٦,٦٩٩) دەنگ و ڕێژەی (٦,٠٤٪) کۆی دەنگی لیستە سەرکەتووەکان و بە بەهای (٦) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (٣٤٥,٨٩٢) دەنگ و ڕێژەی (١٧,٩٪) کۆی دەنگی لیستە سەرکەتووەکان و بە بەهای (١٧) کورسی پەرلەمانی دەنگی ئەم پارێزگایە بەدەست هێناوە، لە پارێزگاکانی تریش تەنها (٣٦٩) دەنگی بەدەست هێناوە.

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٢,٨٩٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٤,١٧٪) کورسییەکانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، پارێزگای هەولێر پارێزگای پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٢٤,٤٨٪) دەنگەکانی

(١)- دیدار لەگەڵ بەڕێز ئەبوبەکر عەلی، سەرچاوەی پێشوو.

(٢)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز شۆڕش حاجی، سەرچاوەی پێشوو.

(٣)- دیدار لەگەڵ بەڕێز عمر محمد محمد کریم، سەرچاوەی پێشوو.

و بە بەهای (٢٥٪) کورسییەکانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٧٢,٥٥٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٧٠,٨٣٪) کورسییەکانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، پارێزگاکانی تریش تەنها ڕێژەی (٠,٠٨٪) دەنگەکانی ئەم لیستەیان پێکهێناوە.

**نەخشەی ژمارە (٥٤)**

**ژمارەی کورسییەکانی لیستی بزوتنەوەی گۆڕان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٦٣).

هۆکاری کەمی دەنگی ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆك دەگەڕێتەوە بۆ کەموکورتی ناوخۆی بزوتنەوەی گۆڕان و لاوازی ڕێکخستنی بزوتنەوەکە لە پارێزگاکەدا، ئەمە جگە لە خراپی مێژووی دەسەڵاتدارانی دهۆك لەگەڵ پارتە ئۆپۆزسیۆنەکاندا[1].

نزیکەی (٢٥٪) ڕێژەی دەنگی ئەم لیستە لە پارێزگای هەولێرە، ئەویش بەهۆی ئەوەی بەشێکی دەنگدەری ئەم لیستە پێشتر لە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا بوون، یەکێتیش لە ساڵانی پێشووتردا دەنگدەرێکی زۆری هەبووە لەم پارێزگایەدا، جگەلەوەی بە سروشت دەنگدەری پارێزگای هەولێر دابەشبوون بەسەر سەرجەم لیست و پارتەکاندا.

ڕێژەی کەمتر لە (٧٣٪) دەنگدەری ئەم لیستە لە پارێزگای سلێمانی بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەشێکی زۆری گۆڕانخوازان لە یەکێتی نیشتمانی کورستان جیابوونەتەوە، پارێزگای سلێمانیش بە قەڵای سەوزی یەکێتی ناسراوبووە تا هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، جگە لەوەی دروستبوونی بزوتنەوەکە لەم شارە بووە و هەزاران لە دەنگدەری

(١) - عوبەید ڕەشاڤایی، هشیار عابد، سەرپەرشتیاری گۆڕان لەدهۆك: لە بادینانیش پۆستمان دەوێت، ڕۆژنامەی ڕووداو، ژمارە (٣٠٧)، ٢٠١٤/٤/٢٨، ل٢.

ئەم لیستە لە دامودەزگا جۆربەجۆرەکانی حکومەتی هەرێم سزا (ئابوری، کارگێری...تاد.) دران. سەرەڕای بوونی میدیایەکی بەهێزی ئەم لیستە لەم پارێزگایە، ئەمە جگە لەوەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی بەسروشت دانیشتوانێکی زیندون و ئارەزوی گۆڕانکاری و نوێخوازی دەکەن.

ت- لیستی یەکێتی نیشتمانی کورستان

یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە ڕیزبەندی ژمارە (٢)و بە لیستی ژمارە (١٠٢) چوە پرۆسەی هەڵبژاردن و توانی (٣٥٠,٥٠٠) دەنگ و ڕێژەی (١٨,١٤٪) کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتوەکان (١٨) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت، پلەی سێیەمی لیستە سەرکەوتووەکانی هەڵبژاردنی بەدەست هێنا، ئەویش"بەهۆی ئەنجامدانی ساختەکاری لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بۆ ئەم حزبە کە بووە هۆی زیادکردنی دەنگ و کورسی ئەم هێزە"[١]. بەڵام بەراوورد بە خولی پێشوی پەرلەمان ژمارەی کورسییەکانی لە (٢٩) کورسی پەرلەمانی بوو بە (١٨) کورسی پەرلەمانی ئەویش بەهۆی:

١- "نەخۆش کەوتنی سکرتێری گشتی ئەم حزبە و دروستبوونی کێشەی ناوخۆیی و نەبەستنی کۆنگرە لە کاتی خۆیدا و بوونی گروپبەندی (التكتلات)و بێ دیسپلینی و نەبوونی ئیجرائاتی ناو حزب و سەرقاڵ بوون بە بازرگانی و کاری لابەلا و دروستکردنی عیمارە و باخچە و ڤێلا لە شوێنە گەشتیارییەکاندا"[٢].

٢- کێشە ناوخۆییەکانی ئەم حزبە[٣]، پێشکەوتنی پارتی و ووتاری پارتی لە ناوچە قەڵەمڕەوی خۆیدا و ململانێی توندی بزوتنەوەی گۆڕان[٤]، بەشێکی زۆری دەنگدەرانی پێشووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان باوەڕیان بە ئەنجامدانی گۆڕانکاری هەبوو لە لایەن بزوتنەوەی گۆڕانەوە، لەبەر ئەم هۆکارەش دەنگیان بەم بزوتنەوەیە داوە، بە تایبەت لاوانیان[٥]. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دابەشبوونی جوگرافی دەنگی ئەم لیستە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٦٤)و نەخشەی ژمارە (٥٥) .

خشتەی ژمارە (٦٤)

ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی ژ. | کورسی (٪) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢ | ١٠٢ | | دهۆك | ٢٧,٥٨٣ | ١,٤٣ | ٧,٨٧ | ٢ | ١١، ١١ |
| | | | هەولێر | ١٠٣,٨٥٢ | ٥,٣٨ | ٢٩,٦٣ | ٥ | ٢٧,٧٨ |
| | | | سلێمانی | ٢١٨,٢٠٨ | ١١,٢٩ | ٦٢,٢٦ | ١١ | ٦١,١١ |
| | | | پ.تر | ٨٥٧ | ٠,٠٤ | ٠,٢٤ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ٣٥٠,٥٠٠ | ١٨,١٤ | ١٠٠ | ١٨ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (٦١).

بە سەرنجدانی خشتەی ژمارە (٦٤) ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆك (٢٧,٥٨٣) دەنگ و ڕێژەی (١,٤٣٪) دەنگی لیستە سەرکەتووەکان و بە بەهای نزیکەی (٢) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای هەولێر (١٠٣,٨٥٢) دەنگ و ڕێژەی (٥,٣٨٪) دەنگی لیستە سەرکەتووەکان و بە بەهای (٥) کورسی پەرلەمانی لەم پارێزگایە بەدەست

(١)- دیدار لەگەڵ بەڕێز ئەبوبەکر عەلی، سەرچاوەی پێشوو. ب- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز خەسرەو گۆران، سەرچاوەی پێشوو.

(٢)- دیدار لەگەڵ بەڕێز نەریمان مەجید سعید، سەرچاوەی پێشوو.

(٣)- دیدار لەگەڵ بەڕێزان: أ- خەسرەو گۆران، سەرچاوەی پێشو. ب- نەریمان مەجید سعید، سەرچاوەی پێشوو.

(٤)- دیدار لەگەڵ بەڕێز ئەبوبەکر عەلی، سەرچاوەی پێشوو.

(٥)- دیدار لەگەڵ بەڕێز خەسرەو گۆران، سەرچاوەی پێشوو.

هێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (٢١٨,٢٠٨) دەنگ و (٪١١,٢٩) کۆی دەنگی لیستە سەرکەتووەکان و بە بەهای (١١) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایە بەدەست هێناوە، لە پارێزگاکانی تریشدا (٨٥٧) دەنگی بەدەست هێناوە.

**نەخشەی ژمارە (٥٥)**

**ژمارەی کورسییەکانی لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە پێ پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٦٤).**

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٪٧,٨٧) دەنگەکانی و بە بەهای (٪١١,١١) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستەبووە و ڕێژەی (٪٢٩,٦٣) دەنگەکانی و بە بەهای (٪٢٧,٧٨) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٪٦٢,٢٦) دەنگەکانی و بە بەهای (٪٦١,١١) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە. پارێزگاکانی تریش تەنها ڕێژەی (٪٠,٢٤) کۆی دەنگی ئەم لیستەیان پێکهێناوە.

هۆکارەکانی لاوازی پێگەی ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆك دەگەڕێنەوە بۆ:

١- یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە مێژووی دروستبوونیەوە نەیتوانیوە ڕەگ و ڕیشەی لەم پارێزگایەدا دابکوتێت.

٢- نەبوونی دەسەڵاتی یەکێتی و نەگرتنە دەستی هیچ پۆستێکی گرنگ لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق لەم پارێزگایەدا یەکێکی تر لە هۆکارەکانی بەدەستنەهێنانی دەنگە لەم پارێزگایەدا.

٣- لاوازی ڕێکخستن و چالاکی حزبی ئەم لیستە، دژایەتیکردنی ئایدۆلۆجی ئەم لیستە لەم پارێزگایەدا.

٤- دروستبوونی بزوتنەوەی گۆڕان و بردنی بەشێك لە دەنگی ئەندامان و لایەنگرانی ئەم پارتە.

هۆکاری پێگەی مامناوەندی ئەم لیستە لە پارێزگای هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ:

١- پشتگیریکردنی بەشێك لە دانیشتوان و دەنگدەری ئەم پارێزگایە لەم لیستە، بە تایبەت کە جێگری سکرتێری یەکەمی ئەم پارتە کە خەڵکی ئەم پارێزگایەیە.

٢- ئەنجامدانی کاری ڕامیاری و بەهێزی ڕێکخستنەکانی بەراورد بە پارێزگای دهۆك، تەنانەت لە مێژووی هاوچەرخدا ئەم پارێزگایە مەیدانی چالاکی پێشمەگەرکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە.

٣- سروشتی دانیشتوانی هەولێر و دابەشبوونی دانیشتوانەکەی بەسەر پارت ولیستە ڕامیارییە جیاوازەکاندا.

هۆکاری بەهێزی پاڵپشتی ئەم لیستە لە پارێزگای سلێمانی دەگەڕێتەوە بۆ:

١- ناساندنی پارێزگای سلێمانی بەناوچە هەژموونی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ناساندنی بە جوگرافیا سەوز (بە زمانی شەقام دەڤەری سەوز).

٢- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری جۆراوجۆر بە دانیشتوانی ئەم پارێزگایە، بە تایبەتتر بە مووچەخۆرکردنی بەشێك لە دانیشتوانی ئەم پارێزگایە بە هەوڵ پشتگیری ئەم پارتە.

٣- گرتنە دەستی پۆستی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق لەم پارێزگایەدا.

پ- لیستی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان:

بە ریزبەندی ژمارە (٥) و بە لیستی ژمارە (١٠٥) چوە پرۆسە هەڵبژاردنەوە، توانی (١٨٦,٧٤١) دەنگی لیستە سەرکەتووەکان و (٩,٦٧٪) دەنگەکان و (١٠) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت، لەچاو خولی سێیەمدا ژمارەی کورسییەکانی زیادی کرد، هۆکارەکانی بەدەست هێنانی (١٠) کورسی پەرلەمانی لە لایەن ئەم لیستەوە دەگەڕێنەوە بۆ:

١- ئەنجامدانی هەڵمەتێکی سەرکەوتووی هەڵبژاردن.

٢- بەهێزی بەربژێری دیار و خاوەن ئەزموون.

٣- بوونی چەند بانگخوازێك وەك حاجی کاروان، عمر کۆچەر لە پارێزگای دهۆك.

٤- ڤۆستنەوەی نارەزایەتی شەقام و هەڵبژاردنی ئۆپۆزسیۆنبوون لە کابینەکانی شەشەم و حەوتەمی حکومەتی هەرێم.

٥- جوڵاندنی سۆزی دەنگدەران، بەهۆی سوتاندنی بارەگاکانی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان لە بادینان لە ساڵی٢٠١٣ و هەستکردن بە مەزولومەتی ئەم پارتە[١].

٦-ئۆپۆزسیۆن بوونی ئەم لیستە لە خولی سێیەمی پەرلەماندا[٢]. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دابەشبوونی جوگرافی دەنگی ئەم لیستە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٦٥)و نەخشەی ژمارە (٥٦) .

وەك لە خشتەی ژمارە (٦٥) دەبینین، ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆك (٥٥,٤١٠) دەنگ و ڕێژەی (٢,٨٧٪) دەنگی لیستە سەرکەتووەکان و بە بەهای نزیکەی (٣) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایە بەدەست هێناوە، لە پارێزگای هەولێر (٤٧,١٤٩) دەنگ و ڕێژەی (٢,٤٤٪) دەنگی لیستە سەرکەتووەکان بە بەهای نزیکەی (٣) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (٨٤,٠٤٣) دەنگ و ڕێژەی (٤,٣٥٪) دەنگی لیستە سەرکەتووەکان و بە بەهای زیاتر لە (٤) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بە دەستهێناوە، لە پارێزگاکانی تریشدا تەنها (١٣٩) دەنگی بەدەست هێناوە.

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە ڕێژەی (٢٩,٦٧٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٣٠٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی(٢٥,٢٥٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٣٠٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە ڕێژەی (٤٥,٠١٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٤٠٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، لە پارێزگاکانی تریش تەنها ڕێژەی (٠,٠٧٪)ی دەنگی لیستەکەیان پێکهێناوە.

---

(١)- دیدار لەگەڵ بەڕێز عمر محمد محمد کریم، سەرچاوەی پێشوو.

(٢)- دیدار لەگەڵ بەڕێزان: أ- ئەبوبەکر عەلی، سەرچاوەی پێشوو. ب- خەسرەو گۆران، سەرچاوەی پێشوو.

**خشتەی ژمارە (٦٥)**

**ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)**

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژ. | (٪) |
| ٤ | ١٠٥ | | دهۆك | ٥٥,٤١٠ | ٢,٨٧ | ٢٩,٦٧ | ٣ | ٣٠ |
| | | | هەولێر | ٤٧,١٤٩ | ٢,٤٤ | ٢٥,٢٥ | ٣ | ٣٠ |
| | | | سلێمانی | ٨٤,٠٤٣ | ٤,٣٥ | ٤٥,٠١ | ٤ | ٤٠ |
| | | | پ.تر | ١٣٩ | ٠,٠١ | ٠,٠٧ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ١٨٦,٧٤١ | ٩,٦٧ | ١٠٠ | ١٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەگرتن لە خشتەی ژمارە (٦١).

**نەخشەی ژمارە (٥٦)**

**ژمارەی کورسییەکانی لیستی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٦٥).

ئەم لیستە نزیکەی (٣٠٪) دەنگەکانی لە پارێزگای دهۆك بەدەست هێناوە، ئەویش بەهۆی بەهێزی ڕێکخستنەکانیان لەم پارێزگایە، سەرەڕای فشارە ڕامیاریەکانی سەریان و سوتاندنی بارەگاکانیان و کوشتنی سەرکردەکانیان، بە پێچەوانەوە لە ئەگەری ڕوونەدانی ئەم دۆخە نەخوازراوانەدا ئەنجامێکی زۆر بەرزتریان لەم ئەنجامە بەدەست دەهێنا.

هۆکاری لاوازی پێگەی ئەم لیستە لە پارێزگای هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ دابەشبوونی دەنگی ئەم پارێزگایە بەسەر لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژارندا.

هۆکاری بەهێزی پێگەی ئەم لیستە لە پارێزگای سلێمانی دەگەڕێتەوە بۆ ئازادی زیاتر لە ئەنجامدانی چالاکی ڕامیاری و بەهێزی ڕێکخستنەکانیان لەم پارێزگایەدا، جگە لەوەی پێگەی سەرەکی ئەم پارتە لەم پارێزگایەدا و تەنانەت زۆرینەی سەکردایەتیشی بە ئەمیندارەکەشیانەوە خەڵکی ئەم پارێزگایەن و میدیاکەشیان هەر لەم پارێزگایەدایە.

ج- لیستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان

کۆمەڵی ئیسلامی بە ڕیزبەندی ژمارە (٤) و بە لیستی ژمارە (١٠٤) بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنیان کرد، توانیان (١١٨,٥٧٤) دەنگ و ڕێژەی (٦,١٤٪) کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و (٦) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنن، هۆکارەکانی زیاد بوونی کورسییەکانی لە (٤) کورسی لە هەڵبژاردنی خولی سێیەم بۆ (٦) کورسی لەم خولەدا دەگەڕێنەوە بۆ:

١- هەڵبژاردنی ئۆپۆزسیۆن بوون لە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، توانی پارێزگاری لە دەنگەکانی خۆی بکات[1].

٢-" هێزێکی ڕەخنەگربوون لە پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەی چوار ساڵ و دژی گەندەڵی جەنگاون، جگە لە پێشکەشکردنی چەندین پاکێجی چاکسازی و نوێنەرایەتی کردنی شەقام لەپاش ڕووداوەکانی ١٧شوباتی ٢٠١١ شاری سلێمانی"[2]. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دابەش بوونی جوگرافی دەنگی ئەم لیستە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٦٦) و نەخشەی ژمارە (٥٧).

**خشتەی ژمارە (٦٦)**

**ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)**

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی ژ. | کورسی (٪) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣ | ١٠٤ | | دهۆك | ٣,٤٧٥ | ٠,١٨ | ٢,٩٣ | ٠ | ٠ |
| | | | هەولێر | ٥٠,٥٢٣ | ٢,٦٢ | ٤٢,٦١ | ٣ | ٥٠ |
| | | | سلێمانی | ٦٤,٥٣٨ | ٣,٣٤ | ٥٤,٤٣ | ٣ | ٥٠ |
| | | | پ.تر | ٣٨ | ٠,٠٠ | ٠,٠٣ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ١١٨,٥٧٤ | ٦,١٤ | ١٠٠ | ٦ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەگرتن لە خشتەی ژمارە (٦١).

بە سەرنجدانی خشتەی ژمارە (٦٦)، ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆك (٣,٤٧٥) دەنگ و ڕێژەی (٠,١٨٪)کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای (٠) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای هەولێر (٥٠,٥٢٣) دەنگ و ڕێژەی (٢,٦٢٪) دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای نزیکەی (٣) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (٦٤,٥٣٨) دەنگ و ڕێژەی (٣,٣٤٪) دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای زیاتر لە (٣) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگاکانی تریشدا تەنها (٣٨) دەنگی بەدەست هێناوە.

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی لاوازی ئەم پارتە بووە و تەنها ڕێژەی (٢,٩٣٪) دەنگەکانی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، پارێزگای هەولێر پارێزگای پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٤٢,٦١٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٥٠٪) کورسییەکانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٥٤,٤٣٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٥٠٪) کورسییەکانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە.

(١)- دیدار لەگەڵ بەڕێز ئەبوبەکر عەلی، سەرچاوەی پێشوو.

(٢)- دیدار لەگەڵ بەڕێز ڕێبوارحمد، ووتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی، سەرچاوەی پێشوو.

نەخشەی ژمارە (٥٧)

ژمارەی کورسییەکانی لیستی کۆمەڵی ئیسلامی بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٦٦).

هۆکاری لاوازی دەنگی ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆك دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی ڕێکخستنی ئەم لیستە لەم پارێزگایەدا و دژواری کارکردنی ڕامیاری. هۆکاری مامناوەندی پێگەی ئەم لیستە لە پارێزگای هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ دابەشبوونی دەنگدەری ئەم پارێزگایە بەسەر سەرجەم لیستەکاندا، هۆکاری بەهێزی پاڵپشتی پارێزگای سلێمانی لەم لیستە دەگەڕێنەوە بۆ بەهێزی ڕێکخستن و فراوانی ئازادی و بواری کارکردن و بوونی سەرکردایەتییەکی بەهێز و بوونی بارەگەی سەرەکی و میدیای لەم پارێزگایەدا.

ح- لیستی بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان/عێراق:

ئەم لیستە بە ڕیزبەندی ژمارە (١) و بە لیستی ژمارە (١٠١) بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی کرد و توانی (٢١,٨٣٤) دەنگ و ڕێژەی (١,١٣٪) کۆی دەنگی لیستە سەرکەتووەکان و (١) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت، ئەویش دەگەڕێنەوە بۆ:

١- "حزبێکن بۆ ژمارەیەکی کەمی دەنگدەرانی خۆیان، مەترەح نەماون بۆ جەماوەر"[(١)] .

٢-بوونی دوو لیستی بەهێزی تری ئیسلامی کاریگەر چ لە ڕووی ئاینی و چ لە ڕووی ڕامیارییەوە.بۆ زانینی دابەشبوونی جوگرافی دەنگی ئەم لیستە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٦٧) و نەخشەی ژمارە (٥٨) .

(١)- دیدار لەگەڵ بەڕێز ئەبوبەکر عەلی، سەرچاوەی پێشوو..

### خشتەی ژمارە (٦٧)

**ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستی بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان/عێراق بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)**

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی ژ. | کورسی (٪) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٠١ | | دهۆك | ١،٥٠٨ | ٠،٠٨ | ٦،٩١ | ٠ | ٠ |
| | | | هەولێر | ٥،٧٨٦ | ٠،٣ | ٢٦،٥ | ٠ | ٠ |
| | | | سلێمانی | ١٤،٥١٨ | ٠،٧٥ | ٦٦،٤٩ | ١ | ١٠٠ |
| | | | پ.تر | ٢٢ | ٠ | ٠،١ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ٢١،٨٣٤ | ١،١٣ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ |

سەرچاوە:کاری توێژەر بە سودوەگرتن لە خشتەی ژمارە (٦١).

### نەخشەی ژمارە (٥٨)

**ژمارەی کورسییەکانی لیستی بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان/عێراق بە پێی پارێزگان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٦٧).

بەسەرنجدان لە خشتەی ژمارە (٦٧) دەبینین، ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆك (١،٥٠٨) دەنگ و ڕێژەی (٠،٠٨٪) کۆی دەنگی لیستە سەرکەتووەکان هەرێم و بە بەهای (٠) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای هەولێر

(٥,٧٨٦) دەنگ و ڕێژەی (٠,٣٪) کۆی دەنگی لیستە سەرکەتووەکان و بە بەهای (٠) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (١٤,٥١٨) دەنگ و ڕێژەی (٠,٧٥٪)ی کۆی دەنگی لیستە سەرکەتووەکان و بە بەهای (١) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە. لە پارێزگاکانی تری عێراقیشدا تەنها (٢٢) دەنگی بەدەست هێناوە.

پارێزگای دهۆك پارێزگای پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە وتەنها ڕێژەی (٦,٩١٪) دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٢٦,٥٪) دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٦٦,٤٩٪) دەنگەکانی و بە بەهای (١٠٠٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگاکانی تریش پارێزگای پاڵپشتی زۆر لاوازی ئەم لیستە بوون و ڕێژەی (٠,١٪) دەنگەکانی ئەم لیستەیان پێکهێناوە.

ئەم لیستە بەگشتی پێگەی زۆر لاوازە لە چ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، چ لە سەر ئاستی پارێزگاکان، بەڵام لە پارێزگای دهۆك لە هەموو پارێزگاکانی تر پێگەکەی لاوازترە، ئەویش بەهۆی لاوازی ڕێکخستنەکان و لاوازیی دارایی ئەم لیستە و دوری جوگرافیای ئەم پارێزگایە لە سەرکردایەتی ئەم هێزە، لە پارێزگای هەولێر پێگەکەی بەهێزترە، ئەویش بەهۆی ئەوەی ئەم پارێزگایە دەنگدەری سەرجەم لیستەکانی تێدایە و بۆ تەنها یەك لیست یەکلایی نەبۆتەوە، لە پارێزگای سلێمانی پێگەکەی بەهێزترینە، ئەویش بەهۆی ئەوەی سروشتی پارێزگاکە بووە بە پارێزگایەکی ئۆپۆزسیۆن و بوونی سەرکردایەتی و مەکتەبی ڕابەر و زۆرینەی سەرکردایەتی ئەم لیستە لەم پارێزگایەدا.

خ- لیستی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان:

بە لیستی ژمارە (١١١) بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی کرد، توانی (١٢,٥٠١) دەنگ و ڕێژەی (٠,٦٥٪) دەنگی لیستە براوەکان و (١) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت، هۆکارەکانی بەدەست هێنانی تەنها یەك کورسی لە لایەن ئەم لیستە دەگەڕێنەوە بۆ:

١- خراپی دۆخی ئابوری حزب.

٢- نەبوونی ڕاگەیاندنێکی بەهێز کە بتوانێت پەیام و سەروەریەکانی ئەم حزبە بگەیەنێتە جەماوەر.

٣- ئەنجامدانی کاری نایاسایی لە لایەن لیستی ترەوە، بەمەبەستی زیادکردنی دەنگ و کورسیەکانیان، ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر بەرزتربوونەوەی بەهای کورسیەکی پەرلەمانی و کەمبوونەوەی ڕێژەی دەنگی ئەم لیستە و لیستە لاوازەکانی دی.

٤- نەبوونی کۆمسیۆنێکی سەربەخۆی هەڵبژاردن، ئەمەش پاك و بێگەردی هەڵبژاردنەکانی خستۆتە ژێر پرسیارەوە[١]. بۆ زانیای زیاتر لە سەر دابەشبوونی جوگرافی دەنگی ئەم لیستە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٦٨)و نەخشەی ژمارە (٥٩) .

خشتەی ژمارە (٦٨)

ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژ. | (٪) |
| ٧ | ١١١ | | دهۆك | ٦٣٨ | ٠,٠٣ | ٥,١ | ٠ | ٠ |
| | | | هەولێر | ١,٣٣٩ | ٠,٠٧ | ١٠,٧٢ | ٠ | ٠ |
| | | | سلێمانی | ١٠,٥١٠ | ٠,٥٥ | ٨٤,٠٧ | ١ | ١٠٠ |
| | | | پ. تر | ١٤ | ٠ | ٠,١١ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ١٢,٥٠١ | ٠,٦٥ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر، بەسودوەگرتن لە خشتەی ژمارە (٦١).

(١)- دیدار لەگەڵ بەڕێز: فاتح ڕەئوف مارف، سەرچاوەی پێشوو.

**نەخشەی ژمارە (٥٩)**

**ژمارەی کورسییەکانی لیستی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٦٨).

وەك لەخشتەی ژمارە (٦٨) دەبینین، لە پارێزگای دهۆك (٦٣٨) دەنگ و ڕێژەی (٠،٠٣٪) كۆی دەنگی لیستە سەركەتووەكان هەرێمی بەدەست هێناوە، لە پارێزگای هەولێر (١،٣٣٩) دەنگ و ڕێژەی (٠،٠٧٪) كۆی دەنگی لیستە سەركەتووەكان بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (١٠،٥١٠) دەنگ و ڕێژەی (٠،٥٥٪) دەنگی لیستە سەركەتووەكان و بە بەهای نزیكەی (١) كورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە. لە پارێزگاكانی تریشدا تەنها (١٤) دەنگی بەدەست هێناوە.

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٥،١٪) دەنگەكانی ئەم لیستەی پێكهێناوە، پارێزگای هەولێر، پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە ڕێژەی (١٠،٧٢٪) دەنگەكانی ئەم لیستەی پێكهێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٨٤،٠٧٪) دەنگەكانی و بە بەهای (١٠٠٪) كورسییەكانی دەنگی ئەم لیستەی پێكهێناوە، پارێزگاكانی تریش تەنها ڕێژەی (٠،١١٪) دەنگی ئەم لیستەیان پێكهێناوە.

ئەم پارتە پێگەیەكی لاوازی لە هەرێمی كوردستاندا هەیە، بەڵام لە پارێزگای دهۆك لاوازترە، ئەویش بەهۆی دووری جوگرافی لە سەركردایەتی ئەم حزبە و لاوازی ڕێكخستنەكانیان و نەبوونیان لە دەسەڵات و كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان و بەهێزی پارتی دیموكراتی كوردستان. لە پارێزگای هەولێر پێگەكەیان كەمێك بەهێزترە، لەبەر ئەوەی ئەم پارتە چالاكی مەیدانی هەبوو دژ بە دامودەزگاكانی میری لە پێش ڕاپەڕین لەم پارێزگایەدا، جگە لەوەی ئەم پارێزگایە دەنگی سەرجەم لیستەكانی تێدا مسۆگەر دەبێت. لە پارێزگای سلێمانی پێگەیەكی بەهێزتری هەیە، ئەویش بەهۆی ئەوەی ئەم پارێزگایە پێگەی بەهێزی پارتە ئۆپۆزسیۆنەكانە و بارەگای سەركردایەتی ئەم لیستەی لێیە و زۆرینەی سەركردایەتی ئەم لیستە خەڵكی ئەم پارێزگایەن.

أ- لیستی ئازادی:

بە ڕیزبەندی ژمارە (٧) و بە لیستی ژمارە (١٠٧) بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنیان کرد، ئەم لیستە توانی (١٢,٣٩٢) دەنگ و ڕێژەی (٠,٦٤٪) کۆی دەنگی لیستە براوەکان و (١) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دابەشبوونی جوگرافی دەنگی ئەم لیستە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٦٩)و نەخشەی ژمارە (٦٠) .

خشتەی ژمارە (٦٩)

ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستی ئازادی بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژ. | (٪) |
| ٥ | ١٠٧ | | دهۆك | ١,٤٠١ | ٠,٠٧ | ١١,٣١ | ٠ | ٠ |
| | | | هەولێر | ٥,٣٥٦ | ٠,٢٨ | ٤٣,٢٢ | ٠ | ٠ |
| | | | سلێمانی | ٥,٦٢٩ | ٠,٢٩ | ٤٥,٤٢ | ١ | ١٠٠ |
| | | | پ. تر | ٦ | ٠ | ٠,٠٥ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ١٢,٣٩٢ | ٠,٦٤ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەگرتن لە خشتەی ژمارە (٦١).

وەك لە خشتەی ژمارە (٦٩) دەبینین، ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆك (١,٤٠١) دەنگ و ڕێژەی (٠,٠٧٪) دەنگی لیستە سەرکەتووەکانی هەرێمی بەدەست هێناوە، لە پارێزگای هەولێر (٥,٣٥٦) دەنگ و ڕێژەی (٠,٢٨٪) کۆی دەنگی لیستە سەرکەتووەکانی بەدەست هێناوە، لەپارێزگای سلێمانی (٥,٦٢٩) دەنگ و ڕێژەی (٠,٢٩٪) کۆی دەنگی لیستە سەرکەتووەکان و بە بەهای نزیکەی (١) کورسی پەرلەمانی دەنگی بەدەست هێناوە، لە پارێزگاکانی تریش تەنها(٦) دەنگی بەدەست هێناوە.

بەگشتی ئایدۆلۆجیەتی شیوعی ئایدۆلۆجییەکی ڕامیاری پەسەند نیە لای زۆرینەی دانیشتوان و دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان، بۆیە پێگەی جەماوەری ئەم ئایدۆلۆجییەتە زۆر لاوازە لە هەرێمی کوردستاندا، بەلاَم لە پارێزگای دهۆك لاوازترە و تەنها ڕێژەی (١١,٣١٪) کۆی دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە، ئەویش بەهۆی لاوازی ڕێکخستنی ئەم پارتانە و یەکلابوونەوەی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بە پلەی یەکەم و پاشان یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان بە پلەی دووەم.

پێگەی ئەم لیستە لە پارێزگای هەولێر بەهێزترە لە چاو پارێزگای دهۆکدا، ئەویش بەهۆی ئەوەی ڕێکخستنی ئەم لیستە لەم پارێزگایەدا بەهێزترە و لە پایتەختەکاندا زۆرینەی بیروباوەرە ئاینی و ڕامیارییەکان جێیان دەبێتەوە.

لە پارێزگای سلێمانی پێگەی ئەم لیستە بەهێزترە، ئەویش بەهۆی سروشتی دانیشتوانی سلێمانی کە بە پایتەختی ڕۆشنبیری ناسراوە و بیروڕای جیاوازی تێدا کۆدەبێتەوە، جگە لەوەی ڕێکخستنی ئەم پارتە نەیارانە لەم پارێزگایەدا و بە دیاریکراوی لە شاری سلێمانی بەهێزترە.

ب- ئاراستەی سێیەم:

ئەم لیستە لە هاوپەیمانیکردنی هەردوو پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان و زەحمەتکێشانی کوردستان پێکهات بە ڕیزبەندی ژمارە (١٥) و بە لیستی ژمارە (١١٥) بەشداری هەڵبژاردنیان کرد و توانیان (٨,٦٨١) دەنگ و ڕێژەی (٠,٤٥٪) کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان بەدەستبهێنن، هۆکارەکانی بەدەست هێنانی یەك کورسی پەرلەمانی لە لایەن ئەم لیستەوە دەگەڕێنەوە بۆ[(١)]:

(١)- پەیوەنی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز بەهمەن حوسێن، سەرچاوەی پێشوو.

**نەخشەی ژمارە (٦٠)**

**ژمارەی کورسییەکانی لیستی ئازادی بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٦٩).

١- هاوپەیمانێتیەکە لە لایەن حزبی زەحمەتکێشانەوە کۆدەنگی تەواوی لە سەر نەبوو، بۆیە زۆرێك لە کادیرەکانیشی کاری پێویستیان نەکرد بۆ سەرخستنی ئەم لیستە.

٢-لایەنێکی دەسەڵات ڕۆڵی نەرێنی گێرا تا زەحمەتکێشان لەو هەڵبژاردنەدا نەبێتە خاوەنی کورسی پەرلەمانی.

٣-باردۆخە بابەتیەکەی بۆ ئەم جۆرە هاوپەیمانێتیە لەبار نەبوو، بەهۆی ململانێی توندی دەسەڵات و هێزەکانی تری ئۆپۆزسیۆنەوە، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دابەشبوونی جوگرافی دەنگی ئەم لیستە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٧٠) و نەخشەی ژمارە (٦١) .

بە وردبوونەوە لەخشتەی ژمارە (٧٠) دەبینین، ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆك (٤٤٤) دەنگ و ڕێژەی (٠,٠٢٪) کۆی دەنگی لیستەکانی بەدەست هێناوە، لە پارێزگای هەولێر (٤,٢٣٢) دەنگ و ڕێژەی (٠,٢٢٪) کۆی دەنگی لیستەکان و کەمتر لە بەهای (١) کورسی پەرلەمانی دەنگی بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (٤,٠٠٠) دەنگ و ڕێژەی (٠,٢١٪) کۆی دەنگی لیستەکانی بەدەست هێناوە.

پارێزگای دهۆك پاڵشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٥,١١٪)ی دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٤٨,٧٥٪) دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی مامناوەندی

ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٤٦,٠٨٪) دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە. پارێزگاکانی تریش پاڵپشتی زۆر لاوازی ئەم لیستە بوون و ڕێژەی (٠,٠٦٪) دەنگی ئەم لیستەیان پێکهێناوە.

**خشتەی ژمارە (٧٠)**

**ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستی ئاراستەی سێیەم بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)**

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژ. | (٪) |
| ٨ | ١١٥ | | دهۆك | ٤٤٤ | ٠,٠٢ | ٥,١١ | ٠ | ٠ |
| | | | هەولێر | ٤,٢٣٢ | ٠,٢٢ | ٤٨,٧٥ | ١ | ١٠٠ |
| | | | سلێمانی | ٤,٠٠٠ | ٠,٢١ | ٤٦,٠٨ | ٠ | ٠ |
| | | | پ. تر | ٥ | ٠ | ٠,٠٦ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ٨,٦٨١ | ٠,٤٥ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر، بە سودوەرگرتن لە خشتەی ژمارە (٦١).

**نەخشەی ژمارە (٦١)**

**ژمارەی کورسییەکانی لیستی ئاراستە سێیەم بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٧٠).

لاوازی پێگەی جەماوەری ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆك دەگەڕێنەوە بۆ: لاوازی ڕێکخستنەکانیان و دۆخی ئابوری و پێگەی جەماوەریان، لە پارێزگای هەولێر پێگەی پارتە پێکهێنەرەکانی ئەم لیستە بەهێزترە بە تایبەت پێگەی جەماوەری پارتی

کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، کە زۆرینەی دەنگدەرانی ئەم لیستە لەم پارێزگایەدان، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر بەهێزی پێگەی هەڵبژاردنیان. لە پارێزگای سلێمانیش پێگەی جەماوەری ئەم لیستە بەهێزە بە تایبەت لە ناوچەی پشدەرو بتوێن، ئەویش بەهۆی سروشتی پارێزگاکە و بەرفراوانی ڕێکخستنی ئەم دوو لیستە لەم پارێزگایە بەراورد بە پارێزگای دهۆك.

## تەوەری دووەم: لیستە ململانێکارەکان بۆ کورسی کۆتاکان:

لە هەڵبژاردنی ئەم خولەشدا (١١) کوسی کۆتا تەرخانکرا بۆ پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکان، ئەوانیش:

یەکەم: پێکهاتەی کلدان وسریان و ئاشوری:

لەم هەڵبژاردنەدا (٣) لیستی کلدان وسریان وئاشوری چونە ململانێیەکی توندی هەڵبژاردن بەمەبەستی بەدەست هێنانی زۆرترین کورسی لە (٥) کورسی کۆتای ئەم پێکهاتەیە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٧١) .

خشتەی ژمارە (٧١)

ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی پێکهاتەی کلدان وسریان و ئاشوری بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | ناوی لیست | ژمارە و ڕێژەی دەنگ بە پێی پارێزگاکان | | | | | | | | سەرجەم | | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دهۆك | | هەولێر | | سلێمانی | | پ.دی | | | | | |
| | | | | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) |
| ١ | ١٢٥ | | ابناء النهرين | ٥٧٠ | ٦,٧٨ | ٤٥٩ | ١٣,١٧ | ٦٤ | ٦,٩٠ | ٠ | ٠ | ١,٠٩٣ | ٨,٤٣ | ١ | ٢٠ |
| ٢ | ١٢٦ | | الرافدين | ٣,٤٨٠ | ٤١,٣٨ | ١,٨٧٧ | ٥٣,٨٤ | ٧٦٦ | ٨٢,٥٤ | ٢٢ | ١٥,١٧ | ٦,١٤٥ | ٤٧,٣٩ | ٢ | ٤٠ |
| ٣ | ١٢٧ | | ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشوری | ٤,٣٥٩ | ٥١,٨٤ | ١,١٥٠ | ٣٢,٩٩ | ٩٨ | ١٠,٥٦ | ١٢٣ | ٨٤,٨٣ | ٥,٧٣٠ | ٤٤,١٨ | ٢ | ٤٠ |
| سەرجەم | | | | ٨,٤٠٩ | ١٠٠ | ٣,٤٨٦ | ١٠٠ | ٩٢٨ | ١٠٠ | ١٤٥ | ١٠٠ | ١٢,٩٦٨ | ١٠٠ | 5 | ١٠٠ |

سەرچاوە:کاری توێژەر بە سود وەگرتن لە: أ- پارتی دیموکراتی کوردستان، دەزگای هەڵبژاردن، ڕاپۆرتی بلاَونەکراوە بە بێ ژ. ل. ب- یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دەزگای هەڵبژادن بەشی ئامار، ڕاپۆرتی بلاَونەکراوە، بە بێ ژ. ل. ت- یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، ناوەندی سیاسی و جەماوەری یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان- سلێمانی، بەشی هەڵبژاردنی ناوەند، ڕاپۆرتی بلاَونەکراوە. بە بێ ژمارەی ل، پ- ئەرشیفی محمد حسن محمود، مامۆستای زانکۆ.

وەك لە خشتەی ژمارە (٧١) دەبینین، سەرجەمی لیستەکان توانیان کورسی بەدەستبهێنن و سەربکەون بۆ پەرلەمان، ئەوانیش:

أ- لیستی ڕافدەین (الرفدين):

بە ڕیزبەندی ژمارە (٢٦) و بە لیستی ژمارە (١٢٦) چوە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە، توانی (٦,١٤٥) دەنگ و ڕێژەی (٤٧,٣٩٪) دەنگەکان و (٢) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت، هۆکارەکانی بەدەست هێنانی دوو کورسی پەرلەمانی دەگەڕێنەوە بۆ:

١- کێشەی نێوخۆیی حزب و سەرکێشان بۆ دابەشبوون و جیابوونەوەی بەشێك سەرکردە و ئەندام و لایەنگری بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری، ماوەیەکی کەم پێش پرۆسەی هەڵبژاردن.

٢-"دەنگدانی تەنها دەنگدەری پێکهاتەی مەسیحی بەم لیستە"[١].

٣- زۆربوونی ژمارەی دەنگی دەرەوەی کریستیانەکان بۆ لیست و بەربژێرە کریستیانیەکان، ئەمەش کاریگەری لە سەر بەرزبونەوەی بەهای یەك کورسی پەرلەمانی هەبوو و سەرئەنجام بوونی دەنگی کریستیانەکان بە کەمینە، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دابەشبوونی جوگرافی دەنگی ئەم لیستە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٧٢) و نەخشەی ژمارە (٦٢) .

(١)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز: سرود سليم متى مقدسى، سەرچاوەی پێشوو.

**خشتەی ژمارە (٧٢)**

**ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستی ڕافیدەین بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)**

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژ. | (٪) |
| ٢ | ١٢٦ | | دهۆك | ٣,٤٨٠ | ٢٦,٨٤ | ٥٦,٦٣ | ١ | ٥٠ |
| | | | هەولێر | ١,٨٧٧ | ١٤,٤٧ | ٣٠,٥٥ | ١ | ٥٠ |
| | | | سلێمانی | ٧٦٦ | ٥,٩١ | ١٢,٤٦ | ٠ | ٠ |
| | | | پ.تر | ٢٢ | ٠,١٧ | ٠,٣٦ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ٦١٤٥ | ٤٧,٣٩ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ |

**سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (٧١).**

**نەخشەی ژمارە (٦٢)**

**ژمارەی کورسییەکانی لیستی ڕافدەین بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٧٢).**

**بەراوردکردنی خشتەی ژمارە (٧٢) ئەم لیستە توانی لە پارێزگای دهۆك (٣,٤٨٠) دەنگ و ڕێژەی (٢٦,٨٤٪) دەنگی لیستەکانی ئەم پێکهاتەیە و بە بەهای زیاتر لە (١) کورسی پەرلەمانی دەنگ لە پارێزگای دهۆك بەدەستبهێنێت، لە پارێزگای هەولێر (١,٨٧٧) دەنگ و ڕێژەی (١٤,٤٧٪) دەنگەکان و بە بەهای کەمتر لە (١) کورسی پەرلەمانی دەنگی بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (٧٦٦) دەنگ و ڕێژەی (٥,٩١٪) کۆی دەنگی لیستەکانی بەدەست هێناوە، لە پارێزگاکانی تری عێراقیش (٢٢) دەنگی بەدەست هێناوە.**

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بوو ڕێژەی (٥٦،٦٣٪) دەنگەکانی و بە بەهای(٥٠٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٣٠،٥٥٪) دەنگەکانی و بە بەهای (٥٠٪) کورسییەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی(١٢،٤٦٪) دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە. پارێزگاکانی تریش پاڵپشتی زۆر لاوازی ئەم لیستە بوون و ڕێژەی (٠،٣٦٪) دەنگی ئەم لیستەیان پێکهێناوە.

هۆکاری بەدەست هێنانی (٢) کورسی پەرلەمانی لە لایەن ئەم لیستە دەگەڕێتەوە بۆ دەنگدانی ئەو دەنگدەرانەی پێکهاتەی مەسیحی کە نزیك نین لە دەسەڵاتەوە، بۆیە دەبینین لە پارێزگای دهۆك زیاتر لە نیوەی دەنگەکانیان بەدەست هێناوە، لە پارێزگای هەولێریش زیاتر لە (٣٠٪) دەنگەکانیان بەدەست هێناوە، پارێزگای سلێمانیش بە ڕێژەیەکی کەمتر دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، ئەویش بەهۆی کەمی ژمارەی ئەم پێکهاتە نەتەوەییە لەم پارێزگایەدا.

بەهێزی پاڵپشتی پارێزگای دهۆك لەم لیستە دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارە و بەشداری کارای دەنگدەری ئەم پێکهاتەیە لەم پارێزگایەدا بەراود بە پارێزگای هەولێر، بە پێچەوانەوە لە پارێزگای هەولێر چ بەهۆی بڕوا نەبوونی بەشێك لە دەنگدەری ئەم پێکهاتەیە بە پرۆسەی هەڵبژاردن و خاوێنی پرۆسەکە، چ بەهۆی نزیکیان لە دەسەڵاتەوە، دەنگ بە نوێنەرەکانی نزیك لە دەسەڵات دەدەن[1].

ب- لیستی گردبوونەوەی گەلی کلدانی سریانی ئاشوری[*]

ئەم لیستە بە ڕیزبەندی ژمارە (٢٧) و بە ژمارە (١٣٧) بەشداری هەڵبژاردنی کرد و توانی (٥،٧٣٠) دەنگ و ڕێژەی (٤٤،١٨٪) کۆی دەنگەکانی ئەم پێکهاتەیە و (٢) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت، هۆکارەکانی بەدەست هێنانی دوو کورسی پەرلەمانی لە لایەن ئەم لیستەوە دەگەڕێنەوە بۆ:

١- یەکگرتنی چوار پارت، هەر پارتە دەنگدەری خۆی هەبوو[2].

٢-لە دەنگدانی تایبەت توانیان (٤٠٠٠) دەنگ بەدەستبهێنن و دوو بەربژێری یەکێك لە پارتە پێکهێنەرەکانی ئەم گردبوونەوەیە سەرکەوت ئەویش (دەنگدان لە دەرەوەی دەنگدەری ئەم پێکهاتەیە هۆکاری بەدەست هێنانی دوو کورسی پەرلەمانی ئەم لیستە بوو[3]. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دابەشبوونی جوگرافی دەنگی ئەم لیستە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٧٣)و نەخشەی ژمارە (٦٣) .

وەك لە خشتەی ژمارە (٧٣) دەبینین، ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆك (٤،٣٥٩) دەنگ و ڕێژەی (٣٣،٦١٪) کۆی دەنگی ئەم پێکهاتەیە و بە بەهای (٢) کورسی پەرلەمانی دەنگی بەدەست هێناوە، لە پارێزگای هەولێر (١،١٥٠) دەنگ و ڕێژەی (٨،٨٧٪) دەنگی ئەم پێکهاتەی بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (٩٨) دەنگ و ڕێژەی (٠،٧٥٪) دەنگی ئەم پێکهاتەیەی بەدەست هێناوە، لە پارێزگاکانی تری عێراقیشدا (١٢٣) دەنگی بەدەست هێناوە.

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٧٦.٠٧٪) دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٢٠،٠٧٪) دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (١،٧١٪) دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگاکانی تری عێراق پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بوون ڕێژەی (٢،١٥٪) دەنگەکانی ئەم لیستەیان پێکهێناوە.

---

(١)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز فەرید یعقوب ئیلیا گۆرگیس، سەرچاوەی پێشوو.

(*)- ئەم لیستە لە هاوپەیمانێتی نێوان (الحزب الوطنی الاشوري، المجلس الشعبي الكلداني السرياني الاشوري، المجلس القومي الكلداني، حزب بيت نهرين الديمقراطي) پێکهاتبوو.

(٢)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز سرود سليم متی مقدسی، سەرچاوەی پێشوو.

(٣)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێزان: أ- جيهان ئیسماعیل بنیامین بەرواری، سەرچاوەی پێشوو. ب بەڕێز فەرید یعقوب ئیلیا گۆرگیس، سەرچاوەی پێشوو.

**خشتەی ژمارە (٧٣)**

**ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستی ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشوری بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)**

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی ژ. | کورسی (٪) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣ | ١٢٧ | | دهۆك | ٤,٣٥٩ | ٣٣,٦١ | ٧٦,٠٧ | ٢ | ١٠٠ |
| | | | هەولێر | ١,١٥٠ | ٨,٨٧ | ٢٠,٠٧ | ٠ | ٠ |
| | | | سلێمانی | ٩٨ | ٠,٧٥ | ١,٧١ | ٠ | ٠ |
| | | | پ.تر | ١٢٣ | ٠,٩٥ | ٢,١٥ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ٥,٧٣٠ | ٤٤,١٨ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر، بەسود وەگرتن لە خشتەی ژمارە (٧١).

**نەخشەی ژمارە (٦٣)**

**ژمارەی کورسییەکانی لیستی گردبوونەوەی گەلی کلدانی سریانی ئاشوری بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٧٣).

هۆکاری بەدەست هێنانی (٢) کورسی پەرلەمانی ئەم لیستە دەگەڕێتەوە بۆ دەنگدانی دەنگدەری هێزی تری ناکریستیانی، وەك دەبینین بەدەست هێنانی (٢,١٥٪)دەنگی کریستانی لە پارێزگاکانی تری عێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ دەنگی هێزی چەکدارەکانی هەرێم کە لە دەرەوەی سنوری حکومەتی هەرێم لە کاری فەرمیدا بوون.بە تایبەتریش سەرجەمی دەنگەکان لە پارێزگای نەینەوا بوون.

ت- لیستی ئەبناء ئەلنەهرەین (ابناء النهرين)

بە ڕیزبەندی ژمارە (٢٥)ئەم لیستە بە ژمارە (١٢٥) بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی کرد، توانی (١،٠٩٣) دەنگ و ڕێژەی (٨،٤٣٪) کۆی دەنگی ئەم پێکهاتەیە بەدەستبهێنێت، هۆکارەکانی بەدەست هێنانی یەك کورسی پەرلەمانی ئەم لیستە دەگەڕێنەوە بۆ[(١)]:

١-نوێیی لیستەکە، ئەوەیش لە ئەنجامی جیابوونەوەیان لە بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری (ڕافدین) تەنها سێ مانگ بەر لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن.

٢- پێکنەهێنانی حزب و بەشداریکردنی وەك لیستێکی هەڵبژاردن.

٣-جێبەجێکردنی یاسای زۆرترین ماوە، کە بووە هۆی بەدەسهێنانی یەك کورسی پەرلەمانی.

٤- دەنگدانی دەنگدەرانی پێکهاتەی کریستیانی ڕاستەقینە بەم لیستە. بۆ زانینی دابەشبوونی جوگرافی دەنگی ئەم لیستە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٧٤) و نەخشەی ژمارە (٦٤) .

خشتەی ژمارە (٧٤)

ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستی ئەبناء ئەلنەهرەین بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژ. | (٪) |
| ١ | ١٢٥ | | دهۆك | ٥٧٠ | ٤،٤ | ٥٢،١٥ | ١ | ١٠٠ |
| | | | هەولێر | ٤٥٩ | ٣،٥٤ | ٤١،٩٩ | ٠ | ٠ |
| | | | سلێمانی | ٦٤ | ٠،٤٩ | ٥،٨٦ | ٠ | ٠ |
| | | | پ.تر | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ١،٠٩٣ | ٨،٤٣ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەگرتن لە خشتەی ژمارە (٧١).

وەك لە خشتەی ژمارە (٧٤) دەبینین، ئەم لیستە توانی لە پارێزگای دهۆك (٥٧٠) دەنگ و ڕێژەی (٤،٤٪) کۆی دەنگی پێکهاتەکان و بە بەهای کەمتر لە یەك کورسی پەرلەمانی دەنگ بەدەستبهێنێت، لە پارێزگای هەولێر (٤٥٩) دەنگ و ڕێژەی (٣،٥٤٪) کۆی دەنگی ئەم پێکهاتەیەی بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمانی تەنها (٦٤) دەنگی بەدەست هێناوە.

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٥٢،١٥٪) دەنگەکانی و بە بەهای (١٠٠٪) کورسییەکانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٤١،٩٩٪) دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٥،٨٦٪) دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە.

بەهۆی نوێی پێکهێنانی ئەم لیستە، بەراورد بە لیستەکانی تر، تەنها ڕێژەی (٨،٤٣٪) کۆی دەنگی پێکهاتەکانی بە دەستهێناوە، کریستیانەکانی پارێزگاکانی هەرێم دەنگیان بەم لیستە داوە، ئەوەش هۆکاری سەرەکی بەدەست هێنانی دەنگی ئەم لیستە بووە.

بەهێزی پاڵپشتی ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆك دەگەڕێتەوە بۆ زۆری دەنگدەری چالاکی ئەم پێکهاتەیە، بە پێچەوانەوە لە پارێزگای هەولێر، دەنگدەرانی ئەم پێکهاتەیە کەمتر بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەن، هەرچی دەنگدەرانی ئەم پێکهاتەیەیە

(١)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز سرود سليم متى مقدسى، سەرچاوەی پێشوو.

لە پارێزگای سلێمانی، ژمارەكەیان كەمە، بۆیە بە ڕێژەیەكی كەمتر بەشداری ڕێژەی دەنگی بەدەست هاتووی لیستەكانیان كردووە.

**نەخشەی ژمارە (٦٤)**

**ژمارەی كورسییەكانی ئەبناء ئەلنەهرەین بە پێی پارێزگاكان لە هەڵبژادنی خولی چوارەمی پەرلەمانی كوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)**




سەرچاوە: كاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٧٤).

**دووەم: پێكهاتەی ئەرمەن:**

چوار كەسایەتی ئەرمەنی بە (٤) لیستی هەڵبژاردندا بەشداری پرۆسەكەیان كرد، بەئامانجی بردنەوەی كورسییە كۆتاكەی ئەم پێكهاتەیە، ئەوانیش بریتی بوون لە: ایشخان ارشاك كیفوركیان، ارام شاهین داود باكویان، نوبار سیبان غریب قوریان، یروانت نیسان ماركۆس امینیان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٧٥) .

وەك لە خشتەی ژمارە (٧٥) دەبینین، ژمارە و ڕێژەی دەنگی هەر یەكەیان جیاواز بوون، سەرئەنجام تەنها یەك لیست توانی كۆتا كورسیەكەی ئەم پێكهاتەی مسۆرگەر بكات، ئەویش:

**لیستی یروانت نیسان ماركۆس امینیان:**

لیستی یروانیت نیسان ماركوس امینیان بە ڕیز بەندی كۆتایی و ژمارە (٣١) و بە لیستی ژمارە (١٣١) چوە ململانێی هەڵبژاردن و توانی بە بەدەست هێنانی (٥٣١) دەنگ و ڕێژەی (٣٨,٧٩٪) كۆی دەنگی ئەم پێكهاتەیە، تەنها كورسییە كۆتاكەی ئەرمەنییەكانی بۆ خۆی مسۆگەر بكات، هۆكارەكانی سەركەوتنی دەگەڕێنەوە:

١-ناسراوی و فراوانی پەیوەندی لەگەڵ ڕۆڵەکانی ئەم پێکهاتەیە و تێکەڵبوونی لەگەڵیان بەهۆی ئیش کارو پسپۆڕیەکەی کە ئەندازیاربووە ئەمە جگەلە خزمەتکردنی هاونیشتمانیان بەگشتی[(١)].

خشتەی ژمارە (٧٥)

ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی پێکهاتەی ئەرمەن بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | ناوی لیست | ژمارە و ڕێژەی دەنگ بە پێی پارێزگاکان | | | | | | | | سەرجەم | | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دهۆك | | هەولێر | | سلێمانی | | پ.دی | | | | | |
| | | | | ژ. | (٪) | ژ, | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) |
| ١ | ١٢٨ |  | ایشخان ارشاك كيفوركيان | ٢٤٤ | ٢٤,٣٨ | ٦٠ | ٣٣,١٥ | ٥٢ | ٢٧,٩٦ | ٠ | ٠ | ٣٥٦ | ٢٦ | ٠ | ٠ |
| ٢ | ١٢٩ |  | ارام شاهين داود باكويان | ٢٥٥ | ٢٥,٤٧ | ٣٨ | ٢٠,٩٩ | ٥٦ | ٣٠,١ | ٠ | ٠ | ٣٤٩ | ٢٥,٤٩ | ٠ | ٠ |
| ٣ | ١٣٠ |  | نوبار سيبان غريب قوريان | ٤٩ | ٤,٩ | ٤٥ | ٢٤,٨٦ | ٣٨ | ٢٠,٤٣ | ١ | ١٠٠ | ١٣٣ | ٩,٧٢ | ٠ | ٠ |
| ٤ | ١٣١ |  | يروانت نيسان ماركوس امينيان | ٤٥٣ | ٤٥,٢٥ | ٣٨ | ٢١ | ٤٠ | ٢١,٥١ | ٠ | ٠ | ٥٣١ | ٣٨,٧٩ | ١ | ١٠٠ |
| سەرجەم | | | | ١,٠٠١ | ١٠٠ | ١٨١ | ١٠٠ | ١٨٦ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١,٣٦٩ | ١٠٠ | ١ | ٠ |

سەرچاوە:کاری توێژەر بە سود وەگرتن لە: أ- پارتی دیموکراتی کوردستان، دەزگای هەڵبژاردن، ڕاپۆرتی بلاّونەکراوە بە بێ ژ.ل.ب- یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دەزگای هەڵبژادن بەشی ئامار، ڕاپۆرتی بلاّونەکراوە بە بێ ژ.ل..ت- یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، ناوەندی سیاسی و جەماوەری یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان- سلێمانی، بەشی هەڵبژاردنی ناوەند، ڕاپۆرتی بلاّونەکراوە. بە بێ ژمارەی ل، پ- ئەرشیفی محمد حسن محمود، مامۆستای زانکۆ.

٢- پاڵپشتیکردنی پارتێکی سەرەکی هەرێمی کوردستان، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دابەشبوونی جوگرافی دەنگی ئەم لیستە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٧٦) و نەخشەی ژمارە (٦٥).

خشتەی ژمارە (٧٦)

ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستی یروانت نیسان مارکۆس امینیان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژ. | (٪) |
| ٤ | ١٣١ |  | دهۆك | ٤٥٣ | ٣٣,١ | ٨٥,٣١ | ١ | ١٠٠ |
| | | | هەولێر | ٣٨ | ٢,٧٧ | ٧,١٦ | ٠ | ٠ |
| | | | سلێمانی | ٤٠ | ٢,٩٢ | ٧,٥٣ | ٠ | ٠ |
| | | | پ.تر | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ٥٣١ | ٣٨,٧٩ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ |

سەرچاوە: پ.د.ك. سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (٧٥).

بەرچاوکردنی خشتەی ژمارە (٧٦) دەبینین، ئەم لیستە توانی لە پارێزگای دهۆك (٤٥٣) دەنگ و ڕێژەی (٣٣,١٪) کۆی دەنگی ئەم پێکهاتەیە و بە بەهای (١) کورسی پەرلەمانی دەنگ لەم پارێزگایەدا بەدەستبهێنێت، لە پارێزگای هەولێر (٣٨) دەنگ و ڕێژەی (٢,٧٧٪) دەنگی ئەم پێکهاتەیەی بەدەست هێنا، لە پارێزگای سلێمانی (٤٠) دەنگ و ڕێژەی (٢,٩٢٪) دەنگی ئەم پێکهاتەیەی بەدەست هێنا.

---

(١)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز یروانت نیسان مارکوس امینیان، سەرچاوەی پێشوو.

**نەخشەی ژمارە (٦٥)**

**ژمارەی کورسی لیستی یروانت نیسان مارکۆس ئەمینیان به پێی پارێزگاکان له هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن له داتای خشتەی ژمارە ( ٧٦).**

**پارێزگای دهۆك پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٨٥,٣١٪) کۆی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵشتی لاوازی ئەم لیستە بووە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە، بە هەردوو پارێزگاکە کەمتر لە (١٥٪) دەنگی ئەم لیستەیان پێکهێناوە.**

**هۆکاری سەرەکی دەرچوونی ئەم لیستە دەگەڕێتەوە بۆ بەدەست هێنای زۆرینەی دەنگی ئەرمەنیەکانی پارێزگای دهۆك.**

**سێیەم: پێکهاتەی تورکمان:**

**بەمەبەستی بەدەست هێنانی سەرجەم یان زۆرینەی کورسی تەرخانکراوی ئەم پێکهاتە نەتەوەییە (٥) لیستی تورکمانی چونە ململانێی هەڵبژاردنەکانە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٧٧).**

**وەك لە خشتەی ژمارە (٧٧)دەبینین چوار لیست سەرکەوتوبوون لە بەدەستهێنانی کورسی پەرلەمانی ئەوانیش بریتیبوون لە:**

**١-لیستی پێشکەوتی تورکمان:**

**بە ڕیزبەندی ژمارە (٢٣) و بە لیستی ژمارە (١٢٤) چوە پرۆسەی هەڵبژاردن، توانی (٥,٢٥٩) دەنگ و ڕێژەی (٤٤٪) دەنگی ئەم پێکهاتانانە و ڕێژەی (٤٨,٣٪) لیستە سەرکەتووەکان (٢) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت، ئەویش بەهۆی:**

**أ- "بوونی ووتار (خطاب)ی نیشتمانی لە پرسە نیشتمانییەکاندا لەلایەن ئەم لیستەوە.**

### خشتەی ژمارە (٧٧)

### ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی پێکهاتەی تورکمان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | ناوی لیست | ژمارە و ڕێژەی دەنگ بە پێی پارێزگاکان | | | | | | | | سەرجەم | | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دهۆك | | هەولێر | | سلێمانی | | پ.دی | | | | | |
| | | | | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) |
| ١ | ١٢٠ | | گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمان | ٦٧ | ٩,٩٩ | ١,١٠٣ | ١٢,١٣ | ٧٥٥ | ٣٤,٧٤ | ١ | ٩,١ | ١,٩٢٦ | ١٦,١١ | ١ | ٢٠ |
| ٢ | ١٢١ | | قائمة اربيل التركمانية | ١٨٠ | ٢٦,٨٣ | ١,١٥٣ | ١٢,٦٧ | ٦١٥ | ٢٨,٣ | ٣ | ٢٧,٢٧ | ١٩٥١ | ١٦,٣٢ | ١ | ٢٠ |
| ٣ | ١٢٢ | | الجبهة التركمانية العراقية | ٣٨ | ٥,٦٦ | ١,٢٢١ | ١٣,٤٢ | ٤٩٤ | ٢٢,٧٤ | ٠ | ٠ | ١,٧٥٣ | ١٤,٦٧ | ١ | ٢٠ |
| ٤ | ١٢٣ | | لیستی بزوتنەوەی دیموکراتی تورکمان | ١٣١ | ١٩,٥٢ | ٧٢٢ | ٧,٩٤ | ٢٠٨ | ٩,٥٧ | ٢ | ١٨,١٨ | ١,٠٦٣ | ٨,٩ | ٠ | ٠ |
| ٥ | ١٢٤ | | لیستی پێشکەوتنی تورکمانی | ٢٥٥ | ٣٨ | ٤,٨٩٨ | ٥٣,٨٤ | ١٠١ | ٤,٦٥ | ٥ | ٤٥,٤٥ | ٥,٢٥٩ | ٤٤ | ٢ | ٤٠ |
| سەرجەم | | | | ٦٧١ | ١٠٠ | ٩,٠٩٧ | ١٠٠ | ٢,١٧٣ | ١٠٠ | ١١ | ١٠٠ | ١١,٩٥٢ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ |

سەرچاوە:کاری توێژەر بە سود وەگرتن لە: أ- پارتی دیموکراتی کوردستان، دەزگای هەڵبژاردن، ڕاپۆرتی بلاّونەکراوە، بە بێ ژ.ل.ب- یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دەزگای هەڵبژادن بەشی ئامار، ڕاپۆرتی بلاّونەکراوە، بە بێ ژ.ل. ت- یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، ناوەندی سیاسی و جەماوەری یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان- سلێمانی، بەشی هەڵبژاردنی ناوەند، ڕاپۆرتی بلاّونەکراوە. بە بێ ژمارەی ل، پ- ئەرشیفی محمد حسن محمود، مامۆستای زانکۆ.

ب- یەکگرتنی هەردوو پارتی گردبوونەوەی بێلایەنی تورکمان بە سەرۆکایەتی (مونا قەهوەچی)، بزوتنەوەی چاکسازی تورکمان بەسەرۆکایەتی (عبدالقادر بازرگان).

ت- خزمەتکردنی هەموو پێکهاتەکان بەگشتی و تورکمانەکان بە تایبەتی"[١].

پ- "یارمەتیدانی پارتی دەسەلاّتدار بۆ سەرکەوتنی ئەم لیستە"[٢]. بۆ زانینی دابەشبوونی جوگرافی دەنگی ئەم لیستە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٧٨)و نەخشەی ژمارە (٦٦) .

### خشتەی ژمارە (٧٨)

### ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستی پێشکەوتنی تورکمانی بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژ. | (٪) |
| ٥ | ١٢٤ | | دهۆك | ٢٥٥ | ٢,٣٤ | ٤,٨٤ | ٠ | ٠ |
| | | | هەولێر | ٤,٨٩٨ | ٤٥ | ٩٣,١٤ | ٢ | ١٠٠ |
| | | | سلێمانی | ١٠١ | ٠,٩٢ | ١,٩٢ | ٠ | ٠ |
| | | | پ.تر | ٥ | ٠,٠٤ | ٠,١ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ٥,٢٥٩ | ٤٨,٣ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (٧٧).

---

(١)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز مونا نەبی نادر، سەرچاوەی پێشوو.

(٢)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێزان: أ- ماجد عوسمان تۆفیق، سەرچاوەی پێشوو. ب- ئایدن معروف سلیم، سەرچاوەی پێشوو.

### نەخشەی ژمارە (٦٦)

### ژمارەی کورسییەکانی لیستی پێشکەوتنی تورکمان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٧٨).

بە ڕوانین لە خشتەی ژمارە (٧٨) دەبینین، ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆك (٢٥٥) دەنگ و ڕێژەی (٢,٣٤٪) دەنگی لیستە سەرکەتووەکان و بە بەهای (٠) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای هەولێر (٤,٨٩٨) دەنگ و ڕێژەی (٤٥٪) دەنگی لیستە سەرکەوتوەکان و بە بەهای (٢) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (١٠١) دەنگ و ڕێژەی (٠,٩٢٪) کۆی دەنگی لیستە سەرکەتووەکان و بە بەهای (٠) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە.

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٤,٨٤٪) دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٩٣,١٤٪) دەنگەکانی ئەم لیستە و بە بەهای (١٠٠٪) کورسییەکانی، دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (١,٩٢٪) دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە.

هۆکاری بەهێزی پاڵپشتی پارێزگای هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ هاریکاریکردنی ئەم لیستە بەدەنگ لە لایەن پارتی ڕامیاری نا تورکمانیەوە، بە پێچەوانەشەوە لە پارێزگاکانی تری هەرێم پێگەیەکی زۆر لاوازی هەبووە.

٢- لیستی هەولێری تورکمان

ئەم بەڕیز بەندی ژمارە (٢١) و لیستە بە ژمارە (١٣١) بەشداری هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کرد، توانی (١,٩٥١) دەنگ و ڕێژەی (١٧,٩٢٪) کۆی دەنگی ئەم پێکهاتەیە و (١) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت، هۆکاری بەدەست هێنانی تەنها (١) کورسی لە لایەن ئەم لیستەوە دەگەڕێتەوە بۆ[1]:

(١)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز: ماجد عوسمان تۆفیق، سەرچاوەی پێشوو.

أ- بزربوون و وونبوونی دەنگی ئەم لیستە، هەژمارنەکردنی دەنگی ئەو لیستانەی کە نزیك نین لە دەسەڵات.

ب- بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا وەك لیستێك، جگە لەوەی پارت نیە و چالاکی ڕامیاریشی نیە.

ت- ئەنجامدانی تەزویر و ڕەینجێك بۆ بەربژێری لیستە تورکمانەکانی دوور لە دەسەڵات. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دابەشبوونی جوگرافی دەنگی ئەم لیستە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٧٩)و نەخشەی ژمارە (٦٧) .

**خشتەی ژمارە (٧٩)**

**ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستی هەولێری تورکمانی بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)**

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژ. | (٪) |
| ٢ | ١٢١ | | دهۆك | ١٨٠ | ١,٦٥ | ٩,٢٣ | ٠ | ٠ |
| | | | هەولێر | ١,١٥٣ | ١٠,٥٩ | ٥٩,١٠ | ١ | ١٠٠ |
| | | | سلێمانی | ٦١٥ | ٥,٦٥ | ٣١,٥٢ | ٠ | ٠ |
| | | | پ.تر | ٣ | ٠,٠٣ | ٠,١٥ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ١,٩٥١ | ١٧,٩٢ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (٧٧).

**نەخشەی ژمارە (٦٧)**

**ژمارەی کورسییەکانی لیستی هەولێری تورکمان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٧٩).

بە ڕوانین لە خشتەی ژمارە (٧٩) دەبینین ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆك (١٨٠) دەنگ و ڕێژەی (١,٦٥٪) کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای (٠) کورس پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای هەولێر (١,١٥٣) دەنگ و ڕێژەی (١٠,٥٩٪) کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای (١) کورس پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (٦١٥) دەنگ و ڕێژەی (٥,٦٥٪) کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای (٠) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە. لە پارێزگاکانی تریشدا تەنها (٣) دەنگی بەدەست هێناوە.

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٩,٢٣٪) دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٥٩,١٪) دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٣١,٥٢٪) دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە.

هۆکاری بەهێزی ئەم لیستە لە پارێزگای هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ دەنگدانی دەنگدەری ئەم پێکهاتەیە بەم لیستە، بە پێچەوانەشەوە لە پارێزگاکانی تر پێگەیەکی ئەوتۆی دەنگدەری نیە.

٣- لیستی گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمانی:

بە ڕیزبەندی ژمارە (٢٠) و بە لیستی ژمارە (١٢٠) چوە ململانێی هەڵبژاردن و توانی (١,٩٢٦) دەنگ و ڕێژەی (١٦,١١٪) کۆی دەنگی لیستەکانی ئەم پێکهاتەیە و ڕێژەی (١٧,٦٪) دەنگی لیستە سەرکەوتووەکانی ئەم پێکهاتەیە و (١) کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت، ئەویش بەهۆی هاریکاریکردنیان لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان[١]. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دابەشبوونی جوگرافی دەنگی ئەم لیستە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٨٠)و نەخشەی ژمارە (٦٨).

خشتەی ژمارە (٨٠)

ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستی گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمانی بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژ. | (٪) |
| ١ | ١٢٠ | | دهۆك | ٦٧ | ٠,٦٢ | ٣,٤٨ | ٠ | ٠ |
| | | | هەولێر | ١,١٠٣ | ١٠,١٣ | ٥٧,٢٧ | ١ | ١٠٠ |
| | | | سلێمانی | ٧٥٥ | ٦,٩٣ | ٣٩,٢ | ٠ | ٠ |
| | | | پ.تر | ١ | ٠,٠ | ٠,٠٥ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ١٩٢٦ | ١٧,٦٨ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ |

سەرچاوە:کاری توێژەر بەسود وەگرتن لە خشتەی ژمارە (٧٧).

بە تێبینیکردنی خشتەی ژمارە (٨٠) دەبینین لە پارێزگای دهۆك (٦٧) دەنگ و ڕێژەی (٠,٦٢٪) کۆی دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای (٠) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای هەولێر (١,١٠٣) دەنگ و ڕێژەی (١٠,١٣٪) دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای (١) کورسی پەرلەمانی دەنگی بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (٧٥٥) دەنگ و ڕێژەی (٦,٩٣٪) دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای (٠) کورسی پەرلەمانی دەنگی بەدەست هێناوە.

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٣,٤٨٪) دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٥٧,٢٧٪) دەنگەکانی ئەم لیستە و بە بەهای (١٠٠٪) کورسییەکانی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە و بە ڕێژەی (٣٩,٢٪) دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە. نەبوونی دەنگدەری پێکهاتەی تورکمان و بەدەست هێنانی کەمتر لە (٤٠٪) دەنگەکان، ئاماژەن بۆ هاریکاریکردنیان بە دەنگیان لە لایەن پارتە نا تورکمانیە لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمدا.

(١)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز ئایدن معروف سلیم، سەرچاوەی پێشوو.

**نەخشەی ژمارە (٦٨)**

**ژمارەی كورسییەكانی لیستی گۆڕان و نوێبوونەوەی توركمان بە پێی پارێزگاكان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی كوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)**




**سەرچاوە: كاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٨٠).**

**٤- لیستی بەرەی توركمانی عێراقی:**

**بۆ یەكەمین جاربوو بەشدار هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان بكات،"پاش ڕووداوەكانی ساڵی ٢٠٠٥ تێكچوونی پەیوەندیەكانیان لەگەڵ پارتی باڵادەست لە پارێزگای هەولێر و گواستنەوەی بارەگای سەرەكیان بۆ شاری كەركوك و جیابوونەوەی بەشێك لە سەركردە و كادرانی ئەم بەرەیە، جگە لە كەمكردنەوەی دەنگەكانیان لە لایەن كۆمسیۆنەوە، چونكە كۆمسیۆن كەوتبوونە ژێر هەژموونی (پ.د.ك و ی. ن.ك)"[(١)].**

**بەرەی توركمانی بە ڕیز بەندی ژمارە(٢٢) و لیستی ژمارە (١٢٥) بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی كرد، توانی (١,٧٥٣) دەنگ و ڕێژەی (١٤,٦٧٪) كۆی دەنگی ئەم پێكهاتەیە و ڕێژەی (١٦,١٪) دەنگی لیستە سەركەتووەكانی ئەم پێكهاتەیە و (١) كورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت، ئەویش بەهۆی:**

**١- "نەبوونی سیاسەتێكی گونجاو وتاری هاوبەش لەگەڵ هەرێمی كوردستان و پشتگوێخستنی بەرژەوەندییەكانی هەرێم، دژایەتی كردنی گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، دژایەتی گەڕانەوەی ناوچە كوردستانییەكان بۆ سەر هەرێمی كوردستان و ڕێزنەگرتن لە ئاڵای كوردستان، بۆیە دەنگدەریش هۆشیارە"[(٢)].**

(١)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز ئایدن معروف سلیم احمد، سەرچاوەی پێشوو.

(٢)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز: مونا نەبی نادر، سەرچاوەی پێشوو.

٢- "بەرەی تورکمانی درێژکراوەی بەرەی تورکمانی کەرکوکە، ئەرشەد صالحی دژایەتی پێشمەرگە دەکات و دەڵێت پێشمەرگەمان پێویست نیە، پێویستە خۆمان چەکداری خۆمان هەبێت، خەڵکی هەولێر ئەوەی قبوڵ نیە، بەدەست هێنانی ئەو دەنگانەش بەهۆی تورکیاوە بووە، ئەگینا ئەوەندە دەنگیان بەدەست نەهێناوە"[١]. بڕوانە خشتەی ژمارە (٨١) و نەخشەی ژمارە (٦٩).

**خشتەی ژمارە (٨١)**

**ژ. لیست و لۆگۆ و ژمارە و (٪) دەنگ و کورسی لیستی بەرەی تورکمانی بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)**

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | ژ. دەنگ | (٪) بۆ دەنگی لیستەکانی تر | (٪) بۆ دەنگی لیستەکە | کورسی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژ. | (٪) |
| ٣ | ١٢٥ | | دهۆك | ٣٨ | ٠,٣٥ | ٢,١٧ | ٠ | ٠ |
| | | | هەولێر | ١,٢٢١ | ١١,٢١ | ٦٩,٦٥ | ١ | ١٠٠ |
| | | | سلێمانی | ٤٩٤ | ٤,٥٢ | ٢٨,١٨ | ٠ | ٠ |
| | | | پ.تر | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ١,٧٥٣ | ١٦,١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژە بە سود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (٧٧).

**نەخشەی ژمارە (٦٩)**

**ژمارەی کورسییەکانی لیستی بەرەی تورکمانی بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٨١).

(١)- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز: ماجد عوسمان تۆفیق، سەرچاوەی پێشوو.

بە سەرنجدان لەخشتەی ژمارە (٨١) دەبینین لە پارێزگای دهۆك (٣٨) دەنگ و ڕێژەی (٠,٣٥٪) دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای (٠) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای هەولێر (١,٢٢١) دەنگ و ڕێژەی (١١,٢١٪) دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای (١) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (٤٩٤) دەنگ و ڕێژەی (٤,٥٤٪) دەنگی لیستە سەرکەوتووەکان و بە بەهای (٠) کورسی پەرلەمانی دەنگی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە.

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٢,١٧٪) دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٦٩,٦٥٪) دەنگەکانی ئەم لیستە و بە بەهای نزیکەی (١٠٠٪) کورسییە پەرلەمانییەکەی دەنگی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٢٨,١٨٪) دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە.

هۆکار بەهێزی ئەم لیستە لە پارێزگای هەولێر، دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامدانی چالاکی حزبی و ڕێکخستنەوەی ڕێکخستنەکانیان و بەدەست هێنانی دەنگی دەنگدەری تورکمانی نارازی لە سیاسەتەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرامبەر بە تورکمانەکان. لە پارێزگاکانی تری هەرێم پێگەی ئەم لیستە زۆر لاوازە، ئەویش بەهۆی نەبوون یان لاوازی ژمارەی دەنگدەری پێکهاتەی تورکمانەکان لەم پارێزگایەدا.

## باسی پێنجەم: گۆڕانی شیکردنەوەی جوگرافی بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی خولەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی ( پەرلەمانی ) کوردستان (١٩٩٢ - ٢٠١٣):

لەم باسەدا بەراوورد لە نێوان گۆڕانی ژمارەی و ڕێژەی دەنگ و کورسی ئەو لیستانەی دەکەین کە زیاتر لە خولێکی هەڵبژاردن بەشداربوون، لە هۆکاری پشت گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنیان لە نێوان خولە جیاوازەکانی هەڵبژاردن دەکۆڵینەوە، بۆیە ئەم باسەمان دابەشی دوو تەوەر کردووە کە بریتین لە:

### تەوەری یەکەم: گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی لیستە ململانێکارەکان بۆ کورسی گشتی:

لەم تەوەرەدا لە گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی ئەو لیست (پارت)انە دەدوێین کە لە ململانیی بەدەست هێنانی زۆرترین کورس گشتی پەرلەمانیدا بوون لە نێوان هەڵبژاردنی خولی (یەکەم- چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە و ڕێژەی دەنگ و کورسییەکانیان بەردەوام لە گۆڕاندا بوون، پەیوەست بە کۆمەڵێك هۆکاری جوگرافی و ڕامیاری و سەربازی و ئابوری..تاد، لە خوارەوە ڕوونکردنەوەی زیاتریان لە سەر دەدەین:

١- پارتی دیموکراتی کوردستان

پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداری سەرجەم هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی هەرێمی کوردستانی کردووە، چ بە لیستی جیا چ بە هاوپەیمانێتی، لە نێوان خولێك تا خولێکی تر بەردەوام گۆڕانکاری لە سەنگی هەڵبژاردنیدا ڕوویداوە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٨٢) و نەخشەی ژمارە (٧٠) .

بە ڕەچاوکردنی خشتەی ژمارە (٨٢) دەبینین لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا (٤٣٧,٨٧٩) دەنگی بەدەست هێناوە، لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا دەنگەکانی زیاد دەبێت بۆ (٦٩٦,١٣١) دەنگ، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا دەنگەکانی دادەبەزێت بۆ (٥٤٧,٩٥٧) دەنگ، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا جارێکی دیکە دەنگەکانی زیاد دەبێت بۆ (٧٤٣,٩٨٤) دەنگ، ڕێژەی سەدەی دەنگی بەدەست هاتووی ئەم لیستە خول لە دوای خول (خولی یەکەم - خولی دووەم، خولی دووەم- خولی سێیەم، خولی سێیەم - خولی چوارەم) بەمجۆرە بووە (٥٩٪) (-٢١,٣٪) (٣٥,٧)، لە بەرامبەردا زیاد بوونی ڕێژەی سەدەی گەشەی هەڵبژێر بۆ هەمان ماوەی پێشوو بریتیە لە (٩٠٪) (١٧,٦٪) (١٣,٢٪)[١]، جیاوازی ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگی بەدەست هاتوو لەگەڵ ڕێژەی سەدی گەشەی هەڵبژێر لە هەمان ماوەدا بریتیە لە (-٣١٪) (-٣٨,٩٪) (٢١,٨٪) .

---

(١)- خشتەی ژمارە (١٦).

### خشتەی ژمارە (٨٢)

### گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە نێوان خولەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢- ٢٠١٣)

| ژ.لیست | لۆگۆ یان ئالا | خول | پارێزگا یان ناوچەی هەڵبژاردن: دهۆک ژ. | دهۆک (٪) | هەولێر ژ. | هەولێر (٪) | سلێمانی ژ. | سلێمانی (٪) | پ.تری عێراق ژ. | پ.تری عێراق (٪) | دەنگی بەدەست هاتوو: ژ. | (٪) بۆ لیستە سەرکەوتوەکان | ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگ | کورسی بەدەست هاتو: ژ. | (٪) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | یەکەم | ١٦٨,٦٨٣ | ٩١,٧٤ | ١٥٢,١٤٣ | ٥٠,٦٣ | ٩٢,٤٤٩ | ٣٠,٨٦ | ٢٤,٦٠٤ | ٣١,٦٥ | ٤٣٧,٨٧٩ | ٥٠,٨٢ | - | ٥٠ | ٥٠ |
| ١٦٢ | | دووەم | ٣٠٢,١٣٣ | ١٧,١٤ | ٣٠٢,٤١٠ | ١٧,١٦ | ٩١,٥٧٨ | ٥,١٩ | - | - | ٦٩٦,١٢١ | ٣٩,٤٩ | ٥٩ | ٣٩ | ٣٥,٤ |
| ٥٤ | | سێیەم | ١٧٦,٢٩٨ | ٩,٧٦ | ٢٢٣,٣٣٤ | ١٢,٣٧ | ١٤٤,٩٤٨ | ٨,٠٢ | ٣,٣٧٧ | ٠,١٩ | ٥٤٧,٩٥٧ | ٣٠,٣٤ | ٢١,٣- | ٣٠ | ٣٠ |
| ١١٠ | | چوارەم | ٣٣١,٥٣٠ | ١٧,١٦ | ٣٢٣,٣٠٤ | ١٦,٧٣ | ٨٥,٤٥٩ | ٤,٤٢ | ٣,٦٩١ | ٠,١٩ | ٧٤٣,٩٨٤ | ٣٨,٥ | ٣٥,٧ | ٣٨ | ٣٨ |

سەرچاوە: کاری توێژەربە سود وەرگرتن لە خشتەکانی ژمارە (٣٠، ٣٦، ٤٢، ٦٢).

### نەخشەی ژمارە (٧٠)

### گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە نێوان هەڵبژاردنی خولی ( یەکەم - چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢- ٢٠١٣)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٨٢).

ژمارەی کورسییەکانیش لە نێوان هەڵبژاردنی خولی (یەکەم- سێیەم) لە دابەزینی بەردەوامدایە، جگە لە خولی چوارەم ژمارەکە زیادی کردووە، ڕێژەی سەدی گەشە کورسییەکانی ئەم لیستە لە نێوان خولەکاندا بەم جۆرەن (-٢٢٪) (-٢٣٪) (٢٦,٧٪)، هۆکارەکانی زیادبوونی ژمارەی دەنگەکانی ئەم لیستە دەگەڕێنەوە بۆ:

أ- دیمۆگرافی: زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و زیادبوونی ژمارەی هەڵبژێر و دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان، هاوکات دەنگدەرانی ئەم پارتەش لە زیادبووندا بوون.

ب- کارگێڕی: گرتنە دەستی دەسەڵاتی کارگێڕی و فەرمانڕەوایی لە دوو پارێزگای هەرێمی کوردستان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری جۆراوجۆر (مادی و مەعنەوی) ئەگەرچی لە چاو پێداویستی بنەڕەتی دانیشتوانیشدا نەبووبێت.

ت- نەتەوەیی و نیشتمانی: سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە تایبەت پاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و گرتنەدەستی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم و پارتەکەشی خاوەنی توندترین گوتاری نیشتمانی و نەتەوەیی بوون بەراورد بە پارتەکانی دیکەی کوردستان بەگشتی و پارتە ململانێکارەکەی (ی.ن.ك) بەتایبەتتر پاش ئەوەی پۆستی سەرۆکایەتی عێراقی گرتە دەست.

پ- کاری حزبی و ڕێکخراوەیی: بەهێزی و تۆکمەیی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و لەت نەبوونی بەراورد بە پارتەکان بەگشتی و پارتە ململانێکارەکەی (ی.ن.ك) بەتایبەتی.

ج- لە دوای چونی مام جلال بۆ بەغدا، پارتی دیموکراتی کوردستان بە بەرنامەیەکی وورد لە سەر هەموو ئاستەکان ئیشی کرد بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە هەرێمی کوردستان و توانی دەست بەسەر هەموو جومگە هەستیارەکانی حکومەتدا بگرێت و سەرکەوتوش بوو لە وەدا.

ح- هەڵبژاردن: کارە نایاساییەکانی بەر لە ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن و ڕۆژی هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردن تا ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان، وەك" ئەنجامدانی تەزویر بە شێوازێکی وورد و یاسایی بۆ زیادکردنی دەنگ و کورسی پێش داخستنی سندوق، جگە لە بوونیان لە دەسەڵاتدا کە هۆکارێکە بۆ زیادکردنی دەنگەکانیان"[١].

بەڵام هۆکاری دابەزینی کورسییەکانی ئەم لیستە لە نێوان هەڵبژاردنی خولەکانی (یەکەم - دووەم) و (دووەم - سێیەم) دەگەڕێنەوە بۆ:

أ- چونە هاوپەیمانێتی لەگەڵ پارت و لیستەکانی تردا، ئەمە کاریگەری لە سەر دابەزینی سەنگی هەڵبژاردنی ئەم پارتە هەبووە ، بە تایبەت لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا.

ب- دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا، کاریگەری هەبوو لە سەر بردنی (٢٥٪) کورسی گشتی لە پارت و لیستە کوردیەکانی دی.

ت- دیمۆگرافی: کەمی ڕێژەی ئەو دەنگدەرانەی کە دەنگیان بە پارتی دیموکراتی کوردستانداوە، بەهۆی زۆر بوونی بەردەوامی ژمارەی دانیشتوان، جگە لەوەی دەنگدەری پێشووی پارتە شۆڕشگێڕە کوردستانییەکان بەشێکیان بەهۆی خراپی دۆخی ناوخۆیی ڕامیاری و سەربازی و ئابوری...تاد. هەرێمی کوردستان لە پاش ڕاپەڕین، ئاوارەی وولاتانی دەرەوە بوون و پەناهەندەییان هەڵبژارد ئەمەش کاریگەری لە سەر کەمبوونەوەوەی ڕێژەی دەنگ و کورسییان هەبوو.

پ- هەڵبژاردن: ئەوانیش بریتین لە:

١- کەمی ڕێژەی دەنگی بەدەست هاتوو بەراوورد بە کۆی دەنگی دروست و هەژمارکراو.

٢- زۆربوونی بەردەوامی ژمارەی لیست و هاوپەیمانێتیەکان لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەمەش کاریگەری هەبووە بۆ دابەشبوونی زیاتری دەنگی دەنگدەران بەسەر لیستەکاندا.

٣- یاسا کارپێکراوەکانی کۆمسیۆن، هۆکارێکی دیکەیە بۆ گەیشتنە پەرلەمانی ئەو لیستانەشی کە دەنگی بەدەست هاتوویان هاوتای یەك کورسی پەرلەمانی یان زیاتر بووە.

ج- کارگێڕی: خراپی ئەدای کارگێڕی و حکومڕانی حکومەتی هەرێم لە پاش ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ و بوونی ڕۆتین و گەندەڵییەکی[*] زۆری کارگێڕی و دارایی و یاسایی لە هەرێمی کوردستاندا و هەڵگیرساندنی جەنگی براکوژی چ لە نێوان (پ.د.ك-

---

(١)- دیدار لەگەڵ بەڕێز هاوژین عمر، سەرچاوەی پێشوو.

پ.ك.ك)، (پ.د.ك- سۆسیالیست)، (پ.د.ك- ی.ن.ك)..تاد. کە تیایدا هەزارەها هاونیشتمانی کوردستانیان کردە سوتەمەنی ئەم جەنگە.

ح- ڕێکخستنی ڕامیاری: کەمبوونەوەی ئەندامان و لایەنگران ئەم پارتە، خەسرۆ گۆران بەپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت" پارتی (٢٠٪) ئەندامەکانی کەمی کردووە"[(١)] مەبەستی لە پاکسازیکردنە لە لیستی ئەندامان و کادیرانی پارتی دیموکراتی کوردستان کە خۆی لە چەند سەد هەزارێك داوە لەچاو لیستی ئەندامانی هەمان پارت لە ساڵی ٢٠١١دا، ئەوانیش بریتین لەوانەی کە مردوون یان سەنگەریان گۆڕیوە یان کۆچیان بۆ دەرەوەی وڵات کردووە.

٢- یەکێتی نیشتمانی کوردستان:

سەنگی هەڵبژاردنی ئەم پارتە چ وەك لیستی سەربەخۆ چ وەك هاوپەیمانی لە هەڵبژاردنە یەك لە دوای یەکەکاندا لە گۆڕانی بەردەوامدا بووە، چ لە سەر ئاستی پارێزگا، چ لە سەر ئاستی هەرێم، بڕوانە خشتەی ژمارە (٨٣) و نەخشەی ژمارە (٧١) .

خشتەی ژمارە (٨٣)

گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی لیست (پارت)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لــە نێوان هەڵــبژاردنی خــولی (یەکەم - چوارەم) ی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢- ٢٠١٣)

| ژ.لیست | لۆگۆ یان ئاڵا | خول | پارێزگا یان ناوچەی هەڵبژاردن | | | | | | | | دەنگی بەدەست هاتوو | | | کورسی بەدەست هاتو | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | دهۆك | | هەولێر | | سلێمانی | | پ.تری عێراق | | ژ. | (٪) بۆ لیستە سەرکەوتووەکان | ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگ | ژ. | (٪) |
| | | | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | | | | | |
| ٧ | | یەکەم | ١٥,١٨٤ | ٨,٢٦ | ١٤٨,٣٥٢ | ٤٩,٣٧ | ٢٠٧,١٦٨ | ٦٩,١٤ | ٥٣,١٢٩ | ٦٨,٣٥ | ٤٢٣,٨٣٣ | ٤٩,١٨ | - | ٤٧ | ٤٧ |
| ١٦٢ | | دووەم | ٣٥,٤٨٣ | ٢,٠١ | ٢٤٤,٣٤٣ | ١٣,٨٦ | ٤٥٨,٧١٦ | ٢٧,٥٦ | - | - | ٧٦٥,٥٤٢ | ٤٣,٤٣ | ٨٠,٦ | ٣٨ | ٣٦,٥٤ |
| ٥٤ | | سێیەم | ١٧٠,٤٢٢ | ٩,٤٤ | ٢١٥,٨٩٠ | ١١,٩٥ | ١٤٠,١١٧ | ٧,٧٦ | ٣,٢٦٤ | ٠,١٨ | ٥٢٩,٦٩٣ | ٢٩,٣٣ | ٣٠,٨- | ٢٩ | ٢٩ |
| ١٠٢ | | چوارەم | ٢٧,٥٨٣ | ١,٤٣ | ١٠٣,٨٥٢ | ٥,٣٨ | ٢١٨,٢٠٨ | ١١,٢٩ | ٨٥٧ | ٠,٠٤ | ٣٥٠,٥٠٠ | ١٨,١٤ | ٣٣,٨- | ١٨ | ١٨ |

سەرچاوە: کاری توێژەربە سود وەرگرتن لە خشتەکانی ژمارە (٣١، ٣٦، ٤٣، ٦٤).

بە ڕوانین لە خشتەی ژمارە (٨٣) دەبینین، ژمارەی دەنگی ئەم لیستە ناجێگیر بووە بە جۆرێك ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگی ئەم لیستە لە نێوان ئەو خولانەی کە هەڵبژاردنی تێدا بووە یەك لە دوای یەك بریتی بوو لە (٨٠,٦٪) (-٣٠,٨٪) (-٣٣,٨٪)، ڕێژەی سەدی گەشەی هەڵبژێریش لە هەمان ماوەی هەڵبژاردنەکاندا یەك لە دوای یەك بریتی بووە (٩٠٪) (١٧,٦٪) (١٣,٢٪)[(٢)]. جیاوازی نێوان ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگ بۆ هەڵبژێر ی ئەم لیستە بریتیە لە (-٩,٤٪) (-٤٨,٤٪) (-٤٧٪)، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت ئەم

(*)- گەندەڵی لە داموودەزگاکانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ بە حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە بووە بە دیاردە، بەجۆرێك لە ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی لە ڕیزبەندی هەرە پێشەوەی گەندەڵترینی وڵاتانی جیهان دێت، بۆ ڕێگرتن لەم دیاردەیە لە هەرێم، پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠١١) یاسای دەستەی گشتی دەسپاکی هەرێمی کوردستان- عێراقی دەکرد، دەستەیەکیشی بۆ دامەزرا، ئەم دەستەیە سەدان کەیسی گەندەڵی ڕەوانەی دادگاکانی کوردستان کردووە، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر یاسای دەستەکە و کارو چالاکی دەستەکە، بڕوانە: ا- پەرلەمانی کوردستان، یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠١١ یاسای دەستەی گشتی دەستپاکی هەرێمی کوردستان- عێراق،

- http: //www. kurdistan- parliament. org/files/articles/٠٩٠٨١١١٠٥٧٥٥. pdf, ١٠March٢٠١٩.

ب- دەستەی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان، ڕاپۆرتی ساڵانە،

- .http: //despaky. krd/Default. aspx?page=category&c=yerlyrepoty,١٠March٢٠١٩

(١)- دەزگای هەڵبژاردن، خەسرەو گۆران: دەمانەوێت زۆرترین دابەشبوونی جوگرافی هەبێت، ئەمە یەکێکە لەو ڕێنماییانەی کە بەقاعیدەی پارتیمان داوە،

- http: //www. electkdp. org/ku/index. php?option=com_content&view=article&id=٣٪١٠٧٤A -٥٦ -٢١ -١٢ -٠١ -٢٠١٢ ٢٧&catid=٣٪٤٢Ahawall&Itemid=٢٤٢,٢٣augest٢٠١٨.

(٢)- خشتەی ژمارە (١٦).

لیستە دەنگە بەدەست هاتووەکانی هاوتا نەبووە لەگەڵ زیادبوونی هەڵبژێری نوێ لە هەرێمی کوردستاندا، هەمیشە لە کەمەوە بۆ کەمتر هەنگاوی ناوە، هاوکات ژمارەی کورسییەکانیشی خول لەدوای خول لە دابەزینی بەردەوامدا بووە، لە هەمان ماوەدا بریتیی بووە لە (-١٩٪) (-٢٣,٧٪) (-٣٨٪) ئەویش بەهۆی:

نەخشەی ژمارە (٧١)

گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە نێوان هەڵبژاردنی خولی (یەکەم - چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢- ٢٠١٣)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٨٣).

أ- دیمۆگرافی: کەمبوونەوەی ژمارەی ئەندام ولایەنگرانی ئەم لیستە، بەهۆی کۆچ و ڕەوی بەردەوامی دانیشتوانی هەرێمی کورستان بە گشتی و دەڤەری سەوز بە تایبەتی و پەناهەندەبوونیان لە وولاتانی دەرەوە، ئەویش بەهۆی خراپی دۆخی سیاسی و سەربازی و ئابوری هەرێم بەگشتی.

ب- کاری حزبی و ڕێکخراوەیی: بوونی کێشەی بەردەوام لە سەرکردایەتی ئەم حزبە و نیگەرانکردنی کادر و ئەندام و دەنگدەران و لایەنگران و تەنانەت دەنگی خۆڵەمیشی ئەم پارتەش، محمود سەنگاوی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەڵێت"کێشەکانی یەکێتی هەمووی لە سەر دەسەڵاتە و هیچ کێشەیەکی فکریمان نەبووە"[1] بەجۆرێك کێشە ناوخۆییەکانی ئەم پارتە قوڵبووەوە، جێگری سکرتێری گشتی ئەم پارتە لە ساڵی ٢٠٠٩ بە کردار لەم پارتە جیابۆوە و کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لە سەر بچوکبوونەوەی قەبارەی ئەم لیستە لە پەرلەمان.

(١)- ژیار محمد، محمود سەنگاوی: کێشەکانی یەکێتی هەمووی لە سەر دەسەڵاتە، هیچ کێشەیەکی فکریمان نەبووە،

- https: //www. dengiamerika. com/a/kurdistan/٤٣٤٥٣٧٠. html,٢٣August٢٠١٨.

ت- کاری پەرلەمانی: هەندێك کات کاری پەرلەمانی ئەم لیستە لە بەرژەوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامان و سەرکردایەتی ئەو پارتە بووە لە کاتێکدا سەرۆکایەتی پەرلەمان لای ئەم لیستە بووە، بۆ نمونە درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم لە ساڵی٢٠١٣(*) دا، هۆکارێك بوو بۆ نیگەرانکردنی ئەندامان و لایەنگرانی ئەم پارتە، ئەگەر چی دەرکردنی ئەم یاسایە بەپێی ڕێکەوتنی ڕامیاری نێوان هەردوو پارت و فراکسیۆنە پەرلەمانییەکەیان بووە و لە درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمیشدا جێگری سەرۆکی هەرێم (کۆسرەت ڕەسوڵ علی) سودمەند بووە کە جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش بووە.

پ- بوونی گلەیی لە ئەدای کاربەدەستانی (ی. ن. ك.) لە حکومەت و پەرلەماندا و نەبینینی ڕۆڵی سەرەکی لە پێگە کارگێڕیەکانیاندا وەك: جێگری سەرۆکی هەرێم و وەزیرەکان..تاد.، بە تایبەت لە پرسی بێکاری و ژێرخانی ئابوری جوگرافیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان (دەڤەری سەوز) .

ج- لە پێگەی جوگرافیی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا، سێ بەهێزترین ئۆپۆزسیۆن بوونی هەبوو، بە تایبەت بزوتنەوەی گۆڕان، چ بەشێکی زۆر لە کادر و ئەندامانی چ ڕێکخەرەکەی پێشتر لە ڕیزەکانی ی.ن.ك بوون. بوونی ئۆپۆزسیۆنگەلێکی بەهێز کاریگەری گەورەی لە سەر لاوازکردنی ی.ن.ك لە قەڵمڕەوی جوگرافیاکەیدا هەبوو.

ح- گواستنەوەی ئیدارە لە پارێزگای سلێمانی و ناوچەی هەژموونی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ هەولێری پایتەخت و پێکهێنانی کابینەی پێنجەمی حکومەتی یەکگرتو لە ساڵی ٢٠٠٦دا، کاریگەری گەورەی لە سەر پاشەکشەی بەردەوام و هەمەجۆر (ژێرخانی ئابوری، دارایی، خزمەتگوزاری...تاد.) لەم ناوچەیەدا هەبوو، نیگەرانبوونی دانیشتوانەکەی بە تایبەت پاش ئەوەی لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق(**)، لامەرکەزی ئیداری بۆ هەرێم جێبەجێنەکرا، ئەمەش بووە هۆی قوڵبوونەوەی قەیرانەکانی ئەم دەڤەرە زیاتر لە دەڤەری زەرد.

خ- تایبەتمەندی دەنگدەر و دانیشتوانی ناوچەی سەوز: تایبەتمەندی لە بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری و زیندوویەتی دانیشتوان و گیانی سەرکەشی، هۆکارێك بووە بۆ سزادانی ئەو لایەنانەی کە کەمتەرخەمبووە لە بەدیهێنانی داخوازییەکان دانیشتوانەکەی.

د- بوونی میدیاگەلێکی زۆر بەهێزی ئۆپۆزسیۆن لە هەناوی جوگرافیای دەسەلاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هۆکارێکی زۆر کاریگەر بووە بۆ کەمکردنەوەی دەنگدەری ئەم پارتە.

ژ- دروستبوونی بەردەوامی پارتی نوێ لە سەر ئاستی کوردستان، چ لە سەر ئاستی پارێزگای سلێمانی و ناوچەی جوگرافیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هۆکارێکبووە بۆ دابەشبوونی دەنگی دەنگدەران بەسەر لیستەکانی هەڵبژاردن و کەمبوونەوەی دەنگی پارتە شۆڕشگێڕەکان.

ر- نەوەی نوێ، دەنگدەری نەوەی نوێ زیاتر ئارەزووی دەنگدان دەکەن بە پارتی نوێ، بۆیە لەگەڵ بەشداری زیاتری خول لە دوای خولی نەوەی نوێ، پێشبینی دابەزینی دەنگی پارتە شۆڕگێڕەکان دەکرێت.

٣-بزوتنەوەی گۆڕان:

ئەم بزوتنەوەیە لە خولی سێیەمەوە بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کرد، بەڵام توانی گۆڕانکاری گەورە بکات لە داڕشتنەوەی بەرکەوتەی کورسی گشتی پەرلەمانی لە نێوان پارتە کوردییەکاندا، بۆ زانینی سەنگی هەڵبژاردنی ئەم بزوتنەوەیە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٨٤)و نەخشەی ژمارە (٧٢) .

---

(*)- بە پێی مادەی یەکەمی یاساکە ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم لە٢٠١٣/٨/٢٠ کۆتایی دێت، بەردەوام دەبێت و درێژدەکرێتەوە تا (٢٠١٥/٨/١٩) : پەرلەمانی کوردستان، یاسای ژمارە (١٩) ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم کوردستان- عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل- ٢.

(**)- بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ناوەڕۆکی یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی٢٠٠٩ی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، بڕوانە: پەرلەمانی کوردستان، یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی٢٠٠٩ی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق، ٢٠٠٩، ل- ١٨.

**خشتەی ژمارە (٨٤)**

**گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی لیستی بزوتنەوەی گۆڕان لـە نێوان هەڵبژاردنی خـولی (سێیەم - چوارەم) ی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩- ٢٠١٣)**

| ژ.لیست | لۆگۆ یان ئاڵا | خول | پارێزگا یان ناوچەی هەڵبژاردن | | | | | | | | دەنگی بەدەست هاتوو | | | کورسی بەدەست هاتو | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | دهۆك | | هەولێر | | سلێمانی | | پ.تری عێراق | | ژ. | (٪) بۆ لیستە سەرکەوتوەکان | ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگ | ژ. | (٪) |
| | | | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | | | | | |
| ٥٧ | | سێیەم | ١٤,٧٩٤ | ٠,٨٢ | ١١٤,٧٥٨ | ٦,٣٥ | ٣١٥,٣٣٨ | ١٧,٤٦ | ٢٢٤ | ٠.٠١ | ٤٤٥,١١٤ | ٢٤,٦٤ | - | ٢٥ | ٢٥ |
| ١١٧ | | چوارەم | ١٣,٧٧٦ | ٠,٧٢ | ١١٦,٦٩٩ | ٦,٠٤ | ٣٤٥,٨٩٢ | ١٧,٩٠ | ٣٦٩ | ٠,٠٢ | ٤٧٦,٧٣٦ | ٢٤,٦٨ | ٧,١ | ٢٤ | ٢٤ |

سەرچاوە: کاری توێژەربە سود وەرگرتن لە خشتەکانی ژمارە (٤٤، ٦٣).

**نەخشەی ژمارە (٧٢)**

**گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی لیستی بزوتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنی خولی (سێیەم - چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩- ٢٠١٣)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٨٤).

بە ڕوانین لە خشتەی ژمارە (٨٤) دەبینین، ژمارەی دەنگی ئەم لیستە لە هەڵبژاردنی خولی سێیەم (٤٤٥,١١٤) دەنگە، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەم زیاد دەکات و دەبێت بە (٤٧٦٧٣٦) دەنگ، واتە ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگی ئەم لیستە لە نێوان هەڵبژاردنی خولی (سێیەم - چوارەم) (٧,١٪) بەلاَم ڕێژەی سەدی گەشەی هەڵبژێر لە هەمان ماوەدا (١٣,٢٪)[(١)]، واتە دەنگی بەدەست هاتوی ئەم لیستە بەڕێژەی (-٦,١٪) کەمترە لە ڕێژەی سەدی گەشەی هەڵبژێر ، لە بەرامبەریشدا ژمارەی کورسییەکانی بەڕێژە (-٤٪) کەمی کردووە لە (٢٥) کورسی پەرلەمانی بووە بە (٢٤) کورسی پەرلەمانی.

(١)- خشتەی ژمارە (١٦).

هۆکارەکانی زیادبوونی دەنگی ئەم لیستە لە نێوان هەردوو خولەکەدا دەگەڕێنەوە بۆ:

أ- هەلگرتنی دروشمی گۆڕانکاری لە سیستمی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی هەرێم و هەمواری ڕەشنوسی دەستوری هەرێم و بە دامەزراوەیی کردنی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان.

ب- سەرکردایەتی کردنی ئەم بزوتنەوەیە لە لایەن کەسایەتیەکی کاریگەری وەك نەوشیروان مستەفاوە.

ت- بوونی میدیایەکی فرە کاریگەری، خستنە ڕووی گەندەڵیەکانی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم و بەرپرسانی ئیداری و حزبی هەرێم.

پ- بەشدارینەکردنیان لە دەسەڵات و مانەویان وەك ئۆپۆزسیۆن و نمایشکردنی مۆدێلێکی نوێی ئۆپۆزسیۆن بوون لە پەرلەمانی کوردستان.

ج- دژایەتیکردنی درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم و درێژکردنەوەی ماوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستان بە ماوەیەکی کەم پێش پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی کوردستان.

ح- پێدانی بەڵێنی هیوا بەخش بە هاونیشتمانیان و دەنگدەرانی هەرێم لە ئەگەری گەیشتنیان بە دەسەڵات و ئەنجامدانی گۆڕانکاری ڕیشەیی لە هەموو کایەکانی فەرمانڕەوایەتیداو دروستکردنی هەرێمێکی نمونەیی بۆ هاوڵاتیانی.

هۆکاری دابەزینی یەك کورسی پەرلەمانی ئەم لیستە لە خولی چوارەمدا، دەگەڕێتەوە بۆ یاسای هەڵبژاردن و بەهای کورسی و یاسای دابەشکردنی کورسی پەرلەمانی.

٤-یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان:

یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان لە خولی دووەمەوە بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کرد، ژمارە و ڕێژەی دەنگی ئەم لیستە لە هەریەك لە خولەکاندا جیاوازبووە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٨٥) و نەخشەی ژمارە (٧٣).

خشتەی ژمارە (٨٥)

گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی لیست (پارت) یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان لە نێوان هەڵبژاردنی خولی (دووەم - چوارەم)ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٥- ٢٠١٣)

| ژ.لیست | لۆگۆ یان ئاڵا | خول | پارێزگا یان ناوچەی هەڵبژاردن | | | | | | | | دەنگی بەدەست هاتوو | | | کورسی بەدەست هاتو | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | دهۆك | | هەولێر | | سلێمانی | | پ.تری عێراق | | ژ. | (٪) بۆ لیستە سەرکەوتوەکان | ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگ | ژ. | (٪) |
| | | | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | | | | | |
| ١٦٢ | | دووەم | ٣٥,٦٧٥ | ٢,٠٢ | ٢٢,٥٢٣ | ١,٢٨ | ٧٥,٠٠٨ | ٤,٢٥ | - | - | ١٣٣,٢٠٦ | ٧,٥٥ | - | *٩ | ٨,١١ |
| ٥٩ | | سێیەم | ١٩,٧٦٩ | ١,٠٩ | ٣١,٩٢١ | ١,٧٧ | ٥٩,٤٦٦ | ٣,٢٩ | ١١٧ | ٠,٠١ | ١١١,٢٧٣ | ٦,١٦ | ١٧,٦ | ٦ | ٦ |
| ١٠٥ | | چوارەم | ٥٥,٤١٠ | ٢,٨٧ | ٤٧,١٤٩ | ٢,٤٤ | ٨٤,٠٤٣ | ٤,٣٥ | ١٣٩ | ٠,٠١ | ١٨٦,٧٤١ | ٩,٦٧ | ١٣,٢ | ١٠ | ١٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەربە سود وەرگرتن لە خشتەکانی ژمارە (٣٦، ٤٦، ٦٥).

بە ڕوانین لە خشتەی ژمارە (٨٥) دەبینین، ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگی ئەم لیستە لە نێوان خولەکاندا بریتی بووە لە (-١٦,٤٪) (٦٧,٨٪)، بەلاّم ڕێژەی سەدی گەشەی هەڵبژێر لە هەمان ماوەی ئاماژەپێکراودا بریتیبووە لە (١٧,٦٪) (١٣,٢٪)، جیاوازی ڕێژەی سەدی دەنگی بەدەست هاتو بۆ هەڵبژێر لە هەمان ماوەدا بریتیە لە (-٣٤٪) (٤٧٪)[1]، لە بەرامبەریشدا ژمارەی کورسییەکانی بەهەمان شێوەی دەنگەکانی گۆڕانی بەسەرداهاتووە، ڕێژەی سەدی گەشەی کورسییەکانی لە هەمان ماوەدا (-٣٣,٣٪) (٦٦,٧٪).

(*)- ئەبوبەکر عەلی هۆکاری کەمی پشکی کورسی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان دەگەڕێنێتەوە بۆ کەمی ئەزموونی سەرکردایەتی ئەم حزبە لە هونەری گفتوگۆ و بەدەست هێنانی زۆرترین کورسی پەرلەمانی، لەکاتێکدا هەردوو هێزی سەرەکی ئامادەبوون تا (١٥) کورسی پەرلەمانی بدەن بە یەکگرتوو. دیدار لەگەڵ بەڕێز ئەبوبەکر عەلی، سەرچاوەی پێشوو.

(١)- خشتەی ژمارە (١٦).

**نەخشەی ژمارە (٧٣)**

**گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی لیست (پارت) یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان لە نێوان هەڵبژاردنی خولی (دووەم - چوارەم)ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٥- ٢٠١٣)**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٨٥).**

**ئەم پارتە لە هەردوو هەڵبژاردنی خولی دووەم و سێیەم چووە هاوپەیمانێتیەوە و دەنگ و سەنگی ڕاستەقینەی هەڵبژاردنی ئەم پارتە بە دروستی نازانرێت، بەڵام هۆکارەکانی کەمبوونی ژمارە و ڕێژەی دەنگ و کورسییەکانی لە خولی سێیەمدا دەگەڕێنەوە بۆ:**

**أ- زویر بوونی بەشێك لە کادر و لایەنگر و ئەندامانی ئەم پارتە ئیسلامییە لە سەرکردایەتییەکەی بە هاوپەیمانیکردن لەگەڵ دوو پارتی علمانی و تەنانەت پارتێکی ئیسلامی تریشدا.**

**ب- زویر بوونی دەنگی خۆڵەمێشی ئیسلامی ئەم پارتە و سزادانی.**

**ت- لاوازی پێگەی هەڵبژاردنی پارتە پێکهێنەرەکانی هاوپەیمانێتیەکە بەراورد بەم پارتە.**

**بەڵام چەند هۆکارێك لە پشت زیادبوونی دەنگی ئەم لیستە بووە لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا، ئەوانیش:**

**أ- ڕاگەیاندنی ئۆپۆزسیۆن بوونی لە نێوان هەڵبژاردنی خولی (سێیەم - چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان و تەنانەت لە شەقامیش. بەشداریکردن و ڕێبەریکردنی خۆپیشاندانەکانی دژی دەسەڵات لە ڕۆژانی ١٧ی شوباتی ٢٠١١ و خۆپیشاندانەکانی دی.**

**ب- میانڕەوی ئەم پارتە و گونجاندنی لەگەڵ ئادابی ئاینداری کۆمەڵگای کوردەواری، ئەمەش هۆکار بووە بۆ کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر لە بڕوادارانی میانڕەو لەم پارتە.**

**ت- بەهێزی ڕێکخستنەکانی و زیادکردنی ئەندامان و لایەنگرانی.**

پ- بوونی کەسایەتی بەهێزی کاریگەر لە نێو بەربژێرەکانیدا.

ج- دابەزینی بە لیستی سەربەخۆ و پێکنەهێنانی هاوپەیمانی لەگەڵ هیچ پارتێکی علمانی تا دەگات بە پارتی تری ئیسلامیش.

٥- کۆمەڵی ئیسلامی:

ئەم لیستە لە سێ هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا بەشداری کردووە، سەنگی هەڵبژاردنی بەردەوام گۆڕاوە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٨٦) و نەخشەی ژمارە (٧٤) .

خشتەی ژمارە (٨٦)

گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی لیست (پارت)ی کۆمەڵی ئیسلامی لە نێوان هەڵبژاردنی خولی (دووەم - چوارەم)ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٥- ٢٠١٣)

| ژ.لیست | لۆگۆ یان | خول | پارێزگا یان ناوچەی هەڵبژاردن | | | | | | | | دەنگی بەدەست هاتوو | | | کورسی بەدەست هاتو | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | دهۆك | | هەولێر | | سلێمانی | | پ.تری عێراق | | | | | | |
| | | | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) بۆ لیستە سەرکەوتووەکان | ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگ | ژ. | (٪) |
| ٢٨٣ | | دووەم | ٢,٠٠٥ | ٠,١٢ | ٢٢,٤٢٧ | ١,٣٤ | ٦٠,٨٠٥ | ٣,٦٢ | ٠ | ٠ | ٨٥,٢٣٧ | ٥,٠٨ | - | ٦ | ٥,٤١ |
| ٥٩ | | سێیەم | ١٣,١٧٩ | ٠,٧٣ | ٢١,٢٨١ | ١,١٨ | ٣٩,٦٤٤ | ٢,٢ | ٧٨ | ٠ | ٧٤,١٨٢ | ٤,١ | ١٣- | ٤ | ٤ |
| ١٠٤ | | چوارەم | ٣,٤٧٥ | ٠,١٨ | ٥٠,٥٢٣ | ٢,٦٢ | ٦٤,٥٣٨ | ٣,٣٤ | ٣٨ | ٠ | ١١٨,٥٧٤ | ٦,١٤ | ٥٩,٨ | ٦ | ٦ |

سەرچاوە: کاری توێژەربە سود وەرگرتن لە خشتەکانی ژمارە (٣٨، ٦٦،٤٧).

نەخشەی ژمارە (٧٤)

گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی لیست (پارت)ی کۆمەڵی ئیسلامی لە نێوان هەڵبژاردنی خولی (دووەم - چوارەم)ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٥- ٢٠١٣)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٨٦).

بە ڕوانین لە خشتەی ژمارە (٨٦) دەبینین، ڕێژەی سەدی دەنگدەری ئەم لیستە لە نێوان خولەکانی هەڵبژاردندا یەك لە دوای یەك (-١٣٪) (٥٩,٨٪) لە بەرامبەریشدا ڕێژەی سەدی گەشەی هەڵبژێر لە هەمان ماوەی ئاماژەپێکراودا (١٧,٦٪) (١٣,٢٪-)[(١)]، ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگدەر بۆ هەڵبژێر لە هەمان ماوەدا (-٣٠,٦٪) (٤٦.٦٪). ڕێژەی سەدی کورسی بەدەست هاتوشی لەهەمان ماوەدا بریتین لە (-٣٣,٣٪) (٥٠٪).

هۆکارەکانی کەمبوونی ژمارە و ڕێژەی دەنگ و کورسی بەدەست هاتووی لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا دەگەڕێنەوە بۆ:

أ- پێکهێنانی هاوپەیمانی لەگەڵ لیستێکی ئیسلامی و دوو لیستی تری علمانیدا، ئەمەش بووە هۆی نیگەرانی و زویر بوونی بەشێك لە دەنگدەران (ئەندامان، کادر، دەنگی خۆڵەمێشی) ئەم پارتە و سزدانی ئەم پارتە.

ب- لاوازی سەنگی هەڵبژاردنی پارتە علمانییەکانی هاوپەیمانەکانیان کاریگەری لە سەر بەدەست هێنانی دەنگێکی کەمتر لە لایەن هاوپەیمانێتیەکەیانەوە هەبوو.

لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا ئەم لیستە ڕێژەی سەدەی دەنگەکانی بەڕێژەی (٥٩,٨٪) زیاد دەکات و لە بەرامبەریشدا ڕێژەی سەدی کورسییەکانی بە ڕێژەی (٥٠٪) زیاد دەکات، ئەویش بەهۆی:

أ- ئۆپۆزسیۆن بوونی لە کابینەی حەوتەمی هەرێمی کورستان و پەرلەمانی کوردستان.

ب- بەشداریکردنی و قۆستنەوەی نارەزایەتییەکانی شەقام، دژ بە پارتە فەرمانڕەواکان و حکومەتی هەرێم .

ت- بەشداریکردن لە هەڵبژاردن بە لیستی سەربەخۆ و پێکنەهێنانی هاوپەیمانی لەگەڵ هیچ و پارت و لیستێکی تردا.

٦- بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان:

ئەم پارتە لە سێ خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا بەشداریکردووە، چ وەك هاوپەیمانێتی چ وەك لیستی سەربەخۆ، ژمارە و ڕێژەی دەنگ و کورسی بەدەست هاتویان لە گۆڕانی بەردەوامدابووە چ لە سەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم، چ لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٨٧) و نەخشەی ژمارە (٧٥) .

بە سەرنجدان لە خشتەی ژمارە (٨٧) دەبینین، ئەم لیستە لە هاوپەیمانێتیەك لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا بە (٤٩,١٠٨) دەنگیان بەدەست هێناوە بەڵام لە بەرامبەردا هیچ کورسیەکی ئەنجومەنەکەیان بەدەست نەهێناوە، ئەویش بەهۆی تێنەپەڕاندنی (٧٪) بەربەستی ئەنجومەنەکە، لە هەڵبژاردنی خوولی دووەمدا بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن ناکات، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا بە لیستی سەربەخۆ بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن دەکات و (٢٧,١٤٧) دەنگ و (٢) کورسی پەرلەمانی بەدەست دەهێنێت، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمیشدا دەنگەکانی کەمتردەبێت و (٢١,٨٣٤) دەنگ و (١) کورسی پەرلەمانی بەدەست دەهێنێت.

خشتەی ژمارە (٨٧)

گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی لیست (پارت)ی بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان/عێراق لە نێوان هەڵبژاردنی خولی (یەکەم - چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢- ٢٠١٣)

| ژ.لیست | لۆگۆ یان ئالا | خول | پارێزگا یان ناوچەی هەڵبژاردن | | | | | | | | دەنگی بەدەست هاتوو | | | کورسی بەدەست هاتو | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | دهۆك | | هەولێر | | سلێمانی | | پ.تری عێراق | | ژ. | (٪) بۆ لیستە سەرکەوتوەکان | ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگ | ژ. | (٪) |
| | | | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | | | | | |
| ٥ | | یەکەم | ٣,٨٧٤ | ٠,٤ | ١١,٠٩٢ | ١,١٥ | ٢٩,٣٣٤ | ٣,٠٣ | ٤,٨٠٨ | ٠,٥ | ٤٩,١٠٨ | ٥,٠٧ | - | ٠ | ٠ |
| نیە | نیە | دووەم | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| ٥٨ | | سێیەم | ٦٦٠ | ٠,٠٤ | ٦,٩٢٢ | ٠,٣٨ | ١٩,٥٦٤ | ١,٠٨ | ١ | ٠ | ٢٧,١٤٧ | ١,٥ | - | ٢ | ٢ |
| ١٠١ | | چوارەم | ١,٥٠٨ | ٠,٠٨ | ٥,٧٨٦ | ٠,٣ | ١٤,٥١٨ | ٠,٧٥ | ٢٢ | ٠ | ٢١,٨٣٤ | ١,١٣ | ١٩,٥- | ١ | ١ |

سەرچاوە: کاری توێژەربە سود وەرگرتن لە خشتەکانی ژمارە (٢٩، ٥١، ٦٧).

(١)- خشتەی ژمارە (١٦).

**نەخشەی ژمارە (٧٥)**

**گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی لیست (پارت)ی بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان/عێراق لە نێوان هەڵبژاردنی خولی (یەکەم - چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢- ٢٠١٣)**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٨٧).**

**ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگی بەدەست هاتوو لە نێوان خولی (سێیەم - چوارەم) بریتیە لە (-١٩,٥٪)، لە هەمان کاتیشدا ڕێژەی گەشەی هەڵبژێر لەهەمان ماوەدا (١٣,٢٪)[1]، واتە ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگەکان بۆ هەڵبژێر بەڕێژەی (-٣٢,٧٪) کەمدەکات و هاوکات ڕێژەی سەدی کورسییە بەدەست هاتوەکانیشی بە ڕێژەی (-٥٠٪) کەم دەکات.**

**هۆکاری کەمبوونی سەنگی هەڵبژاردنی ئەم لیستە دەگەڕێتەوە بۆ:**

**أ- لاوازی پێگەی جەماوەری و دەنگدەری ئەم لیستە لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بەهێزی لیستە ململانێکارەکانی.**

**ب- بەشداریکردنی لیستە ئیسلامییەکانی دی بە لیستی سەربەخۆ و بەهێزی پێگەی جەماوەری پارتە ململانێکارەکانی و بەرزی نرخی کورسی پەرلەمانی.**

**ت- بوونی کێشە ناوخۆی حزبی.**

**٧- سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان:**

**ئەم لیستە بەشداری هەر چوار خولەکەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی کردووە، بەگشتی سەنگی هەڵبژاردنی لە زۆرەوە بۆ کەم هەنگاوی ناوە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٨٨) ونەخشەی ژمارە (٧٦) .**

---

(١) - خشتەی ژمارە (١٦).

### خشتەی ژمارە (٨٨)

### گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی لیست (پارت) حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان لە نێوان هەڵبژاردنی خولی (یەکەم - چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢- ٢٠١٣)

| ژ.لیست | لۆگۆ یان نیشانە | خول | پارێزگا یان ناوچەی هەڵبژاردن | | | | | | | | دەنگی بەدەست هاتوو | | | کورسی بەدەست هاتو | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | دهۆك | | هەولێر | | سلێمانی | | پ.تری عێراق | | ژ. | (٪) بۆ لیستە سەرکەوتوەکان | ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگ | ژ. | (٪) |
| | | | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | | | | | |
| ٢ | | یەکەم | ١,٩٨٣ | ٠,٢ | ٨,٨٨٣ | ٠,٩٢ | ١١,٩٧٨ | ١,٢٤ | ٢,٠٣٨ | ٠,٢١ | ٢٤,٨٨٢ | ٢,57 | - | ٠ | ٠ |
| ١٦٢ | | دووەم | ٢,٤٤٥ | ٠,١٤ | ١,٤٣٧ | ٠,٠٨ | ٧,٠١٨ | ٠,٤ | - | - | ١٠,٩٠٠ | ٠,٦٢ | ٥٦,٢- | ٢ | ١,٨ |
| ٥٩ | | سێیەم | ٦,٥٨٩ | ٠,٣٦ | ١٠,٦٤١ | ٠,٥٩ | ١٩,٨٢٢ | ١,١ | ٣٩ | ٠ | ٣٧,٠٩١ | ٢,٠٥ | ١٤٨,٥ | ٢ | ٢ |
| ١١١ | | چوارەم | ٦٣٨ | ٠,٠٣ | ١,٣٣٩ | ٠,٠٧ | ١٠,٥١٠ | ٠,٥٥ | ١٤ | ٠ | ١٢,٥٠١ | ٠,٦٥ | ٦٦,٣- | ١ | ١ |

سەرچاوە: کاری توێژەربە سود وەرگرتن لە خشتەکانی ژمارە (٢٩، ٣٦، ٤٨ ،٦٨).

### نەخشەی ژمارە (٧٦)

### گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی لیست (پارت) حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان لە نێوان هەڵبژاردنی خولی (یەکەم - چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢- ٢٠١٣)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٨٨).

بە سەرنجدان لە خشتەی ژمارە (٨٨) دەبینین، ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگی ئەم پارتە لە نێوان خولەکانی هەڵبژاردندا بریتی بووە لە (-٥٦,٢٪) (١٤٨,٥٪) (-٦٦,٣٪)، بەڵام ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگی هەڵبژێر یش لە هەمان ماوەدا (٩٠٪) (١٧,٦٪) (١٣,٢٪)، جیاوازی ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگ بۆ هەڵبژێر لە هەمان ماوەدا (-١٤٦,٢٪) (١٣١٪) (-٧٩,٥٪)، بوونی ئەم جیاوازیە زۆر دەگەڕێتەوە بۆ:

أ- جیاوازی ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگی ئەم پارتە لەگەڵ زیادبوونی هەڵبژێر لە نێوان هەڵبژاردنی (خولی یەکەم - دووەم )(-١٤٦,٢٪)، بەرزی ئەم جیاوازیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا دەنگی هاوپەیمانێتیە بەلأم لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا دەنگی پارتە بە تەنها، لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا دەنگی ڕاستەقینەی ئەم پارتە نیە، بەڵکو بەرکەوتەی دەنگی ئەم پارتەیە، ئەویش بە ڕێکەوتنی ڕامیاری پێشوەختەی هەڵبژاردن ئەنجامدراوە.

ب- لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا، بەهەمان شێوەی خاڵی پێشوو بەرکەوتەی ڕێکەوتنی ڕامیاری پێش وەختەیە، نەك دەنگی ڕاستەقینەی ئەم پارتە.

ت- لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا دەنگی ڕاستەقینەی حزبە و لە پاشە کشەیەکی ڕاستەقینەدایە، ئەویش بەهۆی:

أ- "لاوازی پێگەی جەماوەر و دەنگدەری ئەم لیستە ئەویش بەهۆی نەتوانین و شۆڕنەبوونەوە بۆ ناو جەماوەر و جیابوونەوەی هەندێك لە سەرکردەکانی لە حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان"[١].

ب- خراپی دۆخی ئابوری حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان[٢].

ت- لاوازی سەرکردایەتی و کاری ڕێکخراوەی و میدیایی و پەرلەمانتاری ئەم پارتە بەراورد بە پارتەکانی دیکە.

پ- نەگەیشتنیان بەدەسەلأت لە کابینەکانی پێشوودا.

ج- زۆر بوونی ژمارەی لیستەکانی هەڵبژاردن و دابەشبوونی دەنگەکان بەسەر لیستەکاندا و بوونی لیستی زۆر بەهێز و زیاد بوونی بەهای کورسی پەرلەمانی.

٨-حزبی شیوعی کوردستان:

ئەم پارتە بەشداری سەرجەم خولەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی کردووە، بەلأم دەنگی ئەم لیستە بەگشتی بەرەو کەمی چووە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٨٩)و نەخشەی ژمارە (٧٧) .

خشتەی ژمارە (٨٩)

گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی لیستی حزبی شیوعی کوردستان لە نێوان هەڵبژاردنی خولی ( یەکەم - چوارەم) ی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢- ٢٠١٣)

| ژ.لیست | لۆگۆ یان ئالا | خول | بازێڕگا یان ناوچەی هەڵبژاردن | | | | | | | | دەنگی بەدەست هاتوو | | | کورسی بەدەست هاتوو | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | دهۆک | | هەولێر | | سلێمانی | | پ.تری عێراق | | | | | | |
| | | | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) بۆ لیستە سەرکەوتووەکان | ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگ | ژ. | (٪) |
| ٤ | | یەکەم | ١,٥٤٦ | ٠,١٦ | ١١,٠٤٧ | ١,١٤ | ٥,٦٩٣ | ٠,٥٩ | ٢,٨٣٧ | ٠,٢٩ | ٢١,١٢٣ | – | – | ٠ | ٠ |
| ١٦٢ | | دووەم | ١,٣٨٤ | ٠,٠٧ | ٣٠,٢٤١ | ١,٧٢ | ٨,١٩٢ | ٠,٤٧ | – | – | ٣٩,٨١٧ | ٢,٢٦ | ٨٨,٥ | ٣ | ٢,٧ |
| ٥٥ | | سێیەم | ١,١٦٠ | ٠,٠٦ | ٧,٨٤٢ | ٠,٤٣ | ٦,٠٢٩ | ٠,٣٣ | ١٢ | ٠ | ١٥,٠٤٣ | ٠,٨٣ | ٦٢,٢- | ١ | ١ |
| ٧ | | چوارەم | ١,٤٠١ | ٠,٠٧ | ٥,٣٥٦ | ٠,٢٨ | ٥,٦٢٩ | ٠,٢٩ | ٦ | ٠ | ١٢,٣٩٢ | ٠,٦٤ | ١٧,٦- | ١ | ١ |

سەرچاوە: کاری توێژەربە سود وەرگرتن لە خشتەکانی ژمارە (٢٩، ٣٦، ٥٠، ٦٩).

بە سەرنجدان لە خشتەی ژمارە (٨٩) دەبینین، ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگی ئەم لیستە لە نێوان خولەکانی هەڵبژاردندا (٨٨,٥٪) (-٦٢,٢٪) (-١٧,٦٪)، بەلأم ڕێژەی سەدی گەشەی هەڵبژێر لە هەمان ماوەدا (٩٠٪) (١٧٪) (١٧,٦٪) (١٣,٢٪)، جیاوازی ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگ بۆ هەڵبژێر (-١,٥٪) (-٧٩,٨٪) (-٣٠,٨٪)، وەك دەبینین لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی هەڵبژێرەکان لە هەرێمدا، دەنگی ئەم لیستە بەرەو کەمی چووە، هەرچەندە ژمارەی ڕاستەقینەی دەنگی ئەم پارتە نازانین، لەبەر ئەوەی لە هەڵبژاردنی خولی

---

(١)- دیدار لەگەڵ بەڕێز ڕەفعت محمد بەپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، سلێمانی، ٧ئەیلولی٢٠١٨.

(٢)- دیدار لەگەڵ بەڕێز فاتح ڕەئوف مارف، سەرچاوەی پێشوو.

(یەكەم - سێیەم) بە هاوپەیمانێتی بەشداری هەڵبژاردنەكانی كردووە، واتە ناتوانین سەنگی هەڵبژاردنی ڕاستەقینەی ئەم پارتە بزانین، بەلاّم لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا ژمارەی دەنگەكانی دادەبەزێت بۆ نزمترین ئاستی لە مێژووی ئەنجامی هەڵبژاردنەكانیاندا، هۆكارەكانی دابەزینی دەنگی ئەم لیستە (پارتە) دەگەڕێنەوە بۆ:

نەخشەی ژمارە (٧٧)

گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی لیستی حزبی شیوعی كوردستان لە نێوان هەڵبژاردنی خولی ( یەكەم - چوارەم) ی پەرلەمانی كوردستان (١٩٩٢- ٢٠١٣)




سەرچاوە: كاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٨٩).

أ- لاوازی ڕۆڵی (ئەدای) حزبی شیوعی لە گەیاندنی پەیامی خۆی بە خەڵك لە سەر ڕووداوە سیاسیەكان.

ب- قۆرخكردنی دەسەلاّت و سەروەت و سامانی وولاّت لە لایەن پارتە گەورەكان و بەخشینەوەی ئیمتیازاتی (پارە، زەوی، دامەزراندن...تاد.) بەردەوام بەسەر ئەندامان و لایەنگرانی خۆیان و دروستكردنی هێزی سەربازی.

ت- وازهێنان و ڕۆیشتنی ئەندامان و لایەنگرانی حزبی شیوعی بۆ ناو پارتە دەسەلاّتدارەكان.

پ- دەستوەردان و ڕۆڵی وولاّتانی هەرێمی لە كاروباری ناوخۆی هەرێمی كوردستان .

ج- نەگونجاندنی ئایدیۆلۆجی ئەم لیستە لەگەڵ بیروباوەڕی باوی كۆمەڵگای كوردستانی كە كۆمەڵگایەكی موسڵمانن.

ح- نەگەیشتنی ئەم لیستە بە دەسەڵات.

خ- لاوازی سەرکردایەتی و پەرلەمانتاری و میدیایی و کاری ڕێکخراوەیی ئەم پارتە.

٩- زەحمەتکێشانی کوردستان

ئەم پارتە لە هەڵبژاردنی خولی (یەکەم - چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان بەشداری هەڵبژاردنەکانی کردووە، چ بە شێوەی لیستی سەربەخۆ، چ لە هاوپەیمانێتیدا، سەنگی هەڵبژاردنیشی بەردەوام لە گۆڕاندا بووە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٩٠) و نەخشەی ژمارە (٧٨) .

خشتەی ژمارە (٩٠) .

گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی لیستی (پارتی) زەحمەتکێشانی کوردستان لە نێوان هەڵبژاردنی خولی ( یەکەم - چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢- ٢٠١٣)

| ژ.لیست | لۆگۆ یان ئاڵا | خول | پارێزگا یان ناوچەی هەڵبژاردن: دهۆک ژ. | دهۆک (٪) | هەولێر ژ. | هەولێر (٪) | سلێمانی ژ. | سلێمانی (٪) | پ.تری عێراق ژ. | پ.تری عێراق (٪) | دەنگی بەدەست هاتوو ژ. | (٪) بۆ لیستە سەرکەوتوەکان | ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگ | کورسی بەدەست هاتوو ژ. | کورسی بەدەست هاتوو (٪) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٧ | | یەکەم | ٩١١ | | ٨,٩٠١ | | ١٢,٤٣٠ | | ٣,١٨٨ | | ٢٥,٤٣٠ | ٦ | - | ٣ | ٦ |
| ٤٣ | | دووەم | ١,٢٣٨ | ٠,٠٨ | ١١,٨٢٩ | ٠,٧ | ٧,٥١٨ | ٠,٤٥ | - | - | ٢٠,٥٨٥ | ١,٢٣ | ١٩,٠٥- | ١ | ٠,٩ |
| ٥٩ | | سێیەم | ٣,٢٩٥ | ٠,١٨ | ٥,٣٢٠ | ٠,٣ | ٩,٩١١ | ٠,٥٤ | ٢٠ | ٠ | ١٨,٥٤٦ | ١,٠٢ | ٩,٩- | ١ | ٧,٧ |
| ١١٥ | | چوارەم | ٤٤٤ | ٠,٢ | ٤,٢٣٢ | ٠,٢٢ | ٤,٠٠٠ | ٠,٢١ | ٥ | ٠ | ٨,٦٨١ | ٠,٤٥ | ٥٣,٢- | ٠ | ٠ |

سەرچاوە:کاری توێژەربە سود وەرگرتن لە خشتەکانی ژمارە (٣١، ٣٩، ٤٩،٧٠).

بە سەرنجدان لە خشتەی ژمارە (٩٠) دەبینین، لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا بەهۆی ڕێکەوتنی پێشوەختی هەڵبژاردن لەگەڵ (ی.ن.ك.) و زۆری دەنگی بەدەست هاتوی لیستەکەیان، توانی (٣) کورسی پەرلەمانی بەدەست بهێنێت، کاتێك دەیگۆڕین بۆ دەنگ دەکاتە (٢٥,٤٣٠) دەنگ، لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا بە لیستی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنەکانی کرد و (١) کورسی ئەنجومەنەکەی بەدەست هێنا، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا لەگەڵ لیستێکی علمانی و دوو لیستی تری ئیسلامی بەشداری هەڵبژاردنیان کرد و بە ڕێکەوتنی پێشوەختە (١) کورسی پەرلەمانییان بەرکەوت، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا لەگەڵ پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان بەشداری هەڵبژاردنەکەیان کرد و یەك کورسی پەرلەمانیان بەدەست هێنا، بەڵام تا کۆتاییهاتنی خولی چوارەم ئەم کورسیە لای پارتی کرێکاران مایەوە.

ڕێژەی گەشەی سەدی دەنگی ئەم لیستە لە نێوا خولەکاندا یەك لە دوای یەك بریتیە لە (١٩,٠٥-٪) (٩,٩-٪) (٥٣,٢-٪)، بەڵام ڕێژەی سەدی گەشەی هەڵبژێر لە نێوان هەمان ماوەدا (٩٠٪) (١٧,٦٪) (١٣,٢٪)[١]، جیاوازی نێوان ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگی بەدەست هاتوو و هەڵبژێر بریتییە لە (١٠٩,٠٥-٪) (٢٧,٥-) (٦٦,٤-٪). هۆکاری دابەزینی دەنگی ئەم لیستە (پارت) یەك لە دوای یەك لە هەڵبژاردنەکاندا دەگەڕێنەوە بۆ:

أ- لاوازی پێگەی جەماوەری ئەم پارتە.

ب- کێشەی ناخۆی حزب و جیابوونەوەی بەشێك لە سەرکردایەتی و ئەندامان لەم پارتە.

ت- بەهێزی لیستە ململانێکارەکانیان و بەدەست هێنانی زۆرترین دەنگ و بەرزکردنەوەی نرخی کورسییەکی پەرلەمانی.

(١)- خشتەی ژمارە (١٦).

نەخشەی ژمارە (٧٨)

گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی لیستی (پارتی) زەحمەتکێشانی کوردستان لە نێوان هەڵبژاردنی خولی ( یەکەم - چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢- ٢٠١٣)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٩٠).

١٠- پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان:

ئەم پارتە لە هەڵبژاردنی خولی (دووەم - چوارەم) چووە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، سەنگی هەڵبژاردنی ئەم پارتە لە گۆڕانی بەردەوام بووە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٩١) و نەخشەی ژمارە (٧٩) .

بە سەرنجدان لە خشتەی ژمارە (٩١) دەبینین سەنگی هەڵبژاردنی ئەم پارتە لە نێوان خولەکاندا (-٧٧٪) (١٥٠٪)، هۆکاری ئەم جیاوازیە گەورەیە لە دەنگی بەدەست هاتووی ئەم پارتە دەگەڕێنەوە بۆ:

١- لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا ئەو دەنگەی بەدەستی هێناوە، دەنگی لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستانە و ئەو کورسییەی کە بەدەستی هێناوە بە پێی ڕێکەوتنی ڕامیاری پێشوەختەی هەڵبژاردن بووە، واتە دەنگی ڕاستەقینەی ئەم پارتە نەبووە.

٢- لەهەڵبژاردنی خولی سێیەمدا بە لیستی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنەکەی کردووە و تەنها (٣,٤٧٣) دەنگی بەدەست هێناوە، بەراورد بەخولی دووەم (-٧٧٪) دەنگەکانی لە دەستداوە.

٣- لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا دەنگەکانی بە ڕێژەی (١٥٠٪) زیاد دەکات، ئەویش بەهۆی هاوپەیمانیکردن لەگەڵ حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، واتە دەنگی بەدەست هاتوو دەنگی هاوپەیمانێتییە نەك دەنگی ئەم پارتە بە تەنها.

**خشتەی ژمارە (٩١) .**

**گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان لە نێوان هەڵبژاردنی خولی (دووەم - چوارەم)ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٥- ٢٠١٣)**

| ژ.لیست | لۆگۆ یان ئاڵا | خول | پارێزگا یان ناوچەی هەڵبژاردن: دهۆک ژ. | دهۆک (٪) | هەولێر ژ. | هەولێر (٪) | سلێمانی ژ. | سلێمانی (٪) | پ.تری عێراق ژ. | پ.تری عێراق (٪) | دەنگی بەدەست هاتوو: ژ. | (٪) بۆ لیستە سەرکەوتوەکان | ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگ | کورسی بەدەست هاتوو: ژ. | (٪) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٦٢ | | دووەم | ٣,٤٩٤ | ٠,٢٢ | ٥,٤٤٤ | ٠,٣٤ | ٦,١٦٦ | ٠,٤ | ٠ | ٠ | ١٥,١٠٣ | ٠,٩٦ | _ | ١ | ٠,٩ |
| ٥٣ | | سێیەم | ٩٤٩ | ٠,٠٥ | ١,٣٥٨ | ٠,٠٨ | ١,١٦٣ | ٠,٠٧ | ٣ | ٠ | ٣,٤٧٣ | ٠,٢ | ٧٧- | ٠ | ٠ |
| ١١٥ | | چوارەم | ٤٤٤ | ٠,٠٢ | ٤,٢٣٢ | ٠,٢٢ | ٤,٠٠٠ | ٠,٢١ | ٥ | ٠ | ٨,٦٨١ | ٠,٤٥ | ١٥٠ | ١ | ١ |

سەرچاوە:کاری توێژەر بە سودوەگرتن لە خشتەکانی ژمارە (٣٦، ٤٠، ٧٠).

**نەخشەی ژمارە (٧٩)**

**گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان لە نێوان هەڵبژاردنی خولی (دووەم - چوارەم)ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٥- ٢٠١٣)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٩١).

## تەوەری دووەم: گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی لیستە ململانێکارەکان بۆ کورسی کۆتاکان:

لەم تەوەرەدا لە گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی ئەو لیستانەی پێکهاتەی کۆتاکان دەدوێین کە لە خولێك زیاتر بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنەکانیان کردووە، ئەوانیش:

یەکەم: گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی لیستە ململانێکارەکانی پێکهاتەی کلد و سریان و ئاشوری:

لەم تەوەرەدا لە گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی ئەو لیستە کریستیانانە دەدوێین، کە لە ململانێیەکی توندا بوون بۆ بەدەست هێنانی زۆرترین کورسی پەرلەمانی لە نێوان خولی (یەکەم - چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان، ئەوانیش بریتین لە:

١- بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری (ڕافدەین):

ئەم لیستە لە هەر چوار خولەکەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا بەشداری کرد، سەنگی هەڵبژاردنی لە گۆڕانی بەردەوام دابوو، ئەویش پەیوەست بوو بە کۆمەڵێك فاکتەری ڕامیاری، دیموگرافیا، جوگرافیا، یاسای هەڵبژاردن، بڕوانە خشتەی ژمارە (٩٢) و نەخشەی ژمارە (٨٠) .

خشتەی ژمارە (٩٢)

گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی لیستی بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری (ڕافدەین) لە نێوان هەڵبژاردنی خولی (یەکەم - چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢- ٢٠١٣)

| ژ.لیست | لۆگۆ یان ئالا | خول | پارێزگا یان ناوچەی هەڵبژاردن | | | | | | | | دەنگی بەدەست هاتوو | | | کورسی بەدەست هاتوو | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | دهۆك | | هەولێر | | سلێمانی | | پ.تری عێراق | | ژ. | (٪) بۆ لیستە سەرکەوتووەکان | ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگ | ژ. | (٪) |
| | | | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | | | | | |
| | | یەکەم | ٥,٥٦٠ | ٥٩,٧٨ | ٠ | ٩,٦٧ | ٨٣ | ٠,٩ | ٠ | ٠ | ٦,٥٤٣ | ٧٠,٣٥ | - | ٤ | ٨٠ |
| ١٦٢ | | دووەم | ٦,٩٨٨ | | ١٠,٨٨٥ | | ١٢,٣٣٢ | | ٠ | ٠ | ٣٠,٢٠٥ | ١,٩٢ | ٣٦١,٦ | ٢ | ٤٠ |
| ٦٧ | | سێیەم | ٤,١٧٠ | ٢١,٠٥ | ١,٤١٠ | ٧,١٢ | ١٥١ | ٠,٧٦ | ٨٤ | ٠,٤٢ | ٥,٨١٥ | ٢٩,٣٥ | ٦١,٥- | ٢ | ٤٠ |
| ١٣٦ | | چوارەم | ٣,٤٨٠ | ٢٦,٨٤ | ١,٨٧٧ | ١٤,٤٧ | ٧٦٦ | ٥,٩١ | ٢٢ | ٠,١٧ | ٦,١٤٥ | ٤٧,٣٩ | ٥,٦ | ٢ | ٤٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەربە سود وەرگرتن لە خشتەکانی ژمارە (٣٣، ٣٦، ٥٣، ٧٢).

وەك لە خشتەی ژمارە (٩٢) دەبینین، ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگی ئەم لیستە لە نێوان خولەکاندا بریتیی بوو لە (٣٦١,٦٪) (-٦١,٥٪) (٥,٦٪)، ڕێژەی سەدی گەشەی هەڵبژێر[*]بۆ هەمان ماوە بریتی بوو لە (٩٠٪) (١٧,٦٪) (١٣,٢٪)[١]، جیاوازی ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگی ئەم لیستە بۆ هەڵبژێر بریتیە لە (٢٧١,٦٪) (-٧٩,١٪) (-٧,٦٪)، وەك دەبینین ئەم لیستە لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا (٧٠,٣٥٪) کۆی دەنگی پێکهاتەکەیان و (٤) کورسی پەرلەمانی بەدەست هێناوە، بەڵام لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا بە ڕێکەوتنی ڕامیاری پێشوەختە دەچێتە پرۆسەی هەڵبژاردن و ڕێژەی دەنگەکانی دادەبەزێت بۆ (١,٩٢) کۆی دەنگی هاوپەیمانێتیەکەی و کورسییەکانیشی لەچاو خولی یەکەمدا بەڕێژەی (-٥٠٪) دادەبەزێت و تەنها (٢) کورسی ئەنجومەنەکەی بەردەکەوێت. کورسییەکانی تری ئەم پێکهاتەیە، بەر بەربژێرە بەناو بێلایەنەکانی سەر بەم پێکهاتەیە کەوتن (ئەو بەربژێرانەی نزیك بوون لەدەسەڵاتەوە)، لە خولەکانی تریشدا دەنگدەری تری دەرەوەی ئەم پێکهاتەیە دەنگیان بە لیست و بەربژێرەکانی ئەم پێکهاتەیە داوە، بۆیە بەهای کورسی زۆر زیادی کردووە، سەنگی هەڵبژاردنی ئەم لیستە دابەزیوە.

---

(*)- نازانرێت ڕێژەی سەدی گەشەی دانیشتوان و هەڵبژێر ی ئەم پێکهاتەیە چەندە، بە ناچاری پشت بە ڕێژەی سەدی گەشەی دانیشتوان و هەڵبژێر هەرێم دەبەستڕێت، ئەگەر چی تەنها لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا دەنگدەری ئەم پێکهاتەیە دەنگیان بە لیستی پێکهاتەکەیان داوە و لە خولەکانی تردا دەنگدەری هەرێم بە گشتی توانیویانە دەنگ بە هەڵبژێر و لیستی ئەم پێکهاتەیە و پێکهاتەکانی تری هەرێمیش بدەن.

(١) - خشتەی ژمارە (١٦).

نەخشەی ژمارە (٨٠)

گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی لیستی بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری (ڕافدەین) لە نێوان هەڵبژاردنی خولی (یەکەم - چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢- ٢٠١٣)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٩٢).

٢- ئەنجومەنی گەلی کلد و سریان و ئاشور:

ئەم لیستە لە هەردوو هەڵبژاردنی خولی سێیەم و چوارەمی پەرلەمانی کوردستاندا بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کردووە، بۆ زانینی سەنگی هەڵبژاردنی لە هەردوو خولەکەدا ، بڕوانە خشتەی ژمارە (٩٣) و نەخشەی ژمارە (٨١) .

بە سەرنجدان لە خشتەی ژمارە (٩٣) دەبینین، ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگی ئەم هاوپەیمانێتیە لە نێوان هەردوو خولەکەدا (-٤٦٪) بووە، بەڵام لە ڕێژەی سەدەی گەشەی هەڵبژێر (١٣,٢٪)[(١)]، واتە جیاوازی ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگی بەدەست هاتووی ئەم لیستە لەگەڵ ڕێژەی سەدی گەشەی هەڵبژێر (-٥٩,٢٪)، ژمارەی کورسییەکانیشی بەڕێژەی (-٣٣,٣٪) دابەزیوە، ئەم هاوپەیمانێتیە لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا توانی (١٠,٦٠٠) دەنگ و ڕێژەی(٥٣,٥١٪) دەنگی ئەم پێکهاتەیە بەدەستبهێنێت، بەهۆی بەدەست هێنانی دەنگێکی زۆر لە دەرەوەی دەنگدەری ئەم پێکهاتەیە، بەڵام لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا دەنگی ئەم لیستە کەم دەبێت و دەبێت بە (٥,٧٣٠) دەنگ و ڕێژەی (٤٤,١٨٪) کۆی گشتی دەنگی بەدەست هاتووی ئەم پێکهاتەیە، ئەویش بەهۆی کەمی بەشداری دەنگدەر لەم پێکهاتانە و کەمی دەنگی دراو بە لیستی ئەم پێکهاتانە، لە بەرامبەریشدا دەنگ و کورسی بەدەست هاتووی ئەم لیستەش کەم دەکات و دەبێت بە (٢) کورسی پەرلەمانی.

(١)- خشتەی ژمارە (١٦).

### خشتەی ژمارە (٩٣)

### گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی لیستی ئەنجومەن (گردبوونەوە)ی گەلی کلدو سریانی ئاشوری لە نێوان هەڵبژاردنی خولی (سێیەم - چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩- ٢٠١٣)

| ژ.لیست | لۆگۆیان | خول | پارێزگا یان ناوچەی هەڵبژاردن | | | | | | | | دەنگی بەدەست هاتوو | | | کورسی بەدەست هاتوو | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | دهۆك | | هەولێر | | سلێمانی | | پ.تری عێراق | | ژ. | (٪) بۆ لیستە سەرکەوتوەکان | ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگ | ژ. | (٪) |
| | | | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | | | | | |
| ٦٨ | | سێیەم | ٧,٨٢٧ | ٣٩,٥١ | ٢,٦٢١ | ١٣,٢٣ | ١٤٢ | ٠,٧١ | ١٠ | ٠,٠٥ | ١٠,٦٠٠ | ٥٣,٥١ | - | ٣ | ٦٠ |
| ١٢٧ | | چوارەم | ٤,٣٥٩ | ٣٣,٦١ | ١,١٥٠ | ٨,٨٧ | ٩٨ | ٠,٧٥ | ١٢٣ | ٠,٩٥ | ٥,٧٣٠ | ٤٤,١٨ | ٤٦- | ٢ | ٢٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەربە سود وەرگرتن لە خشتەکانی ژمارە (٥٢، ٧٣).

### نەخشەی ژمارە (٨١)

### گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی لیستی ئەنجومەن (گردبوونەوە)ی گەلی کلدو سریانی ئاشوری لە نێوان هەڵبژاردنی خولی (سێیەم - چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩- ٢٠١٣)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٩٣).

**دووەم: گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی لیستە ململانێکارەکانی پێکهاتەی تورکمان:**

لەم تەوەرەدا لە گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی لیستە ململانێکارەکـانی پێکهاتەی تورکـمان دەدوێین، لـە نێوان خولـەکانی ( یەکەم - چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان، لەم پێکهاتە نەتەوەییەدا تەنها لیستی هەولێری تورکمانی دوو خول بەشداری هەڵبژاردنی کردووە، سەنگی هەڵبژاردنی ئەم لیستەش لە هەر یەکێك لە خولەکاندا جیاوازبووە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٩٤) و نەخشەی ژمارە (٨٢) .

### خشتەی ژمارە (٩٤)

### گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی لیستی هەولێری تورکمان لە نێوان هەڵبژاردنی خولی (سێیەم - چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩- ٢٠١٣)

| ژ.لیست | لۆگۆ | خول | پارێزگا یان ناوچەی هەڵبژاردن | | | | | | | | دەنگی بەدەست هاتوو | | | کورسی بەدەست هاتوو | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | دهۆك | | هەولێر | | سلێمانی | | پ.تری عێراق | | ژ. | (٪) بۆ لیستە سەرکەوتوەکان | ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگ | ژ. | (٪) |
| | | | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | | | | | |
| ٧٠ | | سێیەم | ٦٢ | ٠,٢١ | ٣,٤٨٣ | ١١,٦٧ | ٣٥٩ | ١,٢ | ٢ | ٠,٠١ | ٣,٩٠٦ | ١٣,٠٩ | - | ١ | ٢٠ |
| ١٢١ | | چوارەم | ١٨٠ | ١,٥١ | ١,١٥٣ | ٩,٦٥ | ٦١٥ | ٥,١٤ | ٣ | ٠,٠٢ | ١,٩٥١ | ١٦,٣٢ | -٥٠ | ١ | ٢٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەربە سود وەرگرتن لە خشتەکانی ژمارە (٤٩، ٧٩).

### نەخشەی ژمارە (٨٢)

### گۆڕانی سەنگی هەڵبژاردنی لیستی هەولێری تورکمان لە نێوان هەڵبژاردنی خولی (سێیەم - چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩- ٢٠١٣)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە داتای خشتەی ژمارە (٩٤).

وەك لە خشتەی ژمارە (٩٤) دەبینین، ئەم لیستە لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا (٣,٩٠٦) دەنگی بەدەست هێناوە، بەڵام لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا دەنگەکانی دادەبەزێت بۆ (١,٩٥١) دەنگ، ڕێژەی سەدی گەشەی دەنگی ئەم لیستە (-٥٠٪)، بەڵام ڕێژەی سەدی گەشەی هەڵبژێر (١٣,٢٪)[١]، واتە بە جیاوازی (-٦٣,٢٪)، بەڵام ڕێژەی کورسییەکانی جێگیر بووە و یەك کورسی پەرلەمانی بەدەست هێناوە، هۆکارەکانی دابەزینی دەنگی ئەم لیستە دەگەڕێنەوە بۆ:

---

(١)- خشتەی ژمارە (١٦).

أ- زۆری ژمارەی لیستە تورکمانییەکان لە خولی چوارەم بەراورد بە خولی سێیەم و پەرش بوونەوەی زیاتری دەنگەکان بەسەر لیستەکاندا.

ب- دابەزینی ژمارە و ڕێژەی دەنگدەر بە هەڵبژێر و لیستی ئەم پێکهاتەیە لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان ئەگەر بەراوردی بکەین بە خولی سێیەم، لە خولی سێیەمدا (٢٩,٨٤٥) دەنگدەر دەنگیان داوە، بەلاّم لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا ئەگەر چی ژمارەی پارتەکان زیاد دەکات، بەلاّم ژمارەی دەنگدەر دادەبەزێت و دەبێت بە (٥,٢٥٩) دەنگدەر، واتە بە ڕێژەی (-٨٢,٣٪) دەنگدەران کەمتر بەشداری پرۆسەکە بوون لە چاو خولی سێیەمدا.

ت- نەبوونی قەوارەی حزبی، تەنها لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا وەك لیست بەشداری پرۆسە دەبێت، ئەمەش هۆکارە بۆ نەبوونی کاری ڕێکخراوەیی و نەبوونی ئەندام و لایەنگر، بۆیە لە پاشەکشەی بەردەوامیدا لە بەرامبەر پارتە تورکمانیەکان بە تایبەتتر ئەو پارتە تورکمانیانەی کە کۆمەك دەکرێن، چ لە لایەن کۆماری تورکیا، چ لە لایەن پارتە کوردستانییەکان.

# دەرئەنجام

## دەرئەنجام

لەسەر ڕۆشنایی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێك گەیشتوین کە بریتین لە:

١- هۆکارە سروشتیەکانی وەك سەختی تۆپۆگرافیا (ناوچەی چیا بڵندەکان) کە زیاتر لە نیوەی ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوەی پێکهێناوە، کاریگەری لەسەر دابەشبوون و ژمارە و ئاستی ڕۆشنبیری دانیشتوان هەبووە، ئەمانەش کاریگەرییان لەسەر بڕی تێچوونی دارایی و ڕێژەی بەشداری و نواندنی ڕەفتارێکی دیاریکراوی دەنگدان و ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەبووە.

٢- ماوەی گەیشتنی بەربژێران بۆ بنکەکانی دەنگدان جیاوازە بە جیاوازی ژینگە جوگراڤ و پارێزگاکانی هەرێم، زۆرترین بەربژێری پارێزگای هەولێر بە کەمترین ماوە دەگەنە بنکەکانی دەنگدان، پاشان بەربژێرانی پارێزگای دهۆك و پاشتر بەربژێرانی پارێزگای سلێمانی، بەڵام هێشتا زۆررترین ژمارە و ڕێژەی بەربژێری شارەکان بەراورد بە بەربژێری گوندەکان لەکاتێکی کەمتردا دەگەنە بنکەکانی دەنگدان، سەرەڕای ئەوەی دەنگدەری شارەکان هۆکاری یەکلاکردنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانن.

٣- بەهۆی ئەنجامنەدانی پرۆسەی سەرژمێری گشتی لە زیاتر لە سێ دەیەی ڕابوردوو و بەردەوامی کۆچ و ئاوارەبوونی دانیشتوانی هەرێم بۆ دەرەوەی هەرێم، دەرەوەی هەرێم و عێراق بۆ هەرێم، ژمارەی ڕاستەقینەی دانیشتوانی هەرێم نەزانراوبووە، بۆیە تۆماری دەنگدەرانی هەرێمیش نەزانراو و نا دروست بووە، هەموو پرۆسەی هەڵبژاردنەکانیش لە سایەی ئەم نادروستی و نەزانینەی ژمارەی دانیشتوان و هەڵبژێر ئەنجامدراوە، بۆیە هەموو داتایەکی تایبەت بەم بوارە جێگەی گومانە تا دەگات بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش.

٤- یاسا و موڵك و ماڵ و دامەزراوەی حکومەتی هەرێم لە خزمەتی پرۆسەی هەڵبژارندا بەکارهێنراوە.

٥- سەرەڕای ئەوەی هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی دوور بووە لە مانا و چەمکی ڕاستەقینەی هەڵبژاردنێکی خاوێن و لێوان لێوبووە لە گیروگرفتی یاسایی و کارگێڕی...تاد. بەڵام بە یەکەم بەردی بناغەی دیموکراسی و هەڵبژاردنی هەرێم دادەنرێت.

٦- هەموو ئەو دەستە و کۆمسیۆیانەی کە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی هەرێمیان بەڕێوەبردووە و ئەنجامداوە، لە پشك پشکێنەی حزبی پێکهاتوون، بە تایبەت کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، جگە لەوەی پێکهێنانیان بەم جۆرە دژ بە ناوی کۆمسیۆنەکەشە، سەرپێچی زەقی ئەو یاسایەشە کە پێی پێکهاتوون، بۆیە ئەنجامی کارەکانیشان جێی پرسیارە!

٧- تەرخانکردنی کورسی کۆتا بۆ پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی هەرێم سادەترین مافە کە پێیان بەخشرابێت، بەڵام بەهای کورسییەکانیان زۆر کەمترە لە بەهای کورسی گشتی و لیستە کوردییەکان، بۆ نمونە بەهای هەر (٥) کورسییەکەی پێکهاتەی کلد وسریان و ئاشورییەکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەم و چوارەمی پەرلەمانی کوردستان لە نێوان (٠,٧-١,٧)کورسی گشتی بووە، ئەمە بۆ هەر (٥) کورسییەکەی پێکهاتەی تورکمانیش دروستە، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا بەهاکەیان (٠,٦) کورسی نەتەوەی کورد بووە، جگە لەوەی ئەو پێکهاتانەشی کە خاوەن کورسی کۆتان لە پەرلەمانی کوردستان، دەکەونە جێ هەژموونی پارتێکی باڵا دەستی هەرێمەوە. بەڵام بە پێچەوانەوە پێکهاتەکانی تری ناوچە جوگرافییەکانی تر، هیچ کورسییەکی کۆتایان بۆ تەرخاننەکراوە.

٨- سەرپەڕییەکی یەکجار زۆر لە تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی هەرێم دەبینرێت و لە نێوان (٢,٩٧٪ - ٤,٢١٪)، ئەمە جگە لەوەی چ لە نێوان خولێك و چ لە نێوان خولەکان ئەم جیاوازییە لە نێوان گەشەی ساڵانەی پارێزگاکانیشدا بەدی دەکرێت و لە نێوان (-٠,٣٦٪- ١٤,٣٨٪)، ئەمەش کاریگەری لەسەر ژمارە و ڕێژەی هەڵبژێر و دەنگدەری هەرێم و پارێزگاکانیش هەبووە و تەنانەت لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردەکانیش.

٩- بەهۆی تێپەڕاندنی ڕێژەی دەنگدەر/هەڵبژێر لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان و دەرکردنی لە هاوکێشەکە، دەبینین، زۆرترین ڕێژەی دەنگدان لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بوە کە لە وەرزی بەهاردا

ئەنجامدراوە و ڕێژەکەی (٨٧,٤٪)ە، ڕێژەی دەنگدان لە هەڵبژاردنی خولی دووەم بە پلەی دووەم دێت کە لەوەرزی زستاندا ئەنجامدرا و ڕێژەکەی (٨٤,٨٧٪)ە، لێرەدا کاریگەری فاکتەرە ئاوهەواییەکان وەك یەکێك لەفاکتەرەکان دەردەکەوێت لەسەر ڕێژەی بەشداری دەنگدەران لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا.

١٠- جیاوازی ڕێژەی دەنگدەر/هەڵبژێر لە نێوان (٧٧,٦٪ - ١١١,٤٣٪)بووە. چ لە نێوان خودی یەك پارێزگادا و چ لە نێوان پارێزگاکانیشدا، چ لە خولێکی هەڵبژاردن چ لە نێوان خولەکانی هەڵبژاردندا.

١١- دابەشبوونی جوگرافی بنکەکانی هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەران دوور بووە لە ستانداردی زانستی، بەجۆرێك لە هەندێك بنکە کە لە یەك وێستگە پێکهاتوە زیاتر لە (٢٠) ئەوەندەی وێستگەیەکی ئاسایی هەڵبژێری بەرکەتووە. ئەمەش کاریگەری لەسەر ڕێژەی بەشداری و ئەنجامی هەڵبژاردنەکە هەبووە، بەلآم لە خولەکانی تری هەڵبژاردندا دابەشبوونەکە خاوێن تر و زانستی تر بووە بەراورد بە هەڵبژاردنی خولی یەکەم.

١٢- ژمارە و ڕێژەی لیستە بەشدارەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان خول لە دوای خول لە زیادبوونی بەردەوامدا بوە، ئەمەش کاریگەری لە گەیشتنی ژمارەیەکی زیاتری لیستە سەرکەوتووەکان بۆ پەرلەمان هەبووە، بێگومان یاسای هەڵبژاردنەکانیش ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان لەم ڕووەوە هەبووە.

١٣- فاکتەرە جوگرافیایەکان وەك ( تایبەتمەندی دانیشتوان و فاکتەری کۆمەڵایەتی و ئابوری ) کارگێڕی و ئایدۆلۆجیەتی پارت، ماوەی فەرمانڕەوایی (کات) و بڕی خزمەتی پێشکەشکراو، کاریگەریان لەسەر دروستبوونی ناوچەیەکی پاڵپشتی بەهێز لە پارێزگاکانی دهۆك و هەولێر بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان هەبووە، بە پێچەوانەشەوە لە خولەکانی (یەکەم - دووەم) بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پارێزگای سلێمانی و لە خولەکانی( سێیەم - چوارەم) بۆ لیستە ئۆپۆزسیۆنەکان.

١٤- دوو پارتە شۆڕشگێڕە دەسەڵاتدارەکەی هەرێم (پ.د.ك، ی. ن. ك.)، خول لە دوای خولی هەڵبژاردن دەنگەکانیان زیادی کردووە و بەم جۆرە بوون: (٨٦١,٧١٢)(١,١٦٢,٨٩٤)(١,٠٧٧,٦٥٠)(١,٠٩٤,٤٨٤)، بەلآم ڕێژەکانیان لەسەر ئاستی لیستە بەشداربوەکان بەردەوام لەکەمبوونەوەدا بوون و بەم جۆرە بوون: (٨٩,١٪)(٦٦٪)(٥٩,٢٪)(٥٦٪)، ئەمەش کاریگەری لەسەر دابەزینی ژمارەی کورسییەکانیان هەبووە و خول لە دوای خول بەم جۆرە بوون: (٩٧)(٧٧)(٥٩)(٥٦).

١٥- لەبەر ئەوەی هەڵبژاردن لە دوای هەڵبژاردن نەوەی نوێ و دەنگدەری نوێ بەشداری پرۆسەکانی هەڵبژاردن دەکەن، یان دەبێت پارت و لیستی نوێی بە بەرنامەی نوێ و سەردەمیانەی هەڵبژاردن دروست ببێت، یان دەبێت پارت و لیستە کوردستانییەکان خۆیان نوێ بکەنەوە بە جۆرێك بتوانن وەڵامدانەوەیان بۆ خواست و ویستی لاوان و گەنجان هەبێت، بە پێچەوانەوە لە هەڵبژاردنە خاوێنەکاندا (بە بێ پەنابردن بۆ کاری نایاسایی) لە پاشەکشەی بەردەوامدا دەبن.

١٦- لە هەڵبژاردنی خولی(یەکەم - چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان، هەندێك لە لیستە کوردستانییەکان سود مەندبوون لە کورسی کۆتا و هاریکاری سەرکەوتنی بەربژێری ئەم لیستانەبوون، بۆ نمونە لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا بەربژێرە ئەرمەنییەکان تەنها (١,٨٥٨)دەنگ و ڕێژەی (٢٣,٣٪)دەنگەکانیان لە پارێزگای دهۆك بەدەستهێناوە، بە پێچەوانەوە لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی (٦,١٢١)دەنگ و ڕێژەی(٧٦,٧٪)دەنگەکانیان بەدەستهێناوە، لە کاتێکدا ژمارەی ئەرمەنیەکان لە (١,٥٠٠) کەس تێناپەڕن و دەکەونە پارێزگای دهۆکەوە، ئەمە بۆ لیستە تورکمانیەکانیش هەر وایە، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا (١٥,٧٧٠)دەنگیان لە کۆی (٢٩,٨٤٥)دەنگ لە پارێزگاکانی سلێمانی و دهۆك بوون ئەمەش دەکاتە زیاتر لە(٥٢٪)دەنگی ئەم پێکهاتەیە، لە کاتێکدا زۆرینەی پێکهاتەی تورکمانەکان لە پارێزگای هەولێر نیشتەجێ بوون. ئەمەش ئاماژەیە بۆ دەنگدانی دەنگدەری دەرەوەی پێکهاتەکان بە بەربژێر و لیستە جێ مەبەستەکانی ئەم پێکهاتانە.

١٧- لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان براوەی یەکەمی سەرجەم خولەکانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکان بووە، چ بە لیستی سەربەخۆ چ بە هاوپەیمانێتی بەشداری پرۆسەکەی کردبێت، چ سودی لە دەنگی ئەندامان و لایەنگران و دەنگی خۆڵەمێشی پارتەکە (خولی یەکەم، سێیەم، چوارەم ) یان هاوپەیمانەکانی (خولی دووەم) وەرگرتبێت.

١٨- ژمارە و ڕێژەی دەنگی لیستە ئیسلامییەکان جگە لە هەڵبژاردنی خولی سێیەم، خول لە دوای خول زیاتر بووە و بەم جۆرە بوون هەڵبژاردنی خولی یەکەم (٤٨,١٠٩) دەنگ و ڕێژەی (٥٪)ی کۆی دەنگی کورسی گشتی و (٠)کورسی پەرلەمانی، هەڵبژاردنی خولی دووەم (٢٢١,١٥٩) و ڕێژەی (١٢,٦٪)دەنگەکان و (١٤) کورسی پەرلەمانی، هەڵبژاردنی خولی سێیەم (٢١٢,٦٠٢)دەنگ و ڕێژەی (١١,٦٧٩٪) دەنگەکان و (١٢) کورسی پەرلەمان، هەڵبژاردنی خولی چوارەم (٣٢٧,١٤٩)دەنگ و ڕێژەی (١٦,٧٥) دەنگەکان و (١٧) کورسی پەرلەمانیان بەدەستهێناوە*.

١٩- سەرکەوتنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەماندا دەگەڕێتەوە بۆ چونە هاوپەیمانێتی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، چونکە دەنگی جوگرافیای قەڵەمڕەوی پارتی دیموکراتی کوردستان نزیکەی (٧٣٪)دەنگی هاوپەیمانێتیەکەی پێکهێناوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز لەو پارێزگایە لەم خولەدا.

٢٠-بزوتنەوەی گۆڕان بە سەرەتای دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز دژ بە پارتە دەسەڵاتدارەکان لە هەرێمی کوردستان دادەنرێت، سەرکردایەتی کردنی لە لایەن نەوشیران مستەفا و بانگەشە بزوێنەر و فەنتازیەکانیان لە گۆڕینی سیستمی سیاسی و باشترکردنی دۆخی ئابوری هاوڵاتیان و بنبڕکردنی گەندەڵی و چاکسازی کردن لە سیستمی کارگێڕی و جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت و ئازادی ڕۆژنامەوانی و بیروڕای ئازدا... تاد. هۆکار بوون بۆ بەدەستهێنانی زیاتر لە(٤٤٥,٠٠٠) دەنگ و(٢٥)کورسی پەرلەمانی، هەڵوێستی چوار ساڵی ئۆپۆزسیۆن بوونیان هۆکار بوو بۆ بەدەستهێنانی دەنگێکی زیاتر لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستاندا، بەڵام بەهۆی بەهای کورسییەوە ژمارەی کورسیەکانی دەبێت بە (٢٤) کورسی پەرلەمانی.

٢١- ئەگەر چی دەنگی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ژمارە زیادی کردووە بەڵام بە ڕێژە دەنگەکانی کەمی کردووەو ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر دابەزینی کورسیەکانی لە نێوان خولی( یەکەم - سێیەم)ی پەرلەمانی کوردستان بەم جۆرە بووە (٥٠)(٣٩)(٣٠)، لە خولی چوارەم بە ژمارەی کورسیەکانی دەبێت بە(٣٨) کورسی. بە ڕێژەی (٢٦,٦٪) لەچاو کورسییەکانی خولی پێشوو زیاد دەکات.

٢٢- ژمارەی کورسییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە نێوان هەڵبژاردنی خولی (یەکەم — چوارەم) بەردەوام لە کەمەوە بەرەو کەمتر هەنگاوی ناوە، بە جۆرێك یەکێك لە زەرەرمەندترین پارتەکان بووە لە هەڵبژاردنەکانی هەرێم و کورسییەکانی خول لە دوای خول بریتی بوون لە (٤٧)(٣٨)(٢٩)(١٨)کورسی.

٢٣-ژمارە و ڕێژەی دەنگەکانی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بە لیستی سەربەخۆی زیاترە وەك چونە هاوپەیمانێتی لەگەڵ پارتەکانی تردا، ئەمەش ئاماژەیە بۆ پەیوەست بوونی دەنگدەران بە خودی پارتە ئیسلامییەکان و ڕادەی قوڵی جیاوازی نێوان پارتە ئیسلامییەکان.

٢٤- دۆخی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری دەنگدەری هەرێمی کوردستان بەجۆرێکە سزای هەموو ئەو پارتانە دەدات کە هاوپەیمانی هەڵبژاردن پێکدەهێنن، وەك سزادانی( پ.د.ك و ی.ن.ك) لە هەڵبژاردنی خولی دووەم و سێیەم، سزادانی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامی لە هەڵبژاردنی خولی سێیەم.

٢٥-بزوتنەوەی ئیسلامی و حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی و پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، ژمارە و ڕێژەی دەنگ و کورسییەکانیان بەردەوام بەرەو کەمبوونەوە چون و ڕێژەی ( ٥٠٪- ١٠٠٪) کورسییەکانیان لە دەستداوە، لە ئەگەری بەشداری کارای دەنگدەران و زیاد بوونی بەهای کورسی پەرلەمانی،

*- بۆ دەرهێنانی دەنگی لیستە ئیسلامییەکان لە هاوپەیمانێتییەکاندا، ڕێژەی کورسییەکانیان گۆڕدراوە بۆ ڕێژەی دەنگی هاوپەیمانێتییەکە.

ئەم پارتانە ناتوانن هیچ کورسییەکی پەرلەمانی لە خولەکانی ئایندەدا بەدەست بهێنن، مەگەر هاوپەیمانی پێکبهێنن، لە هەڵبژاردنی خولی دووەم و سێیەمدا لەبەر ئەوەی چونەتە هاوپەیمانێتییەوە ڕێژەی دەنگی ڕاستەقینەی ئەم لیستانە نازانین.

٣٦- لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەی نیشتمانیدا پارێزگاکانی دهۆك و هەولێر بۆ لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان یەکلایی بۆتەوە زیاتر لە نیوەی دەنگی لیستە سەرکەوتووەکانی ئەم دوو پارێزگاکەی بەدەستهێناوە. لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا لەبەر ئەوەی چۆتە هاوپەیمانێتییەوە، ڕێژەی دەنگی ڕاستەقینەی ئەم لیستە نازانین، بەڵام هەردوو پارێزگای ناوبراو لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا زیاتر لە (٧٢٪) دەنگی لیستی هاوپەیمانی پێکهێناوە، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمیشدا لە پارێزگای دهۆك زیاتر لە نیوەی دەنگەکان و لە پارێزگای هەولێریش نزیکەی نیوەی دەنگەکانی بەدەستهێناوە. بۆیە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك دوو پارێزگای گرنگی پێکهێنەرەکانی دەنگی پارتی دیموکراتی کوردستانە و لە خولی چوارەمدا نزیکەی (٨٨٪)دەنگی ئەم پارتەیان پێکهێناوە. واتە ئەم دوو پارێزگایە پاڵپشتی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستانن.

٣٧-لە هەڵبژاردنی خولی سێیەم و چوارەمدا ئەگەر چی بزوتنەوەی گۆڕان نەیتوانیوە لە هیچ یەکێك لە پارێزگاکانی هەرێمدا زیاتر لە نیوەی دەنگی پارێزگاکان بەدەستبهێنێت، بەڵام توانیویەتی لە هەردوو هەڵبژاردنەکەدا زیاتر لە (٤٠٪) دەنگی پارێزگای سلێمانی بەدەستبهێنێت. کەواتە پارێزگای سلێمانی پارێزگایەکی ئۆپۆزسیۆنە وەك لەوەی پارێزگایەکی سەر بە پارتە دەسەڵاتدارەکان بێت.

٣٨-لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانیدا، پارێزگای سلێمانی و کەرکوك بۆ لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان یەکلایی بۆتەوە و زیاتر لە نیوەی دەنگی لیستە سەرکەتووەکانی لەم پارێزگایەنەدا بەدەستهێناوە، لە هەڵبژاردنی خولی دووەم و سێیەمدا لەبەر ئەوەی چۆتە هاوپەیمانێتییەوە، ڕێژەی ڕاستەقینەی دەنگی ئەم پارتە نازانین، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمدا نەیتوانیوە لە هیچ یەکێك لە پارێزگایەکدا زیاتر لە نیوەی دەنگی لیستە سەرکەتووەکان بەدەستبهێنێت.

٣٩- بەهۆی دروستکردنی پارتی پێکهاتەی مەسیحی نزیك لە دەسەڵات، ژمارە و ڕێژەیە دەنگی پارتێکی خاوەن مێژینەی وەك ڕافدەین بەردەوام بەرەو کەمبوونەوە چووە بەهای (٥٠٪)کورسیەکانیشی لەدەستداوە. لە ئەگەری دروستکردنی لیستی نزیك لە پارتەکانی دەسەڵات، بەهای کورسییەکی ئەم پێکهاتانە هاوتا یان نزیك دەبێتەوە لە بەهای کورسییەکی گشتی، ئەویش بەهۆی دروستبوونی ململانێی توندی پارتە کوردییەکان لەسەر بەدەستهێنانی زۆرترین کورسی کۆتاکان.

٣٠-درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستان بوە بە کەلتور، بە جۆرێك تەنها لە سێ خولی تەمەنی پەرلەماندا (٦) جار تەمەنی پەرلەمان درێژکراوەتەوە، جگە لەوەی لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستانیش جارێکی دیکە تەمەنی درێژکرایەوە، لە ماوەی (٢١) ساڵی خۆ بەڕێوەبردندا تەنها(٤) هەڵبژاردن بۆ چوار خولی پەرلەمانی ئەنجامدراوە، ئەگەر لە دوای خولی یەکەمەوە ماوەی هەر خولێکی پەرلەمان (٤) ساڵ بوایە، دەبوو زیاتر لە شەش خول (١٩٩٢، ١٩٩٥، ١٩٩٩، ٢٠٠٣، ٢٠٠٧،٢٠١١ ) هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامبدرابایە، ئەمەش نا پێویستی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پیشان دەدات.

٣١- کرداری (٥٠٪) بە (٥٠٪) دەنگی هەردوو لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، کارێکی تەواو نایاسایی و نا دیموکراسی بوو، بێ ڕێزیکردن بووە بەرامبەر بە دەنگی دەنگدەران، کە لە لایەن دەستەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان ئەنجامدراوە، ئەگەر دەستکاریکردنی دەنگە دروستە هەژمارکراوەکان کارێکی ئاسایی بێت لە پێناوی ڕێکەوتنی ڕامیاری نێوان لیست و پارتە ڕامیارییەکان، ئەنجامدانی لە هەڵبژاردنەکانی ئایندەشدا هەمیشە ئەگەرێکی کراوە دەبێت. بەهایەك بۆ دەنگی دەنگدەر و چەمکی دیموکراسی و پرۆسەی هەڵبژاردن ناهێڵێتەوە

٣٢- لەگەڵ هەموو باشیەکانی بوونی پەرلەمانی کوردستان و دەرکردنی چەندەها یاسای گرنگ تایبەت بە پرسی نەتەوەیی و نیشتمانی...تاد. ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، تەنها بۆ ڕووکەش و نمایشە، ئەگینا تا ئێستا پەرلەمان

نەیتوانیوە حکومەتێك لە کار بخات لە کاتێکدا گەندەڵی لە داموودەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا بوە بە دیاردە، نەیتوانیوە تەنانەت وەزیرێکیش لە پۆستەکەی دووربخاتەوە، تەنانەت نەیتوانیوە نەك پارێزگار بەڵکو بەڕێوەبەری ناحێیەکیش لە پۆستەکەی لاببات، بە پێچەوانەوە پارتێکی ڕامیاری بۆ ماوەی زیاتر لە (٢٣) مانگ خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستانی لە کارخست، سڕکردن و داخستنی پەرلەمان ئەگەرێکی زۆر کراوەیە و نزیکە لە ئایندەدا.چەندەها جاری تر ڕووبداتەوە.

# پێشنیار

## پێشنیار

بەمەبەستی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە سەرکەوتووی، بەجۆرێك کە دەنگدەران هەست بە بەهای دەنگەکانیان بکەن، پارتە ڕامیاریەکان و لیستەکانی هەڵبژاردن هەست بە خاوێنی و سەرکەوتنی پرۆسەکە بکەن، تا ڕووی ڕاستەقینەی دیموکراسی و شارستانی هەرێمی کوردستان پیشانی کۆمەڵگای جیهانی بدەین، پێشنیار دەکەین بە:

١-بەشداری پێکردنی کوردستانیانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ئەم هەنگاوە چەند ئامانجێکی ڕامیاری و جوگرافی دەپێکێت، جگە لەوەی کوردستانیانی ئەم ناوچانە زیاتر هەست بە کوردبوونی خۆیان و بەهای دەنگەکانیان لە پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم دەکەن، ڕێگا خۆشکەریش دەبێت بۆ دروستکردنی کۆدەنگی لە نێوان کوردستانیاندا لە هەر پرسێکی نیشتمانی و نەتەوەیی لە ئایندەدا.

٢- هاندانی دامەزراوە زانستی و ئەکادیمی و پەیمانگا و ڕێکخراوە ناحکومیەکانی تایبەت بە پرسی هەڵبژاردن، بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی ئەکادیمی و کۆنفرانس و دیدار...تاد. مەبەستی بەرزترکردنەوەی ئاستی هۆشیاری هەڵبژاردنی کۆمەڵگا و بە کەلتورکردنی هەڵبژاردن.

٣-زیادکردنی ژمارەی بنکە و وێستگەکانی هەڵبژاردن لە ناوچە چیا سەختەکاندا، بە جۆرێك هەر وێستگەیەك (١٠٠- ٢٠٠) بەربژێری بەر بکەوێت، ئامانج لێی بەشداریکردنی زۆرترین دەنگدەری ناوچە سەخت و دوورە دەستەکانە لە پرۆسەکانی هەڵبژاردندا بە کەمترینماندووبونی هزری و جەستەیی و تێچوونی دارایی.

٤- بە ئەلیکترۆنکردنی پرۆسەی دەنگدان، بۆ ئەم مەبەستە دەکرێت کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێم هەماهەنگی لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی حکومەتی عێراقی بکەن بۆ بەکارهێنانی یەك تۆماری دەنگدەران، ئەمەش ڕێگری دەکات لە ناوی خەیاڵی پارێزگا و قەزا و ناحیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم و ناوی زیادکراو و دووبارە و و دەنگدانی دووبارە، دەتوانرێت لە هەمان ڕۆژی هەڵبژاردندا ئەنجامی بەرایی ڕابگەیەندرێت، بەڵام گرنگە بە یاسا ئەمە ڕێکبخرێت و لە کۆتایی پرۆسەی دەنگداندا بە دەستیش دەنگەکان هەژماربکرێنەوە.

٥- ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی، تا بەهۆیەوە قەبارە و پێکهاتەی دانیشتوانی هەرێم بزانرێت، جگە لەوەی کاریگەری ڕاستەوخۆشی لەسەر خاوێنی پرۆسەی هەڵبژاردن دەبێت.

٦- دابەشکردنی هەرێم بۆ بازنەی هەڵبژاردن، بە جۆرێك هاوتا بێت لەگەڵ ژمارەی پارێزگاکانی.

٧- تەرخانکردنی کورسی کۆتا بۆ هەموو ئەو پێکهاتە ئاینی و نەتەواییانەی تری هەرێمی کوردستان بە پێی قەبارەیان، وەك ئێزیدی، کاکەیی، عەرەب...تاد.

٨- توندکردنی سزای سەرپێچی و گزی هەڵبژاردن، بە جۆرێك کەمترین سزا لە ملیارێك دینارەوە دەست پێ بکات تا بێ بەشکردنی لیستەکان لە پرۆسەی هەڵبژاردن، لە ئەگەری سەلماندنی سەرپێچیەکە. ئامانج لێی دورکەوتنەوەی لیست و بەربژێرەکانیانە لە کاری نایاسایی، بەڵام گرنگە ئەم سزایە بێ جیاوازی بەسەر هەمووان‌دا جێبەجێ بکرێت و بەکارنەهێرێت لە دژی لیست و بەربژێرەکانی ئۆپۆزسیۆن.

٩- یەکخستنی چەمك و زاراوەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستاندا لە ڕێی لیژنەیەکی پسپۆڕییە جیاوازەکانی وەك: زمانەوانی، یاسایی، جوگرافی...تاد.

١٠- جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت و دەسەڵاتەکانی یاسادانان و دادوەری، بەجۆرێك هۆکارێك بێت بۆ خزمەتی زیاتری کوردستانیان، نەك حکومەت و دامەزراوەکانی بکرێتە ئامرازی دەستی حزبەکان بۆ سزادن و بێ بەشکردنی بەربژێر و لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن لە هەڵبژاردنەکان و سزادانی سەرکردە و ئەندامان و دەنگدەرەکانیان.

١١- ڕوونی سەرچاوەی دارایی بانگەشەی لیست و بەربژێرەکانی هەڵبژاردن، لێپرسینەوەکردن لەگەڵیان لە لایەن داواکاری گشتی لە ئەگەری ساغبوونەوەی کۆمەکردنیان لە لایەنی دەرەکی هەرێمەوە. بەمەبەستی ڕێگریکردن لە دەستوەردانی دەرەکی لە هەڵبژاردنەکاندا.

١٢- دروستکردنی هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتی تەندروستی و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، بە ئامانجی پێدانی زانیاری لەسەر لە دایکبوان و مردووان، تا بەردەوام تۆماری دەنگدەران نوێ بکرێنەوە، چ بۆ ئامادەکاری پێویست بۆ هەر هەڵبژاردنێك و زیادکردنی لەدایکبووان، چ بۆ سڕینەوەی ناوی مردوان لە تۆمارەکەدا.

١٣- ئەنجامدانی هەڵبژاردن بە لیستی کراوە، ئەمە سودی دەبێت بۆ هەڵبژاردنی کاراترین بەربژێر، بەربژێرە سەرکەتوەکانیش لە خەمی جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی بانگەشە و خزمەتی دەنگدەرانیان دەبن، جگە لەوەی بە ئاسانیش یاساکانیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت

١٤- ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لە وەرزە فێنکەکاندا، بەتایبەت لە وەرزی بەهاردا (مانگی نیسان بەنمونە)، چونکە پلەکانی گەرما مامناوەندە و دابارین زۆر کەمە، دەنگدەران وەك کەرنەڤاڵی بەهار بەشداری پرۆسەکە دەکەن، ئەمە جگە لەوەی دەتوانرێت لە تەواوی کاتژمێرەکانی ڕۆژی دەنگداندا، دەنگدەران دەتوانن بەربژێر و لیستە دڵخوازەکانی خۆیان هەڵبژێرن و زۆرترین دەنگدەر بەشداری پرۆسەکە بکەن.

١٥- دەکردنی یاساییەك لە پەرلەمانی کوردستان بەمەبەستی دیاریکردنی ڕۆژژمێری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ نمونە دیاریکردنی ڕۆژی ٢١نیسانی هەر چوار ساڵ بە ڕۆژی هەڵبژاردن، سودی دیاریکردنی ڕۆژەکە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانە لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا و بەکارنەهێنانیەتی بۆ بەرژەوەندی کەسی و بنەماڵەیی و حزبی، هەروەها دیاریکردنی مانگی نیسان لەبەر چەند فاکتەرێکە لەوانە درێژی ماوەی خۆر بەدیارکەوتن بۆ نزیکەی (١٣) کاتژمێر، ئەمە جگە لەوەی بەهۆی گونجاوی کەش و هەواوە مرۆڤ هەست بە ئاسودەیی و دڵخۆشی دەکات لەم وەرزەدا، پێچەوانەی وەرزەکانی تر.

١٦- قەدەکردنی هەڵواسینی پۆستەر، ڕێگریکردنی شەوانی شەقامەکان لەلایەن هەوادارانی لیستەکان، ڕێگریکردن لە کەرنەڤاڵی ئۆتۆمبێلەکان، بە ئامانجی گێرانەوەی ملیۆنەها دۆلار و پیس نەکردنی ژینگە لە پرۆسەی بانگەشدا، ناچارکردنی پارتەکان بۆ بەکارهێنانی وێب سایت و تۆڕی کۆمەلایەتی و (SMS)جگە لەوەی پارەی بەربژێر و لیستەکان ناچنە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، لە هەمان کاتیشدا ژینگە پیس ناکەن و ڕێگریش لە هاوڵاتی و ڕێبواری شارەکان ناکەن.

١٧- قەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەك لە لایەن هەر کەس و لایەنێکەوە بێت لە پرۆسەی بانگەشەدا، ڕێگریکردن لە بەشداریکردنی هێزەکانی وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگە لە پرۆسەی بانگەشە لە بەرژەوەندی چەند لایەنێکی ڕامیاری.

١٨- بانگهێشتکردنی چاودێرانی بیان و ناخۆیی بە تایبەت چاودێرانی نەتەوەیەکگرتوەکان بەمەبەستی چاودێری کردنی پرۆسەی هەڵبژاردن و ڕێگریکردن لە کاری نایاسایی و ڕەوایدان بە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان.

١٩- کەمکردنەوەی ماوەی بانگەشە بۆ دوو هەفتە، تا بەهۆیەوە میوان و ڕێبواران و هاوڵاتیان هەست بە بێزاری نەکەن.

٢٠- بەمەبەستی گێڕانەوەی متمانە بۆ دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان و بەشداریکردنی کارایان لە پرۆسەکانی هەڵبژاردنی ئایندەدا و دروستنەکردنی گومانی پێشوەختە لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، باشترە کۆمسیار و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەکانی پارێزگاکان...تاد.بگۆڕدرێن بۆ کەسانی تەکنۆکرات، چونکە تەواوی پەیکەری ئەم کۆمسیۆنە بە پشك پشکێنەی نێوان پێنج پارتە سەرەکییەی کوردستان دروستکراوە و لەگەڵ سەربەخۆیی ناوی کۆمسیۆنەکەشدا یەکناگرێتەوە.

# لیستی سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

## یەکەم: سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

### ١-ئینسایکلۆپیدیا و فەرهەنگ


١- عبدالخالق، مسعود، مەوسوعەی جودی بۆ چەمك و زاراوەکانی سەردەم، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، تەفسیر بۆ بلاوکردنەوە ڕاگەیاندن، ٢٠٠٨.

٢- حسێن، هاوکار، فەرهەنگی پۆلەتیکس، بە بێ ژمارەی چاپ، لە بلاّوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٩.

٣- ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەرگی دووەم، چاپی سێیەم، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران- سلێمانی، ٢٠١٦.


### ٢- پەرتووك


١- ألومنی، محمد احمد عقله ، جوگرافیای هەڵباردن، و. د. جەزا تۆفیق تالیب و م. ئەحمەد محەمەد ساڵ، چاپخانەی حەمدی، لە بلاّوکراوەکانی دەزگای هەڵبژاردنی (ی ن ك)- سلێمانی، ٢٠٠٩.

٢- بارام، حەسەن، مەوسوعەی پارتە سیاسیەکانی کوردستان و عێراق ١٩٠٨- ٢٠٠٥، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەهەند- سلێمانی، ٢٠١٢.

٣- بارزانی، مسعود، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٤.

٤- بارزانی، مسعود، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.

٥- جامباز، طارق، پەرلەمانتارانی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان، لە چاپکراوەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق، چاپخانەی شەهاب، ٢٠٠٧.

٦- حەبیب، بەدران ئەحمەد، هەڵبژاردنەکانی کوردستان١٩ ئایار١٩٩٢ بەڵگەو دەستهاوێژ، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- هەولێر، ١٩٩٨، ل٥- ٢٠٦.

٧- حەسەن، سلێمان مستەفا، کورد و یەکەم ئەزموون، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٧.

٨- ڕەئوف، محەمەد، هەڵبژاردن لە کوردستان ١٩٩٢- ٢٠١٠، چاپی یەکەم ٢٠١٣، چاپخانەی ئارۆ- سلێمانی، ٢٠١٣.

٩- شوانی، محەمەد، ئەنترۆپۆلۆژیای دانیشتون، چاپی یەکەم، ئاودێر بۆ چاپ و بلاّوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٣

١٠- عومەر، عەبدوڵلاّ عامر، بەرزونزمی ڕووی زەوی هەرێمی کوردستان، جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق- هەولێر، ١٩٩٩.

١١- غەفور، عەبدوڵلاّ، جوگرافیای کوردستان، چاپی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٥.

١٢- غەففور، عەبدوڵلا، جیۆگرافیای باشوری کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ٢٠٠٨.

١٣- فاتیح، محەمەد، حزب و ڕێکخراوە سیاسیە عێراقییەکان١٩١٠-٢٠١٠، بەبێ ژمارەی چاپ، بلاّوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران- سلێمانی،٢٠١٢.

١٤- فتح الله، سەفین جەلال، جوگرافیای هەڵبژاردن، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی چوارچرا، ٢٠١٧.

١٥- فتح الله، سفين جلال ، بنچینەو بنەماکانی زانستی جوگرافیای سیاسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین- هەولێر، ٢٠١٤.

١٦- قەزاز، ئازاد، روحی کورد لە بن دەستی ناسیۆنالیزم، ئیسلامیزم و مارکسیزم دا، چاپی یەکەم، چاپەمەنی پەیوەند، ٢٠٠٨.

١٧- کەریم، ئەحمەد ڕەفیق، ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسیدا، بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان- سلێمانی، ٢٠١٤.

١٨- کۆچێرا، کریس، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، و. حەمە کریم عارف، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤.

١٩- لاشۆن، ڕەیدار، گەلە ئایدیۆلۆژیای سیاسی هاوچەرخ، و. ئاسۆس کەمال، بە بێ ژمارەی چاپ، بە بێ ناوی چاپخانە- ستۆکهۆلم، ١٩٩٩.

٢٠-محەمەد، عەبدولخالق، هەڵبژاردنی٢٠٠٥، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، ٢٠٠٧.

٢١- محمود، محمدی حاجی، ڕۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك، بەرگی چوارەم ١٩٩٢-١٩٩٦، چاپی یەکەم، چاپخانە و ئۆفسێتی دیلان، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٢٢-نەقشبەندی، ئازاد، کەشوهەوای هەرێمی کوردستانی عێراق، جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق- هەولێر، ١٩٩٩.

٢٣-وەیسی، عوسمان عەلی، بەشداری سیاسی بەهاو ڕەهەندەکانی لە کۆمەڵگای سیاسیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، ٢٠٠٧.

## ٣- نامەی ماستە و تێزی دکتۆرا

١- حسين، سەنگەر احمد، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان/٢٠٠٩و٢٠١٣، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسی، نامەی ماستەر، بلاونەکراوە، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠١٥.

٢- حمد، سەرهەد شێخە، گۆڕانی نەخشەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق لە نێوان هەڵبژاردنی ساڵانی (٢٠١٠- ٢٠١٤) دا، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای ڕامیاریدا، نامەی ماستەر، بلاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ٢٠١٧.

## ٤-توێژینەوەی ئەکادیمی

١- کەریم، ئەحمەد ڕەفیق، ڕەهەندەکانی پشت ئاوارە و دەربەدەر لە نێوان ساڵانی ١٩٦٨- ٢٠١٥ لە هەرێمی کوردستان لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای ڕامیاریدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین، ژمارە ٧، ٢٠١٦.

## ٥- و گۆڤار

١- ئەحمەد، کەمال ڕەزا، شیاوی سیستەمەکانی هەڵبژاردن، گۆڤاری دەنگدان، ژمارە (٨)، ساڵی٢٠٠٩.

